# بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراق
# ١٩٢٦-١٩٧٠

نووسینی: ماجد حەسەن عەلی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بەهادین جەلال مستەفا

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**ناوی کتێب:**

بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراق، ١٩٢٦- ١٩٧٠

**نووسینی:** ماجد حەسەن عەلی

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:** بەهادین جەلال مستەفا

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٥

**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١١٣٢) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

بۆ گوێ گرتن لە فایلی دەنگی ئەم پەرتووکە سکانی ئەم QR کۆدە بکە

ئـەم کتێبـە لـە بنەڕەتـدا ماسـتەرنامەیەکە لـە کۆلێجـی ئاداب/زانکـۆی سـەڵاحەدین لــە ســاڵی ٢٠٠٨ بەسەرپەرشــتیی پرۆفیســۆری یاریــدەدەر دکتــۆر ســەعدی عــوسمان حوســێن تاوتــوێ کــراوە.

## پێشکەشە بە:

- خـوا لێخـۆش بـوو مامـم ئەندازیـار عەدنـان عەلـی قاسـم و هـەردوو کـوڕی، ئـاراس و جەمیـل خـوا لێیانخـۆش بێـت.
- خێزانی بەڕێزم و خزمانی ئازیزم.
- مامۆستای قەدرگران شوکری حەسەن سلۆ

هەواڵنامەی کتێب

# پێرستی ناوەڕۆك


**پێشەكی**..................................................................................................١٣

**بەرایی:** سەرەتای ڕێكخستنی قوتابیانی كورد تا ساڵی ١٩٢٦.........................................٢١

**تەوەری یەكەم: سەرهەڵدانی خوێندنی فەرمی لە كوردستان**..........................................٢١

**پەراوێز**..................................................................................................**٢٧**

**تەوەری دووەم: سەرهەڵدانی هۆشیاریی سیاسی و فیكریی قوتابیانی كورد**...........................٣١

أ- سەرەتاكانی ڕێكخستنی قوتابیانی كورد لەو ماوەیەدا...................................................٣٤

١- كۆمەڵەی قوتابیانی كورد......................................................................................٣٥

٢- كۆمەڵەی هێڤیی قوتابیانی كورد(كورد طلبه هیوی جمعیتی).........................................٣٧

ب- ڕۆڵی قوتابیانی كورد لە كۆمەڵە و ڕێكخراوە كوردییەكاندا...........................................٤١

**پەراوێز**..................................................................................................٤٣

**بەشی یەكەم:** ڕۆڵی قوتابیانی كورد لە كۆمەڵە ڕۆشنبیری و ڕێكخراوە سیاسییەكانی كورد لە عێراقدا (١٩٢٦-١٩٤٦)........................................................................................٥١

ڕوانینێك لە بزووتنەوەی قوتابیانی عێراق لە بیستەكان و ڕەنگدانەوەی لەسەر قوتابیانی كورد.....٥١

**پەراوێز**..................................................................................................٥٧

**تەوەری یەكەم: ڕۆڵی قوتابیانی كورد لە پێكهێنانی كۆمەڵە ڕۆشنبیری و ڕێكخراوە سیاسییەكاندا تا سەربەخۆیی عێراق ساڵی ١٩٣٢**............................................................٦١

أ- كۆمەڵەی قوتابخانەیی نەهزە (ڕابوون)..........................................................................٦٦

ب- ئەو كۆمەڵانەی دوای یەكلاییكردنەوەی ویلایەتی مووسڵ پێكهاتن..................................٦٧

ج- كۆمەڵەی لاوان......................................................................................................٦٩

د- كۆمەڵەی یاریدەداری كورد......................................................................................٧٢

هـ - كۆمەڵەی دیدەوانیی كورد.......................................................................................٧٢

**پەراوێز**..................................................................................................٧٥

**تەوەری دووەم: پەرەسەندنی ڕۆڵی قوتابیانی كورد لە قۆناغی دوای سەربەخۆیی عێراقدا**.......٨٥

أ- یانەی سمكۆ شكاك...............................................................................................٨٧

ب- كۆمەڵەی ئازادیی كورد.........................................................................................٨٨


هەواڵنامەی كتێب

ج- کۆمەڵەی بروسك.................................................................................................٨٨
د- کۆمەڵەی دارکەر...............................................................................................٨٩
هـ - پێشڕەوی قوتابیان لە حزبی هیوا.......................................................................٩٤
و- ڕۆڵی قوتابیان لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە چەپەکانی کورددا.........................................١٠٠
**پەراوێز**...................................................................................................................١٠٣
**بەشی دووەم:** پەرەسەندنی ڕێکخستەکانی قوتابیانی کورد لە عێراق(١٩٤٦-١٩٧٠)................١١٣
**تەوەری یەکەم: هەوڵەکانی دروستکردنی ڕێکخراوی قوتابیان لە عێراق**..............................١١٥
أ- هەوڵە بەراییەکانی پێکهێنانی یەکێتیی قوتابیان لە عێراق............................................١١٦
ب- دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی قوتابیان لە عێراق......................................................١١٨
ج- سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد (پارتی) ساڵی ١٩٤٦.......................................................................١٢٠
د- پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابیانی کورد(K.P.X) (کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری) ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە...............................................................................................١٢٣
هـ- کۆنگرەی(ئەلسیباع)ی ساڵی ١٩٤٨و یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق...............................١٢٥
**پەراوێز**...................................................................................................................١٣٩
**تەوەری دووەم: پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابیانی کورد لە عێراق**........................................١٤٩
أ- دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان – عێراق....................................................١٥٢
ب- پەرەسەندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان.............................................................١٥٤
**پەراوێز**...................................................................................................................١٨١
**بەشی سێیەم:**هەڵوێستی قوتابیان و ڕێکخستەکانی قوتابیانی کورد لەهەمبەر پەرەسەندنە سیاسییەکانی ناوخۆ و دەرەوە (١٩٢٦-١٩٧٠)...........................................................١٩٣
**تەوەری یەکەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ناسیۆنالیستی کورد**.........................................١٩٥
أ- کوردستانی عێراق..............................................................................................١٩٥
١- ڕووداو و پەرەسەندنە سیاسییەکانی ماوەی نێوان ١٩٢٦-١٩٦١..........................................١٩٥
أ- ڕاپەڕینی بارزان لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥............................................................١٩٧
ب- هەڵوێستی قوتابیان لەهەمبەر سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بارزانییەکان.........................١٩٩
٢- هەڵوێست لەهەمبەر شۆڕشی ١١ی ئەیلوول و پەرەسەندنەکانی ١٩٦١-١٩٧٠......................٢٠٠

٣- هەڵوێست لەهەمبەر جیابوونەوە (لێکترازان) لە پارتی ١٩٦٤.........................................٢٠٤
٤- هەڵوێست لەهەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠...........................................٢٠٨
ب- بەشەکانی دیکەی کوردستان...............................................................................٢١٣
**پەراوێز**...............................................................................................................٢١٧
**تەوەری دووەم: پەرەسەندنە سیاسییەکانی عێراقی و عەرەبی**.........................................٢٢٥
أ- عێراقی.................................................................................................................٢٢٥
١- بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١...................................................................................٢٢٥
٢- ڕاپەڕین(وثبة)ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨....................................................................٢٢٩
٣- ڕاپەڕینی تشرینی دووەمی ١٩٥٢.............................................................................٢٣٣
٤- شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و ڕژێمی تازە...............................................................٢٣٧
٥- کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣.....................................................................................٢٤٢
ب- عەرەبی..............................................................................................................٢٤٧
١- پرسی فەلەستین.....................................................................................................٢٤٧
٢- دوژمنکارییە سێقۆڵییەکەی سەر میسر ساڵی ١٩٥٦.......................................................٢٤٨
**پەراوێز**...............................................................................................................٢٥٣
**بەشی چوارەم:** چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراق.....................................................................................................................٢٦٧
**تەوەری یەکەم: چالاکیی ڕۆشنبیری**.......................................................................٢٦٩
أ- ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە....................................................................................٢٦٩
ب- کتێب و وتار.........................................................................................................٢٨٧
ج- بەشداریکردن لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا...................................................................٢٨٩
**پەراوێز**...............................................................................................................٢٩١
**تەوەری دووەم: چالاکیی کۆمەڵایەتی**......................................................................٢٩٩
أ- پێشکەشکردنی شانۆگەری و نمایشە هونەرییەکان..........................................................٢٩٩
ب- ئاهەنگێڕان بە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز.....................................................................٣٠٢
ج- ئاهەنگەکانی یەکتربناسین و چالاکییەکانی دیکە..........................................................٣٠٨
**پەراوێز**...............................................................................................................٣١١
هەواڵنامەی کتێب

**کۆتایی.......................................................................................................................٣١٥**
**لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکان**..................................................................................٣١٩
**پاشکۆکان**..................................................................................................................٣٤٩
**پوختەی نامەکە بە زمانی کوردی**...........................................................................٣٧٥
**پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی**........................................................................٣٧٩

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

کەرتی قوتابیان بە شێوەیەکی گشتی و بزووتنەوەی قوتابیان بە شێوەیەکی تایبەتی؛ پێگەیەکی گرنگیان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی بە جیهانی سێیەم ناسراون یان، وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چونکە ئەوان بەشێکی کارا و چالاك بوون لە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە، لەلایەك لەبەر ئەوەی قوتابیان هۆشیار و گەنجن کە ئەم خەسڵەتە لە توێژەکانی دیکەدا نابینرێ، لەلایەکی دیکەوە، چونکە ئەو توێژە زیاتر نزیك و کارلێکییان لەگەڵ دەوروبەریان هەیە لە ڕووی گۆڕانکارییە فیکری و سیاسییەکانەوە، ئەمە سەرباری خەباتی قوتابیان بۆ وەدیهێنانی ئازادییە دیموکراسی و سەندیکاییەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی بارودۆخی ناسەقامگیری وڵات. لە سۆنگەی ئەو گرنگییەوە، بابەتی ئەم تەوەرەیەمان هەڵبژارد بەناوی: (بزووتنەوەی قوتابیان و خوێندکارانی کورد لە عێراق ١٩٢٦-١٩٧٠)، باسمان لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد و خەباتی پیشەیی و سیاسییان لە عێراق کرد کە یەکێکە لەو کۆڵەگە و بناغانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لەسەر بنیاتنراوە و لەسەریشی بەردەوام بووە.

لەلایەکی دیکەوە؛ ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە کراوە، ڕۆشنایی بخاتە سەر بابەتی ناوبراو، کە -بەپێی زانیاریی ئێمە- تا ئێستا نەچووەتە ناو چوارچێوەی تەوەرێکی ئەکادیمی و زانکۆیی، بەتایبەتی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی عێراقیشدا، بۆیە گرنگیی ئەم تەوەرە لەوەدایە، چارەسەری بەشێکی گرنگ دەکات کە تائێستا بە درێژی باس لە مێژووی تازە و هاوچەرخی کوردی نەکراوە.

ئەم توێژینەوەیە، فۆکسی کردووەتە سەر پەرەسەندنەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد، لەوەتەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە لکێنراوە، لە ساڵی ١٩٢٦ تاکو ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە نیشانەیەکی دیارە لە ڕێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا، چونکە لەم ماوەیەی

هەواڵنامەی کتێب

ڕابردوودا ڕووداوگەل و پەرەسەندنێکی هەمەجۆر لەسەر هەردوو ئاستی کوردستان و عێراق هاتنە ئاراوە، کە ڕاستەوخۆ لە کەرتی قوتابیان ڕەنگیان داوەتەوە و هانی دان بزاڤ و چالاکییەکانیان بخەنە گەڕ.

توێژەر لە کاتی توێژینەوەی لەم بابەتەدا ڕووبەڕووی زۆر ئاستەنگ بووەتەوە، لەوانە: زۆر بە زەحمەت گەیشتووەتە بەڵگەنامەکان و، هەندێک سەرچاوەی وردی گرنگ و تایبەت بەم بابەتە، کە لە کتێبخانەکان هەرێمی کوردستان نەبوون، ئەوەی ئەرکەکەی توێژەری زیاتر زەحمەت کردبوو، بریتی بوو لە گەیشتن بە دۆسیە و بەڵگەنامەکانی بنکەکانی پۆلیس و ئەمنی عامە لە بەغدا، بە هۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی ئەمنیی عێراق، چونکە سروشتی ئەم بابەتە پێویستی بەوە بوو ئەو دۆسیە و بەڵگەنامانە بەدەست بهێنێت کە باس لە خۆپیشاندان و چالاکییەکانی قوتابیان دەکەن، کە لە سنووری کاتی ئەم نامەیە ڕوویانداوە، کە- ئەگەر بەدەستمان هێنابان- بابەتەکەیان دەوڵەمەند دەکرد، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو ناڕوونییە نەمێنێت و هەندێک کەلێن پڕبکاتەوە کە ڕەنگە لەم توێژینەوەیەدا هەبووبن، سەرەڕای هەوڵەکانی توێژەر کە بەپێی توانا بۆ چارەسەرکردن و پەیداکردنی جێگرەوە هەوڵیداوە. هەروەها توێژەر ڕووبەڕووی ئاستەنگی دیکە بووەوە لەوانە: ئەو ماوە مێژووییەی کە بۆ ئەم بابەتە دیاریکرابوو و تا ڕادەیەك درێژ بوو، ئەمەش پێویستی بەوە بوو لە ناوەرۆکی زۆربەی کتێب و سەرچاوە پەرش و بڵاوەکان بگەڕێت کە باس لە مێژووی کورد و مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق دەکەن. ئەمەش لە توێژەر دەخوازێت کات و ماندووبونێکی دوو ئەوەندەی هەبێت، لەسەر ئەم حاڵەش بەپێی توانای خۆی هەوڵی داوە بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بێت و بە زانیاریی بەسوود کە ئەم تەوەرەی پێ تەواو بکات، قەرەبووی بکاتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و بەراییەك و چوار بەش و کۆتایی پێکدێت، بەراییەکە باس لە سەرەتای پەیدابوونی توێژی قوتابیانی کورد و سەرهەڵدانی هۆشیاریی سیاسی و ڕێکخراوەیی قوتابیان، لە کۆتایی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دەکات. دواتر هەنگاونان بۆ دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی قوتابیانی کورد کە بریتییە لە کۆمەڵەی هێڤی لە ساڵی ١٩١٢ کە سەرەتایەك بوو بۆ بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستانی لە ماوەی پێش بابەتی توێژینەوەکە.

بەشی یەکەم ڕۆشنایی خستووەتە سەر ڕۆڵی قوتابیانی کورد لە پێکهێنانی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە عێراق لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٢٦-١٩٤٦)، هەروەها ئاماژەکردن بە کورتی بە بزووتنەوەی قوتابیانی عێراق لە بیستەکان و ڕەنگدانەوەیان لە بزووتنەوەی قوتابیانی کورددا، دواتر باس لە ڕۆڵی قوتابیانی کورد دەکات لە پێکهێنانی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە دوو توێژینەوەدا: تەوەری یەکەم باسی ئەو ماوەیەی کردووە لەنێوان لکاندنی باشووری عێراق بە دەوڵەتی ساوای عێراق تا سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتە لە ساڵی ١٩٣٢، کە تێیدا ئاماژە بۆ ڕۆڵیان کراوە لە پێکهێنانی دیارترین کۆمەڵە و یانە و ڕێکخراو کە لەو ماوەیەدا دامەزران. لە کاتێکدا تەوەری دووەم باسی پەرەسەندنی ڕۆڵی قوتابیانی کوردی کردووە لە قۆناغی دوای سەربەخۆیی عێراق تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، کاتێك قوتابیان لەوێدا کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلیان دامەزراند، بووە برپڕە و بنەما کە حزبە تازەکانی کوردییان لەسەر دامەزرا، وەکو: کۆمەڵەی دارکەر ١٩٣٨، دواتر بوو بە حزبی هیوا ١٩٣٩-١٩٤٥.

بەڵام بەشی دووەم، تایبەت بووە بە دیراسەتکردنی ڕێکخستەکانی قوتابیانی کورد لە عێراق، لە ڕووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنیان لە ماوەی نێوان (١٩٤٦-١٩٧٠) کە بەسەر دوو تەوەر دابەشکراوە، تەوەری یەکەم: باسی هەوڵەکانی یەکەمی کردووە بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێکی قوتابیان لە عێراق و سەرهەڵدانی ڕێکخراو و یەکێتییەکانی قوتابیان کە گوزارشت لە ئاراستەی جیاوازیی فیکری و سیاسی دەکەن لە عێراق، تا دەگاتە گرێدانی یەکەم کۆنگرەی قوتابیان کە بە کۆنگرەی (ئەلسیباع) ناونرا، کە لە شاری بەغدا لە ساڵی ١٩٤٨ گرێدرا، بەم شێوەیە یەکەم ڕێکخراوی قوتابیان دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە قوتابیانی کوردی گرتە باوەش و بە (یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق) ناسرا، هەرچی تەوەری دووەمە جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەو هەلومەرج و هۆکارانەی فاکتەر بوون بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی قوتابیان تایبەت بە قوتابیانی کوردستانی عێراق، دواتر ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە لەم پێناوەدا دران و لە ئەنجامدا (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق) دروست بوو، بووە دووەم ڕێکخراوی قوتابیان لەسەر گۆڕەپانی بزووتنەوەی قوتابیان لە عێراق، بەمەش بوو بە نوێنەری ئاراستەی نەتەوەیی قوتابیان کورد.

هەواڵنامەی کتێب

بەشی سێیەم تایبەت بوو بە خستنە رووی ڕۆڵی قوتابیانی کورد و ڕێکخستەکانی قوتابیانی کورد لە پەرەسەندنە سیاسییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، هەروەها دەرخستنی هەڵوێستیان لە ماوەی بابەتی توێژینەوەکە، چونکە بەشی یەکەم تایبەت بوو بە دیاریکردنی ڕۆڵی قوتابیان لەهەمبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستان، هەروەها ڕۆشنایی خستەسەر دیارترین ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان کە لە کوردستان هاتنە ئاراوە، هەر لە ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە سلێمانی و دواتر ڕاپەڕینی دووەمی بارزان لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ و پەرەسەندنەکانی تا ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، بەڵام تەوەری دووەم باس لە ڕۆڵی قوتابیان و هەڵوێستیان دەکات لەهەمبەر دیارترین ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراقی و عەرەبی، هەر لە بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١ دواتر ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ تا دەگاتە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢ و شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دواجار کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە عێراق، هەروەها لە کێشەی فەلەستین و دوژمنکارییە سێقۆڵییەکە بۆسەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦ لە چوارچێوەی هەڵوێست لەهەمبەر ڕووداوە عەرەبییەکاندا.

بەشی چوارەم و کۆتایی تایبەت بوو بە رووماڵکردنی چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراق. لە تەوەری یەکەمدا دیارترین چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان ڕووندەکاتەوە کە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و کتێب و وتارەکان و بەشداریکردن لە فیستیڤاڵەکانی جیهانیدا بەرجەستە بوون، لە تەوەری دووەمدا باسی لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە کە قوتابیانی کورد ئەنجامیان داوە، لە ڕێی پێشکەشکردنی شانۆگەری و نمایشی هونەری و ئاهەنگی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز، جگە لە چەندین چالاکیی دیکە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە سەرچاوەی هەمەجۆر و فرەچەشن بەستراوە، لەوانە: بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان و بەتایبەتیش خانەی کتێب و بەڵگەنامەکان لە بەغدا، کە توێژەر بۆ دەوڵەمەندکردنی نامەکە سوودی لێ وەرگرتووە، هەروەها ئەو بەڵگەنامانەی بڵاوکراونەتەوە وەك کتێبە بەڵگەنامەییەکان، لە پێشەوەیاندا کتێبی شاژین هێرش (ڕێکخراوە دیموکراسی و پیشەییەکان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویدا ١٩٥٨-١٩٦٨)، ئەمەیان ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامە

هەوارنامەی کتێب

و بەیاننامەی تێدایە تایبەت بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، کە یەکەمجارە بڵاودەکرێنەوە، سەرباری ئەوەی بابەتێکی بنەڕەتییان دابین کردووە بۆ باسەکانی پەرەسەندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و هەڵوێستی ئەم یەکێتییە لەهەمبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم تەوەرە. هەروەها کتێبەکەی دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی (وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية- ملاحظات تأريخية ودراسات أولية)، کتێبەکەی دکتۆر جەعفەر عەباس حمیدی (انتفاضة عام ١٩٥٦) کە هەردووکیان زانیاریی زۆریان سەبارەت بە پەلامارە سێقۆڵییەکە بۆ سەر میسر پێشکەش کردووە.

هەر لە چوارچێوەی سەرچاوە بەڵگەنامەییەکاندا، ئاماژە بە بڵاوکراوەکانی حکومی دەکەین بە تایبەتی (الموسوعة السرية الخاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري) کە لە چەندین بەش پێکدێت و پۆلیسی گشتی- هۆبەی لێکۆڵینەوەکانی تاوان لە بەغدا دەریکردووە، چەندین چالاکیی سیاسی ئاشکرا دەکات کە قوتابیان ئەنجامی دەدەن و حکومەتیش بە گومانلێکراوی هەژمار کردوون، ئەمەش بابەتی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقی دەوڵەمەند کردووە، هەروەها هەڵوێستی قوتابیانی کورد لەهەمبەر ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨. هەروەها ساڵنامەکانی عوسمانی بابەتێکی گرنگ بوون بۆ بەراییەکە، چونکە ئامارگەلێکیان تێدایە لەسەر ژمارەی قوتابخانەکان و قوتابیانی کورد.

بەڵگەنامە و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی قوتابیان، بەتایبەتیش بەڵگەنامەکانی هەر دوو کۆنگرەی دووەم و سێیەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق کە لە ساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ گرێدران، هەروەها بڵاوکراوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق بە زمانی کوردی بە ناونیشانی (کورتییەك لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان)، ئەوانە سەرچاوەی بنەڕەتی بوون بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە زانیاریی زۆریان تێدایە و لە زۆر لاوە سوودیان هەبوو.

هەروەها یاداشتنامە کەسییەکان گرنگیی خۆیان هەبوو بۆ ئامادەکردنی ئەم نامەیە، چونکە نووسەرەکانیان ئەو کەسانە بوون کە بەشدارییان لە ڕووداو و پەرەسەندنەکاندا کردووە و بەشەکانی ئەم تەوەرە ئاماژەی پێداون، گرنگترینیان:

هەوالنامەی کتێب

**یەکەم/** ئەو یاداشتنامانەی لە شێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە، وەك: شاکر فەتاح (ئاوێنەی ژیانم)، کاکەمەم بۆتانی (کاکەمەمێکی تر)، نوری شاوەیس (مذكراتي)، کامل حەسەن بەسیر(مذكرات طالب من كوردستان)، ساڵح حەیدەری (مختارات من مذكرات صالح الحيدري)، کەریم ئەحمەد (المسيرة - صفحات من مذكرات كريم أحمد)، زنار سلوبی (قدري جميل باشا) (في سبيل كردستان) و موحسین دزەیی (احداث عاصرتها)، زۆربەی ئەوانە ڕۆڵ و بەشدارییان لە بزووتنەوەی قوتابیاندا هەبووە.

**دووەم/** ئەو یاداشتنامانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، وەك (یاداشتنامەی جەلال تاڵەبانی کە بەچەند ئەڵقەیەك لە گۆڤاری خاك بە زمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە بە ناونیشانی (ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران/ بەرەو خەباتی ڕێك و پێك لە ڕیزی قوتابیاندا/ بەرەو حزبایەتیی نهێنی)، هەروەها یاداشتنامەکانی جەواد محەمەد شێروانی (في عمق التأريخ و خزين الذاكرة لتأسيس اتحاد طلبة كوردستان – العراق) و ئەنوەر عەبدوڵڵا (من خزين الذاكرة، الحركة الطلابية الكوردستانية و صفحة من أسفار ثورة أيلول) و سالم سابیر مەعروف (اضافة الى خزين الذاكرة، اتحاد طلبة كوردستان في جامعة الموصل خلال ١٩٤٦- ١٩٦٨)، هی دیکەش کە لە گۆڤاری گوڵانی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە، خاوەنەکانیان باس لە ڕۆڵ و چالاکییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد دەکەن لە ساڵانی شەستەکاندا.

ئەو چاوپێکەوتنە تایبەتییانەی لەگەڵ چەند کەسێکدا کراون، ئەوانەی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بزووتنەوەی قوتابیانی کورد بە بۆچوونی جیاوازی سیاسییەوە، تەواوکەری سەرچاوەکانی توێژینەوەکەن، بەڵام نەتوانرا چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین کەسایەتیی دیکە بکرێت کە ڕۆڵیان هەبووە لە بزووتنەوەی قوتابیاندا لەو ماوەیەدا، لەبەر هەندێک هۆ کە لە دەرەوەی ویستی توێژەردا بووە، لەوانە: سەرقاڵییان بە هەندێك کارەوە کە ڕێگر بوون لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان، هەر چەندە توێژەر هەوڵی زۆری داوە، لەوانە: جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق و دکتۆر کەمال فوئاد کە هەردووکیان چالاك بوون لە بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە نێوان چلەکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو. هەروەها هەندێک لەو کەسایەتییانە ئێستا لە دەرەوە دەژین، جگە لەوانەی کە قایل نەبوون یان چەند

جارێك دوایانخستووە، بەڵام توانیومانە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین سەرکردەی بزووتنەوەی قوتابیان بکەین، لەوانە: (شەمسەدین موفتی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، عەبدولقادر حەمەدەمین، فەرهاد عەونی و هی دیکە).

ئەو توێژینەوەیە پشتی بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەستووە کە سەرچاوەگەلی هاوچەرخی ڕووداوەکان بوون، هەروەها دواتر گواستنەوەی هەواڵەکان، لە سەروویانەوە: خەبات، دەنگی کورد، ژین، خەباتی قوتابیان، لە گۆڤارەکانیش: گەلاوێژ، نزار، ژیان، دەنگی قوتابیانی کوردستان، هەروەها ئەم تەوەرە پشتی بەو زانیاری و شرۆڤەکردنانە بەستووە کە لە نامە و تێزەکانی زانکۆ، بەتایبەتی نامەی ماستەر بەناونیشانی: (الحركة الطلابية العراقية ودورها في النضال الوطني والقومي ١٩٤٧-١٩٦٣) کە زانیاریی گرنگی تێدایە، هەر چەندە نووسەرەکەی عەبدولواحید موسا ئەلحەسونە بزووتنەوەی قوتابیانی لە عێراق بەستووەتەوە بە ئاراستەی نەتەوەیی عەرەبی و بە ئەنقەست ڕۆڵی یەکێتیی قوتابیانی گشتی و یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی پشتگوێ خستووە.

هەموو کتێب و سەرچاوە چاپکراوەکان بە جیاوازیی زمانەکان، بە تایبەتیش زمانی کوردی و عەرەبی کۆڵەکەی ئەم توێژینەوەن، دیارترینیان زۆربەی بەشەکانی نووسەر عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی بە ناونیشانی(تأريخ الوزارات العراقية)کە بابەتێکی مێژوویی بەڵگەداری ڕووداوەکانە، هەروەها زۆربەی کتێبەکانی عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، بە تایبەتی کتێبی:(الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨) کە سوودی بۆ زۆربەی بەشەکانی ئەم تەوەرە هەبوو، هەروەها کتێبی (الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨)ی عەبدولستار تاهیر شەریف، کتێبی(بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ ١٩٠٨-١٩٢٧)، کە زانیاریی گرنگیان تێدا بوو تایبەت بە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی قوتابیان سوودیان بۆ بەراییەکە هەبوو.

هەروەها کتێبی (التطورات السياسية في العراق ١٩٤١-١٩٥٣)ی جەعفەر عەباس حمێدی، و کتێبی (من تأريخ اتحاد الطلبة العام في الجمهورية العراقية) ی نووسەران مەهدی ئەلسەعید و عیسام ئەلسەفار، (من تأريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق ١٩٢٠-١٩٥٨)ی سوعاد خەیری، (کاکی کاکان - مرۆڤ و ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕ، خەباتی سیاسیی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٦١ی سەرکردەی نەمر

عومەر دەبابە)ی کاکەمەم بۆتانی، (العراق الكتاب الأول – الطبقات الأجتماعية و الحركات الثورية في العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، العراق الكتاب الثاني – الحزب الشيوعي، العراق الكتاب الثالث- الشيوعيون و البعثيون والضباط الاحرار)ی حەننا بەتاتو و چەندین کتێبی دیکە.

هەروەها ئەم تەوەرە پشتی بە ژمارەیەك لە توێژینەوە و وتاری گرانبەها بەستووە، گرنگترینیان: (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ١٩٥٣-١٩٧٥)ی سامان کەریم مەحموود، کە بڵاونەکراوەتەوە و توێژەر سوودی زۆری لێ وەرگرتووە لە بابەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، تەوەرێکی قادر شەریف کورد بە ناوی (مێژووی جووڵانەوەی قوتابیان لە کوردستاندا) کە بە ئەڵقە لە ڕۆژنامەی دەنگی کورد بڵاوکراوەتەوە، تێیدا بە کورتی ڕۆشنایی خستووەتە سەر بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە پەنجاکاندا. هەروەها (الصحافة الطلابية الكردية)ی عەبدولجەبار جەباری، کە لە ڕۆژنامەی (النور) بڵاوکراوەتەوە و بە کورتی ئاماژەی بە ڕۆژنامەکانی قوتابیان کردووە، ئەمانەش سوودیان بۆ ئەم تەوەرە هەبووە لە بابەتی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکاندا.

لە کۆتاییدا؛ توێژەر لەم تەوەرەدا کە ڕەنگە بێ کەموکوڕی نەبێت، ئامانجی ئەوەیە خزمەتێکی سادەی پرۆسەی نووسینەوەی مێژوو و بزووتنەوەی بەردەوامی ڕزگاریخوازی کوردستان بکات، لە میانی دەرخستنی ڕۆڵ و بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە ماوەیەکی مێژووییدا کە تژییە لە ڕووداوگەلی نیشتمانی و چارەنووسساز.

هەولێرنامەی کتێب

# بەرایی

### سەرەتای ڕێکخستنی قوتابیانی کورد تا ساڵی ١٩٢٦

# تەوەری یەکەم

### پەیدابوونی خوێندنی فەرمی لە کوردستان

دیارە سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی قوتابیان بەندە بە بوونی توێژێکی قوتابیان کە لە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنەوە سەریهەڵداوە، وەك قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکان، چونکە دەبێ ئێمە لەبارەی پرسی پەیدابوونی خوێندنی فەرمی لە کوردستان هەڵوەستە بکەین کە هەر ئەمە بووە هۆی دروستبوونی توێژی قوتابیان لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا.

خوێندن لە کوردستان لە شێوەی وڵاتانی دیکە و ناوچەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی سەرەتایی بوو، تەنیا تایبەت بوو بە حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکان[1] لە سەردەمەکانی پێشوودا، بەڵام سەرەتاکانی قوتابخانە تازەکان و خوێندنی تازەی فەرمی، لە شێوەی خوێندنی تازەی ئەوروپا کە هەموو زانستە تازەکانی تێدا دەخوێندرێت، بە پێی پرۆگرامێکی زانستی و ڕێکوپێك، لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان ساڵانی ١٧٩٣-١٧٩٥، ئەوەش کاتێك سوڵتانی سەلیمی سێیەم(١٧٨٩-١٨٠٧) چەند قوتابخانەیەکی سەربازی دامەزراند، کە چەند مامۆستایەکی بیانی وانەیان تێدا دەگوتەوە، زمانی فەرەنسی و زانستە تازەکانیان تێدا دەخوێندرا، دواتر خوێندنی تازە لە دەوڵەتی عوسمانی پەرەی پێدرا، لەوەتەی ساڵی ١٨٣٨ قوتابخانەکانی ڕوشدییە کرانەوە[2]، هەروەها دوای نیوەی سەدەی نۆزدەیەم چەندین قوتابخانەی دیکەی نێردە موژدەبەخشەکانی ئەوروپی لە سەرجەم ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی کرانەوە[3]، ئەمە جگە لە دامەزراندنی قوتابخانەگەلێکی دیکەی بیانی کە هەمان پرۆگرام و کتێبی خوێندنیان پەیڕەودەکرد لەو دەوڵەتانەی کە ئەو قوتابخانانەیان تێدا بوون[4]، ئەمەش ئاسانکارییەك بوو بۆ گواستنەوەی شارستانی و کولتووری ئەوروپی بۆ دەوڵەتی عوسمانی.

هەواڵنامەی کتێب

لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ژمارەی قوتابخانەکان زیادی کرد، قوتابیانیش زیاتر ڕوویان تێکردن، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی سەرەتاکانی ڕێنیسانسی زانستیی تازە[٥]، خوێندن بە شێوەی ستوونی پەرەی سەند، بابەتی تازە بۆ خوێندن هێنرانە نێو قوتابخانە فەرمییەکان، لەوانە بابەتی وەرزشی جەستەیی، گرنگیی زیاتر بە چالاکیی دەرەوەی پۆل درا، هەروەها لەوەتەی ساڵی ١٩٠٩ لەو قوتابخانانەدا پشت بە چالاکیی دیدەوانی بەسترا [٦].

شایانی باسە ڕاپەڕینی کورد کە هەردوو میرانی بەدرخانییەکان: عوسمان بەگ و حوسێن کەنعان لە ساڵانی ١٨٧٨-١٨٧٩ دژی حکومەتی عوسمانی[٧] ئەنجامیاندا، کاریگەریی بەرچاوی هەبوو، کە وا لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بکات، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێکارێك بدات، بۆ پارێزگاریکردن لە وەلای هۆزە کوردییەکان بۆ سوڵتان، بۆیە لیواگەلی حەمیدییەی دامەزراند[٨]، هەروەها چەندین قوتابخانەی لە ناوچەکانی کوردنشین و عەرەبنشین کردەوە کە بە قوتابخانەی عەشاییری ناسرابوو(عەشیرەت مەکتەبلەری)[٩]، کە خوێندن لەو قوتابخانانە تەنیا بۆ منداڵانی سەرۆك عەشیرەت و هۆزەکانی کورد و عەرەب بوو، ئەمەش بە مەبەستی پێگەیاندنی کادیری کارگێڕی و سیاسی کە سەر بەم سوڵتانییەتە بن، لە ساڵی ١٨٩٥ چەندین قوتابخانە لە ناوچەکانی کوردنشین کرانەوە[١٠]، حکومەت لەوەتەی ساڵی ١٨٩٢ بینایەی تازە و مامۆستای بۆ ئامادەکردن کە ئەم قوتابخانانە لە بۆنەی یادی جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر(دخ) کرانەوە، بۆ ئەوەی سوڵتان ئەو ڕۆژە بۆ مەرامی سیاسی بقۆزێتەوە[١١]، شایانی باسە ماوەی خوێندن لەو قوتابخانانە پێنج ساڵ بوو، دواتر کرا بە حەوت ساڵ کە هەموو بابەتێکیان تێدا دەخوێندرا[١٢]. دەرچووانی ئەو قوتابخانانە دەیانتوانی دواتر پەیوەندی بە قوتابخانەی جەنگ(کۆلێجی سەربازی)یەوە بکەن[١٣]، لەگەڵ ئەوەی سوڵتان ئەو قوتابخانانەی بۆ مەرامی خۆی کردبووەوە، بەڵام ئەمە بووە هۆی پەیدابوونی نەوەیەك لە قوتابیانی ڕۆشنگەری کورد. ئەو قوتابییانە تێکەڵ بەو فیکرانە بوون، دواتر چوونە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکان، کە لای هەندێکیان بیرۆکەی دامەزراندنی کوردستانییێکی سەربەخۆ سەری هەڵدا[١٤]، ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەیدابوونی پێشەنگانی ناسیۆنالیستیی کورد، کە خاوەن بیرۆکەی ئازاد بوون، ئەو قوتابییانە شان بە شانی ڕۆشنبیرانی دیکە هاتنە ڕیزی پێشەوەی ئۆپۆزسیۆن[١٥]، ئەمەش بە واتای شکستهێنانی هەوڵەکانی سوڵتان لە دەستەبەرکردنی وەلای ئەو توێژە، بۆیە لە ساڵی

هەولێرنامەی کتێب

١٩٠٧ قوتابخانەکانی داخست[١٦]، دوای ئەوەی پازدە ساڵ بوو کرابوونەوە[١٧].

ئەوەی پەیوەستە بە خوێندن و قوتابییانەوە لە هەرسێ ویلایەت: بەغدا و مووسڵ و بەسرا کە دواتر عێراقیان پێکهێنا، دەکرێ لەم ماوەیەدا ژمارەی قوتابخانە و قوتابییان بزانرێت، ئەویش بە پشتبەستن بە ساڵنامەکانی عوسمانی کە سەرچاوەگەلی ڕەسەنی مێژووییین.

یەکەم قوتابخانەی ڕوشدییە لە بەغدا ساڵی ١٨٦٩ لەسەردەمی والی مەدحەت پاشا(١٨٦٩-١٨٧٢) کرایەوە، دوای ئەو چەندین قوتابخانەی دیکەی ڕوشدییە و پاشایەتی لەو ولایەتانەی ناوبراو کرانەوە[١٨]، لە ساڵی ١٨٧٣ قوتابخانەی ئامادەیی پاشایەتی لە بەغدا کرایەوە[١٩]، دواتر ژمارەی قوتابخانە و قوتابیان لە عێراق زیادی کرد، یەکێك لە ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە بۆ ساڵانی(١٨٧٢-١٨٧٣) دانراوە، ئاماژە بە ژمارەی قوتابخانە و قوتابیان دەکات لە ویلایەت و شارەکانی عێراق ، هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێت[٢٠]:

| ناوی قوتابخانە | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|
| مووسڵ | ٤٧ |
| بەسرای دووەم | ٤٤ |
| حیللە | ٤١ |
| خوراسان(بەعقوبە) | ٢٥ |
| مونتەفیك | ٢٠ |
| کوت- میرنشین | ٢٥ |
| زوبێر | ٣٥ |
| سامەڕا | ٢٠ |
| عیمارە | ٣٠ |
| کەربەلا | ٢٠ |

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٨٠ -١٨٨٩دا ژمارەی قوتابخانەکان لە عێراق گەیشتە (١٥). لە قوتابخانەی ڕوشدییە (٨٤٠) قوتابی تێیدا دەیخوێند[٢١]، بەپێی ساڵنامەکەی

هەواڵنامەی کتێب

ساڵی ١٩٠١ و بەپشتبەستن بە ئاماری ساڵی ١٩٠٠ ژمارەی قوتابخانەکان لە شارەکانی عێراق گەیشتە (١٧) قوتابخانە، ژمارەی قوتابیانیش (١٢١٨) بوو، بەڵام سەبارەت بە قوتابخانە ئامادەییەکان، تەنیا دوو قوتابخانە هەبوون، یەکێکیان لە بەغدا کە (١٠٧) قوتابی تێدا بوو، ئەوی دیکە لە مووسڵ بوو و ژمارەی قوتابیانی (٣٤١) بوو[٢٢]، ئەم ژمارەیە لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیتحادییەکاندا ١٩٠٨-١٩١٤ زیادی کرد[٢٣]، ئامارەکانی ساڵی ١٩١٥ ئاماژە بەوە دەکەن، (١٦٠) قوتابخانەی سەرەتایی لە عێراق هەبوو، لەوانە (٨٧) لە ویلایەتی بەغدا، (٥١) لە ویلایەتی مووسڵ، (٣١) لە ویلایەتی بەسرا، کۆی ژمارەی قوتابیانی ئەو ویلایەتانە (٦٦٥٥) قوتابی بوو، لەوانە (٣٥٧١) قوتابی لە ویلایەتی بەغدا و (٢١٣٢) لە ویلایەتی مووسڵ و(٩٥٠) لە ویلایەتی بەسرا[٢٤].

بەڵام ژمارەی قوتابخانە دواناوەندییەکان(٤) بوو، دووانیان لە پلەی (سوڵتانی) لە بەغدا و کەرکووك، دووەکەی دیکەش لە پلەی (ئامادەیی) لە مووسڵ و بەسرا، ژمارەی قوتابیانیان (٣١٨) بوو، بەڵام ژمارەی خانەی مامۆستایان (٣) بوو، بە یەکسانی دابەشکرابوون، پشکی هەر ویلایەتێك لەم سێ ویلایەتە یەکێك بوو، کۆی ژمارەی قوتابییەکانیان (٢٧٠) بوو، قوتابخانەیەکی ماف هەبوو کە (٢٤٤) قوتابی تێدا بوو، قوتابخانەیەکی پیشەسازی ژمارەی قوتابیانی (٧٠) بوو، جگە لە چەند قوتابخانەیەکی ئەهلی و بیانی[٢٥].

ئەوەی پەیوەستە بە کوردستانی باشوور(عێراق)، دەکرێ لە ڕێی ساڵنامەکانی عوسمانییەوە بزانرێت، یەکێك لە ساڵنامەکانی ساڵی ١٢٩٠ ك/١٨٧٢ز ئاماژە بە ژمارەی قوتابخانە و قوتابیان دەکات لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی باشوور لە گەرمەی قسەکردن لەبارەی ڕەوشی خوێندن لە عێراق، بەم شێوەیە: [٢٦]

| ناوی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی |
|---|---|
| سلێمانی | ٣٨ |
| هەولێر | ٣٩ |
| کەرکووك | ٢٥ |
| مەندەلی | ١٨ |
| ئاکرێ | ٣٥ |
| ڕواندز | ٣٠ |

هەروەهــا ســاڵنامەی ســاڵانی ١٨٩٠-١٨٩١ و ١٨٩٢-١٨٩٣ی ویلایەتــی مووســڵ بــاس لــە قوتابخانــەی ڕوشــدییەی پاشــایەتی(مەکتەبی ڕوشــدییە) لــە ســلێمانی دەکات، ژمــارەی قوتابیانــی بــە (١٠٣) قوتابــی دانــاوە[٢٧]، بــەڵام ســاڵنامەی ســاڵی ١٨٩٤-١٨٩٥ ئامــاژە بــە بوونــی ڕوشــدییەی ســەربازی دەکات لــە پــاڵ ڕوشــدییەی پاشــایەتی لــەو شــارەدا و ژمــارەی قوتابیانــی تێــدا بــە (١٣٢) قوتابــی دانــاوە، ئەمــەش ئــەوە ڕووندەکاتــەوە کــە پەرەســەندنێك و زیادبوونێــك لــە ڕووی ژمــارەی قوتابخانــە و قوتابخانەکانیــش لــەم ماوەیــەدا ڕووی داوە[٢٨]. هەرچــی ســاڵنامەی ســاڵی ١٩١٢ی هەمــان ویلایەتــە، دووپاتــی دەکاتــەوە کــە یــەك قوتابخانــە هەبــووە لــە هەمــوو ئــەو قەزایانــەی کــە ســەر بــە سنجەقی مووســڵ بــوون، کــە ســنجەقی ناوەنــدە لــە ویلایەتــی مووســڵ[٢٩]، بــەڵام لــە هــەردوو لیوا(ســنجەق) ی کەرکــووك و ســلێمانی و هــەر نــۆ قەزاکانیــان پێکــڕا کــە بریتیــن لــە: (ڕوانــدز، کۆیــە، ڕانیــە، هەولێــر، کفــری، هەڵەبجــە، قــەڵادزێ، بازیــان، شــارباژێڕ) نــۆ قوتابخانــەی ڕوشــدییە و شــازدەی ســەرەتایی هەبــوون لەگــەڵ یــەك قوتابخانــەی ڕوشــدییەی ســەربازی لــە ســلێمانی، کــە دەرچووانــی ئامــادە دەکــرد بــۆ چوونــە قوتابخانــەی ئامادەیــی ســەربازی لــە بەغــدا[٣٠]. هەندێــک زانیاریــی جیــاواز هــەن لــە ســاڵنامەکانی عوسمانــی لەبــارەی قوتابخانەکانــی لیوا(ســنجەق)ی کەرکــووك لــەم ماوەیــەدا کــە هەندێکجــار زانیاریــی پێکناکۆکــن: ســاڵنامەی ســاڵی ١٢٩٤ك/١٨٧٧ز بــاس لــەوە دەکات، قوتابخانەیەکــی ڕوشــدییە لــە شــارەکە هەبــووە و (٤٥) قوتابــی تێــدا بــووە، یەکێکــی دیکــە لــە قــەزای هەولێــر هەبــووە ژمــارەی قوتابیانــی(٢٥) و ســێیەم لــە ڕوانــدز ژمــارەی قوتابیانــی (١٣) قوتابــی بــوون. لــە کاتێکــدا ســاڵنامەی هەمــان ســاڵی عوسمانــی دەڵێــت دوو قوتابخانــەی ڕوشــدییە هەبــوون، یەکێکیــان لــە شــارەکە کــە (٣٧) قوتابــی و دووەمیــان لــە ڕوانــدز (٨٠) قوتابییــان تێــدا بــووە[٣١]، هەرچەنــدە جیــاوازی و ناکۆکییــەك بــە دیاریکردنــی ژمــارەی قوتابخانــەکان و قوتابیــان لــەم ناوچــە کوردنشــینانەدا هەیــە، بــەڵام ئــەو ڕێــژە کەمــەی لــە قوتابخانــە و قوتابــی لــەم ناوچانــەدا بەرچــاو دەکەوێــت، بەڵگــەی ئەوەیــە کــە دەســەڵاتدارانی عوسمانــی لایەنــی خوێندنیــان لــە کوردســتان پشــتگوێ خســتووە، ئەمــەش تــا ڕادەیــەك بووەتــە هــۆی دواکەوتنــی خوێنــدن و ڕۆشــنبیری لــەم ماوەیــەدا.

ســەرەڕای ئــەوەی ئاماژەمــان پێکــرد لــە کەمیــی گرنگیدانــی دەوڵەتــی عوسمانــی بــە خوێنــدن و ڕۆشــنبیری لــە کوردســتان، بــەڵام هەبوونــی ئــەو ژمــارەی قوتابخانــە و

قوتابیان[٣٢]، مانای وایە پۆلێك لە قوتابیانی کورد هەبوون، هەتا ئەگەر کەمیش بووبن، بەڵام ئەوەندە بەسە کە دەستەبژێرێکیان تێدا هەڵبکەوێت سەرکردایەتیی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد بکەن، کە دواتر بۆمان دەردەکەوێت، چونکە ئەوانەی لەو قوتابخانانە دەرچوون، پەیوەندییان بە قوتابخانەکانی خوێندنی باڵاوە کردووە لە ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و توانیویانە تێکەڵ بە ڕەوتە سیاسییەکان بن و بە شێوازەکانی بیرکردنەوەی ئەورووپا ئاشنابوون، کتێب و ڕۆژنامە هاوچەرخەکانیان خوێندووەتەوە[٣٣]، دواتر دەتوانین بڵێین: خوێندن فاکتەرێکی کاریگەر بووە لە نەشونماکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەو قوتابییانەی لەو قوتابخانانە پێگەیشتوون.

لەلایەکی دیکەوە؛ بزاڤی پەروەردە و خوێندن لە دەوڵەتی عوسمانی، چەندین ئاراستەی دیکەی لێکەوتووەتەوە، وەك: ئاراستەی چاکسازیی عوسمانی کە لایەنگری دەسەڵات بووە(دەرچووانی خوێندنی ئایینی) و ئاراستەی نیشتمانیی نەتەوەیی[٣٤]، ئەوەی ئاگاداری سەرچاوەکان بێت کە باسی مێژووی کورد و دەوڵەتی عوسمانییان کردووە، لەوەتەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم تاکو کۆتایی حوکمڕانیی عوسمانی لە کوردستانی باشوور[٣٥]، دەبینێت ئەم پۆلە قوتابییەی لەو قوتابخانانە دەرچوون، تێکەڵ بە سیاسەت بوون و ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردییان پێکهێناوە، دواجار دەکرێ بڵێین: ئەو ژمارە قوتابییەی لە قوتابخانەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەیانخوێند، توێژێکی کۆمەڵایەتییان پێکهێناوە، زەمینەیەکی گونجاویان هێناوەتە ئاراوە، خشتی یەکەمی بناغەی دروستکردنی بزووتنەوەی قوتابییانی کوردیان داناوە، دەستپێشخەرییەکانی ڕێکخستنی قوتابییانی کوردی لێکەوتەوە.

هەوالنامەی کتێب

# پەراوێز:

[(١)] حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکان وەك قوتابخانە سەرەتاییەکان بوون، بۆ ئەوەی منداڵان فێری پرەنسیپەکانی ئایین و زمانی عەرەبی و هەندێک بابەتی ئاسانی زانستی بن، مەلاش ڕۆڵی ماموستای دەبینی، بڕوانە: شذى فيصل رشو العبيدي ، الادارة العثمانية في الموصل في عهد الاتحاديين ١٩٠٨-١٩١٨، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية الآداب، جامعة الموصل، ١٩٩٧، ص ٨٦-٩٤ ؛ بۆ زیاتر وردەکاریی سەبارەت بەو قوتابخانانە لە کوردستان: كاميران عبدالصمد أحمد الدوسكي ، كوردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر، مطبعة وزارة التربية، ط١، (دهوك، ٢٠٠٢)، ص٦٢-٦٥.

[(٢)] ڕوشدییە: قۆناغی دووەمی خوێندنی قوتابخانەکان بوو، ماوەی خوێندن تێیدا سێ ساڵ بوو، دەرچووانی قۆناغی سەرەتایی وەردەگیران، هەروەها ئەوانەی گەیشتبوونە پلەیەکی پێشکەوتوو لە قوتابخانە ئیسلامییە نەریتییەکان، لە بنەڕەتدا دامەزراندنی ئەو قوتابخانانە بۆ سوڵتان مەحموودی دووەمی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٨٣٨ دامەزران، بڕوانە: شذى فيصل العبيدي ، س. پ، ل١١٢.

[(٣)] إبراهيم خليل أحمد، تطور التعليم الوطني في العراق ١٨٦٩-١٩٣٢، مطبعة جامعة البصرة، ط١، (البصرة، ١٩٨٢)، ص٣٠-٣٣.

[(٤)] كاميران عبدالصمد، س. پ، ل٧٠-٧١.

[(٥)] نمير طه ياسين، بدايات حركة التحديث، في: موسوعة الموصل الحضارية، ج٤، (الموصل، ١٩٩٢)، ص١٧٠.

[(٦)] إبراهيم خليل أحمد، م. س، ص ٤٨ ؛ شذى فيصل العبيدي ، م. س، ص١٠٤.

[(٧)] صلاح محمد سليم هروري، الاسرة البدرخانية نشاطها السياسي والثقافي ١٩٠٠-١٩٥٠، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٤)، ص١٨-١٩.

[(٨)] بۆ وردەکاری بڕوانە: ماجد محمد يونس زاخوي، الفرسان الحميدية (١٨٩١-١٩٢٣)، رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس كلية الاداب، جامعة الموصل، ٢٠٠٦.

[(٩)] بۆ وردەکاری بڕوانە: Alisan Akpinar, Asiret-Mekteb-Devlet, II Abdul Hemidin Asiret Mektebi: (1892-1907), (Istanbol ,2001).

[١٠] جليلي جليل، نهضة الأكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن التاسع العشر وبداية القرن العشرين، ترجمة: بافي نازي ود. ولاتوكدر، دار الكاتب، ط١، (بيروت، ١٩٨٦)، ص١٨-١٩ ؛ عثمان علي ، حركة الشيخ عبدالسلام البارزاني دراسة وثائقية في الأسباب المحلية والأقليمية، في: ممتاز حيدري واخرون (إعداد)، مؤتمرالذكرى المئوية لميلاد البارزاني الخالد، مطبعة وزارة التربية، (أربيل، ٢٠٠٣)، ج١، ص٦٦-٦٧.

(4) Alisan Akpinar, op. cit. s 19.

[١١] ماجد محمد يونس ، م. س، ص٦٦ ؛ عثمان علي ، حركة الشيخ عبدالسلام البارزاني ...، ص٦٧.

[١٢] إبراهيم الداقوقي ، اكراد تركيا، دار المدى، ط١، (بيروت، ٢٠٠٣ )، ص٤٧.

[١٣] جليلي جليل ، نهضة الاكراد...، ص٢٠-٢١.

[١٤] ماليمساند ، س. پ ،ل٨.

[١٥] ماجد محمد يونس، س. پ، ل٦٦.

[١٦] ماجد محمد يونس، س. پ، ل٦٦.

[١٧] توێژەرێك ئاماژەی بەوە كردووە كە بۆ حەڤدە ساڵ بەردەوام بووە، بڕوانە: إبراهيم الداقوقي ، م. س. ص٤٧، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە لە ناوەرۆك باسمان كردووە..

[١٨] عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، مج٧، مطبعة شريعت، ط١، (لا.م، لا.ت)، ص٢٠٦.

[١٩] عبدالرزاق الهلالي، تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني ١٦٣٨ -١٩١٧، (بغداد، ١٩٥٩)، ص١٥٧.

[٢٠] سالنامۀ دولت علية عثمانية لسنة ١٢٩٠هـ ، ص٢١١-٢١٢ ؛ سعدي عثمان حسين، ساڵنامەكانی عوسمانی و دوو زانیاری مێژوویی گرنگی تایبەت بە كورد، مەتین (گۆڤار)، ژمارە (١٣١)، كانونا ئێكێ ٢٠٠٢، دهۆك، ل٣١-٣٢.

[٢١] إبراهيم خليل أحمد، س. پ، ل٤١-٤٢.

[٢٢] سالنامه نظارت معارف عمومية ١٣١٧هـ/١٩٠١م، ص١٠٦٢-١٠٦٦، ١٠٤٢-١٠٤٣، نقلاً عن: إبراهيم خليل أحمد ، م. س، ص٤٤.

[٢٣] بڕوانە: عباس العزاوي، م. س، ص٢١-١٧٢ ؛ عبدالرزاق الهلالي ، س، پ، ل١٥ ومابعدها.

[٢٤] ساطع الحصري، مذكراتي في العراق ١٩٢١-١٩٢٧، ج١، دار الطليعة، ط١، (بيروت، ١٩٦٧)، ص١١٥-١١٦.

[٢٥] س. پ ل١١٦-١١٧.

[٢٦] سالنامۀ دولت عليه عثمانيه لسنة ١٢٩٠هـ، ص٢١١-٢١٢ ؛ سعدي عثمان، ساڵنامەكانی

عـوسمانی ...، ل٣١-٣٢ ؛ محەمـەد عەبـدوڵڵا کاکە سـوور، گەشـەکردنی خوێندنی فەرمـی لە لیواکانی کوردسـتانی عێراقـدا(١٩٢١-١٩٥٣) لێکۆڵینەوەیەکـی مێژووییـە، چ ١، (هەولێـر، ٢٠٠٤)، ل ١٢.

(٢٧) بڕوانـە: سـالنامەء ولايـة الموصـل ١٣٠٨هـ، ص١٤٦ ؛ سـالنامەء ولايـة الموصـل ١٣١٠هـ، ص٢١٤ ؛ وكذلـك عبدالفتـاح علي البوتـاني ، دراسـات ومباحـث في تايـخ الكـورد والعـراق المعـاصر، مطبعـة حجـي هاشـم ، ط١، (أربيـل، ٢٠٠٧)، ص٧٢.

(٢٨) عبدالفتـاح علي بوتـاني ، سـالنامات الموصـل العثمانيـة مصـدراً لدراسـة تاريـخ السـليمانية، جامعـة دهـوك (مجلـة)، العـدد (٢)، دهـوك، ٢٠٠٠، ص٥٣-٥٤.

(٢٩) سالنامەء ولاية الموصل ١٣٣٠هـ/ ١٩١٢م، ص ١١٦-١٢١ ؛ بڕوانە: شذى فيصل العبيدي ، م. س، ص١٠٧.

(٣٠) سـليمان فـيضي ، مذكـرات سـليمان فـيضي- مـن رواد النهضـة العربيـة في العـراق، تحقيـق وتقديـم : باسـل سـليمان فـيضي، ط٤، (بغـداد، ٢٠٠٠)، ص٧٣ ؛ عبدالفتـاح علي بوتـاني ، مدرسـة ١١ أذار أول مدرسـة كورديـة في مدينـة الموصـل مـع نبـذة تاريخيـة عـن التعليـم في كوردسـتان- العـراق، مطبعـة وزارة التربيـة، ط٢، (أربيـل، ٢٠٠٢)، ص٢٩.

(٣١) عبدالفتاح البوتاني ، دراسات ومباحث ...، ص١١٣- ١١٤.

(٣٢) بڕوانە: عبدالفتاح البوتاني ، مدرسة ١١ أذار أول ... ، ص ٣٢-٣٤ ؛ كاميران عبدالصمد ، س. پ، ل٦٢.

(٣٣) بـۆ ئەمـە بڕوانـە: حنـا بطاطـو ، العـراق الكتـاب الاول- الطبقـات الاجتماعيـة والحـركات الثوريـة في العهـد العـثماني حتـى قيـام الجمهوريـة، ترجمـة: عفيـف الـرزاز ، منشـورات فرصـاد، ط١، (بغــداد، ٢٠٠٥)، ص٤١.

(٣٤) بـدر مصطفـى عبـاس ، الحيـاة التعليميـة في ولايـة بغـداد ١٨٦٩م/ ١٢٨٦هـ - ١٩٠٩م/ ١٣٢٧هـ، رسـالة دكتـوراه مقدمـة إلى مجلـس كليـة الاداب، جامعـة الموصـل، ١٩٩٧، ص١٦٩- ١٧٢.

(٣٥) مەبەسـت لـە جـۆر ئـەو قوتابییانـە بـوون کـە نەیـاری دەوڵەتـی عوسمانـی بـوون و ڕێکخراوی قوتابیانیـان دامەزرانـد وەکـو: (اسـحق سـكوتي وعبداللـه جـودت ممـدوح سـليم ...وغيرهـم ) کـە دواتـر باسـی ڕۆڵیـان دەکەیـن.

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# تەوەری دووەم

## سەرهەڵدانی هۆشیاریی سیاسی و فیکریی قوتابیانی کورد

قوتابیـان و بزووتنەوەکانـی قوتابیـان لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان ڕۆڵـی گرنگییـان هەبـووە، ئـەوان زۆر شۆڕشـی گرنگیـان لەنێـو کۆمەڵگەکانیانـدا بەرپاکـردووە و هەندێـک حکومەتیـان ڕووخانـدووە، زۆربـەی ئـەو ڕووداو و پەرەسـەندنە گرنگانـەی ئـەو دەوڵەتانـە بـە سـایەی ئـەوان بـووە، ڕێکخراوەکانـی قوتابیـان و دیدەوانـی ڕۆڵیـان هەبـووە لـە گەشـەکردنی بزووتنـەوە نیشـتمانییەکان لـە زۆر لـە دەوڵەتانـی جیهانـدا، مێـژووی وڵاتانـی جیهـان، بەتایبەتـی وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم پڕیەتـی لـەم نموونانـە[1].

قوتابیانـی کـورد و بزووتنەوەکانـی قوتابیانـی کـورد لـەم ڕۆڵانـە بـێ بـەش نەبـوون، ئەوان بەشـداریی کاریگەریـان هەبـوو لـە جووڵانـدن و بەردەوامبوونـی بزووتنـەوە ناسیۆنالیسـت و ڕزگاریخـوازەکان لـە کوردسـتاندا. لـە کۆتایـی سـەردەمی عوسمانیـدا قوتابیانـی کـورد ڕێکخسـتنەکانی قوتابیـان پێکهێنـا بـۆ کاراکردنـی بزووتنـەوە سیاسـییەکان و ئەنجامدانـی گۆڕانکارییەکان لەنێو دەوڵەتی عوسمانی، بە ئاراستەی کارکردن لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردسـتان. شـایانی باسـە چالاکیـی قوتابیـان و ڕۆشـنبیرانی کـورد سـەرەتا لـە ئەسـتەنبوڵی پایتەختـی عوسمانـی دەسـتی پێکـرد، دواتـر بـۆ شـارەکانی دیکـە گواسترایەوە، هـەوڵ دەدەین بـەدوای ڕەگوڕیشـەی ئەم بزووتنەوانـەی قوتابیاندا بگەڕێیـن: ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەوڵی داوە بگاتـە ئاسـتی شارسـتانیی ئەوروپا، بۆیە چەندیـن قوتابخانە و پەیمانگەی لە ئەسـتەنبوڵ کـردەوە، هەروەهـا چەندیـن قوتابـی نـاردە ئەوروپـا بـۆ خوێنـدن، ئـەو گەنجە کوردانـەی لەم قوتابخانانـە دەرچووبـوون، سـەرەتا توێژێکـی سـادەیان پێکهێنـا، سـەرباری ئەمـەش؛ پشـکیان هەبـوو لـە فەرمانگـە و کارگێڕییەکانـی حکومـەت و سـوپا و پزیشـکیدا، پەرەسـەندنی ڕێژەیی ڕۆشـنبیریی ئـەم توێـژە گەنجـەی کـورد و هوشـیارییان هانـدەر بـوو بـۆ پرسـیار لەخـۆ کـردن، بۆیـە ئاوڕیـان لـە زمـان و مێـژوو و کولتـووری گەلـی کـورد دایـەوە.

توێژێکـی سیاسـی و ڕۆشـنبیر لـە نێـو کۆمەڵـگەی عوسمانـی هەڵکـەوت، بەتایبەتـی لەسـەردەمی هـەردوو سـوڵتان عەبدولحەمیـد(١٨٣٩-١٨٦١) و عەبدولعەزیـز(١٨٦١-١٨٧٦)،

گۆڕانکاریی گەورە لە دەوڵەتی عوسمانی ڕوویدا، بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی لەناو دەوڵەت و دەرەوەدا گەڵاڵە بوو، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنی قوتابیانی عوسمانی لە دەوڵەتانی ئەوروپی[٢]. بۆ نموونە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا وەزیری دەوڵەتی عوسمانی کۆمسیار لە سوید شەریف پاشا[٣] داوای لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی کرد، قوتابیان بۆ سوید بنێرێت، تاکو فێری زانست بن و ئاگاداری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و بارودۆخی گشتیی ئەو وڵاتە بن[٤]. خوێندنی قوتابیانی عوسمانی لە دەوڵەتانی ئەوروپا فاکتەر بوو بۆ ئەوەی زۆربەیان بکەونە ژێر کاریگەریی فیکر و کولتووری ئەو وڵاتانە و گواستنەوەیان بۆ وڵاتانی خۆیان، تاکو لە بواری سیاسەت و ڕێکخستە سیاسییەکاندا کاری پێبکەن، ئەمەش بووە هۆی هاتنەکایەی جۆرێك لە ڕێنیسانسی فیکری و سیاسی لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

سێ ئاراستەی فیکری لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا لەم سەردەمە درەنگەی حوکمڕانیی عوسمانیدا پەیدا بوون، کە بریتی بوون لە: ناسیۆنالیست، عوسمانی، ئیسلامی. ئاراستەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ناسیۆنالیستی و ئایینی زیاتر دەرکەوت، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەکەیدا ئاراستەی دیکەی فیکری هەبوون، کە: ئایینی، نەتەوەیی، کەمە نەتەوەیی بوون [٥]، بە تایبەتیش تێکەڵییەك لەو فیکر و ئاراستانە کە خوازیاری دەستوور و ئازادییەکانن.

لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بە دیاریکراویش لە ساڵی ١٨٧٨ کاتێك سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦-١٩٠٩) دەستووری بڕیاردا، جۆرێك لە ئازادی دابینکرا، بەڵام ئەمە درێژەی نەکێشا، سوڵتان پاشگەز بووەوە، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی سێ جۆری ڕێکخراو لە سەردەمی ئەودا، جۆری یەکەم: کۆمەڵە نهێنییەکان کە لەنێو قوتابخانە و پەیمانگە زانستییەکاندا پێکهێنران، ئەو قوتابیانەی دەگرتەوە کە لەو شوێنانە دەیانخوێند و یانیش نەیاندەخوێند، جۆری دووەم: ئەو حزب و یەکێتییانە بوون کە لە جنێڤ و پاریس و قاهیرە پێکهێنرابوون، بەڵام جۆری سێیەم: ئەو کۆمەڵە نهێنییانە بوون کە لەنێو سوپای عوسمانیدا گەڵاڵە بوون [٦] . ئەوەی گرنگە لەو ڕێکخستنانە؛ جۆری یەکەمە کە نیشانەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی تێدا بەرجەستە بوو، ئەوانەی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پەیدا بوون لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی فیکری نوێ: (ئازادی، برایی، یەکسانی، ناسیۆنالیستی) لەناو قوتابخانەکانی عوسمانیدا، ئەمەش

لـە ئەنجامـی دەسـتتێوەردانی کاروبـاری ناوخۆ لەلایـەن دەوڵەتانی ئەوروپـاوە و بەرکەوتنی عوسمانییـەکان بـەو فیکـرە ئازادانـەی ئەوروپـا [٧].

هـەر زوو توێـژی قوتابیـان ئـەم فیکـر و چەمکانەیـان قۆسـتەوە، دەسـتیان کـرد بـە بەرهەڵسـتیکردنێکی ڕێکخـراو دژی سـوڵتان، لـە سـاڵی ١٨٨٩ چـوار قوتابـی لـە کۆلێجـی پزیشـکیی سـەربازی لــە ئەسـتەنبوڵ دەستپێشـخەرییان کـرد بـۆ پێکهێنانـی ناوکـی کۆمەڵەیەکـی نهێنـی بـە ناوی(یەکێتیـی عوسمانـی) کـە بناغەیـەك بـوو بـۆ (کۆمەڵـەی ئیتیحــاد و تەرەقــی)[٨]، دوو کوردیــان تێــدا بــوو: ئیســحاق ســکوتی دیاربەکــری[٩] و عەبــدوڵڵا جــەودەت[١٠]، دووەکــەی دیکەیــش: ئیبراهیــم تیمــۆ کــە ئەلبانــی بــوو، محەمـەد ڕەشـید چەرکـس بـوو[١١] . ئـەو چـوار قوتابییـە تـەوەرەی کۆمەڵەکـە بـوون، کـە دواتـر قوتابیـی دیکەیشـی هاتنـە پـاڵ، لەوانـەش قوتابیـی تـورك، ئەوانـە کۆمەڵەیەکـی ئۆپۆزسـیۆنیان پێکهێنــا، دژی حوکمڕانیــی ســتەمکارانەی ســوڵتان عەبدولحەمیــد خەباتیـان کـرد[١٢]، کـە هەوڵــی دەدا پارێــزگاری لــە ئیمپراتۆریەتــە هەرەســهێناوەکەی بــکات لــە ڕێــی بەکارهێنانــی ئاییــن وەك ئامرازێــك بــۆ کۆکردنــەوەی نەتــەوەکان لــە چوارچێــوەی دەوڵەتــی عوسمانــی و بانگەشــە بــۆ بەنــاو زانکــۆی ئیسلامــی[١٣]، بزاڤــی بڵاوکــراوە و ئازادییەکانــی بەرتەســك کــردەوە و ڕۆژنامەکانــی داخســت، نەیهێشــت هەندێـک چەمـك و زاراوە دەستاودەسـت بـکات [١٤]. ئـەو وەك نەخۆشـییەکی کوشـندە بـۆ ئیمپراتۆریەتییەکـە سـەیری ناسیۆنالیسـتی دەکـرد [١٥]، لـەم چوارچێوەیـەدا سـوڵتان سیاســەتی ســتەمکاری لەنــاو دەوڵەتــی عوسمانــی پەیــڕەو کــرد، ئەمــەش وای لــە قوتابیانـی کـورد کـرد لـە دەرەوە دژایەتیـی سـوڵتان بکـەن، بۆیـە ئیسـحاق سـکوتی و عەبـدوڵڵا جـەودەت لەگـەڵ قوتابیانـی دیکـە، سـاڵی ١٨٩٦ ڕێکخراوێکیـان لـە جنێـڤ دامەزرانــد بــە نــاوی حزبی(شۆڕشــگێڕی عوسمانــی)[١٦].

لەلایەکـی دیکـەوە؛ دەبینیـن، ئـەو فیکـرە ناسیۆنالیسـتییە و چەمکـە تازانـە لەنێـوان سـەرکردەکانی کـورد بڵاوبوونەتـەوە. شـێخ عوبەیـدوڵڵا نەهـری ئـەو زاراوە ئەوروپیانـەی لــە نامەکانیــدا بەکارهێنــاوە، وەك: (ئــازادی، برایــی، یەکســانی، ناسیۆنالیســتی) کــە خەریکــی هەوڵــی دامەزراندنــی قەوارەیەکــی ســەربەخۆی کــوردی بــوو[١٧] لەنێــوان ســاڵی ١٨٧٩-١٨٨٠[١٨]. دواتـر هەڵکشـا تـا چەندیـن سـەرکردەی دیکـەی گرتـەوە، وەك: عـوسمان بـەگ و حوسـێن کەنعـان کـە باسمان کـرد، ئەمـەش بـووە هـۆی کردنـەوەی

قوتابخانەکانی(عەشیرەت مەکتەبلەری)، کە پەرەسەندن و دامەزراندنی فیکری ناسیۆنالیستی لەنێو قوتابیانی کوردی بەدوادا هات.

ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم چەندین ئاکامیان لێ کەوتەوە، لەوانە سەرهەڵدانی توێژێکی قوتابیان کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی فیکری تازەی ناسیۆنالیستی و ئازادی و یەکسانی، قوتابیانی کوردیش لە پێشەوەی ئەو توێژە بوون، ئەوان یەکەمین کەس بوون ڕێکخراوێکی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنیان دژی ڕژێمی ستەمکاریی حەمیدی پێکهێنابوو، مەبەستمان کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقییە.

**أ. سەرەتاکانی ڕێکخستنی قوتابیانی کورد لەم ماوەیەدا**

بزووتنەوەی قوتابیانی کورد بەرهەمی هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردە کە خۆی لە ڕێکخراو و کۆمەڵە و حزبە کوردییەکانی ئەو سەردەمەدا دەبینییەوە، هەندێک سەرچاوە پێیان وایە، یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە ساڵی ١٨٨٠ دروست بووە، مەبەستیان لەمەدا ئەو کۆنگرەیەیە کە شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری گرێیدا [١٩] و(٢٢٢) کەسایەتیی باڵادەست لە پیاوماقووڵ و پیاوانی ئایینی و سەرۆك عەشیرەتەکان لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان تێیدا ئامادە بوون [٢٠]، ئەم کۆنگرەیە لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکان بە چەندین ناو پێناسە کراوە[٢١]. وێڕای ئەو تەکەتتولە سەرکردایەتیی شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ی کرد، کە بووە هۆی گەشەکردن و پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی بەرەو کاری هاوبەش و ڕێکخراو لە کوردستان[٢٢]، بەڵام لە تەکەتتولێکی عەشایری زیاتر نەبوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین: یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کوردی لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٠ بە ناوی (کۆمەڵەی عەزم و هێزی کوردستان) دامەزراوە[٢٣]، ئەم کۆمەڵەیەش لەلایەن فکری ئەفەندی دیاربەکری لە ئەستەنبوڵ دامەزرا [٢٤]، دواتر ژمارەیەکی زۆری قوتابیان و ڕۆشنبیرانی کورد دانیشتووی ئەستەنبوڵ هاتنە ڕیزییەوە[٢٥]، بەڵام دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٤ ئەم کۆمەڵەیان داخست[٢٦]، هەر چەندە چالاکییەکانی بۆ لایەنی ڕۆشنبیری بوو.

دوای کودەتا دەستوورییەکەی ساڵی ١٩٠٨ بە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی ئیتیحاد

و تەرەقی سەرلەنوێ ژیانی سیاسی و حزبی بووژایەوە، ئەمەش دەرفەت بوو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراو لە هەموو ناوچەیەکی ئیمپراتۆرییەت [٢٧]، بۆیە کورد بە فەرمی لە ئەیلوولی ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی(کرد تعاون وترقي جمعيتي) دامەزراند[٢٨]، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی سیاسی چەندین لقی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کردووەتەوە بەبەشداریی قوتابیان و توێژی کۆمەڵایەتی دیکە. لە هەمان ساڵدا کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی دامەزرا کە ئەدەبی و پەروەردەیی بوو و کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی پاڵپشتی دەکرد، توانی قوتابخانەیەکی کوردی لە ئەستەنبوڵ بۆ فێرکردنی قوتابیانی کورد بکاتەوە[٢٩].

(بەهاری ئەستەنبوڵ) زۆری نەخایاند، ئاراستەی پەڕگیری نەتەوەپەرستیی تورکی(تۆرانی) لە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی جڵەوی حوکمی گرتە دەست، دەستیان کرد بە تەنگەتاوکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە، لەم چوارچێوەیەدا بڕیارێکیان دەرکرد بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان، دواتر دەستگیرکردنی ناسیۆنالیستخوازانی کورد، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بۆشاییەکی ڕێکخستن کە دوو ساڵ بەردەوام بوو[٣٠] . وای کرد توێژی قوتابیانی کورد هەوڵ بدات خۆی ڕێکبخاتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، بۆیە چەندین ڕێکخراوی قوتابیان دامەزران، کە ئامانجگەلی پیشەیی و پەروەردەیی و نەتەوەییان هەبوو.

### ١. کۆمەڵەی قوتابیانی کورد

دوای ئەوەی حکومەتی ئیتیحاد و تەرەقی لە ٢٣ی ئابی ١٩٠٩ یاسایەکی دەرکرد تایبەت بە داخستنی هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکان[٣١]، قوتابیانی نەتەوەکانی غەیری تورك داوای دامەزراندنی کۆمەڵە و یانەی قوتابیانیان کرد، ئەوە بوو قوتابیانی عەرەب (المنتدى الأدبي والجمعية العربية الفتاة) یان دامەزراند[٣٢]، هەروەها ئەلبانەکان (ئەڕنائووت) کۆمەڵەی (باشکیم)یان دامەزراند[٣٣]، هەر لەم چوارچێوەیەدا قوتابیانی کورد کۆمەڵەی قوتابیانی کوردیان لە دواناوەندی سوڵتانیە[٣٤] لە شاری خەربووت(العزيز) دامەزراند[٣٥]، ئەمەش بە دەستپێشخەریی

محەمــەد نــوری دێرســمی بــوو[٣٦] بــە هاوکاریــی قوتابی(نەجیــب دێرســمی)[٣٧]، کــە دواتــر ئەمانــەش چوونــە پاڵیــەوە: حەیــدەر کــوڕی تەیمــور ئاغــا، جەعفــەر، قارەمــان، جەمیـل پاشـا زادە کەمـال، نەجیـب خانـزاد، غالـی، شـوکری، ئەحمـەد نافیـز[٣٨]. سـەرەتا ئــەم کۆمەڵەیــە بریتــی بــوو لــە یەکێتیــی قوتابیــان، بــەڵام دواتــر گــۆڕا بــۆ کۆمەڵــەی قوتابیانــی کــورد، دوای ئــەوەی ژمارەیــەك قوتــابی هاتنــە نــاو کۆمەڵەکــە [٣٩].

ئامانجەکانی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد جەختیان لەوانە دەکردەوە:

١. ناردنی قوتابیان لە ڕێی نێردەی زانستییەوە بۆ دەرەوە.
٢. بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان قوتابیانی کورد.
٣. کارکردن بۆ هاندانی کردنەوەی قوتابخانەی زۆر لە کوردستان.
٤. پەروەردەکردنی قوتابیانی کورد بە بیروهزری پاکی نەتەوەیی[٤٠].

ســەرچاوەکانی بەردەســت بــە وردی ئامــاژە بــۆ ســاڵی دامەزراندنــی کۆمەڵەکــە ناکــەن، بــەڵام بــاس لــەوە دەکــەن کــە بــە فراوانبوونــی چالاکییەکانــی کۆمەڵەکــە، ڕووبــەڕووی هەندێــک لــە کەســانی پەڕگیــری دامــەزراوە حکومییــەکان بووەتــەوە[٤١]، چونکــە حکومــەت سیاســەتێکی ســەرکوتکارانەی پەیڕەوکــرد لەهەمبــەر نەتەوەکانــی ئــەو کاتــی غەیــری تــورك، ئەمــەش لــەو وتارانــە دەردەکەوێــت کــە هەندێــک ڕۆژنامــەی تورکــی وەك ڕۆژنامەی(تەنیــن) بڵاویــان دەکــردەوە، کــە تێیانــدا هاتبــوو: "ئێمــە کێشــەی کەمایەتییــەکان لــە دەوڵەتــی بــاڵادا ڕیشــەکێش دەکەیــن"[٤٢]، ئەمــەش زیاتــر کــوردی تــووڕە کــرد، بەتایبەتیــش توێــژی ڕۆشــنبیر و قوتابیــان، لــەم چوارچێوەیــەدا کۆمەڵــەی قوتابیانــی کــورد چالاکییەکانــی چڕکــردەوە، دەســەڵاتدارانیش هەســتیان بــەوە کــرد کــە ئەمــە مەترســییە، لەبەرئــەوە ئــەو قوتابییانــەی دوورخســتەوە و لــە قوتابخانــەی ســوڵتانییە دەریکــردن کــە کۆمەڵەکــەی تێــدا دامەزرابــوو، بۆیــە محەمــەد نــوری دێرسـیمی لـە سـاڵی ١٩١١ پەنـای بـردە بـەر ئەسـتەنبوڵ[٤٣]، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئــەوەی ئــەم کۆمەڵەیــە پێــش ئــەو مێــژووە دامــەزراوە، لەبەرئــەوە دەتوانیــن بڵێیــن کۆمەڵــەی قوتابیانــی کــورد یەکــەم ڕێکخــراوی قوتابیانــی کــوردە کــە لــە شــارێکی کــوردی دادەمەزرێــت، هەمــوو ئەندامانیــش کوردبــن.

## ٢. کۆمەڵەی (هێڤی)ی قوتابیانی کورد(کورد طلبه هیوی جمعیتی) [٤٤]

ئـەم کۆمەڵەیـە لـە سـاڵی ١٩١٢ لـە پەیمانگـەی کشـتوکاڵیی ئەسـتەنبوڵ[٤٥] لەلایـەن کۆمەڵێـك قوتابیـی چالاکـی کـوردەوە دامـەزرا[٤٦]، هەندێـك یاساناسـیش بەشـدارییان لـە دامەزراندنیـدا کـرد[٤٧]. دیـارە ئەمـەش بـۆ سـوودوەرگرتن بـووە لـە شـارەزاییان لـە بـواری دانانـی پرۆگـرام و وەدەسـتهێنانی مۆڵەتـی فەرمیـی لـە دەسـەڵات، تاکـو ئـەم کۆمەڵەیـە چالاکییەکانـی خـۆی بـە ئـازادی ڕاپەڕێنێـت.

لـە دامەزرێنـەرە ناسراوەکانـی ئـەم کۆمەڵەیـە: خەلیـل خیالـی موتکـی[٤٨]، قـەدری جەمیـل پاشـا [٤٩]، فوئـاد تەمـۆ[٥٠] خەڵکـی وان، جـەڕاح زادە زەکـی بـەگ دیاربەکـری[٥١]، عومـەر جەمیـل پاشـا بـە شـێوەیەکی کاتـی، تـا کاتـی بەسـتنی کۆنگـرە سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـەی کـرد[٥٢].

زۆربــەی قوتابیانــی کــورد، ئەوانــەی لــە ئەســتەنبوڵ دەیانخوێنــد، هاتنــە پــاڵ کۆمەڵەکـەوە، کـە خەڵکـی ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان بـوون، ژمارەیـان لەنێـوان (١٥٠-٢٠٠) قوتابـی بـوو، دواتـر ژمارەیـان زیاتـر بـوو تـا گەیشـتە (٥٠٠) ئەنـدام[٥٣]، لەوانـە : مسـتەفا ڕەشـاد، عەبدولقـازی، سـاڵح واسـف بەدرخـان لـە دیاربەکـر، تاهیـر عەلـی لـە خربـووت، کەسـێك بـە نـاوی فوئـاد، شـاعیر عەبدولـڕەحمان ڕەحیـم هـەکاری، خەمـزە لـە موکـس، کەمـال فـەوزی و براکـەی، زیـا وەهبـی و نەجمەدیـن حوسـێن لـە کەرکـووك، عەبدولکەریـم لـە سـلێمانی، مسـتەفا شـەوقی لـە مهابـاد، محەمـەد مهـری لـە سـنە، بابـان زادە، عەزیـز و شـەفیق لـە ئارفـاس[٥٤]، سـاڵح بەدرخـان[٥٥]، زەکـی بـەگ لـە قوتابیانــی قوتابخانــەی کشــتوکاڵ[٥٦].

کۆمەڵـەی هێڤـی وەك قوتابخانەیـەك بـوو بـۆ گەشـەکردنی هەسـتی ناسیۆنالیسـتیی لاوانــی کــورد لــە کوردســتان، بــووە مایــەی ســەرنجیان کــە بــەردەوام نامەیــان بــۆ دەنــارد[٥٧]. ئـەو ڕێکخـراوەی قوتابیـان تەنیـا بـۆ کوردسـتانی عوسمانـی نەبـوو، بەڵکـو دوو لــە ئەندامەکانــی خەڵکــی کوردســتانی ڕۆژهەڵاتــی ســەر بــە دەوڵەتــی قاجــاری بــوون، کــە بریتــی بــوون لــە: محەمــەد مهــری و مســتەفا شــەوقی.

چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـە فـراوان بـوون و چەندیـن لقـی لـە نـاوەوە و دەرەوەی کوردسـتان کـردەوە، لەوانـە لقێـك لـە شـاری بەدلیـس[٥٨] و لقێکـی دیکـە لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی لـە ئـەرزەڕوم بـە سـەرۆکایەتیی تەیـب عەلـی[٥٩]، بەڵگەنامەیەکـی سـاڵی

١٩١٤ی بەریتانیا ئاماژە بەوە دەکات کە لقێکی دیکەی کۆمەڵەکە لە مووسڵ کرایەوە، لەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە، قوتابیانی کورد کۆمەڵەیەکی قوتابیانیان لە مووسڵ دامەرزاندووە، ئەم کۆمەڵەش بە ناوی(لیك سێی ئیڤی) بوو، هەروەها بەپێی بەڵگەنامەکە هیچ بڵاوکراوە یان ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە خۆی دەرنەکردووە[٦٠].

بزووتنەوەی قوتابیانی کورد گەیشتە ئەوروپا لە ڕێی کردنەوەی چەند لقێکی کۆمەڵەی هێڤی لە شارەکانی دیکەی ئەوروپا، کاتێك قەدری جەمیل پاشا چووە سویسڕا ساڵی ١٩١٣ بۆ تەواوکردنی خوێندن لقێکی کۆمەڵەکەی لەوێ دامەزراند، ئەوە بوو قوتابیان کە لەوێ دەیانخوێند، هاتنە ڕیز لقی ئەو کۆمەڵەوە[٦١].

چالاکیی کۆمەڵەکە تەنیا لەو لقەی ئەوروپا نەوەستا، بەڵکو گەیشتە شارەکانی دیکەی ئەوروپا، لە لۆزان هەردوو برا ئەکرەم جەمیل و شەمسەدین جەمیل پاشا لەگەڵ ڕەجان نەزهەت و سەلیم سابت درێژەیان بە چالاکی دا[٦٢]. شایانی باسە عومەر جەمیل پاشا بوو بە یەکەمین سەرۆکی لقەکانی کۆمەڵەی هێڤی لە ئەوروپا، بەتایبەتی لقەکانی: جنێڤ و لۆزان و میونیخ [٦٣] کە ڕۆڵی هەبوو لە ناساندنی کێشەی کورد بە ڕای گشتیی ئەوروپا و کۆکردنەوەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا [٦٤].

کۆمەڵەی هێڤی پشتی بە ئابوونە و هاوکارییەکانی کوردانی دەوڵەمەند و پیاوماقووڵان بەستبوو، بۆ نموونە سەرۆکی عەشیرەتی موداکان (حاجی مووسا بەگ)، ئەو هاوکارییە داراییەی لێی دەویست کاتێک هەر یەك لە قادری جەمیل و فوئاد تەمۆ دیداریان لەگەڵ کرد، گوتی: "ئەو کۆمەڵەیەی قوتابیانی کورد دایانمەزراندووە، ئەگەر کورد ئاگردانێك دروست بکات، دەبێ ئێمە سووتەمەنی بین"[٦٥].

هێڤی لە ساڵی ١٩١٣ گۆڤارێکی بە ناوی (ڕۆژی کورد)، بە زمانی کوردی و تورکی دەرکرد، بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی خۆی[٦٦]. هەروەها کۆمەڵەکە یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەنبوڵ ئەنجامدا و نوێنەرانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا کرد. مەمدوح سەلیم[٦٧] کە بوو بە سکرتێری کۆمەڵەکە، لە کۆنفرانسەکەدا وتارێکی پێشکەش کرد، تیایدا ڕەخنەی لە ڕۆڵی سەرکردەکانی کورد گرت، کە وازیان لە جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەییەکانیان هێناوە[٦٨]. هەروەها فەوزی بەگ (نوێنەری دیاربەکر) داوای لە قوتابیان و گەنجانی کورد کرد، گرنگی بە پرسە زانستییەکان بدەن و خۆیان نەخەنە ناو پرسە سیاسییەکانەوە، بەڵام بەشێک لە

بەشداربووانی کۆنفرانسەکە ناڕەزایەتیان بەرامبەر ئەوە دەربڕی و ڕایانگەیاند، دەبێت قوتابیان و گەنجانی کورد بۆشایی سیاسی پڕبکەنەوە[٦٩]. ئەگەر ئەم باسانە لەناو کۆنفرانسی قوتابیاندا ئاماژە بە هەر شتێک بکەن، ئەوە ئاماژەیە بۆ ڕۆحی دیموکراسی و جیاوازیی بیروڕا لە نێوان قوتابیانی کورددا، جگە لەوەش بانگەوازی قوتابیانی کورد بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە، گوزارشت لە ئامادەیی ئەوان دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی نەتەوەیی خۆیان، جگە لە ئەنجامدانی ئەرکی پیشەییان.

دیارە دەسەڵاتدارانی عوسمانی؛ بە چالاکییە نەتەوەییەکانی قوتابیانیان زانیوە، دوابەدوای ئەو کۆنفرانسە، ئەندامانی کۆمەڵەی ناوبراویان دەستگیر کرد و ڕادەستی دادگایان کردن، پاشان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ[٧٠]. دوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٤، بە بیانووی لادان لە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانیان، کۆمەڵەکە لە ماوەی جەنگدا لە کارەکانی وەستێنرا[٧١].

ژیانی حزبایەتی و سیاسی دوای کۆتاییهاتنی جەنگ لە ساڵی ١٩١٨ دووبارە بووژایەوە، بەتایبەتی کە ناوچەکە بەرزبوونەوەی هەستی ناسیۆنالیستی بەخۆیەوە دی، بۆیە کوردیش وەک سەرجەم گەلانی ناوچەکە، دەستپێشخەری کرد بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەی لەناو ئیمپراتۆریەتی هەرەسهێنراوی عوسمانی دروست بووە[٧٢]. کۆمەڵەی هێڤیی قوتابیان لە ساڵی ١٩١٩ بە سەرۆکایەتیی ئاسف بەدرخان جارێکی دیکە کارابووەوە و ئەکرەم جەمیل پاشا وەک سەرۆکی فەخری هەڵبژێردرا[٧٣]. کۆمەڵەکە کۆنگرەی دووەمی لە ساڵی ١٩٢١ لە ئەستەنبوڵ بەست[٧٤]، هەروەها گۆڤاری "ژین"ی وەك زمانحاڵ دەرکرد، کە دواتر بوو بە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە[٧٥].

شایانی باسە ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی و نەتەوەیی کورد دەگێڕا، بەو پێیەی لەگەڵ ڕەوتە سیاسییەکانی دیکەی کورددا بەشداریی کرد، کە داوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان دەکرد، بە هاوکاریی هاوپەیمانان[٧٦]. بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ئاماژە بە بروسکەیەك دەکات کە سەرکردەی هەندێك لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ پەرلەمانی بەریتانیایان ناردووە و، لەنێویاندا کەسایەتییەک بەناوی(سەبری)[٧٧] بەو پێیەی سەرۆکی ڕێکخراوی هێڤیی قوتابییانە لەپاڵ سەرکردەکانی دیکەی ڕێکخراوە کوردییەکان، وەك: ئەمین عەلی بەدرخان جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی ناوەندی کورد، مەمدوح سەلیم سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی

کورد، کەمال فەوزی بە ناوی ڕۆژنامەگەریی کوردی، (باقی) سەرۆکی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی کورد. لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: ئێمە وەك نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان لە خوارەوە واژوومان کردووە، لە جیاتی کورد لە دڵمانەوە هەستی سوپاسگوزاری دەردەبڕین بە بۆنەی دەرکردنی لێدوانەکەتان[٧٨] بۆ یەکەم جار لە ٢٥ی شوبات تێیدا ڕزگارکردنی گەلی کورد ڕادەگەیەنن، ئێوەی بەڕێز دڵنیا دەکەینەوە کە ئێمە شایەنی متمانەی دەوڵەتانی هاوپەیمانین و داوای هاوکاریی حکومەتی بەریتانیا دەکەین بۆ کورد بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکەمان[٧٩] . ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی زۆربەی هێزە کوردییەکان لەو قۆناغەدا دەرک بە پێویستیی دامەزراندنی پەیوەندییەکی پتەو دەکەن، ئەم بەڵگەنامەیە هەروەها نیشانی دەدات، پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان و قوتابییانی کورد گەیشتووەتە قۆناغێکی پێشکەوتووی هەماهەنگی و هاریکاری لەسەر پرسە نەتەوەیی و چارەنووسسازەکان بۆ کورد و کێشەکەیان.

سەبارەت بە پەیڕەو و پڕۆگرامی کۆمەڵەی هێڤی، دەقەکانی نەدۆزراونەتەوە، بەڵام هەندێک بابەتی پرۆگرامەکەمان دەستکەوت، کە یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵەکە (مەمدوح سەلیم) لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (دیاری کوردستان) بڵاوی کردبووەوە[٨٠]، بەمەبەستی نیشاندانی ناسنامەی ڕەسەنی (هیوی) هێڤی و ئەم ماددانەش بریتین لە:

**ماددەی دووەم** - ئامانج و مەبەستەکانی پێکهێنانی کۆمەڵەکە بەم شێوەیەن:

أ. یەکترناسین لە نێوان قوتابیانی کورد و دامەزراندنی پەیوەندیی برایەتی و یەکڕیزی لە نێوانیاندا.

ب. هەوڵدان بۆ چاکسازی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا و هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی لە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەکەدا لە ساڵی ١٩٢١دا، ئەم بڕگەیەی خوارەوە زیادکرا: "تۆمارکردن و کۆکردنەوەی مێژوو و جوگرافیای کورد".

ج. ئاسانکاریی ڕێگا بۆ قوتابیانی کورد کە دێنە ئەستەنبوڵ، بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنن.

د. یارمەتیدانی قوتابیانی هەژار و دانانیان لە قوتابخانە گونجاوەکان. (لە کۆنگرەی دووەمی ساڵی ١٩٢١ ئەم بابەتە زیاد کرا: "ناردنی قوتابیانی کورد بۆ ئەوروپا بۆ تەواوکردنی خوێندن."

ه. پوختەکەی، هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و تەواوکاریی کۆمەڵایەتیی کورد.

**مـاددەی سـێیەم** - کۆمەڵـە هەوڵـدەدات، بـەم ڕێگایانـەی خـوارەوە ئـەو ئامانـج و بڕگانـەی لـە مـاددەی دووەمـدا هاتـوون، بەدیبهێنێـت:

١. کردنـەوەی لـق لـە ویلایەتـەکان بـۆ خزمەتکردنـی ئـەو ئامانجانـە (لـە کۆنگرەی سـاڵی ١٩٢١دا کردنـەوەی لـق لـە ویلایەتـەکان گـۆڕا بـۆ کردنـەوەی لـق لـەو ناوچانـەی قوتابیانـی کوردیـان تێدابـوو).
٢. بڵاوکردنەوە و دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی کاتی بە زمانی کوردی و تورکی.
٣. دانانـی کتێبـی تایبـەت کـە زانیاریـی بەسـوود و بیرۆکـەی جۆراوجـۆری تێدایـە بـۆ قوتابخانـە سـەرەتاییەکان.
٤. بەڕێوەبردن و پێشکەشکردنی وانە و موحازەرە و سیمینار.
٥. کردنەوەی قوتابخانە لە ناوچە جیاجیاکان بە پێی مۆدێلی نوێ و شێوازی مۆدێرن(٨١).

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەوەی لـەم ماددانـە و بەندەکانیانـدا هاتـووە، دەکـرێ بڵێیـن: کۆمەڵـەی هێڤیـی قوتابیـان کۆمەڵەیەکـی پیشـەیی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی بـوو(٨٢)، ئامانجـی قوتابیانـی لەپـاڵ ئامانجـە نیشـتمانی و نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورددا هەڵگرتبوو.

**ب. ڕۆڵی قوتابیانی کورد لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکاندا**

قوتابیانــی کــورد، وەک گرووپێکــی خوێنــدەوار و کاریگــەر، ڕۆڵێکــی ســەرەکییان لــە کۆمەڵــە و ڕێکخــراوە سیاســییە کوردییەکانــدا هەبــوو کــە لــە مــاوەی نێــوان ســاڵانی ١٩٠٨-١٩٢٦ دامــەزراون. ئەســتەنبوڵ شــوێنێک بــوو بــۆ ڕاکێشــانی قوتابیــان و ڕۆشــنبیران، هەروەهــا ناوەندێــک بــوو بــۆ زۆربــەی کۆمەڵــە و ڕێکخــراوە سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیرییەکان، ئەمــەش بــووە هــۆی ئــەوەی ئــەو قوتابیانــە و توێژەکانــی دیکــە بچنــە نــاو ئــەو کۆمەڵانــەوە. بــۆ نموونــە باســی ئــەوە دەکەیــن کــە نــوری دەرســیمی ئامــاژەی پێکــرد، ســەبارەت بــە بەشــداریکردن و پەیوەســت بوونــی هەمــوو کوردانــی ئەســتەنبوڵ بــە کۆمەڵــەی خۆشویســتانی کوردســتان(٨٣) کــە لــە ســاڵی ١٩١٢ لەلایــەن کەسێکەوە بەنــاوی مــەلا خــدر دامــەزرا، و نــوری دەرســیمی بــوو بــە ســکرتێری گشــتی(٨٤) کــە ئــەو کاتــە قوتابییەکــی کۆلێــژی پزیشــکی بــوو(٨٥).

لــە ســاڵی ١٩٢٠ ســورەیا ئەمیــن عەلــی بەدرخــان(٨٦) بــە هانــدان و پاڵپشــتی قوتابیانــی کــورد کــە لــە زانکــۆی ئەزهــەر دەیانخوێنــد، کۆمەڵــەی ســەربەخۆیی کوردســتانی لــە قاهیرە

دامەزراند [٨٧]. هەروەها کۆمەڵەی دیکەیش کە لەو ماوەیەدا دروست بووبوون کە ڕۆڵی قوتابیانی کوردیان تێدا دیار بوو.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین: ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و حزبە کوردییانەی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان و تا ساڵی ١٩٢٦ پێکهاتبوون، ئەو توێژە قوتابییە هۆشیارانەیان لە ڕیزەکانیاندا جێگیر بوون، کە بە ئارەزووی خۆیان هاتبوونە ناویانەوە.

# پەراوێز:

(1) Lorna haun, North Africa: Nationalism to nation hoed, (Washington, 1960), P68.

(٢) أحمد نوري النعيمي ، الحياة السياسية في الدولة العثمانية، دار الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٩٠)، ص٥٧-٥٨.

(٣) لەبارەی ژیاننامەکەی، بڕوانە : صالح محمد حسن (عزت بادي) ، شريف باشا حياته ودوره السياسي ١٨٦٥-١٩٥١، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٥)، ص١٦ وما بعدها.

(٤) م. ن، ص٢٦-٢٧.

(٥) عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ ١٩٠٨-١٩٢٧، چاپخانا وەزارەتا پەروەردەی، چ١، (هەولێر، ٢٠٠٢)، ل٤٧.

(٦) أحمد نوري النعيمي ، س پ، ل٦٥.

(٧) عبدالجبار حسن الجبوري، الاحزاب والجمعيات السياسية في القطر العراقي ١٩٠٨- ١٩٥٨، دار الحرية للطباعة ط١، (بغداد،١٩٧٧)، ص١٧.

(٨) آرنست أ.رامزور، تركيا الفتاة وثورة ١٩٠٨، ترجمة: الدكتورصالح أحمد العلي، تقديم ومراجعة: الدكتور نقولا زيادة، دار مكتبة الحياة، (بيروت،١٩٦٠)، ص ٤٩-٥٠.

(٩) ئیسحاق سکوتی (١٨٦٨-١٩٠٢) لەدایکبووی دیار بکر، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی وئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (عثمانلي) کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو، بڕوانە: عەبدولعەزیز یامولکی ، کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد، وەرگێڕانی: شێرزاد کەریم، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١،(سلێمانی، ١٩٩٩)، ل٥٢.

(١٠) عەبدوڵلا جەودەت (١٨٦٩-١٩٣٢): خەڵکی عەرەبکیرە، دواناوەندی لە ئیزیغ خوێندووە،، بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە ئەستەنبوڵ، چووەتە کۆلیجی پزیشکیی سەربازی و لە ساڵی ١٨٩٤ تەواوی کرد، بۆ زانیاریی زیاتر ، بڕوانە: مالميسانذ، القومية الكردية، و د. عبدلله جودت في مطلع القرن العشرين، ترجمة: شكور مصطفى، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٠). ص٩.

(١١) آرنست أ. رامزور، م. س، ص٥٠ ؛ مالميسانذ ، س. پ، ل٩-١٠.

(١٢) آرنست أ. رامزور، م. س، ص٤٩ ؛ كمال مظهر أحمد ،كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة: محمد الملا كريم، مطبعة المجمع العلمي الكوردي، (بغداد، ١٩٧٧)، ص١١٦.
(١٣) نمير طه ياسين، صدى الغاء الخلافة في تركيا الكمالية والوطن العربي والعالم الاسلامي، في: الدكتور إبراهيم خليل أحمد العلاف واخرون، ندوة الاسلام والعلمانية في تركيا المعاصرة، مركز الدراسات التركية بجامعة الموصل، (الموصل، ١٩٩٦)، محدود التداول، ص٥٩.
(١٤) بڕوانە: أحمد عبدالرحيم مصطفى ، في أصول التاريخ العثماني، ط١، (بيروت، ١٩٨٢)، ص٢٥٩.
(١٥) عەلی تەتەر ، بزاڤا سیاسی ل ...، ل٤٨.
(١٦) أحمد نوري النعيمي ، م. س، ص٨١.
(١٧) ديفيد مكدول، تاريخ الاكراد الحديث، ترجمة: راج ال محمد، دار الفارابي للنشر، ط١، (بيروت، ٢٠٠٤)، ص١٠٩.
(١٨) بۆ وردەکاریی زیاتر لەبارەی ئەم ڕاپەڕینە، بڕوانە:: جليلي جليل ، انتفاضة الاكراد عام ١٨٨٠، دار الكاتب، ط١، (بيروت، ١٩٧٩)، ص٣٩ وما بعدها ؛ سەعدی عوسمان هەروتی ، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (١٨٨٠-١٩٣٩)، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، (هەولێر، ٢٠٠٧)، ل١٤-٢٧..
(١٩) بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆلسن، ئاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ، وەرگێڕان: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، (سلێمانی، ١٩٩٩)، ل ٢٢ ؛ سەعدی عوسمان هەروتی ، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چ١، (هەولێر، ٢٠٠٦)، ل٥٣.
(٢٠) سەعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی...، ل١٩.
(٢١) لە هەندێک سەرچاوەدا ناسراوە بەناوی (مجلس اتفاق الكورد) (بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆلسن ، س. ث، ل ٢٢-٢٣ ؛ عبدالفتاح علي البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٣)، ص٢٩٤ ؛ عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل ...، ل٤٥) ؛ لە ڕاپۆرتەکانی ئەرمەن و باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکانی ڕووسیا و بەریتانیا و بڵاوکراوەکانی تورکیا بە ناوی (اتحاد الكورد) ناسراوە ( بڕوانە: عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل...، ل٤٥). هەروەها بەناوی: (العصبة الكوردية) ناسراوە (بڕوانە: ديفيد مكدول ، م. س، ص١١٢ ؛ محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ، دەزگای موکریانی، (هەولێر، ٢٠٠٠)، ل٧٧.
(٢٢) عبدالرحمن قاسملو، أربعون عاما من الكفاح من أجل الحرية ، ترجمة وتقديم: د.

عزالديـن مصطفـى رسـول، ج١، مطبعـة جامعـة صلاح الديـن، (أربيـل، ١٩٩١)، ص٢٣.

(٢٣) محمـد امين زكي ، خلاصـة تأريـخ الكـرد وكردسـتان، ترجمـة: محمـد علي عـوني، ط٢، (بغـداد، ١٩٦١)، ص٣٥٢.

(٢٤) زنـار سـلوبي (قـدري جميـل باشـا)، في سـبيل كردسـتان (مذكـرات)، ترجمـة: ر.علي ، دار الكاتب، ط١، (بيروت، ١٩٨٧)، ص٢٢ ؛ عەلـی تەتـەر، بزاڤا سیاسـی ل ...، ل٧٤.

(٢٥) على تتر نيروەيـى، ظهـور وازدهـار الحيـاة الحزبيـة والجمعيـات والمنـظمات السياسـية في كُردسـتان ودور الشـيخ عبدالـسلام البـارزاني فيهـا، في: ممتـاز حيـدري واخـرون ، س.پ، ب١، ل٢٠.

(٢٦) محمد امين زكي ، م. س، ص٣٥٢ ؛ عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل ...، ل٧٤-٧٦.

(٢٧) دەربارەی ئەو کودەتایە بڕوانە: آرنست أ.رامزور ، س. پ، ل١١٧ وما بعدها.

(٢٨) ڕۆهـات ئەلاکـۆم، کوردەکانـی ئەسـتەنبوڵی کـۆن، وەرگێڕانـی: ئەحمـەد تاقانـە، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، چ١، (هەولێـر، ٢٠٠٥)، ل٨٨.

(٢٩) بـۆ زانیاریـی وردتـر لەبـارەی چالاکییەکانـی ئـەم کۆمەڵەیـە، بڕوانـە:: جلـيلي جليـل ، نهضـة الاكـراد ...، ص٥٧-٨١ ؛ عەلـی تەتـەر، بزاڤـا سیاسـی ل ...، ل٨٤-٩٢.

(٣٠) عبدالفتاح البوتاني، الحياة الحزبية في ...، ص٢٩٦.

(٣١) أحمد نوري النعيمي، س. پ، ل٩٢.

(٣٢) بڕوانـە: هـادي حسـن عليـوي، الأحـزاب السياسـية في العـراق السريـة والعلنيـة، ريـاض الريـس للـنشر، ط١، (بيروت، ٢٠٠١)، ص٢٢-٢٦.

(٣٣) عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل ...، ل٩٣.

(٣٤) لــە ســەرەتادا بــە نــاوی قوتابخانــەی ڕوشــدییە ناسرابــوو، دواتــر ناوەکــەی بــوو بــە دواناوەندیــی ســوڵتانییە.

(٣٥) شارێکی کوردییە دەکەوێتە کوردستانی باکوور(تورکیا) .

(٣٦) محەمـەد نـوری دەرسـیمی: لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٨٩٢ لـە گونـدی "ئـاگ زۆنیـک" لـە ناوچـەی بورناخـی ویلایەتـی دێرسـیم لەدایکبـووە، چووەتـە ئامادەیـی ڕوشـدییە، لـەوێ یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتانی دامەزرانــدووە. ســاڵی ١٩١١چووەتــە کۆلیجــی پزیشــکی لــە ئیســتانبوڵ. بەشــداریی ئەندامیەتــی چەندیــن کۆمەڵــە و ڕێکخــراوی کــوردی کــردووە، بەشـداریی لـە ڕاپەڕینەکانـی کۆجکیـری و دەرسـیم کـردووە، خاوەنـی چەنـد کتێبێکـە لەوانـە: کتێبـی (دەرسـیم لـە مێـژووی کوردسـتاندا، لـە سـاڵی ١٩٥٢دا چاپکـراوە) و بیرەوەرییەکانـی

دکتـۆر نـوری دەرسـیمی، و دوا بەرهەمـی: کتێبـی (بانگەوازێـک بـۆ گەنجانـی کوردسـتان). لـە ١٩٧٣/٢٢/٨ لـە سـووریا کۆچـی دوایـی کـرد، بڕوانـە: سـدیق عـوسمان، دکتـۆر نـوری دێرسـیمی، کتێبەکانـی و خاکـی نیشـتمانەکەی لـە گۆڕەکەیـدا لەبـاوەش دەگرێـت، گـولان العربـی (گۆڤـار)، ژمـارە (٨)، (هەولێـر، ١٩٩٧)، ل ٥٢-٥٤؛ ڕاسـتی (گۆڤـار)، گۆڤارێکـی ڕۆشـنبیریی کۆمەڵایەتییـە کـە لـە لایـەن ناوەنـدی ڕۆشـنبیریی کـورد لـە لوبنـان دەردەچێـت، ژمـارە (٤)، بەیـروت، ١٩٧٣، ل ١٠-١١.

(٣٧) فيصـل الدبـاغ ، أضـواء على كتـاب: الجمعيـات والمنـظمات والأحـزاب الكورديـة في نصـف قـرن ١٩٠٨-١٩٥٨، دراسـة نقديـة، مطبعـة الثقافـة،ط١، (أربيـل، ١٩٩٧)، ص٥٤.

(٣٨) سدیق عوسمان ، س. پ، ل٥٢.

(٣٩) راستی (گۆڤار)، ژمارە(٤)، ل١٠.

(٤٠) سدیق عوسمان، س. پ، ل٥٢.

(٤١) فيصل الدباغ ، أضواء على كتاب ...، ص٥٤.

(٤٢) وەرگیراوە لە: إبراهيم الداقوقي ، س. پ، ل١٤٨.

(٤٣) فيصل الدباغ ، أضواء على كتاب ...، ص٥٤ ؛ عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل ...، ل٩٣.

(٤٤) ناوەکـەی بـەم شـێوەیە بـە زمانـی تورکـی هاتـووە کـە بـە واتـای کۆمەڵـەی هیـوای قوتابیـان دێـت، بڕوانـە: کوردوانـی، تاریـخ حضورنـدە بـر تصحیـح ، دیـاری کوردسـتان (گۆڤـار)، ژمـارە (٧) لەلایـەن: ڕەفیـق سـاڵح، دیـاری کوردسـتان (١٩٢٥-١٩٢٦)، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم (سـلێمانی، ٢٠٠١)، ٤٠.

(٤٥) ئـەو سـەرچاوانەی بـاس لـەوە دەکـەن کـە کۆمەڵـەی هێڤـی لـە سـاڵی ١٩١٠ دامـەزرا، کەوتوونەتـە هەڵـەوە، چونکـە پشـت بـە سـاڵی ١٣٢٨ دەبـەستن و پێیـان وایـە سـاڵی کۆچییـە و بـەو هۆیـەوە بەرامبـەر سـاڵی ١٩١٠ی زایینـی، بـەڵام سـاڵێکی ڕۆمییـە، کـە بەرامبـەر سـاڵی ١٩١٢ی زایینییـە، بڕوانـە: عەلـی تەتـەر، بزاڤـا سیاسـی ل..، ل. ٩٤، لـە پەراوێـزی ژمـارە (٥).

(٤٦) م. س، لازاريـف وأخـرون، تاريـخ كوردسـتان، ترجمـة: د. عبـدي حاجـي، مطبعـة حاجـي هاشـم، ط١، (أربيـل، ٢٠٠٦)، ص١٧٢ ؛ عبداللـه العليـاوي، كوردسـتان في عهـد الدولـة العثمانيـة مـن سـنة ١٨٥١-١٩١٤ دراسـة في التاريـخ السـياسي، (السـليمانية، ٢٠٠٥)، ص ٢١٢-٢١٣.

(٤٧) فيصـل محمـد الارحيـم، تطـور العـراق تحـت حكـم الاتحـاديين ١٩٠٨-١٩١٤، مطبعـة الجمهـور، (الموصـل، ١٩٧٥)، ص٩١.

(٤٨) خەلیل خەیاڵی ئەلموتەکی (١٨٧٦-١٩٢٦)، بە یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی کورد لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت، لە عەشیرەتی مۆدانی کوردیی سەر بە قەزای ئەلموتەکییە لە باکووری کوردستان(تورکیا). لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا وتارەکانی بڵاوکردووەتەوە، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٠٩ ئەلفوبێی کوردی بڵاودەکاتەوە، بڕوانە: هۆگر تاهیر تۆفیق، ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریا کوردی ژپێشڤەبرنا هزرا نەتەوەیی یا کوردی دا ١٨٩٨-١٩١٨، وەرگێڕان: موحسین عەبدولڕەحمان، چاپخانا یا حاجی هاشم، چ١،(هەولێر ٢٠٠٦)، ل ١٥٥.

(٤٩) قەدري جەمیل پاشا، خودی زنار سلوبییە، خاوەنی یاداشتنامەی: في سبیل کوردستان، بۆ زیاتر بڕوانە: یاداشتەکانی.

(٥٠)هێشتا ساڵی لەدایکبوون و مردنی دیار نییە و تەنیا ئەوەی لەبارەیەوە دەزانرێت ئەوەیە ئەندامی کۆمەڵەی هیڤی بووە و لە گۆڤاری ڕۆژی کورد ژمارەکانی (١ و ٢) کۆمەڵێک چیرۆکی نووسیوە.

(٥١) زنار سلوبي، س. پ، ل٢٦ ؛ جرجیس فتح الله، یقظة الکورد تأریخ سیاسي ١٩٠٠-١٩٢٥، مطبعة وزارة التربیة، ط١، (أربیل، ٢٠٠٢)، ص٥٩.

(٥٢) زنار سلوبي، م. س، ص٢٦ ؛ عەدولعەزیز یامولکی، س. پ، ل٥٤ ؛ سەڵاح هروری سەبارەت ڕۆشنبیری کوردی ل باژێرێ ئەستەنبولێ دناڤبەرا ساڵێن ١٩٠٠-١٩١٤ز، ڤەژین (گۆڤار)، ژمارە(٨)، دهوك، ١٩٩٧، ل٥٦.

(٥٣) ڕۆهات ئەلاکۆم، س. پ، ل١١٩.

(٥٤) زنار سلوبي، س. پ، ل٢٧.

(٥٥) سڵاح هروری، پێداچوونەك لسەر هندەگ بەلگەنامێن تایبەت ب کوردان ڤە، چاپخانا هاوار ،چ١، (دهۆك، ٢٠٠٦)، ل ٥٩.

(٥٦) بلەج شیرکوە، القضیة الکردیة ماضي الکرد وحاضرهم ، دار الکاتب، ط١، (بیروت، ١٩٨٦)، ص٦٤.

(٥٧) زنار سلوبي، س. پ، ل٢٧-٢٨.

(٥٨) جلیلي جلیل، نهضة الاکراد ...، ص٩٩ ؛ سەڵاح هروروی ، سەبارەت ڕۆشنبیری کوردی...، ل ٥٦.

(٥٩) جلیلي جلیل، نهضة الاکراد ...، ص٩٩ ؛ صالح یوسف صوفي ، کۆمەلا " هێڤی " یا خویندکارێت کورد، ڤەژین (گۆڤار)، هژمار (٢٢)، (دهۆك، ٢٠٠١)، ل ٥٥.

(٦٠) (خ. ك. ب) ملف تشکیل دولة کردیة مستقلة ١٩٢٤-١٩٢٦، تقریر استخبارات الخارجیة البریطانیة في العراق في ١١-١٢-١٩١٤، ص١.

(٦١) منـذر المـوصلي، الحيـاة السياسـية والحزبيـة في كوردسـتان "رؤيـة عربيـة للقضيـة الكرديـة " ريـاض الريـس للكتـب والـنشر، ط١، (لنـدن، ١٩٩١)، ص٢٥١.

(٦٢) زنار سلوبي، س. پ، ل٢٨-٢٩ ؛ صالح يوسف صوفي ، س. پ، ل٦٠.

(٦٣) ڕۆهات ئەلاکۆم ، س. پ، ل١١٩.

(٦٤) منذر الموصلي، الحياة السياسية ...، ص٢٥١.

(٦٥) زنار سلوبي ، س. پ، ل٤٠.

(٦٦) لە بەشی چوارەم- تەوەری یەکەم باسی ئەم بابەتە دەکەین.

(٦٧) مەمـدوح سـەلیم (١٨٨٠-١٩٧٧): بـە یەکێـک لـە ئەندامـە دیارەکانـی کۆمەڵـەی هێڤـی دادەنرێـت، پێـشتر لـە بەشـی تورکـی گۆڤـاری (ڕۆژ کـورد) وتارەکانـی دەنووسـی، هەروەهـا بەشـداری لـە کۆمەڵـە سیاسـییە کوردیەکانـدا کـردووە کـە لـە ئەسـتەنبوڵ دوای جەنگـی یەکەمـی جیهـان دامـەزران، وەک کۆمەڵـەی تەعالـی کوردسـتان، بەشـداری لـە شۆڕشـی ساڵی ١٩٢٥ی کـوردی باکـوری کوردسـتان کـردووە و، یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی ڕێکخـراوی خویبـوون لـە سـاڵی ١٩٢٧.. بڕوانـە: هۆگـر تاهیـر تۆفیـق، س. ث، بـۆ ١٨٢.

(٦٨) عەلی تەتە، بزاڤا سیاسی ل ...، س. پ، ل٩٨.

(٦٩) زنار سلوبي، س، پ، ل ٤١-٤٢.

(٧٠) زنـار سـلوبي ، س، پ ، ل ٤٢ ؛ عەلـی تەتـەر، بزاڤـا سـیاسی ل ...، س. ث، ل ٩٨- ٩٩ ؛ صالـح یوسـف صـوفي ، س. پ، ل٦٢.

(٧١) عەبدولعەزیز یامولکی ، س. پ، ل٥٤.

(٧٢) کاوە بەیـات، ڕودانێـن ئـارارات بەرهاتنێـت ئیحسـان نـوری پاشـا ١٩٢٩-١٩٣٠، وەرگێـران: شـەونم عەبدولسـەلام، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، (هەولێـر، ٢٠٠٤)، ل ١٨-١٩.

(٧٣) جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية ...، ص١٠٠.

(٧٤) کوردوانی ، س.پ، ل٤٠-٤١ ؛ عەبدولعەزیز یامولکی ، س. پ، ل٥٤.

(٧٥) منذر الموصلي ، الحياة السياسية ...، ص٢٥٧.

(٧٦) لەسەر ئەم ئاراستانەی ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان لەو قۆناغەدا، بڕوانە: عبدالفتاح البوتاني، الحياة الحزبية في ...، ص١٩٧-١٩٨؛ سروه اسعد صابر ، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى إلى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٢٦ ٩٦. لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی دۆکیۆمێنتاری، نامەی ماستەرە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر، ١٩٩٩، ل. ٩٥-٩٦.

(٧٧) ڕەنگە هەمان الدكتور أحمد صبري چالاكوانی كورد بێت، لە ویلایەتی دیرسیم ناوی لە یەكێك لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا هاتووە، بڕوانە:

F.O/13032,Secret,Air Headquarters Iraq Command 15 June 1928 Memorandam, to the High Commissioner for Iraq.

وەرگیراوە لە: وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، (لندن، ١٩٩١)، ص٢٠٩-٢١٥.

(٧٨) مەبەستی لێدوانی (لوید جورج) سەرۆك وەزیرانی ئەو كاتەی بەریتانیا.

(79)(march,1920). F.O (371)(5068)(E2607/ (7)11/44

وەرگیراوە لە: أحمد عثمان أبو بكر، كوردستان في عهد السلام بعد الحرب العالمية الاولى، الثقافة الجديدة (مجلة)، العدد (٢)، (بغداد، ١٩٨٣)، ص٦١-٦٢ ؛ بڕوانە: عبد الستار طاهر شريف ، الجمعيات والمنظات والأحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، دار الحرية للطباعة،ط١، (بغداد، ١٩٨٩)، ص٤٤.

(٨٠) بە ناوی كوردوانی بڵاوكراوەتەوە لە وتارێك بە ناوی: تاريخ حضورندة بر تصحيح، س. پ، ل٤٠-٤٣.

(٨١) كوردواني، س. پ، ل٤٠-٤١، ئەو توێژەرە سوودی لە وەرگێڕانی شێرزاد كەریم وەرگرتووە بۆ بابەتێكی كوردی بە ناوی (ڕاستكردنەوەی مێژووی ئێستا) كە لە گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە (٧) دا بڵاوكراوەتەوە، هەروەها وەرگێڕانی دەقی ڕەسەنی لەلایەن پرۆفیسۆری سەرپەرشتیار سەعدی عوسمانەوە.

(٨٢) دیسان بڕوانە: ڕۆهات ئەلاكۆم ، س. پ، ل١١٩-١٢٠ ؛ صالح یوسف صوفي ، س. پ، ل٦٠.

(٨٣)بۆ زیاتر سەبارەت بەم كۆمەڵەیە بڕوانە: عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل...، ل١٠٦-١١٠.

(٨٤) ڕۆهات ئەلاكۆم ، س. پ، ل١١٨.

(٨٥) سدیق عوسمان ، س. پ، ل٥٢.

(٨٦) سورەییا بەدرخان (١٨٨٣-١٩٣٨) لە دایكبووی ئەستەنبوڵ بووە و بەم ناوانە ناسراوە: سوڕەییا، ئەحمەد ئەزیزی و د.بلە ج شێركۆ، پارێزەر بووە، چەند ژمارەیەكی ڕۆژنامەی كوردستانی لە قاهیرە دەركردووە لە ساڵانی ١٩١٦-١٩١٧، بڕوانە: سەلمان عوسمان (كۆنی ڕەش)، الأمير جلادت بدرخان حياته وفكره، مطبعة الكاتب العربي، (دمشق،١٩٩٢)، ص٣٠-٣٣.

(٨٧) جليلي جليل، نهضة الأكراد ...، ص٣٧ ؛ سلمان عثمان (كوني رةش) ، س. پ، ل٣١.

# بەشی یەکەم

## ڕۆڵـی قوتابیـان کـورد لـە کۆمەڵـە ڕۆشـنبیری و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی کـورد لـە عێراقـدا (١٩٢٦-١٩٤٦)

### ڕوانینێـك لـە بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق و ڕەنگدانـەوەی لـە بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورددا

ئـەو پێشـهات و ڕووداوانـەی لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە لـە عێـراق ڕوویانـداوە، گرنگیـی ڕۆڵـی قوتابیـان وەک گروپێکـی کاریگـەری توانـای پێکەوەڕۆیـی شانبەشـانی بزووتنـەوەی نیشـتمانیی عێراقـی نیشـانداوە، ئەمـەش بەهـۆی گەلاڵـە نەبوونـی ڕۆڵـی چینـە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـە لـەو قۆناغـەدا، وەک چینـی کرێـکار بـە نموونـە، کـە لـە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا جووڵەیـان نەبـوو[١] سـەرەڕای ئـەوەی بزووتنەوەکانـی کـورد و شۆڕشـی بیسـت لـە عێـراق دوو ئامـاژەی دیـار بـوون بـۆ سـەرهەڵدانی بزاڤێکـی ڕێکخـراوە پیشـەییەکان و سـەرەتای گۆڕینـی دروشـمە بۆرژوازییـە نیشـتمانییەکان بـۆ ئامانجگەلـی سیاسـی کـە چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی و عێراقـی لـە دەوری کۆدەبوونـەوە. شـارەکان بـوون بـە دوو گرنگتریـن ناوەنـدی خەبـات و سـەرکردایەتی، ڕێگەشـیان خـۆش کـرد بـۆ ئـەوەی پێشـەکییەك بـن، تـا لادێ و گونـدەکان بـۆ خۆیـان ڕابکێشـن، ئەمـەش یارمەتیـدەر بـوو بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری لای کـورد و عـەرەب بـەرەو سـەرەتایەك بـۆ خەبـات، ژێرخانـی عەشـائیرییەکانیش لاواز بـوو، بڵاوبوونـەوەی بەهـا و کولتـوور فـراوانتر هەڵکشـا و ژمـارەی قوتابخانەکانیـش زیـاد بـوو[٢].

هـەر لـە سـەرەتای داگیرکردنـی عێـراق لەلایـەن بەریتانیـاوە، قوتابیـان بـە ڕێکخسـتنی کۆبوونـەوە و نووسـینی بڵاوکـراوە و جۆشـدانی جەمـاوەر بـۆ وەسـتانەوە دژی هێـزە داگیرکـەرەکان چـالاک بـوون[٣]. لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو پێشـهاتانەی ڕوویانـدا، قوتابیـان بـۆ یەکـەم جـار لەنـاو قوتابخانـەی ناوەندیـی ئەهلـی (قوتابخانـەی ئەلتەفیـز) کـە لـە بەغـدا (١٤ی ئەیلوولـی ١٩١٩) دامـەزرا، لـەوێ کۆبوونەوەیـان ڕێکخسـت و

هەماهەنگیی نێوانیان و قوتابیانی خانەی مامۆستایان لە بەغدا دروست بوو، چالاکییەکانیشیان بریتی بوون لە نووسینی دروشم و و دابەشکردنی و دەستپێکردنی مانگرتن لە دژی ئینگلیزی داگیرکار(٤).

لە ساڵیادی تاج لەسەرنانی شا فەیسەڵ وەک پاشای عێراق لە ٢٣ی ئابی ١٩٢٢دا، قوتابیان چالاکانە بەشدارییان لەو خۆپیشاندانانەدا کرد و دروشمی ڕووخانی ئینتیدابی بەریتانیایان بەرز کردبووەوە(٥)، هەروەها پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٢ی نێوان عێراق و بەریتانیا (٦) و بڵاوکردنەوەی، بووە هۆی تووڕەیی توندی قوتابیان، کە کۆبوونەوەکانیان بۆ ئیدانەکردن و ڕەتکردنەوەی دەستپێکرد، قوتابیانی قوتابخانەی ئەهلیی ئەلتەفیز لە بەغدا داوای بایکۆتکردنی ئەو هەڵبژاردنانەیان کرد کە بۆ پەسەندکردنی پەیماننامەکە بەڕێوەدەچوو و، قوتابیان لەبەردەم ماڵی عەبدولڕەحمان ئەلنەقیب کۆبوونەوە (٧)، بەڵام ئەو داواکارییەکانیانی ڕەتکردەوە، بۆیە خۆپیشاندان و ناڕەزایی قوتابیان بەردەوام بوو، تا دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ناچار بوون ماوەی پەیماننامەکە بۆ (٤) ساڵ لەبری (٢٠) ساڵ کورت بکەنەوە، بۆیە ئەلنەقیب ناچار بوو دەست لەکاربکێشێتەوە(٨). کاتێک لیژنەی ڕیفراندۆم کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥ بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەنێو دانیشتووانی شاری مووسڵ سەبارەت بە چارەنووسی شارەکە نێردرابوو، قوتابیانی قوتابخانەکان خۆپیشاندانی فراوانیان ئەنجامدا و لەبەردەم ئەو بینایەی کە لیژنەکە تێیدا مایەوە، دروشمیان دەگوتەوە تایبەتە بە لکاندنی مووسڵ بە عێراق(٩)، قوتابیان هێرشیان کردە سەر نوێنەری تورکیا لەو لیژنەیەدا(١٠). لە ساڵی ١٩٢٥ قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندی لە مووسڵ کۆمەڵەی نەهزەی قوتابخانەییان پێکهێنا(١١)، کە ئامانجیان بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانی و بەشداریکردن بوو لە خۆپیشاندان و ڕێکخستنی بزووتنەوەی قوتابیان لە ڕێگەی وتار و گردبوونەوە (١٢). لە ئەنجامی پێشهاتەکانی دواتر لە عێراق، کۆلێژ و پەیمانگەکان بوونە خاڵی دەستپێک بۆ بزووتنەوەی قوتابیان، جا بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی سەبارەت بە ڕووداو و پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق، قوتابیانی کۆلێجی ماف لە ٧ی ئایاری ١٩٢٥دا دەستیان بە جووڵە کرد، کاتێک (حکومەتی عێراق ڕێککەوتننامەی نەوتی لە هەمان ساڵدا

لەگـەڵ ئینگلیـز) واژۆ کـرد، داوایـان دەکـرد، ڕێگەیـان پێبدرێـت لـە پارکـی شـارەوانیی بەغـدا کۆبوونەوەیـەک ئەنجـام بـدەن، بـۆ ئـەوەی دژایەتیـی خۆیـان بـۆ واژۆکردنـی ڕێککەوتننامەکـە ڕابگەیەنـن. قوتابیـان هەڵوێسـتی توندیـان بەرامبـەر بـە کێشـەی مووسـڵ لـە ڕێگـەی کۆمەڵـەی قوتابخانەیـی ئەلنەهـزە گرتەبـەر کـە خۆپیشـاندانی بـۆ پشـتیوانیکردن لـە لکاندنـی مووسـڵ بـە عێـراق ڕێکخسـت[١٣].

دوای یەکلاییکردنـەوەی کێشـەی مووسـڵ، ئینگلیـز پەیماننامەیەکـی نوێیـان خستەڕوو کـە بـە پەیماننامـەی سـاڵی ١٩٢٦ نـاسراوە. تێیـدا داوای بەردەوامبوونـی سیسـتمی ئینتیدابـی بـۆ مـاوەی (٢٥) سـاڵ کـرد، ئەمـەش ئـەو قوتابییانـەی تـووڕە کـرد کـە ڕەخنەیـان لـە بەریتانیـا و پەیماننامەکـە دەگـرت، یەکێـک لـە مامۆسـتایانی ئینگلیـز لـە سـاڵی ١٩٩٩ لـە قوتابخانەیەکـی دواناوەنـدی، ڕۆڵـی هەبـوو لـە وورووژاندنـی تووڕەیـی قوتابیـان بـەرەو مانگرتـن، کاتێـک عێراقییەکانـی بـە (کـەر) وەسـف کـرد [١٤].

لـە سـاڵی ١٩٢٧ ئـەوەی لـە سـەرچاوەکاندا بـە: "کاروبـاری ئەلنسـولی" نـاسراوە، ڕوویـدا. لـە ئەنجامـدا خۆپیشـاندانی قوتابیانـی بـەدوادا هـات، کـە داوای ئازادیـی فیکرییـان لـە عێراقـدا دەکـرد، ئەمـەش دوای ئـەوەی مامۆسـتایەکی مێـژوو (ئەنیـس زەکەریـا ئەلنسـولی)[١٥] کتێبێکـی دانـا بەنـاوی (دەوڵەتـی ئومـەوی لـە شـام)، کـە وا دادەنـرا کاریگـەری لەسـەر هەسـتی ئایینیـی هەندێک(مەبەسـت شـیعە) هەیـە و داوای دووبەرەکـی دەکات، ئەمـەش بـووە هـۆی دەرکردنـی لـە کارەکـەی بـە بڕیـاری وەزارەتـی پـەروەردە و قەدەغەکردنـی دەستاودەسـتکردنی کتێبەکـە[١٦]، کـە بـووە هـۆی دروسـتبوونی هەماهەنگیـی قوتابیانـی دواناوەنـدی لەگـەڵ قوتابیانـی خانـەی مامۆسـتایان لـە بەغـدا و جووڵەکـردن بـۆ ئەنجامدانـی خۆپیشـاندانی ناڕەزایەتـی[١٧]، حکومەتیـش بـە پێکهێنانـی لیژنەیەکـی بەدواداچـوون وەڵامـی ئەمـەی دایـەوە: چەندیـن فەرمانـی دەرکـرد چەنـد ڕێکارێکیشـی بەرامبـەر بـە قوتابیـان و مامۆسـتایان گرتەبـەر[١٨]، وەزارەتـی مەعاریفیـش فەرمانێکـی دەرکـرد بـە قەدەغەکردنـی قوتابیانـی قۆناغـی دواناوەنـدی و خانـەی مامۆسـتایان، کـە بچنـە ڕیـز هیـچ کۆمەڵەیـەک یـان یانەیـەک یـان پەخشـکردنی هـەر بەیاننامەیـەك بەنـاوی قوتابییانـەوە[١٩]، بـەم شـێوەیە بزووتنـەوەی قوتابیـان ڕێچکـەی خـۆی گرتەبـەر بـە خۆپیشـاندان و دروشـم کـە داوای سـەربەخۆیی و ئازادییـان دەکـرد. ئەمـەش بـووە هـۆی دەسـت

لەکارکێشانەوەی وەزیری مەعاریف[٢٠]، کە بە پاشەکشەیەک بۆ حکومەت لە بەرامبەر بزووتنەوەی قوتابیان لەقەڵەم درا.

ململانێی عەرەب و ئیسرائیل کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو لە وروژاندنی سۆزی عێراقییەکان بە هەموو ڕەوتە نیشتمانی و چەپ و ناسیۆنالیستەکانەوە، بەتایبەتی قوتابیان، ئەمە کاتێک دەرکەوت کە کەسایەتییەکی بەریتانی بەناوی سێر ئەلفرێد مۆند لە ٨ی شوباتی ١٩٢٨دا سەردانی عێراقی کرد[٢١]. ئەمەش وای کرد قوتابیانی خانەی مامۆستایان و دواناوەندیی مەڵبەندی و کۆلێجی ماف کۆبونەوەیەك بکەن [٢٢]، تیایدا بڕیاریاندا خۆپیشاندانێکی گەورە ڕێکبخەن، ئەمەش وای لە دەسەڵاتداران کرد زۆرێک لە قوتابیان لە قوتابخانە دەربکەن، حکومەتیش هەڕەشەی ئەوەی کرد، ئەگەر خۆپیشاندەران خۆپیشاندان بکەن، تەقەیان لێ دەکەن[٢٣]، هەروەها حکومەت چەند بڕیارێکی دەرکرد، لەوانە: قەدەغەکردنی گردبوونەوە لە جادە و شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکان بەبێ مۆڵەتی پێشینە لە پارێزگا- موتەسەرفییە، هەرکەسێکیش سەرپێچی بکات، بەپێی بڕگەکانی یاسای سزاکانی بەغدادی، خۆی تووشی سزا دەکات [٢٤].

لە ساڵی ١٩٢٩ قوتابیانی خانەی مامۆستایان لە بەغدا "کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی مۆدێرن"یان پێکهێنا، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی مۆدێرن. ئەو قوتابییانە لە ڕێی ڕۆژنامەکاندا دەرچەیەکیان دۆزییەوە، بۆ گوزارشت کردن لە بیروبۆچوونەکانیان و گەیاندنی بە کەسانی دیکە. بابەتەکانیشیان ئەوە دەردەخەن کە لەژێر کاریگەریی ئەو ڕەوتە فیکرییە نوێیانەدا بوون کە سەرچاوەیان بوون، بۆ نموونە قوتابییەکی کۆلێجی ماف بابەتێکی بە ناونیشانی "ڕووسیای سۆڤیەتی" لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە [٢٥]، ئەمەش بەڵگە بوو کە قوتابییان لە فیکری چەپ گەیشتبوون. ئەو پەیماننامەیەی لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ لەنێوان عێراق و بەریتانیادا بەسترا[٢٦]، بووە هۆی فراوانبوونی چالاکییەکانی بزووتنەوەی قوتابیان، بەو پێیەی بڵاوکراوە لە دژی دابەش دەکرا[٢٧]، ئەو پەیماننامەیەش کوردی وروژاند، بەو پێیەی خاڵی بوو لە هیچ مافێکی خۆیان[٢٨]، ئەم پەیماننامەیە هانیدان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەرامبەر بە پەیماننامەکە دەرببڕن، قوتابیانیش ڕۆڵێکی گەورەیان لەم کارەدا هەبوو[٢٩].

لــە ســەرجەم بزووتنــەوەی قوتابیانــی عێراقــەوە؛ لــە ســەرەتای داگیرکارییــەوە تــا پەیماننامــەی ســاڵی ١٩٣٠، دەتوانیــن هەســت بــەم ڕەنگدانــەوەی خــوارەوە لەســەر گەشەســەندنی بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد لــە عێراقــدا بکەیــن:

١. لەپــاڵ فاکتــەرە خودییــەکان کــە پەیوەســتن بــە تایبەتمەندیــی کــوردەوە بەشــداری کــرد، بــۆ ئــەوەی قوتابیانــی کــورد بیــر بکەنــەوە کــە هەمــان شــت بکــەن، بــۆ داواکردنــی مافەکانیــان، چونکــە بەغــدا لــەو کاتــەدا ناوەندێــک بــووە بــۆ پەلکێشــکردنی قوتابیــان لــە هەمــوو عێراقــەوە، قوتابیانــی کوردیــش ڕوویــان تێدەکــرد بــۆ تەواوکردنــی خوێندنیــان، بەهــۆی نەبوونــی قوتابخانــەی بــاڵا و پەیمانگــە و کۆلێــژ لــە ناوچــە کوردنشــینەکان، بــەم شــێوەیە قوتابیانــی کــورد بەرکەوتنیــان لەگــەڵ قوتابیانــی دیکــەدا هەبــوو، دواجــار کاریگەریــی چالاکییەکانیــان لەســەر هەبــوو.
٢. بەغـدا لەژێـر کەشـی جۆرێک لە ئۆپۆزسـیۆنی قوتابیاندا گەشـەی کرد بـۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێسـتی خـۆی لەبـارەی هەندێـک پـرس، قوتابیانـی کوردیـش بەشـێک بـوون لـەو ئۆپۆزسـیۆنە، چونکـە هەڵوێسـت لەهەمبەر داگیـرکاری و حکومەتی لایەنگـری داگیرکار، تاڕادەیـەک یەکگرتـوو بـوو لەنێـوان قوتابیانـی هەمـوو نەتـەوەکان کە لـە عێراقـدا هەبوون.
٣. زیادبوونــی ژمــارەی قوتابخانــەکان لــەو قۆناخــەدا لــە هەمــوو ناوچەکانــی عێــراق ، تــا ســاڵی ١٩٣١ گەیشــتە نزیکــەی (٢٤٧) قوتابخانــە کــە (٣٠٩٠٠) قوتابیــی کــوڕ و کچیــان لەخۆدەگــرت[٣٠]، دیــارە کوردیــش لــەو قوتابخانانــەدا ڕێژەیــەك بــوون بــە پێــی ڕێــژەی دانیشــتوانی کــورد لــە عێــراق، ئەمــەش بــە واتــای ئامادەکاریــی گروپــی قوتابیانــی کــورد کــە بکەونــە بــەر کاریگەریــی ڕووداوەکانــی ئێســتای عێــراق، بــەو پێیــەی ئــەوان ئــەو توێــژەن لــە هــی دیکــە زیاتــر ئــاگاداری ڕووداوەکانــن.
٤. هاوکاریــی قوتابیانــی عــەرەب لەنێــو خۆیانــدا و ســازدانی کۆبوونــەوە و ئەنجامدانــی خۆپیشــاندانیش، بــووە هــۆی ئــەوەی قوتابیانــی کــورد لــە نێــوان خۆیانــدا هاریکاریــی یەکــدی بکــەن و قوتابیانــی کــورد لــە بەغــدا و شــارەکانی دیکەیــش، لــە نزیکــەوە چاودێریــی چالاکیــی قوتابیانــە و سیاســییان دەکــرد و، ئەمــەش کاریگەریــی هەبــوو لــە هێنانەکایــەی جۆرێــک لــە پێشــکەوتن لــە ڕووی هۆشــیارییانەوە. بەڵگــەی ئەمــەش پێکهێنانــی ژمارەیــەك کۆمەڵــەی ڕۆشــنبیری و سیاســی بــوو، وەک: کۆمەڵــەی لاوانــی کــورد لــە بەغــدا و دارکــەر و، کۆمەڵــەی دیکــەش کــە دواتــر باســیان لێدەکرێــت.

# پەراوێز:

(١) بڕوانـە: كمال مظهـر أحمـد، الطبقـة العاملـة العراقيـة/ التكـون وبدايـات التحـرك، (بغـداد، ١٩٨١)، ص٥٥ ومـا بعدهـا.

(٢) سلام ابراهيـم كبـە، كردسـتان العـراق والمجتمـع المـدني الحديـث، النهـج (مجلـة)، العـدد (٦٠)، السـنة ١٦/ ٢٤ نيقوسـيا، خريـف٢٠٠٠، ص٢٠٦-٢٠٧.

(٣) بڕوانە: طالب مشتاق ، س. پ، ل٨٠-٨٧.

(٤) سـتار جبـار الجابـري، سـعد صالـح ودوره السـياسي في العـراق، مطبعـة المشرق، (بغـداد، ١٩٩٧)، ص٥٤-٥٦.

(٥) عبدالـرزاق أحمـد النـصيري، دور المجدديـن في الحركـة الفكريـة والسياسـية في العـراق ١٩٠٨-١٩٣٢، رسـالة دكتـوراه مقدمـة إلى مجلـس كليـة الآداب، جامعـة بغـداد، ١٩٩٠، ص٣٢٩.

(٦) بـۆ ئاگاداربـوون لـە دەقـی پەیماننامەکـە، بڕوانـە: السـيد عبدالـرزاق الحسـني ، تأريـخ الوزارات العراقيـة، ج١، مطبعـة دار الكتب، ط٤، (بغـداد، ١٩٧٤)، ص١٢٥-١٢٩.

(٧) نەقیبی ئەشرافی بەغدا بوو، یەکەم سەرۆك وەزیران بوو لە حکومەتی کاتیی عێراق.

(٨) عبـاس يـاسر الزبيـدي، مـن التاريـخ النضـالي للحركـة الطلابيـة في العـراق ١٩٢٠-١٩٢٨، آفـاق عربيـة (مجلـة)، العـدد (١٢)، السـنة الخامسـة، آب١٩٨٠، ص٥٦.

(٩) شـایانی باسـە هەڵبـەت ئـەو قوتابییانـە عـەرەب بـوون، چونکـە زۆربـەی دانیشـتوانی کـورد ڕەتیـان دەکـردەوە ویلایەتـی مووسـڵ بـە هیـچ دەوڵەتێکـەوە بلکێـت، داواشـیان دەکـرد قەوارەیەکـی سـەربەخۆی کـورد دابمەزرێـت، بڕوانـە: جلـيلي جليـل واخـرون ، الحركـة الكورديـة في الـعصر الحديـث، ترجمـة: د. عبـدي حاجـي، دار الـرازي، ط١، (بيروت، ١٩٩٢)، ص١٢٠.

(١٠) عباس الزبيدي، س. پ، ل٥٦.

(١١) دواتر ئەمە لە بابەتی کۆمەڵەکانی قوتابیان باسی دەکەین.

(١٢) حميد المطبعي ، سعيد الديوەجي، مطبعة الشؤون الثقافية العامة، ط١، (بغداد، ١٩٨٨)، ص٦٤.

(١٣) عبدالرزاق النصيري ، س. پ، ل٣٣٠.

(١٤) بـۆ زیاتـر لەسـەر ئـەم پرسـە، بڕوانـە: حـسين جميـل ، العـراق شـهادة سياسـية ١٩٠٨-١٩٣٠، دار اللام، (لنـدن، ١٩٨٧)، ص١٨١-١٨٢ ؛ عبدالـرزاق أحمـد النـصيري ، س. پ، ل٥٦-٥٧.

(١٥) ئەنیـس زەکەریـا ئەلنەسـولی: کـوڕی بازرگانێکـی بەیروتـە، لـە سـاڵی ١٩٢٤ لـە زانکـۆی ئەمریکـی دەرچـووە، گرنگـی بـە مێـژووی عـەرەب داوە و لـە ڕۆژنامەکانـدا بابەتـی نووسـیوە و بڵاوی کردووەتـەوە، حکومەتـی عێـراق لـە قوتابخانـە ئینتیدابـی کـردووە و لە شـاری مووسـڵ کاری کـردووە، پاشـان ڕووی لـە بەغدا کردووە، لە قوتابخانـەی دواناوەندیی مەڵبەندی و خانەی مامۆسـتایان وانـەی مێژووی گوتووەتـەوە، توانی بە وتارەکانی سـەرنجی قوتابیان بوروژێنێت و یەکێـک لـە کتێبەکانـی لە مانگی ئـاداری سـاڵی ١٩٢٦دا هەرایەکی گـەورەی لە عێراقـدا نایەوە. بـۆ زیاتـر بڕوانـە: خەیـری ئەمیـن ئەلعومـەری، چیرۆکـە سیاسـییەکان لـە مێـژووی مۆدێرنـی عێراقـەوە، چاپخانـەی دار ئەلقادسـیە، چاپـی یەکـەم، (بەغـدا، ژمـارە س)، ل١٤٤ و دواتـر.

(١٦) بـۆ زیاتـر لەسـەر ئـەم پرسـە بڕوانـە: سـاطع الـحصري ، م. س، ج١، ص٥٥٧-٥٧٥ ؛ حـسين جميـل ، م. س، ص١٨٣-٢٠٢.

(١٧) بڕوانـە: خيري امين العمـري ، م. س، ص١٥٠-١٥٩ ؛ فـاروق صالـح العمـر ، الاحـزاب السياسـية في العـراق في عهـد الانتـداب ١٩٢١-١٩٣٢، في مجموعـة باحـثين، المفصـل في تاريـخ العـراق المعـاصر، بيـت الحكمـة ، مطبعـة أحمـد الزيـدي، ط١، (بغـداد، ٢٠٠٢)، ص٣٢٣.

(١٨) بۆ ئاگاداربوون لەم بڕیارانە، بڕوانە: خيري امين العمري ، س. پ، ل١٥٨-١٥٩.

(١٩) عباس ياسر الزبيدي، م. س، ص٥٦-٥٧.

(٢٠) شامل عبدالقادر ، أضواء على حركة الشباب ، دار الحرية للطباعة، (بغداد، ١٩٨٠)، ص١١-١٢.

(٢١) پیاویکارێکـی جـووە، سـەردانی عێراقـی کـردووە بـۆ ئەنجامدانـی پـڕۆژەی ئابـووری و نـەوت و کشـتوکاڵی، بڕوانـە: خيري امين العمـري ،س. پ، ل١٧٣.

(٢٢) م. ن، ص١٧٣.

(٢٣) عبدالرزاق الحسني ، تاريخ الوزارات ...، ج٢، ص١٥٨-١٥٩.

(٢٤) حـسين جميـل ، س. پ، ل٢١٠-٢١٣. بـۆ زیاتـر لەبـارەی ئـەم ڕێوڕەسمانـە کـە لـە ٩ی شـوباتی ١٩٢٨ دەرچـووە، بڕوانـە: عبـاس يـاسر الزبيـدي، س. پ، ل٥٩-٦٠.

(٢٥) عبدالرزاق النصيري ، س. پ، ل٣٣٣.

(٢٦) بـۆ ئاگاداربـوون لـە دەقـی پەیماننامەکـە و پاشـکۆکانی، بڕوانـە: عبدالـرزاق الحسـني ، تاريـخ الـوزارات...، ج٣، ص٢١-٢٩.

(٢٧) س. پ، ل٣٣٣-٣٣٤.

(٢٨) بڕوانە: محمود الدرة ، القضية الكوردية والقومية العربية في معركة العراق، دار الطليعة، ط٢، (بيروت، ١٩٦٦)، ص١٥٩.

(٢٩) جلال طالباني ، س. پ، ل٢٣٣.

(٣٠) فؤاد حسن الوكيل ، جماعة الأهالي في العراق ١٩٣٢- ١٩٣٧، وزارة الثقافة والأعلام، ط٢، (بغداد، ١٩٨٠)، ص٥٣.

# تەوەری یەکەم

## ڕۆڵی قوتابیانی کورد لە پێکهێنانی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا تا سەربەخۆیی عێراق لەساڵی ١٩٣٢

بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراق لەم قۆناغەدا، تایبەتمەند بوو بە سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کۆمەڵە و ڕێکخراو و یانە، قوتابیان و ڕۆشنبیرانی کورد دایانمەزراندن، وەك ئامانج و ئاراستە؛ داوایان دەکرد گرنگی بە زانیاری و زانست و بابەتەکانی دیکەی تایبەت بە قوتابیان بدرێت، بەڵام ئێمە دەبینین، ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراو و یانانە لەم قۆناغەدا نەگەیشتنە ئاستێکی بەرچاو پەیوەست بە ڕێکخستنی قوتابیان، هەروەها سیمای بەردەوامییان تێدا نەبوو، چونکە زۆربەیان بۆ ماوەیەکی کورت دەردەکەوتن و دواتر نەدەمان. پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەم بابەتە، پێویستە بە کورتی باس لەو پێشهاتانە بکەین کە لەو قۆناغەدا ڕوویانداوە و، هۆکاری لکاندنی باشووری کوردستان بوون بە دەوڵەتی عێراقی تازە دامەزراو، هەوڵیش دەدەین باس لە ڕۆڵی قوتابیان بکەین لەو پێشهاتانەدا کە تەوەر بوو لەوەی بە کێشەی مووسڵ ناسرابوو.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهاندا دۆڕا، ئەمەش واقیعێکی نوێی لە ناوچەکەدا هێنایە ئاراوە، ئەو هێزە هاوپەیمانانەی کە لە شەڕەکەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو، هاتنە ناو ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون، لە ئەنجامی ئەمەدا کوردستان دابەشبوونێکی نوێی لە مێژووی تازەیدا بەخۆیەوە دی، ئەوە بوو ناوچە کوردنشینەکان بەپێی ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ[1] لە نێوان هاوپەیمانانەدا دابەشکران و، لە گەرمەی ئەو شەڕەدا ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا و مووسڵ بوونە ئامانجی هێرشەکانی بەریتانیا، ویلایەتی بەسرە کە لە ساڵی ١٩١٤ داگیرکرا[2]، هێزەکانی بەریتانیا بەرەو باکوور ڕۆیشتن؛ بۆ کۆنترۆڵکردنی ویلایەتی بەغدا لە ساڵی ١٩١٨[3]، دوای ئاگربەستی مودرۆس لە ساڵی ١٩١٨ ولایەتی مووسڵیش داگیرکرا[4]. لەگەڵ چوونە ناو ویلایەتی

مووسڵ، کێشـەی مووسـڵ دەرکـەوت کـە دواتـر لـە بەڵگەنامـە و سـەرچاوەکاندا بەمـە ناوناونـرا، دواجـار لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٢٥ و سـەرەتای سـاڵی ١٩٢٦ بـە یەکجـاری یەکلایـی بـووەوە[٥]، ئەمـەش بـە واتـای لکاندنـی ناوچەکانـی باشـووری کوردسـتان بـە دەوڵەتـی عێراقـەوە بـوو، کـە دروسـتبوونیان بـۆ سـاڵی ١٩٢١ دەگەڕێتـەوە، بـەم جـۆرە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی ناسیۆنالیسـتی کـورد چـووە قۆناغێکـی نوێـی خەباتـەوە، باشـووری کوردسـتانیش چەندیـن بزووتنـەوە و شۆڕشـی بەخۆیـەوە دی[٦]، هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی خەباتـی سیاسـیدا، چەندیـن کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی کولتـووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی کـوردی دامـەزران.

سـەبارەت بـە کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە کوردییـەکان لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩١٨ تـا ١٩٢٦، تێبینـی سـەرهەڵدانی چەندیـن کۆمەڵـە و ڕێکخـراو و حـزب و یانـەی ڕۆشـنبیری و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی دەکەیـن لـە شـارە جیاجیاکانـی باشـووری کوردسـتان و عێـراق، پێـش و دوای سـەپاندنی ڕژێمـی ئینتیـداب بەسـەر عێراقـدا لـە ٢٥ی نیسـانی ١٩٢٠[٧]. چەنـد ئاراسـتەیەك لـە بزووتنـەوەی کـورددا سـەریان هەڵـداوە، لەوانـە: ئاراسـتەیەك کـە پشـتیوانی لـە وەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد دەکات بـە هاوکاریـی بەریتانیـا، ئاراسـتەیەکی دیکـەی لایەنگـری عوسمانییـەکان بـوو، ئاراسـتەی سـێیەمیش کـە گەنـج و ڕۆشـنبیرانی لەخۆگرتبـوو، ئەوانـەی کـە ملکەچبـوون بـۆ بیانییـەکان ڕەتدەکەنـەوە و دەیانەوێـت دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی دابمەزرێـت[٨]. لـە نێـو ئـەو کۆمەڵانـەی کـە نوێنەرایەتیـی دوا ڕەوتـی دەکـرد، دەکرێـت ئامـاژە بـە کۆمەڵـەی نهێنیـی کـورد بکرێـت، کـە دژی هەوڵەکانـی بەریتانیـا وەسـتانەوە بـۆ لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە زۆرەملـێ بـە عێراقـەوە، چالاکییەکانیشـی زیاتـر لـە سـلێمانی و ڕوانـدز چڕبووەتـەوە[٩]. سـەبارەت بـە ئاراسـتەی چـوارەم، بەپێـی ئـەوەی کـە یەکێـک لـە بەڵگەنامەکانـی بەریتانیـا ئامـاژەی پێکـردووە، ڕەوتـی بەلشەفیی(مارکسـی) پەیـڕەو دەکـرد، ئـەم بەڵگەنامەیـە ئامـاژەی بـە بڵاوبوونـەوەی بیرۆکـەی بەلشـەفیك دەکـرد لـە سـلێمانی[١٠]، لەوێشـەوە بـۆ کۆیـە گواسـتراوەتـەوە. سـەرچاوەی ئـەم بیرۆکانـە ئـەو دیلانـەی کـورد بـوون، کـە لـە دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری بەلشـەفیک لـە سـاڵی ١٩١٧ لـە ڕووسـیای سـۆڤیەت گەڕاونەتـەوە[١١]، جەمـال عیرفـان توانـی لـە شـوباتی ١٩٢٠ لـە سـلێمانی چەنـد شـانەیەکی مارکسـی پێکبهێنێـت[١٢]، ئـەم شـانانە بـەم ناوانـە بـوون:

(گزنگـی کوردسـتان)، (فیداکارانـی کـورد)، (وەتـەن پـەروەران)، (بەرزیـی وڵات)، ئـەم ڕەوتـە داوای پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی دەکـرد[١٣].

لـەو ماوەیـەدا هەندێـك کۆمەڵـەی کـوردی دامـەزران، کـە لـە قوتابیـان پێکهاتبـوون، ئامانـج و بەرنامەکانیـان لـە خانـەی ئـەو ئامانجانـەدا بـوون، کـە بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد داوای دەکـردن، وەك: (کومەڵـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان)، کـە ڕەفیـق حیلمـی بـە نهێنـی لـە سـلێمانی لـە سـاڵی ١٩٢٠ دایمەزرانـد [١٤]، قوتابیـان و فێرخـوازان و چیـن و توێژەکانـی دیکـەی کۆمەڵگـەی لەخۆگرتبـوو[١٥].

لــە ئەنجامــی دامەزراندنــی ڕژێمــی پاشـایەتی لــە عێـراق لــە ٢٣ی ئابــی ١٩٢١، قوتابیـان و ڕۆشـنبیرانی کـورد لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد چـالاک بـوون، بـۆ ئـەو کارە هەوڵیانـدا کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیری و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی پێکبهێنـن، جـا چ ئەوانـەی بـە ئاشـکرا یـان ئەوانـەی بـە نهێنـی پێکیانهێنـان و ڕایاننەگەیاندبـوو[١٦]، بـەڵام حکومەتـی عێـراق درکـی بـە مەترسـییەکانی بوونـی ڕێکخـراوە نهێنییـەکان کـرد، بۆیـە بڕیـاری دا، یاسـای کۆمەڵـەکان دەربـکات، کـە لـە ٢ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٢٢دا بڵاوکرایـەوە، بـۆ پێدانـی مۆڵەتـی فەرمـی بـە کۆمەڵـە و ڕێکخـراو و حزبەکانـی عێـراق، ئەمـەش بـۆ دانانـی سـنوورێك بـۆ ڕێکخـراوە نهێنییـەکان تاکـو ئاشـکرا بکرێـن[١٧]. لـە گەرمـەی ئەمەشـدا نیشـتمانپەروەرانی کـورد لـە سـلێمانی کۆمەڵـەی "کوردسـتان" یـان بـە سـەرۆکایەتیی مسـتەفا پاشـا یامولکـی[١٨] لـە ٢١ی تەمـووزی ١٩٢٢ دامەزرانـد و[١٩]، کۆمەڵەکـە ڕۆژنامـەی (بانگـی کوردسـتان) ی کـرد بـە زمانحاڵـی خـۆی، ئـەم کۆمەڵەیـە لـە سـەرەتای دەیـەی سـێیەمی سـەدەی بیسـتەمدا[٢٠]، کـە قوتابیـان و چینـە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـە پەیوەندییـان پێـوە کـرد، ڕۆڵێکـی گـەورەی هەبـوو لـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی ڕۆشـنبیرانی کـورد، بـەڵام ڕۆڵـی کۆمەڵەکـە لـە دوای سـاڵی ١٩٢٤ کـەم بـووەوە، کاتێـک سـەرۆکی کۆمەڵەکـە (یامولکـی) پەنـای بـۆ بەغـدا بـرد[٢١].

کۆمەڵـەی دیکەیـش دەرکەوتـن، وەك: (کۆمەڵـەی مودافەعـەی وەتـەن) لە سـاڵی ١٩٢٥ لـە سـلێمانی کـە ئامانجـی بەرگریکـردن بـوو لـە لکاندنـی دەوڵەتـی مووسـڵ بـە عێراقـەوە، بۆیـە چالاکییەکـەی لەگـەڵ کۆتایـی هاتنـی ئـەم کێشـەیە کۆتایـی هـات، دوای ئـەوەی بـە قازانجـی عێـراق یەکلایـی کرایـەوە[٢٢].

ئەوەی پەیوەستە بە چالاکیی ڕێکخراوەیی، تێبینییەک هەیە کە شایەنی سەرنجە، ئەویش ئەوەیە ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە وەک توێژێکی کاریگەر و خوێندەوار لە کۆمەڵگەدا وەک پێویست گرنگییان بە قوتابیان نەداوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مۆرکی خێڵەکی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا زاڵە، وێڕای ئەمەش نەبوونی قوتابخانەی فەرمی لە کوردستان لەمەدا فاکتەرێکی کاریگەر بوو، ئەمەش بەو مانایەیە خودی توێژی قوتابیان نەیانتوانیوە لەو ماوەیەدا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕەوتی کاروبارەکان هەبێت.

سەرەڕای ئەمەش بزووتنەوەی قوتابیان دوای زیادبوونی ژمارەی قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێژەکان لە سەرتاسەری عێراق سەری هەڵدا، چونکە دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن، لە ئاست و قۆناغە جیاجیاکانیاندا، ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر دەگێڕن لە بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی بیرۆکە و بەها مرۆیی و نیشتمانپەروەری و نەتەوەییەکان لەنێو قوتابیاندا، چونکە ئەو بابەتانەی قوتابیان لە هەموو ئەم قۆناغانەدا وەریدەگرن، جۆرێک لە کولتووری سیاسی و ناسیۆنالیستیان تێدا بوو، کە قوتابیان پێی گۆش دەبن، دواجار ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توێژێك لە قوتابیان خەباتی سیاسی پیادە دەکەن و گوتاری سیاسی خۆیان دەبێت، وەک: داوای چاکسازی لە سیستەمی پەروەردەییدا، یان پێدانی دەرفەتی زیاتر بە قوتابیان، هەندێک جاریش داوای دیموکراسی یان پشتیوانی لە دۆزێک دەکەن، کە سیاسەتی دەوڵەت دژایەتیی دەکات[٢٣]. لەوەوە بزووتنەوەی قوتابیان سەری هەڵدا و، ئەمەش لەسەر سەرهەڵدانی توێژێکی قوتابیانی کورد لە عێراقدا جێبەجێ دەبێت.

پێکهاتە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراق لە قوتابخانەی ڕوشدییە لە بەغداوە دەستیان پێکرد، کاتێک کۆمەڵەی قوتابیانی کورد هاوشانی قوتابیانی عەرەب لە ساڵی ١٩٠٣ ڕاپەڕینێکیان دژی دەسەڵاتی عوسمانی سازکرد، ئەمەش وایکرد دەسەڵاتداران فەرمانێک دەربکەن بە داخستنی ئەو قوتابخانەیە و دەستگیرکردنی ئەم قوتابیانە[٢٤].

دوای جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە دەوڵەتی عوسمانی، دەستەبژێرێکی قوتابیان و ڕۆشنبیران دەرکەوتن کە لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی عوسمانیدا دەیانخوێند[٢٥]، جا بە هۆی نەبوونی قوتابخانەی دواناوەندی و پەیمانگای باڵا

لـە کوردسـتان، جگـە لـە بەشـێک لـە قوتابخانەکانـی ڕەشـیدییە کـە وەك قوتابخانـەی ناوەنـدی وا بـوون، قوتابیانـی کـورد لـە ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتانەوە ناچـار بـوون بـۆ تەواوکردنـی خوێندنەکەیـان بچنـە بەغـدا و شـارەکانی دیکـەی عێـراق؛ لـە ئەنجامـدا جۆرێـک لـە بەئاگاهاتنـەوەی نەتەوەییـان لا پەیدابـوو، بۆیـە لـەو سـەردەمەدا کۆبوونـەوە و کۆمەڵەیەکـی بچووکـی قوتابیانیـان لـە کەرکـووک دامەزرانـد، کـە ئامانجـی یەکگرتنـی نێوانیـان بـوو، هەروەهـا بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری لـە نێـو کـورددا و داکۆکیکـردن لـە مافـی قوتابیانـی کـورد[٢٦].

پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدرێـت، پەرەسـەندنی ڕێژەیـی لـە بـواری پـەروەردەدا لـە عێـراق لـە سـەردەمی ئینتیدابـی بەریتانیـادا[٢٧]، کاریگەریـی لەسـەر بووژانـەوەی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد هەبـووە. لـە لایـەک ژمـارەی قوتابخانـە تـازەکان زیـادی کـرد، لـە لایەکـی دیکـەوە پەیمانگـە و کۆلێژەکانیـش دامـەزران، ئەمـەش بـە واتـای زیادبوونـی ژمـارەی قوتابیـان دێـت[٢٨]، کـە کاریگەریـی لەسـەر قوتابیانـی کوردیـش هەبـووە.

هەروەهـا بزووتنـەوە و ڕاپەڕینەکانـی کـورد کـە لەوەتـەی سـاڵی ١٩١٩ و شۆڕشـی بیسـتی عێراقـەوە سـەریان هەڵـدا، ئەمانـە بەشـداربوون لـە دەوڵەمەندکردنـی بزووتنـەوە نیشـتمانییەکانی کـورد کـە شـارەزایی خەباتگێڕانـە و هۆشـیاریی ناسیۆنالیسـتانەی بەرزکـردەوە و، هەڵچوونـی جەماوەریشـی جۆشـدا، کـە لـە کەرتـی قوتابیانیشـدا ڕەنگدانـەوەی هەبـوو، ئەمـەش بـە بەشداریکردنیان لەگـەڵ سـەرجەم چیـن و توێژەکانـی گـەل لـە خەباتـی نیشـتمانی دژی داگیرکاریـی ئینگلیـزدا دەرکـەوت، بـەم جـۆرە گردبوونەوەکانـی قوتابیـان، خۆیـان لـە ڕێگـەی چالاکـی و نمایشـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتـووری و وەرزشـییەکانەوە ڕێکخسـتەوە.

لـە لایەکـی دیکـەوە کێشـەی مووسـڵ کێبڕکێیەکـی تونـدی لەنێـوان بەریتانیـا و تورکیـا هێنایـە ئـاراوە، لەپێنـاو ئـەوەی هەریەکەیـان کۆنترۆڵـی بکـەن، جـا چونکـە کـورد زۆرینـەی ڕەهـای دانیشـتوانەکەی پێکدەهێنـا، هـەر لایەنێـک هەوڵیـدا ڕەزامەندیـی کـورد بەدەسـتبهێنێت بـۆ ئـەوەی ئـەو ویلایەتـە مسـۆگەربکات[٢٩]، لـە ئەنجامـی ئـەوەش چەندیـن ئاراسـتە لـە نێـوان کـورد سـەریانهەڵدا بـۆ پشـتیوانی لـەم لا، یـان ئـەو لا، یـان داوای سـەربەخۆبوون. ئـەم بابەتـەش توێـژی قوتابیانـی کـوردی گرتـەوە، بـەو پێیـەی ئـەوان توێـژی هۆشـیارن و ئـاگاداری پێشـهاتەکانی دۆخەکـەن

سەبارەت بەو کێشەیە. لە بەر ڕۆشنایی ئەمەدا، قوتابیانی کورد لە بەغدا لەو قۆناغە گرنگەدا درکیان بەو ئەرکانە کرد کە دەکەوێتە سەر شانیان، بۆیە بڕیاریان دا زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوە سازبکەن، کە لە ئەنجامدا چەندین کۆمەڵە پەیدابوون، داوای مافە نەتەوەییەکانی کوردیان دەکرد[٣٠].

لە کاتی هاتنی ئەو لیژنەیە نێودەوڵەتییەی ئەرکی دیاریکردنی چارەنووسی پارێزگای مووسڵی پێدەسپێردرێت، چالاکیی نەتەوەیی لەنێو قوتابیانی کورد لە پەیمانگە و کۆلێژەکانی بەغدا زیادی کرد و، قوتابیانیش داواکارییەکانیان خستە بەردەم (ڤیرسن)ی سەرۆکی لیژنەکە [٣١]. لە مووسڵیش نارەزایی و تووڕەیی لەناو خەڵکدا پەرەیسەند و لە ئەنجامدا چەندین کۆمەڵە و ڕێکخرا بۆ داوای لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراقەوە دروست بوو، لەوانە: کۆمەڵەی قوتابخانەی ئەلنەهزە. ئەمە و قوتابیانی کورد لە سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەی مووسڵەوە بەشدارییەکی کاریگەر و ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە پێکهێنانی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، تەنانەت لە قۆناغی دوای یەکلاییکردنەوەشدا لە نێو ئەو کۆمەڵانەدا، کە بریتین لە:

**أ. کۆمەڵەی قوتابخانەی نەهزە(ڕابوون)**

ڕێکخراوێکی قوتابخانەییە لە ساڵی ١٩٢٥ لە شاری مووسڵ پێکهێنراوە، دوای ئەوەی کێشەی مووسڵ هەستی نیشتمانپەروەرانەی لای زۆرێک لە گەنجانی مووسڵ وروژاند. لەو چوارچێوەیەدا چالاکی لە قوتابخانەکاندا بڵاوبووەوە، قوتابیانی قوتابخانەی دواناوەندیی ئەلشەرقییە ڕێکخراوێکیان بە ناوی کۆمەڵەی قوتابخانەیی نەهزە(ڕابوون) دامەزراند، بە سەرۆکایەتیی قوتابیی کورد- عەلی حەیدەر سلێمان[٣٢] و، بەهاوکاریی مامۆستای مێژوو (ئەنیس زەکەریا ئەلنسولی)، یەکێک لە ئامانجەکانی کۆمەڵەکە کارکردن بوو بۆ لکاندنی دەوڵەتی مووسڵ بە عێراقەوە، بۆیە ئەمەش کاریگەریی فراوانی هەبوو لەسەر ڕای گشتیی خەڵکی مووسڵ لە کاتی سەردانەکەی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ مووسڵ، بۆیە خۆپیشاندانیان ڕێکخست، یاداشتییان پێشکەش کرد، ئەمەش بۆ شکستهێنانی چالاکیی پرۆپاگەندەیی کە پاڵپشتی لە مانەوەی ویلایەتی مووسڵ لە چوارچێوەی تورکیا دەکرد[٣٣].

کۆمەڵەکـە بازنەیەکـی بچووکـی بـۆ قوتابیـان پێکهێنـا بـە سـەرۆکایەتیی قوتابـی عەلـی حەیـدەر سـلێمان[٣٤]. ئەرکـی کۆمەڵەکـە بڵاوکردنـەوەی بەیاننامـە بـوو، هەروەهـا ناردنـی پەیـام بـوو بـۆ ئەندامانـی ئەنجومەنـی دامەزرێنـەری عێـراق کـە داوای پێویسـتی پابەندبوونیـان دەکـرد بـە دەوڵەتـی مووسـڵ لـە چوارچێـوەی عێراقـدا[٣٥]، کۆمەڵەکـە لـە گەیـشتن بـە ئامانجەکانـی سـەرکەوتوو بـوو. بـەم شـێوەیە چالاکیـی قوتابیـان لـەو بـوارەدا سـەرنجی ڕۆژنامەگەریـی عێراقـی لـەو کاتـەدا ڕاکێشـا، کـە دوای چارەسـەرکردنی کێشـەکەش لـە قسـەکردن لەسـەری و لـە بەرژەوەندیـی عێـراق هـەر بـەردەوام بـوو[٣٦]، بـەڵام ڕۆڵـی ئـەم کۆمەڵەیـە دوای یەکلاییبوونـەوەی کێشـەی مووسـڵ کۆتایـی هـات و سـەرکردایەتییکردنی کۆمەڵەکـە لەلایـەن قوتابییەکـی کـوردەوە بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی کـە لـە سـەرەتاکانیدا کەوتووەتـە ژێـر کاریگەریـی فیکـرە نیشـتمانییەکانی عێـراق کـە لـە سـەرەتادا بـوون. ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ بڵاوبوونـەوەی ئـەم ئاراسـتەیە لەنێـو قوتابیانـی کـورددا، هەروەهـا نابێـت ئەوەمـان لـە بیـر بچێـت کـە ڕەنگـە ئـەم ئاراسـتەیە بـە هـەر شـێوەیەک بێـت لـە هەوڵـی لابردنـی هەژموونـی تورکیـا بەسـەر باشـووری کوردستانیشـەوە سـەرچاوە بگرێـت و، پشـتیوانی لـە هەڵوێسـتی ئینگلیـز بەتایبەتیـش لـە دوای کێشـەی مووسـڵەوە، بژاردەیـەک لەنێـوان عێـراق و تورکیـا درا بـە دانیشـتووان و بـژاردەی سـێیەم نەبـوو کـە بریتـی بـوو لـە پێکهێنانـی قەوارەیەکـی نەتەوەیـی کـورد لـەو ویلایەتـەدا.

**ب.ئەو کۆمەڵانەی لە سەردەمی دوای یەکلاییکردنەوەی ویلایەتی مووسڵ دامەزران**

دوای لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە عێراقـەوە بـە پێـی بڕیـاری کۆمەڵـەی گـەلان[٣٧]، حکومەتـی عێـراق کەمتەرخـەم بـوو لـە جێبەجێکردنـی ئـەو بەڵێنانـەی سـەبارەت بـە بڕیـاری کۆمەڵـەی گـەلان دابوونـی، کـە داوای پێدانـی مافـی کلتـووری و نەتەوەیـی بـە کـورد دەکـرد، ئەمـەش فاکتەرێکـی پاڵنـەر بـوو بـۆ قوتابیـان و ڕۆشـنبیرانی کـورد، کـە کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیری و سیاسـی بـۆ داواکردنـی ئـەو مافانـە دابمەزرێنـن[٣٨].

لـە سـەرەتای بەهـاری سـاڵی ١٩٢٦ لـە شـاری سـلێمانی (کۆمەڵـەی زانسـتی) دامـەزرا[٣٩]، دوای ئـەوەی دامەزرێنـەران داواکارییەکیـان پێشـکەش بـە حکومەتـی عێـراق کـرد بـۆ دامەزراندنـی ئـەم کۆمەڵەیـە، کـە مۆرکێکـی ئەدەبـی و پەروەردەیـی هەبـوو، پشـتیوانیی هەمـوو توێژەکانـی کۆمەڵگـەی لـە سەرتاسـەری کوردسـتانی عێـراق

بەدەستهێنا[٤٠]، کۆمەڵەکە چالاکییەکانی بۆ کاروباری پەروەردەیی، بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، کردنەوەی قوتابخانە، وتاردان[٤١] و ناردنی قوتابیانی کورد بۆ ئەوروپا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکانیان تەرخان کرد، هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بیانی[٤٢]، و هاوکاریکردنی قوتابیانی هەژار[٤٣]، و ئامانجگەلی دیکە کە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی کۆمەڵەدا هاتبوون[٤٤].

لەو قۆناغەدا کۆمەڵەی دیکەی کوردی دروست بوون، وەک: (کۆمەڵەی پێشکەوتن) کە لە ساڵی ١٩٢٦ دامەزرا، کە زانیاری لەسەری بەردەست نییە، هەروەها ناوی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەریشی نازانرێت[٤٥]، هەروەها (کۆمەڵەی زەردەشت) لە هەمان ساڵدا لە سلێمانی دامەزراوە [٤٦]، لە چەند شارێکی عێراقدا لقی کردووەتەوە[٤٧]. ئەوەی جێگەی سەرنجمانە لەم کۆمەڵەیە ئەوەیە، لە سلێمانی لەلایەن ئەو قوتابیانەوە دامەزراوە کە لە بەغداوە گەڕابوونەوە ئەو شارە و، یەکێک لە قوتابییەکان بە ناوی مستەفا سائیب[٤٨] سەرۆکایەتیی کۆمەڵەکەی گرتە ئەستۆ، هەرچەندە کۆمەڵەکە ئامانجی سیاسیی زیاتری هەبوو نەک کولتووری.

بەهەمان شێوە (کۆمەڵەی هەڵستان و بڵندی کوردستان) لە ساڵی ١٩٢٧ پێکهێنرا[٤٩] و، پێکهێنانیشی دوای سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شێخ مەحموود هات لەلایەن کۆمەڵێک قوتابیی قوتابخانە و مامۆستا و بەشێک لە فەرمانبەران و کرێکاران کە لە بیر و هەستەکانیاندا لەژێر کاریگەریی ئەو کۆمەڵە سیاسییانەی پێش بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود پێکهاتبوون، دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لەوەی ئەو شۆڕشەی دامرکاوەتەوە، دەبێ جارێکی دیکە سەرهەڵبداتەوە[٥٠]. هەروەها (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لە ساڵی ١٩٣٠ لە بەغدا دامەزرا[٥١]، لە ئامانجەکانی ئەم یانەیە کە پەیوەندی بە قوتابیانەوە هەبوو، بریتی بوو لە: دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوە بۆ ئەو قوتابییە کوردانەی دێنە بەغدا بۆ خوێندن و، ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات بۆ تەواوکردنی خوێندنیان، سازکردنی ئاهەنگی یەکترناسین لەنێو قوتابیانی کورددا [٥٢]، گرنگیدان بە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد و و ئامانجگەلی دیکە [٥٣]. شایانی باسە ئەم یانەیە چەندین جار داخرا، لە ساڵی ١٩٤٣ کرایەوە[٥٤]، دیسان داخرایەوە و کرایەوە تا بە بڕیاری دەسەڵاتدارانی عێراق لە ١٩٦٤/٦/١٣ بە یەکجاری داخرا، لە ئەنجامدا هەموو موڵک وماڵی یانەکە دەستی بەسەردا گیرا و لە بنکەی پۆلیسدا هەڵگیرا[٥٥] .

### ج. کۆمەڵەی لاوانی کورد

لە بەغدا لەلایەن کۆمەڵێک قوتابیی کوردەوە کە لەوێ دەیانخوێند، دامەزراوە. سەرچاوەکان جیاوازن لە دیاریکردنی ساڵی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە، هەندێکیان بۆ ساڵی ١٩٢٣[٥٦] و هەندێکی دیکەشیان بۆ ٨/٥ ی ساڵی ١٩٢٥ی دەگەڕێننەوە، بە پشت بەستن بە یەکێک لە وێنەکانی کۆمەڵێک قوتابیانی کورد کە لەو ڕۆژەدا گیراوە[٥٧]. بەهەمان شێوە بۆ ساڵی ١٩٢٨[٥٨]، بەڵام عەبدولستار تاهیر شەریف، ئاماژەی بە ساڵی ١٩٣٠ کردووە وەک مێژووی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە[٥٩] و، غەفوور میرزا کەریم لەوەدا پشتیوانی لێ دەکات و دەڵێت: لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا کۆمەڵێک قوتابیی کورد، کە چوونەتە بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندن، کۆمەڵەکەیان دامەزراند، دوای ئەوەی خۆیان ڕێکخستبوو و ژمارەیان نزیکەی ٦٠-٧٠ قوتابی بوو[٦٠]. بە هەمان شێوە مێژوونووس عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی پشت بە هەمان ساڵی ١٩٣٠ وەک سەرەتای دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە دەبەستێت[٦١]، بەڵام مێژوونووس کەمال مەزهەر ئەحمەد ساڵی ١٩٣٣ی وەک ساڵی دەرکەوتنی ناو بردووە و بە کۆمەڵەی "یادگاری لاوان" ناوی بردووە[٦٢]، بۆیە ئەستەمە ساڵێکی دیاریکراو وەک سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی کورد دیاری بکرێت و زانینی ناوی دامەزرێنەرانیشی زۆر ئاسان نییە.

شایانی باسە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، شاکر فەتاح لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووە، تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە، کۆمەڵەکە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٢٥ لە پارکی ساڵحیە لە بەغدا کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە، تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە وەزیر و باڵیۆز و کەسایەتیی کورد و عەرەب بۆ بەشداریکردن بانگهێشت کراون. لەم کۆبوونەوەیەدا ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی ژمارەیەک ڕۆژنامە، لەوانە: (الإستقلال، المفيد، العالم العربي، البلاد) ئامادەبوون، لە کۆبوونەوەکەدا وتارەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی لەلایەن: کەریم ڕۆستەم، ئەنوەر سائیب، مەعروف جیاووک و کەسێک بە ناوی مەمدوح پێشکەش کرا و وتەکانیان وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و پێشکەشی ئەو باڵیۆزانە کرا کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون[٦٣].

کەمال ڕەئووف محەمەد بە ڕەهایی ڕۆژی ١٩٢٥/٨/٥ی وەک سەرەتای دامەزراندنی

یەکەمیـن کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـوردی لـە کوردسـتانی عێـراق دیـاری کـرد[٦٤]، بـە پشـت بـەستن بـە یەکێـک لـە وێنـەکان وەک پێـشتر بـاسمان کـرد، بۆیـە ئەسـتەمە بتوانیـن سـاڵێکی دیاریکـراو وەک سـاڵی دامەزراندنـی کۆمەڵەکـە بـە ڕەهایـی دەستنیشـان بکەیـن، بـەڵام دەتوانرێـت بڵێیـن: لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٢٣-١٩٢٥) دامـەزراوە، بـەڵام لـە سـەرەتای سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوودا چـالاک بـووە.

کۆمەڵـــەی لاوانـــی کـــورد لـــە ســـاڵی ١٩٣٠دا چـــالاك بـــوو، دوای ئـــەوەی گروپێکـی دەسـتەبژێری قوتابیـی نـوێ هاتنـە بەغـدا، ئـەم قوتابیانـە لیژنەیەکـی سەرپەرشـتیاریی کۆمەڵەکەیـان پێکهێنـا، کـە پێکهاتبـوو لـە: فـازڵ ڕەئـووف تاڵەبانـی[٦٥] کـە بـوو بـە خەزنـەدار؛ چونکـە بەتەمـەن بـوو [٦٦]، ئیبراهیـم ئەحمـەد[٦٧]، کـە بـووە سـکرتێری لیژنەکـە[٦٨]، حامیـد فـەرەج[٦٩]، فایـەق بێکـەس[٧٠]، عەبـدوڵلا گـۆران[٧١] ، سـاڵح یوسـفی[٧٢]، حەسـەن تاڵەبانـی[٧٣]، شـاکر فەتـاح[٧٤]، و هـی دیکـە، ئەمـەو محەمـەد ئەمیـن زەکـی کۆمەڵەکـەی هانـدەدا بـۆ خزمەتکردنـی کولتـوری کـوردی[٧٥]. شـایانی باسـە؛ شـاکر فەتـاح لـە بیرەوەرییەکانیـدا ئامـاژەی پێکردبـوو کـە هەندێکجـار لەنێـوان ئەندامێتیـی دەسـتەی کارگێڕیـی کۆمەڵەکـە و هەندێکجاریـش لەنێـوان سـکرتاریەت کاری دەکـرد[٧٦]، بۆیـە دەتوانرێـت بڵێیـن کۆمەڵەکـە سـەرۆکی هەمیشـەیی یـان سـکرتێری نەبـووە، بەڵکـو بـەردەوام لـە گۆڕانـدا بـوون لـە سـەرەتاوە ئیبراهیـم ئەحمـەد سـەرۆک بـوو، دواتـر شـاکر فەتـاح جێگـەی گرتـەوە، پاشـان ئەوانـی دیکـە، هەڵبژاردنـی سـەرۆکیش ڕەنگـە بەپێـی ڕێککەوتـن یـان بەپێـی ئۆفیسـی کارگێڕیـی کۆمەڵەکـە بووبێـت.

کۆمەڵـەی لاوانـی کـورد چەندیـن لقـی خـۆی لـە شـارە جیاجیـاکان کـردەوە، لەوانـە: کەرکـووک، سـلێمانی، هەولێـر، و مووسـڵ[٧٧]، دیارتریـن ئەندامـی لقـی مووسـڵی کۆمەڵـەی لاوانـی کـورد ئیسماعیـل سـەعید ئاغـای دۆسـکی، کـە بەرپرسـی لقەکـە بـوو[٧٨]، مسـتەفا ئیبراهیـم ئاغـا کورەمارکـی و حوسـنی حاجـی ڕەشـید کـە خەڵکـی زاخـۆ بـوو، هەروەهـا ئەحمـەد مسـتەفا خەڵکـی ئامێـدی بـوو[٧٩]. یەکێـک لـە توێـژەران بـاس لـەوە دەکات کـە زۆربـەی ئـەو قوتابییـە کوردانـەی لـە کۆلێژەکانـی مـاف و پزیشـکی و خانـەی مامۆسـتایان لـە بەغـدا دەیانخوێنـد، پەیوەندییـان بـەم کۆمەڵەیـەوە کـرد[٨٠]. کاتێـک بنکـەی ئـەم کۆمەڵەیـە فـراوان بـوو، دوو ئاراسـتەی جیـاواز لەنێـو قوتابیانـی

کۆمەڵەکـەدا سـەریان هەڵـدا، ئاراسـتەیەك داوای گرنگیدانیـان بـە خوێنـدن دەکـرد، نـەك گرنگیـدان بـە پرسـەکانی دیکـە (بـۆ نموونـە سیاسـەت)، لـە کاتێکـدا ئاراسـتەی دووەم پێیوابـوو، لەپـاڵ خوێنـدن گرنگـی بـە خەباتـی سیاسـی بدرێـت[٨١]. ئەمـەش بەڵگەیـە بـۆ ئـەوە، ئـەم کۆمەڵەیـە جگـە لـەو ئامانجـە پیشـەییانەی کـە هەوڵـی بەدیهێنانـی دەدان، ئامانجگەلـی سیاسیشـی هەبـووە، مەبەسـتە سیاسـییەکان لـە ڕێگـەی کۆبوونەوەکانـی کۆمەڵەکـەوە دەردەکەوتـن، کـە لـە دوکانـی "سـیمۆن ئەفەنـدی" بەڕێوەدەچـوون[٨٢]. کـە - جگـە لـە کارە ڕەسـەنەکەی خـۆی- بـووە بـارەگای کۆبوونـەوە نهێنییەکانـی کۆمەڵەکـە لـە بەغـدا، لەوێـدا داوای ئازادکردنـی شـێخ مەحموودیـان دەکـرد[٨٣]، هەروەهـا بەشـێک لــە ئەندامانــی ئــەم کۆمەڵەیــە داوای هەڵگیرســانی شۆڕشــیان دەکــرد بــە مەبەســتی پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی، ئەمـەش لـە ڕێگـەی خوێندنـەوەی شـیعری نەتەوەیــی بــە جــۆش و خــرۆش[٨٤]، ئــەم ئاراســتانەش بەشــدارییەکی کاریگەرییــان هەبـوو لـە بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاریی ناسیۆنالیسـتیی کـوردی، کـە لەنێـو ڕیزەکانـی خوێنـدەوار و پیشـەگەران گەشـەی کردبـوو[٨٥].

ئــەوەی پەیوەســتە بــە پرۆگرامــی خوێنــدن و پەیــڕەوی ناوخــۆی کۆمەڵەکــە، کۆمەڵەکــە پرۆگــرام پەیــڕەوی ناوخــۆی نــووسراوی نەبــوو، بەڵکــو وەک زانکۆیــەک بـوو بـۆ چالاکییەکانـی قوتابیانـی کـورد، هەروەهـا پەرەپێدانـی گیانـی هـاوکاری و پشــتیوانی لــە نێوانیانــدا[٨٦].

بەشــێک لــە ئەندامانــی کۆمەڵەکــە چالاکیــی ڕۆشــنبیریی بەرچاویــان لەنــاو کۆمەڵەکـەدا ئەنجامـدا و ڕۆڵـی ئـەوان بریتـی بـوو لـە دەرچوواندنـی گۆڤـاری (یـادگاری لاوان) لـە سـاڵی ١٩٣٣دا، ئەمـە وەک زمانحاڵـی کۆمەڵەکـە بـوو[٨٧]، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٣٤ ناوەکــەی گــۆڕدرا بــۆ (دیــاری لاوان)[٨٨].

دیـارە کۆمەڵەکـە دوای ژمـارەی دووەم، ئـەم گۆڤـارەی ڕاگـرت کـە زمانحاڵـی خـۆی بـوو و لـە دوای سـاڵی ١٩٣٤ کۆتایـی بـە چالاکییەکانـی هێنـا. ئەمـەش لەبـەر نەبوونـی زانیـاری لـە سـەرچاوە بەردەسـتەکانی و چارەنووسـیان. ڕەنگـە ئـەوەش بـۆ ئـەوە بێـت، قوتابیانـی چـالاک لـە کۆمەڵەکـە خوێندنیـان تەواوکردبێـت و بەغدایـان بەجێهێشـتبێت و گەڕابنـەوە ناوچەکانـی خۆیـان، ئەمـەش بۆشـایی کارگێـڕی لـە کۆمەڵەکـە بەجێهێشـت.

### د. کۆمەڵەی یاریدەدەرانی کورد

زانیاریـی زۆر لەبـارەی ئـەم کۆمەڵەیـە بەردەسـت نییـە، ئایـا پەیـڕەو و پڕۆگرامـی ناوخـۆی نـووسراوی هەبـووە یـان نـا؟ چارەنووسـی چـی بـووە؟ بەهـۆی سروشـتی نهێنییـەوە، هەمـوو ئـەو شـتانەی لەبارەیـەوە دەزانرێـت، تەنیـا ئەوەیـە شـاکر فەتـاح لـە بیرەوەرییەکانیـدا باسـی کـردووە.

ئـەم کۆمەڵەیـە لـە ١٨ی ئایـاری ١٩٣١ لـە شـاری هەولێـر لەلایـەن کۆمەڵێـک قوتابیـی چالاکـی کـورد دامـەزراوە[٨٩]، جـەلال نـوری سـەرۆکایەتیی کـردووە. ئامانجەکانـی بریتـی بـوون لـە یارمەتیدانـی قوتابیانـی هـەژاری کـورد بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدن و، بڵاوکردنـەوە و پەرەپێدانـی زمانـی کـوردی و بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری نەتەوەیـی لەنێـو کـورددا[٩٠]. کۆمەڵەکـە هەڵوێسـتی سیاسـی هەبـووە، لەوانـە: یاداشـتێکی پێشـکەش بـە بەرپرسـێکی حکومەتـی عێـراق کـردووە، کاتێـك لـە سـاڵی ١٩٣١ سـەردانی شـاری هەولێـری کردبـوو، تێیـدا داوای کـردووە حکومـەت بارودۆخـی ناوچـە کوردنشـینەکان بـاشتر بـکات[٩١].

### هـ. کۆمەڵەی دیدەوانیی کورد[٩٢]

لـە سـاڵانی ١٩٣٠-١٩٣٣ بزووتنـەوەی دیدەوانـی لـە عێـراق گەشـەی کـرد، کاتێـك ژمـارەی ئەندامەکانـی گەیشـتە (١١,٩٣٠) دیـدەوان. لـەو ماوەیـەدا یەکێـک لـە لیژنەکانـی تایبـەت بـە چاکسـازیی پەروەردەیـی لـە عێـراق، کـە بریتـی بـوو لـە (لیژنـەی پـاوڵ مونـرۆ)، داوای کـرد گرنگـی بـە مەشـق و چالاکییـە وەرزشـی وهونـەری و کۆمەڵایەتییـەکان بدرێـت، بۆیـە وەزارەتـی مەعاریـف داوای هاندانـی وەرزش و دیدەوانـی و گـە شـت و دامەزراندنـی یانـەی کۆمەڵایەتـی بـۆ قوتابیـان کـرد، هەروەهـا ڕێکخسـتنی خشـتەی سـەردانی شـوێنەوارییەکان و پێکهێنانـی تیمـی نوانـدن و ئامرازەکانـی دیکـەی هاوشـێوە کـە هـاوکارە بـۆ ئـەوەی قوتابخانـە بـە کۆمەڵگـە پەیوەسـت بێـت[٩٣].

هاوشـێوەی بزووتنـەوەی ڕێکخراوەکانـی دیدەوانـی لـە عێـراق، یەکـەم ڕێکخـراوی دیدەوانیـی قوتابیانـی کـورد بـە نـاوی: (کۆمەڵـەی دیدەوانیـی کـوردی) لـە ڕۆژی ٣٠ی حوزەیرانـی ١٩٣١ لـە سـلێمانی دامـەزرا[٩٤]، ئـەم کۆمەڵەیـەش دوای گەڕانـەوەی قوتابیانـی کـورد لــە بەغــداوە بــۆ ســلێمانی دامــەزرا، چـوار لــەو قوتابیانـە ئـەو کۆمەڵەیەیـان دامەزرانـد، ئەوانیـش بریتـی بـوون لـە: فەهمـی تۆفیـق، کەریـم ئەحمـەد، فەخـری سـامی،

شاكر فەتاح، هەموویان قوتابیی پەیمانگەی خانەی مامۆستایان بوون لە بەغدا، شاكر فەتاح سەرۆكایەتیی كۆمەڵەكەی گرتە ئەستۆ[٩٥].

ئامانجی كۆمەڵەی دیدەوانی بریتی بوو لە بڵاوكردنەوەی گیانی وەرزشی لە نێو قوتابیانی كورددا. بۆ بەهێزكردنی جەستەیان، ڕێكخستنی گەشت بۆ ئەندامانی كۆمەڵە، هاندانی قوتابیان بۆ گرنگیدان بە ئەدەبی كوردی، هەروەها پێشكەشكردنی شانۆگەری لە قوتابخانەكانی سلێمانی [٩٦].

ئەندامانی كۆمەڵەكە دەستووری دیدەوانییان خستە ناو تۆمارێكی تایبەتەوە، كە بوو بە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی كۆمەڵەكە و لەوێدا ئەندامانی كۆمەڵەكە سوێندیان خوارد كە لەسەر پەیڕەو و پرۆگرامەی كۆمەڵەكە بڕۆن، پابەندیش بن بەو بڕگانەی بۆ كۆمەڵەكە دایاننابوو. ئەمانەی خوارەوە مادده و بڕگەكانی ئەو پرۆگرامەن، وەك ئەوەی شاكر فەتاح لە بیرەوەرییەكانیدا باسی كردووە:

**ئامانجی كۆمەڵەكە: گەشەپێدانی گیانی وەرزشیی قوتابیانی كورد**

**پرەنسیپەكانی كۆمەڵەكە**

١. پێشكەشكردنی یارمەتی لەم بارودۆخانەدا:

أ. كوژاندنەوەی ئاگركەوتنەوە

ب. ڕزگاركردنی منداڵان لە كاتی تەنگانەدا

ج. یارمەتیدانی هەژاران

٢. ڕووبەڕووبوونەوەی سەختییەكان بە گیانی وەرزشی

٣. بڵاوكردنەوەی گیانی برایەتی و یەكێتی و یەكگوتاریی نێوان قوتابیانی كورد

٤. ڕەچاوكردنی داب و نەریتی كۆمەڵایەتیی كورد

٥. قبووڵكردنی ڕای بەرامبەر

٦. گرنگیدان بە كولتوور

**سوێندەكە**

من ئەندامێكی كۆمەڵەی دیدەوانیی كوردم، سوێند بە شەرەفی خۆم و خێزانەكەم دەخۆم كە بەپێی توانا پارێزگاری لە پرەنسیپ و پرۆگرامی كۆمەڵەكە بكەم.

**پرۆگرامی کۆمەڵەکە**

١. کۆمەڵەکـە لـە: سـەرۆك، سـکرتێر، شـەش لـق پێکدێـت، بـە مەرجێـك ژمـارەی ئەندامانـی دەسـتەی کۆمەڵەکـە لـە هەشـت ئەنـدام زیاتـر نەبێـت.
٢. کۆمەڵەکە هەفتەی دووجار: شەممە و سێشەممە کۆدەبێتەوە.
٣. کۆمەڵەکـە دوو تۆمـاری دەبێـت: یەکێکیـان؛ بـۆ تۆمارکردنـی کار و چالاکییەکانـی کۆمەڵەکـە (گەشـت و تێبینییـەکان)، دووەمیـان؛ بـۆ ژمێریاری(داهـات و خەرجییـەکان).
٤. دەبـێ ئەندامەکـە لـە سـەرەتای هاتنـی بـۆ ڕیـزی کۆمەڵەکـە ئابوونەی(چوارعانـە) بـدات[٩٧]، دواتـر هـەر هەفتەیـەك دوو عانـە بـۆ سـندووقی داهـات.
٥. کۆمەڵەکـە تۆمارێکـی دەبێـت، تەنیـا بـۆ تۆمارکردنـی تێبینییەکانـی ئەندامانـی دەسـتەی کارگێـڕی و لقەکانـی کۆمەڵەکـە.
٦. ئەنجامدانـی یارییـە وەرزشـییەکان لـە ناوخـۆدا و زیندووکردنـەوەی یارییـە کۆنـەکان، هەروەهـا ئەنجامدانـی گەشـت بـۆ دەرەوە[٩٨].

کۆمەڵەکـە سـێ تۆمـاری دیکـەی تەرخـان کـردووە بـۆ بەڕێوەبردنـی کارەکانـی دیکـەی کۆمەڵەکـە، یەکێکیـان: بـۆ نـووسراو و کاروبـار و یاداشـتەکانی کۆمەڵەکـە، ئـەوی دیکـە: بـۆ داهـات و خەرجیـی دارایـی، سـێیەمیان: بـۆ نووسـینی تێبینیـی تایبـەت و گشـتیی ئەندامانـی کۆمەڵەکـە[٩٩].

# پەراوێز:

[١] لەبارەی ئەو ڕێککەوتننامەیە و بارودۆخەکەی، بڕوانە: جرجيس فتح الله ، يقظة الكرد ...، ص١٠٣- ١٢٠.

[٢] عبدالرزاق الحسني ، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج١، ط١، (بيروت، ١٩٤٨)، ص٤٩.

[٣] م. ن، ص٣١.

[٤] جرجيس فتح الله ، يقظة الكرد...، ص١٢١-١٤١.

[٥] سەبارەت بە کێشەی مووسڵ و یەکلاکردنەوەی، بڕوانە: تقرير عصبة الامم ، مسألة الحدود بين تركيا والعراق، التقريرالذي رفعته البعثة المُؤلّفة إلى المجلس في ٣٠ أيلول عام ١٩٢٤، اصدار حكومي، (بغداد، ١٩٢٤)، ص١ وما بعدها ؛ ب. ط. سعد ، قضية الموصل في مُؤتمر لوزان، (بغداد، ١٣٤٣هـ [١٩٢٥] )، ص٤ وما بعدها ؛ فاضل حسين ، مشكلة الموصل – دراسة في الدبلوماسية العراقية- الانكليزية- التركية وفي الرأي العام، ط٣، (بغداد، ١٩٧٧)، ص٣٨ وما بعدها.

[٦] وەك ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینانەی شێخ مەحموودی حەفید، هەروەها ڕووداوەکانی ناوچەی بادینان، بۆ وردەکاری، بڕوانە: أبو شوقي ، لمحات من تاريخ الانتفاضات والثورات الكردية، دار الكاتب،ط١، (بيروت، ١٩٧٨)، ص١٢٤- ١٤١ ؛ ديفيد مكدول ، م. س، ص ٢٤٣- ٢٦٠؛ عبدالرحمن إدريس صالح البياتي ، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي) والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، ( لندن، ٢٠٠٥).

[٧] سیستەمی ئینتیدابی بەریتانیی سەر عێراق، ویلایەتی مووسڵیشی گرتەوە، بڕوانە: البرت م. منتشاشفيلي ، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة: د. هاشم صالح التكريتي، (بغداد، ١٩٧٨)، ص٦١ وما بعدها.

[٨] بڕوانە: شێخ لەتیف حەفید، یاداشتەکانی شێخ لەتیف حەفید، (دهۆك، ١٩٩٦)، ل٧٨-٨٠ ؛ عەلی تەتەر ، بزاڤا سیاسی ل...، ل٢٠٣- ٢٠٤.

[٩] عبدالفتاح على البوتاني، الحياة الحزبية في ...، ص٣٠١.

[10] P.R.O,C.O, (730,6) , (5859373) , From the high commissioner of Iraq to the Secretary of state for colonies , to the Secretary of state , September , 29 “1921 .

(١١) جلال الطالباني، كوردستان والحركة القومية الكوردية، ط١، (بغداد، ١٩٧٠)، ص٥٨.

(١٢) ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوو، ڕووسیا لە جەنگی یەکەمی جیهان بەدیلی گرت، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ئازادی کرد، گەڕایەوە سلێمانی ڕەواجی بە فیکری شیوعییەت دا، لە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن چەند کەسێکی کۆنەپەرست و بە پیلانی بەریتانیا تیرۆر کرا، بڕوانە: جلال الطالباني، كوردستان والحركة ...، ص٥٨ ؛ محمد عبدالله كاكه سور، دور الضباط الكورد السياسي والثقافي في الحركة الكوردية في كوردستان الجنوبية ١٩٢١- ١٩٤٥، رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، ١٩٩٨، ص٥٣-٥٤.

(١٣) ئەحمەد خواجە ، چیم دی، (سلێمانی، ١٩٧٠)، ب٣، ل٦١ ؛ عبدالفتاح علي البوتاني ، الحياة الحزبية في ...، ص٣٠١.

(١٤) ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠): لە شاری کەرکووک لەدایک بووە و خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی و بەغدا تەواوکردووە، دواتر سەفەری ئەستەنبوڵی کردووە و چووەتە کۆلێژی سەربازی. کاتێک جەنگی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا، گەڕایەوە بۆ سلێمانی و دوای کۆتایی هاتنی جەنگ گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵ و، چووەتە قوتابخانەی ئەندازیاری، لە ساڵی ١٩٢٠ تەواوی کردووە، گەڕاوەتەوە عێراق و لە بوارەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و سیاسیدا کاری کردووە. لەو کاتەوە بووەتە یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد و پۆستی گرنگی لە کۆمەڵە کوردییەکان وەرگرتووە، بۆ وردەکارییەکانی ژیاننامەکەی، بڕوانە : مير بصري، أعلام الكرد، رياض الريس للكتب والنشر، ط١، (لندن/قبرص، ١٩٩١)، ص١٣٨-١٣٩

(١٥) ڕەفیق حلمی، یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، (بەغدا، ١٩٨٨)، ب١+٢، ل ـ ١١٣.

(١٦) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١ ـ ١٩٥٨، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٥)، ص ٢٧.

(١٧) فاضل حسين واخرون، تاريخ العراق المعاصر، (بغداد، ١٩٨٠)، ص٢٥.

(١٨) مستەفا پاشا یامولکی: (١٨٦٦-١٩٣٦)، لە شاری سلێمانی لەدایک بووە و لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، سەفەری بۆ بەغدا کردووە، بۆ تەواوکردنی قوتابخانەی ڕوشدییە، چووەتە ئەکادیمیای سەربازی لە ئەستەنبوڵ و لە ساڵی ١٨٨٦ تەواوی کردووە، لە ڕێگەی ڕیزەکانی سەربازییدا پێشکەوتووە، پلەی گرنگ و بەرزی وەرگرتووە، لە دەوڵەتی عوسمانیدا چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەنجامداوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محمد صالح طيب، مصطفى باشا ياملكي

(١٨٦٦- ١٩٣٦)، نشاطه السياسي والثقافي، في: مجلة جامعة دهوك، العدد (٢)، كانون الاول ٢٠٠٤، مج٧، ص٥٥- ٦٨، عەبدولعەزیز یامولکی، (بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی)، وەرگێڕان لە تورکی عوسمانییەوە: شێرزاد کەریم، هەزارمێرد(گۆڤار)، ژمارە (٩)، سلێمانی، ئەیلوولی ١٩٩٩.

(١٩) بڕوانە هەردوو ژمارەی(١-٢) لە ڕۆژنامەی(بانگی کوردستان) لە: جەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان، چاپخانەی ئەلحوڕییە، (بەغداد، ١٩٧٤)، ل٣٧- ٣٨.

(٢٠) بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: كمال مظهر أحمد ، صفحات من تاريخ العراق المعاصر"دراسات تحليلية"، ط١، (بغداد، ١٩٨٧)، ص١٢٩ ؛ عبدالجبار الجبوري، م. س، ص٨٤.

(٢١) بڕوانە: عبدالجبار الجبوري ، م. ن، ص٨٤ ؛ محمد صالح طيب ، م. س، ص٦٥.

(٢٢) بۆ وردەکاریی زیاتر سەبارەت بەم کۆمەڵەیە و پرۆگرامەکەی، بڕوانە: ژیانەوە (ڕۆژنامە)، ژمارە(١٦)، ساڵی (١)، ١٩ شوبات (سلێمانی، ١٩٢٥)، ل١، لە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٢٤ ١٩٢٦، چ١، (هەولێر، ٢٠٠٠).

(٢٣) محمد سعيد حسين أحمد البرواري، دور التعليم الجامعي في التنشئة السياسية، رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس كلية الآداب، جامعة صلاح الدين/ أربيل، ٢٠٠٦، ص٦٣-٦٢.

(٢٤) جليلي جليل ، نهضة الاكراد ...، ص٢٣ ؛ محمد عبدلله كاكه سور، دور الضباط الكورد في ...، ص١١.

(٢٥) محسن محمد المتولي ، كرد العراق منذ الحرب العالمية الأولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، ط١، (بيروت، ٢٠٠١)، ص١٤٥.

(٢٦) ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپخانەی شڤان، چ٢، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل٤.

(٢٧) بۆ وردەکاریی زیاتر لەسەر پەرەسەندنی خوێندن لە عێراق لە سەردەمی ئینتیداب، بڕوانە: ابراهيم خليل أحمد العلاف ، التعليم في العراق ابان عهد الانتداب ١٩٢٠-١٩٣٢ في: مجموعة باحثين، المفصل في تاريخ العراق ...، ص٧١١-٧٨٧.

(٢٨) عبدالرزاق الهلالي، تأريخ التعليم في العراق في عهد الانتداب البريطاني، (بغداد، ٢٠٠٠)، ص٢٤ ، إبراهيم خليل أحمد، تطورالتعليم ...، ص٦٧ ومابعدها.

(٢٩) بۆ وردەکاری بڕوانە: عثمان علي ، دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦، دراسة تاريخية وثائقية، (أربيل، ٢٠٠٦)، ص٤٤٢- ٤٤٨ ؛ بيار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان ١٩٢٣-١٩٢٦، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٤)، ص١٧٥ وما بعدها.

(٣٠) خليـل مصطفـى عـثمان الاتـروشي ، كوردسـتان في سـنوات الانتـداب البريطـاني ١٩٢٠- ١٩٣٢، رسـالة ماجسـتير مقدمـة إلى مجلـس كليـة الاداب، جامعـة دهـوك، ٢٠٠٥، ص١١١.

(٣١) م. ن، ص١١٢.

(٣٢) عەلـی حەیـدەر سـلێمان: (١٩٠٥-١٩٩٠)، لەدایکبـووی ڕوانـدز و سـەر بـە بنەماڵـەی میرەکانـی سـۆرانە، چووەتـە مووسـڵ و لەوێـوە چووەتـە قوتابخانـەی سـەرەتایی بەهـۆی بارودۆخـی جەنگی یەکەمـی جیهـان قوتابخانـەی جێهێشـتووە و دواتر گەڕاوەتەوە لە سـاڵی ١٩٢٢ تـەواوی کردووە. لە قۆناغـی دواناوەندیـدا کۆمەڵەی قوتابخانەیـی نەهزەی دامەزراند و گروپێکـی بچووکی لە قوتابیان پێکهێنـا بـۆ دابەشـکردنی بڵاوکـراوە لـە مووسـڵ. چووەتـە زانکـۆی ئەمریکـی لـە لوبنـان، لـەوێ کۆمەڵـەی قوتابیانـی عێراقـی دامەزرانـدووە، ئـەو کاتـەی قوتابیـی سـاڵی یەکـەم بـووە، بەرگری لە نیشـتمان کـردووە و بـە هاوکاریی یانەی موسـەننا داوای ئـازادی کردووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسـی لـە زانسـتە سیاسـییەکان بەدەسـتهێناوە، یەکەمیـن کـوردە کـە ئـەم بڕوانامەیـە بەدەسـتبهێنێت. زۆر کتێبـی لەسـەر مێـژووی نوێـی ئەوروپـا دانـاوە، لە سـەردەمی پاشـایەتی و کۆمارییـدا چەندین پۆسـتی هەبـووە، لـە مـاوەی ١٩٤٨-١٩٥٢دا بووەتـە نوێنەری هەولێر لـە پەرلەمانی عێـراق. بڕوانە میـر بـەسری س، ل ٢٤٣-٢٤٤؛ ئەحمـەد حەمەدەمیـن هۆمـەر، ڕواندز لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویی - سیاسـی (١٩١٨-١٩٣٩)، سـاڵانی ستراتیژیی کوردسـتان، (سـلێمانی، ٢٠٠٦)، ل ١٥٣.

(٣٣) عبدالفتاح البوتاني، الحياة الحزبية في ...، ص٦٩.

(٣٤) ئەحمەد حەمەدەمین هۆمەر ، س، پ، ل ١٣٥.

(٣٥) عبدالواحـد مـوسى الحصونـة، الحركـة الطلابيـة العراقيـة ودورهـا في النضـال الوطنـي والقومـي ١٩٤٧-١٩٦٣، رسـالة ماجسـتير مقدمـة إلى مجلـس كليـة الآداب، جامعـة بغـداد، ١٩٨٣، ص٢٣.

(٣٦) عبدالرزاق أحمد النصري، م. س، ص٣٣٠.

(٣٧) ئەنجوومەنـی کۆمەڵـی گـەلان لـە دانیشـتنی خۆیـدا کە لـە ١٦ی کانونـی یەکەمی سـاڵی ١٩٢٥ بەڕێوەچـوو، بڕیـاری لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە عێراقـەوە دا و، لیژنەکانـی ڕاسـپاردەش ڕاسـپاردەیان کردبـوو کـە هەندێـک گەرەنتـی بـە کـورد بدرێـت لـە کارگێـڕی و مافەکانـدا، بڕوانـە: فـازڵ حسـێن، ١٩٢٥. کێشـەی مووسـڵ...، ل١٧١-١٧٥؛ بـۆ بینینـی دەقـی بڕیارەکـەی پێشـوو، بڕوانـە: ژیانـەوە، ژمـارە (٥٤) ل ٢، لـە: عەبـدوڵڵا زەنگەنـە، س، پ.

(٣٨) جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم وناسیۆنالیزمی کوردی، (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل٢٣٨-٢٣٩.

(٣٩) بـۆ زیاتـر لەسـەر ئـەم کۆمەڵەیـە، بڕوانـە: أحمـد خواجـة ، س. ث، ب٣، ل٣٨-٤٠ ؛ غـەوور

میـرزا کەریـم ، تەقەللایەکـی دڵسـۆزانە بـۆ لەناوبردنـی نەخوێنـدەواری لـە کوردسـتاندا، کۆمەڵـی زانسـتی لـە سـلێمانی، چاپخانـەی دار الجاحـظ، (بغـداد، ۱۹۸۵)، ل۱۲ ودواتـر.

(٤٠) ولید حمدي، م. س، ص۲۰۳-۲۰٤.

(٤١) م. ن، ص۲۰٤.

(٤٢) ئەحمەد خواجە ، س. پ، ب۳، ل۳۸-٤۰.

(٤٣) نەوشـێروان مسـتەفا ئەمیـن، ژیـان بەتەمەنتریـن ڕۆژنامـەی کـوردی ، ۱۹۲٦-۱۹۳۸، چ۱، (سـلیمانی، ۱۹۹۷)، ل۲٥۱.

(٤٤) بـۆ وردەکاریـی زیاتـر لەسـەر پەیڕەو و پرۆگرامـی ناوخـۆ، بڕوانـە: ئەحمـەد خواجـە ، س. پ، ب۳، ل٤۰-٤۳ ؛ غەفـوور میـرزا کەریـم، تەقەللایەکـی دڵسـۆزانە ...، ل۱٥-۱۸.

(٤٥) کریـس کـوجیرا ئامـاژە بـەوە دەکات کـە ئینگلیـز دایانمەزرانـد بـۆ خزمەتـی کێشـەی کـورد، کـورد لـە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتدا، وەرگێڕانـی: حەمـە کەریـم عـارف، چاپخانـەی شـڤان، چ۱، (سـلێمانی، ۲۰۰۳)، ل۱۳٦-۱۳۷؛ بـۆ وردەکاریـی زیاتـر بڕوانـە: ئاکـۆ عەبدولکەریـم شـوانی، شـاری سـلێمانی (۱۹۱۸-۱۹۳۲)، چاپخانـەی زانسـت، چ۱، (سـلێمانی، ۲۰۰۲)، ل۲۲۳- ۲۲٤.

(٤٦) ئارام، کۆمەڵەی زەردەشت لە مێژووی کوردا، بەیان (گۆڤار)، ژمارە(۸۹)، بەغدا ۱۹۷٤، ل۸

(٤٧) بـۆ زیاتـر بڕوانـە: ئاکـۆ عەبدولکەریـم شـوانی ، س. پ، ل۲۲٤-۲۲۷ ؛ سروە أسـعد صابـر، کوردسـتان الجنوبیـة ...، ص۳٤۳-۳٤٥.

(٤٨) مسـتەفا سـائیب: (۱۹۰٤-۱۹۸۰) لـە قـەزای کفـری سـەر بـە سـلێمانی لەدایکبـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـەوێ تەواوکـردووە، پاشـان ڕووی کردووەتـە سـلێمانی بـۆ تەواوکردنـی خوێندنـی ناوەنـدی لـە سـاڵی۱۹۱۹ تـەواوی کـردووە، دوای ئـەوە پەیوەنـدی بـە قوتابخانـەی زانسـتیی پیشەسـازییەوە لـە کەرکـووک کـردووە و لـە سـاڵی ۱۹۲۳ تـەواوی کـردووە، پاشـان لـە سـاڵی ۱۹۲٦ ئەندازیـاری لـە بەغـدا تـەواو کـردووە. هـەر لـەو کاتـەوەی قوتابـی بـووە، بەشـداریی کاری کولتـووری و سیاسـی کـردووە ، بڕوانـە: کەمـال ڕەئـووف محەمـەد، مسـتەفا سـائیب ئەسـتێرە گەشـەی... ، چاپخانـەی تیشـك، (سـلێمانی، ۱۹۹۸)، ل۱۲- ۲۳.

(٤٩) نـاوی ئـەم کۆمەڵەیـە تەنیـا لـە هەندێـک بەڵگەنامـەی بەریتانیـادا هاتـووە و وا دیـارە نهێنـی بـووە و دوای سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی شـێخ مەحمـوود لـە سـاڵی ۱۹۲۷ ؛ بـۆ سـەرلەنوێ زیندووکردنـەوەی بزووتنـەوەی کـورد، دامـەزراوە. بـۆ وردەکاری بڕوانـە: عبدالفتـاح علي یحیـی البوتـاني ، وثائـق عـن الحرکـة القومیـة الکوردیـة التحرریـة- ملاحظـات تأریخیـة

ودراسـات أوليـة، مطبعـة وزارة التربيـة، ط١، (أربيـل، ٢٠٠١)، ص٥١٢-٥٨١ ؛ سروه أسـعد صابـر ، كوردسـتان الجنوبيـة ...، ص٣٤٢- ٣٤٣.

(٥٠) عبدالفتاح البوتاني، وثائق عن ...، ص٥١٣.

(٥١) بۆ زیاتر بڕوانە: باربو، لەلایەن هەیئەتی ناوچەی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەچاپ دراوە(بەغدا ١٩٤٤) ل٢٦ و دواتر، ئەحمەد باوەڕ،کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن، (کەلار، ٢٠٠٤)، ل٦ و دواتر.

(٥٢) (د. ك. و)، ملفـات وزارة الداخليـة، مديريـة الحقـوق، (بغـداد)، الموضـوع/ طلـب تأسـيس جمعيـة نـادي الارتقـاء الكـردي، الملف رقـم ٣٢٠٥٠/٩٩٢١، العـدد ٢٧١٢٦، التاريـخ ٢٥/ ١١/ ١٩٥٤.

(٥٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، ژیان بەتەمەنترین ...، ل٢٥٧-٢٦٦.

(٥٤) مسـتەفا نـەریمان، یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان، ڕۆشـنبیری نـوێ (گۆڤـار) ژمـارە (١٣٤)، (بەغـدا، ١٩٩٤)، ل٧٢.

(٥٥) (د. ك. و)، ملفـات وزارة الداخليـة، مديريـة الداخليـة العامـة، (بغـداد)، الموضـوع، نـادي الارتقـاء الكـردي، الملـف ٩٦٤/٢٣٣، الرقـم: ا، ج/ ٩٤٠، التاريـخ ١٣/ ٦/ ١٩٦٤.

(٥٦) جەمـال بابـان دەڵێـت: کۆمەڵـەی لاوان لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە بەغدا دامـەزراوە، بڕوانـە پەراوێزی ژمـارە(٢) لـە : شـاکر فەتـاح، ئاوێنـەی ژینـم، یاداشـتەکانی شـاکر فەتـاح، ب١، ڕێکخـستن و لێکۆڵینـەوەی: ئەحمـەد سـەید عەلـی بەرزنجـی، وەزارەتـی پـەروەردە، چ١، (هەولێـر، ٢٠٠٦)، ، ل١١٦ ؛ بڕوانـە: خليـل جنـدي، حركـة التحـرر الوطنـي الكردسـتاني في كردسـتان الجنـوبي، ١٩٣٩-١٩٦٨ "آراء ومعالجـات"، ط١، (سـتوكهولم، ١٩٩٤)، ص٤٩-٥٠.

(٥٧) کەمال ڕەئووف محەمەد ، س. پ، ل١٥.

(٥٨) صبري حـسين البـاواني ، الجمعيـات والأحـزاب الكورديـة قبـل تأسـيس اليـارتي، مـتين (مجلـة)، العـدد (١٤)، دهـوك، ١٩٩٢، ص١١٤.

(٥٩) بڕوانە: الجمعيات والمنظمات ...، ص٩٢ ؛ هەر بڕوانە: عبدالجبار حسن الجبوري ، م. س، ص٨٤.

(٦٠) وەرگیراوە لە: غەفووری میرزا کەریم ، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، (بەغدا، ١٩٧٨)، ل١٠.

(٦١) بڕوانە: الحياة الحزبية في ...، ص٣٠٢.

(٦٢) كـورد السـليمانية وبغـداد بين الحـربين العالميـتين، ترجمـة: لاوك، مراجعـة: عبدالفتـاح علي البوتـاني، مـتين (مجلـة)، العـدد (٧٥)، دهـوك، ١٩٨٨، ص١٤٢.

(٦٣) بڕوانە: ئاوێنەی ژینم، ب١، ل١١٧.

(٦٤) مستەفا سائیب ئەستێرە گەشەی کورد ، ل١٥.

(٦٥) فـازڵ ڕەئـووف تاڵەبانـی: لـە سـاڵی ١٩٠٣ لـە شـاری کەرکـووک لەدایـک بـووە، یەکـەم جـار لـە مزگەوتـەکان خوێندوویەتـی، لـە سـاڵی ١٩٢٦ خوێندنـی سـەرەتایی تەواوکـردووە، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٣٣ قوتابخانـەی ئامادەیـی ناوەنـدی تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٣٧ لـە کۆلێـژی مـاف لـە بەغـدا وەرگیـراوە، دوای ئـەوە چووەتـە خولـی ئەفسـەرانی یەدەگـەوە بەرپرسـیارێتیی لـە بەڕێوەبـەری ناحییـەوە وەرگرتـووە، دواتـر بووەتـە قایمقامـی چەنـد قەزایەکـی کوردنشـین، کاری پارێـزەری کـردووە و لـە سـاڵی ١٩٥٧دا یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی کۆمەڵـەی مانگـی سـوور لـە کەرکـووک. بڕوانـە: ڕەفیـق سـاڵح و سـدیق سـاڵح، یـادگاری لاوان...،ل٢٧-٢٨

(٦٦) هـ. س، ل٤.

(٦٧) ئیبراهیـم ئەحمـەد: (١٩١٤-٢٠٠٠) لـە شـاری سـلێمانی لەدایـک بـووە، یەکێکـە لە کەسـایەتییە دیارەکانـی کـورد لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا لـە عێـراق، لـە سـاڵی ١٩٢٢ چووەتـە قوتابخانـەی (نموونـەی سـەعدات)، دوای ئـەوە لـە یەکێـک لـە قوتابخانـەکان تـا سـاڵی ١٩٣١-١٩٣٢ خوێندوویەتـی، لـە پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی چووەتـە بەغـدا و لـە سـاڵی ١٩٣٤ لـە ئامادەیـی کـەرخ تـەواوی کـردووە، لـە کۆلێـژی مـاف لـە بەغـدا وەرگیـراوە، لـە سـاڵی ١٩٣٧ تـەواوی کـردووە و لـە سـاڵی ١٩٤٢ بـووە بـە پارێـزەر، دواتـر دادوەر لـە دادگای هەولێـر لە سـاڵی ١٩٤٢ و لـە دادگای هەڵەبجـە بـۆ مـاوەی دە سـاڵ (١٩٣٩-١٩٤٩) بـووە، لـە ١٩٤٩ لـە ئەبوغرێـب زیندانـی کـراوە و دەسـتگیر کـراوە. سـەرۆکی لقـی سـلێمانیی(ژ ك) بـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٧ەوە چووەتـە ڕیـزی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٥١ەوە لـە کۆنگرەی دووەمـی پارتـی بووەتـە سـکرتێری پارتـی، خاوەنـی ئیمتیـازی ڕۆژنامەکانـی (خەبـات) و (کوردسـتان) بـووە. لـە لەنـدەن کۆچـی دوایـی کـردووە، بڕوانـە: ئەحمـەد شـەریف عەلـی، ئیبرایـم ئەحمـەد ژیـان و بەرهـەم، نامـەی ماسـتەر پێشکەشـی کۆلێجـی زمـان کـراوە، زانکـۆی سـلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٣٠-٣١؛ ڕەفیـق سـاڵح و سـدیق سـاڵح، یـادگاری لاوان...، ل٢٠-٢١.

(٦٨) حامد محمود عيسى ، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط، مكتبه مدبولي (القاهرة، ١٩٩١)، ص٢٨٤.

(٦٩) حامیـد فـەرەج (١٩١١-١٩٩٥) لـە شـاری سـلێمانی لەدایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و دواناوەنـدی لـە سـلێمانی و پەیمانگـەی مامۆسـتایانی لـە بەغـدا تەواوکـردووە، وەک مامۆسـتا لـە سـلێمانی کاری کـردووە، دوای ئـەوەی چووەتـە کۆلێـژی پۆلیـس، لەهێـزی پۆلیـس لـە بەغـدا و سـلێمانی کاری کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٣٦ کتێبێکـی لەسـەر ئەلفوبێـی کـوردی بڵاوکـردەوە، کـە بـووە بابەتێـک لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکان دەخوێنـدرا، لـە ڕۆژنامـە و

گۆڤارەکانیشدا بابەتی هەبووە. لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، یادگاری لاوان....،ل٢٣.

(٧٠) فایەق بێکەس: (١٩٠٥-١٩٤٨)، لە گوندی سیتەکی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواوکردووە، پاشان چووەتە بەغداد بۆ تەواوکردنی خوێندن، مامۆستا بووە تا لە ساڵی ١٩٣٣ کۆچی دوایی کردووە، یەکێك بووە لە سەرکردەکانی ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ لە سلێمانی، ئەندامی (ژ ک) بووە و پاشان پارتی، بۆ وردەکاری بڕوانە: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، هـ. س، ل ٢٨-٢٩؛ جمال بابان، أعلام کرد العراق (سلیمانیة، ٢٠٠٦)، ص٥٦٩-٥٧٤.

(٧١) عەبدوڵڵا گۆران:(١٩٠٤/١٩٠٥-١٩٦٢) لە هەڵەبجە لەدایکبووە، لە کەرکووک خوێندوویەتی، مامۆستا و دواتر فەرمانبەری ئەشغال بووە تا ساڵی ١٩٥١، لە ڕادیۆ بێژەر بووە، لە ڕۆژنامەی (ژین) و گۆڤاری شەفەق و بەیان و ڕۆژنامەی ئازادی کاری کردووە، جگە لە کارەکانی لە کۆمیتەی ئاشتی لە سلێمانی . خاوەنی چەندین بەرهەمی شیعر و پەخشانە، بڕوانە: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، یادگاری لاوان...، ل ٢٦-٢٧.

(٧٢) ساڵح یوسفی: (١٩١٨-١٩٨١) لە گوندی بامەڕنی سەر بە قەزای ئامێدی لە دایکبووە، ناسناوی پرۆفیسۆر (سەیدا)ی لە ناسناوی دایکی، سەیدە فاتیمە وەرگرتووە و، سەرەتایی لە گوندەکەی و دواناوەندی لە قوتابخانەی دواناوەندیی ئەلبەیت لە ساڵی ١٩٣٨ تەواو کردووە ، پاشان لە ساڵی ١٩٤٣ کۆلێژی دار ئەلعلومی لە بەغدا تەواو کردووە، چەند ساڵێک لە وەزیفە کاری کردووە و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی هیوا و ڕزگاری، پۆستی گرنگ و پێشکەوتووی حزبی لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە، لەوانە: بەرپرسی لقی یەکی پارتی. چەندینجار بەشداری لە شاندە دانوستانکارییەکانی بزووتنەوەی کوردی لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقدا کردووە، لە دوای ڕێککەوتنەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە دەوڵەتی عێراقدا پۆستی وەزاری هەبووە، بەهۆی چالاکییە سیاسییەکەیەوە زیاتر لە جارێک زیندانی کراوە و دەستگیرکراوە، لە بەغدا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقەوە بە بەکارهێنانی نامەیەکی لوغمکراو تیرۆر کراوە، بڕوانە: عبدالسلام علي ، صفحات من نضال الشهید صالح الیوسفي، ط١، (دهوك، ١٩٩٢).

(٧٣) حەسەن تاڵەبانی : (١٩١٣-٢٠٠٠) لە ساڵی ١٩٣٤ کۆلێجی مافی تەواو کردووە، کاری پیشەیی و کارگێڕی کردووە، تا بووەتە موتەسریفی سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٦، بۆ وردەکاری بڕوانە: جمال بابان ، أعلام ...، ص٢٣٦.

(٧٤) شـاکر فەتـاح (١٩١٤-١٩٨٨): لـە شـاری سـلێمانی لەدایـک بـووە و لـە بەغـدا خوێندوویەتـی و لـە سـاڵی ١٩٣٦ کۆلێجـی مافـی تـەواو کـردووە، ژمارەیەکـی زۆر لێکۆڵینـەوە و وتـاری لـە بـواری زمـان و ئـەدەب و مێـژووی کوردیـدا نووسـیوە، لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە لـە ١٩٨٨/٣/١٨ دەسـتگیرا و شـەش مانـگ دوای دەسـتگیرکردنی لەناوبـرا. بـۆ زانیاریـی زیاتـر بڕوانـە یاداشـتەکانی: (ئاوێنـەی ژینـم) ب١، تـا ب٤.

(٧٥) عبدالستار طاهر شريف ، الجمعيات والمنظمات ...، ص٩٢.

(٧٦) شاکر فتاح ، س. پ، ب١، ل٢٣٢.

(٧٧) عبدالفتاح علي البوتاني ، الحياة الحزبية في ...، ص٣٠٢ ؛ صبري حسين الباواني، م. س، ص١١٤.

(٧٨) ئیسماعیـل سـەعید آغـا دۆسـکی: لەسـاڵی ١٩٢٣ لـە دهۆك لەدایك بـووە، قۆناغی سـەرەتایی و دواناوەنـدی لـە مووسـڵ تەواو کـردووە، چووەتە کۆلێژی یاسـا، بەڵام تەواوی نەکردووە، لە سـاڵانی چلـەکان خـۆی کوشـتووە، بڕوانـە: هلـبين محمـد أحمـد عبـو المـزوري ، حـزب هيـوا- الأمـل ١٩٣٩-١٩٤٦، رسـالة ماجسـتير مقدمـة إلى مجلـس كليـة الآداب، جامعة دهـوك، ٢٠٠٧، ص٦٨.

(٧٩) صبري حسين الباواني ، م. س، ص١١٤-١١٥.

(٨٠) غەفوور میرزا کەریم ، کۆمەڵەی لاوان ...، ل٣١.

(٨١) سروه اسعد جابر ، كوردستان الجنوبية ...، ص٣٥١.

(٨٢) ئەرمەنـی بـوو، خاوەنـی فرۆشـگایەکی بازرگانـی بـوو لـە شـوێنێک، کـە لـە ئێسـتادا دەکەوێتـە شـەقامی ڕەشـید لـە سـەرەتای شـەقامی ئەلموتەنەبـی لـە بەغـداد، زمانـی کـوردی نەدەزانـی، ڕەنگـە مەبەسـتی بـۆ ئـەم هاوکارییـە بـۆ گوزارشـت بووبێـت بـۆ ڕاسـتگۆیی برایەتیـی ئەرمـەن-کـورد، بڕوانـە: ئەحمـەد بـاوەڕ، کوردسـتان و چالاکیـی کۆمەڵـەو ڕێکخـراوە کوردییـەکان لـە سـاڵانی ئینتیدابـی بەریتانیـا ١٩٢٠-١٩٣٢، چ١، (سـلێمانی، ١٩٩٨)، ل ٤٥.

(٨٣) هـ. س، ل٤٥ ؛ سروه اسعد صابر ، كوردستان الجنوبية ...، ص٣٥١.

(٨٤) خليل مصطفى ، م. س، ص١٩٣.

(٨٥) محسن أحمد المتولي ، م. س، ص١٥٦.

(٨٦) جلال الطالباني ، كوردستان والحركة ...، ص٦٦.

(٨٧) م. ن، ص٦٧.

(٨٨) لە بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیەدا باسی ڕۆڵی کولتووریی کۆمەڵەکە دەکرێت

(٨٩) شاکر فەتاح ، س. پ، ب١، ل١٣١ ؛ ئەحمەد حەمەدەمین هۆمەر، س. پ، ل١٤٥.

(٩٠) شاكر فەتاح ، س. پ، ب١، ل١٣١ ؛ خليل مصطفى ، م. س، ص٢٤٥.

(٩١) ئەحمەد حەمەدەمین هۆمەر ، س. پ، ل١٤٦.

(٩٢) دیدەوانی، واتە ڕێکخستنی قوتابیان بۆ گروپ و پێکهاتەی قوتابیان، کە ئامانجیان بریتییە لە: ڕاهێنان بۆ باشترکردنی لەشجوانی و گرنگیدان بە پەروەردەی وەرزشی، ئەم پێکهاتانە نیمچە سەربازی بوون، بۆ یەکەم جار لە ئەوروپا دەرکەوتن دوای گەلاڵەبوونی ئایدۆلۆژیای پەڕگیری نەتەوەیی، وەک: نازیزم و فاشیزم کاتێک هیتلەر دەسەلاتی لە ئەلمانیا گرتە دەست، دەستی بە میلیتاریزەکردنی پەروەردە کرد، لە یەکێک لە وتارەکانی وەزیری لاوانی ئەلمانیا (بالدیرڤۆن شیراخ)دا باسکراوە "مەبەست لە ڕاهێنانی گەنجان گەشەپێدانی جەستەیانە، بۆ بەهێزکردنی بازوویان، بۆ ئەوەی جەستەیان تەندروست بێت، بۆ بەهێزکردنی جەستەیان، بۆ بەهێزکردنی بڕوابوونیان بە ئایندەی نیشتمانەکەیان و بەخۆیان، تاکو تێیاندا هەستێکی هاوڕێیەتی و خۆشگوزەرانی بچەسپێت، کە هەموو بارودۆخێکی چینایەتیی کۆمەلایەتی و ئابووری دەسڕێتەوە، هەموو سنووره کۆمەلایەتییەکان لادەبات، وەک چۆن لە یەک سەربازگەدا دەژین و لەسەر یەك مێز دەخۆن و پێکەوە چێژ لە کات بەسەربردن وەردەگرن و هەستی نەتەوەییان بەهێزتر دەبێت، دواتر ئەم بزووتنەوەیە لە دەولەتانی دیکە بلاوبووەوە، بڕوانە: جرجيس فتح الله ، نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً، أضواء على القضية الآشورية (مذابح آب١٩٣٣)، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٤)، ص.٥٩٧-٥٩٨.

(٩٣) بڕوانە: إبراهيم خليل أحمد العلاف ، م. س، ص٧٤٩-٧٦١.

(٩٤) شاكر فەتاح ، س. پ، ب١، ل١٣٥.

(٩٥) هـ. س، ل١٣٥ ؛ ئەحمەد باوەڕ، کوردستان وچالاکی ...، ل٤٣.

(٩٦) شاكر فەتاح ، س. پ، ب١، ل١٣٦-١٣٧.

(٩٧) عانە، جۆرە پارەیەك بوو لەو سەردەمەدا لە عێراق هەبوو.

(٩٨) شاكر فەتاح ، س.پ، ب١، ل١٣٦-١٣٧ ؛ خليل مصطفى ، م. س، ل ٢٤٣-٢٤٤.

(٩٩) شاكر فەتاح ، س. پ، ب١، ل١٣٥.

# تەوەری دووەم

## پەرەسەندنی ڕۆڵی قوتابیانی کورد لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکاندا لە قۆناغی دوای سەربەخۆیی عێراق

دوای بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە ٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٢ کە بە دەق عێراقی وەک ئەندامی کۆمەڵەی گەلان قبوڵ بکرێت، قۆناغی ئینتیدابی بەریتانیا بەسەر عێراقدا کۆتایی هات، چونکە بەم شێوەیە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بە فەرمی بەدەستهێنا[١]، بەمجۆرە قۆناغێکی نوێ لە عێراق دەستیپێکرد کە تێیدا سەرهەڵدانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردی و عێراقییەکانی بەخۆیەوە بینی و، قوتابیانی کورد ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنانی زۆربەیاندا هەبوو. ئەم چالاکییانە لە ئەنجامی ئەو پێشهاتانە هاتنە ئاراوە کە لە ئاستی جیهانیدا ڕوویاندا، بەتایبەتی سەبارەت بە سەرهەڵدانی ڕەوتە ئایدیۆلۆژییەکان و کاردانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر دەستەبژێری خوێندەوار و ڕۆشنبیر، وەک: ئایدۆلۆژیای مارکسیزم و نازیزم و فاشیزم، بڵاوبوونەوەیەکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی کە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرییان لە گۆڕەپانی عێراقیدا، بە گۆڕەپانی کوردیشەوە، هەبوو[٢]. ئەم بیرۆکانە دزەیان کردە لای قوتابیان لە عێراقدا، لەوانەش قوتابیانی کورد و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان وەریانگرت، چەندین وتار و کتێب کە ئەو بیرۆکانەیان تێدابوو، بڵاوکرانەوە. هەڵوێستگەلێک کە گوزارشتیان لەو ئاراستە فیکرییە دەکرد، سەریان هەڵدا.

لەم چوارچێوەیەشدا پێویستە ئاماژە بە "الاهالي" بکرێت[٣] کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەیەکی چاکسازیخوازانەیان لە عێراقدا دەکرد، ڕۆڵیان هەبوو لە پەرەپێدان و جۆشداني بیرۆکەی چاکسازیخوازانە لەنێو قوتابیاندا، ئەم (گروپە) لە لایەن ژمارەیەک قوتابیی عێراقییەوە پێکهێنرا[٤] لەنێویاندا بەشێک لە قوتابیان کورد بوون، وەک: عەلی حەیدەر سلێمان و کەسانی دیکە[٥]، ئەمەش بوو بە خاڵی دەستپێک بۆ قوتابیانی کورد؛ بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی هاوشێوە کە هەڵگری بیرۆکەی چاکسازیخوازانە و بەرگریکردن بێت لە دۆزی کورد لەم قۆناغە گرنگەی مێژووی عێراقدا.

هەروەها جێپەنجەی هەردوو ئایدۆلۆژیای چەپ و نازیزم لە یانەی ئەلقەلەمی عێراقیشدا ڕوون بوو، کە لەلایەن قوتابیان و ڕۆشنبیرانی عێراقییەوە دامەزرا و لەنێو دامەزرێنەرانیشدا هەندێک قوتابیی کورد هەبوون، لەوانە: عەلی حەیدەر سلێمان و بەهائەدین نووری و هی دیکە[٦] ، هەروەها یانەی ئەلموسەننا[٧]. پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە هەندێك لەو ڕێکخراوانە بەتایبەتی یانەی موسەننا، خۆیان بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی (دەمارگیر)ی عەرەبییەوە گرتبووەوە، ئەمەش کورد و بەتایبەتی قوتابیانی تووڕە کرد. بەتایبەتی کە "گردبوونەوەی نەتەوەیی قوتابیان"[٨] کە یەکێک بوو لە باڵەکانی یانەکە، لە چوارچێوەی پەیمانگە و کۆلێجەکانی بەغدا[٩] چالاکییەکانی ئەنجام دەدا و، گرژییەکانی لەگەڵ کورد زیاتر کرد. ئەم پێشهاتانە لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەدا لە پەرەپێدانی ئاراستەگەلی فیکریی قوتابیان بە گشتی ڕۆڵیان هەبوو.

چەند هۆکارێک هەبوون، کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی ئاراستەی فیکریی قوتابیان بە گشتی هەبوو. لەوانەش ئەو هێزە سیاسیانەی لەو سەردەمەدا لە عێراقدا کاریان دەکرد، هەروەها پرۆگرامە پەروەردەییەکانی عێراق لە قۆناغی دوای سەربەخۆیی عێراق لە ساڵی ١٩٣٢. بەو پێیەی پرۆگرامی خوێندن کاریگەریی لەسەر پێکهاتنی فیکریی قوتابیانی عێراق لەو سەردەمەدا هەبوو، لە ڕێگەی ئاگاداربوونی قوتابیان لە بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا، هەروەها چەمکەکانی ڕێنێسانسی ئەورووپی و ئەو شۆڕشانەی دژی ستەمکاریی هەڵگیرسان، وەک هەموو ئەو شتانەی لە سەرەوە باسمان کردن، ڕۆڵیان هەبوو لە گەڵاڵەکردنی ئاراستەی قوتابیان[١٠] و، قووڵکردنەوەی بیرۆکەی نەتەوەییان بە شێوەیەکی بەرچاو، بە تایبەت دوای ئەوەی یاسین ئەلهاشمی لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٣٥ کابینە وەزارییەکەی پێکهێنا. هەروەها گرنگیدانی بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراقدا و هەوڵدان لە ڕێگەیانەوە کە ڕۆحی سەربازی لە نێو قوتابیاندا بڵاوبکاتەوە[١١]، لە ڕێگەی میلیتاریزەکردنی قوتابخانەکان و بەکارهێنانی سیستەمی مێردمنداڵان لە عێراقدا، لە ساڵی خوێندنی ١٩٣٥دا سیستەمی مێردمنداڵیی نیمچە سەربازی لە قوتابخانەکانی عێراقدا جێبەجێ کرد، هاوشێوەی سیستەمی مێردمنداڵی و میلیتاریزەکردنی پەروەردە کە لە ئەڵمانیادا زاڵ بوو لەسەر دەستی ئەدۆلف هیتلەر[١٢]و بەپێی ئەو سیستەمە[١٣] لە کاتی چالاکییەکانیدا کە لە کەمپەکانی هاوینەدا ئەنجام

دەدرا، جۆرێـک تێکەڵـی و ئاڵوگـۆڕی فیکـر لەنێـوان قوتابیانـدا هاتـە کایـەوە.

پێشـوازیی قوتابیـان لـە بیرۆکـە و ئاراسـتەی جۆراوجـۆر لـە ڕێگـەی ڕەوتـی ئـەو فاکتەرانـەی بـاسمان کـردن، پاڵنـەر بـوون بـۆ جووڵـە و ڕێکخسـتنی قوتابیـان، بیرۆکـەی نەتەوەییـش لـە پلـەی یەکەمـدا زاڵ بـوو بەسـەر ڕەفتـاری قوتابیانـدا، دواتـر بیرۆکـەی نیشـتمانی و سۆسیالیسـتی و ڕیفۆرمخـوازی لـە پلـەی دووەمـدا. لـە بـەر ڕۆشـنایی ئەمـەدا، و تـا ئـەو شـوێنەی پەیوەندیـی بـە بابەتـی ئـەم توێژینەوەیـەوە هەیـە، لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٣٥ و سـەرەتای سـاڵی ١٩٣٦دا هەندێـک مەزهـەب و کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی کولتـووری و سیاسـی بـە شـێوەی سـادە بـە ڕێگـەی کاریگەریـی ئـەو پێشـهاتانە[١٤] بـۆ سـەر قوتابیانـی کـورد و توێژەکانـی دیکـەی کۆمەڵایەتـی هاتنەئـارا، بۆیـە قوتابیانـی کـورد چەندیـن کۆمەڵـە و ڕێکخراویـان پێکهێنـا، لەوانـە:

**أ. یانەی سمکۆی شکاك**

کۆمەڵێـک قوتابیـی کـورد کـە لە بەغـدا دەیانخوێنـد، لـە ٤ی ئـازاری ١٩٣٥ داواکارییەکی فەرمییـان پێشـکەش بـە حکومـەت کـرد و داوایـان لێکـرد، ڕەزامەنـدی لەسـەر دامەزراندنـی یانەیـەک بـە نـاوی: سـمکۆی شـکاك بـدات. لەنێـو ئـەو قوتابییانەشـدا: ئیبراهیـم ئەحمـەد، فـازڵ تاڵەبانـی، عـارف تاڵەبانـی، شـاکر فەتـاح، بەهائەدیـن عـارف (ئـەم پێنجـە قوتابیـی کۆلێـژی مـاف بـوون)، عەبدولـڕەحمان عەبـدوڵڵا (قوتابیـی کۆلێـژی پزیشـکی) و شـێخ ڕەئـووف شـێخ مەحمـوود (قوتابیـی قوتابخانـەی ئەمریکـی لـە بەغـدا). خاوەنـی بیرۆکەکـە ئیبراهیـم ئەحمـەد بـوو[١٥]. داواکاریـی دامەزرانـدن هاوپێـچ کرابـوو بـە پرۆگـرام و پەیڕەوی ئـەو یانەیـەی کـە پێشـنیازکرابوو پێکبهێنرێـت[١٦]، ئامانجـی بڵاوکردنەوەی کولتـووری کوردی و زیندووکردنـەوەی ڕۆحـی وەرزشـی بـوو لەنـاو گەنجانـی کـورددا، بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕەوشـت و کۆمەڵایەتـی و زانسـتی لـە کوردسـتان بـە تایبەتـی و لـە عێـراق بـە گشـتی، ئامانجەکانـی یانەکـەش دوور بـوون لـە سیاسـەت و مەبەسـتە ئاینییـەکان[١٧].

بـەڵام حکومـەت داوای دامەزراندنـی ئـەم یانەیـەی پەسـەند نەکـرد، بـە بیانـووی ئـەوەی ئامانجەکانـی یانەکـە پێشـێلکردنی ماددەکانـی یاسـای کۆمەڵەکانـی عێراقـە، کـە ڕێگـە بـە دامەزراندنـی ئـەو کۆمەڵانـە نـادات کـە مۆرکـی نەتەوەییـان هەبێـت[١٨]، بۆیـە ئـەم یانەیـە تەنیـا وەک پێشـنیازێک مایـەوە و هیـچ چالاکییەکـی ئەنجـام نـەدا.

## ب. کۆمەڵەی ئازادیی کورد

ئـەم کۆمەڵەیـە لـە مانگەکانـی تشرینـی دووەم و کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٣٥ لەلایـەن کۆمەڵێـک قوتابیـی قۆناغـی ناوەنـدی لـە شـاری سـلێمانی[١٩] بـە هاوکاریـی مامۆسـتا (مەحمـوود ئـازادی) دامـەزرا. یەکەمیـن کۆبوونـەوەی لـە ماڵـی مامۆسـتای ناوبـراو ئەنجامـدرا و بـووە شـێوەی کۆنگـرەی دامەزرانـدن بـۆ ئـەم کۆمەڵەیـە[٢٠]. لەپاڵ قوتابیانـی دامەزرێنـەر، چەندیـن کەسـایەتیی نـاسراوی توێژەکانـی کۆمەڵگـە ئامـادەی بـوون، نـوری شـاوەیس[٢١]، حەمـە تاپـۆ، مجـدل خەیـات، ئەحمـەد غانـم، فـازڵ عیرفـان، عەزیـز شـالی (ناسـناوی شـیعریی: هێمـن) و هـی دیکـە، مامۆسـتا (مەحمـوود ئـازادی) سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـەی دەکـرد[٢٢].

کۆمەڵەکــە چەندیــن چالاکیــی ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتــی ئەنجــام دا، وەک پێشکەشـکردنی شـانۆگەری و پێکهێنانـی گروپـی گۆرانـی و بەشـداریکردن لـە بۆنـە نەتەوەییەکانـی وەک: نـەورۆز و ئاگرکردنـەوە لەسـەر لووتکـەی چیـاکان بـەم بۆنەیـەوە، کـە هەسـتی نیشـتمانپەروەری و نەتەوەیـی وروژانـد لـە دەروونـی خەڵکـدا، بەتایبـەت گەنجـان و قوتابیـان[٢٣]. کۆمەڵـەی ئازادیـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٣٧ بـە فەرمانـی مەجیـد یەعقوبـی موتەسـەڕیفی لیـوای سـلێمانی داخـرا، کـە تـازە لـەم پۆسـتە دامەزرابـوو، ناوبـراو بـە مەیلـە کۆنەپەرسـتەکانی نەتەوەپەرسـتی عەرەبیـی دەمارگیـر و دژە کـورد و داخوازییـە نەتەوەییەکانـی ناسرابـوو[٢٤].

## ج. کۆمەڵەی بروسك

بـە نهێنـی لەلایـەن کۆمەڵێـک قوتابیی کـورد لـە قوتابخانـەی ئامادەیی مووسـڵ دامەزرا. لـە دیاریکردنـی سـاڵی دامەزراندنـی ئـەم کۆمەڵەیـە جیـاوازی هەیـە، یەکێـک باسـی لـەوە کـردووە کـە لـە سـاڵی ١٩٣٥ دروسـت بـووە و تـا سـاڵی ١٩٣٨ بـەردەوام بـووە[٢٥]، هەروەها لـە یەکێـک لـە سـەرچاوەکاندا بـاس لـەوە کـراوە، لـە سـاڵی ١٩٣٦ لەلایـەن سـاڵح یوسـفی و هەندێـك لـە هەڤاڵەکانـی دامـەزراوە[٢٦]، لەکاتێکـدا عەبدولفەتـاح بۆتانـی ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٣٩ دامـەزراوە[٢٧]، قوتابیانـی دامەزرێنـەر بریتـی بـوون لـە: حسـێن زاخۆیـی، سـدیق ئەتروشـی، شـەفیق سـەعدوڵلا، سـاڵح یوسـفی، هەمـزە عەبـدوڵلا[٢٨] ئەکـرەم ڕەشـید حەسـەن. قوتابییەکـی خەڵکـی زاخۆیـان هەڵبـژارد بـۆ

سەرۆکایەتیی کۆمەڵەکە، کە پێدەچێت هەمزە عەبدوڵڵا[٢٩] بێت و، بارەگای کۆمەڵەکە لە ناوچەی بادینان بوو[٣٠]، بەبێ ئەوەی بە تایبەتی باسی شارەکە بکەن.

ئەو ئامانجانەی کۆمەڵەکە بۆ وەدیهێنانیان دامەزرابوو:

١. بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی کورد.
٢. بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لەنێو جەماوەری کوردستاندا.
٣. کاتێك هەستی نەتەوەیی لە دەروونی کورددا دەچەسپێت و هەست دەکەن گەلێکی چەوساوەن و مافەکانیان پێشێلکراوە لەسەر خاکی خۆیان(کوردستان)، ئەو کاتە کۆمەڵەکە دەست بە هاندانی جەماوەری کوردستان دەکات بۆ ئەوەی بڕژێنە گۆڕەپانی خەبات[٣١].

کۆمەڵەی بروسک لە بەهاری ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی ئەلجیلە لە دەرەوەی شاری مووسڵ، بە ئامادەبوونی زۆربەی قوتابیانی کورد لە مووسڵ کە ژمارەیان نزیکەی (٥٠) قوتابی بوو، یەکەمین کۆنفرانسی بۆ قوتابیان و لاوانی کورد ئەنجامدا، دەستی کرد بە خەبات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان قوتابیان و جەماوەری کورد لە مووسڵ و شار و گوندەکانی بادینان، کۆمەڵەکە درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی دا و، دواتر بوو بە هەوێنی ڕێکخستنەکانی حزبی هیوا لە ناوچەکەدا[٣٢].

**د. کۆمەڵەی دارکەر**

ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک قوتابیی کورد لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا هاوشێوەی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتاڵی دامەزرا[٣٣]، کە کتێبی مێژووی نوێی ئەوروپا[٣٤]، لەو کاتەدا وەک پرۆگرامێك لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرا، کاریگەریی هەبووە لە قووڵکردنەوەی ئاراستەی یەکێتی لەنێو دەروونی قوتابیان لە عێراق ، کە ئاگادار بوون بە ئەزموونەکانی یەکێتیی ئیتاڵی و ئەڵمانی، هەروەها کاریگەریی هەبووە لەسەر پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی لای قوتابیان لە ڕێگەی زاراوەگەلی دیکە[٣٥]، هەروەها بڵاوبوونەوەی ڕەوتە نەتەوەیی و نیشتمانی و چەوسانەوەی نەتەوەییەکان، کاریگەریشی هەبوو لەسەر هاندانی قوتابیانی کورد بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک کە خەبات بۆ ڕزگاری و یەکگرتنی کوردستان بکات، ئەو کوردستانەی لە نێوان چەند وڵاتێکدا دابەش کراوە.

پەیوەست بە ساڵ و شوێنی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە، جیاوازی و ناکۆکی نەک تەنیا لە سەرچاوەکاندا هەیە، بەڵکو لەنێوان خودی ئەندامان و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە هەیە، یەکێک لەوانە، موکەڕەم تاڵەبانی[٣٦]، باسی لەوە کرد کە "لە نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی مەڵبەندیی کەرکووکەوە دامەزراوە"[٣٧]، پێکهێنانی دوای ئەوە هات کە قوتابیان لە هەندێک ناوچەی کوردستانەوە چوونە کەرکووک بۆ تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندییان، چونکە لەو سەردەمەدا قوتابخانەی ئامادەیی لەو ناوچانە نەبوو، بۆیە دواناوەندیی کەرکووک بۆ ئەوان نزیکتر بوو.

نوری شاوەیس باسی لەوەشکرد: لە پاییزی ساڵی ١٩٣٨ بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی دواناوەندی لە لیوای سلێمانی، چووینە لیوای کەرکووک بۆ خوێندنی دواناوەندی، دوو مانگ بەسەر دەستپێکردنی خوێندن تێنەپەڕیبوو، ئێمە کۆمەڵەی دارکەرمان پێکهێنا، ئەوەش لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٨ بوو[٣٨].

لە کاتێکدا مووسا عەبدولسەمەد (کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە) سەرگوزەشتەیەکی باس کرد، کە ساڵێکی دیاریکراوی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکە دیاری نەکرد، ئەو دەڵێت: ئێمە کۆمەڵێک قوتابیی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بووین، بیرمان لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کردەوە، یونس ڕەئووف (دڵدار)[٣٩] پێشنیازی کرد کە کۆمەڵەکە ناوی دارکەر بێت. دەستەی دامەزرێنەر بریتی بوون لە: مستەفا عوزێری، موسا عەبدولسەمەد، فەتاح جەبار، دڵدار، و نوورەدین لە کەرکووک، ئەمە لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ بوو[٤٠] و، کۆمەڵەکەش لە هەولێر لەلایەن قوتابیانی هەولێرییەوە دامەزرا[٤١].

مستەفا عوزێری دەڵێت: بنەچەی حزبی (هیوا) لە هەولێرەوە دەستیپێکرد، کاتێك کۆمەڵێک قوتابیی خاوەن مەیلی نەتەوەیی بڕیاریاندا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی پێکبهێنن و سەرەتا ناوی داریکەلی بوو[٤٢]،هەموو دامەزرێنەران خەڵکی شاری هەولێر بوون جگە لە یونس ڕەئووف(دڵدار) کە خەڵکی کۆیە بوو[٤٣].

لە کۆی ئەو سەرگوزەشتانەی سەبارەت بە ساڵ و شوێنی دامەزراندنی کۆمەڵەکە، دەتوانرێت بگەینە ئەم ئەنجامانە:

١. ئەستەمە ساڵێکی دیاریکراو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکە دیاری بکرێت، بەهۆی ئەو گێڕانەوە جیاوازانەی خودی دامەزرێنەران سەبارەت بەم دوو لایەنە دەیخەنە ڕوو، بۆیە دەکرێ بڵێین لە ساڵی خوێندنی ١٩٣٧-١٩٣٨ لە شاری کەرکووک لەلایەن کۆمەڵێک قوتابیی ئامادەیی مەڵبەندییەوە دامەزراوە، کە زۆربەی سەرچاوەکانی لەسەر ئەم بابەتە هاوڕان(٤٤).

٢. زەحمەتە قسەکەی موسا عەبدولسەمەد و مستەفا عوزێری قبوڵ بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکیان لە دامەزرێنەران بوون، لەبەر چەند هۆکارێك: پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەکان کە لەو سەردەمەدا قوتابخانەی ئامادەیی لە هەردوو لیوای سلێمانی و هەولێر نەبووە، بەڵام تەنیا یەك قوتابخانەی ئامادەیی لە کەرکووک هەبوو لە ساڵانی سییەکان(٤٥). بەهەمان شێوە ئەو کەسەی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەی هێنایە ئاراوە، یونس ڕەئوف (دڵدار) بوو کە بەڕەچەڵەک کەرکووکییە و لە کۆیە گەورە بووە، خوێندنی ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە نەک لە هەولێر(٤٦).

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەش پێشبینی دەکەین کە لە کەرکووک دامەزرابێت، بە پشتبەستن بەو سەرچاوانەی بە بەڵگەوە باسیان کردووە، هەروەها ئەوەی کە یەکێکیان ناوی کۆمەڵەی (داریکەلی) بەڵگەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی لێکچوونی هەردوو ناوی (داریکەلی) و (دارکەر)ەوەیە، بەو پێیەی نزیکەی پێنج دەیە بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا تێپەڕیبوو، کاتێک کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەو کەسەدا ئەنجامدا، کە موسا عەبدولسەمەد بوو(٤٧).

یونس ڕەئووف(دڵدار) بیرۆکەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی دارکەر)ی لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەم قوتابییانەدا خستە ڕوو، کە بە نهێنی لە یەکێک لە ڕۆژەکانی نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلوولی ١٩٣٧ی زایینی بەڕێوەچوو(٤٨)، تەنیا سێ ڕۆژ دوای یەکەم کۆبوونەوە، دووەم کۆبوونەوە لە ماڵی بورهان حامید بەگی جاف ئەنجامدرا(٤٩). لەم کۆبوونەوەیەدا دڵدار وتارێکی پێشکەش کرد کە تیایدا ئاماژەی بە بارودۆخی کوردستان و واقیعی دابەشکردنی زێدی نیشتمان کرد لەنێوان چەند وڵاتێکدا. باسی لەوەش کرد کە ڕزگارکردنی کوردستان ئەرکێکە دەکەوێتە سەر شانی ڕۆشنبیران - واتە قوتابیان، بەو پێیەی وەک گروپی ڕۆشنبیر

و خوێنـدەوارن، هەربۆیـە جەختـی لەسـەر پێویسـتی دامەزراندنـی کۆمەڵەیـەک کـردەوە بـۆ گەیـشتن بـەم مەبەسـتە، بـەم شـێوەیە ڕەزامەنـدی درا کـە ڕێکخراوێـک بەنـاوی کۆمەڵـەی دارکـەر دابمەزرێـت[٥٠].

دوابـەدوای ئـەوە؛ کۆمەڵەکـە دەسـتی بـە چالاکیـی ڕێکخـستن کـرد، هەربۆیـە چالاکوانانـی کۆمەڵەکـە بازنـەی ڕێکخسـتنیان لـە ڕیـزی قوتابیانـدا فـراوانتر کـرد، لەنێـو ئەوانـەی پەیوەندییـان پێوەکـرد: جـەلال حامیـد بـەگ (بـرای بورهـان) و کاکـە حەمـەی سـەید ئەحمـەد خانەقـا و جەمیـل ڕەشـید میـران[٥١] و عەبدولفەتـاح جبـوری و براکـەی ڕۆسـتەم جبـوری و مووسـا ئەحمـەد و ڕەشـید باجـەلان و محەمـەد ئەمیـن[٥٢]. هەروەهـا لەلایـەن نـوری شـاوەیس، نـوری مـەلا ئیسماعیـل، نـوری ئەحمـەد تەهـا، براکـەی مەهـدی ئەحمـەد تەهـا، مەهـدی حاجـی محەمـەد (کـە قوتابیـی پۆلـی سـێی ناوەنـدی بـوو)، مسـتەفا عوزێـری، عەزیـز شـاڵی، نورەدیـن بەهادیـن (کـە قوتابیـی کۆلێجـی مـاف) بـوو[٥٣].

چالاکییەکانـی کۆمەڵـەی دارکـەر فـراوانتر بـوون، دوای ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لـە قوتابیـان پەیوەندییـان بـە ڕیزەکانیـەوە کـرد، نـەک تەنیـا لـە شـار و شـارۆچکە کوردنشـینەکان، بەڵکـو بـۆ شـارەکانی دیکـەی عێراقیـش کـە قوتابیانـی کوردیـان تێـدا دەخوێنـد. کۆمەڵەکـە لقـی خـۆی لـە شـارە جیاجیاکانـی کوردسـتان و عێـراق کـردەوە، لەپـاڵ لقـی کەرکـووک، لقەکانـی لـە هەولێـر، سـلێمانی، کۆیـە، کفـری، شـەقڵاوە، چەمچەمـاڵ[٥٤]، خانەقیـن، بەغـدا[٥٥] کـردەوە.

کۆمەڵەکـە یەکەمیـن کۆنگـرەی خـۆی لـە مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٣٨ لـە پارکـی ئـوم ئەلڕەبیعەیـن لـە شـاری کەرکـووک بـە ئامادەبوونـی نزیکـەی (٦٠) ئەنـدام ئەنجامـدا، دڵـدار لـە کۆنگرەکـەدا وتارێکـی پێشـکەش کـرد کـە تیایـدا باسـی لـە دۆخـی کۆمەڵەکـە و چالاکییەکانـی کـرد لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٣٧-١٩٣٨، کـە ڕێکخسـتنەکانی فـراوانتر بـوون، تـا سـەرجەم شـارەکانی کوردسـتانی گرتـەوە، لـە ئەنجامـی زیادبوونـی ژمـارەی قوتابیـان کـە هاتنـە نـاو کۆمەڵەکـە[٥٦]، پاشـان ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەر ڕاپۆرتەکانیـان پێشـکەش کـرد، کـە تیایـدا باسـیان لـە دۆخـی دارایـی کۆمەڵەکـە و چالاکییـە ڕۆشـنبیرییەکانی کـرد، لـەم کۆنگـرەدا پێشـنیازێک کـرا بـۆ گۆڕینـی نـاوی کۆمەڵەکـە و فراوانکردنـی بنکەکـەی بـۆ ئـەوەی چینـە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـەش

بگرێتـەوە، جەختیـان لەسـەر پێویسـتی هەڵبژاردنـی کەسـایەتییەکی بـە ئەزموونـی کـورد لـە بـواری ڕێکخسـتنەکان کـردەوە، کـە دیـدگای سیاسـیی هەبێـت بـۆ ئـەوەی سـەرۆکایەتیی کۆمەڵەکـە بـکات(٥٧)، بـۆ ئـەو مەبەسـتە کۆمەڵێـک کەسـایەتیی نـاسراوی کـورد کاندیـد کـران، لەوانـە: ماجیـد مسـتەفا، محەمـەد ئەمیـن زەکـی، مەعـروف جیـاووک، جەمـال بابـان، تۆفیـق وەهبـی، ڕەفیـق حیلمـی و دواجـار بـە زۆرینـە ڕەفیـق حیلمییـان هەڵبـژارد، بۆیـە شـاندێکیان بـۆ پەیوەندیکـردن بـەو کەسـە پێکهێنـا(٥٨) .

کۆمەڵـەی دارکـەر پەیـڕەو و پرۆگرامـی ناوخـۆی نـووسراوی نەبـوو، هەروەهـا ئایدۆلۆژییایەکـی تایبـەت و ڕوونیشـی نەبـوو (٥٩)، هیـچ بڵاوکراوەیەکـی دەرنەکـرد، ئـەم بابەتـەش لەنێـو ئـەو شـتانەدا بـوو کـە کۆمەڵەکـە جەختـی لەسـەر دەکـردەوە، نەهێڵـن شـتە نـووسراوەکان هەڵبگـرن، تاکـو نەگاتـە دەسـتی دەزگا ئەمنییـەکان (٦٠)، هەمـوو پەیـڕەو و پرۆگرامـی ناوخـۆی کۆمەڵەکـە هەیبـوو بەپێـی داب و نەریـت، وەك کۆمەڵـە سیاسـییەکان بـە گشـتی پەیـڕەو دەکـران(٦١). ئەندامـان ئـاگاداری ئەرکەکانیـان بـوون، لـە پێشـەوە ئـەو ئامانجـە نەتەوەییانـەی داوای خەباتیـان دەکـرد لەپێنـاو ئـەوەی گەلـی کوردسـتان مافـە نەتەوەییەکانـی خۆیـان بەدەسـتبهێنن و کوردسـتانی گـەورەش ڕزگاری بێـت و سـەربەخۆیی بەدەسـت بهێنێـت(٦٢).

شـایانی باسـە جۆرێـک لـە کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی ئایدۆلۆژیـای چـەپ لەسـەر ئاراسـتەکانی ئەندامانـی کۆمەڵـە هەبـووە، لـەم بـارەوە ئیسماعیـل شـوکر ڕەسـووڵ دەڵێـت: (مسـتەفا عوزێـری) نوێنەرایەتـی باڵـی چەپـی کۆمەڵـەی کـردووە(٦٣)، یەکێـک لـە ئەندامانـی کۆمەڵەکـە نـوری شـاوەیس، ئـەو کاریگەرییـە پشتڕاسـت دەکاتـەوە و دەڵێـت(٦٤): "ئێمـە دژی فاشـیزم و هیتلەریـزم بوویـن و لایەنگـری دیموکراسـی بوویـن و، دژی ئیمپریالیـزم بوویـن، بـە تایبـەت ئینگلیـز."(٦٥) بـەم شـێوەیە، دەتوانیـن بڵێیـن: خەباتـی چەپـەکان لـەو سـەردەمەدا لەگـەڵ دژە فاشـیزمدا جـووت بـوو. سـەرەڕای نەبوونـی پرۆگرامێکـی نـووسراوی کۆمەڵەکە،"تاکـە چـەک لـە دەسـتی ئـەو قوتابـی و گەنجانـە (ئەندامانـی کۆمەڵەکـە) دڵسـۆزی و باوەڕبـوون بـوو بـە دۆزێکـی دادپـەروەر، لەگـەڵ بیرکردنەوەیەکـی نـاڕوون و تەمومـژاوی کـە لـە کەسـانی دیکـە وەرگیرابـوو، واتـە: ئـەوان بـە دوای کاربۆنـاری و گاریبالدیـدا دەگـەڕان، بۆیـە دارکەریـان داهێنـا و کەسـایەتیی سـەرکردایەتیی خۆیـان لـە ڕەفیـق حیلمیـدا دۆزیـەوە"(٦٦). بـۆ ئەمـەش

کۆمەڵەکــە سیســتەمێکی ڕێکخســتنی پەیــڕەو کــرد، کــە بریتــی بــوو لــە شــانەگەلی بچــووك کــە هــەر شــانەیەك لــە پێنــج ئەنــدام زیاتــر نەبێــت، هەریەکەیــان ناوێکــی خــوازراوی هەبێــت، بەرپرســی شــانەکە ئەندامــی خانەیەکــی باڵاتــر بــووە، بــەم جــۆرە فۆڕمــی پلەبەندیــان لــە ڕێکخراوەکانــدا پەیــڕەو کــردووە، بــە جەختکردنــەوە لــەوەی نهێنییەکانــی کۆمەڵەکــە بــۆ کــەس ئاشــکرا نــەکات(٦٧). کۆمەڵەکــە لــە چالاکییەکانــی بــەردەوام بــوو، تــا ناوەکــەی گــۆڕا بــۆ هیــوا، دوای فراوانکردنــی چوارچێــوەی ڕێکخســتنەکانی لــە سەرتاســەری کوردســتان و عێــراق.

**ه. پێشڕەوی قوتابیان لە ڕێکخستنی هیوا**

ڕێکخســتنی هیــوا لــە بنەڕەتــدا درێژکــراوەی کۆمەڵــەی دارکــەر بــوو(٦٨)، دوای ئــەوەی کۆمەڵــەی دارکــەر لــە ســاڵی ١٩٣٨دا لــە هۆتێلێکــی شــاری کەرکــووک کۆنگرەیەکــی ســازکرد(٦٩)، ئامادەبــووان بڕیاریــان دا ڕەفیــق حیلمــی بانگهێشــت بکــەن، بۆیــە ناوبــراو هاتە هاوینەهــەواری شــەقڵاوە، لــەوێ کۆنگرەیەکــی دیکــەی کۆمەڵەکەیــان لــە باغــی قوتابــی جەمیــل میــران ســازکرد(٧٠)، کــە بڕیاریــان دا نــاوی کۆمەڵەکــە بگــۆڕن بــۆ حزبــی هیــوا(٧١)، ئــەوەش لــە ســاڵی ١٩٣٩ بــوو(٧٢)، هــەر بۆیــە بەپێــی زۆرینــەی ســەرچاوە مێژووییــەکان ئــەو ســاڵە بــە ســەرەتای دامەزراندنــی حزبــی هیــوا دادەنرێــت(٧٣).

دامەزراندنــی حزبــی هیــوا لەســەر بنەمــا و بناغــەی کۆمەڵــەی دارکــەر، هەروەهــا دەرچوونــی لــە پانتایــی ســنوورداری ڕێکخســتنەکانی کــە تەنیــا بــۆ توێــژی قوتابیــان بــوو، گۆڕینــی بــۆ ڕێکخراوێکــی سیاســی، هەمــوو ئەمانــە بــە گواســتنەوەیەکی جۆرەکــی و پێشــکەوتنێکی مێژوویــی لــە ڕێــڕەوی خەباتــی سیاســی و ڕێکخســتنی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی کــورد لــە کوردســتان دەژمێردرێــت. حزبــی هیــوا توانــی زۆرینــەی چیــن و توێژەکانــی کۆمەڵگــەی کــوردی، جگــە لــە قوتابیــان بــۆ خــۆی ڕابکێشــێت، دکتــۆر و ڕۆشــنبیر و پارێــزەر و ئەفســەری ســوپا و ســەرۆکی عەشــیرەت و کەســانی دیکەیــش چوونــە ڕیزەکانی ئــەم حزبــەوە(٧٤)، چونکــە حزبێــک بــوو خــاوەن مەیلــی ناسیونالیســتی کــورد بــوو، داوای پێویســتی بەدەســتهێنانی مافــە نەتەوەییەکانــی گەلــی کــوردی دەکــرد(٧٥)، کــە بریتــی بــوو لــە یەکخســتنی بەشــەکانی کوردســتان لــە چوارچێــوەی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی کوردیــدا، وەک ئامانجێکــی ستراتیژیــی دوورخایــەن کــە حــزب خەباتــی بــۆ دەکــرد، بــەڵام ئامانجــی

کورتخایەنی حزب، جەختکردنەوە بوو لەسەر داوای پێکهێنانی ئیدارەیەکی خۆسەر بۆ ناوچەی کوردستانی عێراق[٧٦]، کە ئەمە بەس بوو بۆ وروژاندنی هەستی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیستیی زۆرینەی توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کورد، کە پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی بێنە نێو حزبەوە و پاڵپشتیی چالاکییەکانی بکەن.

بۆیە هەر زوو (هیوا) بوو بە یەکێک لە بەهێزترین و گەورەترین حزبی کوردی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەروەها توانی لق و هۆبە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بکاتەوە، لەگەڵ هەردوو شاری بەغدا و موسڵ[٧٧].

ئێمە لێرە خەریکی توێژینەوە نین لەم حزبە، یان هەر شتێکی سەرتاپاگیریی پەیوەندیدار بەم حزبەوە، وەک چۆن ئەوە پەیوەندی بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە نییە [٧٨]، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە لەم حزبەدا گرنگە، ڕۆڵی قوتابیانە بەو پێیەی توێژێکی دامەزرێنەری حزبەکەن و پێشڕەوێکی پێشکەوتنخوازانەن کە زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی پێکدەهێنا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو قوتابیان ئۆرگانی کاریگەر و سەرەکی ئەو حزبەیان پێکهێنا[٧٩] دەستەی سەرکردایەتیی حزب، جگە لە سەرۆکی حزب (ڕەفیق حلمی)، هەموویان قوتابی بوون، ئەمانەش لە ڕاستیدا باوەڕپێکراو بوون لای سەرۆکی باڵای حزب[٨٠] لە شار و پارێزگاکان، کە چالاکییەکانی حزبەکە دەیانگرێتەوە، بۆیە نوری شاوەیس بووە نوێنەری سەرۆک لە سلێمانی، ڕەفیق حیلمی بە (نوێنەری سەرۆک) بانگی دەکرد، لە کاتێکدا ڕەشید باجەلان نوێنەری بەغداد و خانەقین بوو، لە شاری کەرکووکیش شێخ مەعرووف بەرزنجی نوێنەری بوو[٨١]. یونس ڕەئووف(دڵدار) وەک سکرتێر و خەزنەداری حزب کاری کردووە[٨٢] و موکەڕەم تاڵەبانی بەرپرسی بەشی قوتابیان بوو لە حزب[٨٣]. لە هەمان کاتدا ئێمە نکۆڵی لە ڕۆڵی توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە ڕێکخستنەکانی حزبدا ناکەین، لەوانە کوڕان و سەرۆك عەشیرەتەکان و فەرمانبەران و ئەوانی دیکە، کە ئەوانیش ڕۆڵێکی سەرەکییان تێدا هەبووە[٨٤].

هەروەها قوتابیان ڕۆڵی پێشەنگیان بینی لە چالاکییەکانی حزبی هیوا و لە فراوانکردنی چوارچێوەی ڕێکخستنەکانیدا، ئەمەش قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگە و کۆلێژەکانی دەگرتەوە، بە شێوەیەك کە

ڕێکخستنەکانی حزب لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندیشدا هەبوون، ئەو ڕێکخستنانەش بەم ناوانە ناسراون: (بەچکە شێرانی هیوا)، و هەندێک لە کادیرەکانی حیزب ئەرکی ڕۆشنبیرکردنی قوتابیانی ئەم قوتابخانانەیان بە کولتووری نەتەوەییان پێ سپێردرابوو[٨٥]. ڕێکخراوەکانی حزب زیاتر بوون تا زۆرینەی ناوچەکانیان گرتەوە، ئەمەش لە سایەی قوتابیانەوە بوو، لە شاری هەولێر زۆرینەی ڕەهای قوتابیان سەر بە (هیوا) بوون، سەبارەت بەم بابەتە، ساڵح حەیدەری دەڵێت[٨٦]: "لە شوباتی ساڵی ١٩٤٢، وەک لەبیرمە، پەیوەندیم بە کارەکەمەوە کرد لە هەولێر، حزبی هیوا لە هەولێر باڵادەست بوو، زۆرینەی قوتابیانی هۆشیاری نەتەوەیی کاریان تێدا کردووە[٨٧]، چالاکییەکانی قوتابیان لە چوارچێوەی حزبی هیوادا تەنیا لە شاری هەولێر سنووردار نەکرابوو، بەڵکو پەلیکێشابوو بۆ قەزا و ناحیەکان و ناوچەکانی دەوروبەریان، ئەمەش بە هۆی تێکەڵی و پەیوەندییە نەتەوەییەکانی نێوان قوتابیانی ئەندام لەم حزبەدا، هەروەها قوتابیانی خەڵکی ئەو ناوچانە کە لە هەولێر دەیانخوێند، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە ڕێکخستەکانی حزب بۆ ئەو ناوچانە گواسترانەوە، سەبارەت بەم بابەتە، حەیدەر عوسمان قازی[٨٨] دەڵێت: ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕواندز، شەقڵاوە و کۆیە لە ڕێگەی ئەو قوتابیانەی لەگەڵمان دەیانخوێند، دامەزراند. دوای ئەوەی داوامان لێکردن بێنە ناو حزبی هیواوە، ئەوانیش دوودڵ نەبوون، یەکسەر پەیوەندییان بەو حزبەوە کرد، دوای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان، ڕێکخستنی گەنجانیان دەستپێکرد[٨٩]. ئەو قوتابیانە هۆبەی حزبیان؛ سەر بە لقی هەولێر، لە ناوچەکانی خۆیان کردەوە، ئەوە بوو هۆبەیەك لە ڕواندز کرایەوە، هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان هاتنە ڕیزی حزبەوە جگە لە قوتابیان ، شەفیق سەعدوڵڵا سەرپەرشتیی هۆبەکەی دەکرد، کە ئەم ئەندامانەی لەخۆگرتبوو: ئەمین ڕواندزی، میر محەمەد ئەمین دەرگەڵەیی، شێخ سلێمان مستەفا و سەبری نەجیب نەورۆز ئەفەندی[٩٠]، عەلی عەبدوڵڵا، ئیبراهیم حەسەن و هی دیکە [٩١].

هەروەها قوتابیان لە کۆیە هۆبەیەکیان کردەوە، یەکێک لە ئەندامانی هۆبەکەش لەبارەی ئەمە دەڵێت: "ئێمەش وەکو زۆربەی قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە، هاوینی ساڵی ١٩٤٠ بانگهێشتکراین بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی

دووەمــی ســەرەتایی کۆببینــەوە، ســکرتێری حــزب یونــس ڕەئووف(دڵــدار) و ئەندامــان نامیــق عەبــدوڵڵا حەوێــزی و عەبدولــڕەحمان مــەلا ســادق و هەندێــک ئەندامــی دیکــە لەگــەڵمان کۆبوونــەوە، تێیــدا ســوێندمان بــە ئــاڵای کوردســتان و قورئــان و خەنجــەر خــوارد و بوویــن بــە ئەندامــی هیــوا"[٩٢].

چالاکییەکانــی هۆبــەی کۆیــە لــە ســاڵی ١٩٤٠ەوە فراوانتر بــوون، دوای ئــەوەی عەونی یوســف بــوو بــە بەپرســی حــزب[٩٣]. لقەکــە تــا ســاڵی ١٩٤٥ بــە چــالاک مایــەوە و ژمــارەی ئەندامــان و لایەنگرانــی ئــەو حزبــە زیــادی کــرد. تــا هەمــوو توێــژە کۆمەڵایەتییــەکان، هەروەهــا کەســانی دەســەڵاتداری لــە شــارەکەدا گرتــەوە[٩٤]، کۆمەڵێــک قوتابیــی کــورد کــە لــە شــاری موســڵ دەیانخوێنــد، لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٤٢ لقێکــی حزبــی هیوایــان لــەم شــارەدا کــردەوە، دوای ئــەوەی هەندێــك لــە چالاکوانانــی ئــەو حزبــەی پێــشتر بــاسمان کــرد، پەیوەندییــان پێــوە کــردن و دوای کۆبوونــەوە لەگــەڵ ئــەم قوتابیانــە، یەکــەم شــانەی ڕێکخســتنی حزبەکــە لــە موســڵ پێکهــات، لەنێــو ئەندامەکانیشــیدا ئــەم قوتابیانــە هەبــوون: ســبغەتوڵڵا ئەمیــن مــزووری[٩٥]، عەبــدوڵڵا عومــەر زێبــاری و ئەســعەد شــاهین، هەروەهــا قوتابییەکــی زۆری کــورد لــە دواناوەندیــی موســڵ هاتنــە ڕیــز حزبەکــە. دوای ئــەوەی محەمــەد عەبدولقــادر ئامێــدی[٩٦] بــووە بەرپرســی ئــەم لقــە، ئەویــش ڕێکخراوێکــی قوتابیانــی لــە قوتابیانــی دواناوەنــدی پێکهێنــا لەوانــە: محەمــەد ســدیق تاهیــر شــەرەفانی، ئەحمــەد مســتەفا ئامێــدی، عەلائەدیــن ســەعید عەقــراوی، شــەوکەت ئەحمــەد عەقــراوی، محەمــەد ڕەشــید، عەلــی حەســەن بامەڕنــی، ئەحمــەد نــوعمان دۆســکی، عەســکەر شــەهباز کورەمارکــی، ڕەمــەزان موحســین عەقــراوی، کەمــال ئەربیللــی، زیــا خورشــید ئەربیللــی، ســەعید حاجــی، عیــزەت مســتەفا بریفکانــی، ئیسماعیــل ســەعید ئاغــا دۆســکی، محەمــەد ســەعید دۆســکی، فــازڵ ســەعید مــەلا تەهــا، خورشــید هەولێــری، ئەحمــەد زینــۆ عەقــراوی، مســتەفا ئیبراهیــم کورەمارکــی، حەســەن حاجــی، عیســام هەولێــری، محەمــەد حەســەن عەبدولحەمیــد بالتــە[٩٧].

ڕێکخســتنەکانی حــزب لــە موســڵ تەنیــا لــەو شــارەدا نەبــوون، بەڵکــو پەلــی بــۆ تــەواوی دەڤــەری بادینــان کێشــا، قوتابیــان لقێکــی حزبیــان لــەو دەڤــەرەدا کــردەوە، کــە لــە چەنــد هۆبەیــەك پێکهاتبــوو، لەوانــە: هۆبــە لــە: شــێخان، دهــۆك، زاخــۆ و ناوچەکانــی دیکــە. قوتابیــان هێــزی بزوێنەریــان لــەو لقــە و زۆربــەی هۆبەکانیــدا

پێکدەهێنا. لە دهۆك محەمەد سەعید محەمەد حەسەن موفتی بەرپرسیارێتیی هۆبەکەی لە ئەستۆ گرت، لە کاتێکدا قوتابیانی ئەندام بریتی بوون لە: ئیسماعیل سەعید ئاغا دۆسکی، محەمەد سەعید دۆسکی، ئەحمەد عەبدوڵڵا بامەڕنی و ئەوانی دیکە. هۆبەکە چەندین چالاکیی دیکەی هەبوو، لەوانە: فێرکردنی قوتابیان بە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی دیکە[٩٨]. دیارە کە قوتابیان لە هۆبەکانی دیکەدا ڕۆڵێکی هاوشێوەیان هەبووە پەیوەست بە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و فراوانکردنی چوارچێوەی ڕێکخستنەکانی حیزب لە دەڤەری بادینان.

ڕێکخستنەکانی حزبی هیوا گەیشتە بەغداش، ئەمەش بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کورد کە لە پایتەخت دەیانخوێند. ژمارەی قوتابیانی کوردی سەر بە لقی حزب گەیشتە (٣٠-٤٠) قوتابی، ئەوانەش لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی عێراقەوە هاتبوون[٩٩]، ساڵح یوسفی بەرپرسی قوتابیان بوو لە کۆلێجی زانست و خانەی باڵای مامۆستایان[١٠٠]، لەم بارەیەوە مستەفا نەریمان، کە ئەندامی لیژنەی خانەی مامۆستایانی بنەڕەتی بوو لەگەڵ محەمەد تۆفیق وردی و کەریم زەند لە ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٣، دەڵێت: "من لە خانەی مامۆستایانی بنەڕەتی لە بەغدا قوتابی بووم، لەو کاتەشدا نزیکەی ٣٠-٤٠ قوتابیی کورد دەبووین لە خانەی مامۆستایان و خانەی زانست، کۆلێژی شا فەیسەڵ، لە هەموو کوردستانی عێراقەوە. ئێمە بڵاوکراوەی حزبیمان دابەش دەکرد و، بەرپرسی ڕاستەوخۆمان ساڵح یوسفی بوو"[١٠١]. کەریم زەند ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: من لەگەڵ مستەفا نەریمان و محەمەد تۆفیق وردی ئەندامی ئەو حزبە بووم، ئەوکاتە لە ساڵی ١٩٤١ لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ئەعزەمییەی بەغدا قوتابی بووین، بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئێمەش ساڵح یوسفی بوو، هەندێکجار لەگەڵ موکەڕەم تاڵەبانی کۆدەبووینەوە و زەید ئەحمەد عوسمان یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی هیوا [١٠٢].

حزبی هیوا لە بەغدا بە چالاکی مایەوە و، ژمارەی ئەندامەکانی بەردەوام لە زیادبووندا بوو، بەهۆی لێشاوی قوتابیانی کورد بۆ ئەوێ بۆ تەواوکردنی خوێندنیان و پەیوەندیی هیوا لەگەڵیان ڕێکخستنیان لە ناو ڕیزەکانی حزبەکەدا[١٠٣]. لە

سلێمانی حزبی هیوا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لقێکی چالاکی هەبوو، جەلال ئەمین بەگ سکرتێری لقەکە بوو، بەڵام دیارترین ئەندامەکانی بریتی بوون لە: نوری شاوەیس، ساڵح قەفتان، نووری مەلا حەکیم و هی دیکە، هەروەها ژمارەیەک کچە قوتابیی لەخۆگرتبوو، ئەوانیش بریتی بوون لە: ناهیدە شێخ سەلام، لەتیفە مەلا سدیق و حەلاوەخان شێخ مەحموود، زەکیە بابان و هی دیکە[١٠٤]. وەک لق و هۆبەکانی حزب، قوتابیان لە لقی سلێمانیدا لە هەموو ڕوویەکەوە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو.

لەوەی باسکرا دەردەکەوێت کە توێژی قوتابیان بەشدارییەکی کارایان هەبوو لە دامەزراندن و فراوانکردنی بنکەی حزبی هیوا، لە دامەزراندنیەوە، تا هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی ١٩٤٥، لە هەموو ناوچەو شارە کوردنشین و عێراقییەکاندا.

لە ئەنجامی هەلومەرج و فاکتەری ناوخۆ، هەروەها پێشهاتەکانی جەنگی دووەمی جیهان، حزبی هیوا بۆ دوو ڕەوت دابەش بوو: یەکێکیان کە ویستی دانوستان لەگەڵ ئینگلیز بکات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەویش نوێنەرایەتیی ڕەوتی ڕاستڕەوی دەکرد، ڕەوتێکیش کە باوەڕی بە هێنانەدیی گۆڕانکاری و چاکسازیی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی هەبوو، بە دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا، ئەم ڕەوتە بە باڵی چەپ ناسرا[١٠٥]، ئەم ڕەوتەی دوایی زۆرینەی ڕەهای قوتابیان و ڕۆشنبیران و ئەفسەرانی لەخۆدەگرت[١٠٦].

ناکۆکیی نێوان ئەو دوو باڵە توندتر بوو، لە کاتی کۆنگرەی حزب کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە کەرکووک بەڕێوەچوو، گەیشتە لووتکە، ئەمەش بووە هۆی لێکترازانی تەواوەتی لە حزب و هەڵوەشاندنەوەی لە ساڵی ١٩٤٥. باڵی ڕاست ناوی حزبەکەی هیوای هێشتەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت هەڵوەشایەوە، بەڵام باڵی چەپ، چەند تاقمێکی چەپ جۆراوجۆری پێکهێنا، هەندێکیان پەیوەندییان بە حزبی شیوعیی عێراق (بلۆکی ئەلقاعیدە)ەوە کرد، بەشێکی دیکەشیان پەیوەندییان بە لقی حزبی (ڕزگاری)یەوە کرد، کە زۆربەی ڕێکخراوەکانی لە سلێمانی و لەنێوان قوتابیانی کورد لە بەغدا بڵاوبووبوونەوە[١٠٧].

## و. ڕۆڵی قوتابیان لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە چەپەکاندا

قوتابیان و ڕۆشنبیران لەگەڵ ئەو ڕەوتە فکریانەدا بەریەککەوتن کە شەپۆلەکانیان عێراق و کوردستانیان گرتەوە، بەتایبەتی لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا، بۆیە قوتابیان ڕۆڵی پێشەنگیان هەبوو لەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی مەیلی پێشکەوتنخوازانە و مارکسیانەیان هەبوو و لەو ماوەیەدا لە کوردستان دروستبووبوون. لە نێو ئەو کۆمەڵانەی لەو قۆناغەدا دەرکەوتن (کۆمەڵەی دەنگ)، (کۆمەڵەی میللەت)، (یەکێتیی تێکۆشین)، (حزبی شۆڕش)، (حزبی ڕزگاری).

سەبارەت بە (کۆمەڵەی دەنگ)، تاکە سەرچاوەی من تایبەت بەمە، یاداشتەکانی عوسمان مستەفا خۆشناوە[١٠٨]، کە ئاماژە بەوە دەکات لە پاییزی ساڵی ١٩٤٢ لە کۆبوونەوەیەکدا لە ماڵی ئەو کەسەی پێشتر ناومان برد، لە کۆیە دامەزرا، تێیدا پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی کۆمەڵەکە پەسەند کرا و ئامانجەکانی خرایەڕوو[١٠٩]، و بڕیاریش درا بە نهێنی کار بکات. لە کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەک قوتابی ئامادەبوون، ئەوانیش: عەبدولخالق فەتاح حەوێزی، محەمەد تۆفیق وردی، بابە شێخ کاکە، مەحموود فەقێ، کاکە فرانسیس و چەندانی دیکە. کۆمەڵەکە بە سەرۆکایەتیی عوسمان مستەفا خۆشناو بوو[١١٠].

بیرۆکەی پێکهێنانی کۆمەڵەکە؛ دوای ئەوە هات کە قوتابیانی قوتابخانەی یەکەمی کۆیە مانیان لە دەوام گرت؛ لەبەرئەوەی سووتەمەنی بۆ گەرمکردنی پۆلەکانی قوتابخانە لەبەردەستدا نەبوو، لە ئەنجامدا نزیکەی ٢٥-٣٠ قوتابی داریان هێنایە قوتابخانەکە و، ئەمەش بوو بە قسەی خەڵک و دەنگدانەوەکەشی بە تەواوی لە دەوروبەری کۆیە بڵاوبووەوە. لە نێو سەرکردەی قوتابییەکاندا: غەفوور یەحیا، کەمال ڕەشید، وەحید سدیق، مەحموود فەقێ، سەعید مەلا ئەحمەد و عوسمان مستەفا خۆشناو هەبوون. ئەم مانگرتنە بووە هۆی زیادبوونی متمانە بەخۆبوونی قوتابیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکگەلی دیکە[١١١].

کۆمەڵەی دەنگ دروشمی تایبەتی خۆی ڕاگەیاند، لەسەر بەرگی ئەو بڵاوکراوەیەی ئەم کۆمەڵەیە بە ناونیشانی (تیشک) دەریکرد، دروشمێک نووسرابوو: بخوێننەوە، بخوێننەوە، بەردەوام بخوێننەوە- بژی کورد و کوردستان. کۆمەڵەکە لقی لە (قەڵادزێ، پشدەر، ڕانیە، تەقتەق) هەبووە و ئەم چالاکییانەی

هەبـوو: کردنـەوەی قوتابخانـە، نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری، پێشکەشـکردنی هـاوکاری بـۆ قوتابیانـی هـەژار و کەمدەرامـەت بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدن. کۆمەڵەکـە توانـی ئـەو قوتابیانـە بێنێتـە ڕیزیـەوە کـە لـە پشـووی هاوینـەدا لـە بەغـداوە دەگەڕانـەوە بـۆ ناوچەکانـی خۆیـان و، بەمـەش توێـژی دیکـەی کۆمەڵایەتـی پەیوەندییـان پێـوە کـرد(١١٢).

لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦ پەیوەندیـی نێـوان سـەرکردەکانی کۆمەڵـەی دەنـگ و کۆمەڵـەی(ژ ك) لقـی کوردسـتانی عێـراق دروسـت بـوو(١١٣)، شـایانی باسـە ئـەم لقـە لـە سـلێمانی و کەرکـووک و کفـری نووسـینگەی هەبـووە. دەسـتەی ئـەم لقـە لـە لایـەن ئیبراهیـم ئەحمـەد، ئیسماعیـل حەقـی شـاوەیس، بێکەسـی شـاعیر و زەکیـە بابـان دروسـت بـوو، چالاکییەکـی زۆر کاریگـەری هەبـوو، ڕۆشـنبیرانی کـورد، بەتایبەتـی قوتابیـان، بـە جـۆش و خرۆشـێکی زۆرەوە ئـەو بیرۆکـە ناسیۆنالیسـتی و نیشـتمانییانەیان قبـوڵ کـرد، کـە لقـی ناوبـراو بڵاوی دەکـردەوە(١١٤). هەروەهـا کۆمەڵـەی دەنـگ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعیی عێـراق - لقـی کوردییـەوە کـرد، لـە کۆتاییـدا کۆمەڵەکـە پەیوەندیـی بـە حزبـی شـیوعیی عێـراق - ڕێکخـراوی کوردسـتان کـرد(١١٥).

لـەو کۆمەڵانـەی دیکـە کـە لێـرەدا شـایەنی باسـە (کۆمەڵـەی میللـەت)، کـە لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٣ لـە شـاری هەولێـر لـە لایـەن سـاڵح حەیدەرییـەوە دامـەزرا(١١٦) و دامەزراندنـی، دوای ئـەوە هـات کـە بیرۆکـەی مارکیسـیزم لـە نێـو توێـژی گەنجانـی کـورد و بـە تایبـەت قوتابیـان بـاو بـوو، ئـەوە بـوو ژمارەیەکـی زۆر لـە قوتابیانـی کـورد پێـوەی سەرسـام بـوون، وەک: (سـاڵح حەیـدەری، جەمـال حەیـدەری، مەجیـد ڕەئـووف، ڕەشـید عەبدولقـادر، جەوهـەر حوسـێن، جـەودەت ئەحمـەد ناجـی، ڕەقیـب حسـێن، ئەنـوەر سـلێمان، عـادل سـەلیم) و هـی دیکـە، کـە سـەر بـە ڕێکخـراوە چەپـەکان بـوون(١١٧).

لـە ئەنجامـی ئـەو ترازانـەی کـە لـە چلەکانـی سـەدەی ڕابـردوودا لـە حزبـی شـیوعیی عێراقـدا ڕوویـدا و، زۆرێـک لـە کوتلـەکان هەوڵـی دووبـارە داڕشـتنەوەی هەیکەلبەندیـی خۆیـان دا، کوتلـەی یەکێتیـی تێکۆشـین لـە سـاڵی ١٩٤٥دا داوای لـە قوتابییـە چەپەکانـی کـورد لـە کۆلێژەکانـی بەغـدا کـرد، کـە لـە چوارچێـوەی (کۆمەڵـەی میللـەت) خەباتیـان دەکـرد، ئامـادە بـن بـۆ یەکگرتنـەوە و ئینتـیما، دوای ڕێککەوتنـی

یەکگرتنـەوە، ڕێکخراوی(یەکێتـی تیکۆشـین) گـۆڕدرا بـۆ (حیزبـی شـیوعی لـە کوردسـتانی عێـراق)، کـە بـە: (حزبـی شـۆڕش) نـاسراوە[١١٨]، کۆمیتـە ناوەندییەکـەی لـە: سـاڵح حەیـدەری (سـکرتێری حیـزب) و ئەندامێتـی: عەلـی عەبـدوڵلا و ڕەشـید عەبدولقـادر و عەبدولسـەمەد حەمـەد عەلـی، نافیـع یونـس، کەریـم تۆفیـق، نـووری محەمـەد ئەمیـن پێکهـێنرا، کـە زۆربەیـان قوتابـی بـوون[١١٩].

لــە ئاکامــی یەکگرتنــەوەی چەنــد ڕێکخراوێکــی کــوردی، لەوانــەش شــۆڕش، (حزبـی ڕزگاریـی کـورد) لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٥ دامـەزرا[١٢٠]، زۆربـەی سـەرکردە و ئەندامەکانــی قوتابــی بــوون، ئەوانیــش هەمــان ســەرکردەکانی شــۆڕش بــوون، لەنێوانیانـدا: سـاڵح حەیـدەری، ڕەشـید عەبدولقـادر، ئەنـوەر حوسـێن مـەلا دزەیـی (لـە قوتابیانـی کۆلێـژی مـاف)، جەمـال حەیـدەری (قوتابیـی خانـەی مامۆسـتایان)، و ژمارەیـەک لـە قوتابیانـی دواناوەندیـی هەولێـر، لەوانـە: ئەحمـەد عـوسمان ئەبوبەکـر، مەعـروف عەبدولقـادر، حەمیـد عـوسمان، مەجیـد ڕەئـووف، یونـس یەحیـا، عەلـی فەتـاح دزەیـی، عەلـی قـادر، ڕەسـووڵ محەمـەد ئەمیـن، ڕەقیـب حوسـێن، جەوهـەر حوسـێن، موخلیـس جـەواد و کەسـانی دیکـە[١٢١]. ئـەو حزبـە لـە گۆڕەپانـی سیاسـیدا مایـەوە تـا ئـەو کاتـەی هەڵوەشـاندنەوەی خـۆی بـۆ هاتنەنـاو پارتـی دیموکراتـی کـورد (پارتـی) ڕاگەیانـد، کـە لـە سـاڵی ١٩٤٦دا پێکهـێنرا[١٢٢].

# پەراوێز:

(١) فاضل حسين واخرون، تاريخ العراق ...، ص٨١.

(٢) بڕوانە: هادي حسين عليوي، م. س، ص٨٦-٩٧.

(٣) گروپی (الاهالي): بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم گرووپە لە نێو ژمارەیەک قوتابیی چەپی عێراقی سەریهەڵدا کە لە ساڵی ١٩٢٦ لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت دەیانخوێند، ئەم قوتابیانە لە سەرەتادا بەرنامەیەکی دیاریکراویان نەبوو، بەڵام کۆك بوون لەسەر پێویستیی ڕێکخستنی گەنجانی عێراق بۆ کارکردن لەپێناو گەشەپێدانی وڵاتەکەیان. دوای گەڕانەوەی بەشێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە بۆ بەغدا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣١، گرووپێکیان پێکهێنا کە ناویان نا الأهالي، هەردوو قوتابی: عەبدولفەتاح ئیبراهیم و محەمەد حەدید ڕۆڵێکی سەرەکییان تێدا بینی، بەو پێیەی شارەزایی گواستنەوەی بیرۆکەی ڕۆژئاواییان هەبوو بۆ عێراق. ئەم ناوەیان لێنا؛ چونکە ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (الأهالي) دەرکرد، یەکەم ژمارەی لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ دەرچووە و لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا ئەم ڕستەیە نووسرابوو: (لەلایەن تیمێکی گەنجانەوە دەردەچێت) بڕوانە: جيني سنغلتون ، الحزب الوطني الديمقراطي العراقي في العهد الملكي، ترجمة: مجموعة من المترجمين، ط١، (بيروت، ١٩٩٩)، ص٢٧-٣١. بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: فؤاد حسين الوكيل ، م. س.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فواد حسێن الواکیل، م. س.

(٤) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١-١٩٥٣، مطبعة العمال، (النجف، ١٩٧٦)، ص٢٤٠.

(٥) محمود شكحان الدليمي، علي حيدر سليمان نشاطه الثقافي ودوره السياسي في العراق حتى عام ١٩٦٨، رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس كلية التربية، جامعة بغداد، ٢٠٠٢، ص٣٨ وما بعدها.

(٦) یانەی ئەلقەلەم لە ساڵی ١٩٣٤ لە بەغدا دامەزرا، کاتێک ژمارەیەک قوتابیی ڕۆشنبیری عێراقی لە ماڵی محەمەد فازڵ کۆبوونەوە، بۆ وردەکاری بڕوانە: معروف خزندار، المثقفون الكورد ونادي القلم العراقي، زاكروس (مجلة)، العدد (١٤)، أربيل، ١٩٩٩، ص٢٦-٢٧ ؛ هادي حسن العليوي ، م. س، ص٨٧-٨٨.

(٧) یانەی ئەلموسەننا لە ساڵی ١٩٣٥ لە بەغدا دامەزراوە، بە سەرۆکایەتیی: (سائیب شەوکەت، محەمەد مەهدی کوببە، مەتی عەقراوی و هی دیکە). ئامانجی ئەم یانەیە زیندووکردنەوە و بڵاوکردنەوەی کولتووری عەرەبی بوو، هەروەها هاندانی گیانی وەرزشی، زۆرێک لە قوتابیانی کۆلێج و پەیمانگەکانی عێراق پەیوەندییان بەو یانەیەوە کرد (گردبوونەوەی نەتەوەیی قوتابیان) یان پێکهێنا، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هادي حسين العليوي، م. س.، ص٨٨-٨٩ ؛ حازم المفتي ، العراق بين عهدين/ ياسين الهاشمي وبكر صدقي، مطبعة سومر، (بغداد، لا. س)، ص١٥٣-١٥٤.

(٨) ئەمە دوای ئەوەی ژمارەیەک قوتابی کە باوەڕیان بە بیرۆکەی نەتەوەپەرستیی عەرەبی هەبوو و چووبوونە نێو یانەی ئەلموسەننا، لە شاری بەغدا پێکهێنرا، ئەم قوتابییانە لە نێو خۆیاندا ڕێکخراوێکیان دروستکرد و ناویان لێنا: (گردبوونەوەی نەتەوەیی قوتابیان) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: م . ن، ل١٥٣.

(٩) م. ن، ص١٥٣.

(١٠) غازي دحام فهد المرسومي، التعليم في العراق ١٩٣٢-١٩٤٥ رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٦، ص٢٧-٢٨.

(١١) لطفي جعفر فرح ، الملك غازي ودوره في سياسة العراق في المجالين الداخلي والخارجي ١٩٣٣-١٩٣٩، اطروحة دكتوراه مقدمة إلى مجلس كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٨١، ص١٤٦.

(١٢) بۆ وردەکاری بڕوانە: جرجيس فتح الله، نظرات في القومية ...، ص٥٩٦ ومابعدها.

(١٣) بۆ ئاگاداربوون لە دەقی بەندەکانی ئەم سیستەمە کە لە ساڵی ١٩٣٥ دەرچوو، لە ساڵی ١٩٣٩ هەموارکرایەوە، بڕوانە: م. ن، ص٦١٦-٦٢٢.

(١٤) نوري شاويس ، من مذكراتي، منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، ط١، (لا. م، ١٩٨٥)، ص٨-٩.

(١٥) کەمال مەزهەر محەمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١،(هەولێر،٢٠٠١) ل ٣٢٥-٣٣٦.

(١٦) بۆ ئاگاداربوون لە سیستەمی بنەڕەتیی یانەکە بڕوانە: س. پ، ل٣٣٦-٣٤٠.

(١٧) ماددەی دووەم بە سیستەمی بنەڕەتیی کۆمەڵەکە/ بڕوانە س، پ، ، ب٢، ل٣٣٦-٣٣٦.

(١٨) هـ. س، ل٣٤٢-٣٤٣ ؛ سروه اسعد صابر، كوردستان الجنوبية ...، ص٣٦٤.

(١٩) عەبدولستار تاهیر شەریف پێی وایە ساڵی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٨ بووە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەوانەی دایانمەزراندبوو بریتی

بـوون لـە کۆمەڵێـك قوتابیـی زانکـۆی بەغـدا، نـەك قوتابیانـی ناوەنـدی لـە سـلێمانی، بڕوانـە کتێبەکـەی: الجمعیـات والمنـظمات...، ل٩٣.

[٢٠] نوري شاويس ، م. س، ص٩-١٠ ؛ سروه أسعد صابر،كوردستان الجنوبية ...، ص٣٦٤.

[٢١] نـوری شـاویس (١٩٢٢-١٩٨٣): لەدایکبـووی شـاری سـلێمانییە، یەکێکـە لـە کەسـایەتییە ناسراوەکانـی کـورد، بەشـداری لـە دامەزراندنـی چەندیـن کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی کوردیـدا کـردووە و شـەرەفی ئەندامێتـی تێـدا وەرگرتـووە، لەوانـە: کۆمەڵـەی ئـازادی، پارتـی شـۆڕش، و پارتـی ڕزگاری، لـە سـاڵی ١٩٤٦دا بووەتـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هـەر لـەو حزبـەدا ماوەتـەوە تـا دامەزراندنـی پارتـی گەلـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە دوای سـاڵی ١٩٧٩، کـە تیایـدا بـوو بـە سـەرکردە، بڕوانامـەی ئەندازیـاری بەدەسـتهێناوە لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـە بەریتانیـا کۆچـی دوایـی کـردووە، بڕوانـە: نـوری شـاوەیس، س. پ، ل ٣ و دواتـر..

[٢٢] م. ن، ص١٠.

[٢٣] نوري شاويس ، م. س، ص١٠-١١ ؛ سروه أسعد صابر ، كوردستان الجنوبية ...، ص٣٦٥.

[٢٤] نوري شاويس ، م. س، ص١١-١٢

[٢٥] دیدارێکـی تایبـەت لەگـەڵ خالـد یوسـفی لـە دهـۆك لـە ٩ی شـوباتی ٢٠٠٦، هەلبیـن محەمەد ئەحمـەد کردوویەتـی و ڕێگـەی بـە توێـژەر دا بەکاریبهێنێت.

[٢٦] عبدالسلام علي ، م. س، ص١١.

[٢٧]بڕوانـە: تأسـيس جمعيـة بروسـك (الصاعقـة) في نيسـان ١٩٣٩، الصـوت الآخـر (مجلـة)، العـدد (٦٣)، أربيـل، ٢٠٠٥، ص١٢.

[٢٨] هەمـزە عەبـدوڵڵا (١٩١٤-١٩٩٨): لـە باشـقەڵای پارێـزگای وان لـە باکـووری کوردسـتان (تورکیـا) لـە دایکبـووە و، هاتووەتـە کوردسـتانی باشـوور و، لـە شـاری زاخـۆ نیشـتەجێ بـووە و، لـەوێ خوێندنـی سـەرەتایی تـەواو کـردووە، قۆناغـی دواناوەندیشـی لـە مووسـڵ، دەرچـووی کۆلێـژی مافـە لـە بەغـداد، چەندیـن جـار دەسـتگیرکراوە و زیندانـی کـراوە، یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی پارتـی و، تـا سـاڵی ١٩٥٣ سـکرتێری ئـەو حزبـە بـووە، هەروەهـا ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی- باڵـی پێشـکەوتنخوازی پارتـی بـووە لەگـەڵ سـاڵح حەیـدەری، لـە سـاڵی ١٩٥٩ لـە ئەنجامـی ناکۆکیـی نێـوان باڵەکـەی و باڵەکـەی ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی بـۆ هەمیشـە لـە حزبەکـە دوورخرایـەوە، بـەڵام تـا کۆچـی دوایـی وەک خەباتگێڕێکـی نیشـتمانپەروەری کـورد مایـەوە تـا کۆچـی دوایـی لـە سـلێمانی،

بڕوانـە: جمشـيد حيـدري، في ذكـرى وفـاة الشـخصية الوطنيـة الكورديـة حمـزة عباللـه، رسـالة العـراق (مجلـة)، العـدد (٥١)، لنـدن، اذار ١٩٩٩، ص١٩.

(٢٩) عبدالفتاح البوتاني ، تأسيس جمعية بروسك ...، ص١٢.

(٣٠) مقابلة شخصية مع خالد اليوسفي في دهوك بتاريخ ٩ شباط ٢٠٠٦.

(٣١) عبدالفتاح البوتاني، تأسيس جمعية بروسك ...، ص١٢

(٣٢) عبدالفتاح البوتاني، تأسيس جمعية بروسك ...، ص١٢.

(٣٣) کۆمەڵـەی کاربۆنـاری(Carbonaro) بـە واتـای: خەڵوزچییـەکان، لـە نزیکـەی سـاڵی ١٨١١ لەلایـەن گروپێکـی شۆڕشـگێڕی ئیتاڵیـاوە دامـەزراوە، ئامانجیـان یەکخسـتنی ئیتاڵیـا و دامەزراندنـی حکومەتێکـی کۆمـاری بـوو، ئەوانـە لەنێـوان خەڵوزچییـەکان کۆدەبوونـەوە، زاراوە و زمانـی تایبەتـی خۆیـان بەکاردەهێنـا. بڕوانـە: کریـس کۆچێـرا، س. پ، ل١٧٠.

(٣٤) بڕوانه: علي حيدر سليمان ، تاريخ اوربا الحديث، ص٣٢١ وما بعدها .

(٣٥) غازي دحام فهد المرسومي ، م. س، ص٢٨.

(٣٦) موکـەڕەم تاڵەبانـی: لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە شـاری کەرکـووک لەدایـک بـووە، لـەوێ خوێندنـی ناوەنـدی و دواناوەنـدی تەواوکـردووە، چووەتـە کۆلێـژی مـاف لـە بەغـدا، ئەندامێکـی کارای پارتـی هیـوا بـووە، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٤٤دا جێـی هێشـتووە، چووەتـە ڕیـز حزبـی شـیوعیی عێـراق، پۆسـتگەلێکی گرنگـی هەبـووە، لـە حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ وەزیـر بـووە، بڕوانـە: مسـتەفا نـەریمان، بیرەوەرییەیاکانـی ژیانـم، چاپخانـەی ئەلحڕییـە، (بەغـدا، ١٩٩٤)، ل ٧٣-٧٤.

(٣٧) بڕوانـە: موکـەڕەم تاڵەبانـی ، کۆمەڵـەی دارکـەر و پارتـی هیـوا چـۆن؟، ڕەنگیـن (گۆڤـار)، ژمـارە (٥٢)، (بەغـدا، ١٩٩٣)، ل١٨.

(٣٨) نوري شاويس ، م. س، ص١٨.

(٣٩) یونـس ڕەئووف(دڵـدار) (١٩١٨-١٩٤٨): سـەر بـە بنەماڵەی ناسراوی خادم سـەجادەیە لە شـاری کەرکـووک، نووسـەری سروودی نەتەوەیـی کوردسـتانە (ئـەی ڕەقیـب). خوێندنـی ئامادەیـی لـە کەرکـووک تـەواو کـردووە، کۆلێجـی ماف لە بەغدا، دیوانە شـیعرێکی نووسـیوە، کـە لەلایەن گیوی موکریانییـەوە لـە سـاڵانی ١٩٦٠- ١٩٧١دا بڵاوکراوەتـەوە، بڕوانـە: مسـتەفا نـەریمان، س. پ، ل٧٣.

(٤٠) سـاڵح ئەلحەیـدەری ئـەم باسـەی لـە دیدارێکـەوە گواسـتووەتەوە کـە مومتـاز حەیـدەری لەگـەڵ موسـا عەبدولسـەمەد لـە بەغـدا لـە ٢٠ی ئابـی ١٩٨٥ بەڕێـوەی بـردووە، بڕوانـە: صالـح

الحيدري، مذكرات ولمحات من تاريخ الحركة الوطنية والثورية في كوردستان والعراق، الجزء الاول ١٩٤٠-١٩٨٥، القسم الاول ١٩٤٠-١٩٥٣ مخطوطة بحوزة ممتاز الحيدري ، ص١١.

(٤١) فەیسەڵ دەباغ ، حزبی "هیوا" و شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ ی بارزان، (هەولێر، ١٩٩٧ )، ل١٢-١٣.

(٤٢) داریکەلی: ناوی گوندێکی شێخ مەحموودی حەفید و شوێنی نیشتەجێبوونیەتی.

(٤٣) وەرگیراوە لە : صالح الحيدري ، مذكرات ولمحات ...، ص١١.

(٤٤) بۆ نموونە: نوري شاويس ، م. س، ص١٨-١٩ ؛ موکەڕەم تاڵەبانی ، کۆمەڵەی دارکەر ....ل٨ ؛ مكرم الطالباني ، حزب هيوا، (السليمانية، ٢٠٠٢)، ص٤٣-٥١ ؛ مستەفا نەریمان چەردەیەك لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا ڕەشید باجەلان، ڕەنگین (گۆڤار) ژمارە (٦٠)، (بەغدا١٩٩٣) لە ٣٤.

(٤٥) بڕوانە: مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم...، ل٤٨ ؛ إسماعيل شكر رسول، أربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، مطبعة بينايى، ط٢، (السليمانية، ٢٠٠٥)، ص٥١.

(٤٦) اسماعيل شكر رسول، أربيل ...، ص١٣٥.

(٤٧) دیسان بڕوانە: صالح الحيدري، مذكرات ولمحات ...، ص٢٦.

(٤٨) موکەڕەم تاڵەبانی، کۆمەڵەی دارکەر ...، ل١٩.

(٤٩) ئەو کاتە قوتابی بوو لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی.

(٥٠) موکەڕەم تاڵەبانی، کۆمەڵەی دارکەر ...،...، ل١٩-٢٠ ؛ مكرم الطالباني ، حزب هيوا ...، ص٤٣-٤٤.

(٥١) خەڵکی نتوچەی خۆشناوەتییە، قوتابیی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بوو.

(٥٢) ئەو کات قوتابی بوو لە کۆلێجی جەنگ لە بەغدا ، تەواوی کرد، بوو بە ئەفسەری سوپا، دواتر بەجێی هێشت، بوو بە پارێزەر، بڕوانە: نوري شاويس ، م. س، ص١٩.

(٥٣) م. ن، ص١٩.

(٥٤) موکەڕەم تاڵەبانی ، کۆمەڵەی دارکەر... ل١٩-٢٠.

(٥٥) نوري شاويس ، م. س، ص١٩.

(٥٦)جمال بابان، بەسەرکردنەوەیەکی دی پارتی هیوا، هاوکاری(ڕۆژنامە) ژمارە (٢٣٧٦)، بەغدا، ١٩٩٥، ل٢ ؛ مكرم طالباني ، حزب هيوا ...، ص٥١-٥٢ ؛ سروه اسعد صابر ، كوردستان الجنوبية ...، ص٣٦٩-٣٧٠ ؛ هلبين محمد أحمد ، م. س، ص٤٣.

(٥٧) مكرم الطالباني، حزب هيوا ...، ص٥١-٥٢ ؛ موکەڕەم تاڵەبانی ، کۆمەڵەی دارکەر...، ل١٩-٢٠.

(٥٨) مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم ...، ل٦٩ ؛ ئەحمەد حەمەدەمین هۆمەر ، س. پ، ل١٥٩.

(٥٩) مستەفا نەریمان ، چەردەیەك لە ... ، ل٤.

(٦٠) مكرم الطالباني، حزب هيوا ... ، ص٥١.

(٦١) سروه اسعد صابر ، كوردستان الجنوبية ....، ص٣٦٩.

(٦٢) کریس کۆچێرا ، م. س، ص١٧١.

(٦٣) ڕوانە: أربيل ....، ص١٣٦.

(٦٤) دیدارێك کریس کۆچێرا لەگەڵ نوری شاوێس لە شوباتی ١٩٧٥لە ناوچەی ناوپردان ئەنجامیدا، بڕوانە: هامش رقم (٢) و(٤)، في كريس كوجيرا، م. س، ص١٩٣.

(٦٥) م. ن، ص١٧١

(٦٦) وەرگیراوە لە : اسماعيل شكر رسول ، أربيل ....، ص١٣٦.

(٦٧) مكرم الطالباني ، حزب هيوا ....، ص٤٩-٥٠ ؛ سروه اسعد صابر ،كوردستان الجنوبية ....، ص٣٦٩.

(٦٨) ئەو ناوە هاوشێوەی کۆمەڵەی هێڤیی قوتابیانە کە لە ساڵی ١٩١٢ دامەزرا، لە بەرایی ئەم توێژینەوەیەدا باسکراوە، بڕوانە: عبدالستار تاهر شريف ، الجمعيات والمنظمات ....، ص٩٤.

(٦٩) کەریم زەند ، گەشتی زەند تۆماری تەمەن، ب١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل١٤٣.

(٧٠) جەمیل میران (١٩٢٢-١٩٩٥): لەدایکبووی شەقڵاوەیە و لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندی لە هەولێر و ئامادەیی لە کەرکووک تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە کۆلێژی ماف لە بەغدا دەرچووە، چەندین پۆستی کارگێڕی هەبووە، ساڵی ١٩٩٩. لەوانە: بەڕێوەبەری ناحیە، و قایمقامی چەند قەزایەك بڕوانە: ئەحمەد حەمەدەمین هۆمەر، س. پ، ل ١٥٩.

(٧١) فيصل الدباغ ، اضواء على كتاب ....، ص٧٢.

(٧٢) نوری شاوەیس، س. پ، ل ٢٠-٢١؛ لە سەرچاوەکاندا جیاوازی هەیە سەبارەت بە ساڵ و شوێنی دامەزراندنی حزبی هیوا، هەروەها لەم دواییانەدا ناکۆکی لەسەر ئەمە هەبوو سەبارەت بە کۆمەڵەی دارکەر، ئەم گومانە سەریهەڵدا، چونکە هەندێک جیاوازییان لە نێوان کۆمەڵەی دارکەر و حزبی هیوا نەدەکرد، وەک هەندێک مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٣٧ و هەندێکی دیکەش بۆ ساڵی ١٩٣٨ دەگەڕێننەوە، هەروەها کەسانێکیش هەن کە ئاماژە بە ساڵی ١٩٣٩ و ١٩٤٠ دەکەن، بڕوانە: مكرم الطالباني، حزب هيوا...،ص ٥١-٥٢؛ کەریم زەند، س. پ، ل ١٤٣؛ بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ : هلبين محمد أحمد ، م. س، ص٤٠ ، دواتر.

(٧٣) نوری شاوەیس، م. س، ص٢٠ ؛ عەزیز شەمزینی، جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان ، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چ٢، (سلێمانی، ١٩٩٨)، ل١٨٩ ؛ هلبين محمد أحمد ، م. س ، ص٤٤.

(٧٤) عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چ٢، (سەقز، ١٩٩٦)، ل١١٥ ؛ مكرم الطالباني، حزب هيوا ...، ص٥٨ ؛ کریس کوچێرا ، س. پ، ل١٧١.

(٧٥) وليم ايغلتن، جمهورية مهاباد، ترجمة: جرجيس فتح الله، مطبعة وزارة التربية، ط٢، (أربيل، ١٩٩٩)، ص٦٨.

(٧٦) نوري شاوەيس ، م. س، ص٢١ ؛ نەجاتی عەبدوڵڵا ، حزبی هیوا ١٩٣٩-١٩٤٥، دووڕەوت، یەك كۆتایی، ڕابوون (گۆڤار)، ژمارە (٢٦)، (ئەورپا– ١٩٩٩)، ل٦٠-٦١.

(٧٧) عەلائەدین سەجادی ، س. پ، ل١١٥.

(٧٨) ئەم بابەتە لە کۆمەڵێک توێژینەوەی ئەکادیمیدا باس کراوە، لەوانە: عەزیز حەسەن بارزانی، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٣٩-١٩٤٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠٠٢)؛ اسماعيل شكر رسول، اربيل...، ؛ هلبين محمد أحمد ، م. س؛ مكرم الطالباني ، حزب هيوا ؛ عبدالستار طاهر شريف ، الجمعيات والمنظمات ...، ص٩٤-١١٠ ؛ نوري شاوەيس ، م. س، ص١٨ -٣٠ . بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێوە بۆ ئەو سەرچاوانە.

(٧٩) جلال الطالباني ، كردستان والحركة ...، ص٦٧-٦٩ .

(٨٠) ڕەفیق حیلمی بە سەرکردەی باڵا ناودەبرا کە هەژموونی خۆی بەسەر حزبدا پیشان دەدا، بڕوانە: مستەفا نەریمان، ڕەفیق حیلمی ١٨٩٨-١٩٦٠، پەروەردەکار، ڕۆژی کوردستان (گۆڤار)، ژمارە (٦٦)، (بەغدا، ١٩٨٤)،. ل ١١٢، نوری شاوێس، س. پ، ل٢٥؛ پ، ل ١٤٤. کەریم زەند، س، پ، ل١٤٤.

(٨١) نوري شاوويس ، م. س، ص٢٥.

(٨٢) تارق جامباز ، حزبي هيوا لە ليواى هەولێر، (هەولێر ٢٠٠٥)، ل٧٠-٧١.

(٨٣) مكرم الطالباني ، حزب هيوا ...، ص٦٣-٦٤.

(٨٤) بڕوانە: محمد عبدالله کاکەسور ، الدور السياسي ...، ص١٢١-١٢٢.

(٨٥) عزيز حسن البارزاني ، م. س، ص٨٠-٨١ ؛ عبدالفتاح علي البوتاني ، الحياة الحزبية ...، ص٣١٦.

(٨٦) ساڵح حەیدەری: (١٩٢٢ - ٢٠٠١) لە هەولێر لەدایکبووە و لەوێدا گەورە بووە، لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٩٤ خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، ڕووبەڕووی گرتن و زیندان بووەتەوە، لە ساڵی ١٩٤٢ یەکەم ڕێکخەری شانەی مارکسیزم بووە لە هەولێر، لە ١٩٤٤- ١٩٤٦

بەرپرسی حزبی شۆڕش بووە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی ڕزگاری بووە تا ساڵی ١٩٤٦، ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراقی بووە ١٩٥٦-١٩٥٧، بەشداریی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری زۆری هەبووە و چەندین بەرهەمی نووسیوە، بڕوانە بیرەوەرییە دەستنووسەکانی کە لەلایەن مومتاز حەیدەری برایەوە پارێزراون.

(٨٧) م. ن، ص٨.

(٨٨) هاتووەتە نێو دارکەر لەدوای کردنەوەی لقەکەی لە هەولێر، لەو کۆمەڵە مایەوە تا دواتر ناوی گۆڕا بۆ حزبی هیوا، قوتابی و چالاکوانێکی حزبی بوو، بڕوانە: تاریق جامباز، وشیاری نەتەوایەتیی گەنجانی هەولێر لە کۆتایی سییەکان و ناوەڕاستی چلەکان لەنێو حزبی هیوادا، هەولێر (گۆڤار)، ژمارە (١) )، هەولێر، ١٩٩٨، ل٥٨-٥٩.

(٨٩) س. پ، ل٥٩.

(٩٠) سەبری نەجیب نەورۆز ئەفەندی (١٩٢١-٢٠٠١)، لە ڕواندز لەدایك بووە، سەرەتایی لەوێ و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، پەیوەندیی بە حزبی هیواوە کردووە و دواتر چووەتە ڕواندز. بڕوانە: ئەحەمەد حەمەد ئەمین هۆمەر، س. پ، ل١٦٣.

(٩١) تاریق جامباز ، حزبی هیوا ...، ل٨٢ ؛ ئەحەمەد حەمەد ئەمین هۆمەر ، هـ س، ل١٦٢- ١٦٤.

(٩٢) تاریق جامباز، سەرە قەڵەمانەیەك لە مێژووی حزبی هیوا لە کۆیە، هەولێر (گۆڤار) ژمارە (٢)، هەولێر، ١٩٩٩، ل٥١.

(٩٣) هلبين محمد أحمد، م. س، ص٦٣ .

(٩٤) تاریق جامباز، سەرە قەڵەمانەیەك لە...، ل٥١-٥٤.

(٩٥) سبغەتوڵلا ئەمین مزووری، لە گوندی باوانی سەر بە قەزای ئامێدی لەدایك بووە، قوتابی بووە لە قوتابخانەی ئایینیی فەیسەڵییە لە مووسڵ، پێشنوێژی مزگەوت بووە، ماوەیەك فەرمانبەر بووە، ساڵی ٢٠٠١ لە دهۆك کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: پەراوێزی ژمارە(٢٥٥) لە: عبدالفتاح البوتاني ، الحياة الحزبية في ...، ص٣٧٩.

(٩٦) محەمەد عەبدولقادر ئامێدی (١٩٢٣-١٩٩٢): لەدایکبووی شاری ئامێدییە، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواوکردووە و لە ساڵی ١٩٣٩ خوێندنی ئامادەیی لە موسڵ تەواوکردووە، کۆلێژی لە لوبنان تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە عێراق، بووەتە مامۆستای دواناوەندی و قوتابییانی ڕێکخستووە، بڕوانە: محمد عبدالقادر العمادي ، جندي مجهول في تاريخ الحركة الوطنية الكوردية، دهوك (مجلة)، العدد (٢١)، دهوك، ٢٠٠٣، ص١١٤-١١٨.

(٩٧) عبدالفتاح البوتاني، الحياة الحزبية في ...، ص٣١٧-٣١٨ .

(٩٨) سەلاح هروری ڕێکخستنێن کۆمەلا هیوا ل باژێرێ دهۆکێ، گازی(گۆڤار)، ژمارە(٣٣) دهۆك، ١٩٩٧، ل١٥.

(٩٩) عبدالستار طاهر شريف ، الجمعيات والمنظمات ...، ص٩٤.

(١٠٠) عبدالسلام علي ، م. س، ص١١.

(١٠١) عبدالستار طاهر شريف ، الجمعيات والمنظمات ...، ص٩٤-٩٥.

(١٠٢) م. ن، ص٩٧.

(١٠٣) ناهیدەی شێخ سەلام، ئەوەی لە بیرمە، ئامادەکردنی: چیمەن ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر، ١٩٩٩)، ل١٧.

(١٠٤) س. پ، ل١٨ و دواتر ؛ هیوا عەزیز سەعید ، کۆمەڵەی خۆیبوون – حزبی هیوا – کۆمەڵەی ژێکاف،چاپخانەی یاد، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل٤٨.

(١٠٥) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح على البوتاني ، الكورد والأحداث ...، ص٧٧.

(١٠٦) حامد محمود عيسى ، القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني إلى الغزو الامريكي ١٩١٤-٢٠٠٤، مكتبة مدبولي، العربية للنشر والطبع، ط١، (مصر، ٢٠٠٥)، ص١٤٠-١٤٦ ؛ محسن محمد المتولي،م س ص٦٤.

(١٠٧) حامد محمود عيسى ، القضية الكوردية في العراق من الاحتلال البريطاني ...، ص١٤٦-١٤٧.

(١٠٨) عوسمان مستەفا خۆشناو لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری کۆیە لەدایک بووە، ساڵی ١٩٣٢ چووەتە حوجرەی خوێندن، پاشان چووەتە قوتابخانەی یەکەمی کۆیە. کۆمەڵەی دەنگی دامەزراندووە و لەدوای ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندیی بە حزبی شیوعیی عێراقییەوە کردووە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە، بڕوانە: عوسمان مستەفا خوشناو، لەگەڵ ڕۆژگاردا/گەلا وەریوەکان (بیرەوەرییەکانی عوسمان مستەفا خوشناو ١٩٢٦-٢٠٠٦، چاپخانەی شەهاب، چ ١، (هەولێر،٢٠٠٦) ، ل ١٩ و دواتر.

(١٠٩) لەبارەی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی کۆمەڵەکە بڕوانە: عوسمان مستەفا خوشناو ، س. پ، ل٤٤-٤٧.

(١١٠) هـ. س، ل٩-٣٥-٤٧ .

(١١١) هـ. س، ل٣٦- ٣٧.

(١١٢) هـ.س.ل٢٦-٦٣،٥٢-٥٠-٤٨.

(١١٣) (ژ.ك): کورتکراوەی دەستەواژەی (ژیانەوەی کوردستان)ە، ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردییە

و لــە ١٦ی ئەیلوولــی ١٩٤٢ لــە کوردســتانی ئێــران دامــەزراوە و بــە (کۆمەڵــە)، نــاسراوە، بــۆ زانیاریــی زیاتــر، بڕوانــە: فائــزة حــسین عبــاس ، التطــور الســياسي والفكــري للحركــة القوميــة الكرديــة في ايــران ١٩٣٩- ١٩٧٩، رســالة ماجســتير مقدمــة إلى مجلــس كليــة العلــوم السياســية، جامعــة بغــداد، ١٩٩٥، ص٨٤-٩١.

(١١٤) شيركـو فتـح اللـه عمـر، الحـزب الديمقراطـي الكوردسـتاني وحركـة التحـرر القومـي الكورديـة في العـراق ١٩٤٦-١٩٧٥، مطبعـة رون، ط١، (السـليمانية، ٢٠٠٤)، ص١٠٥- ١٠٦.

(١١٥) عوسمان مستەفا خۆشناو ، س.پ ، ل٦٥ ودواتر.

(١١٦) بـۆ وردەكاريـی زیاتـر بڕوانـە: صالـح الحيـدري ، مختـارات مـن مذكـرات صالـح الحيـدري، مطبعـة رنـج ،ط٢، (السـليمانية ،٢٠٠٤)، ص٢٩-٣٣ ؛ إسماعيـل شـكر رسـول ، أربيـل ...، ص١٥٠-١٥١.

(١١٧) الشرطـة العامـة، شـعبة التحقيقـات الجنائيـة ببغـداد، موسـوعة سريـة خاصـة بالحـزب الشـيوعي العراقـي السري، مطبعـة الحكومـة، ج٣، (بغـداد، ١٩٤٩)، ص٦١٦-٦١٨.

(١١٨) بـۆ وردەكارى بڕوانـە: صالـح الحيـدري، مختـارات مـن مذكـرات... ، ص٤٠- ٤٥ ؛ عزيـز الحـاج ، القضيـة الكرديـة في العـراق/ التأريـخ والآفـاق، المؤسسـة العربيـة للدراسـات والـنشر، ط١، (بيروت، ١٩٩٤)، ص٢٣-٢٤.

(١١٩) جلال الطالبـاني، كوردسـتان والحركـة ...، ص٧٨ ؛ عبدالجبـار عبـد مصطفـى ، تجربـة العمـل الجبهـوي في العـراق بين ١٩٢١-١٩٨٥، دار الحريـة للطباعـة، (بغـداد، ١٩٧٨)، ص١٤١ ؛ حامـد محمـود عـيسى ، المشـكلة الكورديـة في الشرق الاوسـط، مكتبـة مدبـولي، (مصر، ١٩٩٢)، ص٢٩٢.

(١٢٠) بڕوانە: أحمد فوزي، قاسم والأكراد – خناجر وجبال ، ط١، (لا. م، ١٩٦١) ، ص١٠٠-١٠٢.

(١٢١) إسماعيل شكر رسول ، أربيل ...، ص٢٥٨-٢٥٩.

(١٢٢) صالـح الحيـدري ، مختـارات مـن مذكـرات ...، ص٧٨- ٩٧ ؛ عزيـز حسـن البـارزاني ، م. س، ص٩٩-١٠٢ ؛ عزيـز الحـاج ، صفحـات مـن تاريـخ ...، ص١٤٦-١٥٦.

# بەشی دووەم

# پەرەسەندنی ڕێکخستنەکانی قوتابیانی کورد لە عێراقدا (١٩٤٦-١٩٧٠)

# تەوەری یەکەم

## هەوڵەکانی پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابیان لە عێراق

ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و قۆناغی دواتر؛ قۆناغێک بوو، هۆشیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی تێدا گەڵاڵە بوو، چەمکەکانی کار و ڕێکخستنیش لە کۆمەڵە کۆمەڵایەتی و دیموکراسییەکاندا چەسپان[١]. قوتابیانیش لە پێشەنگی ئەو هێزانە بوون کە کەوتنە ژێر کاریگەریی چەمکە دیموکراسییەکان و کاریان بۆ بڵاوکردنەوەیان دەکرد. بزووتنەوەی قوتابیان گەشەی کرد، لە هەردوو ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پەرەی سەند و، بەرەو ڕێکخستن هەنگاوی هەڵێنا، ئەم کارەش پەیوەست بوو بە دینامیکیی سەرتاسەری بزووتنەوەی نیشتمانی و ناسیۆنالیستی لە عێراقدا. گرنگیی قوتابیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان لەنێو زۆرینەی دانیشتووانی ڕەش و ڕووت کەرتێکی ڕۆشنبیر بوون، کە بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕووی سیاسییەوە لە جووڵەدا بوون[٢].

لە دوای شەڕەوە ژمارەی قوتابیان لە کۆلێژ و قوتابخانەکانی دواناوەندی و پیشەیی زیادی کرد، لە کاتێکدا ژمارەی قوتابیان لە ساڵی ١٩٢٧ نزیکەی ٢٠٠٠ قوتابی بوو[٣]، تێبینی دەکەین کە ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٤٨بەرزبووەتەوە[٤] بۆ (٢٨٠٩٩) قوتابی و لە ساڵی ١٩٥٨ گەیشتە (١٣٥٦٥٨) قوتابی. شایەنی باسە؛ نزیکەی ٥٠٪ ی قوتابیان ناویان لە دامودەزگاکانی پەروەردە لە بەغدا تۆمارکرابوو[٥] لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی قوتابیان لە عێراق و پێشهات و ڕووداوەکانی دواتر و بڵاوبوونەوەی ئاراستەی فیکری و ئایدیۆلۆجی، چەندین بیرۆکە و ڕەوت لە نێو قوتابیاندا سەریانهەڵدا، کە دواتر بوونە ناوەڕۆکی کاری ڕێکخەری بزووتنەوەکانی قوتابیان لە عێراقدا ئەم ئاراستانە لەمانەی خوارەوەدا بەرجەستە بوون:

١. ڕەوتی نیشتمانیی عێراقی کە داوای ڕزگاربوون لە هەژموونی دەرەکی و گەیشتن بە سەربەخۆیی نیشتمانیی دەکرد و، قوتابیانی کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی

دیکـەی گەلانیشـی لـە عێـراق لەخۆگرتبـوو.

٢. ڕەوتی ناسیۆنالیستی کورد، کە خەباتی بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکرد.

٣. ڕەوتی ناسیۆنالیستی عەرەبی، کە پاڵپشتیی بیری نازی دەکرد.

٤. ڕەوتێکـی بێلایـەن لـە نێـو قوتابیانـدا هەبـوو کـە هیـچ ئایدۆلۆژیایەکی وەک دەسـتپێکی فیکـری بۆ خـۆی پەیـڕەو نەکردبـوو(٦).

ئـەو ڕەوتانـەی قوتابیـان لـە قوتابخانـە و پەیمانگـە و کۆلێژەکانـی عێراقـدا لایەنگـری بـوون، هێشـتا نەگەیشـتبوونە ئاسـتی کاری ڕێکخراوەیـی، بەڵکـو تەنیـا وەك بیرۆکـەی ڕەوتـی فیکـری بـوون لـەو قۆناغـەدا. گفتوگـۆ لەنێـوان قوتابیانـدا لەسـەر زۆربـەی پرسـەکان درێـژەی هەبـوو، وەک: پێشـهاتەکانی جەنگـی دووەمـی جیهـان، پرسـی کـورد، و پرسـە ناسیۆنالیسـتییەکان و چـەپ.

سـەبارەت بـە پرسـی کـورد، قوتابیانـی عەرەبـی خـاوەن ئاراسـتەی نەتەوەپەرسـت دەیانگـوت: کـورد نابێـت لـە مـاف و ئەرکـدا لەگـەڵ عـەرەب یەکسـان بێـت، لـە کاتێکـدا نیشـتمانپەروەرەکان پێچەوانـەی ئـەوە بـوون کـە ناسیۆنالیسـتەکان باوەڕیـان پێـی هەبـوو، وەك پرسـێکی نیشـتمانی لـە پرسـی کوردیـان دەڕوانـی، ئـەوان لـە مـاف و ئەرکـدا یەکسـانن بـوون لەگـەڵ سـەرجەم پێکهاتەکانـی دیکـەی عێـراق. لایەنگرانـی ئـەم ئاراسـتەیە لـە ڕاسـتیدا لـە ژێـر کاریگەریـی سۆشـیالیزمدا بـوون و بەشێکیشـیان ئەندامـی حزبـی شـیوعیی عێـراق بـوون، بۆیـە هەڵوێسـتەکانیان کاریگەرییەکـی کارایـان هەبـوو لـە هاندانـی قوتابیانـی کـورد بـۆ پشـتیوانیکردن لـە ڕەوتەکەیـان(٧)، لەبـەر ئـەوە بەشـێکی زۆر لـە قوتابیانـی کـورد بـوون بـە بەشـێک لـە بزووتنـەوەی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق. کاتێکیـش بـاس لـە بزووتنـەوەی قوتابیـان دەکەیـن لـەم ماوەیـەدا، مەبەسـتمان بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێراقـە بـە گشـتی، بـە قوتابیانـی کوردیشـەوە.

### أ. هەوڵەکانی بەرایی پێکهێنانی یەکێتیی قوتابیان لە عێراق

لـە سـەرەتای چلەکانـدا، دەسـتپێکی بزووتنەوەیەکـی ڕێکخـراوی قوتابیـان دەرکـەوت، کـە ڕەچـاوی گرێدانـی کێشـەی قوتابیانـی بـە بزووتنـەوەی گشـتیی نیشـتمانی دەکـرد، وردە وردە لـە قوتابخانـە جۆراوجـۆرەکان و لـە شـێوە و وێنـەی جیـاوازدا گەڵاڵـە بـوو. دیارتریـن ڕووداویـش کـە بەڵگەیـە بـۆ ئەمـە، مانگرتنـی قوتابیانـی قوتابخانـەی خانـەی

مامۆستایان بوو لە خواردن لە ساڵی ١٩٤٢، بە مەبەستی باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان و هەندێک داواکاریی دیکە. قوتابیان لەو قۆناغەدا هەستیان بە پێویستی ڕێکخستن کرد بۆ ئاراستەکردنی بزووتنەوەکەیان و هێنانەکایەی جۆرێک لە هاوکاریی قوتابیان لە نێوان خۆیاندا، بۆ ئەوەی پاڵپشتیان بن لە ڕووبەڕووی حکومەتدا[٨].

لە ساڵی ١٩٤٣ زۆربەی قوتابیانی خانەی باڵای مامۆستایان بەشدارییان لە مانگرتن لە خواردن کرد. مانگرتنەکە لە ئەنجامی خراپیی ئەو خۆراکە بوو کە لە بەشە ناوخۆییەکان بۆ قوتابیان دابینکرابوو و وەڵامنەدانەوەی سکاڵا دووبارەبووەکانی قوتابیان لەلایەن ڕاگرایەتییەکە[٩]. ئەمەش هاریکاری و کاری یەکگرتوو و ڕێکخراوەیی لەنێوان خۆیاندا هێنایە ئاراوە، هەروەها بووە هۆی زیادبوونی متمانە بەخۆبوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەلومەرجی قۆناغەکەدا.

قوتابیان دەستیان کرد بە خۆڕێکخستن و لە پێکهێنانی لیژنەی قوتابیان لە قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێژەکان چالاک بوون. لە ساڵی ١٩٤٤ یەکەم هەوڵی پێکهێنانی یەکێتیی قوتابیان لە عێراق دەرکەوت، کاتێک قوتابیان شاندێکیان لە خۆیان پێکهێنا کە لەگەڵ وەزیری پەروەردە کۆبوونەوە و خواستی خۆیان بۆ دەربڕی لەبارەی پێکهێنانی یەکێتییەک کە قوتابیانی عێراق کۆبکاتەوە، ئامانجی ئەم یەکێتییەش دروستکردنی پەیوەندیی نێوان قوتابیانی عێراقی و قوتابیانی وڵاتانی دیکە بوو، پاشان ڕێکخستنی گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی هاوڕێیانی قوتابی لەو شوێنانەدا[١٠].

بەڵام هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر ئەو قوتابیانە توند بوو، لەبری ئەوەی وەڵامی داواکارییەکەیان بداتەوە بۆ پێکهێنانی یەکێتیی قوتابیان، نوێنەرانیانی دەستگیر کرد، ئەمەش بووە گەشەی قوتابیانی زیاتر کرد کە بووە هۆی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکان[١١] و، جۆش و خرۆشیان بۆ دامەزراندنی یەکێتییەکی قوتابیانی عێراقی کڵپەی سەند. لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٤٤-١٩٤٥ داواکارییەکی دیکەیان پێشکەش کرد، کە واژۆی (٢٦٥) قوتابی لەسەر بوو[١٢]، کە نوێنەرایەتیی سەرجەم کۆلێژ و قوتابخانە دواناوەندییەکانی بەغدا و سەرتاسەری عێراقیان دەکرد. حکومەتیش ئەم داوایەشی ڕەتکردەوە و، بەم ڕێکارەش نەوەستا، بەڵکو ڕێوشوێنی سەرکوتکەرانەی گرتەبەر بەرامبەر ئەوانەی ئەم دەستپێشخەرییەیان ئەنجامدا

و ڕێکیـــان خســـتبوو، ئەندامانـــی دەســـتەی ئامادەکاریـــی هەڵبژێـــردراوی داواکەیـــان دەسـتگیر کـرد و، بـەرەو ئەنجومەنـە عورفییەکانیـان بـردن(١٣). ئەمـەش قەیرانـی سیاسـی هێنایـە ئـاراوە، کـە بـووە هـۆی ورووژاندنـی ئـەو بابەتـە لـە ئەنجومەنـی نوێنـەران، کاتێـك یەکێـك لـە نوێنـەرەکان پرسـیارێکی لـە وەزیـری پـەروەردە کـرد سـەبارەت بـە دەسـتگیرکردنی قوتابیـان بـۆ ماوەیەکـی زۆر لەلایـەن پۆلیسـەوە، و ئەویـش وەڵامـی دایـەوە کـە هـۆکاری ئەمـە لەبـەر ئەوەیـە کـە لـە کاروبـاری تێکدەرانـە و زیانبەخشـی سیاسـییەوە گلاون(١٤)، واتـە تۆمەتەکەیـان کۆمۆنیسـتی بـووە، جەعفـەر حەمـدی نوێنـەری حیللـە لـە ئەنجومەنەکـە، کۆمێنتـی لەسـەر ئەمـە دا و گوتـی: "هـەر کەسـێک داوای مافـی هـەر لایەنێـک بـکات، یـان داوای لابردنـی کێشـەیەک بـکات کـە بەسـەریدا هاتـووە، یـان پێشـنیازێک پێشـکەش بـکات، دەڵێـن کـە ئەمـە کۆمۆنیسـتێکی تێکـدەرە، دەزانیـن چ ئێـش و ئازارێـك لەژێـر ئـەم وشـەیەدایە"(١٥).

لەگـــەڵ بەردەوامـــی هەڵوێســـتی ڕەتکـــەرەوەی دەســـەڵات بەرامبـــەر بـــە داوا دووبارەبووەکـــەی قوتابیـــان بـــۆ پێکهێنانـــی یەکێتیـــی قوتابیـــان، ناچاربـــوون پەنـــا بـــۆ ڕێگـەی دیکـە ببـەن، ئەویـش بـە پێشکەشـکردنی داواکاری بـۆ مۆڵەتدانـی کۆمەڵەکانیـان بـە نـاو و فۆڕمـی جۆراوجـۆر، وەک لیژنـەی قوتابیانـی کۆلێـژی پزیشـکی، کۆمەڵـە وەرزشـییەکان و هاوبەنـدی مـاف و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی، کۆمەڵـەی هاریـکاری، و یەکێتیـی قوتابیـان لـە خانـەی مامۆسـتایان(١٦).

**ب. دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی قوتابیان لە عێراق**

یەکەمیـن کۆنفرانسـی قوتابیـان لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٥ لـە بەغـدا بەڕێوەچـوو و، نوێنەرانـی ناوچـە جیاجیاکانـی عێـراق بەشـدارییان تێـدا کـرد(١٧). یەکـەم یەکێتیـی قوتابیانـی لـە عێـراق لێکەوتـەوە. قوتابیانـی خانەی باڵای مامۆسـتایان توانیـان ڕەزامەندیـی دامەزراندنی یەکێتییەکـی قوتابیـان بـۆ خۆیـان بەدەسـتبهێنن، هەڵبـژاردن ئەنجامـدرا، بـۆ هەڵبژاردنـی نوێنـەران لـە لیژنـەی جێبەجێـکاری یەکێتیـی قوتابیـان لـە کۆلێژەکـەدا، کێبڕکێ لەنێـوان ڕەوتە جیاوازەکانـی قوتابیـان ئەنجامـدرا: دیموکراسـیخوازان(١٨)، ناسیۆنالیسـتەکان، سـەربەخۆکان، بـە سـەرکەوتنی دیموکراسـیخوازان و پێکهێنانـی دەسـتەی جێبەجێـکاری یەکێتـی کۆتایـی هـات(١٩). سـەرکەوتنی هێزەکانـی چەپـی قوتابیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـەرکەوتنانەی

کە یەکێتیی سۆڤیەت لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئەڵمانیادا بەدەستی هێنابوون، بەو پێیەی ئەم سەرکەوتنانە و کۆتایی هاتنی شەڕ لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانان، بووە هۆی بەهێزبوونی بیرۆکەی سۆشیالیستی و بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی فراوان لەنێو قوتابیاندا، لە بەرامبەر پووکانەوەی مەیلی ناسیۆنالیستی و ڕاستڕەو لە عێراقدا.

کارێکی باشە ئاماژە بەوە بدەین کە دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی ١٩٤٥، بزووتنەوەی قوتابیان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بە شێوەیەکی ڕوون و کاریگەر بووژابووەوە، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەکان و بڵاوبوونەوەی خوێندن لە سەرتاسەری ئەو وڵاتانەدا، هەروەها سەرهەڵدانەوەی هەستی نیشتمانپەروەری لەنێو جەماوەردا، هاوکات هاتنی زۆرێک لە وڵاتان بۆ نێو قۆناغی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی(٢٠). دواجار دامەزراندنی یەکێتیی جیهانیی خوێندکاران(٢١).

قوتابیانی کوردستان شانبەشانی سەرجەم قوتابیانی عێراق بەشداریی خەباتیان کرد و، پێکەوە لە گۆڕەپانی خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانی قوتابیان و مافە دیموکراسییەکانی گەلی عێراق بەردەوام بوون، ئەوان پێکەوە دژی ڕژێمی حوکمڕان وەستانەوە، قوتابیانی عێراق بەگشتی ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕووداوەکاندا نیشان دا و لە دوای ساڵی ١٩٤٥ سەرکردایەتیی خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانیان کرد(٢٢)، ئەم ئەزموونانە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابیان، دواتر یەکخستنەوەیان لە یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق.

جگە لەو ئامانجە نیشتمانی و ناسیۆنالیستییانەی کە بزووتنەوەی قوتابیان لە عێراقدا خەباتیان بۆ دەکردن، ئامانج و بابەتی گرنگ هەبوون، قوتابیان هەوڵیان دەدا بەدەستی بهێنن، کە بەم شێوەیەن:

١. کێشەی وەرگرتنی قوتابی لە قوتابخانەکان.
٢. کێشەکانی کاروباری قوتابخانە.
٣. گرانیی نرخی کتێب و کەلوپەلی نووسین و تێپەڕاندنی قەیرانەکانیان.
٤. پرۆگرامی خوێندن و گونجانیان بۆ قوتابیان و شێوازی بەکارهێنانیان.
٥. کێشەی تاقیکردنەوەکان و ئەنجامەکانیان.
٦. کێشەکانی ناردنی قوتابیان بۆ دەرەوە.

٧. ژیانی کۆمەڵایەتی و وەرزشی لە قوتابخانەکاندا.
٨. ئـەو ئاسـتەنگانەی ڕاسـتەوخۆ دوای دەرچوونیـان ڕووبـەڕووی قوتابیـان دەبوونـەوە، هەروەهـا کۆمەڵێـک کێشـەی دیکـەی قوتابیـان کـە لـە ژیانـی خوێنـدن و گشـتیدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە[٢٣].

لـەو ماوەیـەدا بزووتنـەوەی قوتابیـان بەشـێوەیەکی بەرفـراوان چـالاک بـوو، بـە جۆرێـک ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندان و مانگرتـن لەلایـەن قوتابیـان لـە زۆربـەی پەیمانگـە و کۆلێژەکانـی عێـراق ئەنجامـدەدرا[٢٤]، لـە ئاکامـدا زۆر لـە قوتابیـان لەلایـەن دەزگاکانـی حکومەتـەوە لێیانـدرا و دەسـتگیرکران، ژمارەیەکـی زۆریـش لـە قوتابیـان کـە سـەرکردایەتیی خۆپیشـاندانەکانیان دەکـرد، دەرکـران. دواجـار یەکەمیـن یەکێتیـی قوتابیـان، دوای چەنـد مانگێـک لـە دامەزراندنـی، هەڵوەشـایەوە[٢٥].

## ج. سـەرهەڵدانی ڕێکخـراوی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد دوای دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کـورد (پارتـی) لـە سـاڵی ١٩٤٦

دوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی دووەمـی جیهـان، بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد پێـی نایـە نـاو هاوکێشـە سیاسـییە نوێیەکانـەوە، هەروەهـا نـاو ئـەو ڕووداو و پێشـهات و گۆڕانکارییانـەی ڕوویانـدا، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە کوردییـەکان گـۆڕان بـۆ حزبـی هاوچەرخـی هەڵگری بەرنامـە و ئامانـج و پرۆگرامـی پێشـکەوتووی پـڕ لـە بیرۆکـەی ناسیۆنالیسـتی و نیشـتمانپەروەرانە.

شـەپۆلی سۆشـیالیزم لـە چلەکانـی سـەدەی ڕابـردوودا هێنـدە بەرفـراوان بـوو کـە کۆنتڕۆڵـی زەینـی قوتابیـان و ڕۆشـنبیرانی کـرد و قوتابیـی کـورد بـە گشـتی لـەو ماوەیـەدا ڕوویـان لـە چـەپ کـرد[٢٦]، پێشـهاتەکانی شـەڕ گۆڕانکاریـی لـە ڕەوتـی بزووتنـەوەی کوردیـدا بـەدوای خۆیـدا هێنـا؛ پارتـی هیـوا کـە بەشـی زۆری لـە قوتابیـان پێکهاتبـوو، هەڵوەشـایەوە و، دوو حـزب سـەریان هەڵـدا: شـۆڕش، ڕزگاری، و لقـی (ژ.ک)، لەپـاڵ حزبـی شـیوعیی کوردسـتانی عێـراق و ڕێکخراوەکانـی دیکـە کـە لـە گۆڕەپانـی کوردسـتاندا چـالاک بـوون، بەتایبەتـی لـە ناوەندەکانـی قوتابییـان و ڕۆشـنبیران کـە زۆرینەیـان کاریـان بـۆ مافـی چـارەی خۆنووسـین بـۆ کوردسـتان و بەرەنگاربوونـەوەی کۆلۆنیالیـزم دەکـرد[٢٧]. لێـرەدا پێویسـتە بەخێرایـی ئاوڕێـک

لــە چۆنیەتیــی دامەزراندنــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان (پارتــی) بدەینــەوە، کــە بــووە پێشــڕەوی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی ناسیۆنالیســتی کــورد لــە عێراقــدا، کــە بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد لــەوەوە ڕێبــازی ناسیۆنالیســتی وەرگرتــووە و لــە کاری سیاســیی خۆیــدا پەیــڕەوی کــردووە.

لـەو ماوەیـەدا بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان (ئێـران) پــەرەی ســەند و حزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران[٢٨] و کۆمــاری کوردســتانیش دامــەزرا[٢٩]. هەمــوو ئــەم پێشــهاتانە کاریگەرییــان لەســەر ڕەوتــی گەشەســەندنی بزووتنــەوەی ناسیۆنالیســتی کــورد لــە کوردســتانی عێراقــدا هەبــوو کــە دواجــار بــووە هــۆی دروســتبوونی پارتــی دیموکراتــی کــورد[٣٠].

دەســتەی دامەزرێنــەری پارتــی دیموکراتــی کــورد (پارتــی)[٣١] بــە ســەرۆکایەتیی مــەلا مســتەفا بارزانــی (١٩٠٣-١٩٧٩) پێکهــێنرا[٣٢]، هەروەهــا بــە ئەندامێتیــی: هەمــزە عەبــدوڵڵا، میرحــاج ئەحمــەد، نــووری ئەحمــەد تەهــا، مســتەفا خۆشــناو، محەمــەد قودســی، خەیــروڵڵا عەبدولکەریم،عیــزەت عەبدولعەزیــز[٣٣]. مــەلا مســتەفا بارزانــی لــە بەهــاری ســاڵی ١٩٤٦ هەمــزە عەبــدوڵڵای نــارد بــۆ عێــراق، بــۆ دانوســتان لەگــەڵ هێــزە سیاســییەکانی کــورد لــە کوردســتانی عێــراق، دوای گفتوگــۆ لەنێــوان هێــزە جیــاوازەکان، لەســەر دامەزراندنــی پارتــی دیموکراتــی کــورد - عێــراق ڕێککەوتــن[٣٤]، کــە کۆنگــرەی دامەزراندنــی لــە بەغــدا لــە ١٦ی ئابــی ســاڵی ١٩٤٦ بــە نهێنــی بەســت[٣٥]، هــەردوو ڕێکخــراوی شــۆڕش و ڕزگاری هەڵوەشــانەوە، دواتــر لقــی کۆمەڵــەی (ژ.ک.) پەیوەنــدی بــە حزبــە نوێیەکــەوە کــرد[٣٦]؛ هەربۆیــە بزووتنــەوەی ناسیۆنالیســتی کــورد لــە کوردســتانی عێــراق چــووە قۆناغێکــی نوێــوە.

دەکــرێ بڵێیــن قوتابیــان کاریگەرتریــن کەرتــی شــۆڕش بــوون لــە دوای پێکهێنانــی پارتییــەوە [٣٧]، بەهــۆی ئــەو ئامانجــە نەتەوەییانــەی کــە لــە پەیــڕەو و پڕۆگرامــە ناوخۆییەکەیــدا هاتبــوون[٣٨]. پڕۆگرامەکــەی جەختــی لەســەر مافــە نەتەوەییەکانــی کــورد و پێویســتی دامەزراندنــی سیســتمێکی فیدراڵــی لــە عێــراق و چاکســازی لــە ژیانــی کۆمەڵایەتــی و ئابووریــدا دەکــردەوە ، هەروەهــا ڕێگــەدان بــە دامەزراندنــی ســەندیکا پیشــەییەکان[٣٩]، جگــە لــە ئامانــج و پرەنسیپەکانی دیکــە کــە کاریگەرییــان هەبــوو لەســەر پێکهێنانــی بنکەیەکــی گشــتیی جەمــاوەری لــە قوتابیــان و ڕۆشــنبیران

و کرێکاران و جووتیاران لە هەموو شارەکانی کوردستان. ڕاگەیاندنی حزب و بەپیرەوەچوون و پەسندکردنی پرەنسیپەکانی مارکسیزم- لینینیزم لەو قۆناغەدا[٤٠] گەورەترین ڕۆڵی هەبوو لە کاریگەری بۆ سەر توێژی قوتابیان، کە لەو ماوەیەدا زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەریی سۆشیالیزم و چەپ بە شێوەیەکی گشتی[٤١]، بۆیە ژمارەیەکی زۆری قوتابیان بە شێوەیەکی بەرفراوان پەیوەندییان بەم حزبەوە کرد، قوتابیانی ئەو کاتە بنکەیەکی تۆکمەیان بۆ پێکهێنا، دوای پەیوەندیی نێوان قوتابیانی کورد لە قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکاندا[٤٢]، لە شارەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق.

پارتی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکانی دیکە بەشداری لەو بۆنە نیشتمانیانە کرد کە لە دوای ساڵی ١٩٤٦ لە عێراق ڕوویاندا و، هەوڵیدا پاڵپشتیی کۆمۆنیستەکانی عێراق بەدەستبهێنێت[٤٣]، قوتابیانی کورد ئەم هەڵوێستانەی پارتیان کردە خاڵی دەستپێک بۆ بەشداریکردن لەو ڕووداوانەدا. دوای ئەوەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد لەلایەن پارتییەوە کۆنترۆڵکرا، ئیدی قوتابیان بوونە کەرتێکی کارا لە بزووتنەوەکەدا تا ناوەڕاستی پەنجاکان، سەرەڕای ئەوەی هاتنە ڕیزی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق کە لەلایەن قوتابییە کۆمۆنیستەکانەوە سەرکردایەتی و ئاڕاستە دەکرا [٤٤]. لەو ماوەیەدا پارتی خەریکی ڕۆشنبیرکردنی ئەندام و کادرەکانی بوو لەسەر بنچینە و پرەنسیپەکانی مارکسیزم- لینینیزم، لەم بارەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێ: بوومە ئەندامی شانەی سەرەکیی ڕێکخراوی قوتابیانی پارتی لە کۆیە، و عەلی عەبدوڵڵا[٤٥] بەرپرسی ئێمە بوو، ئەو وتاری هۆشیاری پێدەداین لەبارەی (ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالکتیکی) و (پرسی نیشتمانی) و بناغەکانی لینینیزم (ئەدەبیاتی مارکسیزم)، جگە لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی پارتی[٤٦]، ئەمەش بەو مانایەیە کە پارتی و حزبی شیوعیی عێراق لەو قۆناغەدا لە ڕووی بیرۆکەکانەوە لەیەکدی نزیك بوون، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ سازانی نێوان ئەو قوتابییە کوردانەی لایەنگری پارتی بوون و ئەو قوتابییە کوردانەی لایەنگری حزبی شیوعیی عێراق بوون لە کار و چالاکییە نیشتمانییەکاندا، هەروەها شێوازی چالاکیی نهێنیی ئەو دوو لایەنە بەسوود بوو، لە ڕووی کۆکردنەوەی بیرۆکەکانی ئەو قوتابییانە و هەماهەنگیی چالاکییەکانیان.

## د. پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابیانی کورد (K.P.X) (کۆمەڵی پێشکەوتنی خوێندەواری) ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە

دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کورد لە کوردستان چالاک بوو، قوتابیان هەوڵیاندا چەند ڕێکخراوێکی قوتابیان لە کوردستان دابمەزرێنن، ئاراستەکانی پارتییان کردە بنەمای ئەو کارە. لە چوارچێوەی ئەمەشدا قوتابیانی ئامادەیی کۆیە لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٦-١٩٤٧ ڕێکخراوێکی قوتابیانیان لە کۆیە پێکهێنا بە ناوی (کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری (K.P.X)[٤٧] ئەمەش دوای ئەوەی لە تەکیەی تاڵەبان لە کۆیە کۆبوونەوە و سوێندی وەفادارییان بۆ کۆمەڵەکە خوارد، جەلال حوسامەدین (جەلال تاڵەبانی) یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە، هەروەها وریا عەلی کانی مارانی[٤٨]، خالید دلێر[٤٩]، سابیر عەبدوڵڵا، ئەمیر عەبدولکەریم، دوای ئەوەش کۆمەڵەکە فراوانتر بوو و ژمارەیەک قوتابیی دیکەی لەخۆگرت، لەوانە: هێمن سدیق، سدیق ساڵح، خەیاڵ جەمیل، لە ساڵی دواتردا ژمارەی ئەندامان زیادی کرد[٥٠].

سەبارەت بەو هۆکار و فاکتەرانەی بوونە هۆی پێکهێنانی (K.P.X)، جەلال تاڵەبانی دەڵێت: ئامانجی سەرەکیمان لە پێکهێنانی ئەم کۆمەڵەیە هەوڵدان بوو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی قوتابیانی کوردی، ویستمان ئەو ئەزموونە فراوانتر بکەین، بۆ ئەوەی زۆربەی کوردستانی عێراق بگرێتەوە. .."[٥١]. خالید دلێر کە هاوکات یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەڵێت: ئێمە لەو کاتەدا گەنج بووین، بەڵام عاشقی وشەی کورد بووین.. بۆیە بێبەشکردنی قوتابیی کورد لەو سەردەمەدا لە خوێندنی مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان، هەروەها ناسینی بیری ناسیۆنالیستی کورد وای لێکردین، بیر لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی لەو جۆرە بکەینەوە و ئامانجی پێکهێنانیشی بە گشتی تایبەت بوو بە یەکڕیزی و برایەتی و یەکترناسینی نێوان قوتابیان، هەروەها پەروەردەکردنی قوتابیی کورد پەروەردەیەکی ناسیۆنالیستانە، تاکو فێری ماناکانی ژیان و قوربانیدان بێت لە پێناو گەلەکەیدا"[٥٢]. جگە لەو فاکتەرانەی باس کران، ڕەنگە فاکتەر و پاڵنەری سەرەکی لەپشت دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بوو بێت، کە هەر لەو ساڵەدا دامەزرا و، ڕەنگە ئەمە بڕیارێکی سیاسیی ئەویش بووبێت. بۆئەوەی ببێتە ڕووگەیەك بۆ چالاکییەکانی لەناو قوتابیاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جەلال تاڵەبانی ئاماژە دەکات بۆ

پاڵپشتی و پشتیوانیی مامۆستا (کەمال عەبدولقادر نەشئەت) کە ئەمەیان ئەندامی پارتی بووە و مەیلی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیستیی کوردی هەبووە[٥٣].

(K.P.X)کۆمەڵەیەکی نهێنی بوو، هەروەها پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی نەبوو، بڵاوکراوەی تایبەتیی خۆیشی نەبوو، چالاکییەکانی سنووردار بوون، بەهۆی نهێنیی کارەکانییەوە هەیکەلبەندیی شانەکانی ڕێکخستن، هەریەکەیان لە (٣٠) خوێندکار پێکهاتبوو[٥٤] و، ئەندامانی کۆمەڵەکە هەفتەی جارێک کۆدەبوونەوە، بەرەو بیرۆکە مارکسیزم ئاراستە دەکران، تێیدا پەروەردە دەکران و لە ئەدەبیاتەکەی ئاگادار دەکرانەوە[٥٥].

لێرەدا دەتوانین بڵێین: گرنگیی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە بچووکە لەوەدایە کە بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی قوتابیان تایبەت بە کوردستان دەوڵەمەند کردووە، ئەم ئەزموونە دواتر بوو بە خاڵی دەستپێک بۆ دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، کە لە ساڵی ١٩٥٣ پێکهێنرا. هەروەها خەباتی بۆ پێشکەوتنی زانست لە ناوچەکە و پەرەپێدانی شێوازەکانیدا دەکرد، ئەمەش بە ئەزموونێکی گرنگ دادەنرێت لە ڕێبازی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان و هەنگاوێکی بوێرانەیە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە توێژێکی قوتابیان لە کوردستان[٥٦].

بوون بە ئەندام لەم کۆمەڵەیە بەردەوام بوو، ژمارەی ئەندامەکانیش زیادی کرد، تا دەستی بە کێبڕکێ کرد لەگەڵ قوتابییە کۆمۆنیستەکان لە قوتابخانەکانی کۆیە. کۆمەڵەکە چەندین چالاکیی ئەنجامدا، لەوانە: ئەنجامدانی خۆپیشاندانی قوتابیان، کە هەستی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیستی لە بازنەی گشتیدا ورووژاند. کۆمەڵەکە بەردەوام بوو لە چالاکییەکانی و لە کۆیە قەتیس مایەوە، تا ساڵی ١٩٤٨ کۆنگرەی (ئەلسیباع) بەڕێوەچوو[٥٧]، لەو کاتەدا پەیوەندی بە یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقەوە کرد[٥٨].

## هـ. کۆنگرەی گۆڕەپانی ئەلسیباع لە ساڵی ١٩٤٨ و دامەزراندنی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق

دوابەدوای ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ بە سەرکردایەتیی قوتابیان و توێژەکانی دیکە، هەروەها هەوڵە بەردەوامەکانی قوتابیان- وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا- بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی قوتابیان لە عێراق، لە کۆتاییدا ئەم هەوڵانە دوای بەستنی کۆنگرەی "ئەلسیباع" سەرکەوتوو بوون، کە لەوەوە یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق سەریهەڵدا.

بزووتنەوەی قوتابیان لە عێراق فێری ئەوە بووە، ڕێکخستن سەرەتای چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەیە کە قوتابیان بەدوای چارەسەرکردنیاندا دەگەڕێن و درکیشیان بەوە کرد کە یەکڕیزیی بزووتنەوەی قوتابیان پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ فراوانکردنی ئەم ڕێکخراوە، بۆیە لێژنەی پەیمانگە باڵاکان داوای کرد کۆنگرەیەك ببەسترێت بە ئامادەبوونی لێژنەکانی یەکێتی کە لە سەرتاسەری عێراقەوە هەڵبژێردراون[٥٩]، لێژنەی ناوبراو ئەم بانگهێشتنامەیەی لە ١٧ی ئازاری ١٩٤٨ دەرکرد و دەقەکەی نووسرابوو: "بانگهێشتکردنی یەکێتیی قوتابیانی پەیمانگە باڵاکان بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەی گشتیی قوتابیان، بۆیە یەکێتیی گشتیی قوتابیانی پەیمانگە باڵاکان لە دانیشتنەکەیدا کە لە ڕۆژی شەممە ١٧ی ئازاری ١٩٤٨ بەڕێوەچوو، بڕیاری دا کۆنگرەیەکی گشتی بۆ قوتابیانی عێراق سازبکات و لیژنەیەکیشی هەڵبژارد، "ئەرکی بریتی بووە لە ئاراستەکردنی بانگەواز، ڕێکخستنی کاروباری کۆنگرەی ناوبراو، لیژنەی ئامادەکاری لە نوێنەرانی کۆلێژی ئەندازیاری، کۆلێژی پزیشکی، خانەی باڵای مامۆستایان، خانەی مامۆستایانی سەرەتایی بەشی باڵا، پەیمانگای شاژنە عالیە"[٦٠].

لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی گشتی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ٢٩ی ئاداری ساڵی ١٩٤٨ کرد و ئەم بڕیارانەی دا:

١. کۆنگرەکە لە ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی نیسانی ١٩٤٨ بەڕێوەدەچێت و ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی بەردەوام دەبێت.

٢. هەموو پەیمانگە باڵاکان مافی بەشداریکردنیان لە کۆنفرانسەکەدا هەیە، هەروەها خانەکانی مامۆستایانی هەموو ئاستەکان. قوتابخانەکانی پیشەیی و ناوەندی و دواناوەندی چ تایبەت بێت یان فەرمی، لە کچان و کوڕان، جگە لە قوتابخانە و کۆلێژە سەربازییەکان و ئەو قوتابخانانەی یەکێتیی قوتابیانیان نییە کە نوێنەرایەتیان بکەن.

٣. دوو ئەندام نوێنەرایەتیی هەر یەکێتییەکی قوتابیان دەکات، کە لەلایەن یەکێتییەوە هەڵدەبژێردرێن و بەڵگەنامەیەکی فەرمییان بۆ دابین دەکرێت، کە واژۆی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتییەکەی لەسەرە و مافی بەشداریکردنیان لە کۆنگرەکەدا پێدەبەخشێت. لە ئەگەری ئەوەی نەتوانرێت دوو نوێنەری هیچ کام لە ئەندامانی یەکێتییەکە ئامادەبن، یەکێتییەکە مافی ئەوەی هەیە دوو نوێنەری قوتابیانی قوتابخانە بنێرێت کە ئەندامی خۆی نین، هەروەها مافی هەیە دوو نوێنەر سەرپشك بکات لەو قوتابیانەی کە لە بەغدا دەخوێنن، بە مەرجێک ئەم ڕێگەپێدانەی بە بەڵگەنامەیەکی فەرمی لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی یەکێتییەکەوە پشتگیری بکرێت و لیژنەی ئامادەکارییش دەستەواژەی "یەکێتیی قوتابیان" بەکاردەهێنێت، واتە ئەو یەکێتییەی کە قوتابیان خۆیان هەڵیدەبژێرن، جا ئیدارە دان بەوەدا بنێت یان نا.

٤. لە کۆنگرەکەدا باس لە کێشەی قوتابیان و کێشە نیشتمانی و ڕێکخراوەییەکان دەکرێت.

٥. کرێی بەشداریکردنی کۆنگرە بۆ پەیمانگە باڵاکان سێ دینار دەبێت، بۆ قۆناغی ناوەندی یان هاوشێوەیان دوو دینار، هەروەها بۆ قوتابخانە ناوەندییەکان یان هاوشێوەیان یەک دینار. ئەم بڕە پارەیە بە پۆست دەنێردرێت بۆ لیژنەی ئامادەکاری و دوا کاتیش بۆ وەرگرتنی بەشداریکردن لە کۆنگرەکە ڕۆژی شەممە ١٠ی نیسانە.

٦. هەر یەکێتییەك مافی ئەوەی هەیە یەک وتار پێشکەش بکات کە پەیوەندی بە یەکێک لەو بابەتانە هەبێت کە لیژنەی ئامادەکاری لەکاتی تاوتوێکردنیدا و لە وادەیەکی نزیکدا ڕایدەگەیەنێت تاکو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، دوا وادەی وەرگرتنی ئەو وتارانەش ڕۆژی شەممە ١٠ی نیسانە، دەبێت هەر یەکێتییەك لانیکەم کۆپییەکی بابەتەکەی خۆی هەڵبگرێت. لیژنەیەکی لاوەکییش پێکدەهێنرێت کە ئەرکی هەڵبژاردنی ئەو وتارانە دەبێت کە لە کۆنگرەکەدا پێشکەش دەکرێن.

٧. بـارەگای کۆنگـرە لـە کۆلێـژی پزیشـکیی شـاهانە دەبێـت، هەروەهـا لیژنەی ئامـادەکاری کار دەکات بــۆ ئامادەکردنــی شــوێنی خەوتــن و خــواردن بــۆ نوێنەرانــی یەکێتیــی قوتابخانــەکان کــە لــە لیواکانــەوە هاتــوون[٦١].

هەروەهـا لێژنـەی ئامـادەکاری بەیاننامەیەکـی بڵاوکـردەوە، کـە ئەمـە دەقەکەیەتـی: "بەیاننامەیـەك لـە لیژنـەی ئامـادەکاری بۆ کۆنگرەی گشـتیی قوتابیـان: لیژنـەی ئامادەکاریی کۆنگـرەی گشـتیی قوتابیـان کۆبـووەوە و ئـەو بابەتانـەی پەسـەند کـرد کـە کۆنگرەکـە لـە کاتـی بەسـتنیدا تاوتوێـی دەکات و دەبێـت هـەر یەکێتییەکیـش لەسـەر یەکێـک لـەم بابەتانـەی خـوارەوە بنووسـێت:

**أ. کێشەی قوتابیان**

١. کارکردن بۆ بەدیهێنانی پڕۆژەی زانکۆی عێراق [٦٢].
٢. چارەسەرکردنی کێشەکانی وەرگرتن و کرێ.
٣. هاندانی چالاکیی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هونەری.
٤. کێشەی پرۆفیسۆر و مامۆستا و تاقیگە و کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن.
٥. کێشەی بەشە ناوخۆییەکان.
٦. کێشەی قوتابیانی کەمدەرامەت.
٧. ئەو شێوازە پەروەردەییانەی ئێستا بەکاردێن.
٨. کێشەی ناردنە دەرەوەی قوتابیان.
٩. لایەنی تەندروستی و پێویستیی گرنگیدان بەم لایەنە.

**ب. کێشەکانی ڕێکخستن**

١. بەرگریکـردن لـە مافـی سروشـتیی قوتابیـان لـە هەڵبژاردنـی یەکێتیـی قوتابیـان کـە نوێنەرایەتیـی بەرژەوەندییەکانیـان دەکـەن، هەروەهـا پێویسـتیی پێکهێنانـی یەکێتـی بـۆ هەمـوو قوتابخانەیـەک، جگـە لـە قوتابخانـە سـەربازی و سـەرەتاییەکان.
٢. کێشەی یەکێتییە هەڵوەشاوەکان و ئەوانەی لەلایەن ئیدارەکانەوە دامەزراون.
٣. هەماهەنگیـی بزووتنـەوەی قوتابیـان لـە عێـراق لەگـەڵ بزووتنەوەکانـی قوتابیـان لـە جیهانـدا، بەتایبەتیـش لەگـەڵ وڵاتانـی عەرەبـی.

### ج. کێشە نیشتمانییەکان

١. بەرەنگاربوونەوەی چەمکەکانی کۆلۆنیالیزم لەنێو قوتابیان و توێژەکانی دیکەی گەلدا.
٢. داکۆکیکردن لەو ئازادییە دیموکراسییانەی دەستووری عێراق گەرەنتی پێداون.
٣. کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامە و پرۆژە کۆلۆنیالیەکان و پووچەڵکردنەوەی هەر پرۆژە و پەیماننامەیەکی نوێی کۆلۆنیالیزم و ئاشکراکردنی پیلانەکانی.
٤. کارکردن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.
٥. کارکردن بۆ هاندانی پرۆژەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی.
٦. پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانی و بەرەنگاربوونەوەی بانگەشەی تائیفەگەری و ڕەگەزپەرستی.
٧. هەماهەنگیی بزووتنەوەکانی قوتابیان لەگەڵ دەستە نیشتمانییەکان.
٨. کارکردن بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین لە چنگی کۆلۆنیالیزم و زایۆنیزم.
٩. هاوکاریکردن لەگەڵ گەلانی عەرەبی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی.

هەر یەکێتییەك مافی ئەوەی هەیە چارەسەری کێشە گرنگەکانی قوتابیان بکات، ئەوانەی کە لە بڕیارەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەکەدا باس نەکراون. نوێنەرانی لیژنەی ئامادەکاریی کۆلێژی ئەندازیاری، خانەی باڵای مامۆستایان، کۆلێژی پزیشکی، پەیمانگای شاژنە عەلیا، و خانەی مامۆستایانی سەرەتایی بەشی باڵا"[٦٣].

قوتابیانی ڕاستڕەو و کۆنەپەرستی عەرەبیی سەر بە ڕەوتی نەتەوەپەرستی؛ هەوڵیاندا ڕێگری لە بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە بکەن، تا لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، واتە لە ١٤ی نیساندا نەبەسترێت، بەیاننامەیەکیان دەرکرد[٦٤] کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە و دژایەتیی خۆیان بۆ بەستنی کۆنگرەکە بەو شێوەی ئێستای ڕاگەیاند، بەڵام ئەو هەوڵانە بێ سوود بوون و لیژنەی ئامادەکاریش پێداگری لەسەر بەستنی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کرد[٦٥]، لەم بارەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد، لە ڕۆژنامەی ئەلڕەئی ئەلعام لە ١٣ی نیسانی ١٩٤٨ بڵاوی کردەوە، کە تێیدا هاتووە: .. "لە کاتێکدا قوتابیان دەبێت یەکەیەکی یەکگرتوو و هۆشیار بن، ئێمە لە بەرامبەردا بەداخەوەین بۆ ئەم کارە کە ڕەنگە بزووتنەوەی قوتابیان و

یەکگرتوویـیـان بشـێوێنێت، بـەم بۆنەیـەوە بەڵێـن بـە بـرا عێراقییەکانمـان دەدەیـن کـە بـەردەوام بیـن لـە بەسـتنی کۆنگرەکـە"[٦٦].

لێـرەدا پێویسـتە بڵێیـن، یەکێـک لـە سـەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکات کـە ئـەم هەڵوێسـتەی قوتابییـە ناسیۆنالیسـتەکان بەهـۆی زانیاریـی پێشـوەختەیانەوە هاتووەتـە ئـاراوە کـە لـە هەڵبـژاردن و کۆنگـرەدا دەدۆڕێـن، بەهـۆی ئـەو پشـتگیرییە کەمـەی کـە هەیانـە، هەوڵیشـیانداوە بابەتەکـە پەیوەندیـدار بکـەن بـە نەتـەوەوە، لـەو کاتـەدا ئـەوان وشـەی دیموکراسـییان وەک دژە ناسـیۆنالیزم دەبینـی[٦٧].

ئامادەکاریـی ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی قوتابیـان بـۆ پێکهێنانـی لیژنەکانـی یەکێتیـی لـە سەرتاسـەری عێـراق و هەڵبژاردنـی نوێنـەران بـۆ ئـەو کۆنگرەیـەی بەنیـازە کـە بەڕێوەبچێـت. بەسـتنی ئـەو کۆنفرانسـە، لـە مێـژە بووەتـە خواسـتێکی قوتابیـان لـەلای زۆربـەی ڕەوت و بزووتنەوەکانـی قوتابیـان، لـەم ڕوانگەیەشـەوە قوتابیانـی کـورد بەشـێوەیەکی کاریگـەر بەشـدارییان لـەو هەڵبژاردنانـەدا کـرد، جـا قوتابیانـی سـەر بـە بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد، کـە لەلایـەن پارتییـەوە نوێنەرایەتـی دەکـرا، یـان بزووتنـەوەی سۆشیالیسـتی مارکسـیزم کـە حزبـی شـیوعیی عێراقـی نوێنەرایەتیـی دەکـرد. لـە سـەرەتای مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٤٨ هەڵبـژاردن لـە (٥٢) قوتابخانـە و پەیمانگـە و کۆلێـژ ئەنجامـدرا و بڕیـاردرا هـەر قوتابخانەیـەک دوو نوێنـەر بـۆ کۆنگرەکـە بنێرێـت[٦٨]، و کێبڕکێـش لـە نێـوان دوو بـەرەی قوتابیانـدا بـوو، بـەرەی یەکـەم بـەرەی دیموکراسـیخوازان بـوو[٦٩]، کـە لیسـتێکی یەکگرتـووی لـە زۆربـەی دامودەزگاکانـی خوێندنـی عێراقـدا هەبـوو، جگـە لـە ناوچـە کوردنشـینەکان، کـە قوتابیانـی (شـیوعی) و (پارتـی) ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی لـە دوو لیسـتی کوردسـتاندا کێبڕکـێ بکـەن[٧٠]. بـەرەی دووەمیـش بـەرەی قوتابیانـی نەتەوەپەرسـت و کۆنەپەرسـتی عـەرەب بـوو[٧١].

لـە سـلێمانی؛ یەکێتـی قوتابخانـە دواناوەندییەکانـی ڕۆژ و شـەو و خانـەی گوندیـی مامۆسـتایان و ناوەندیـی کچـان لـە ١٩٤٨/٣/٢٩ کۆبوونـەوە، بـۆ هەڵبژاردنـی لیژنەیەکـی قوتابیـان لـە لیـوای ناوبـراو، لـە ئەنجامـدا کەمـال کەریـم پۆسـتی سـەرۆکایەتیی لیژنەکـەی بەدەسـتهێنا و جەمـال محەمـەد سـەعیدیش بـوو بـە سـکرتێر، هەروەهـا نازەنیـن تۆفیـق و عەبدولواحیدیـش وەک دوو ئەندامـی لیژنەکـە هەڵبژێـردران[٧٢]، عەلـی کەمـال و جەمـال محەمـەد سـەعید بوونـە ئەندامـی کۆنگرەکـە، لـە کاتێکـدا

ڕکابەرەکەیان عەلی مەحموود (کاندیدی پارتی) نەیتوانی دەنگی پێویست بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرە بەدەستبهێنێت[٧٣].

بەڵام لە کۆیە، کێبڕکێ لەنێوان دوو لیستدا ڕوویدا، کە جەلال حوسامەدین(دواتر جەلال تاڵەبانی)[٧٤] و حوسامەدین تەیب هەردوو کاندیدی پارتی، کێبڕکێیان لەگەڵ محەمەد ئەمین قادر و بورهان نەجمەدین کاندیدانی کۆمۆنیست دەکرد[٧٥]، هەردوو لیستەکە ئەنجامێکی یەکسانیان بەدەستهێنا، بۆیە هەردوو لا ڕێککەوتن بۆ هەڵبژاردنی یەک نوێنەر بۆ هەر لیستێک، ئەوە بوو جەلال تاڵەبانی و محەمەد ئەمین هەڵبژێردران[٧٦].

حەیدەر حەمەد ئەمین بوو بە نوێنەری کەرکووک، فایەق سەبری عەبدولقادریش بۆ خانەقین لە لیستی پارتی. عومەر مستەفا (دەبابە)[٧٧] لە کۆلێژی ماف لە بەغدا هاتە نێو ڕکابەرییەکە و شکستی هێنا، بەڵام ڕێنمایی قوتابیانی کوردی لە بەغدا کرد بۆ ئەوەی خۆیان بۆ کۆنگرەکە ئامادە بکەن[٧٨]. لە هەولێریش پارتی و شیوعی لیستێکی یەکگرتوویان پێکهێنا و لیژنەیەکی تایبەتیان هەڵبژارد بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەکە[٧٩]. دەتوانین ئەوە پشتڕاست بکەینەوە کە قوتابیانی دیکەی کورد لە کۆنگرەکەدا بوون بە نوێنەر، بەڵام نەمانتوانی زانیارییان لەسەر بەدەست بهێنین.

دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی نوێنەران، یەکەمین کۆنفرانسی قوتابیان کە بە "کۆنگرەی ئەلسیباع" ناسراوە، لە ١٤ی نیسانی ١٩٤٨ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لیژنەکانی یەکێتی بەڕێوەچوو[٨٠]، کە بە شێوەیەکی یاسایی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقی لێکەوتەوە[٨١]. هەروەها لەو کۆنگرەیەدا باسی چارەسەر بۆ کێشەکانی قوتابیان کرا بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆ کۆنگرەکە ئامادەکرابوو، هەروەها کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی تەبایی و دۆستایەتی لەنێوانیاندا، لەگەڵ داوای هاوکاریکردنی قوتابیان بۆ یەکتر، هاوکات بە شێوەیەکی گشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات[٨٢].

لە کۆنگرەکەدا؛ قوتابیانی کورد هەوڵیاندا، مافی برا قوتابیەکانی کوردستان جێگیر بکەن، هەروەها هەوڵیاندا لە چوارچێوەی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقدا ڕێکخراوێکی تایبەت بۆ قوتابیانی کوردستان پێکبهێنن. ڕۆڵی قوتابیانی وەک جەلال تاڵەبانی و حەیدەر محەمەد ئەمین و کەسێکی دیکە بە ناوی

(بەنـدە) لـە کۆنگرەکـە وەک قوتابیانـی چـالاك دەرکـەوت[٨٣]، کـە توانیـان پرسـی کـورد بـە زەقـی بخەنـە ڕوو[٨٤]. هەروەهـا لـە کۆنگرەکـەدا بەشـێک لـەو ئامانجانـە پەسـەند کـران کـە بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد هەوڵـی بـۆ دەدان، بـە گشـتی دەتوانرێـت بڵێیـن ئامانجـە بنەڕەتییەکانـی کۆنگـرە، کـە پەسـەندی کردبـوون، بـەم شـێوەیە بـوون:

١. داکۆکی کردن لە مافە سەندیکایی و ئەکادیمییەکانی قوتابیانی کورد.
٢. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی قوتابیان تایبەت بە قوتابیانی کورد.
٣. گشتگیرکردنی خوێندنی زۆرەملێ و کردنی بەخۆڕایی لەسەرجەم قۆناغەکاندا.
٤. دابینکردنی بەشە ناوخۆییەکان و پێداویستیەکانی خوێندن بۆ قوتابیان.
٥. ڕیسواکردنی بیرۆکە و چەمکی کۆنەپەرستانە و کۆلۆنیالیزم.
٦. تەرخانکردنی هێزوتوانای ئەندامانی یەکێتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواری.
٧. بەشداریکردن لە پتەوکردنی یەکڕیزیی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهانی.
٨. هاریکاریکردنی خەباتی گەلانی عەرەبی[٨٥].

هەروەهـا کۆنگرەکـە لـە بڕیارەکانیـدا جەختـی لـەوە کـردەوە کـە بزووتنـەوەی قوتابیـان بەشـێکی گرنگـی بزووتنـەوەی نیشـتمانیی عێراقـە کـە خەبـات بـۆ سـەربەخۆیی و ئـازادی دەکات. ڕەنگـە یەکێـک لـە دەرەنجامـە هـەرە دیـارەکان کـە لـەم کۆنگرەیـەدا هاتـە ئـاراوە، پێکهێنانـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق بووبێـت[٨٦]. لـە دانیشـتنی کۆتایـی کۆنگرەکـەدا دەسـتەی جێبەجێـکار هەڵبژێـردرا کـە لـە ٢٥ ئەنـدام پێکهاتبـوو، بەمەرجێـک بۆهـەر لیوایـەک لـە عێـراق لانیکـەم یـەک ئەنـدام هەبێـت، قوتابیانـی کـورد حەیـدەر محەمـەد ئەمینیـان بـۆ ئەندامێتـی لـە دەسـتەی جێبەجێـکاردا هەڵبـژارد، جـەلال تاڵەبانیـش بـوو بـە ئەندامـی یـەدەگ[٨٧]. دەسـتەی جێبەجێـکار کۆمیتـەی سـکرتاریەتی هەڵبـژارد کـە لـە حـەوت ئەنـدام پێکهاتبـوو، کـە یەکێکیـان کـورد بـوو، ئەندامەکانـی بریتـی بـوون لـە: جەعفـەر ئەلـلەبان وەک سـەرۆکی یەکێتـی، ئەبـو زەیـد سـەلال وەک جێگـری سـەرۆکی یەکێتـی، خەلـووف ئەمیـن زەکـی (قوتابیـی کۆلێجـی مـاف کـە کۆمۆنیسـتێکی کـورد بـوو) وەک سـکرتێر، عەبدولجەبـار شـەوکەت وەک خەزنـەدار، ئەندامێتـی: مەحمـوود ئەلجەنابـی، هـادی هاشـم و محەمـەد عەبـدوڵڵا ڕۆسـتەم[٨٨].

بـەم شـێوەیە یەکـەم ڕێکخـراوی قوتابیـان بـە ئاشـکرا لـە کۆنگـرەی ئەلسـیباع سـەریهەڵدا، هەروەهـا میسـاقی نیشـتمانیی یەکێتییەکـە[٨٩] و پەیـڕەوی ناوخـۆی پەسـەندکرا، سـەرکردایەتییەکەی هەڵبژێـردرا، ڕەزامەندیـش درا بێتـە ڕیـز یەکێتیـی جیهانیـی خوێنـدکاران[٩٠]، ئـەم کۆنگرەیـە بـە سـەرەتای کردەیـی و ڕاسـتەقینەی بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق بـە گشـتی دادەنرێـت، بـە کـورد و عـەرەب و پێکهاتەکانـی دیکـەی عێراقـەوە[٩١]، هەروەهـا بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد بەتایبەتـی، لـە هـەر دوو ڕووی ڕێکخراوەیـی و یاسـاییەوە.

لێـرەدا دەتوانیـن بڵێیـن: بەشـداریکردنی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لەگـەڵ بزووتنـەوەی قوتابییـان عێـراق لـە خەباتـدا دەرئەنجامێکـی حەتمـی بـوو، بـۆ چەسـپاندنی سیاسـەتی تێکەڵکردنـی کـورد بـە دەوڵەتـی عێـراق، ئـەو سیاسـەتەی کـە لـەو سـەردەمەدا ئەنجامـی بەرچـاوی هەبـوو، دوای تێپەڕبوونـی سـاتە ڕۆژگارێـك[٩٢].

بـۆ جێبەجێکردنـی بەرنامـەی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق و تەواوکردنـی هەیکەلبەندیـی ڕێکخسـتن، شـاندێك لـە سـکرتاریەت سـەردانی شـارەکانی عێراقیـان کـرد و خۆیـان بـە خەڵـک ناسـاند، هەروەهـا لـە ڕێگـەی هەڵبژاردنـەوە لیژنـەی لاوەکییـان دامەزرانـد. شـاندەکە سـەردانی شـارەکانی: سـلێمانی، کەرکـووک و هەولێـری کـرد، ئـەم شـاندەش زۆر بـە جـۆش و خرۆشـەوە پێشـوازی لێدەکـرا، ئاهەنگـی بـۆ سـازدەکرا کـە تیایـدا شـیعر و گۆرانیـی بەجـۆش پێشـکەش دەکـرا[٩٣]، بۆیـە لـە شـارە کوردییەکانـدا لیژنـە پێکهـێنران، وەک سـەرجەم شـارەکانی عێـراق، بـۆ نموونـە لـە هەولێـر لقێکـی یەکێتیەکـە پێکهـات، عەلـی فەتـاح دزەیـی[٩٤] وەک سـەرۆکی لقـی یەکێتییەکـە هەڵبژێـردرا[٩٥].

کۆنفرانسـی ئەلسـیباع دەرئەنجامـی خەباتـی درێژخایەنـی بزووتنـەوەی قوتابیـان بـوو بـۆ دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی قوتابیـان لـە عێـراق، کـە هەمـوو قوتابیـان بگرێتەخـۆ بـە جیاوازیـی پێکهاتەکانـی ئیتنیکـی و ڕەوتـە سیاسـییەکانیان، بۆیـە هەڵگیرسـانی ڕاپەڕینەکەی کانـوون، دەرفەتـی بـۆ قوتابیـان کـردەوە کـە بتوانـن ئەمـە بەدەسـتبهێنن.

یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێراق تووشـی سـەرکوتکردن و هەڵوەشـاندنەوە بـوو، دوای ئـەوەی دەزگا ئەمنییەکانـی حکومـەت زۆربەی ئەندامانی سـەرکردایەتییەکەی دەسـتگیرکرد و خسـتنیانە زینـدان[٩٦]، ئەمـەش لـە چوارچێـوەی هەڵمەتـی پۆلیـس دژی بزووتنـەوەی نیشـتمانیی جەمـاوەری لـە سـاڵانی ١٩٤٨-١٩٤٩ و ژمارەیەکـی زۆریـش لـە قوتابیـان لـە

قوتابخانەکانیـان دەرکـران[٩٧]. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی بزووتنـەوەی قوتابیـان لـە عێـراق ئیفلیـج بێـت، تـا لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٥٠ بـە پشـتیوانیی حزبـی شـیوعیی عێـراق لیژنەیەکـی نـوێ پێکهێنرا. ئـەم لیژنەیـە سـەرلەنوێ سـەرکردایەتیی ڕێکخـراوی قوتابیانـی گرتـە ئەسـتۆ، هەوڵـی زیندووکردنـەوەی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێراقی دەدا بـە ناوی: "لیژنـەی بـاڵا"[٩٨]، بـەڵام ئـەوەی مایـەی سـەرنجە؛ هەڵبژاردنـی ئەندامانـی ئـەم لیژنەیـە لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی ئەنجـام نـەدرا، بەجۆرێـک کـە هەمـوو هێزەکانـی قوتابیـان کـە لـە گۆڕەپانـی عێـراق کاردەکـەن بەشـدارییی لـە پێکهێنانیـدا بکـەن، بەڵکـو زیاتـر حزبـی شـیوعی بـە ئەنقەسـت ئەندامانـی یەکێتییەکـەی لـەلای خۆیـەوە و بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ قوتابیانـی چـالاك دەستنیشـانکرد، بۆیـە هەمـوو ئەوانـەی بـۆ سـەرکردایەتیکردنی لیژنـەی بـاڵا هەڵبژێـردران، ئەندامـی حزبـی شـیوعیی عێـراق بـوون، لـە سـەرووی‌یانەوە قوتابیـی کۆلێـژی ئـاداب (حەمـدی ئەیـوب ئەلعانـی)[٩٩]؛ بۆیـە لـەو کاتـەوە یەکێتییەکـە لەسـەر کۆمۆنیسـتەکان هەژماردەکـرا. شـایانی باسـە حکومەتـی عێـراق لەوەتـەی سـاڵی ١٩٥٠ەوە، پارتـی دیموکراتـی کـوردی بـە ڕێکخراوێکـی لایەنگـری حزبـی شـیوعیی عێراقـی زانیـوە، هـەر بۆیـەش سـکرتێرەکەی (هەمـزە عەبـدوڵڵا)ی دەسـتگیرکرد و خسـتییە زیندانـەوە[١٠٠].

سـەرەڕای ئـەوەی باسـکرا، یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق و لیژنـەی بـاڵای نوێـی، لەنێـو قوتابیانـدا پاڵپشـتییەکی بەرفـراوان کـرا و بـە درێژکـراوەی ئـەو لیژنەیـە هەژمـار کـران کـە کۆنگـرەی ئەلسـیباع هەڵیبـژارد. بەمـەش یەکێتـی توانـای خـۆی مسـۆگەرکرد، چونکـە توانـی بـە باشتریـن شـێوە داواکاریـی تایبەتیـی قوتابیـان تێکـەڵ بـە داواکارییـە نیشـتمانییە گشـتییەکان بـکات، هەروەهـا توانـی ببێتـە وتەبێـژی بـێ ڕکابـەر بـە نـاوی قوتابیـان لـە زۆربـەی خانەکانـی مامۆسـتایان و کۆلێـژەکان. لـە سـاڵانی دواتـردا خەباتـی بەرچـاوی ئەنجامـدا: پەناگیـری، مانگرتـن و خۆپیشـاندان[١٠١]. لـە ناوەڕاسـتی مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٩٥١ یەکێتییەکـە یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامـەی تایبەتـی خـۆی بـە نـاوی: (دەنگـی قوتابیـان) دەرکـرد[١٠٢]، بـەڵام بـە شـێوەیەکی نهێنـی.

دوای دامەزراندنـــی یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان لـــە ســـاڵی ١٩٥٣، ئـــەو دوو ڕێکخـراوە پێکـەوە بـە نهێنـی لـە عێـراق بـە گشـتی و لـە کوردسـتان بەتایبەتـی کاریـان کـرد، لـەو بـارەوە جەمشـید حەیـدەری دەڵێـت: "لـە سـاڵی ١٩٥٦ پەیوەندیـم بـە ڕیزەکانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانەوە کـرد لـە هەولێـر. لـەو کاتـەدا یەکێتیـی

گشـتیی قوتابیانـی عێـراق و یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان پێکـەوە خەباتیـان دەکـرد و هــاوکاری یەکــدی بــوون"[١٠٣].

یەکێتیــی گشــتیی قوتابیانــی عێــراق دوای مۆڵەتــی فەرمــی لــەدوای شۆڕشــی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ لـە عێـراق، بـە ئاشـکرا دەسـتی بەچالاکیـی کـرد. ئەنجومەنێکـی یەکێتیـی پێکهێنـا کـە نوێنەرانـی لیژنەکانـی یەکێتـی لـە بەغـدا و لیواکانـی دیکـەی لەخۆگرتبـوو، کـە تێیـدا هێڵـە گشـتییەکانی کاری یەکێتییەکـە لـە هەلومەرجـە نوێیەکـەدا باسـکران[١٠٤]. هەروەهــا بڕیاریــدا کۆنگرەیەکــی گشــتی بــۆ خوێنــدکاران لــە عێــراق ســاز بــکات، بــۆ بەدیهێنانــی ئەمــەش، لێژنەیەکــی ئامــادەکاری لــە نوێنەرانــی قوتابخانــە و پەیمانــگا و کۆلێــژەکان پێکهــێنرا بــە ڕێــژەی نوێنەرێــك بــۆ هــەر یەکێــك. لیژنــەی ئامــادەکاری کۆبوونـەوەی خـۆی لـە ١٩٥٨/١١/٣٠ کـرد و مەهـدی عەبدولکەریـم بـە سـکرتێری لیژنەکـە هەڵبژێـردرا، سـەرحان فازیـل ئەلسـامەڕائی بـە خەزنـەدار و عەدنـان عەبـدوڵڵا ئەلبـەڕاك وەک بڕیـاردەری کۆبوونــەوەکان هەڵبژێــردرا. لــە لیژنــەی ئامادەکاریــدا بەشــێکی زۆر لــە قوتابیانــی کــورد بەشــدارییان کــرد، لەوانــە: لامیعــە تاڵەبانــی، فوئــاد جــەلال، تاریــق حەســەن ئامێــدی و کەســانی دیکــە. کاری لیژنەکــە ئامــادەکاری بــوو بــۆ ئــەو کۆنگــرەی چــاوەڕوان بــوو ببەسترێــت[١٠٥].

لەبـەر گرنگیـی بەسـتنی کۆنگرەکانـی قوتابیـان، دەکرێـت بڵێیـن: ئەنجامدانیـان یەکێکـە لــە شــێوازە گرنگەکانــی بزاڤــی قوتابیــان، بەقــەدەر ئــەو بڕیــار و ڕاســپاردە گرنگانــەی دەریدەکــەن و دەگەنــە شــێوازگەلی هاوبــەش کــە خزمــەت بــە تــەواوی بزووتنــەوەی قوتابیـان بکـەن. لـە سـۆنگەی ئـەو گرنگییـەدا، یەکێتیـی گشـتی لـە مـاوەی نێـوان ١٦-٢١ی شـوباتی ١٩٥٩دا دووەمیـن کۆنگـرەی خـۆی لـە بەغـدا بەسـت[١٠٦]، بـە بەشـداریی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان، کـە لـە چوارچێـوەی یەکێتیـی گشـتیی نوێـدا کاری دەکـرد، یەکێتییەکـە کۆنگرەکـەی لـە هۆڵـی خەیـام دەسـت پێکـرد و لـە هۆڵـی گـەل کۆتایـی پێهێنـا، لـە کەشـێکی دیموکراسـیدا کـە لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز بەردەسـت بـوو. شـایانی باسـە کۆنگرەکـە بـە هانـدان و سپۆنسـەری حکومـەت بەڕێوەچـوو، کـە لەلایـەن عەبدولکەریـم قاسـم (١٩١٤-١٩٦٣) سـەرۆک وەزیرانـی عێراقـەوە کرایـەوە[١٠٧]، وتارێکـی پێشـکەش کـرد کـە تیایـدا ڕۆڵـی قوتابیانـی لـە بزووتنـەوەی نیشـتمانیی عێراقـدا بـەرز نرخانـد. شـاندی قوتابیانـی وڵاتانـی هەمەجـۆری جیهـان ئامـادەی کۆنگرەکـە بـوون، لەپاڵ

سـەرۆکی یەکێتیـی جیهانیـی خوێنـدکاران پێرگـی بلیـکان و کەسـایەتییەکانی دیکـەی عێراقـی و عەرەبـی و نێودەوڵەتـی بەشـدارییان کـرد[١٠٨].

لـەم کۆنگرەیـەدا ڕێککەوتـن لەسـەر گۆڕینـی نـاوی یەکێتییەکـە کـرا لـە (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق) بـۆ (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێـراق). ئامانجـی کۆنگرەکـە بریتـی بـوو لـە یەکخسـتنی سـەرجەم قوتابیانـی عێـراق، بڕیـاردرا ئـەم یەکێتییـە ڕێکخسـتنێکی یەکگرتـوو بـێ بـۆ هەمـوو قوتابیانـی کۆمـار بـە عـەرەب و کـورد و سـەرجەم نەتـەوە یـان کەمینەکانـی عێـراق[١٠٩].

هەروەهـا کۆنگرەکـە جگـە لـە دانیشـتنەکانی دەسـتەی گشـتی، چەنـد لیژنەیەکـی لاوەکـی پێکهێنـا، لـە نێـو ئـەو لیژنانەشـدا، لیژنـەی کاروبـاری قوتابیانـی کوردسـتان بـوو، کـە ئەرکـی لێکۆڵینـەوە بـوو لـە پرسـی قوتابیانـی کـورد و سـەرجەم قوتابیانـی دیکـەی جگـە لـە عـەرەب. کۆنگرەکـە چەنـد بڕیارێکـی دەرکـرد، دیارترینیـان پرۆتسـتۆکردنی سیاسـەتی چەوسـانەوە و جیاوازیـی نەتەوەیـی بـوو بەرامبـەر بـە قوتابیانـی کـورد، هەروەهـا سـوکایەتیکردن بـە مافـە کولتـووری و نەتەوەییەکانیـان و ئـەوەی کـە گەلـی کـورد لـەم دوو وڵاتـە (ئێـران و تورکیـا) دا دووچـاری بووەتـەوە، پێشـێلکردنی پەیماننامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ڕێسـاکانی مافـی مرۆڤـە. هەروەهـا بڕیارەکانـی پارێزگاریکـردن لـە کۆمـار و، وەسـتانەوە دژی هاوپەیمانییـە سـەربازییە دووقۆڵییـەکان و پەیمانـی بەغـدا، پشـتیوانیکردن لـە دۆزی فەلەسـتین و ئاشـتی جیهانـی، بەرخودانـی جەمـاوەری، بەردەوامبوونـی ئەندامێتیـی یەکێتییەکـە لـە یەکێتیـی جیهانیـی خوێنـدکاران، ڕێکخسـتنی قوتابیـان و یەکێتییەکانـی قوتابیانـی عـەرەب و قوتابیانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا و چەنـد بڕیارێکـی دیکـە[١١٠]، بەشـێکیان پەیوەندییـان بـەو ئامانجانـە هەیـە بزووتنـەوەی قوتابیـان هەوڵیـان بـۆ دەدات، کـە مافـە نەتەوەیـی و کولتوورییەکانـی قوتابیانـی کـورد لەخۆدەگـرن، هەروەهـا داواکاری بـۆ گوتنـەوەی وانـەی مێـژوو و ئەدەبیاتـی گەلـی کـورد لـە زانکـۆی بەغـدا و لـە قوتابخانـە کوردییـەکان بەتایبەتـی و عێـراق بـە گشـتی، لەگـەڵ دامەزراندنـی بەڕێوەبەرایەتیـی پـەروەردەی کوردسـتان[١١١].

کۆنگرەکـــە مەهـــدی عەبدولکەریمـــی بـــە ســـەرۆکی یەکێتییەکـــە هەڵبـــژارد، هەروەهـا نووسـینگەی سـکرتێر و دەسـتەی جێبەجێکاریشـی هەڵبـژارد. دوو کـورد لـە سـەرکردایەتیی یەکێتیـدا هەبـوون، ئەوانیـش: فـواد جـەلال و تاریـق حەسـەن ئامێـدی

بـوون، ئەوانـی دیکـە جگـە لـە مەهـدی عەبدولکەریـم، بریتـی بـوون لـە: سـاحیب ئەلمیـرزا، شـامیل ئەلنەهـر، ئەحمـەد ئەلعانـی، باسـم موشـتاق، فـەرەج عەبدولئەحـەد، عەبدولجەبـار شـەوکەت سـڕی، فـاروق ڕەزاعـە، سـیهام عەجاجـە، عەلـی عەبدولقـادر و چەندانـی دیکـە[١١٢]. ئەوانـە سـەرکردایەتیی یەکێتیەکەیـان کـرد تـا بەسـتنی کۆنگـرەی سـێیەم. پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکرێـت کـە لـەو سـەردەمەدا دەسـتەی کارگێڕیـی یەکێتییەکـە زۆرینـەی چەپەکانـی لەخۆگرتبـوو[١١٣].

یەکێتـی سـێیەمین کۆنگـرەی لەنێـوان ٢-٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٦٠ لـە بەغـدا ئەنجامـدا، بـە ئامادەبوونـی عەبدولکەریـم قاسـم سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، کـە وتارێکـی تێروتەسـەلی پێشـکەش کـرد[١١٤]، هەروەهـا زۆرێـک لـە شـاندی قوتابیـان و سـەرۆکی یەکێتـی جیهانیـی خوێنـدکاران یێرگـی پلیـکان و شـاندی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا بـە نوێنەرایەتیـی نـەوزاد سـائیب ئامـادەی کۆنگرەکـە بـوون[١١٥].

کۆنگرەکـە چەندیـن ڕاسـپاردە و بڕیـاری دەرکـرد، لەوانـەش ئەوانـەی پەیوەندییـان بـە قوتابیانـی کـوردەوە هەبـوو، جەختـی لـە جێبەجێکردنـی ئـەو بڕیارانـەی لـە کۆنگـرەی دووەمـەوە دەرچووبـوون، کـردەوە. هەروەهـا بڕیـاردرا پەیوەندییـەکان لەگـەڵ کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا پتەوبکرێـت[١١٦]. شـایانی باسـە کۆمەڵـەی خوێندکارنـی کـورد لـە ئەوروپـا[١١٧] لـە مـاوەی نێـوان ١٠-١٦ی ئابـی ١٩٥٦ دامەزرابـوو، دوای ئـەوەی نزیکـەی (١٧) قوتابـی لـە شـاری (ویسـبادن) لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا کۆبوونـەوە و بڕیاریانـدا کۆمەڵەیـەک پێکبهێنـن بـە نـاوی: (کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیریی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا)[١١٨]، ئـەم کۆبوونەوەیـەش بـە یەکەمیـن کۆنگـرەی دامەزراندنـی کۆمەڵـەی ناوبـراو دادەنرێـت [١١٩] و دووەمیـن کۆنفرانسیشـی لـە مـاوەی نێـوان ٢-٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٥٨ لـە (لەنـدەن)ی پایتەختـی بەریتانیـا بەسـت. سـێیەم کۆنگـرەش لـە مـاوەی نێـوان ٤-٨ی ئابـی هەمـان سـاڵدا لـە شـاری (میونشـن) لـە ئەڵمانیـا بەڕێوەچـوو، یەکێـک لـە بڕیـارە هـەرە دیارەکانـی ئـەم کۆنگرەیـە گۆڕینـی نـاوی کۆمەڵەکـە بـوو بـۆ کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا[١٢٠] بـە کورتـی (KSSE). لـە هەمـوو وڵاتانـی ئەوروپـا لقـی کـردەوە، لـە سـاڵی ١٩٦٤ کورسـییەکی لـە یەکێتیـی جیهانیـی خوێنـدکاران بەدەسـتهێنا[١٢١]. بەگشـتی ئامانجـی کۆمەڵـەی ناوبـراو

باشترکردنـی بارودۆخـی قوتابیانـی کـورد و یەکخسـتنەوەیان و پێدانـی کورسـیی خوێنـدن بـوو لـە دەرەوە[١٢٢]، لەهەمـان کاتـدا هەوڵـی گەیاندنـی پرسـی کـورد بـوو لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتانەوە بـۆ ڕای گشـتیی ئەورووپـا، بـۆ ئـەوەی پشـتیوانیی ئـەوان بـۆ ئـەم پرسـە بەدەسـتبهێنێت[١٢٣].

دەگەڕێینــەوە سـەر بابەتـی سـەرەکییمان، لـە مـاوەی دوای کۆنگـرەی سـێیەم، لـە ئەنجامـی ئـەو پێشـهات و پەرەسـەندنانەی لـە گۆڕەپانـی عێراقـدا هاتنـە ئـاراوە، یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێـراق بـەرەوڕووی چەندیـن کێشـە و ئاسـتەنگ بـووەوە، لەوانـە: هەڵگیرسـانی شـۆڕش لـە ١١ی ئەیلوولـی ١٩٦١ لـە کوردسـتان، پاشـان کودەتـای ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ بـەدوای خۆیـدا هێنـا، دواتـر کودەتـای ١٧ی تەمـووزی ١٩٦٨ بـە سـەرۆکایەتیی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت.

یەکێتیەکـە ناچـار بـوو چالاکیـی نهێنـی بگرێتەبـەر، دوای ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەندامەکانـی تووشـی تیـرۆر و دەسـتگیرکردن و زیندانیکـردن بـوون لەسـەر دەسـتی ئـەو دەزگا حکومییانـەی کـە لەلایـەن ڕێکخـراوی (یەکێتیـی نیشـتمانیی قوتابیانـی عێـراق)ەوە پاڵپشـتی دەکـران، کـە لـە ٢٣ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦١ دامـەزرا [١٢٤]، سـەر بـە بزووتنـەوەی نەتەوەپەرسـت بـوو کـە حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت نوێنەرایەتیـی دەکـرد. سـەرەڕای ئەمـەش یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێـراق لـە سـاڵی ١٩٦٥ دووەم ئەنجوومەنـی فیدراڵـی پێکهێنـا و لـە سـاڵی ١٩٦٧ سـێیەمین ئەنجوومەنـی فیدراڵـی پێکهێنـا بـۆ سـەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوەکـە، تـا بەسـتنی چوارەمیـن کۆنگـرە لـە ٢٨ی کانوونـی دووەمـی ١٩٦٨، کـە ڕاسـپاردە و بڕیـاری نوێـی دەرکـرد[١٢٥] و لیژنەیەکـی جێبەجێـکار و سـکرتاریەتێکی بـۆ سـەرکردایەتیکردنی یەکێتییەکـە هەڵبـژارد، سـکرتارییەتەکە لـە شـەش ئەنـدام پێکهاتبـوو، خەڵکـی بەغـدا بـوون، لەنێـو خۆیانـدا سـکرتێر و سـێ ئەندامـی یـەدەگ هەڵدەبژێـرن. هەروەهـا دوو لـە لقـی یەکێتییەکـە لـە کوردسـتان و یـەک یـەدەگ، دوو لـە لقـی یەکێتـی لـە ناوچـەی باشـوور و یەدەگێکـی دیکـە، دوو لقـی یەکێتـی لـە دەڤـەری فوراتـی ناوەڕاسـت و یەدەگێکـی دیکـە و یەکێـک لـە لقـی یەکێتـی لـە مووسـڵەوە و یەکێکـی دیکـە یـەدەگ[١٢٦]، ڕێکخراوەکـە بـە یەکەمیـن یەکێتیـی قوتابیـان لـە عێـراق مایـەوە، کـە توانـی لـە هەڵبژاردنـی قوتابیـان لـە سـەردەمی عەبدولـڕەحمان عـارف

سـەرۆک کۆمـاری عێـراق لـە سـاڵی ١٩٦٧، ٨٠٪ی کورسـیی ڕێکخراوەکانـی قوتابیـان لـە زانکۆکانـی بەغـدا بەدەسـتبهێنێت، لـە کاتێکـدا "هاوپەیمانـی هێـزە نەتەوەییـەکان" زیاتـر لـە ١٠٪ی کورسـییەکانی بەدەسـت نەهێنـا[١٢٧]. سـەرەڕای هەلومەرجـی ئـەو جودابوونـەوە و ترازانـەی کـە ئـەو کاتـە ڕووبـەڕووی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێـراق بـووەوە[١٢٨]، بـەڵام تـا دوای ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـازار لـە سـاڵی ١٩٧٠ لـە چالاکییەکانـی هـەر بـەردەوام بـوو.

# پەراوێز:

[١] ئێمـە ئـەم ڕێککەوتنەمـان (١٩٤٦) وەک سـەرەتای بەشـی دووەم هەڵبـژاردووە، چونکـە ئەمـە قۆناغێکـی مێژوویـی نـوێ لـە مێـژووی جیهانـدا پێکدەهێنێـت، واتـە: کۆتایـی هاتنـی جەنگـی دووەمـی جیهـان، هەروەهـا قۆناغێکـی نـوێ لـە کوردسـتاندا. لەبـەر دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە بـوو بـە پێشـڕەوی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد، هەروەهـا دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی قوتابیانـی کـورد لـە کۆیـە.

[٢] إسماعيـل أحمـد باغـي ، تطـور الحركـة الوطنيـة العراقيـة ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعـة الارشـاد، منشـورات مركـز دراسـات الخليـج العـربي بجامعـة الـبصرة، (بغـداد، ١٩٧٩)، ص٦٨.

[٣] لەو ساڵەدا یەکەم خۆپیشاندانی قوتابیان لە عێراق ڕێکخرا.

[٤] ئەوە ساڵی ڕاپەڕینی کانوون بوو، کە دواتر باسی دەکەین.

[٥] حنـا بطاطـو، العـراق، الكتـاب الثـاني، الحـزب الشـيوعي، ترجمـة: عفيـف الـرزاز، منشـورات فرصـاد، ط١، (بغـداد، ٢٠٠٦)، ص١٣٦.

[٦] كريـم أحمـد، المسيرة- صفحـات مـن مذكـرات كريـم أحمـد، مطبعـة شـهاب، ط١، (أربيـل، ٢٠٠٦)، ص١٩-٢٠.

[٧] چاوپێکەوتنێکـی تایبـەت لەگـەڵ کەریـم ئەحمـەد لـە هەولێر لـە ٢٧ی تشرینـی دووەمی ٢٠٠٦. لـە دایکبـووی گونـدی کەسـنەزان لـە هەولێـر لـە سـاڵی ١٩٢٢، خوێندنـی لـە خانەی مامۆسـتایانی گونـدی لـە بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٤٤ تـەواو کـردووە، دەرچـووی پەیمانگەی وەرزشـی بووە لە سـاڵی ١٩٤٦ لـە بەغـداد، وەک مامۆسـتا لـە قوتابخانـەی ناوەندیـی کۆیـە کاری کـردووە، چووەتـە ڕیـزی حزبـی شـیوعی، پۆسـتی گرنگـی لە نـاو حزبدا هەبـووە، لـە ئەندامێتیـی کۆمیتـەی ناوەندییەوە بۆ سـکرتێری حزبـی شـیوعیی کوردسـتان دوای سـاڵی ١٩٩٣، ئێسـتا لـە هەولێر نیشـتەجێیە.

[٨] وثائق (المؤتمر الثاني) لإتحاد الطلبة العام في الجمهورية العراقية (١٦-٢١ شباط ١٩٥٩)، مطبعة أسعد، (بغداد، لا. س)، ص١٢٠ ؛ دیدارێکی تایبەت لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە هەولێر ٢٠٠٦/١١/٢٧.

[٩] مهـدي السـعيد وعصـام الصفـار ، مـن تاريـخ إتحـاد الطلبـة العـام في الجمهوريـة العراقيـة، (بـراغ، ١٩٨٩)، ص٢٨.

[١٠] جعفر عباس حميدي ، التطورات السياسية ...، ص١٦٠.

[١١] نوري عبدالرزاق حسين ، تيارات سياسية في الحركة الوطنية العراقية، ص٢٢، نقلاً عن: اسماعيل أحمد باغي ، م. س، ص٦٨-٦٧.

[١٢] لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە کە ژمارەی ئەوانەی واژۆیان لەسەر داواکە کردووە (٣٣٥) قوتابی بوون، بڕوانە: غازي فهد المرسومي، س. پ، ل١٣٦.

[١٣] وثائق (المؤتمر الثاني) ...، ص١٢٠-١٢١.

[١٤] جعفر عباس حميدي ، التطورات السياسية ...، ص١٦١.

[١٥] م. ن، ص١٦١ ؛ إسماعيل أحمد باغي ، م. س، ص٦٩.

[١٦] مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٣٠.

[١٧] م. ن، ص٣١ ؛ مقابلة شخصية مع كريم أحمد في أربيل بتاريخ ٢٧/ ١١/ ٢٠٠٦.

[١٨] لێرەدا مەبەست لە دیموکراسیخوازان (قوتابیانی مەیلداری چەپ) لە بزووتنەوەی قوتابیانی عێراق.

[١٩] مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٣١.

[٢٠] حول الحركات التحررية في العالم، بڕوانە: ابراهيم خليل أحمد وعوني عبدالرحمان السبعاوي ، تاريخ العالم الثالث الحديث، مطبعة التعليم العالي والبحث العلمي، (الموصل، ١٩٨٩).

[٢١] یەکێتی جیهانیی خوێندکاران: ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە لە مانگی ئابیساڵی ١٩٤٦ لە پراگ (پایتەختی پێشووی چیکۆسلۆفاکیا) دوای کۆنگرەی جیهانیی خوێندکاران پێکهات؛ بۆ ئاراستەکردنی ڕێکخراوە دیموکراسییەکانی قوتابیان لە هەموو وڵاتان بۆ خەبات لەپێناو ئاشتی و سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراتیزەکردنی پەروەردە، بڕوانە: ب. ن. پۆنۆماریۆڤ، هەڵبژاردەکان - فەرهەنگی سیاسی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: عەبدولڕەزاق ئەلسافی، چاپخانەی ناوەندی چاپی مۆدێرن، (بەغدا، ١٩٧٣)، ل ٢٤.

[٢٢] یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، کورتییەك لە مێژووی بزووتنەوەی، چاپخانەی خەبات، (ب. ش، ١٩٧٨)، ل٢.

[٢٣] غازي فهد المرسومي ، م. س، ص١٣٧.

[٢٤] بڕوانە: جعفر عباس حميدي ، التطورات السياسية ...، ص١٦١-١٦٣.

[٢٥] وثائق المؤتمر الثاني...، ص١٢١-١٢٢.

[٢٦] جرجيس فتح الله ، رجال ووقائع في الميزان، مطبعة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠١)، ص٢٢.

[٢٧] بڕوانە: عزیز شمزینی، س. پ، ل١٩٥.

[٢٨] بۆ زانینی زیاتر لەبارەی ئەو حزبە و دامەزراندنی، بڕوانە:عەبدولڕەحمان قاسملو ، س. پ.

[٢٩] بـۆ وردەکاریـی زیاتـر بڕوانـە: برهـان أبابکـر یـاسین ، کوردسـتان في سیاسـیة القـوی العظمـی ١٩٤١-١٩٤٧، مطبعـة هـاوار، ط١، (دهـوك، ٢٠٠٢)، ص١٢٥ ومـا بعدهـا ؛ هـوزان سـلیمان میرخـان الـدوسکي ، جمهوریـة کوردسـتان ٢٢ کانـون الثـاني ١٩٤٦- ١٧ کانـون الاول ١٩٤٦، مطبعـة وزارة التربیـة، ط١، (أربیـل، ٢٠٠٥).

[٣٠] تـا کۆنگـرەی سـێیەمی حـزب لـە سـاڵی ١٩٥٣ هـەر بـە پارتـی دیموکراتـی کـورد ناسرابـوو، بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ناونـرا، بۆیـە ئێمـە حزبەکـە بـە نـاوی خـۆی دەهێنیـن لـەو ماوەیـەی کـە ئـەو نـاوەی هەبـوو.

[٣١] بـە هـۆی بـە کارهێنانـی وشـەی لاتینـی ( پارتـی ) لـە لایـەن کـوردەوە ناونـرا، کـە بـە واتـای حـزب دێـت، لـە ناوەنـدە کوردییەکانـدا وشـەیەکی نـوێ بـووە، بۆیـە بـۆ ئامـاژە بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان( پارتـی دیموکراتـی کورد)یـان بەکارهێنـا و ئـەم وشـەیە بـوو بـە نـاوی بـاوی حـزب تـا ئەمـڕۆ.

[٣٢] بارزانـی لـە تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٥ بەهـۆی سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینـی دووەمـی بـارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) ڕووی لـە کوردسـتانی ئێـران کـرد، لەگـەڵ چـوار ئەفسـەری کـورد کـە دواتـر لەگـەڵ گەڕانەوەیـان بـۆ عێـراق لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە لـە سـێدارە دران. بـۆ وردەکاری بڕوانـە: مسـعود البـارزاني، البـارزاني والحرکـة التحرریـة الکوردیـة، منشـورات رابطـة کاوا للثقافـة الکوردیـة، مـج١، ق٢، ثـورة بـارزان ١٩٤٣-١٩٤٥، ط١، ص١٤٠-١٤١.

[٣٣] شیرکو فتح الله عمر، م. س، ص١٠٧.

[٣٤] جلال الطالباني، کوردستان والحرکة ...، ص٨٥-٨٨.

[٣٥] علي عبداللـه، تأریـخ الحـزب الدیمقراطـي الکردسـتاني – العـراق حتـی انعقـاد مؤتمـره الثالـث، (لا. م، ١٩٩١)، ص٥٠.

[٣٦] التآخي (جریدة)، العدد (١٤١٢)، ١٦ آب ١٩٧٣.

[٣٧] عبدالفتاح علی البوتاني، الحیاة الحزبیة في ...، ص٣٢٧.

[٣٨] بڕوانە: الموسوعة السریة الخاصة بالحزب الشیوعي العراقي، م. س، ج١-٢-٣، ص٣١٧ –٣٢٠.

[٣٩] جعفر عباس حمیدي، التطورات السیاسیة ...، ص٢٢٩-٢٣٠.

[٤٠] م. ن، ص٢٣٠.

(٤١) جرجيس فتح الله، رجال ووقائع ...، ص٢٢-٢٥.

(٤٢) إبراهيم طاهر معروف الرباتي، المرأة الكوردية ودورها في المجتمع الكردي، مطبعة تربية أربيل، ط١، (أربيل، ٢٠٠٤)، ص٢٧٥-٢٧٦.

(٤٣) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨-١٩٧٠، دار اللام، (لندن، ١٩٩٠)، ص٢٦.

(٤٤) م . س ، ص٢٧.

(٤٥) عەلی عەبدوڵڵا: جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتنی کوردستان بوو، کۆچی دوایی کردووە.

(٤٦) مام جەلال، بەرەو حزبایەتیی نهێنی، بەشی سێیەم، خاك (گۆڤار)، ژمارە (١١)، سلێمانی، ١٠ی ئایاری ١٩٩٨، ل٩.

(٤٧) کاکە مەم بۆتانی، کاکی کاکان ...، ل٤٦-٤٧.

(٤٨) مام جەلال، بەرەو خەباتی ڕێك و پێك لە ڕیزی خوێندکاراندا، بەشی دووەم، خاك (گۆڤار)، ژمارە (١٠)، ساڵی یەکەم، سلێمانی، ١٠ ی نیسانی ١٩٩٨، ل١٢.

(٤٩) کاکە مەم بۆتانی، کاکی کاکان ...، ل٤٧.

(٥٠) دیدارێك لەگەڵ خالید دلێر لە سلێمانی لە ١/ ١٢/ ٢٠٠٢ سامان کەریم مەحموود کردوویەتی، ڕێگە بە تویژەر درا بەکاری بهێنێت، خالید دلێر یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە، ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە.

(٥١) بڕوانە: ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران، خاك (گۆڤار)، ژمارە (١٤)، ساڵی دووەم، سلێمانی، ١٠ی ئابی١٩٩٨، ل٦.

(٥٢) دیدارێك لەگەڵ خالید دلێر لە سلێمانی، لە ١/ ١٢/ ٢٠٠٢.

(٥٣) بڕوانە: بەرەو خەباتی ڕێك و پێك..، ل١٢؛ دیدارێك لەگەڵ خالید دلێر لە سلێمانی لە ٢٠٠٢/١٢/١.

(٥٤) دیارە دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی هەر شانەیەك بە(٣٠) قوتابی زێدەڕۆیی تێدا کراوە، چونکە بە ئاسانی ئاشکرا دەبێت.

(٥٥) دیدارێك لەگەڵ خالید دلێر لە سلێمانی لە ١/ ١٢/ ٢٠٠٢.

(٥٦) کامەران ئیسحاق پەری، ١٨ ی شوباتی ١٩٥٣ دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕێکخراوەیی خوێندکارانی کوردستان، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە) ، ژمارە (١٨٠٥) ، بەشی یەکەم ، سلێمانی ١٩٩٩/٢/١٨ ، ل١٠.

(٥٧) ناوی لێنرا کۆنگرەی گۆڕەپانی ئەلسیباع، چونکە لەم گۆڕەپانە بەڕێوەچوو، کە دەکەوێتە شەقامی لاوەکیی نێوان شەقامی شێخ عومەر و شەقامی ئەلکیفاح لە بەغدا، عبدالواحد

مـوسى الحصونـة ، م. س، ص٨٦ .

(٥٨) جەلال تاڵەبانی، بەرەو خەباتی ڕێك و پێك ... ، ل١٢.

(٥٩) وثائق المؤتمر الثاني ... ، ص١٢٥.

(٦٠) مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٤٢.

(٦١) مهدي السعيد وعصام الصفار، م. س، ص٤٢-٤٣.

(٦٢) مەبەست لەمەدا دامەزراندنی زانکۆیەکی زانستییە لە عێراق.

(٦٣) مهدي السعيد وعصام الصفا، م. س، ص٤٣-٤٤.

(٦٤) بـۆ ئاگاداربـوون لـە دەقـی بەیاننامەکـە، بڕوانـە: جريـدة الزمـان ولـواء الاسـتقلال والاعـداد الصـادرة في ١١-١٢ نيسـان ١٩٤٨ نـقلاً عـن: عبدالواحـد مـوسى الحصونـة ، م. س، ص٨٥.

(٦٥) م. ن، ص٨٥-٨٦.

(٦٦) مهدي السعيد وعصام الصفار، م. س، ص٤٤-٤٥.

(٦٧) وثائق المؤتمر الثاني ...، ص١٢٥-١٢٦.

(٦٨) سـعاد خيري، مـن تاريـخ الحركـة الثوريـة المعـاصرة في العـراق ١٩٢٠-١٩٥٨، ج١،(لا. م، لا. س)، ص١٤٧ ؛ مهـدي السـعيد وعصـام الصفـار، م. س، ص٤٤ . شـایانی باسـە سـەرچاوەیەك ژمـارەی قوتابخانـە و پەیمانگـە و کۆلێژەکانـی بـە(٥٦) دیاریکردبوو، بڕوانە: وثائق المؤتمـر الثاني ... ، ص١٢٦.

(٦٩) ئـەم بەرەیـە پێکهاتبـوو لـە قوتابیانـی سـەر بـە پارتـی دیموکراتـی کـورد و حزبـی شـیوعیی عێـراق، حزبـی نیشـتمانیی دیموکراتـی بـە سـەرۆکایەتیی (کامیـل چادرجـی) و پارتـی گـەل بـە سـەرۆکایەتیی (عەزیـز شـەریف)، پارتـی یەکێتیـی نیشـتمانیی عێـراق بـە سـەرۆکایەتیی (عەبدولفەتـاح ئیبراهیـم). بڕوانـە: مـام جلال ، سـاڵی کۆنگـرەی خوێنـدکاران ...، ل٦.

(٧٠) مەهـدی محەمـەد قـادر، پێشـهاتە سیاسـییەکانی کوردسـتانی عیراق ١٩٤٥-١٩٥٨، بڵاوکراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ستراتیجیی کوردسـتان، (سـلێمانی، ٢٠٠٥)، ل١٥٤.

(٧١) مام جەلال ، ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران ...، ل٦.

(٧٢) نزار (گۆڤار) ژمارە (٢)، (بەغداد، ١٩٤٨)، ل٢٣.

(٧٣) بهـاء الديـن نـوري، مذكـرات بهـاء الديـن نـوري سـكرتير اللجنـة المركزيـة للحـزب الشـيوعي العراقـي، دار الحكمـة، ط١، (لنـدن، ٢٠٠١) ، ص٦٣.

(٧٤) جـەلال تاڵەبانـی بچووکتریـن نوێنـەری بەشـداربووی کۆنگرەکـە بـوو، بـەو پێیـەی تەمەنـی نزیکـەی ١٥ سـاڵ بـوو بڕوانـە: مـام جـەلال، سـاڵی کۆنگـرەی خوێنـدکاران...، ل ٦، لەکاتێکـدا

کەریم ئەحمەد ڕایگەیاند کە تەمەنی لە ١٣ ساڵ زیاتر نەبووە : كريم أحمد ، المسيرة ...، ص٦٤، زانراوە کە ئەدەبیاتی کۆمەڵە و کۆنگرەکان و مەرجەکانیان، پشتڕاستی دەکەنەوە کە نابێت تەمەنی کاندیدەکە لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت.

(٧٥) مقابلة مع كريم أحمد في أربيل بتاريخ ٢٧/ ٦/ ٢٠٠٦ ؛ كريم أحمد ، المسيرة ...، ص٦٤.

(٧٦) مام جەلال، ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران...، ل٦-٧.

(٧٧) بە (عومەر دەبابە) ناونرا، دوای ئەوەی سەرکردایەتیی خۆپیشاندانی کردبوو، لە بەشێکی داهاتوودا باسی ئەم بابەتە دەکەین.

(٧٨) مام جەلال، ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران...، ل٧.

(٧٩) مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل١٥٤.

(٨٠) سعاد خيري، من تاريخ ...، ج١، ص١٧٤ ؛ عزيز سباهي وعبدالرزاق الصافي ، الحزب الشيوعي العراقي معالم على الطريق المجيد، دار الرواد للطباعة والنشر، (لا. م، ٢٠٠٣)، ص١٠.

(٨١) بهاءالدين نوري ، مذكرات ...، ص٦٣.

(٨٢) نزار (مجلة)، العدد (٣)، ١٩٤٨، القسم العربي، ص١٦.

(٨٣) مام جەلال، ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران...، ل...، ل٨.

(٨٤) كريم أحمد، المسيرة ...، ص٦٤.

(٨٥) مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٤٦-٤٧.

(٨٦) ئازادی (ڕۆژنامە)، ژمارە (٩٥)، ١٥ی نیسان ١٩٦٠، ل١.

(٨٧) مام جەلال، ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران...، ل٨.

(٨٨) مهدي السعيد وعصام الصفار، م. س، ص٤٧ ؛ شایانی باسە جەودەت ئەحمەد ناجی کە قوتابیی کۆلێجی ماف بووە و بەشداریی کۆنگرەکەی کردووە، باسی لەوە کرد کە لیژنەی سکرتاریەت پێکهاتبوو لە جەعفەر ئەللەبان (قوتابیی ماف) سکرتێر، خەلوق ئەمین زەکی (کۆلێژی ماف) ئەندام، قوتەیبە شێخ نوری (کۆلێژی پزیشکی) ئەندام، و عەبدولجەبار ئەلحاج سڕی (کۆلێجی ئەندازیاری)، ئەندام، بڕوانە: بەکر شاکر کاروانی، عەلی فەتاح دزەیی، شاعیر و نووسەر و تێکۆشەر، ١٩٢٨-١٩٩٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چ١،(هەولێر، ٢٠٠٤) ل٤٦.

(٨٩) بۆ ئاگاداربوون لە دەقی پەیماننامەکە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(١).

(٩٠) سعاد خيري، من تاريخ ...، ج١ ، ص١٧٥.

(٩١) جەمشـید حەیـدەری، کورتەیـەك لـە مێـژووی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کوردسـتان، هەولێر(گۆڤـار)، ژمـارە(٣-٤)، هەولێـر، ١٩٧١، ل٥١.

(٩٢) دەربـارەی هەمـان سیاسـەت، بڕوانـە: سـەعدی عـوسمان هەروتـی، بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـوردی، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، چ١،( هەولێـر، ٢٠٠٦)، ل١١٠-١١٨.

(٩٣) بهاء الدين نوري، مذكرات ...، ص٦٣ ؛ بەکر شاکر کاروانی ، س. پ، ل٤٦.

(٩٤) عەلی فەتاح دزەیی (١٩٢٨-١٩٩٢)، شاعیر و نووسەری ناسراو کە کاتێك قوتابی بووە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی قوتابیان لە هەولێر پێش کۆنگرەی ئەلسیباع خەباتی کردووە، بووەتە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی گشتیی قوتابیانی عێراق بڕوانە: بەکر شاکر کاروانی، س. پ، ل٤٦.

(٩٥) بڕوانـە: پێشـەکیی محسـن دزەیـی لـە: مـەم و زیـن، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، (هەولێـر، ١٩٩٧) ؛ بەکـر شـاکر کاروانـی، س. پ، ل٤٦-٤٧.

(٩٦) جەمشـید حەیـدەری، وەڵامێـك بـۆ بەرەڤـان حەمـدی و دکتـۆر مـارف خەزنـەدار، خەباتـی قوتابیـان (گۆڤـار) ژمـارە (٦٩)، هەولێـر، ئـاداری ٢٠٠٧، ل٢١.

(٩٧) بزووتنـەوەی نیسشـتمانی لـە عێـراق تووشـی هێرشـی دەسـەڵاتدار بـوو، دوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسرائیـل لـە ١٥ی ئایـاری ١٩٤٨ و سـەرهەڵدانی شـەڕی نێـوان عـەرەب و ئیسرائیـل سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی نیشـتمانی بـە پاسـاوی بەهێزکردنـی بـەرەی ناوخـۆ و پاراسـتنی دواوەی سـوپای عێـراق بـوو، کـە بـۆ شـەڕی ئیسرائیـل نێـردرا، بڕوانـە: مهـدي السـعيد وعصـام الصفـار ، م. س، ص٤٨ ؛ فاتیـح ڕەسـوڵ، لـە کاروانێکـی دوور ودرێـژدا کورتـەی خەبـات وئەزموونی پەنجـا سـاڵ، چ١، (سـتۆکهۆڵم، ١٩٩٧)، ل ٦٤.

(٩٨) بهاء الدين نوري، مذكرات ...، ص١٢١.

(٩٩) عزيـز سـباهي، عقـود مـن تأريـخ الحـزب الشـيوعي العراقـي، ج٢، دار الـرواد للطباعـة والـنشر، منشـورات الثقافـة الجديـدة، (دمشـق، ٢٠٠٣)، ص٤٦.

(١٠٠) سعد ناجي جواد، م. س، ص٢٦.

(١٠١) عزيز سباهي، عقود من تاريخ ...، ج٢، ص٤٦-٤٧.

(١٠٢) وقائـع وذكريـات ، طلاب العـراق (نشرة طلابيـة اخباريـة دوريـة تصـدر عـن إتحـاد الطلبـة العـام في الجمهوريـة العراقيـة)، العـدد (٤٢)، ايـار ١٩٨٧، ص٤.

(١٠٣) جەمشید حەیدەری، وەڵامێك بۆ ...، ل٢١.

(١٠٤) مهدي السعيد وعصام الصفار، م. س، ص٦١.

(١٠٥) بڕوانە : م. ن، ص٦١-٦٤.

(١٠٦) الحزب الشيوعي العراقي، صفحات مجيدة من تاريخ الحركة الطلابية، منشورات الثقافة الجديدة، (بغداد، ١٩٧٢)، ص١٢.

(١٠٧) سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية في العراق ثورة ١٤ تموز، ج٢، دار ابن خلدون، ط١، (بيروت، ١٩٨٠)، ص٢٠٧-٢٠٨؛ عبدالفتاح علي البوتاني ، التطورات السياسية الداخلية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨- ٨ شباط ١٩٦٣، مطبعة خاني، ط١، (دهوك، ٢٠٠٧)، ص١٥٥.

(١٠٨) بڕوانە: وثائق المؤتمر الثاني ...، ص١٧، ٢٦-٣٢ .

(١٠٩) م . ن، ص١٥٤ .

(١١٠) بۆ وردەکاریی زیاتر ، بڕوانە : وثائق المؤتمر الثاني ...، ص١٥٢ وما بعدها ؛ مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. س ، ص٦٦-٦٧ .

(١١١) سعاد خيري، من تاريخ ...،ج٢ ، ص٢٠٨.

(١١٢) بڕوانە: مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. ن، ص٦٧.

(١١٣) عبدالفتاح علي البوتاني، التطورات السياسية...، ص١٥٥.

(١١٤) بڕوانە: وثائق المؤتمر الثالث لإتحاد الطلبة العام في الجمهورية العراقية ٢-٤ كانون الثاني ١٩٦٠، مطبعة شفيق، (بغداد، ١٩٦٠)، ص١٧-٢٦.

(١١٥) م. ن، ص٤٧-٤٨.

(١١٦) م. ن، ص١٠٦ وما بعدها.

(١١٧) ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەیەکی زانکۆیی سەربەخۆ هەیە، چونکە بە دیاریکراوی ناچێتە چوارچێوەی ئەرکەکانی ئەم توێژینەوەیە، بۆیە ئێمە تەنیا هەوڵمان داوە پێناسەی بکەین.

(١١٨) کەمال فوئاد، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کەی دامەزرا ئامانجی چییە، بۆچی تێدەکۆشێ، کۆمەڵی خوێندکاران و ڕێکخاوەکانی تر، ژین( ڕۆژنامە) ژمارە (١٥٧٣)، سلێمانی، ٣/ ١١/ ١٩٦٠، ل١.

(١١٩) کەمال فوئاد، چەند زانیارییەك لە بارەی خوێندکارانی کوردەوە لە هەندەران، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان(سلێمانی ١٩٩٧)، ل١٧-١٨. ،

(١٢٠) بۆ زیاتر وردەکاری لەسەر چالاکی و کۆنگرەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بڕوانە: کوردەکی، بزاڤا قوتابیێت کورد ل ئەوروپا، ڕوناهی(گۆڤار)، ژمارە(٣) سالا ئێکێ، بەغداد، کانونا ئێکێ ١٩٦٠، ل٢٥-٢٦؛ کەمال فوئاد، کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی لقی

سلێمانی- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، چاپخانەی کاکەی فەللاح، (سلێمانی، ١٩٧٢)، ل٧-١٨.

(١٢١) محمد عامر دێرشەوی، سياسة المانيا تجاه الاجانب- الكورد وتنظيماتهم السياسية في المانيا، مطبعة جامعة صلاح الدين، (أربيل، ١٩٩٨)، ص٤٣.

(١٢٢) بڕوانە: ڕۆژی نوێ (گۆڤار)، ژمارە (٥)، ساڵی یەکەم، سلێمانی، ١٩٦١، ل٩٩-١٠٠.

(١٢٣) کوردەکی ، س. پ، ل٢٥.

(١٢٤) بڕوانە: غازي فيصل، لمحات خالدة من تأريخ الإتحاد الوطني لطلبة العراق، دار الحرية للطباعة، مطبعة الحكومة، (بغداد، ١٩٧٣)، ص٤ وما بعدها.

(١٢٥) صفحات مضيئة من تأريخ الحركة الطلابية العراقية إتحاد الطلبة العام في الجمهورية العراقية ، النشرة، (نشرة دورية تصدرها جمعية الطلبة العراقيين في المملكة المتحدة فرع إتحاد الطلبة العام في الجمهورية العراقية)، العدد(١)، السنة (٢٢)، اذار ١٩٧٩، ص٩ ؛ بۆ زیاتر لەبارەی ئەو ڕاسپاردەو بڕیارانە، بڕوانە: فهمي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٧٤-٨٦.

(١٢٦) بڕوانە: م. ن، ص٨٦-٨٧.

(١٢٧) زهير الجزائري ، المستبد صناعة قائد، صناعة شعب، مطبعة الفرات للنشر والتوزيع، ط١، (بغداد- بيروت، ٢٠٠٦)، ص٥٥-٥٦.

(١٢٨) حزبی شیوعیی عێراق لە ساڵی ١٩٦٧ لێکترازا و بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو، هەر بەشێکیش هەمان ناوی هەبوو (حیزبی شیوعیی عێراقی – کۆمیتەی ناوەندی) بە سەرۆکایەتیی عەزیز ئەلحاج عەلی حەیدەر و (حزبی شیوعیی عێراق- سەرکردایەتیی ناوەندی) بە سەرۆکایەتیی عەزیز محەمەد و زەکی خەیری و ئەوانی دیکەش، هەروەها یەکێتی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق، بە پێی ئەم دابەشبوونە، ئەوانیش لێکترازان. بڕوانە: صلاح الخرسان ، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعيّة في العراق، دار الفرات،ط١، (بيروت، ١٩٩٣)، ص١٢٤-١٣٩.

# تەوەری دووەم

## دامەزراندنی ڕێکخراوێکی قوتابیانی کوردی

بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لـە عێـراق، هەوڵیـدا ڕێکخراوێکـی قوتابیـان تایبـەت بـە قوتابیانـی کوردسـتان دابمەزرێنێـت، دوای ئـەوەی پارتـی وەکـو حزبێکـی نەتەوەیـی و نوێنـەری ڕەوتـی ناسیۆنالیسـتی لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد لـە کوردسـتانی عێراقـدا سـەریهەڵدا، پارتیـش چیـن و توێـژە جیاجیاکانـی کۆمەڵگـەی کوردسـتانی لەخۆگرتبـوو، بەتایبەتـی قوتابیـان کـە کاراتریـن کەرتـی نـاو حزبەکـە بـوون.

دوابـەدوای بەسـتنی کۆنفرانسـی ئەلسـیباع و پێکهێنانـی یەکێتـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٤٨، نوێنەرانـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە کۆنگرەکـەدا پێشـنیازێکیان خسـتەڕوو بـۆ پێکهێنانـی ڕێکخراوێکـی تایبـەت بـۆ قوتابیانـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی یەکێتیـی قوتابیانـی گشـتیی عێراقـدا[١].

لـە کۆنگرەکـەدا بڕیـاری پێکهێنانـی لیژنـەی کاروبـاری قوتابیانـی کوردسـتان درا، قوتابیانـی کوردسـتانیش دڵخـۆش بـوون بـە دامەزراندنـی ئـەم یەکێتییـە و بەشـدارییەکی جددییـان لـە چالاکییەکانیـدا کـرد، بەتایبەتـی مانگرتـن و خۆپیشـاندان، لەوانـە: مانگرتـن و خۆپیشـاندان لـە سـاڵانی ١٩٤٩ و ١٩٥٢[٢].

بـەڵام لـە دوای ئـەو ئیفلیجییـەی کە ڕووبـەڕووی بزووتنـەوەی قوتابیان بـووە لە عێراق، لـە دوای هەڵگیرسـانی "جەنگـی فەلەسـتین" - کـە زۆربـەی سـەرکردەکانی یەکێتییەکـە تێیـدا دەسـتگیرکران- حزبـی شـیوعیی عێـراق بڕیاریـدا تاکلایەنـە سـەرکردایەتیی قوتابیانی گشـتیی عێراقـی بـکات و، لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٥٠دا لیژنەیەکـی بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێکهێنا، بـەڵام لەبـری ئـەوەی ئـەم لیژنەیـە لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی هەڵبژێردرێـت، حـزب لـەلای خۆیـەوە و بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ قوتابیانـی چـالاك ئەندامانـی خـۆی دانـا، بـەڵام هەمـوو ئەوانـەی هەڵیبـژاردن، وەک پێـشتر بـاسمان کـرد، ئەنـدام بـوون لـە حزبـی شـیوعی[٣]، بۆیـە ناتوانیـن نکۆڵـی لـەو هەڵەیـە بکەیـن کـە حزبـی شـیوعیی عێـراق (بـە دانپێدانانـی خـودی شـیوعییەکان) لـە ڕێگـەی ڕێکخراوەکەیـەوە ئەنجامیانـدا[٤]، کـە

سەرپەرشتیی چالاکیی شیوعییەکان دەکات لە بزووتنەوەی قوتابیاندا، یان خواستی ئەوەی کە سەرکردایەتیی قوتابیان بە دەستی قوتابیانی سەر بە حزبی شیوعییەوە بێت. هەندێک حزب ئەم ڕێکخراوەی قوتابیانیان بە ڕووگەی حزبی شیوعیی عێراقی زانی[٥] و، ئەم بابەتە پاڵپشتی و پاڵنەرێکی بۆ پارتی دابین کرد، تاکو قوتابیانی کورد هان بدرێن ڕێکخراوی قوتابیان تایبەت بە خۆیان پێکبهێنن.

بۆیە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە قوتابیانی کوردستان پێویست بوو بۆ سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان، بەمەبەستی وەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەتایبەتی دوای ئەوەی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق بە کاریگەریی حزبی شیوعیی عێراق کارەکانی دەکرد، ئەمەش وایکرد قوتابیانی کورد ئەوانەی خاوەن ئاڕاستەی ناسیۆنالیستی بوون، هەست بکەن جیاوازیی بنچینەیی گەورە لە ئامانجە پیشەیی، نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقدا هەیە کە مەیلی چەپ و ئینتەرناسیۆنالیستی هەبوو، ناشتوانن نوێنەرایەتیی هەموو قوتابیانی عێراق بکەن، بەهۆی جیاوازی لە ئاراستە و ئامانجە فیکرییەکاندا، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی جیاوازی لە پرۆگرام و شێوازی کارکردن[٦].

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە هۆکاری سەرەکیی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی قوتابیانی کورد لە دەرەوەی چوارچێوەی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقدا، بە پلەی یەکەم جیاوازییە نەتەوەییەکان نەبووە؛ چونکە یەکێتیی گشتی کە کەوتبووە ژێر کاریگەری و ئاراستەی حزبی شیوعیی عێراقی، مەیلی ئەنتەرناسیۆنالیستی و کۆمۆنیستی هەبوو و، ژمارەیەکی زۆری کورد ی لە بنکەوە تا سەرکردایەتی لەخۆ گرتبوو، ئەوانیش قوتابی و ڕۆشنبیر و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کورد بوون، هەروەها چەند ڕێکخراوێکی قوتابیانی ناسیۆنالیستی عەرەبی هەبوون کە لە دەرەوەی چوارچێوەی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق کاریان دەکرد[٧]، ئەم ڕێکخراوانە لە چوارچێوەی ئامانج و جیاوازییە نەتەوەییەکاندا کاریان دەکرد، بۆیە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە قوتابیانی کورد پێویستییەکی مێژوویی بوو بۆ هاوسەنگکردن لەنێوان ئامانج و جیاوازییە نەتەوەیی و فیکرییەکان لەو قۆناغەدا. شایانی باسە هەڵوێستەکانی حزبی شیوعیی عێراق لەسەر پرسی

کـورد زۆرجـار پشـتیوان بـوون بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو پرسـە[٨].

پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژە بـەوە بدەیـن کـە ئـەو ڕێبـازەی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق پەیـڕەوی لێکـرد، لەگـەڵ خواسـت و ئامانجەکانـی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورددا نەدەگونجـا. چونکـە دۆخـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئەکادیمیـی قوتابیانـی کوردسـتان دواکەوتووتـر و لەدواتـر بـوو لـەوەی دۆخـی قوتابیـان لـە شـوێنەکانی دیکـە عێـراق، ئەمـەش دەرئەنجامـی ئـەو سیاسـەتە هەڵانـە بـوو کـە حکومەتـەکان لـە دوای دامەزراندنـی عێراقـەوە بەرامبـەر بـە گەلـی کـورد بـەردەوام پەیڕەویـان کـردووە، بۆیـە کێشـە و ئـاوات و ئامانجـی قوتابیانـی کوردسـتان جیاوازتـر و ئاڵۆزتـر بـوون لـە کێشـە و ئامانجەکانـی قوتابیـان لـە شـوێنەکانی دیکـەی عێـراق، - بـۆ نموونـە- قوتابیانـی کـورد لـە پێنـاو سـەرەتاییترین مافەکانیانـدا خەباتیـان دەکـرد، کـە بریتـی بـوون لـە خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی و خوێندنـی جوگرافیـا و مێـژووی کوردسـتان لـە قوتابخانـە کوردییەکانـدا، هەروەهـا جیـاکاری نەکردنـی نێـوان قوتابیانـی عێـراق لـە وەرگرتـن لـە کۆلێژەکانـی عێـراق و زەمالـە لـە زانکـۆ جیهانییـەکان[٩].

بەهەمانشـێوە؛ دەسـتێوەردانی بەشـێک لـە حزبـە سیاسـییەکان لـە بزووتنـەوەی قوتابیـان لـە عێـراق وای کـرد پارتـی دیموکراتـی کـورد هەسـت بـە پێویسـتی دروسـتکردنی ڕێکخـراوی دیموکراسـیخواز بـکات، کـە ئاواتەخـوازن ئامانجـی نەتەوەیـی بـۆ بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد لـەو قۆناغـەدا بێتـە دی. پارتـی سـێیەمین کۆنگـرەی خـۆی لـە ٢٦ی ١ی ١٩٥٣ لـە شـاری کەرکـووک گرێـدا، چەندیـن ڕاسپاردە و بڕیـاری گرنگـی دەرکـرد[١٠] لەوانـە: پێویسـتی پێکهێنانـی ڕێکخراوگەلـی جەمـاوەری و دیموکراسـی و پیشـەیی بەتایبـەت یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان[١١] لـە ڕوانگـەی ئـەو هۆکارانـەی بـاسمان کـردن، هەروەهـا ئـەو چالاکییـە بەرفراوانـەی قوتابیانـی کـورد لـە زانکـۆی بەغـدا و قوتابخانـە ئامادەییـەکان کـە لـە شـارە کوردسـتانییەکاندا هەبـوون و بەشـدارییە کاریگەرەکانیـان لـە بوارەکانـی سیاسـی و ڕۆشـنبیریدا[١٢]. جگـە لـەوەش ئـەو ڕێکخراوانـە، بەتایبەتـی ڕێکخراوەکانـی قوتابیـان، ئامانـج و مەبەسـتگەلی کۆمەڵایەتـی، سیاسـی، ڕۆشـنبیری و پیشـەییان هەبـوو، ئامانجێـک کـە حکومەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانـی عێـراق دژی بەدیهێنانـی بـوون، بۆیـە پارتـی بـە پێویسـتی زانـی ڕێکخـراوی قوتابیـان و لاوان و ئافرەتـان دروسـت بـکات، بـۆ خەباتکـردن لەپێنـاو گەیـشتن بـەو ئامانجانـە لـە کوردسـتان[١٣].

ئـەو هـۆکار و پاڵنەرانـەی - کـە پێـشتر ئاماژەمـان پێـدان- لـە فاکتـەرە سـەرەکی و بنەڕەتییەکانـی پێکهێنانـی ڕێکخراوێکـی قوتابیانـی کـوردی بـوون لـە عێراقـدا. قوتابیانـی کـورد لـە کۆلێـژ و پەیمانگەکانـی بەغـدا هەوڵـی بـێ وچانیـان دا بـۆ بەدیهێنانـی ئەمـە، هەوڵەکانیـان بـە دامەزراندنـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان گەیشـتە لووتکـە.

**أ. دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان**

یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە ١٨ی شـوباتی ١٩٥٣[١٤]، بـە نهێنـی لـە بەغـدا لـە ماڵـی (زیـاد حەمـە ئاغـای کۆیـی)، نزیـک ناوچـەی بابولموعـەزەم، بـە ئامادەبوونـی نزیکـەی (٥٠) قوتابـی وەک نوێنـەری کۆلێژەکانـی بەغـدا و قوتابخانـە دواناوەندییـەکان لـە لیواکانـی: (کەرکـووک و سـلێمانی و هەولێـر و مووسـڵ کۆنگـرەی دامەزراندنـی خـۆی ئەنجامـدا[١٥]. لەنێـو ئـەو قوتابیانـەی کـە ڕۆڵیـان هەبـووە لـە دامەزراندنـی یەکێتییەکـەدا: ئەحمـەد عەبـدوڵڵا ئامێـدی[١٦]، جـەلال تاڵەبانـی، شەمسـەدین محەمـەد موفتـی[١٧]، حیلمـی عەلـی شـەریف، حەیـدەر حەمەدئەمیـن، محەمـەد فـەرەج، غەفـور ڕەشـید ئاغـا، فایـەق سـەبری[١٨]، عەبدولقـادر و چەندانـی دیکـە[١٩].

دوای چەندیـن کۆبوونـەوەی نهێنـی کـە بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ بـەردەوام بـوو، لـەو ماوەیـەدا گفتوگـۆی بەرفـراوان لەسـەر ئامانجەکانـی کۆنگرەکـە کـرا، دوو لیژنـە پێکهـێنران: یەکێکیـان ئەرکـی پەرەپێدانـی پرۆگرامـی خوێنـدن و پەیـڕەو و پرۆگرامـی ناوخـۆی پـێ سـپێردرا، لیژنەکـەی دیکەیشـیان بـۆ ئامادەکردنـی بەیاننامەیەکـی گشـتی سـەبارەت بـە بارودۆخـی دامەزراندنـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان- عێـراق[٢٠]، دوای ئـەوە هەڵبژاردن بـۆ دەستنیشـانکردنی سـەرۆک و سـکرتێر و لیژنـەی سـکرتاریەت(مەکتەبی سـکرتاریەت) دەسـتی پێکـرد[٢١]، ئەحمـەد عەبـدوڵڵا ئامێـدی یەکـەم سـەرۆکی یەکێتییەکـە[٢٢] و جـەلال تاڵەبانـی وەک سـکرتێر[٢٣]، شـایانی باسـە دەسـەڵاتەکانی سـەرۆک پرۆتۆکۆلـی بـوون، نوێنەرایەتیـی یەکێتییەکـەی دەکـرد و وتارێکـی بەنـاوی ئـەوەوە لـە کـۆڕ و کۆبوونـەوە و فیسـتیڤاڵەکانی قوتابیـان پێشـکەش دەکـرد، لەکاتێکـدا سـکرتێر دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی هەبـووە، بەشـێوەیەك بـە کردەنـی سەرپەرشـتیی سـەرجەم کارەکانـی ڕێکخسـتنی لـق و لیژنەکانـی یەکێتـی دەکـرد[٢٤]. سـەبارەت بـە لیژنـەی سـکرتاریەتیش پێکهاتبـوو لـە: شەمسـەدین محەمـەد موفتـی، عومـەر مسـتەفا (دەبابـە)، عەبدولقـادر ڕەشـید،

حیلمـی عەلـی شـەریف، حەیـدەر حەمـەد ئەمیـن، و غەفـور ڕەشـید ئاغـا[٢٥]، و لیژنـەی باڵا(نووسـینگەی سـکرتاریەت) ڕاسـپارد جەمـال شـاڵی ببێتـە بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی یەکێتـی لـە کۆلێژەکانـی زانکـۆی بەغـدا کـە بـۆ مـاوەی چوار سـاڵ تێیـدا بـەردەوام بـوو[٢٦]. شـایانی باسـە یەکێـک لـە سـەرچاوەکان؛ ئامـاژە بـەوە دەکات کـە سـەرەتا شەمسـەدین محەمـەد موفتـی وەک سـەرۆکی یەکێتییەکـە هەڵبژێـردرا، بـەڵام وازی لێهێنـا، بـۆ ئـەوەی خـۆی بـۆ کاروبـاری دیکـە تەرخـان بـکات، ئەحمەد عەبـدوڵڵا بۆ ئەم پۆسـتە هەڵبژێـردرا[٢٧]، هـاوکات شەمسـەدین محەمـەد موفتـی بـۆ توێژەرەکـە پشتڕاسـتی کـردەوە کـە ئەحمـەد عەبـدوڵڵا ئامێـدی وەک سـەرۆکی یەکێتـی هەڵبژێـردرا و بـۆ مـاوەی تەنیـا سـاڵێك لـە پۆسـتەکەیدا مایـەوە، پاشـان دەسـتی لـە پۆسـتەکەی کێشـایەوە دوای تەواوکردنـی خانـەی بـاڵای مامۆسـتایان لـەو ساڵەدا (١٩٥٤)، بۆیـە لـە ئاکامـی ئەمـەدا لیژنـەی بـاڵا (مەکتەبـی سـکرتاریەت)ی یەکێتییەکـە کۆبوونەوەیەکـی ئەنجامـدا کـە تێیـدا شەمسـەدین محەمـەد موفتـی هەڵبژێـردرا وەک سـەرۆکی یەکێتـی لەبـری ئەحمـەد عەبـدوڵڵا ئامێـدی ئەمـە لـە سـاڵی ١٩٥٤ بـوو[٢٨]. بـەم شـێوەیە دەبێتـە دووەمیـن سـەرۆکی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان نـەك وەك سـەرۆکی یەکـەم نییـە بـەو شـێوەیەی کـە باسـکراوە.

بـەم شـێوەیە؛ یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان وەک دووەم ڕێکخـراوی قوتابیـان لـە ڕیز بزووتنـەوەی قوتابیـان لـە گۆڕەپانـی عێراقیـدا لـە دوای یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێراق هاتەکایـەوە، ئـەم ڕێکخراوە "گوزارشـتی لـە واقیعی بزووتنەوەی قوتابیانـی کورد و ئامانجە نیشـتمانی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیرییەکانی دەکـرد، بـۆ گەیـشتن بـە پێداویسـتییەکانی یەکخسـتنەوە و هەماهەنگیی هەوڵەکانی قوتابیان، هەروەها سـەرکردایەتیکردنی چالاکییە جۆراوجۆرەکانیـان بـەرەو داهاتوویەکـی بـاشتر و ژیانێکـی خوێندنـی ئـازاد و دیموکراسـی، کـە زانسـت و ڕۆشـنبیری و ئایندەیەکـی ڕوونـاك بۆ قوتابیـان دەسـتەبەر دەکات"[٢٩].

دوای دامەزراندنـی، ئەندامانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و کادیرەکانـی هەوڵیـان دا بــۆ ڕێکخــستن و کۆکردنــەوەی جەمــاوەری قوتابیانــی کوردســتان لــە چوارچێــوەی ڕیزەکانـی خۆیانـدا و، لـە ماوەیەکـی کورتـدا یەکێتییەکـە توانـی لەسـەر پـێ بوەسـتێت و پێگـەی لـە نێـو قوتابیانـی کـورددا بـەرز بکاتـەوە[٣٠] . ئەمـەش بـە واتـای کردنـەوەی دەرچەیەکـی نـوێ بـۆ قوتابیانـی کـورد بـۆ گوزارشـت کـردن لـە خواسـت و ئامانجـە پیشـەیی و نیشـتمانی و نەتەوەییـەکان.

**ب. گەشەکردنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان**

مێــژووی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان، لــە دامەزراندنیــەوە تــا ســاڵی ١٩٧٠، بــە چەندیــن قۆناغــدا تێپــەڕی کــە لــە ڕووی ئاوێتەبوونــی لەگــەڵ ڕووداوە سیاســییەکان و پراکتیزەکانــی خەبــات، هەروەهــا ئەنجامدانــی کۆنگــرە و ســیمینار و ســەرهەڵدانی شــێوازەکانی هاوپەیمانــی، بــە گرنگییەکــی زۆرەوە تایبەتمەنــد بــوون لــە نێــوان ڕێکخراوەکانــی قوتابیانــدا. دەتوانیــن ئــەو ماوەیــە لــە ژیانــی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتاندا دابــەش بکەیــن بــۆ چەنــد قۆناغێــک:

**قۆناغی یەکەم:** قۆناغی خەباتی نهێنی ١٩٥٣-١٩٥٨.

**قۆناغی دووەم:** قۆناغی خەباتی گشتی ١٩٥٨-١٩٦١.

**قۆناغی سێیەم:** دیسان خەباتی نهێنی، ١٩٦١-١٩٦٤.

**قۆناغی چوارەم:** قۆناغی ناکۆکی ١٩٦٤-١٩٧٠.

لــەم قۆناغانــەدا هــەوڵ دەدەیــن ڕۆشــنایی بخەینــە ســەر گەشەســەندنی یەکێتییەکــە لــە ڕووی ئەنجامدانــی هاوپەیمانــی و کۆنگــرە و ســیمیناری قوتابیــان، ســەبارەت بــە ڕۆڵــی خەباتــی یەکێتــی و هەڵوێســتەکانی، لــە چوارچێــوەی قســەکردن لەســەر هەڵوێســتی بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد لەســەر ڕووداو و پێشــهاتە سیاســییە ناوخۆیــی و دەرەکییــەکان لــە بەشــی ســێیەمدا باســی دەکەیــن.

**قۆناغی یەکەم/ قۆناغی خەباتی نهێنی ١٩٥٣-١٩٥٨**

ئــەم قۆناغــە تایبــەت بــوو بــە چەنــد ڕووداوێکــی گرنــگ لــە ژیانــی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان، دوای بەســتنی یەکەمیــن کۆنگــرە، یەکێتــی ســەرقاڵی ڕێکخســتنی جەمــاوەری قوتابیــان بــوو، توانــی دووەم کۆنگــرەی خــۆی لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٥٥ لــە بەغــدا ببەســتێت، کــە نوێنەرانــی لقەکانــی یەکێتــی لــە ناوچــە جیاوازەکانــەوە بەشدارییان تێــدا کــرد. کۆنگرەکــە چەنــد بڕیارێکــی دەرکــرد، تێیــدا داوای پشــتیوانی لــە بزووتنــەوەی نیشــتمانیی عێــراق و حزبــە پێشــکەوتنخوازەکانی کــرد، هەروەهــا دروشــمی "خەباتــی بێوچــان بــۆ مافەکانــی گــەل و قوتابیانــی کوردســتان" بەرزکرایــەوە[٣١]، لــەم کۆنفرانســەدا کۆمەڵێــک قوتابیــی چــالاك هەڵبژێــردران بــۆ ســەرکردایەتی و سەرپەرشــتیی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان ئەوانیــش بریتــی بــوون لــە: مەحمــوود عــوسمان[٣٢]، شەمســەدین

محەمـــەد موفتـــی، حوســـامەدین دەبـــاغ، جەوهـــەر غەمگیـــن، عەدنـــان نەقشـــبەندی، شـــاخەوان نامیـــق، و ئەحمـــەد تاهیـــر نەقشـــبەندی[٣٣].

ئـــەم قۆناغـــە ڕووداوێکـــی گرنگـــی بەخۆیـــەوە دی، ئەویـــش شـــاندێکی ســـکرتاریەت وەك نوێنەرایەتیـــی یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان بـــوو بـــە ســـەرۆکایەتیی جـــەلال تاڵەبانـــی لـــە پێنجەمیـــن فیســـتیڤاڵی جیهانیـــی قوتابیـــان و لاوان، کـــە لـــەو ماوەیـــەدا لـــە وارشـــۆی (پایتەختـــی پۆڵەنـــدا) لـــە نێـــوان ٣١ی تەمـــووز و ١٤ی ئابـــی ١٩٥٥ بەڕێوەچـــوو، کـــە شـــاندی یەکێتییەکـــە توانـــی ڕۆڵێکـــی کاریگـــەر بگێڕێـــت لـــە کاتـــی پەیوەندیکـــردن لەگـــەڵ شـــاندەکانی خوێنـــدکاران کـــە لـــە ســـەد وڵاتـــەوە زیاتـــر هاتبـــوون. پەیوەندیـــی زۆر لەگـــــەڵ ڕێکخراوەکانیـــــان کـــــرا بەمەبەســـــتی دامەزرانـــــدن و قووڵکردنـــــەوەی پەیوەندییەکانـــی نێـــوان بزووتنـــەوەی قوتابیانـــی کوردســـتان و بزووتنـــەوەی خوێندکارانـــی جیهانـــی و ڕەخســـاندنی کەشـــوهەوا بـــۆ نوێنەرایەتیکردنـــی بزووتنـــەوەی قوتابیانـــی کـــورد لـــە یەکێتیـــی جیهانیـــی خوێنـــدکاران[٣٤]. هـــەر لـــەم فیســـتیڤاڵەدا دیدارێـــك لەنێـــوان نوێنەرانـــی یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان و یەکێتیـــی گشـــتیی قوتابیانـــی عێـــراق بەسەرپەرشـــتیی ســـەرۆکی یەکێتیـــی جیهانیـــی خوێنـــدکاران (بیرگـــی پلیـــکان) کـــرا، بەمەبەســـتی یەکخســـتنی بزووتنـــەوەی قوتابیانـــی عێـــراق و لابردنـــی ناکۆکییـــە لاوەکییـــەکان و بـــەرەو پێشبردنـــی بزووتنـــەوەی نیشـــتمانیی عێـــراق[٣٥]، دوای کۆمەڵێـــک دیـــدار بـــە ئامادەبوونـــی ســـەرۆکی یەکێتیـــی جیهانیـــی قوتابیـــان (بیرگـــی پلیـــکان) لەســـەر ئـــەم خاڵانـــە ڕێککەوتـــن:

١. بوونـــی یـــەک ڕێکخـــراوی قوتابیـــان لـــە کوردســـتان کـــە چالاکییەکانـــی لـــە چوارچێـــوەی ناوچـــە کوردســـتانییەکان ئەنجـــام دەدات و ئـــەم ڕێکخـــراوەش بریتییـــە لـــە (یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان).
٢. بوونـــی یـــەک ڕێکخـــراوی قوتابیـــان بـــە نـــاوی (یەکێتیـــی گشـــتیی قوتابیانـــی عێـــراق) کـــە لـــە هەمـــوو بەشـــەکانی عێـــراق کار دەکات، جگـــە لـــەو ناوچـــە کوردســـتانیانەی کـــە یەکێتـــی قوتابیانـــی کوردســـتان تێیـــدا کار دەکات.
٣. یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتانی عێـــراق دەبێتـــە ئەنـــدام لـــە یەکێتیـــی گشـــتیی قوتابیانـــی عێـــراق، لـــە هەمـــان کاتـــدا ســـەربەخۆیی ڕێکخراوەیـــی خـــۆی دەپارێزێـــت، هەروەهـــا پێویســـتە کار بـــۆ پەرەپێدانـــی بکرێـــت .

٤. کارکردن بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی جیهانیی خوێندکاران بەو پێیەی تاکە ڕێکخراوی پێشکەوتنخوازە کە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی جیهان دەکات، هەروەها نوێنەرایەتیی قوتابیانی عێراقی تیایدا، لەڕێگەی بەرەی قوتابیان و لیژنەی باڵای هەماهەنگی، دەبێتە نوێنەرایەتییەکی هاوبەشی سەرجەم یەکێتیەکانی عێراق[٣٦].

دوای گەڕانەوەی هەر دوو شاندی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق) بۆ عێراق بە نهێنی، کار بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی (وارشۆ) و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کرا[٣٧]. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، هەردوو یەکێتییەکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٦ کۆنفرانسێکی هاوبەشیان لە بەغدا ئەنجامدا، گفتوگۆی بەرفراوان لەنێوان هەردوولادا کرا، لەو ڕێگەیەشەوە گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتیی یەکخستنیان کرا، کە لە ئەنجامدا ڕێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی (لیژنەی باڵا) بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو دوو ڕێکخراوە کرا و فازڵ سەعید ئاغا و مەحموود عوسمان و شەمسەدین موفتی کە ئەندامی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) بوون، بوونە ئەندام لە سکرتاریەت (مەکتەبی تەنفیزی) ی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق، مەحموود عوسمان بووە سەرۆکی لیژنەی باڵا[٣٨]، کە یەکەم کۆبوونەوەی لە ساڵی ١٩٥٦ لە کەرکووک ئەنجامدا. کۆبوونەوەی دووەمیش لە ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی بەڕێوەچوو، بڕیار بوو کۆبوونەوەی سێیەمیش لە هەولێر ئەنجام بدرێت، بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕش لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ڕێگری لەوە کرد[٣٩].

شایانی باسە لیژنەی باڵا لە کوردستان لە ئەندامانی هەردوو ڕێکخراوی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق) پێکهاتبوو، لە هەولێر حەیدەر هەمزە[٤٠] لە (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) و لە سلێمانی حەمە چاوشین لە (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)، عەبدوڵڵا عەزیز لە (یەکێتی گشتیی قوتابیانی عێراق) و لە کەرکووک کاکە مەم فەخری بۆتانی لە (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان)، فەتحوڵڵا عیزەت لە (یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق)، کە دواتر لەجیاتی ئەو عیزەت عوسمان هات[٤١]. لە کەرکووک لیژنەکە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ماڵی تاهیر مستەفا کرد و، لە ماوەی دوو ڕۆژدا سێ کۆبوونەوەی کرد،

کـە لـە ئەنجامـدا ئـەم بڕیارانـەی خـوارەوەی لێکەوتـەوە:

١. ئامادەکردنـی لیسـتێك بـە نـاوی ئەندامانـی هـەردوو ڕێکخراوەکـە، بەپێـی ناوچـە و قوتابخانـەکان، بـۆ کۆبوونـەوەی داهاتـوو، بەمەبەسـتی یەکخسـتنیان و هەڵبژاردنـی بەرپرسـی لێهاتـوو، لـە کۆبوونـەوەی دووەمـدا کـە لـە هەمـان شـوێن بەڕێوەچـوو، لیسـتی نـاوەکان ئامـادە کـران.
٢. کاکـە مـەم بۆتانـی دەبێتـە نوێنـەری لیژنەکـە لـە پەیوەندییـەکان لەگـەڵ نوێنەرانـی قوتابیانـی کـورد لـە کۆلێژەکانـی بەغـدا[٤٢].

لیژنـە هاوبەشـەکان لـە لیـوا کوردییـەکان و ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق چـالاک بـوون، ڕێککەوتنەکـە جێبەجـێ کـرا، بـەو پێیـەی زۆربـەی چالاکییـەکان لـە نێـوان هـەردوو یەکێتییەکـە هاوبـەش بـوو[٤٣] لـە ناوچـە کوردستانییەکانیشـدا چالاکییەکانـی قوتابیـان بـە سەرپەرشـتیی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان بـووە. لـە کاتێکـدا لـە شـوێنەکانی دیکـەی عێـراق، لەژێـر چاودێریـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێراقـدا بـوون[٤٤].

بـەڵام ئـەم ڕێککەوتنـە بـێ ناکۆکـی و دابەشـبوون لـە نێـوان و لەنـاو ئـەم دوو ڕێکخـراوەدا تێنەپـەڕی، پێدەچێـت لـە سـاڵی ١٩٥٧دا توندتربووبێتـەوە، ئەمـەش لـە بەیاننامـەی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان کـە لـە ناوەڕاسـتی مانگـی نیسـانی ١٩٥٧دا بڵاوکرایـەوە، زیاتـر ڕوون بووەتـەوە، کـە تێیـدا بانگـەوازی کردبـوو بـۆ یەکڕیزیـی بزووتنـەوەی قوتابیـان لـە کوردسـتان و عێـراق و تێیـدا زیانەکانـی ڕوونکـردەوە، بەهـۆی ئـەو دابەشـبوونەی نێـوان یەکێتیی قوتابیانی کوردسـتانی عێـراق و ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق لـە کوردسـتانی عێراقـدا. وا دیـارە پەیوەندیـی نێـوان هـەردوو ڕێکخراوەکـە هاتـە ئـاراوە، بەمەبەسـتی کۆتاییهێنـان بـەم دابەشـبوونە، بـە پێکهێنانـی لیژنەیەکـی هاوبەشـی سـەرکردایەتی لەنێـوان هـەردوو لا و پێکهێنانـی ڕێکخراوێکـی نـوێ بەمەرجێـک کـە ڕێکخـراوە نوێیەکـە ئەندامـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق بێـت و نوێنەریـش بێـت لـە سـەرکردایەتییەکەیدا، لـە بەیاننامەکـەدا هاتـووە، "یەکێـک لـەو ئامـرازە کاریگەرانـەی یارمەتیـی قوتابیـان دەدات بـۆ گەیـشتن بـە داواکاری و مافەکانیـان، بوونـی بزووتنەوەیەکـی دروسـت و یەکگرتـووی قوتابیانـە، کـە بەڵێـن بـدات لـە بـوارە جیاوازەکانـدا بەرگـری لـە قوتابیـان بـکات. قوتابیانـی کوردسـتان؛ بـە هـۆی هۆشـیاری و

دڵسۆزیی خۆیان بۆ بزووتنەوەی قوتابیان، درکیان بەوە کردووە، کە دابەشبوونە باوەکەی ناو ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەیە و واقیعە پارچەپارچەکراوەکەی لە نێوان یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق و ڕێکخستنەکانی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق لە کوردستانی عێراق، بابەتی زیانبەخشن کە کاریگەرییان بۆ سەر گەشەکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی قوتابیان هەیە و ڕێگری لێدەکەن و لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندی لەنێوان هەردوو ڕێکخراوەکەدا هاتەکایەوە، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەم دابەشبوونە، بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی سەرکردایەتی لەنێوان هەردوولادا و هەڵوەشاندنەوەی هەردوو ڕێکخراوی پێشوو، کە ڕێکخراوە نوێیەکە ئەندامی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق بێت و نوێنەری لە سەرکردایەتییەکەیدا هەبێت(٤٥).

**قۆناغی دووەم/ قۆناغی خەباتی ئاشکرا ١٩٥٨- ١٩٦١**

گۆڕەپانی عێراق چالاکیی بەرفراوانی لەسەر ئاستە جیاجیاکان بەخۆیەوە دی، ئەمەش لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە گونجا، ئەوە بوو بەخێرایی لق و لیژنە گشتییەکانی پێکهێنا و بارەگاکانی کردەوە و چەمکی نوێی لەکاری ڕێکخراوەییدا هێنایە ئاراوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی پاشخانی مێژوویییەوە بوو(٤٦). لێژنەی سەرکردایەتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوانی ڕێکخراوەکەیان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی یەکێتییەکە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی عێراق، دوای چەند ڕۆژێک لە شۆڕش ئەنجامدا. شوێنی کۆبوونەوەکە لە (خانووی پشوودان لە گازینۆی وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر) بوو، باسیان لە پێشهاتەکانی دوای شۆڕش کرد، بەتایبەتی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق و کارکردن بۆ قۆناغی نوێ.

سەبارەت بەمەش جەمشید حەیدەری دەنووسێت:"چەند ڕۆژێک دوای شۆڕش، حەیدەر هەمزە ئاگاداری کردمەوە کە کۆبوونەوەیەک لە گازینۆی وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر هەیە، بەیانییەکەی چووینە شوێنی مەبەست، هەر لە کۆبوونەوەکەدا زۆرینەی سەرکردەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئامادەبوون، هەروەها نوێنەرانی ناوچە جۆراوجۆرەکانیش بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کرد. لەو سەرکردانەی یەکێتیەکە کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون: دکتۆر مەحموود

عـوسمان (ئـەوکات قوتابـی بـوو لـە کۆلێـژی پزیشـکی)، دکتـۆر جەمیـل شـەرەف (قوتابـی لـە کۆلێـژی ئەندازیـاری)، دکتـۆر فوئـاد هەنـاری (قوتابـی لـە کۆلێـژی پزیشـکیی ڤێتێرنـەری)، شەمسـەدین موفتـی (وا بزانـم قوتابـی بـوو لـە کۆلیـژی مـاف)، لەنێـو برایانـی (ڕێکخـراوی یەکێتیـی لـە هەولێـر): مەئمـوون دەبـاغ، شـێخ لەتیـف بەرزنجـی، حوسـام ئەمیـن، حەیـدەر هەمـزە، جەمشـید حەیـدەری، لـە کەرکووکـەوە: کاکـە مـەم بۆتانـی، جیهـان شـاوەیس و عەلـی عەسـکەری، لـە ڕوانـدزەوە: لەتیـف نـادر و ئەسـعەد خەیلانـی... وا دیـارە ئـەو کۆبوونەوەیـە بـۆ تاوتوێکردنـی کارەکانـی دوای کۆمـاری و سـەرکەوتنی شـۆڕش بـووە، بەتایبەتـی پەیوەندییەکانـی نێـوان یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و یەکێتـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق..."[٤٧].

لـە ئاسـتێکی دیکـەدا، پەیوەندییەکانـی نێـوان یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزەوە ساردی تێکـەوت، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی هەڵوێسـتی ئەمـەی دووەمیـان ڕاسـتەوخۆ دوای شـۆڕش گۆڕانـی بەسـەردا هـات، کاتێـک پێگـەی خـۆی بەهێزتـر بـوو. بـۆ نموونـە لـە هەولێـر خانوویەکیـان بەکـرێ گـرت و نـاوی (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق- لقـی هەولێـر) یـان لەسـەر هەڵواسـی[٤٨]، ئـەم هەڵوێسـتە بەهـۆی کۆنترۆڵـی کۆمۆنیسـتەکان بـوو بەسـەر گۆڕەپانـی سیاسیی عێراقـدا، کـە لـە مانگـی ئابـی ١٩٥٨دا قوتابیانـی کۆمۆنیسـت بـە تەنیـا لیژنەیەکیـان پێکهێنـا بـە ناوی:(لیژنـەی بـاڵای یەکێتیـی قوتابیانـی عێـراق)، کـە لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٨، حکومـەت مۆڵەتـی پێـدان، بـە تاکـە نوێنـەری فەرمیـی قوتابیانـی لـە سەرتاسـەری عێـراق ناسـاند[٤٩] وەزارەتـی پـەروەردەش بڕیارێکـی دەرکـرد، ٤ی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٨ی وەکـو وادەی ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی قوتابیانـی لـە عێـراق دیاریکـرد، بۆیـە لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەم واقیعـە نوێیـەدا کـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان ڕووبـەڕووی بـووەوە و ناچـاری کـرد بچێتـە نـاو ئـەو ڕێکخـراوە قوتابییـەی کـە حکومـەت داوای پێکهێنانـی دەکـرد، لـە لایـەک و، لـە لایەکـی دیکەشـەوە ئـەم بابەتـە ئاسـانکاری بـۆ کـرا، واتـە (تێکەڵبـوون لەگـەڵ یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق) ڕەوتـی چەپگەرایـی بەهێـز بـوو[٥٠] لەنـاو مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە داوای یەکگرتنـەوەی ڕێکخـراوە دیموکراسـییەکانی کوردسـتانی دەکـرد لەگـەڵ ڕێکخـراوە دیموکراسـییەکانی عێـراق بـە سـەرۆکایەتیی عێراقـی حزبـی شـیوعیی عێـراق[٥١].

لەسـەر ئـەو بنەمایـە، یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان بەشـداریی لـە هەڵبژاردنـدا کـرد، لـە چوارچێـوەی یەکێـك لـە لیسـتە هاوبەشـەکانی قوتابیـان، لیسـتی (بـەرەی یەکگرتـووی دیموکراتـی) بـوو، کـە نوێنەرایەتیـی قوتابیـی عـەرەب و کـوردی عێراقـی دەکـرد بـە سـەرۆکایەتیی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق و دوو لیسـتی دیکـە کێبڕکێیـان دەکـرد، ئەوانیـش: لیسـتی (بـەرەی یەکگرتـووی قوتابیـان) کـە قوتابیانـی بەعسـی سـەرۆکایەتییان دەکـرد، (لیسـتی دیموکراسـیخوازانی سـەربەخۆ)، نوێنەرانـی لیسـتی (بـەرەی یەکگرتـووی دیموکـرات) زۆرینـەی ناوچەکانـی هەڵبژاردنیـان بەدەسـتهێنا[٥٢]. شـایانی باسـە (لیژنـەی بـاڵای یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان) پرسـی بەشـداریکردنی لـە هەڵبژاردنەکانـدا دیراسـە کـرد و دۆخەکـەشی هەڵسـەنگاند، هـەر وەک ڕاپۆرتێکـی یەکێتییەکـە بـەم شـێوەیە ئامـاژەی پێـدەکات: "عێراقییـەکان بـۆ ئـەوەی یەکێتیـی نـوێ شـەرعییەت بەدەسـتبهێنێت و لانیکـەم نوێنەرایەتیـی زۆرینـەی قوتابیانـی عێـراق بـکات لەگـەڵ کوردسـتان، نایانەوێـت بکشـێینەوە بـەو هیوایـەی یەکێتیـی شـەرعییەت بەدەسـتبهێنێت، ئەگـەر بڕیارمانـدا بکشـێینەوە، پێـش بەسـتنی کۆنگرەکـە، پەیوەنـدی بـە وەزارەت دەکەیـن، بـۆ ئـەوەی دان بـە بوونـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتاندا بنێـت، لەگـەڵ پێشکەشـکردنی داواکاری و دەرکردنـی بڵاوکـراوە کـە بنەماکانمانـی تێـدا بەرجەسـتە دەکەیـن. ئەمـەش بەمەبەسـتی گەڕانـەوەی زۆرینـەی قوتابیانـی کوردسـتان بـۆ ئـەم بیرۆکەیـە، هـاوکات هەوڵدانمـان بـۆ ئـەوەی قوتابیانـی عێـراق تێبگەیەنیـن. ئەگـەر هیـچ کام لەمانـە بـەدی نەهاتـن، ئێمـەش وەک جـاران کارەکانمـان ئەنجـام دەدەیـن و یەکێتییەکەمـان دەپارێزیـن..."[٥٣]. ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ پێگـەی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و قورسـاییەکەی لـە گۆڕەپانـی بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێراقـدا.

لـە ئاکامـی ئـەو هەڵبژاردنانـەدا، دووەمیـن کۆنگـرەی گشـتیی قوتابیـان لە مـاوەی نێوان ١٦-٢٠ی شـوباتی ١٩٥٩ لـە بەغـدا بـە فەرمـی بەڕێوەچـوو، لەنێـو ئەوانـەی بەشـدارییان لـەو کۆنفرانسـەدا کـرد، نوێنـەری ڕەوتـە فیکـری و سیاسـییە جۆراوجۆرەکانـی عێـراق بـوون، لەوانـەش نوێنـەری قوتابیـانی خـاوەن ڕەوتـی ناسیۆنالیسـتی سـەر بـە پارتـی دیموکراتـی یەکگرتـووی کوردسـتان، هەروەهـا ڕەوتـی نیشـتمانی و چەپگەرایـی کـە حزبـی شـیوعیی عێراقـی نوێنەرایەتـی دەکـرد، هەروەهـا ڕەوتـی نەتەوەپەرسـتی عەرەبـی بـە نوێنەرایەتیـی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت[٥٤]، بەشـداریکردنی نوێنەرانـی یەکێتیـی قوتابیانـی

کوردستانی عێراق کە نوێنەرایەتیی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانیان دەکرد، ئاماژە بەوە دەکات کە نوێنەری شەرعیی زۆربەی قوتابیانی کوردستان بووە.

لەم کۆنگرەیەدا بڕیاردرا، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق تێکەڵ بکرێن و بکرێتە ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی (یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق)، هەردوولا ڕێککەوتن بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆنگرەکە لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری سەرجەم قوتابیانی کوردستان بەناوی:(لیژنەی کاروباری قوتابیانی کوردستان)[٥٥]، کە لەم قوتابیانە پێکهاتبوو: هاشم ئەربیللی (قوتابی لە کۆلێژی ئەندازیاری)، لەمیعە تاڵەبانی (قوتابی لە کۆلێژی تەحریر)، فوئاد جەلال( قوتابیی کۆلێژی پزیشکیی ڤێتێرنەری)، تاریق حەسەن ئامێدی (قوتابی لە کۆلێژی کشتوکاڵ)، باسم تالیب مشتاق (قوتابیی کۆلێژی بازرگانی)، مستەفا عەبدولڕەحمان (قوتابی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان)[٥٦]، لێژنەی ناوبراو چالاکییەکی ڕێژەیی ئەنجامدا، بە تایبەت لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، لەوانە دەرکردنی گۆڤارێکی قوتابیان بە ناوی: (دەنگی قوتابیان)[٥٧].

وێڕای ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەکەدا دەرچوون[٥٨]، هەروەها گرتنەبەری ئامانج و خواستەکانی سەرجەم قوتابیانی عێراق، بە عەرەب و کوردەوە بەبێ جیاوازی و بە چاوپۆشی لە ئینتیمای سیاسییان، ئەم ئەزموونە، بەهۆی پاشەکشەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتییە نوێیەکە و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە دوای کۆنگرەکە، شکستی هێنا ، بە شێوەیەك یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق نەیتوانی پشتگیریی خەباتی قوتابیانی کوردستان بۆ مافە کولتوورییەکانی گەلی کورد بکات، بۆیە نیشانەکانی ناکۆکی لە نێوان هەردوو لایەنی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق) دەرکەوت[٥٩].

ئەو دوو ڕێکخراوە دوای ماوەیەک لە کۆتایی هاتنی کۆنگرەی دووەم، هەوڵیان دا ناکۆکییەکانیان خاوبکەنەوە ، ئەمەش لە میانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق لە ٢-٤ی کانوونی دووەمی١٩٦٠ بەدەرکەوت[٦٠]، کە شاندێکی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، بە سەرۆکایەتیی (سەروەر محەمەد و نەوزاد جەمیل سائیب )ئامادەی بوون[٦١]. قوتابیانی کورد کۆمەڵێک

پرسیان لە کۆنگرەکەدا سەبارەت بە مافە ڕۆشنبیرییەکانی گەلی کورد ورووژاند و بڕیارێکی تایبەتیش لەوبارەیەوە دەرچوو، کە کۆنگرەکە پەسەندی کرد[٦٢].

جێی سەرنجە، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە کاتی کۆنگرەدا بڕیاریدا بەشداری لە سەرکردایەتیی ئەم یەکێتییەدا بکات، لە ڕاستیدا (کەمال محیەدین) وەک نوێنەری قوتابیانی کوردستان بۆ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق کاندید کرا، بەمەبەستی هەماهەنگی و کارکردنی پێکەوەیی و وەلاوەنانی ناکۆکییەکانی پێشوو. شایانی باسە؛ قوتابییەکی دیکەی کورد هەبوو بەهەمان شێوە کاندید کرابوو بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سکرتاریەت، ئەویش (هۆشیار بابان) بوو، بەڵام ئەوەی یەکەم ئەم پۆستەی بەدەستهێنا[٦٣]. کۆنگرەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا گرنگیی ڕۆڵی لیژنەی کاروباری قوتابیانی کوردستانی بەرز نرخاند و پێشنیازی بەردەوامبوونی و پەرەپێدانی ئەرکەکانی و سەلامەتیی بنیاتنانی لە ئایندەدا کرد[٦٤].

ڕۆژنامەگەریی کوردی پاڵپشتیی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی لە کۆماری عێراق کرد لە ڕوانگەی خەباتی قوتابیانی کوردستان لەناو ڕیزەکانیدا، بە تایبەتی ڕۆژنامەکانی (خەبات)[٦٥] و (دەنگی کورد)، کە پشتیوانییان لە (لیستی یەکگرتووی دیموکراتی) لە هەڵبژاردنەکانی قوتابیان کرد کە لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ بەڕێوەچوو[٦٦]، ئەم ڕۆژنامانە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی بەرفراوانیان بۆ ئەنجامدا، لێدوانەکانیان و ناوی کاندیدەکانیان و ڕیکلامی هەڵبژاردنەکانیان بڵاوکردەوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کە لیستی یەکگرتووی دیموکراتی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە[٦٧]، هەروەها ڕۆژنامەگەریی کوردی بەدواداچوونیان بۆ چالاکییەکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیان دەکرد[٦٨].

زۆری نەخایاند، دوای کۆنگرەکە؛ جۆرێك ساردی لە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو یەکێتییەی ناوبراو سەریهەڵدا، هەروەها هاوکاری بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەکە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. قوتابیانی کورد دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتن لە یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق، چونکە ڕاسپاردە و بڕیارەکانی سەبارەت بە مافی قوتابیانی کورد جێبەجێ نەکردووە. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەی خەبات ئەو یاداشتەی بڵاوکردەوە کە لەلایەن لیژنەی کاروباری قوتابیانی کوردستانەوە پێشکەش

بــە وەزیــری پــەروەردە کرابــوو، تیایــدا هاتبــوو: "پــێمان خۆشــە ئــەو ڕاســپاردانەی پەیـوەستن بـە مافـە ڕۆشـنبیرییەکانی قوتابیانـی کـورد و کەمـە نەتەوەیییەکانـی دیکـەوە بخەینـە بەردەسـتتان کـە لەلایـەن یەکێتییەکەمانـەوە پێشـکەش کـرا". لـە یاداشـتەکەدا پێداچوونـەوە بـەو ڕاسـپاردانە کـرا[٦٩] کـە لـە کۆنگرەکـەدا هاتبـوون[٧٠]. پێدەچێـت یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێراقـدا چاوپۆشـی لـە جێبەجێکردنـی ئـەو ڕاسـپاردانە و داواکارییەکانـی دیکـەی قوتابیانـی کـورد کردبێـت، بۆیـە هەماهەنگیـی نێوانیـان زۆر درێـژەی نەکێشـا بەهـۆی کاردانەوەکانـی تێکچوونـی بارودۆخـی سیاسـی عێـراق، هەروەهـا گەورەبوونـی بۆشـایی نێـوان سـەرکردایەتیی ڕژێمـی نـوێ و خەڵکـی کوردسـتان کـە فێنکاییەکـی ڕوونـی لـە پەیوەندییـە دوو قۆڵییـەکان دروسـتکرد. دواجـار بـە هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ١١ی ئەیلوولـی ١٩٦١ کۆتایـی هـات. ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان چوونـە قۆناغێکـی دیکـەوە، ئەویـش پراکتیزەکردنـی کارە بـە شـێوەی نهێنـی، دوای ئـەوەی بـە شـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە لایەنگریـی شۆڕشـیان کـرد و بـە خەباتگێـڕان و بۆچوونەکانیـان بەشـدارییان لـە ڕەوتـی بزووتنـەوەی شـۆڕش کـرد[٧١].

نیشـانەکانی ناکۆکـی و جیابوونـەوە لـە نێـوان هـەردوو یەکێتییەکـە دەرکەوتـن. یەکێـک لـەو قوتابییـە کوردانـە بابەتێکـی بـە زمانـی عەرەبـی لـە ڕۆژنامـەی خەبـات نووسـیوە بەناونیشـانی: "بۆچـی سـکرتاریەتی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان هەسـتی قوتابیانـی کـورد و مافەکانیـان و کێشـەی براکانیـان پشـتگوێ دەخـات؟" تێیـدا هاتبـوو: "هەرکەسـێک بـە وردی سـەیری زۆرێـک لـە کارەکانـی سـکرتاریەتی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان بـکات، یـان ڕاسـتتر لـە ڕەفتـاری زۆرینـەی ئەوانـەی کۆنتڕۆڵیـان کـردووە، هەندێــك جــار بێبایەخییەکــی ســەیر دەبینێــت و تەنانــەت لــە هەلومەرجێکــی یەکلاکـەرەوە و گرنـگ و پرسـەکاندا بێبایەخکردنێـک بـە هەبوونـی قوتابیانـی کـورد و دەقەکانـی دەسـتووری یەکێتـی سـەبارەت بـە کـورد دەبینرێـت..." ئـەو تێبینیانـەی خـوارەوەی سـەبارەت بـە ڕەفتـاری سـکرتاریەتی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێـراق کـرد:

١. ئـەو شـاندە فەرمییانـەی سـکرتاریەت ڕەوانـەی دەرەوەی وڵاتی کردن، بۆ بەشـداریکردن لـە کۆنگـرە نێودەوڵەتییەکانـی قوتابیـان و لیژنەکانـی یەکێتیـی جیهانیـی قوتابیـان بریتی بـوون لـە نوێنەرانـی زۆرینـەی کۆنتڕۆڵکارانـی یەکێتیەکە، واتـە: قوتابیی کۆمۆنیسـت.

٢. لاوازیی هەڵوێست سەبارەت بەوەی کە گەلی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.
٣. یەکێتیی گشتیی قوتابیان زیاتر لە ١١٠ کۆمەڵە کە نوێنەرایەتیی زیاتر لە ٧٥ وڵاتیان دەکرد، بۆ شەشەمین کۆنگرەی یەکێتیی جیهانیی خوێندکاران کە بڕیاربوو لە بەغدا بەڕێوە بچێت بانگهێشت کرد، بەڵام یەکێتیی گشتیی قوتابیان ئامادە نەبوو بانگهێشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بکات سەرەڕای پێداگریی نوێنەرانی قوتابیانی کوردستانی عێراق و داواکەیان لە سکرتاریەت بەتایبەتی قوتابیی ئەندام لە سکرتاریەت (کەمال محێدین)[٧٢].

ئەمەش وایکرد، قوتابیانی کورد یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیان ئاگاداربکەنەوە، سکرتاریەتی یەکێتیی گشتیی قوتابیان مافی قوتابیانی کوردی پشتگوێخستووە وەک لە دەستووری یەکێتی و ڕاسپاردەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەکەدا هاتووە، کە مافی سەرجەم قوتابیانی عێراقی دابین دەکات، ئەوانیش ئەم کارە وەک پشتگوێخستنی بە ئەنقەست لێکدەدەنەوە، بۆیە بیرۆکەی زیندووکردنەوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هاتەوە بیر قوتابیانی کورد، کەسێک بە ناسناوی (باهۆز) بابەتێکی بەناونیشانی "پێویستیی هەبوونی ڕێکخراوێکی تایبەت بە کوردستان" نووسی، تێیدا داوای: زیندووکردنەوەی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی کرد[٧٣].

شایانی باسە؛ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان خۆی هەڵنەوەشاندبووەوە و چالاکییەکانی ڕانەگرتبوو، بەڵکو تەنیا ئەوە بوو، بەپیر بانگەوازەکەی حکومەتەوە چووبوو، سەبارەت بە یەکگرتنی بزووتنەوەی قوتابیان لە عێراقدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا، پەیوەندیکردنی بە یەکێتیی گشتیی قوتابیان خۆبەخشانە و بە ڕێککەوتن بوو، بەڵام کەمتەرخەمیی لایەنی بەرامبەر لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە لایەک و، گۆڕانی بارودۆخی ناوخۆی عێراق لە لایەکی دیکەوە، هانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی دا بۆ سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیان.

ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق کەمال محیەدین بە نوێنەرایەتیی قوتابیانی کورد، لە ١٦ی تەمووزی ١٩٦٠یاداشتێکی پێشکەش بە لیژنەی تەنفیزیی یەکێتی کرد، بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی ناوخۆیی قوتابیانی کوردستان،

بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر چەنـد بابەتێکـی پەیوەسـت بـە ئامانجەکانـی قوتابیانـی کوردسـتان[٧٤]. زۆرینـەی ئەندامانـی لیژنـەی تەنفیـزی دژی بەسـتنی کۆنگرەیەکـی لـەو شـێوەیە وەسـتانەوە، هەڵوێسـتیان لەسـەر ڕاسـپاردەیەک بـوو بـۆ بەسـتنی ئـەو کۆنگرەیـە لەبـری ئـەوەی لـە سـەرەتاوە بڕیارێکـی جـددی بـدەن بـۆ ئەنجامدانـی، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی ڕۆژنامـەی خەبـات بابەتێـک بنووسـێت، تێیـدا ئـەو هەڵوێسـتە لاوازەی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی سـەرکۆنە کـرد[٧٥]. ئەمـەش وایکـرد سـکرتاریەتی یەکێتـی ڕازی بێـت، لـە کۆبوونەوەکەیـدا کـە لـە ٢٦ی تەمـووزی ١٩٦٠ بەڕێوەچـوو، بـۆ ئەنجامدانـی کۆنگرەیەکـی ناوخۆیـی بـۆ قوتابیانـی کوردسـتان لـە هاوینەهـەواری شـەقڵاوە لـە پارێـزگای هەولێـر لـە مـاوەی نێـوان ٢٣-٢٥ی ئابـی ١٩٦٠[٧٦]، ئامادەیـی خۆشـی بـۆ بەڕێوەچوونـی ڕاگەیانـد، بـۆ ئـەوەش داوای پێکهێنانـی چەنـد لیژنەیەکـی ئامـادەکاری کـرد [٧٧].

سـکرتاریەتی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان و قوتابیانـی کـورد برووسـکەی پشـتیوانییان بـۆ ڕۆژنامـە کوردییـەکان نـارد بـۆ ئەنجامدانـی کۆنگرەیەکـی لـەو شـێوەیە، لەوانـە: (فایـەق محەمـەد عەبـدوڵڵا[٧٨]، محەمـەد قـادر شـەمقار[٧٩]، پەخشـان ئەمین[٨٠]، سـدیق عەبـدوڵڵا[٨١] و نەجمەدیـن عەبدولکەریـم[٨٢]. لـە ڕۆژنامەی(دەنگـی کـورد) بابەتێـک نووسرابـوو بەناونیشـانی: (سـەبارەت بـە بەسـتنی کۆنگـرەی قوتابیانـی کـورد لـە شـەقڵاوە) نووسـەری بابەتەکـە تیشـکی خستەسـەر گرنگیـی بەسـتنی کۆنگـرەی لـەو شـێوەیە، هەروەهـا داوای زیندووکردنـەوەی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانی کـرد، لەگـەڵ گرنگیـدان بـەو پرسـە کولتوورییانـەی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لـە عێـراق داوای دەکـردن [٨٣].

حکومەتـی عێـراق ڕەتیکـردەوە کۆنگرەیـەك بـۆ قوتابیانـی کوردسـتان ببەسـتێت، ئەمـەش قوتابیانـی کـوردی تـووڕە کـرد. ڕایانگەیانـد، بڕیـاری ڕەتکردنـەوەی کۆنگرەیەکـی لـەو شـێوەیە "ناگونجێـت لەگـەڵ ئـەوەی کـە داوای برایەتـی کوردی-عەرەبـی دەکات"[٨٤]. ئـەم هەڵوێسـتانە هـۆکار بـوون بـۆ هاندانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان بـەرەو سـەربەخۆیی، هەروەهـا هـۆکاری دیکـەش هەبـوون کـە بـەم ئاراسـتەیە کاریـان پێدەکـرا. کاتێـک شەشـەمین کۆنگـرەی یەکێتیـی جیهانیـی خوێنـدکاران لـە ساڵی ١٩٦٠ لـە بەغـدا بەڕێوەچـوو[٨٥]، کـە شـاندێکی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا بەشـدارییان تێـدا کـرد، پێکهاتبـوو لـە کەمـال فوئـاد و عیسـمەت شـەریف وانلـی، تیایـدا یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان هەڵوێسـتێکی گرتەبـەر کـە پێچەوانـەی ئامانجەکانـی بزووتنـەوەی قوتابیانی کورد

بوو، کە پێشتر لە کۆنگرەکانی پێشووی ئەو ڕێکخراوەی ناوبراو لەسەری ڕێککەوتبوو. هەروەها بانگەوازی ئەو ڕێکخراوە لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکخستنی خەباتی قوتابیانی عەرەب مانای ئەوە بوو ئامانجەکانیان لەو ئاراستەیەدا نەکەوێتە خانەی ئامانجەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد[٨٦]. جگە لەوەی باسکرا، یەکێتیی گشتیی قوتابیان دژی پەیوەستبوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە یەکێتیی جیهانیی قوتابیانی وەستایەوە[٨٧]، لە ئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتانەدا بۆشایی نێوان هەردوو ڕێکخراوی (کوردی و عێراقی) لە ڕووی ئامانج و کردارەکان فراوانتر دەبوو[٨٨].

قوتابیانی کورد بە توندی ئەو هەڵوێستانەیان سەرکۆنە کرد[٨٩]، دواجاریش لە مانگی نیسانی ١٩٦١ بە ناوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و تیایدا گەڕانەوەی خۆیان بۆ مەیدانی خەبات ڕاگەیاند، بۆ درێژەدان بە چالاکییەکانی وەک پێشتر، لە بەیاننامەکەدا هاتبوو: "دوای ماوەیەک لە سستی کە دووچاری بزووتنەوەی تێکۆشەری قوتابیان ببووەوە، کە بەهۆی هۆکار و هەلومەرجێکەوە دروست بوو، لەلایەن ئەوانەی دروستیان کردبوو، هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی بزووتنەوەی سەرهەڵداوی قوتابیانتان بوەستن، هەوڵە ماندوونەناسەکانی بۆ چاکە و بەختەوەریی قوتابیانی کوردستان بەتایبەتی و قوتابیانی عێراق بەگشتی، یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان- عێراق) دەگەڕێتەوە گۆڕەپانی خەبات بۆ درێژەدان بە سەرکردایەتیکردنی جەماوەری قوتابیانی کوردستان وەک پێشتر.. یەکێتییەکەمان، ڕایدەگەیەنێت کە درێژە بە چالاکییە ڕێکخراوەکەی دەدات، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەلومەرجی مێژوویی، واقیعی کۆمەڵگەی کوردستان، و کێشە و هیوای قوتابیانمان، هەموو ئەمانە هۆکاری پێویستن بۆ بوونی یەکێتییەکەمان وەک نوێنەری ڕاستەقینەی سەرجەم قوتابیانی کوردستان، ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی و دەربڕینی هیواکانییەتی بە هەموو جددی و دڵسۆزییەکەوە، کاردەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی. ئێمە لە ئیرادەدا بەهێزترین و لە ئاشتیماندا بەردەوامین. داوا لە قوتابییە ئازاکانی کوردستان دەکەین، بە جیاوازیی مەیل و بۆچوونەکانیان، بێنە ژێر ئاڵای یەکێتییە تێکۆشەرەکەیان، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق."[٩٠] بەم شێوەیە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە شێوەیەکی سەربەخۆ گەڕایەوە سەر کار. جەمشید حەیدەری ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە

و دەڵێت: "ئەندامانی یەکێتیی گشتیی قوتابیان بە گۆشەگیر وەسفی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیان لە هەولێر دەکرد و، دیارترین سەرکردەکانیان بریتی بوون لە: موهیب حەیدەری، سەڵاح سەعید، حەمەد ئەمین، فرەنسۆ هەریری و حاجی مەلا سەعید...، هەر یەکێتییەکیش بە ناوی ڕێکخراوەکەی بە شێوەی سەربەخۆ کاری دەکرد[٩١].

لەسەر ئەم بنەمایەش، جیابوونەوەی ئەو دوو ڕێکخراوە لە یەکدی بابەتێکی پێویست و سروشتی بوو[٩٢]، گەڕانەوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیش بۆ چالاکییەکانی پێشووی، لە ڕووی پاراستنی تایبەتمەندیی خۆیەوە، ئەمەش بوو بە شتێک کە دەبێت یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق قبووڵی بکات، هەروەها پێویست بوو لەسەری کە نابێت نکوڵی لە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بکات لە بزووتنەوەی قوتابیان لە عێراق[٩٣].

**کۆنگرەی سێیەم:**

یەکێتی قوتابیانی کوردستان-عێراق چالاکییەکانی وەک جاران گەڕاندەوە و خۆی ئامادە کرد بۆ بەستنی سێیەمین کۆنگرەی خۆی، کە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی ئەلکەسرە لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو[٩٤]، دانیشتنەکانی کۆنگرەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوون، لەو ماوەیەدا بابەتی سیاسی و ڕۆشنبیری و دۆخی خوێندن لە کوردستان و عێراق تاوتوێ کران. کۆنگرەکە توانی زۆرێک لەو کێشە و گرفتانە چارەسەر بکات کە لەبەردەم یەکێتییەکەدا بوون، بەمەش لە زۆر کەموکوڕی ڕزگاری بوو، یەکێتییەکەش دەستی کرد بە داڕشتنی پرۆگرامێکی ڕاست و دروستی نیشتمانی بۆ قوتابیان، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی هەژموونی لەنێو قوتابیانی کوردستاندا بەتایبەتی و قوتابیانی کورد لە سەرتاسەری عێراق بە گشتی[٩٥]. لە کۆنگرەکەدا چەند بڕیارێک پەسەندکران، گرنگترینیان بریتین لە:

١. کارکردن بۆ پاراستنی پیرۆزی و بەهای کۆلێژ و پەیمانگاکانی خوێندن.
٢. داواکردن لە حکومەت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو قوتابیانەی دەرکراون و دیپۆرت کراون و زیندانیکراون لە ئەنجامی چالاکییان بۆ قوتابخانەکانیان.
٣. ئەو سیاسەتە بە تورکیکردنە ئیدانە دەکەین کە حکومەتی فاشیستی تورکیا لە دژی گەلی کوردمان لە کوردستان کە بە زۆر لکێنراوە بە تورکیاوە، پراکتیزەی کردووە.

٤. کۆنگـرە ستایشـی تێکۆشـانی سـەرکردەکانی گەلـی سـتەملێکراوی کـورد لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان دەکات، داواش لـەو حکومەتانـە دەکات، کـە کۆنترۆڵـی کوردسـتان دەکـەن، ئازادیـان بکـەن.
٥. ئێمـە پێـمان وایـە کۆلۆنیالیـزم سیسـتەمێکی قێزەونـە کـە دوژمنایەتیـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکەمـان و بزووتنەوەکانـی هەمـوو گـەلان دەکات، بۆیـە شـەڕێکی بێوچـان لـەدژی پـڕۆژە و جووڵەکانـی دژ بـە گـەلان ڕادەگەیەنیـن.
٦. کۆنگـرە پشـتیوانیی گەرمـی خـۆی بـۆ خەباتـی ڕزگاریخوازانـەی گەلانـی ئاسـیا و ئەفریقـا، بـە تایبـەت خەباتـی گەلانـی لاوس و کۆنگـۆ لەپێنـاو چارەنووسـی خۆیـان، ڕادەگەیەنێـت.
٧. کۆنگـرە پاڵپشـتیی گەرمـی خـۆی بـۆ خەباتـی نەتـەوەی عـەرەب بـۆ ڕزگاری نەتەوەیـی خـۆی بەتایبـەت لـە جەزائیـر و عومـان و فەلەسـتین ڕادەگەیەنێت.
٨. کۆنگـرە داوا لـە حکومەتەکانـی کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی و ئێـران و تورکیـا دەکات، ڕێگـە بـە گەلـی کـورد بـدەن، بـۆ ئـەوەی مافـە نەتەوەییەکانـی خـۆی پراکتیـزە بـکا.
٩. کۆنگـرە ئیدانـەی سیاسـەتی کۆلۆنیالیـزم و شۆڤێنیسـتی دەکات کـە ئامانجیـان تواندنەوە و سـڕینەوەی نەتـەوەی کوردە.
١٠.کۆنگـرە جموجووڵەکانـی هاوپەیمانـی سـێنتۆ بـە مەترسـییەکی دیاریکـراو بـۆ سـەر کۆمـاری عێـراق و نەتـەوەی کوردمـان دەبینێـت، بۆیـە شـێوازەکانی ئـەم هاوپەیمانییـە شـەڕانگێزە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە خراپەکارەکانـی ئیدانـە دەکەیـن.
١١.ڕۆژی (٣٠ی ئاب) بکرێتە ڕۆژی خەبات بۆ قوتابیانی کوردستان[٩٦].
١٢.زیندووکردنەوەی یادی ٢٨ی شوبات، وەك ڕۆژی هاریکاریی قوتابیان و لاوانی جیهان.
١٣.کۆنگـرە بڕیـار دەدات، لیژنـەی تەنفیـزی بـە زووتریـن کات ئـەو ڕاپۆرتـەی لەلایـەن لیژنـەی ئامادەکارییـەوە پێشکەشـی کۆنگـرەی سـێیەمی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان کـراوە، چـاپ و پەسـندی بـکات، هەروەهـا دابەشـی بـکات.
١٤.کۆنگـرە هەوڵەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا بـەرز دەنرخێنێـت، وەك کۆمەڵـەی قوتابیـان خزمەتـی نەتـەوەی کـورد دەکات، هەروەهـا پێگـەی لەنێـو نەتەوەکانـی جیهـان بـەرز ڕادەگرێـت و داکۆکـی لـە پرسـە نیشـتمانییەکان و مافـە نەتەوایەتییەکانـی دەکات.

١٥.کۆنگرە داوا دەکات، ڕەگەزنامەی عێراقی بە کوردانی فەیلی و تویان و ئۆمریان بدرێت.
١٦.کۆنگـرە هەوڵـە بەنرخەکانـی کۆمەڵـەی نێودەوڵەتیـی کوردسـتان بـەرز دەنرخێنێـت، بـۆ ناسـاندنی خەبـات و ڕاسـتیی نەتەوەکەمـان و دۆزە ڕەواکەمـان بـە گەلانـی جیهـان[٩٧].

دوای تەواوبـوون لـە دانانـی پرۆگـرام و بڕیـارەکان، هەڵبـژاردن بـۆ دەستنیشـان کردنـی ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت ئەنجامـدرا، ئـەم قوتابییانـەش ئەندامێتییـان بەدەسـتهێنا: (مەئمـوون دەبـاغ، حەمـە چاوشـین، سـەروەر کاکـە حەمـە، فوئـاد ئەحمـەد بابـان، حەیـدەر هەمـزە خـدر). هەروەهـا (سرور کاکـە حەمە) بـوو بە سـکرتێری یەکێتییەکە، بـەڵام دەزگاکانی دەوڵـەت لـە سـاڵی ١٩٦٢ دەسـتگیریان کـرد، لـە کاتێکـدا هـەردوو قوتابـی (مەئمـوون دەبـاغ و حەمـە چاوشـین) پەیوەندییـان بـە شـۆڕشـی ئەیلوولـەوە کـرد، قوتابی(حەیـدەر هەمـزە) بـوو بـە سـکرتێری یەکێتییەکـە تـا سـاڵی ١٩٦٢ کاتـی بەسـتنی کۆنگـرەی چـوارەم[٩٨].

**قۆناغی سێیەم/ چالاکیی نهێنی ١٩٦١-١٩٦٤**

بارودۆخـی گشـتیی عێـراق تێکچـوو، بۆشـایی نێـوان حکومەتـی عەبدولکەریـم قاسـم و بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد بـە سـەرۆکایەتیی مـەلا مسـتەفا بارزانـی فـراوانتر بـوو، ناکۆکییەکانیـش لـە پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ یەکدیـدا ڕوون بـووەوە، دواجـار بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی شـۆڕشـی ١١ی ئەیلولـی ١٩٦١، بەمجـۆرە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان پێـی نایـە قۆناغێکـی نوێـوە لـە خەباتـی نیشـتمانی و پیشـەیی خۆیـدا، کـە ناچـار بـوو کاری خـۆی بـە نهێنـی بـکات، دوای ئـەوەی بەتـەواوی لایەنگـری شـۆڕشـی کـوردی کـرد، ئەندامەکانـی بەدرێژایـی بەردەوامبوونـی، لـە خزمەتـی شـۆڕشـدا بەشـدارییان کـرد، لـە پێنـاو ئامانجەکانـی ئـەو شـۆڕشـەدا قوربانیـی زۆریـان دا[٩٩].

یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان ڕیزەکانـی خـۆی ڕێکخسـتەوە و بـە پێویسـتی زانـی کۆنفرانسـێک بـۆ یەکێتییەکـە ببەسـتێت، بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر بارودۆخـی نـوێ، بۆیـە لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٢ کۆنفرانسـێکی فراوانـی لـە یەکێـک لـە ناوچەکانـی کوردسـتان سـازکرد[١٠٠]، کـە نوێنەرانـی سـەرجەم ناوچـەکان ئامـادەی بـوون. کۆنفرانسـەکە چەنـد بڕیارێکـی دەرکـرد، دیارترینیـان بریتـی بـوون لـە:

١. پاڵپشـتیکردنی شـۆڕشـی کـورد و سـەرکردایەتییە دلێرەکـەی و پێشکەشـکردنی هەمـوو توانسـتێک بـۆ پێکهاتەکانـی پێشـمەرگە.

٢. گرنگیدانی جددی بە کێشە پیشەیی و ئەکادیمییەکانی قوتابیانی کوردستان، بۆ ئەوەی یەکێتی لە جەماوەرەکەی دانەبڕێت و ببێتە ڕێکخراوێکی تەواو سیاسی و دوور لە پراکتیزەکردنی سەندیکایی.
٣. ڕێکخستنی ئەو قوتابیانەی پەیوەندییان بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کردووە و ئامادەکردنیان بۆ خەبات.
٤. لەسەر ئاستی قوتابیانی عێراقیش، کۆنفرانس بڕیارێکی دەرکرد و داوای لە هەردوو یەکێتییە دۆستەکانی دیکەی (یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق[١٠١] و یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق) کرد، دان بە یەکتردا بنێن، بەمەبەستی گەیشتن بە شێوازگەلی بەرەیی بە کردنەوەی دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان باڵەکانی بزووتنەوەکەدا، هەردوو یەکێتییەکەش بە فەرمی لەم بڕیارە ئاگادارکرانەوە، بەڵام ڕووداوەکانی دوای ئەو قۆناغە ڕێگریان لەم نزیکبوونەوەیە کرد، چونکە عێراق چووە نێو دۆخێکی ململانێی خوێناوی نێوان لایەنە نیشتمانییەکان، کە بووە هۆی دابەزینی دواکەوتنی بزووتنەوەی نیشتمانی و فراوانبوونی بۆشایی نێوان حزبە نیشتمانییەکان، کە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ڕێکخراوەکانی قوتابیانیش هەبوو[١٠٢].

**کۆنگرەی چوارەم**

یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چوارەمین کۆنگرەی خۆی بە دروشمی "سەرکەوتن بۆ شۆڕشەکەمان و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا" لە ماوەی ١٤-١٨ی شوباتی ١٩٦٤ لە گوندی چوخماخی سەر بە پارێزگای سلێمانی گرێدا. لە کۆنگرەکەدا زیاتر لە (١٠٠) قوتابی وەك نوێنەری زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و لقەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەشداربوون[١٠٣] ، کۆنفرانسەکە بە نهێنی بەڕێوەچوو، ئەم بەرنامەیەی خوارەوەی گرتەبەر:

١. خوێندنەوەی ئەو سڵاوانەی بۆ کۆنفرانس ڕەوانەکرابوون.
٢. پێشکەشکردن و دیراسەکردنی ڕاپۆرتی مەکتەبی سکرتاریەت.
٣. پێشکەشکردن و دیراسەکردنی ڕاپۆرتی لیژنە ناوخۆییەکان.
٤. پێشنیاز و توێژینەوەکان.
٥. ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە پەیڕە و پرۆگرامی ناوخۆ[١٠٤].

٦. بڕیارەکان.
٧. وەڵامدانەوەی ئەو سڵاوانەی گەیشتبوونە کۆنگرەکە.
٨. هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتی (سکرتاریەت) .

**گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرە:**

١. بڕیارێك سەبارەت بە شۆڕشی کورد (١١ی ئەیلول) کە تیایدا هاتبوو: "هەموو ئەندامانی کۆنگرە بڕیاریاندا بە تەواوی پشتیوانیی شۆڕش بکەن لە هەموو لایەك و ڕوویەکەوە. یەکێتیش بە هەموو توانایەکییەوە یارمەتیی پێشکەش بە شۆڕش بکات و پەیوەندیی توندوتۆڵیش لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕش دروست بکات.
٢. بڕیار لەبارەی ڕێکخراوە دیموکراسییەکانی کوردستان: لە کۆنگرەکەدا بڕیاردرا "یەکێتی خەبات بکات، بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی بۆ ئەم ڕێکخراوە دیموکراسییانەی کوردستان: (ی. ل. د. ك)[١٠٥] و (ی م ك)[١٠٦] و ( ی. ئـا.د. ك)[١٠٧] واژۆ لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک لە نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئاماژەمان پێکردن لەگەڵ نوێنەری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بکرێت، هەروەها گۆڤارێکی گشتگیر و بەیاننامە و بڵاوکراوە وناملکە بۆ هۆشیارکردنەوە پێکەوە دەربکرێت".
٣. بڕیارێک سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان: "بوونی هەر ڕێکخراوێکی دیکەی قوتابیان لە کوردستان جگە لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و دابەشبوونی بزووتنەوەی قوتابیان لە کوردستان، بەو پێیەی بەشێکی هاوپەیمانە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا، هەروەها بوونی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لەگەڵ خواستەکانی دوژمنانی گەلی کورددا یەکدەگرێتەوە".
٤. بڕیارێک سەبارەت بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی قوتابیان لە عێراق: "ناتوانرێت هیچ جۆرە هاوکارییەک لە نێوان یەکێتییەکەمان و یەکێتییەکانی دیکەی قوتابیان لە عێراق هەبێت، ئەگەر بە بڕیارێکی ئاشکراو بڵاوکراوە نەبێت لەنێو جەماوەری قوتابیان لە عێراق"، هەروەها لە کۆنگرەکەدا چەند بڕیارێکی دیکە سەبارەت بە دۆخی ئێستای کوردستان و عێراق و بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و گەلانی جیهان دران..[١٠٨].

**قۆناغی چوارەم/ لێکترازانی یەکێتییەکە ١٩٦٤- ١٩٧٠**

ئــەم قۆناغــە بــە یەکێــک لــە قۆناغــە ســەختەکانی ژیانــی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان دادەنرێــت، لەبــەر ئــەو دابەشــبوونەی کــە یەکێتیەکــە تووشــی بــوو، لــە ئاکامــی ئــەو لێکترازانــەی لەنــاو پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە ســاڵی ١٩٦٤دا ڕوویــدا، کاتێــک ئــەو حزبــە بــە ســەرۆکایەتیی (مســتەفا بارزانــی) ڕێککەوتنــی ئاگربەســتی نێــوان شۆڕشــی کــورد و حکومەتــی عێراقــی لــە ١٠ی شــوباتی ١٩٦٤ واژۆکــرد، لــە ئەنجامــدا لێــکترازان لەنــاو پارتیــدا هاتــە ئــاراوە، ئەمــەش کاریگەریــی نەرێنــی لەســەر هەمــوو ڕێکخــراوە دیموکراســییەکانی کوردســتان بەتایبەتــی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان هەبــوو. جیابوونــەوەی ژمارەیــەک لــە ئەندامانــی مەکتەبــی سیاســیی ئــەو حیزبــە لــە پارتــی و دواتــر دەرچوونــی ژمارەیــەک لــە ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەتی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان لــەو حزبــە، لەبەرئــەوەی پاڵپشــتییان لــە باڵــی مەکتەبــی سیاســی دەکــرد، کــە لــە پارتــی جیاببوونــەوە، ئێمــە لێــرە بــە وردی بــاس لــە هــۆکار و بارودۆخــی لادانــی پارتــی ناکەیــن. هەروەهــا ناچینــە نــاو وردەکاری و هــۆکار و گرفتەکانــی جیابوونــەوە و لێکترازانــی پارتــی [١٠٩]، تەنیــا بــۆ ئەوەمانــە بزانیــن چــۆن کاریگــەری هەبــووە بــۆ ســەر یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان کــە بابەتــی ئــەم توێژینەوەیــە.

هــەر زوو کاریگەریــی ئــەم دابەشــبوونە لەســەر گۆڕەپانــی قوتابیــان ڕوون بــووەوە، وەک یەکێــک لــە قوتابیانــی هاوچــەرخ[١١٠] گوتــی: کەشــوهەوای زانکــۆ لــەو قۆناغــەدا لەنێــو ئــەو قوتابییــە کوردانــەی کــە لــە بزووتنــەوەی کوردایەتــی کاردەکــەن، پشــێوی هەبــوو، چونکــە لــە چوارچێــوەی دوو ڕێکخــراوی دژ بەیەکــدا کاریــان دەکــرد، کــە هەڵگــری هەمــان نــاو بــوون: ( یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان-عێراق)، کــە ئــەوکات بــە (مەلایــی- پارتــی بــە ســەرۆکایەتیی مــەلا مســتەفا بارزانــی و، جەلالــی- باڵــی جیابــووەوە لــە پارتــی بــە ســەرۆکایەتیی ئیبراهیــم ئەحمــەد – جــەلال تاڵەبانــی) نــاسراوە. گروپــی مەلایــی پەیوەندییــان بــە هەولێــرەوە هەبــوو، لەکاتێکــدا گروپــی جەلالــی پەیوەندییــان بــە ســلێمانییەوە هەبــوو، بەهــۆی ئــەوەی قوتابیــان خەڵکــی ئــەو شــارانە بــوون، چالاکــی هــەردوو لا چــڕ بــوو، چونکــە هەریەکەیــان هەوڵــی ڕاکێشــانی قوتابییــە نوێیەکانیــان دەدا کــە دەهاتــن بــۆ خوێنــدن لــە کۆلێــژ و پەیمانگەکانــی مووســڵ لــە شــار و شــارۆچکە جۆراوجۆرەکانــی کوردســتانەوە"[١١١].

چالاکییەکانی یەکێتی؛ بە هەردوو بەشەکەیەوە، لە ساڵی ١٩٦٤ەوە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و گەڕانەوەی باڵی مەکتەبی سکرتاریەت بۆ ڕیزەکانی یەکێتی، دوای ئەوەی شەشەمین کۆنگرەی بەست. لێرەدا هەوڵ دەدەین ڕۆشنایی بخەینە سەر گەشەسەندنی یەکێتی لەو ماوەیەدا، لە ڕووی بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرەکانەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە بەڵگەنامە و سەرچاوەکانی تایبەت بە بابەتەکەدا هاتووە.

لە دوای جیابوونەوەکە، کۆمەڵێک لە ئەندامانی لق و لیژنە ناوخۆییەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٤، کۆبوونەوەیەکی فراوانیان ئەنجامدا کە لە ئەدەبیاتی یەکێتییەکەدا بە (کۆنفرانسی دووەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) ناودەبرێت، لە گوندی (کانی ماسی) کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، لەنێو ئەوانەی لە دەڤەری بادینانەوە بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا کرد، بریتی بوون لە: عەبدولڕەزاق گەرماڤی، محەمەد حەسەن عەبۆ، مستەفا عیسا، عەبدولکەریم فندی (لە دهۆك)، عەبدولجەبار دەروێش (لە زاخۆ) و زەکی مستەفا ئەتروشی لە مووسڵ [١١٢].

**لەم کۆبوونەوەیە (یان کۆنفرانسە)دا ئەم بڕیارە گرنگانە دران:**

١. کارکردن بۆ ڕێکخستنەوەی یەکێتی و بەردەوامبوون بەپێی بڕیارەکانی کۆنفرانسی چوارەم، تا ئەوکاتەی کۆنگرەی داهاتوو دەبەسترێت.
٢. بەردەوام بوون لە هاوکاریکردنی شۆڕشی کورد (شۆڕشی ئەیلوول).

دوای ئەوە ئامادەبووان لیژنەیەکی کاتی یان سکرتاریەتیی کاتییان هەڵبژارد بۆ سەرپەرشتیکردنی یەکێتییەکە، کە پێکهاتبوون لە: بەکر حسێن، جەلال حەمە عەلی (لە سلێمانی)، عەدنان موسا و حەوێز دزەیی (لە بەغدا)، عەبدولوەهاب تاڵەبانی (لە کەرکووک)، جەواد محەمەد شێروانی (لە هەولێر) و عەبدولکەریم فندی (لە دهۆك)[١١٣].

دوای ئەوەی ڕێکخستنەکانی یەکێتییەکە دووبارە لە قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێژەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و عێراق ڕێکخرانەوە، کۆبوونەوەیەکی فراوانتر (کۆنفرانسی پێنجەم) لە پشووی نیوەی ساڵدا لە شوباتی ١٩٦٥ و لە

دەڤـەری قەرەداغـی پارێـزگای سـلێمانی بەڕێوەچـوو، کـە بـە (کۆبوونـەوەی فـراوان یـان کۆبوونـەوەی گشـتیی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان دەناسرێـت)[١١٤]، نوێنەرانـی قوتابیـان لـە سـەرجەم لـق و لیژنـە ناوخۆییەکانـی یەکێتـی بەشـداربیان لـەو کۆبوونەوەیـەدا کـرد، ژمـارەی بەشـداربووان گەیشـتە نزیکـەی(٤٠) قوتابـی، ئەوانـەی لـە ناوچـەی بادینـان ئامـادەی بـوون بریتـی بـوون لـە: محەمـەد حەسـەن عەبـو، عەبدولکەریـم فنـدی، عەبدولجەبـار دەروێـش و زەکـی مسـتەفا ئەتروشـی، هەروەهـا عەلـی سـنجاری کـە نوێنەرایەتـی پارتـی دەکـرد، بەشـداریی کۆبوونەوەکەیـان کـرد[١١٥].

کەشـوهەوای گشـتیی ئـەو سـەردەمە بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی گشـتیی یەکێتـی گونجـاو نەبـوو، بۆیـە ئـەو کۆبوونەوەیـە کـە نـاوی (کۆبوونـەوەی فـراوان) بـوو، تەنیـا یـەک ڕۆژی خایانـد، لـەو ماوەیـەدا ئامادەبـووان بارودۆخـی ڕێکخسـتنی یەکێتییەکەیـان بـەرز نرخانـد، جەختیـان لەسـەر پێویسـتیی بەردەوامبـوون لـە پشـتیوانیکردن لـە شۆڕشـی کـورد کـردەوە، هەروەهـا متمانەیـان بـە ئەندامانـی لیژنـەی ئامـادەکاری (سـکرتاریەتیی کاتـی) نـوێ کـردەوە، کـە پێکهاتبـوون لـە: حەوێـز قـادر دزەیـی، عەبدولوەهـاب تاڵەبانـی، و عەدنـان حاجـی مووسـا، جـەلال حەمـە عەلـی و عەبدولکەریـم فنـدی[١١٦].

شـایانی باسـە باڵـی جیابـووەوەی یەکێتییەکـە، بەیاننامەیەکـی لـە دژی کۆبوونـەوە فراوانەکـە بڵاو کـردەوە، تێیـدا لـە ڕۆڵ و گرنگییەکـەی کـەم کـردەوە، داواشـی لـە ناوەندەکانـی قوتابیانـی کـورد کـرد، دانـی پێـدا نەنێـن[١١٧].

لـە ئەنجامـی دووبارەبوونـەوەی شـەڕ و پێکدادانـی نێـوان حکومەتـی عێـراق و هێزەکانـی شۆڕشـی کـورد لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٥[١١٨]، کەموکـووڕی لـە کاری لیژنـەی ئامـادەکاری (سـکرتاریەتی کاتـی) ڕوویـدا. ئەندامێکـی لیژنەکـە (بەکـر حسـێن) پەیوەنـدی بـە باڵەکـەی دیکـەی یەکێتییـەوە کـرد، هەروەهـا ئەندامێکـی دیکـە (عەبدولکەریـم فنـدی) پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە کـرد و جـەلال حەمـە عەلـی لـە لیژنەکـە کشـایەوە [١١٩].

یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان دوای ڕێککەوتنـی ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ و وەسـتانی شـەڕی نێـوان حکومەتـی عێـراق و هێزەکانـی شۆڕشـی کـورد جارێکـی دیکـە دەسـتی بـە چالاکییەکانـی کـردەوە[١٢٠]، کۆنفرانسـێکی فراوانـی (کۆنفرانسـی پێنجـەم)ی یەکێتـی لـە ناوپردانـی دەڤـەری باڵـەک لـە هەولێـر گرێـدا، کـە بـارەگای مەکتەبـی سیاسـی

پارتـی لـێ بـوو بـە سـەرۆکایەتیی (بارزانـی). تێیـدا جەختـی لەسـەر داواکارییـە ئەکادیمـی و پیشـەییەکانی قوتابیانـی کـورد و مافـە ڕۆشـنبیری و نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد کـردەوە[١٢١]، چەنـد بڕیارێکـی دەرکـرد سـەبارەت بـە کاروبـاری ڕێکخسـتن و چارەسـەرکردنی کێشـە ناوخۆییـەکان و بەشـێک لـەو کێشـانەی کـە ئەندامانـی یەکێتـی دووچـاری بـوون لـە ئەنجامـی ئـەو دەسـتگیرکردنە فراوانـەی لەنێـوان ڕیزەکانیانـدا لەسـەر دەسـتی حکومـەت هاتـە ئـاراوە، کاتێـك دواییـن شـەڕی بـۆ سـەر کوردسـتان دەسـت پـێ کـرد[١٢٢]. ڕەنگـە یەکێـک لـە گرنگتریـن بڕیارەکانـی کۆنفرانـس پێکهێنانـی لیژنەیەکـی ئامـادەکاری بووبێـت بـۆ بەسـتنی کۆنفرانسـی پێنجەمـی یەکێتییەکـە، هاوینـی سـاڵی ١٩٦٧ وەک وادەی کۆتایـی بـۆ ئەمـە دانـرا[١٢٣].

یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان؛ پێنجەمیـن کۆنفرانسـی خـۆی بـە نهێنـی لـە مـاوەی نێـوان ١٣ تـا ١٥ی تەمـووزی ١٩٦٧ لـە گونـدی تایمـزاوای دەڤـەری شـوان سـەر بـە پارێـزگای کەرکـووک ئەنجامـدا، بـە دروشـمی: "ئـەی جەمـاوەری قوتابیـان، خەبـات بـۆ مافەکانـی قوتابیـان و نەتـەوە بکـەن، هەروەهـا بـۆ بنیاتنانـی عێراقێکـی دروسـت و دیموکراسـی و پەرلەمانـی کـە بـاوەڕی بـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان هەبێـت" بـە بەشـداریی زیاتـر لـە (٧٠) نوێنـەری لـق و لیژنـە ناوخۆییەکانـی یەکێتـی لـە زانکۆکانـی بەغـدا و مووسـڵ و پەیمانگـە بـاڵاکان و قوتابخانەکانـی دواناوەنـدی لـە شـار و ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان و عێـراق[١٢٤]، لـە کۆنفرانسـەکەدا ژمارەیەکـی زۆر لـە میوانـان ئامادەبـوون، لەوانـە: ئەحمـەد جەرجیـس ئەتروشـی- ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی پارتـی- بـە نوێنەرایەتیـی بارزانیـی سـەرۆکی حـزب[١٢٥] و نوێنەرانـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد و هێزەکانـی قـەرەداغ و لیژنەکانـی پارتـی لـە چەمچەمـاڵ و شـوان. کۆنفرانسـەکە بروسـکەی پیرۆزبایـی لـە زۆربـەی ڕێکخـراوە کوردسـتانییەکان و مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی، مەکتەبـی تەنفیزیـی شـۆڕش و کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورووپـا بەدەستگەیشـت[١٢٦]. لـە کۆنفرانسـەکەدا بـاس لـە کاروبـاری ڕێکخسـتن و ئـەو گرفتـە ئەکادیمـی و پیشـەیی و سیاسـییانە کـرا کـە قوتابیانـی کوردسـتان بەدەسـتیەوە دەناڵێنـن، هەروەهـا هەموارکردنـەوەی پەیـڕەو و پڕۆگرامـی ناوخـۆی یەکێتییەکـە، کـە لەگـەڵ مەرجەکانـی ئـەو قۆناغـە بگونجێـت و چەندیـن بڕیـار و داواکاریـیشی لـە ئاسـتە جیاجیاکانـدا دەرکـرد:

**أ. لەسەر ئاستی قوتابیان:**

١. پێکهێنانــی چەنــد لیژنەیەکــی ڕێکخســتنی کارا و بەتوانــا لــە زانکــۆ و پەیمانگــە و قوتابخانــە ناوەندییەکانــی عێــراق و کوردســتان و هەڵبژاردنــی بەرپــرس لــە کەســە خوێنــدەوار و لێهاتــوو و دڵســۆزەکان تــا کۆنگــرەی شەشــەم ئەنجــام دەدرێــت [١٢٧].

٢. هەروەهــا کۆنگرەکــە دان بــەوەدا دەنێــت کــە "حوکمڕانیــی دیکتاتۆریــی ســەربازی بــە باشــی ئــاگادارە کــە پێکنەهێنانــی بەرەیەکــی قوتابیــان و جیاوازیــی دیــدگای ڕێکخراوەکانــی قوتابیــان دەبێتــە هــۆی پشتگوێخســتنی کاروبــاری قوتابیــان و گرنگینــەدان بــە بەرژەوەندییەکانیــان، کەوتــن لــە هەمــوو قۆناغەکانــدا زیــادی کــردووە، دەرگاکانــی بەشــە ناوخۆییــەکان بــەڕووی هەژارانــدا داخــراون، ســەدان کەســیش لــە قوتابخانــە و کۆلێژەکانیــان دەرکــراون." دوای ئــەوەی حکومــەت تۆمەتبــاری کــردن بــە مەیلــی سیاســی و ئینتیمــای نیشــتمانی، نــەك هــەر ئەمــە و بــەس، بەڵکــو پێکنەهاتنــی یەکێتییەکــی بەهێــزی قوتابیــان و یەکنەخســتنی دیدگاکانــی هێــزە جیاوازەکانــی قوتابیان لــە پێنــاو بەرژەوەندیــی بزووتنــەوەی قوتابیــان و گەلەکەمــان، زیــان بــە بەرژەوەندیــی گەلیــش دەگەیەنێــت..."[١٢٨].

٣. ئــەو دوو قوتابییــە (عەبدولوەهــاب تاڵەبانــی و فــارس جــوکل حەوێــز) دوای ئــەوەی بــە پەیوەنــدی لەگــەڵ دەســەڵاتی ناوەنــد تۆمەتبارکرابــوون، لــە ڕیزەکانــی یەکێتی دەرکــران[١٢٩].

٤. کردنەوەی زانکۆ لە کوردستان.

٥. وەرگرتنــی قوتابیانــی کوردســتان لــە کۆلێــژ و پەیمانگــە جۆراوجۆرەکانــی عێــراق لەســەر بنەمــای دابەشــکردنی ناوچەیــی، بەمەبەســتی بەرزکردنــەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری و ئابــووری و تەندروســتیی کوردســتان. ئەمــەش بــۆ کەمکردنــەوەی جیاوازییــە کولتوورییەکانــی نێــوان هەرێمــی کوردســتان و ناوچەکانــی دیکــەی عێــراق.

٦. قبوڵکردنی قوتابیانی کورد لە کۆلێژەکانی: پۆلیس، سەربازی، فڕۆکەوانی.

٧. وانەوتنــەوە بــە زمانــی کــوردی لە هەمــوو قۆناغەکانــی خوێنــدن و کردنــەوەی قوتابخانە لــە هەمــوو ناوچەکانــی کوردســتان بەتایبــەت لە شــاری مووســڵ.

٨. دیاریکردنــی چارەنووســی ئــەو قوتابیانــەی کــە کەوتبوون(دەرنەچووبــوون) بەهــۆی پەیوەندییکردنیــان بــە شۆڕشــی کــوردەوە، یــان لەلایــەن حکومەتــی ســەربازییەوە دەســتگیرکراون و چەوســێنراونەتەوە[١٣٠].

**ب.لەسەر ئاستی سیاسی و نەتەوەیی:**

١. لەبەر جێبەجێنەکردنی برگەکانی رێککەوتننامەی پەخشکراو و رانەگەیەندراوی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، کۆنگرە بڕیاریدا یاداشتێک پێشکەش بە حکومەتی سەربازیی عێراق بکات، تێیدا داوای جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی بە نووسراو و بە تەواوی کرد.
٢. لە کۆنگرەکەدا بڕیاردرا، یەکێتی نوێنەری لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان هەبێت.
٣. قووڵکردنەوەی تەبایی و پەیوەندی لەگەڵ یەکێتییەکانی قوتابیان کوردستان لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، بۆ ئەوەی پێکەوە خەبات بکەن.
٤. کۆنگرەکە داوا لە "حوکمڕانانی سوریا دەکات، سیاسەتی چەوسانەوە و سەرکوتکردن لە دژی قوتابیانی کورد لە سوریا بگۆڕن، هەروەها داوا لە فەرمانڕەواکانی سوریا دەکات، کەرامەتی گەلەکەمان لە پارێزگای حەسەکە بپارێزێت، وازیش لە سیاسەتی ئاوارەکردنی کورد لە ناوچە نەوتییەکان و دەرکردنیان بۆ ناوچە دوورەکانی جەزیرە بهێنێت"(١٣١).

هەروەها لە کۆنگرەکەدا پێشنیازی دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە یەکێتی کرا و بۆ جێبەجێکردنی ئەمە، سکرتاریەت گۆڤارێکی وەرزی بە ناوی (خەباتی قوتابیان) دەرکرد، کە لەلایەن قوتابی (نەوزاد محەمەد عەلی) سەرپەرشتی دەکرا و (مەحمود زامدار)یش دەستەی نووسەرانی بوو، یەکەم ژمارەش لە تشرینی دووەمی ١٩٦٧ و دووەمیش لە شوباتی ١٩٦٨ دەرچوو(١٣٢)، لەکۆتایی کۆنگرەکەدا سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و سکرتێرێک و لیژنەی سکرتاریەتیش هەڵبژێردران، بۆیە عەبدولکەریم حەسەن بوو بە سەرۆکی ئەم یەکێتییە و نەوزاد محەمەد عەلی بوو بە سکرتێری یەکێتی، بەڵام دوای سێ مانگ لە بەستنی کۆنگرەکە، واتە: بە دیاریکراوی لە مانگی نۆی هەمان ساڵ، لیژنەی تەنفیزیی یەکێتییەکە کۆبووەوە، تیایدا سکرتێر نەوزاد محەمەد عەلی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی پێشکەش کرد، عەبدولقادر محەمەد ئەمین بۆ جێگرەوەی، وەک سکرتێری یەکێتییەکە هەڵبژێردرا. سەبارەت بە لیژنەی سکرتاریەتیش، لە نزیکەی(٢١) ئەندام پێکهاتبوو، لەوانە: محەمەد زیاد ئیسماعیل، عەبدولوەهاب جاف، نەوزاد محەمەد عەلی و کەسانی دیکە (١٣٣).

دوای ئـەوەی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت دوای "کودەتـای دووەم" کـە لـە نێـوان ١٧ بـۆ ٣٠ی تەمـووزی ١٩٦٨ ڕوویـدا، جڵـەوی دەسـەڵاتی لـە عێـراق گرتـە دەسـت(١٣٤)، حکومەتـی نـوێ چەنـد بەیاننامـە و لێدوانـی سـەبارەت بـە پێویسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەرێک بـۆ پرسـی کـورد لـە عێـراق دەرکـرد، هەربۆیـە پەیوەنـدی لەنێـوان سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـورد و حکومەتـی کودەتاچـی هەڵگیرسـا و، لـە ئەنجامدا ئاگربەسـت ڕاگەیەنـدرا(١٣٥)، ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی لـە بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورددا هەبـوو، بـەو پێیـەی ئـەو دەرفەتـە بـووە هـۆی زیادبوونـی چالاکـی لەنێـو ڕیزەکانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە بەغـدا و شـارەکانی دیکـە، بـەم شـێوەیە ڕووبـەری ڕێکخسـتنەکانی قوتابیانـی کـورد فـراوان بـوو.

شکسـتی دانوسـتانەکانی نێـوان بزووتنـەوەی کـورد و حکومەتـی عێـراق کـە دیسـانەوە شـەڕی ڕاگەیانـد، بـووە هـۆی دەسـتگیرکردنی ژمارەیـەک سـەرکردە و بەرپـرس لـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و ژمارەیەکـی دیکـەش پەیوەندییـان بـە شۆڕشـی کـوردەوە کـرد، بـووە هـۆی لاوازیـی لیژنـەی سـکرتاریەت، بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو هەڵوێسـتە، کۆمەڵێـک کادیـری یەکێتـی بـە نهێنـی لـە بەغـدا کۆبوونـەوە، بۆیـە بڕیـاردرا (لیژنـەی ڕێکخسـتنی ناوەنـدی) پێکبهێنـن(١٣٦)، کـە لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٦٩-١٩٧٠ دامەزراندنی خـۆی ڕاگەیاند. لەمانـە پێکهاتبـوو: فەرهـاد عەونـی(١٣٧)، بەرپرسـی مەکتەبـی سـکرتاریەت، و ئەندامێتـی هـەر یـەك لـە: (جـەلال سـەلیم خۆشـناو، جـەواد محەمـەد شـێروانی، عەبدولقـادر حەمـەد ئەمیـن، ئەنـوەر عەبـدوڵڵا، ڕەنـج نـوری شـاوەیس، عـادل لەیلانـی، فەریـدون عـوسمان، و فەرهـاد حەمـەد ئەمیـن)، ئـەم لیژنەیـە سـەرکردایەتیی یەکێتییەکـەی کـرد لـە زانکۆکانـی عێـراق و ڕێکخراوەکانـی یەکێتییەکـە لـە شـارە کوردنشـینەکان، تـا کۆنگـرەی شەشـەم کـە دوای ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ بـەسترا(١٣٨).

جێـی خۆیەتـی لێـرەدا ئامـاژە بـەوە بدەیـن، زانیاریـی تۆمارکـراو هــەر نەبــووە سـەبارەت بـە چالاکییەکانـی باڵـی (مەکتەبـی سـکرتاریەت) سـەبارەت بـە بەسـتنی کۆنگـرە و کۆنفڕانـس، جگـە لـە ئاماژەیـەک کـە لـە یەکێـک لـە بەڵگەنامەکانـی سـەر بـەو باڵـەدا دۆزراوەتـەوە کـە ئامـاژە بـەوە دەکات، کۆنگـرەی شەشـەمی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە مـاوەی ١٦-١٩ی تەمـووزی ١٩٦٨ بەڕێوەچـووە، بەبـێ زانیـاری لەبـارەی شـوێنی بـەستن و باسـکردنی نـاوی ئـەو لیژنانـەی سـەرکردایەتی دەکـەن(١٣٩)، بـەڵام بەپێـی سـەرچاوە و

بەڵگەنامەکانی بەردەست، شەشەمین کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ڕۆژانی ١-١٨ی تەمووزی ١٩٧٠، چەند مانگێک دوای ڕێککەوتنی ئازار، بەڕێوەچوو. ڕێکخراوەکانی هەردوو باڵی (مەکتەبی سکرتاریەت و لیژنەی ئامادەکاری)ی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان یەکیانگرتەوە بۆ یەک ڕێکخراو[١٤٠]، دەکرێت بڵێین بەستنی ئەو کۆنگرەیە ڕەنگە هەوڵێک بووبێت لەلایەن باڵی سکرتاریەتەوە بۆ سەندنەوەی شەرعیەت لە باڵەکەی دیکەی یەکێتییەوە، کە ڕیزەکانی یەکخستەوە و توانی پێنجەمین کۆنگرەی ئەنجام بدات، وەک پێشتر باسمان کرد.

شایانی باسە؛ باڵی سکرتاریەت لیژنەیەکی سەرپەرشتیاری هەبوو، کە بارەگاکەی لە بەغدا بوو، بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا ئەمین و ئەندامێتیی: فازیل مەلا مەحموود، بەکر حسێن، فازیل تەیب، و شاسوار جەلال ناسراو بە (ئارام). سکرتاریەتەکە لەلایەن فازیل مەلا مەحموودەوە لەدوای نەوشیروان مستەفا ئەمین بەڕێوەچوو[١٤١]. ئەم باڵە کە ناوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق بوو، هاوپەیمانی لەگەڵ (یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق) کرد و لە ساڵی ١٩٦٩دا چووە ناو بەرەیەکی قوتابیانەوە، ناسراو بە (بەرەی یەکگرتووی قوتابیان) و لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی هاوبەشی بڵاوکردەوە[١٤٢].

# پەراوێز:

[١] مام جەلال، ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران ....، ل٦.

[٢] الحزب الديمقراطي الكوردستاني، مكتب الدراسات والبحوث المركزي، المنظمات الجماهرية الكوردستانية ١٩٥٣-١٩٩١ دراسة أولية، ط١، (أربيل، ١٩٩٩)، ص١٦.

[٣] بهاء الدين نوري، مذكرات ...، ص١٢١ ؛ عزيز سباهي ، عقود من ...، ج٢، ص٤٦.

[٤] بڕوانە: كاظم حبيب وزهدي الداوودي ، فهد والحركة الوطنية في العراق، دار الكنوز الأدبية، ط١، (بيروت، ٢٠٠٣)، ص٣٠٥ ؛ عزيز سباهي ، عقود من ...، ج٢، ص٤٦ ؛ بهاء الدين نوري ، مذكرات ...، ص١٢١.

[٥] بڕوانە: عبد الواحد موسى الحصونة ، م. س، ص٩٣.

[٦] ی. ق. ل. د. ك. ع ، كورتەیەك لە... ...، ل٣-٨.

[٧] بڕوانە: عبدالواحد موسى الحصونة ، م. س، ص ٨٤-٩١.

[٨] پارتە کۆمۆنیستەکان لە هەڵوێستەکانیاندا سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی، لە ڕوانگەی مارکسیسزم- لینینیزمەوە دەست پێدەکەن، کە بە شێوەیەکی پتەو پاکتاوکردنی چەوسانەوە و قەڵەمڕەویی نەتەوەیی لەلایەك، نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هەڵوەشاندنەوەی چینایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە لایەکی دیکەوە. لەسەر بنەمای ئەمەش حزبی شیوعیی عێراق ڕۆڵ و هەڵوێستی تایبەتی هەبوو سەبارەت بە پرسی کورد، چونکە پارتێکی نێونەتەوەییە کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵی خستنەڕووی چارەسەر و دروشمەکانی بۆ پرسی کورد داوە، هەروەها حزبێکە؛ ژمارەیەکی زۆر کوردی لە ڕیزەکانیدا جێگیر کردووە، کە ژمارەیەکیان گەیشتوونەتە پۆستی سەرکردایەتی. بڕوانە:- -عبدالفتاح علي البوتاني ، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦- ١٩٧٠، مطبعة خاني، ط١، (دهوك، ٢٠٠٧)، ص٥٢، بۆ زیاتر سەبارەت بە هەڵوێستی حزبی شیوعیی عێراقی لەهەمبەر دۆزی کورد، بڕوانە: م. ن، ص٥٢-٦٠، ٩٧-١٢٢؛ من وثائق الحزب الشيوعي العراقي، موقفنا من المسألة القومية الكوردية "مجموعة وثائق برنامجية"، منشورات الثقافة الجديدة، مطبعة

الشعب (بغداد، ١٩٧٣) ؛ كاظم حبيب وزهدي الداوودي ، م. س، ص٢٦٠-٢٧٤.

(٩) لەسەر ئەمە بڕوانە: بۆچی قوتابیانی کوردستان ئەبێ ڕێکخراوی تایبەتیی خۆیان هەبێت؟ ڕزگاری (گۆڤار)، ژمارە (٦)، ٢٧ ی تەمووزی ١٩٦٩، ل٤٦-٤٨ ؛ لقی کەرکووکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عیراق، قوتابیانی کوردستان بۆ پێویستی بە بوونی ڕێکخراوێکی تایبەتی هەیە...، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ناوەندی (( مەکتەبی سکرتاریەت))، (ب. ش، ١٩٧٣)، ل٤-٦ ؛ ی. ق. ل. د. ك. ع ، کورتەیەك لە...، ل٤-٨.

(١٠) لە گرنگترین ئەو بڕیارانەی لەم کۆنفرانسەدا دراون:

أ- گۆڕینی ناوی حزب لە پارتی دیموکراتی کوردەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.

ب- گرتنەبەری بیرۆکەی مارکسیزم- لینینیزم.

ج- هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ حزب، بۆ وردەکاری، بڕوانە: حبيب محمد كريم ، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خەبات ط١، (دهوك، ١٩٩٨)، ص٤٩-٥٢.

(١١) إتحاد طلبة كوردستان العراق ، لمحات من تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، دار التأخي (بغداد، ١٩٧٣)، ص٦٣.

(١٢) حدك- م. د. ب. م ، م. س، ص٢٠.

(١٣) یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان- عێراق، ڕوونکردنەوەیەك لەمەڕ ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان (بڵاوکراوەیەکی ناوخۆ)، (ب، ش)، (ب، س)، ل٧-٨.

(١٤) ئەم مێژووە بە ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دادەنرێت.

(١٥) سامان کەریم مەحموود، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ١٩٥٣-١٩٧٥(باسێکی بڵاونەکراوە لای نووسەرەکەیە) ل٢٤-٢٥.

(١٦) ئەحمەد عەبدوڵڵا محەمەد ئامێدی (١٩٣٤-١٩٦٧): لە شاری ئامێدی لەدایک بووە و لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، پاشان بۆ تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی ڕووی لە مووسڵ کردووە، لە ساڵی ١٩٥٤ ئامادەیی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٨ کاتێک قوتابیی قۆناغی ئامادەیی بووە، چووەتە ڕیزی پارتی. یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو، پۆستە گرنگەکانی حزبی وەرگرتووە تا لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩دا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی. یەکەمین لیژنەی ناوچەی حزبی لە دەڤەری بادینان پێکهێنا، کاتێک بەڕێوەبەری قوتابخانەی

دواناوەندیی دهۆك بوو. لە هەولێر لە کاتی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو باڵی "پارتی" لەو ماوەیەدا تیرۆرکرا. چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ: (ئیبراهیم عەبدوڵڵا، جەلال تاڵەبانی، سدیق عەلی عەبدولڕەحمان، و محەمەد ڕەشید ئامێدی)، تۆمارکراوە لە کاسێتێکی ڤیدیۆیی کە لە ئەرشیفی مام سدیق عەلی عەبدولڕەحمان ئامێدیدا پارێزراوە. هەروەها بڕوانە: عبدالستار طاهر شریف، تاریخ الحزب الثوري الكردستاني، منشورات شورشگێڕ (الثورة)،ط٢، (بغداد، ١٩٧٩)، ص٥٠- ٥١ ؛ عبدالستار طاهر شريف ، الجمعيات والمنظمات ...، ص١٧٨.

(١٧) دیدارێک لەگەڵ شەمسەدین محەمەد موفتی لە هەولێر لە ٢٠٠٧/١٠/٢٠ لە دایکبووی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٣٣، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە، پاشان ڕووی لە بەغدا کردووە و لە ساڵی ١٩٥٣ قوتابخانەی ئامادەیی ناوەندی تەواو کردووە، چووەتە کۆلێژی ماف لە بەغدا و لە ساڵی ١٩٥٧ دەرچووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و پۆستی گرنگی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە، لە نێوان هۆڵەندا و کوردستاندا هاتوچۆ دەکات.

(١٨) خەڵکی قەزای خانەقینە، قوتابی بووە لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی بەغدا.

(١٩) مام جەلال ، ساڵی کۆنگرەی خوێندکاران ...، ل٧-٨ ؛ سامان کەریم مەحمود، س، پ، ل٢٥.

(٢٠) حدك- م. د. ب. م ، م. س، ص٢١.

(٢١) جواد محمد شيرواني، في عمق التأريخ وخزين الذاكرة لتأسيس إتحاد طلبة كوردستان-العراق ،كولان العربي (مجلة)، العدد (٢١)، أربيل، ٢٥ شباط ١٩٩٨، ص٤٣.

(٢٢) ی. ق. ل. د.ك.ع، کورتەیەك لە ...، ل٨ ؛ دیدارێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ: (إبراهيم عبدالله وجلال الطالباني وصديق علي عبدالرحمن ومحمد رشيد ئاميدي)، س.پ.

(٢٣) جەمال شاڵی، بەشێ لە بیرەوەری و یاداشتی ژیانی، چاپخانەی هاوار، (سلێمانی، ٢٠٠١)، ل٦١.

(٢٤) دیدار لەگەڵ فەرهاد عەونی لە هەولێر لە ٢٠٠٧/١٠/٢٣، دیدارێك لەگەڵ عەبدولقادر محەمەد ئەمین لە هەولێر لە ٢٠٠٧/١١/٢٨ لە دایکبووی ١٩٤٦ لە گوندی دوکەڵە لە پارێزگای هەولێر و لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە، پاشان چووەتە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە، لە ساڵی ١٩٦٧ بوو بە سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان تا ساڵی ١٩٦٩ ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشتەجێیە.

(٢٥) بڕوانــە جــەواد محەمــەد شــێروانی، س.پ، ل ٤٣ ؛ کامــەران ئیســحاق پــەری، ١٨ شــوباتی ١٩٥٣ دەســتپێکی قۆناغێکــی نــوێ لــە خەباتــی ڕێکخراوەیــی خوێندکارانــی کوردســتان، کوردســتانی نــوێ (ڕۆژنامــە)، ژمــارە (١٨٠٥)، بەشــی یەکــەم ، ســلێمانی ١٨/ ٢/ ١٩٩٩، ل١٠ ؛ ابراهیــم طاهــر معــروف الربــاني، م. س، ص٢٧٦ ؛ دیدارێــك لەگــەڵ شەمســەدین محەمــەد موفتــی لــە هەولێــر لــە ڕۆژی ٢٠/ ١٠/ ٢٠٠٧.

(٢٦) جەمال شاڵی ، س. پ، ل٦٢.

(٢٧) بڕوانە: جەواد محەمەد شێروانی، س. پ، ل ٤٣.

(٢٨) دیدارێــك لەگــەڵ شەمســەدین محەمــەد موفتــی لــە هەولێــر لــە ڕۆژی ٢٠/ ١٠/ ٢٠٠٧؛ دیســان بڕوانــە: دیدارێکــی تەلەفزیرنــی لەگــەڵ: (إبراهیــم عبداللــە وجلال الطالبــاني وصدیــق علي عبدالرحمــن ومحمــد رشــید ئامیــدي)، م. س.

(٢٩) وەرگیــراوە لــە دەقــی: مذكــرة إتحــاد طلبــة كوردســتان العــراق في: مســعود البــارزاني ، البــارزاني والحركــة ...، مــج٢، ص٢٦٧-٢٧١.

(٣٠) بڕوانــە: بیــان إتحــاد طلبــة كوردســتان- العــراق بمناســبة الذكــری العشریــن لتأسیســه، نضــال الطلبــة (مجلــة)، العــدد (١١)، بغــداد، حزیــران ١٩٧٣، ص٤٦.

(٣١) ی. ق. ل. د. ك.ع ، کورتیەك لە ...، ل١٠ ؛ حدك ، م. د. ب. م ، م.س، ص٢٢.

(٣٢) د. مەحمــوود عــوسمان ئەندامــی پێشــووتری پەرلەمانــی عێــراق، لــە لیســتی هاوپەیمانیــی کوردســتانی ئــەو کاتــە قوتابــی بــووە لــە کۆلێــژی پزیشــکیی زانکــۆی بەغــدا.

(٣٣) جواد محمد شیرواني ، م. س، ص٤٣ ؛ سامان مەحموود کەریم ، س. پ .ل٧٢.

(٣٤) ی. ق. ل. د. ك ، کورتیــەك لــە ...، ل١٠-١١ ؛ حــدك ، م. د. ب. م ، م. س، ص٢٢ ؛ کاکــە مــەم بۆتانــی، کاکــە مەمێکــی تــر- یاداشــت، ب١، (ســلێمانی، ٢٠٠٥)، ل١٠٦.

(٣٥) موســا ئەحمــەد، یەکێتیــی قوتابیــانی کوردســتان و فیســتیڤاڵە جیهانییەکانــی قوتابیــان ولاوان، خەباتــی قوتابیــان (گۆڤــار) ژمــارە(٤٨)، هەولێــر، تەمــووزی ٢٠٠١، ل٣٥-٣٦.

(٣٦) لقــی کەرکووکــی، ی. ق. ك ، قوتابیانــی کوردســتان بــۆ ...، ل١٢ ؛ ی. ق. ل. د. ك ، کورتییــەك لــە...، ل١٢-١٣.

(٣٧) لقی کەرکووکی ی. ق. ك ، قوتابیانی کوردستان بۆ ...، ل١٢ ؛ حدك ، م. د. ب. م ، م. س ، ص٢٣.

(٣٨) جــواد محمــد شیرواني ، م. س، ص٤٣ ؛ ی. ق. ل. د. ك ، کورتییــەك لــە ...، ل١٣ ؛ کاکــە مــەم بۆتانــی، کاکــە مەمێکــی تــر ...، ل١٠٧.

(٣٩) جواد محمد شيرواني ، م. س، ص٤٦ ؛ سامان مەحموود کەریم ، س. پ، ل٤٩-٥٠.

(٤٠) دەرچووی کۆلێژی پەروەردە- بەشی مێژوو خەڵکی هەولێرە.

(٤١) کاکە مەم بۆتانی ، کاکە مەمێکی تر ...، ل١٠٧.

(٤٢) هـ. س، ل١٠٧-١٠٨.

(٤٣) موسا ئەحمەد، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ، فیستیڤاڵە ...، ل٣٦ ؛ دیدارێك لەگەڵ جەمشید حەیدەری لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٦/ ٦/ ٢٠٠٧.

(٤٤) صالح الحيدري، مذكرات ولمحات ،، ١٩٥٨-١٩٦٨، ج٢، ص٢٢ من المخطوطة ، بحوزة ممتاز الحيدري ؛ جەمشید حەیدەری ، وەڵامێك بۆ ..، ل٢١.

(٤٥) بۆ خوێندنەوەی دەقی بەیاننامەکە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٢).

(٤٦) حدك ، م. د. ب. م ، م. س ، ص٣١.

(٤٧) بڕوانە: چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەریەکانم ، ب١، چ١، (ئیستوکهۆڵم، ١٩٩٣، ل٦٣.

(٤٨) فرهاد محمد أحمد، جريدة (خەبات) ١٩٥٩- ١٩٦١ دراسة تاريخية، رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس كلية الآداب، جامعة الموصل، ٢٠٠٦، ص٢٠٠ ؛ لقاء مع جمشيد الحيدري في أربيل بتاريخ ٢٦/ ٦/ ٢٠٠٧.

(٤٩) عبدالفتاح البوتاني، التطورات السياسية ...، ص١٥٥ ؛ عبدالفتاح ابراهيم ، م. س، ص٤٢.

(٥٠) پارتی دیموکراتی کوردستان دوو باڵی هەبوو، یەکێکیان بە باڵی پێشکەوتنخواز بە سەرۆکایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا ناسرابوو، دووەمیشیان لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە سەرپەرشتیی دەکرا، ئەو دوو باڵە لە ساڵی ١٩٥٦دا بەبێ بەستنی کۆنفرانس یەکگرتوو بوون و بوونە یەک حزب و ناوی لێنرا (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق). بڕوانە : نوری شاوەیس، س. پ، ل ٦٤؛ خليل جندي ، م. س، ص١٠٠ ؛ دیدارێك لەگەڵ شەمسەدین محەمەد موفتی لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠/ ٢٠٠٧/١٠.

(٥١) حدك، م. د. ب. م ، م. س ، ص٣٢- ٣٣ ؛ فرهاد محمد احمد ، م. س، ص٢٠٠.

(٥٢) ساسان عەونی، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، (هەولێر، ١٩٩٨)، ل١٤؛ حدك ، م. د. ب. م ، م. س ، ص٣٢.

(٥٣) تقرير اللجنة العليا لإتحاد طلبة كوردستان العراق في ١٧/ ١١/ ١٩٥٨في: مسعود البارزاني ، البارزاني والحركة ...، مج٢، ص٢٦٦.

(٥٤) ی. ق. ل. د.ك.ع ، کورتییەك لە ... ، ل١٧ ؛ ساسان عەونی ، س، پ، ل١٥.

(٥٥) بڕوانە: مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٦٥.

(٥٦) مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. ن، ص٦٧.

(٥٧) حدك ، م. د. ب. م ، م. س، ص٣٣.

(٥٨) بۆ خوێندنەوەی دەقی بڕیارەکان بڕوانە: مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٦٦-٦٧.

(٥٩) ی. ق. ل. د. ك. ع ، كورتييەك لە ...، ل١٨-١٩ ؛ ساسان عەونی ، س. پ، ل١٥ ؛ سامان كەریم مەحموود ، س. پ، ل٥١.

(٦٠) مهدي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٦٨ .

(٦١) لە کۆنگرەکەدا وتاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا خوێندرایەوە، بڕوانە دەقی وتارەکە لە: وثائق المؤتمر الثاني ...، ص٤٩-٥٠.

(٦٢) بۆ خوێندنەوەی دەقی بڕیارەکە، بڕوانە: م. ن، ص١١٢-١١٣ ؛ ی. ق. ل. د. ك. ع ، كورتييەك لە ...، ل٢٥-٢٧.

(٦٣) خەبات (جريدة) ،العدد(١٣٩)، ٧ كانون الثاني ١٩٦٠، ص٤ ؛ ی. ق. ل. د. ك. ع ، كورتييەك لە ...، ل٢٧، سامان كەریم مەحموود ، س، پ، ل٥١.

(٦٤) وثائق المؤتمر الثالث ...، ص٨٩.

(٦٥) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو..

(٦٦) یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە چوارچێوەی لیستی یەکگرتووی دیموکراسی لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیان چووەتە ناو هەڵبژاردنی قوتابیانەوە، کە کێبڕکێی لەگەڵ لیستەکانی دیکەی نەتەوەپەرستی عەرەبی و سەربەخۆکان کرد، لێرەدا ئاماژە بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوو یەکێتیی دەکەین بۆ چوونە ناو هەڵبژاردن لە کەرکووک. ڕێککەوتنەکە لە نێوان نوێنەرانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، ئەوانیش: عەلی عەسکەری، جیهان سدیق، نورەدین عەبدولڕەحمان، کاکە مەم بۆتانی، لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتیی گشتیی قوتابیان بە سەرۆکایەتیی فازڵ تەلۆ عەزاوی ئەنجامدرا. ڕێککەوتنەکە بریتی بوو لەوەی ٤٠٪ بۆ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و ٦٠٪ بۆ یەکێتی گشتیی قوتابیان بێت، بڕوانە: کاکەمەم بۆتانی، کاکەمەمێکی تر...، ل ١٥٦.

(٦٧) بڕوانە: خەبات ، العددان (١٠٧/١٠٨ )، ٢٧، ٢٩ تشرين الثاني ١٩٥٩، ص٤،٨/١.

(٦٨) بڕوانە: م. ن، الاعداد (١٣٥-١٣٦-١٣٩)، ١، ٣، ٧ كانون الثاني ١٩٦٠، ص١-٥.

(٦٩) لە بارەی ڕاسپاردە و بڕیارەکان، بڕوانە: خەبات، العدد (١٣٩)، ٧ كانون الثاني ١٩٦٠، ص٧-٦ ؛ وثائق المؤتمرالثالث ...، ص١١٢- ١١٣ ؛ حدك ، م. د. ب. م، م. س، ص٣٤-٣٥.

(٧٠) خەبات، العدد (٢٠٩)، ٤ ايار ١٩٦٠، ص٤ ؛ فرهاد محمد احمد ، م. س، ص٢٠١-٢٠٢.

(٧١) حدك، م. د. ب. م، م. س، ص٣٥.

(٧٢) نووسەری ئەم وتارە ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد، تەنیا گوتی: (قوتابییەکی کوردستانی)، دوور نییە ئەم وتارە ئامادەکرابێت، یان بەسەرپەرشتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان نووسرابێت، بڕوانە: خەبات، العدد (٢٦٢)، ١٣ تموز ١٩٦٠، ص٥.

(٧٣) لەبارەی دەقی وتارەکە، بڕوانە: خەبات ، العدد (٢٥٦)، ١٩ تموز ١٩٦٠، ص٤.

(٧٤) بڕوانە: خەبات ، العدد (٢٦٧)، ٢١ تموز ١٩٦٠، ص١.

(٧٥) بۆ ئاگاداربوون لە دەقی وتارەکە، بڕوانە: خەبات، العدد (٢٧٠) ، ٢٥ تموز ١٩٦٠، ص١،٦.

(٧٦) خەبات ، العدد (٢٧٥)، ٣١ تموز ١٩٦٠، ص٣.

(٧٧) خەبات ، العدد (٢٨٢)، ١٨ آب ١٩٦٠، ص٣ .

(٧٨) سەرۆکی یەکێتیی قوتابیان بوو لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە سلێمانی.

(٧٩) بەرپرسی لیژنەی یەکێتیی گشتیی قوتابیان بوو لە دواناوەندیی سلێمانی.

(٨٠) لە لیژنەی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی کچان لە سلێمانی.

(٨١) لە لیژنەی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە خولی پەروەردەیی لە سلێمانی.

(٨٢) خەبات ، العدد (٢٩٢)، ١٩ آب ١٩٦٠، ص٥ .

(٨٣) دەنگی کورد (رۆژنامە)، ژمارە(٢٠)، ٢٤ ئابی ١٩٦٠، ل٤.

(٨٤) خەبات ، العدد (٢٩٨)، ٢٦ آب ١٩٦٠، ص٣.

(٨٥) ساسان عەونی، س، پ، ل١٦.

(٨٦) بڕوانە: خەبات، العدد (٣٠٥)، ١٥ ايلول ١٩٦٠، ص٣.

(٨٧) فرهاد محمد احمد ، م. س، ص٢٠٤.

(٨٨) عوسمان شارباژێری، بوونی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان شتێکی پێویستە، دەنگی کورد (ڕۆژنامە)، ژمارە (٥٨)، ١٩٦٠، ل١.

(٨٩) بۆ ئاگاداربوون لەو نارەزاییانە، بڕوانە:: ڕۆژنامەی خەبات، الاعداد(٢٤٠-٢٤١-٢٤٢) والصادرة في (٢٠-٢١-٢٣ تشرين الأول ١٩٦٠) .

(٩٠) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە: خەباتی قوتابیان (گۆڤار)، ژمارە (٦٥)، هەولێر، ١٢ نیسانی ٢٠٠٢، ل٩٣ ؛ شازین هێرش ، س. پ، ل٢٧-٢٨.

(٩١) جەمشید حەیدەری ، چەند لاپەڕەیەك لە ...، ل٨٠-٨١.

[٩٢] قادر شەریف کوردە، مێژووی جووڵانەوەی قوتابیان لە کوردستانا، بەشی سێیەم، دەنگی کورد (ڕۆژنامە)، ژمارە (٣٨)، ١٩٦٠، ل٣.

[٩٣] بڕوانە: عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، پتەوبوونی جووڵانەوەی یەکێتیی قوتابیانی عێراق، دەنگی کورد (ڕۆژنامە) ، ژمارە(٣١)، ٢٠ ئەیلوول ١٩٦٠، ل٤.

[٩٤] هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە سێیەمین کۆنگرەی یەکێتی لە ساڵی ١٩٥٧ بەستراوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە بەڵگەنامەیەک یان سەرچاوەیەک بکرێت کە ئەم زانیارییانەی تێیدا هاتووە، بڕوانە: ساسان عەونی، س. پ، ل ١٤؛ حدك ، م. د. ب. م، م. س، ص٢٤. ڕەزا نایف، کورتیەك ژ خەباتناما بزاڤا قوتابییێت جیهانێ، "چاپخانەی زانا"، چ ١، (دهۆک، ٢٠٠٥)، ل٢١، بەڵام هەندێک بەڵگەنامە و سەرچاوە ئاماژە بە ساڵی ١٩٦١ دەکەن، وەک ساڵی بەستنی کۆنگرەی سێیەم، بۆیە ئەم مێژووە دەگرینە بەر، بڕوانە: بەیاننامەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان - عێراق کە لە مانگی نیسانی ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە لە: شازین هێرش، س. پ، ل ٣٤/٢٧-٣٥؛ جواد محمد شيرواني ، من عمق الذاكرة ...، ص٤٣.

[٩٥] سامان کەریم مەحموود ، س. پ، ل٧٣.

[٩٦] ئەم بڕیارە شێوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا درا، کە ٣٠ی ئابیان وەک ڕۆژی تێکۆشانی قوتابیی کوردستان دیاری کرد. لەو ڕۆژەدا نوێنەری پێنجەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (عەدنان خودادا دیلەم) شەهید بوو، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە: بەیاننامەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ٣٠ی ئابی ١٩٦١ لە: شازین هێرش، س. پ، ل ٣٢-٣٣.

[٩٧] بڕیارەکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان- عێراق کە لە ساڵی ١٩٦١ بەسترا، لە: شازین هێرش، س.پ، ل٣٤- ٣٥.

[٩٨] جواد محمد شيرواني ، م. س، ص٤٣ ؛ سامان کەریم مەحموود ، س. پ، ل٧٤.

[٩٩] دواتر بە درێژی باسی هەڵوێستی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و ڕۆڵی لە چوارچێوەی هەڵوێست و ڕۆڵی گشت بزووتنەوەی قوتابیانی کورد دەکەین؛ لەهەمبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و شۆڕشی ئەیلوول.

[١٠٠] هەوڵماندا ناوچەکە بناسین، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین.

[١٠١] ئەم یەکێتییە لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦١ دامەزراوە، کاتێک کۆنگرەی دامەزراندنی لە گۆڕەپانی کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی بەغدا بەڕێوەچوو. ڕێکخراوێکی قوتابیانە کە وەک

بەرەیەک بۆ پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست کاری کردووه، بڕوانه: طاهر البكاء وصلاح الفرطوسي، الاتحاد الوطني لطلبة العراق سيرة ونضال،ج١، (بغداد، ١٩٨١)، ص٨ ومابعدها. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانه: عبدالواحد موسى الحصونة، م. س.

(١٠٢) ي. ق. ل. د.ك.ع ، کورتییەك له ...، ل٣٧-٣٨.

(١٠٣) ساسان عەونی ، س. پ، ل٢٣ ؛ سامان کەریم مەحموود ، س. پ، ل٧٤.

(١٠٤) بۆ ئاگاداربوون له پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆ کە کۆنگرەی چوارەم پەسندی کرد و له ٥ی ئاداری ١٩٦٤ بڵاوی کردەوه، بڕوانه: المنهاج والنظام الداخلي الذي اقره المؤتمر الرابع پاشکۆی ژماره (٣).

(١٠٥) کورتکراوەی ڕێکخراوی (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان)ه.

(١٠٦) کورتکراوەی ڕێکخراوی (یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان)ه.

(١٠٧) کورتکراوەی ڕێکخراوی (یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان)ه .

(١٠٨) بڕوانه: بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ١٤-١٨ شوبات١٩٦٤ له : شازین هێرش ، س . پ ، ل٥٥-٥٧ .

(١٠٩) بۆ وردەکاری لەبارەی هۆ و فاکتەرەکانی لێکترازان و جیابوونەوه، بڕوانه: شيرزاد زكريا محمد ، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣- ١٧ تموز ١٩٦٨، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٦)، ص١٦١- دواتر.

(١١٠) سالم سابیر مەعروف، کە قوتابی بووە لە زانکۆی موسڵ لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٨، لەو ماوەیەدا کۆلێژی کشتوکاڵ و دارستانی تەواوکردووه، ئێستاش وەک مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کار دەکات.

(١١١) سالم سابیر مەعروف، اضافة الى خزين الذاكرة: إتحاد طلبة كوردستان في جامعة الموصل خلال ١٩٦٤- ١٩٦٨، كولان العربي (مجلة)، العدد (١٩)، أربيل، ٢٥ كانون الاول ١٩٩٧، ص٥٤٥.

(١١٢) عبدالكريم فندي ، إتحاد طلبة كوردستان فصيل ثوري منظم وظهير قوي للثورة الكوردية ، كولان العربي (مجلة)، العدد (٢٢)، أربيل، ٢٥ اذار ١٩٩٨، ص٥٤.

(١١٣) م. ن، ص٥٣.

(١١٤) بڕوانه: بەياننامەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان- عیراق ، دەربارەی پەلەقاژەی لە ڕێ دەرچووەکان، له: شازین هێرش ، س. پ، ل٩٦-٩٧.

(١١٥) جواد محمد شيرواني، م. س، ص٤٣ ؛ عبدالكريم فندي ، إتحاد طلبة كوردستان فصيل ثوري ...، ص٥٤.

(١١٦) عبدالكريم فندي، إتحاد طلبة كوردستان دور ريادي وتضحيات جسام، متين (مجلة)،

العـدد (٤٩)، دهـوك، شـباط ١٩٩٦، ص٧١-٧٢ ؛ جـواد محمـد شيرواني ، م. س، ص٤٤ ؛ ساسـان عـەوني ، س. پ، ل٢٤.

(١١٧) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە: شازین هیرش ، س. پ، ل٩٦-٩٧.

(١١٨) بـۆ وردەکاری، بڕوانـە: ش. ج. اشيريـان ، الحركـة الوطنيـة الديمقراطيـة في كردسـتان- العـراق ١٩٦١- ١٩٦٨، ترجمـة: ولاتـو، دار الكاتـب، ط١، (بيروت، ١٩٧٨)، ص١٣٣-١٣٩ ؛ شيركـو فتـح اللـه عمـر ، م. س، ص١٨٨-١٩١.

(١١٩) عبدالكريـم فنـدي، إتحـاد طلبـة كوردسـتان فصيـل ثـوري ...، ص٥٣ ؛ سـامان کەریـم مەحمـوود، س.پ، ل٧٦.

(١٢٠) ش. ج. اشيريـان ، م. س، ص١٤٠ ومابعدهـا ؛ شيركـو فتـح اللـه عمـر ، م. س، ص١٩١ ومـا بعدهـا ؛ بـۆ ئاگاداربـوون لـە دەقـی ڕێککەوتننامـەی ڕاگرتنـی شـەڕ، بڕوانـە: مسـعود البـارزاني ، البـارزاني والحركـة ...، ج٣، ثـورة ١١أيلـول ١٩٦١- ١٩٧٥، مطبعـة وزارة التربيـة، ط١، (أربيـل، ٢٠٠٢)، ص٥٤٨-٥٥٠.

(١٢١) لـوقمان غەریـب، شـەهید حاجـي عەبدولـڕەحمان- قۆناغڵکـی پـڕ بەخشـش لـە مێـژووی بزاڤـی قوتابیـان ولاوانـی کوردسـتان، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری،چ١، (هەولێـر، ٢٠٠٣)، ل٦٤-٦٥.

(١٢٢) ي.ق.ل.د.ك.ع ، كورتييەك لە ... ، ل٣٩-٤٠.

(١٢٣) عبدالكريـم فنـدي ، إتحـاد طلبـة كوردسـتان دور ريـادي ...، ص٧١ ؛ عبدالكريـم فنـدي ، إتحـاد طلبـة كوردسـتان فصيـل ثـوري ...، ص٥٣ ؛ سـامان کەریـم مەحمـوود ، س. پ، ل٧٦.

(١٢٤) عبدالكريـم فنـدي، إتحـاد طلبـة كوردسـتان دور ريـادي ...، ص٧١ ؛ انـور عبداللـه ، مـن خزيـن الذاكـرة ، الحركـة الطلابيـة الكوردسـتانية وصفحـة مـن أسـفار ثـورة ايلـول، گـولان العـربي (مجلـة) ، العـدد (١٨)، أربيـل، ٢٥ تشريـن الثـاني ١٩٩٧، ص٤٦ ؛ ساسـان عـەونی ، س. پ ، ل٢٤.

(١٢٥) سـالم صابـر معـروف، اضافـة الى خزين الذاكرة ، إتحـاد طلبة كوردسـتان في جامعة الموصل خلال ١٩٦٤- ١٩٦٨ ، گـولان العـربي (مجلة)، العدد (١٩)، أربيـل، ٢٥ كانون الاول ١٩٩٧، ص٥٥-٥٦.

(١٢٦) ی. ق. ل. د. ك.ع ، كورتيەك لە ... ، ل٤٠-٤١.

(١٢٧) أنور عبدالله، م. س، ص٤٦.

(١٢٨) ی. ق. ل. د. ك.ع ، كورتيەك لە ...، ل٤١-٤٣ ؛ ساسان عەونی ، س. پ ، ل٢٥.

(١٢٩) سالم صابر معروف ، م. س، ص٥٦.

(١٣٠) ساسان عەونی، س. پ، ل٢٥-٢٦ ؛ لوقمان غەریب ، س. پ ، ل٦٥-٦٦.

(١٣١) ی. ق. ل. د. ك. ع ، کورتیەك لە ...، ل٤١-٤٤ ؛ ساسان عەونی ، س. پ، ل٢٥-٢٦ ؛ لوقمان غەریب، س. پ، ل٦٥-٦٦.

(١٣٢) عبدالكريم فندي، إتحاد طلبة كوردستان دور ريادي ..، ص٧١ ؛ انور عبدالله، م. س، ص٤٦؛ سامان کەریم مەحموود ، س. پ، ل٧٧.

(١٣٣) دیدار لەگەڵ عەبدولقادر محەمەد ئەمین لە هەولێر، لە ٢٨/ ١١/ ٢٠٠٧.

(١٣٤) بۆ وردەکاری لەبارەی ئەم کودەتایە، بڕوانە: مجيد خدوري، م. س، ص٣٨٣-٣٨٧ ؛ حنا بطاطو ، العراق، الكتاب الثالث، الشيوعيون والبعثيون والضباط الاحرار، ترجمة: عفيف الرزاز، منشورات فرصاد، ط١، (بغداد، ٢٠٠٦)، ص٣٨٩-٣٩٣.

(١٣٥) بۆ وردەکاری لەبارەی ئەمە، بڕوانە: سعد ناجي جواد ، العراق والحال ...ص١٥١-١٥٣ ؛ مسعود البارزاني، البارزاني ...، ج٣ ، ص٢٠٣-٢٠٥ .

(١٣٦) جواد محمد شيرواني، م. س، ص٤٥-٤٦. ولجنة التنظيم المركزي اصبحت بمثابة السكرتارية.

(١٣٧) فەرهاد عەونی: نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە هەولێر نیشتەجێیە.

(١٣٨) پێشکەوتن (ڕۆژنامە)، ژمارە (٤٧) هەولێر، ١٦/ ١٠/ ١٩٩٣، ل١ ؛ سامان کەریم مەحموود، س. پ، ل٧٨ ؛ دیدار لەگەڵ فەرهاد عەونی لە هەولێر، لە ٢٣/ ١٠/ ٢٠٠٧.

(١٣٩) بۆ ئاگاداربوون لە دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە: بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق کە لە تەمووزی ١٩٦٨ بەسترا، لە شازین هیرش ، س. پ، ل١٣٩-١٤٣.

(١٤٠) بۆ وردەکاری بڕوانە: ساسان عەونی، س. پ، ل٢٨-٣٢.

(١٤١) دیدار لەگەڵ فەرهاد عەونی لە هەولێر، لە ٢٣/ ١٠/ ٢٠٠٧.

(١٤٢) بۆ ئاگاداربوون لە دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٤).

# بەشی سێیەم:

# هەڵوێستی قوتابیان و ڕێکخستەکانی قوتابیانی کورد لەهەمبەر پەرەسەندنە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان (١٩٢٦-١٩٧٠)

# تەوەری یەکەم

## هەڵوێست و ڕۆڵی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستاندا(١٩٢٦-١٩٧٠)

بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراق؛ ڕۆڵی دیار و بەرچاو و بەشداریی چالاکانەی هەبووە لەنێو جەرگەی پەرەپێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، پێکەوەڕۆیی لەگەڵ پێشهاتەکانی هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا بووە. هەوڵی داوە قوتابیانی کورد بۆ خزمەتکردنی دۆزی کورد یەك بگرنەوە. هەمیشەش بەشێک بووە لە خەبات لەپێناو داواکارییەکان و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان. لە بەدواداچوونی مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە سەرەتای دەوڵەتی عێراقەوە تا کۆتایی قۆناغی بەدواداچوون، دەردەکەوێت کە ڕەنگدانەوەی داخوازییەکانی مافە نەتەوەییەکانی کورد بووە. هەوڵ دەدەین هەڵوێستەکانی بزووتنەوەی ناوبراو لەهەمبەر پەرەسەندن و پێشهاتەکانی پەیوەست بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق بخەینەڕوو.

### أ. کوردستانی عێراق

### ١. ڕووداو و پەرەسەندنە سیاسییەکانی نێوان ساڵی ١٩٢٦-١٩٦١

بزووتنەوە چەکدارییەکان لە باشووری کوردستان لەوەتەی ساڵی ١٩١٩ەوە بە ئەزموونی خەباتگێڕانەیان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەوڵەمەند کردووە، هەروەها هەستی جەماوەریان گڕداوە، ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لەپێش هەموویانەوە کەرتی قوتابیان، ئەمەش لە بەشداریکردنیان لەگەڵ توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کوردستان دەرکەوتووە. دوای سەرهەڵدانی گردبوونەوەکانی قوتابیانی کورد و خۆڕێکخستنەوەیان لە میانی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا[١]. بەهۆی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی عێراق، دوای لکاندنی ویلایەتی

موسڵ (باشووری کوردستان) بە عێراق، گەشەسەندنی هۆشیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی قوتابیان لە عێراق، قوتابیانی کورد بەشێوەیەکی کارا بەشدارییان لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق کرد، ئێمەش دەبێت بزانین، هەڵوێستەکان لە سەرەتاوە زۆربەیان تاکەکەسی بوون، تا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی قوتابیان کە دوای جەنگی دووەمی جیهان شێوازی ڕێکوپێکی وەرگرت.

ڕۆڵی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە سەرەتای سیەکانی سەدەی ڕابردوودا بە ڕوونی و چالاکانە سەریهەڵدا، بەتایبەتی دوای پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان حکومەتی عێراق و بەریتانیا[٢] کە هیچ مافێکی دەستەبەرکراوی بۆ کورد لەخۆ نەگرتبوو، ئەمەش وایکرد کورد زۆر نیگەران بێت لە پابەندبوونەکانی حکومەتی عێراق و بەریتانیا لە پێشێلکردنی بەڵێنەکانی بەرامبەر کورد[٣]، ئەمانەش کوردیان لە نیگەرانی و نادڵنیاییدا هێشتەوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا ململانێی قوتابیان و ڕۆشنبیران لەگەڵ توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کوردیدا، بۆ یەکەم جار لە ڕاپەڕینی جەماوەری (٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠) کە لە سلێمانی ڕوویدا، دەرکەوت. لەو کاتەوە توێژێکی خوێندەواری کوردستانی بەردەوام لە پێشەنگی ڕیزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورددا بوو[٤]. گرنگترین شت لەو ڕاپەڕینە کوردییەدا، هەڵوێستی قوتابیان و ڕۆڵی ڕاستەقینەیان بوو، بەو پێیەی ئەوان بڕبڕەی پشتی ڕاپەڕینەکە بوون، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕۆڵیان لەگەڵ توێژەکانی دیکە هەنگاوێکی بەرچاو بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو، جەماوەر بە سەرکردایەتیی قوتابیان و خوێندەواران لەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەدا پێشڕەو بن.

ئەم ڕاپەڕینە دوای پێکهێنانی یەکەم حکومەتی نوری سەعید لە (٢٣ی ئازاری ١٩٣٠) ڕوویدا، کە بڕیارێکی لە (١ی تەمووزی ١٩٣٠) دەرکرد و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێی کرد، بۆ پێکهێنانی پەرلەمانێکی جێگرەوە کە گەرەنتی پەسەندکردنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ بکات[٥]. ئامادەکاری بۆ ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنە کرا، بەڵام لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە عێراق یەکگرتوو بوون و داوای بایکۆتیان کرد و[٦]، هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە دژایەتییان کرد، بۆیە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی سەرتاپای عێراقی گرتەوە بۆ سەرکۆنەکردنی ئەمە. هەروەها کورد لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە دژایەتیی کرد و خۆپیشاندانێکی فراوان

لـە شـارەکانی کوردسـتان بەڕێوەچـوو، خۆپیشـاندانێکی گـەورە لـە هەولێـر سـەریهەڵدا و کاریگەرییەکـەی بـە خێرایـی تەشـەنەی کـرد بـۆ شـاری سـلێمانی[٧]، بەتایبەتـی دوای بڕیـاری حکومـەت بـۆ ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی دەسـتەی پشـکنین لـە لیـوای سـلێمانی لـە ٦ی ئەیلولـی ١٩٣٠[٨]، بۆیـە خۆپیشـاندانێکی گـەورە سـازکرا، دواتـر گـۆڕا بـۆ ڕاپەڕینێکـی چەکداری میللـی، قوتابیـان بڕبـڕەی پشـتی ئـەم خۆپیشـاندانە بـوون، ژمارەی بەشـداربووان گەیشـتە زیاتـر لـە سـێ هـەزار خۆپیشـاندەر، کـە بریتـی بـوون لـە قوتابیـان، ڕۆشـنبیران، کاسـبکاران، کرێـکاران، و چیـن و توێژەکانـی دیکـەی کۆمەڵگـە[٩].

خۆپیشـاندەرانی سـلێمانی تووڕەیـی و ناڕەزایـی خۆیـان لـەو هەڵبژاردنانـە و بەرامبـەر پەسـندکردنی پەیماننامەکـە ڕاگەیانـد، کـە هیـچ مافێـک بـۆ کـورد ناگرێتـەوە و، خۆپیشـاندەرانیش داوایـان کـرد خواسـتی گەلـی کـورد بەدیبهێنرێـت. لەبـەردەم باڵەخانـەی سـەرا، شـەڕ و پێکـدادان لـە نێـوان پۆلیـس و خۆپیشـاندەران ڕوویـدا و لـە ئەنجامـدا ژمارەیـەک کـوژراو و برینـدار لـە هـەردوولا کەوتـەوە[١٠]، دوای ئـەوە خۆپیشـاندانەکە بڵاوەی پێکـرا، دواتـر هەڵمەتێکـی ڕەشـبگیری لەنێـو هاووڵاتیانـی شـارەکە دەسـتی پێکرد[١١] ئەمـەش بـە تایبەتـی پرۆسـەی سـەرکوتکردنی خۆپیشـاندانەکە، درزێکـی لـە ڕۆحـی کـورددا هێنایـە کایـەوە، بۆیـە ناویـان لێنـا ڕۆژی ڕەشـی شەشـی ئەیلـول[١٢] .

**أ. ڕاپەڕینی بارزان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥:**

تێکچوونـــی بارودۆخـــی گشـــتیی کوردســـتان لـــە ســـەردەمی جەنگـــی دووەمـــی جیهانیـــدا[١٣] لەپـــاڵ هۆکارەکانـــی دیکـــە[١٤] وای لـــە مـــەلا مســـتەفا بارزانـــی کـــرد لـــە ١٢ی حوزەیرانـی ١٩٤٣ سـلێمانی بەجـێ بهێڵێـت (لـەو شـوێنەی لەژێـر دەستبەسـەریی زۆرەملێـدا بـوو) و بـەرەو بـارزان بـڕوات، کـە لـە مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٤٣ چووەتـە ئـەو ناوچەیـە و لـە ٢٨ی تەمـووزی هەمـان سـاڵ گەیشـتە ئـەوێ، لـە ئەنجامـی ئەمەشـدا حکومـەت بڕیـاری گواسـتنەوەی شـێخ ئەحمـەد بارزانـی لەگـەڵ بنەماڵـە بارزانییـەکان بـۆ ناوەڕاسـتی عێـراق دا[١٥]. لـە ماوەیەکـی پێوانەییـدا؛ بارزانـی توانـی بـە ڕاسـتگۆیی و دڵسـۆزی و ئازایەتییـەوە، لایەنگرانێکـی زۆر لـە دەوری خـۆی کۆبکاتـەوە. ئەمـەش ڕۆڵـی هەبـوو لـە ورووژاندنـی هەسـتی ناسیۆنالیسـتیی کـورد، دوای چەندیـن گەشـت کـە لـە ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان ئەنجامیـدا[١٦]، بەمجـۆرە بـوو بـە "سـەرکردەی

بزووتنــەوەی شۆڕشــگێڕی کــورد"[١٧] هەمــوو ئــەم شــتانە هــۆکار بــوون بــۆ ئــەوەی بارزانــی هــان بــدەن بــۆ ئەنجامدانــی ڕاپەڕیــن لــە دژی حکومەتــی عێــراق.

ڕاپەڕینەکـە کـە بـە "ڕاپەڕینـی دووەمـی بـارزان" نـاسراوە، لـە ٢ی تشرینـی دووەمـی ١٩٤٣ ســەریهەڵدا، دوای ئــەوەی بارزانییــەکان دەســتیان بەســەر بنکەکانــی پۆلیســدا گــرت لــە شــانەدەر، ئەمــە بــە ســەرەتای ڕاپەڕیــن دانــرا[١٨]. لەگــەڵ پەرەســەندنی ڕاپەڕینــدا، ئاســایی بــوو قبوڵکــردن و پشــتیوانیی جەمــاوەری کــورد بەدەســتبهێنێت، هــاوکات لەگــەڵ توێــژە کۆمەڵایەتییەکانــی دیکــە، قوتابیانــی کــورد لــە پــاڵ ڕاپەڕینەکــەدا وەســتان، بەتایبەتــی ئەوانــەی لەژێــر ئــاڵای ڕێکخــراوی هیــوادا بــوون، کــە لــە قوتابیــان پێکهاتبــوون[١٩]. ڕۆڵــی قوتابیــان زیاتــر جەختکردنــەوە بــوو لەســەر دابەشــکردنی بەیاننامــە و بڵاوکراوەکانــی لەنــاو شــارەکانی عێــراق[٢٠]، لــە شــاری مووســڵ ســێ ئەندامــی ڕێکخــراوی هیــوا کــە دووانیــان قوتابــی بــوون و بریتــی بــوون لــە: ئیسماعیــل ســەعید دۆســکی و محەمــەد ســەعید دۆســکی، کــە یەکێــک لــە بەیاننامەکانــی ڕێکخــراوی هیوایــان بەســەر خەڵکــدا دابەشــکرد و [٢١]، شــەوانە لــە دیوارەکانــی شــوێنە گشــتییەکانیان دەدا ، ئەمــەش هەرایەکــی سیاســی لــە شــارەکەدا نایــەوە، وایکــرد دەســەڵاتداران ژمارەیــەک قوتابــی لــە مــاوەی ســاڵی خوێندنــی ١٩٤٣- ١٩٤٤ دەســتگیر بکــەن، لەوانــە: ئیسماعیــل ســەعید دۆســکی، ئەحمــەد مســتەفا ئامێــدی، محەمــەد ســەعید دۆســکی، محەمــەد حەســەن باڵتەیــی، عەلائەدیــن ســەعید، مســتەفا ئیبراهیــم کورەمارکــی، ڕەئــووف ئەربیللــی، ئیبراهیــم ئەربیللــی، و محەمــەد ســاڵح جوبرائیــل، هەموویــان گواسترانــەوە بــۆ بەغــدا و بــۆ مــاوەی مانگێــک دەســتگیرکران، دوای دادگاییکردنەکــەش بــە کەفالــەت ئازادکــران[٢٢].

لــە لایەکــی دیکــەوە قوتابیــان ڕۆڵیــان هەبــوو لــە گواســتنەوەی پۆســتە لەنێــوان ڕێکخــراوی هیــوا و ڕابــەری ڕاپەڕیــن مســتەفا بارزانــی[٢٣]. قوتابیــان و لاوانــی کــورد چاوەڕوانــی پێشــهاتەکانی ڕاپەڕیــن و هەمــوو هەنگاوێکــی ســەرکردەکانی بــوون، کاتێــك پێشــوازییان لــە پێکهێنانــی "لیژنــەی ئــازادی" کــرد[٢٤]، بارزانــی لــە ســاڵی ١٩٤٥دا پێکیهێنــا. لــەم بــارەوە مەســعود بارزانــی دەڵێــت: "گەلــی کــورد بــە خۆشــحاڵییەکی زۆرەوە پێشــوازییان لــەم هەنــگاوە کــرد، لیژنەکــەش پشــتیوانییەکی بەرفراوانــی لەنێــو جەمــاوەری کوردســتان، بەتایبەتــی قوتابیــان و گەنجــان بەدەســتهێنا"[٢٥]. هەروەهــا لیژنەکــە دڵنیایــی دا کــە قوتابیانــی کــورد و عــەرەب لــە کۆلێــژەکان و کەســانی

دیکـە ئـاگاداری داواکارییەکانیـان بـن، بـۆ وەڵامدانـەوەی ئەمـەش لـە ١٩٤٥/٢/١٠ بەیاننامەیـەک لـە بەغـدا بـە نـاوی لاوانـی کـوردەوە دەرچـوو، بەشـێوەیەکی بەرفـراوان دابەشـکرا، تێیـدا پشـتیوانیی ڕەهـای خۆیـان بـۆ لیژنـەی ئـازادی ڕاگەیانـد[٢٦]. گرنگیدانـی قوتابیـان و هەڵوێسـتیان لـە ڕاپەڕیـن لـە هەڵوێسـتەکانی ڕێکخـراوی هیـوا و بەتایبـەت باڵـی چەپـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، کـە قوتابیـان و ڕۆشـنبیران و کەسـانی دیکـەی لەخۆگرتبـوو، هەروەهـا لـەو سـەرکەوتنانەی کـە بارزانـی تیایـدا بەدەسـتیهێنان، کـە وایـان کـرد نـاوی لەنێـو توێژەکانـی گـەل دەربکەوێـت، بـە تایبـەت لـە نێـوان قوتابیـان و ڕۆشـنبیراندا[٢٧].

**ب.هەڵوێستی قوتابیان لە سیاسەتی حکومەت لەبەرامبەر بارزانییەکان:**

ئـەو بارزانیانـەی لـە ئێرانـەوە گەڕانـەوە دوای ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان لـە (١٧ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٦) کەوتنـە بـەر چەوسـانەوە و فشـاری دەروونـی و ڕاوەدوونانـی پۆلیـس و دادگا. دوای ئـەوەی (مـەلا مسـتەفا بارزانـی) کوردسـتانی عێراقـی بەجێهێشـت بـەرەو یەکێتیـی سـۆڤیەت، حکومەتـی عێـراق یاسـاکانی خـۆی دەرحـەق بارزانییـە گـەڕاوەکان بـۆ عێـراق جێبەجـێ کـرد، بۆیـە شـێخ ئەحمـەد بارزانـی و بـرا و کـوڕ و کەسـوکاری گواسـتەوە بـۆ زیندانـی بەسـەڕە و سیاسـەتی گۆشـەگیری و دەرکردنـی لـە کەمپەکانـدا دژی ئەوانـی دیکـە پیـادە کـرد[٢٨].

گەلـی کـورد لـە سەرتاسـەری عێـراق خۆپیشـاندانی فراوانیـان ئەنجامـدا و بروسـکە و داواکارییـان پێشـکەش بـە لایەنـە بەرپرسـەکان کـرد، خوازیـاری کۆتاییهێنـان بـە "مەینەتیـی بارزانییـە سـتەملێکراوەکان" بـوون، کاتێـک فشـاری سـەر بەرپرسـان توندتـر بـوو، دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبـووەوە، بارزانییـەکان بـەم زووانـە ئـازاد دەکرێـن و لێبووردنیـان بـۆ دەردەچێـت، لـە کاتێکـدا گەلـی کوردسـتان چاوەڕێـی ئـەوە بـوو، تووشـی سەرسـوڕمان بـوو لـە درێژکردنـەوەی حوکمـی بارزانییـەکان بـۆ مـاوەی سـاڵێکی دیکـە، ئەمـەش تووڕەیـی ڕای گشـتیی ورووژانـد، کـە دەستپێشـخەریی کـرد بـۆ ئـەوەی بـە تونـدی سـەرکۆنەی بـکات. خۆپیشـاندانی گـەورە لـە سـاڵانی ١٩٤٧-١٩٤٨ کوردسـتانی گرتـەوە، تیایـدا چیـن و توێـژە جیاجیـاکان بەشـداربوون، داوای ئازادکردنـی زیندانییانـی بارزانـی و دەرکردنـی لێخۆشـبوونی گشـتییان دەکـرد.

لە نێو ئەو خۆپێشاندانانەدا خۆپیشاندانی قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە بوو کە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٧ بۆ ئازادکردنی بارزانییەکان ڕێکخرابوو. سەبارەت بەم بابەتە، عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ باسی لەوە کرد: "کاتێک لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم لە شاری کۆیە، یەکێک لە قوتابیەکان بە ناوی (ئەحمەد حاجی ساڵح قاسم) بانگی کردم و بە ئەسپایی پێی گوتم: سبەی نمایشێکی وەرزشی بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی شار دەکرێت، دوای تەواوبوون، ئێمەی قوتابیان خۆپیشاندان سازدەکەین و دروشم بۆ ئازادکردنی بارزانییەکان لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ شارەکە دەڵێینەوە، ئەمە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٧ بوو، کاتێک گوێمان لە سازکردنی هەندێک خۆپیشاندان بوو کە لە بەغدا بۆ ئەم پرسە سازکرابوون. بەڕاستی دوای نمایشەکە دەستمان کرد بە هوتاف کێشان، ژمارەمان نزیکەی سەد قوتابی بوو، هەندێک هاوڕێ هوتافیان بە ژیانی بارزانی دەکێشا..."[٢٩] لە لایەکی دیکەوە لیژنەی یەکێتیی قوتابیانی سلێمانی لە کچان و کوڕان لە ١ی ئایاری ١٩٤٨ مانگرتنی قوتابخانەکانیان لە خوێندن ڕاگەیاند. وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بە زیادکردنی سزای زیندانیکردنی بارزانییەکان بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە و، ڕوونیشیان کردەوە، "ئەم کار و ڕەفتارانە جگە لە پاشماوەی سیاسەتی سەردەمی ڕابردوو، هیچی دیکە نین، ئێمە سەرمان سوڕماوە، ئەمانە لە سەردەمی ئەم کابینە وەزارییە ڕوودەدات"[٣٠]. لیژنەکە ڕایگەیاند کە پێویستە ئازادییە دیموکراسییەکان فەراهەم بکرێن و هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام بدرێت، داواکاریی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ ئازادکردنی هەموو بارزانییەکان و هەموو نیشتمانپەروەران و هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایە زیادەی کە لەلایەن ساڵح جابر و نۆکەرەکانییەوە بەسەریاندا سەپێندرا[٣١].

### ٢. هەڵوێست لەهەمبەر شۆڕشی ئەیلوول و پەرەسەندنەکانی ١٩٦١-١٩٧٠

لە ئەنجامی گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ لە کوردستان هەڵگیرسا[٣٢]، بزووتنەوەی قوتابیانی کورد بە هەموو قورساییەکییەوە پشتیوانییان بۆ شۆڕشی کورد دووپات کردەوە، ئەوە بوو هەندێك لەوانە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد و چەکیان هەڵگرت وازیان لە خوێندن هێنا[٣٣]، دەکرێت ئەم هەڵوێستە بە

وەرچەرخانێکی گرنگ لە ڕێبازی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراقدا هەژمار بکرێت، نەک تەنیا لە ڕووی بەشداریکردن و هەڵگرتنی چەکەوە، بەڵکو لە ڕێگەی بەیاننامە و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانیشیەوە.

ڕێکخراوە کوردستانی و دیموکراسییەکان چوونە قۆناغێکی دیکەی خەباتی نەرێنی، چ پیشەیی و چ سیاسی و سەرلەنوێ دەستیان بە کاری نهێنی کردەوە و لایەنی چالاکییەکانیان بە دوو ئاراستەی هاوتەریب بەردەوام بوو:

**یەکەم:** پاڵپشتیکردنی شۆڕشی کورد و پتەوکردنی ڕێبازەکەی بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو تواناکانی بەردەست، لە سەرووی ئەم ئەرکانەشدا ڕاگەیاندنی پشتیوانیی ڕاستەقینە بۆ شۆڕشی کورد لە شێوەی دەرکردنی بەیاننامەی هاودەنگی و ڕیسواکردنی ڕەفتاری زۆرەملێ و ئۆپەراسیۆنی سەربازی و سەرکۆنەی چارە سەرکردنی پرسی کورد لە ڕێگەی هێزەوە .

**دووەم:** درێژەدان بە بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرەی تایبەت بە خۆی، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بەردەوامبوونی کارەکانی لە هەموو هەلومەرجێکدا، سەرەڕای سیاسەتی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە کە تووشی بووە[٣٤].

لەلایەکی دیکەوە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ و پێشەنگانەی گێڕا، بەمەبەستی گەیشتن بە ئاگربەست و هێنانەدی ئاشتی بۆ کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا؛ جووڵەکانی یەکێتی لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە بەرەوڕووی توندوتیژی بووەوە، بەهۆی ئەمەوە ژمارەیەکی زۆریان دەستگیرکران و ئاوارە بوون و لە کارەکانیان دوورخرانەوە[٣٥]. وازهێنانی دەستەیەک لە قوتابیانی کورد لە خوێندن و پەیوەندیکردنیان بە شۆڕشەوە، کاریگەری هەبوو لە وروژاندن و هاندانی هەستی کرێکار و جووتیاران و جەماوەری کورد بۆ پشتیوانی و هاوکاریکردنی شۆڕش[٣٦].

ئەوەی پەیوەستە بە بەجێهێشتنی خوێندن لەلایەن ژمارەیەک قوتابی کوردەوە و پەیوەندیکردنیان بە شۆڕشی کوردەوە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، یەکێک لە هاوسەردەمییەکان دەڵێت: "میرزا شوان قوتابیی کۆلیژی ماف لە زانکۆی بەغدا لەگەڵ کەسانی دیکەدا پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، لەوانە: خەلیل تاهیر دەلۆ، قوتابیی قۆناغی دووەم لە کۆلێژی ماف لە هەمان زانکۆ و بەهمەن

و نــەوزاد و نــەریمان کــە قوتابیــی کۆلێــژی بازرگانــی بــوون"[٣٧].

(یەکێتیــی نیشــتمانیی ڕێکخراوەکانــی قوتابیانــی سەرتاســەری کوردســتان)[٣٨] بەیاننامەیەکـی بڵاوکـردەوە و تێیـدا ئەندامەکانـی پشـتیوانیی ڕەهـای خۆیـان بـۆ شـۆڕش دووپاتکـردەوە، سـەرکۆنەی سیاسـەتەکانی حکومەتـی عێراقیشـیان بەرامبـەر کـورد کـرد و داوای چارەسـەری ڕیشـەیی پرسـی کوردیـان کـرد، کـە تێیـدا هاتبـوو: "ئێمـە متمانەیەکـی تەواومـان هەیـە کـە پرسـی گەلـی کوردمـان ئـیتر یەکێـک نییـە لـەو پرسـانەی دیکتاتـۆری عێراق(عەبدولکەریـم قاسـم)، یـان توێژێـك یاخـود گرووپێکـی دیکـە بتوانێـت بـە ئـارەزووی خـۆی چارەسـەری بـکات"، یـان چۆنـی بووێـت و بـە ویسـتی خـۆی بیـکات، بـە پاڵنـەری خزمەتکردنـی خیانەتەکـەی بەرامبـەر بـە گەلـی کـورد و کوردسـتان، چونکـە لـە واقیـع و بنەڕەتـدا پرسـی تـەواوی نەتـەوەی کـوردە. ئـەوە نەتـەوەی کـوردە کـە بـە ئیـرادە و خواسـتی خۆیـەوە بـە شـێوەیەکی ڕیشـەیی مامەڵـە لەگـەڵ پرسـەکەی دەکات، کـە مافـە قۆرخکراوەکانـی دەگەڕێنێتـەوە و خاکـی کوردسـتان لـە هەمـوو دەسـەڵاتدارێکی سـتەمکار پـاک دەکاتـەوە"[٣٩]. بەیاننامەکـە ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە قوتابیانـی کوردسـتان ڕووبـەڕووی هەڵمەتـی گرتـن و دەرکـردن بوونەتـەوە، قوتابیانـی کوردسـتان پشـکێکی زۆریـان لـەم هەڵمەتـە دڕندانـەدا بەرکەوتـووە، کەشـێکی تیرۆریسـتی باڵـی بەسـەر قوتابخانەکانـی کوردسـتاندا کێشـا، کـە پێشـتر نەبـینراوە، لەوانـە سـەدان کەسـیان دەرکـراون و لـە خوێنـدن دوورخرانـەوە". هەروەهـا بەشـێکی زۆری قوتابیانـی کوردسـتان دەسـتگیرکران. تەنانـەت قوتابیانـی تەمـەن بچووکیـش لـەم هەڵمەتـە دڕندانەیـە ڕزگار نەبـوون و، سـەیری زیندانەکانـی قاسـمت لـە کوردسـتان بکردایـە، ئـەو ڕاسـتییەت بـۆ دەردەکـەوت، سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، قوتابییـە قارەمانەکانمـان وەک شـێر وەسـتان و شـێوەی چیاکانـی کوردسـتان خۆڕاگـر بـوون، لـە سـۆنگەی بڕوابوونیـان بـە سـەرکەوتنی بزووتنـەوەی گەلەکەیانـدا، سـەرکەوتنێک بـۆ ئەوان و گەیـشتن بـە داواکاری و ئامانجەکانی قوتابیـان لـە ڕووی دابینکردنـی ژیانێکـی خوێندنـی ئـازاد و دوور لـە سـتەم و تیـرۆر"[٤٠].

لـە بەیاننامەکـەدا داوا لـە قوتابیانـی عێـراق کـرا، لەپـاڵ قوتابیانـی کـورد بـوەستن و هاریکاریـان بـن، لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئـەم خواسـتانەی خـوارەوە:

١. وەستاندنی هەڵمەتی بۆردومانی ئاسمانیی ئێستا و بەردەوام لە کوردستان.
٢. بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان بەتایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی.

٣. قەرەبووکردنــەوەی ئــەو زیانانــەی لــە ئەنجامــی بۆردومانەکــەدا کەوتــوون، لەوانــە: ســووتاندن، کوشــتن، ڕووخانــدن.
٤. ئازادکردنــی ســەرجەم دەســتگیرکراوانی سیاســی و ڕاگرتنــی تیــرۆر و دەستبەســەرکردن کــە ئێســتا لــە کوردســتان بــاون[٤١].

قوتابیانــی کــورد و بزووتنەوەکەیــان لــە هەمــوو بۆنەیەکــدا هەڵوێســت و پشــتیوانیی خۆیــان بــۆ شــۆڕش دەردەبــڕی، ئەمــەش لەڕێگــەی ئــەو بەیاننامانــە دەردەکــەوت کــە لــە جەژنــی نــەورۆزدا بڵاویــان دەکــردەوە، لــە یەکێکیانــدا هاتبــوو: "پێویســتە جارێکــی دیکــە لەگــەڵ ئاهەنگــی جەژنــی نــەورۆز بەڵێــن بدەیــن بــۆ پێشکەشــکردنی ڕۆح و خوێنــی خۆمــان لــە پێنــاو کوردســتاندا،... پێویســتە کوردســتان بکەینــە گۆڕســتان بــۆ هەمــوو ئــەو کەســانەی دەیانەوێــت ناســنامەی نەتەوەیــیمان بســڕنەوە..."[٤٢].

هەروەهــا یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان بەشــدارییەکی کاریگەرانــەی لــە شۆڕشــەکەدا کــرد، بــەو پێیــەی یەکێتــی ژمارەیــەک قوربانیــی دا، کــە دیارترینیــان مامۆســتا مەئمــوون هاشــم دەبــاغ[٤٣] بــوو، لــە دوای ئــەو محەمــەد ســدیق پێنجوینــی[٤٤]، دوای ئــەوان عەلــی عــادل، عەبدولخالــق ســپینداری و کەســانی دیکــە[٤٥].

دوای کودەتاکــەی ٨ی شــوباتی ١٩٦٣ کــە حزبــی بەعــس و نەتەوەپەرســتەکان دەســتیان بەســەر دەســەڵاتدا گــرت، زۆر لــە قوتابیانــی ســەر بــە یەکێتیــی گشــتیی قوتابیــان لــە کۆمــاری عێــراق پەیوەندییــان بەشۆڕشــی کــوردەوە کــرد و[٤٦]، پەیوەندییــان بــە شۆڕشــەوە لــە ڕوانگــەی هەڵوێســتی حزبــی شــیوعیی عێراقــەوە هــات، کــە شانبەشــانی شۆڕشــی کــورد لــە دژی حکومەتــی عێــراق خەباتــی چەکــداری ڕاگەیانــد.

لــە هەڵوێســتی قوتابیانــی کــوردی ســەر بــە یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان و یەکێتیــی گشــتیی قوتابیــان لــە کۆمــاری عێراقــدا دیــارە، ڕۆڵــی ئــەوان هــەم کردارەکــی و هەمیــش مەعنــەوی بــووە، لەگــەڵ ئەوەشــدا؛ یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان ڕۆڵــی پێشــڕەوی هەبــووە، چونکــە بــوو بــە تاکــە یەکێتــی لــە کوردســتان کــە زۆرینــەی قوتابیانــی کــوردی لەخۆدەگــرت، گومانــی تێــدا نییــە، ئــەو ڕۆڵــە لــە ئامانجەکانــی بزووتنــەوەی قوتابیانــی کورد بــە گشــتی و یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان بەتایبەتــی، لــە خەباتــی گشــتیی ڕزگاریخــوازی و سیاســیی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد لــە عێــراق ســەرچاوەی گرتــووە.

### ٣. هەڵوێست لە جیابوونەوە(لێترازان)ی پارتی ١٩٦٤-١٩٧٠[٤٧]

ئـەو ناکۆکیانـەی لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە ڕیزەکانـی پارتـی ڕوویـان دا، کاریگەریـی نەرێنییـان لەسـەر چالاکـی و ڕێکخسـتەکانی قوتابیانـی کـورد هەبـوو، بەتایبەتـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان[٤٨]، لـە ئەنجامـدا کەشـوهەوای زانکـۆ لەنێـو قوتابیانـی کـورد و چالاکانـی کـورد لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورددا گـرژ بـوو، چونکـە قوتابیـان بەسـەر دوو ڕێکخـراوی دژبەیەکـدا کاریـان دەکـرد بـە هەمـان نـاو، (یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان)، کێبڕکـێ لەسـەر چالاکییـەکان چڕتـر بـووەوە، هـەر لایەنێـک هەوڵـی دەدا قوتابیانـی نـوێ بێنێتـە نێـو ڕیزەکانـی خۆیـەوە، ئەوانـەی پەیوەندییـان بـە خوێندنـی کۆلێـژ و پەیمانگاکانـەوە دەکـرد لـە شـار و شـارۆچکە جۆراوجۆرەکانـی کوردسـتانەوە[٤٩].

هـەروەک پێـشتر ئاماژەمـان پێـدا، دوو بـاڵ لـە گۆڕەپانـی قوتابیانـدا کاریـان دەکـرد، هەریەکەیـان نـاوی (یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان-عێراق) یـان هەڵگرتبـوو، یەکێکیـان باڵـی سـکرتاریەتی سـەر بـە مەکتەبـی سیاسـی بـوو، باڵەکـەی دیکەشـیان باڵـی لیژنـەی ئامادەکاریـی سـەر بـە بارزانـی بـوو.

لــە ئەنجامــی هەڵوێســتە دژبەیەکەکانــی نێــوان هــەردوولا، هــەر لایەنێــک بەیاننامــەی دژ بــە لایەنــی بەرامبــەری دەرکــرد، ئــەوە بــوو باڵــی ســکرتاریەت بەیاننامەیەکـی بڵاوکـردەوە و هێرشـی کـردە سـەر سـەرۆکی حزبەکـە و ڕۆڵـی ئـەو لـە بەڕێوەبردنـی دانوسـتان لەگـەڵ حکومـەت و ئاگربەسـت[٥٠]، لـە هەمـان کاتـدا لقەکانـی یەکێتـی لـە زۆربـەی شـارەکانی عێـراق زۆر بەیاننامەیـان بەنـاوی "لیژنـەی ئامـادەکاری" بڵاوکـردەوە، داوایـان لـە قوتابیـان کـرد یەکبگـرن، نەکەونـە دوای "جیابووەوان"(باڵـی سـکرتاریەت). هەروەهـا پاراسـتنی یەکڕیزیـی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد و بـە یەکگرتوویـی وەسـتان بـۆ پشـتیوانی لـە شۆڕشـی کـورد و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرۆکەکەی مسـتەفا بارزانـی[٥١]. لـە بەیاننامەیەکـدا هاتبـوو: لیژنـەی ئامـادەکاری لــە هەمــوو ناوچــەکان بــۆ ڕێکخــراوە دیموکراتییەکانــی کوردســتان پێکهاتــووە، وەك یەکێتیـی مامۆسـتایان و ئافرەتـان و لاوان، یەکێتییەکەتـان، بـە پاڵپشـتیی سـەرکردایەتیی نوێـی حـزب، وەك ئامـادەکاری بـۆ ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن بەمەبەسـتی هەڵبژاردنـی سـەرکردایەتیی نـوێ بـۆ ئـەم ڕێکخراوانـە... برایـان، داواتـان لێدەکەیـن ڕیزەکانتـان

ڕێکبخـەن و لەسـەر یەکێتیتـان، لەگـەڵ ڕێکخسـتنێکی ئاسـنین ڕێکبکـەون و هەمـوو تواناکانتـان لـە خەبـات دژی دوژمنانـی شـۆڕش بخەنەگـەڕ، بـەم بۆنەیـەوە پێشـنیاز دەکەیـن بـۆ هەموومـان هـاوڕێ قوتابییـەکان ئەمانـەی خـوارەوە پەیـڕەو بکـەن:

١. ڕێگـە نـەدەن بـە هـەر گروپێکـی قوتابیانـی کـورد بـۆ هـەر کردەوەیەکـی سیاسـی لـە دەرەوەی یەکێتییەکەمـان و، ڕیسـواکردنیان لەبـەردەم جەمـاوەردا لەبەرامبـەر ئـەو نیـازە خراپانـەی کـە لەنـاو خۆیانـدا بـۆ ئامانجـی چەوتـی شەخسـی هەڵیـان گرتـووە، کـە تەگـەرە دەخەنـە بـەردەم شۆڕشـەکەمان تاکـو بـەرەو سـەرکەوتنی تـەواو هەنگاونەنێـت.
٢. ڕێگـە بـە فریـودراوان بدەیـن لەنـاو قوتابییـە ئازاکانمانـدا بێنـە ڕیـز یەکێتییەکەمـان و لیژنەکانـی ئامادەکارییـەوە، دوای ئـەوەی بۆیـان ڕوون بـووەوە کـە هەندێـک لـە سـەرکردەکانی پێشـووی قوتابیـان لایـان داوە.
٣. پێویسـتە سـەرجەم هەڤاڵان بەپێـی پەیـڕەوی ناوخـۆ کاربکـەن و کۆبوونـەوە ئەنجام بـدەن بـۆ تاوتوێکردنـی کێشـەکانی ڕێکخسـتنیان و پێشکەشـی سـەرکردەکانی بکـەن...[٥٢].

هەروەهـا بەیاننامەیەکـی دیکـەی لیژنـەی ئامادەکاریـی یەکێتییەکـە لـە دەڤـەری سـلێمانی بڵاوکرایـەوە، تیایـدا هەڵوێسـت و پشـتیوانیی خـۆی بـۆ شـۆڕش و مسـتەفا بارزانـی دووپـات کـردەوە. لایەنگرانـی باڵـی "مەکتەبـی سـکرتاریەت"ی بـە لادەر لـە یەکێتـی زانـی[٥٣]. یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان تـا سـاڵی ١٩٧٠ بـەم شـێوەیە مایـەوە و دووری و دابڕانـی نێـوان هـەردوو باڵـی یەکێتییەکـە لـە دوای سـاڵی ١٩٦٦ توندتـر بـوو[٥٤]، بەتایبەتـی دوای گەڕانـەوەی باڵـی "مەکتەبـی سیاسـی" لـە ئێرانـەوە، کـە ناوەنـدی شـاری سـلێمانییان کۆنترۆڵکـرد. لـە ئەنجامـدا چالاکییەکانـی "مەکتەبـی سـکرتاریەت" لەنـاو قوتابخانـەکان و پاشـان لـە زانکـۆی سـلێمانی چڕتربـووەوە، لـەو ساڵەشـەوە باڵـی سـکرتاریەت پشـتگیری لـە حکومەتـی عێـراق کـرد، بـەو پێیـەی مەکتەبـی سیاسـیی حزبەکـە کـە بارەگاکـەی لـە بەکرەجـۆ کردووەتـەوە[٥٥]، سەرپەرشـتیی باڵـی سـکرتاریەتی یەکێتییەکـەی کـرد، ئەمـەش کێشـەی قوتابیانـی زیاتـر کـرد، کـە کاریگەریـی ڕاوەدونـان بـۆ ڕیزەکانـی قوتابیـان لـە ئەندامانـی باڵـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان (لیژنـەی ئامادەکاری)دەسـتی پێکـرد. پەیوەندییەکـە گەیشـتە خراپتریـن حاڵـەت، کاتێـک گەیشـتە

دڕندەیــی و لێــدان و ڕێگەیــان پێنەدرابــوو بەشــداریی چالاکییــەکان بکــەن، مەگــەر بــە نهێنــی [٥٦]. شـایانی باسـە باڵـی "مەکتەبـی سـکرتاریەت" لـە هەولێـر و ناوچەکانـی بادینـان چالاکییەکـی زۆری نەبـوو و ڕێکخراوەکانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانیش لـە باڵـی "لیژنـەی ئامـادەکاری" لەهەولێـر چـالاک بـوون، هـەر یـەك لـە (کەریـم جـەلال، تاریــق جامبــاز) بەنهێنــی ڕێکخراوەکانــی یەکێتییــان پێکهێنــا، بــۆ سەرپەرشــتیکردنی چالاکییەکانـی قوتابیـان لـە هەولێـر[٥٧].

هەرچــی دەڤــەری بادینانــە؛ ئــەم ئەندامانــەی خــوارەوە: محەمــەد حەســەن عەبــو، عەبدولــڕەزاق گەرماڤــی، مســتەفا مــەلا عیســا، نــاسراو بــە (کوردســتانی)، محەمــەد ئەحمــەد، نــاسراو بــە (حەمــە وەیســی)، ئەحمــەد عەلــی نزارکــی، عەبدولکەریــم فنــدی، عەبدولجەبــار دەروێــش، زەکــی مســتەفا ئەتروشــی، و فرســەت ئەحمــەد، مســتەفا محەمــەد بنیامیــن، میکائیــل تەهــا قارقاراڤــای، عــارف بــادی، ســەلیم عەبــدوڵڵا گەرماڤــی، و تاهیــر شــێخ ســەعید، ڕێکخــراوی قوتابیانیــان پێکهێنــا [٥٨].

باڵــی "لیژنــەی ئامــادەکاری"ی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان بــەردەوام بــوو لــە پاڵپشــتی و هاوکاریکردنــی شۆڕشــی کــورد، لەگــەڵ بەردەوامبوونــی پەیوەندییکردنــی قوتابیــان بــە شۆڕشــەوە، هەروەهــا ژمارەیەکــی زۆر لــەو قوتابیانــەی لــە نــاوەوە مابوونــەوە پاڵپشــتیی شۆڕشــیان کــرد، ڕۆڵیــان هەبــوو لــە بڵاوکردنــەوە و دابەشــکردنی بەیاننامــەی حــزب و شــۆڕش. یەکێــک لــە بەڵگەنامەکانــی ســەر بــە دەزگا ئەمنییەکانــی عێــراق ئامــاژەی بــە ڕۆڵــی ژمارەیــەک قوتابــی لــە دابەشــکردنی بەیاننامــەی حزبــی کــردووە، ئەمــەش وەک ئاماژەیــەک بــۆ پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتیی (مــەلا مســتەفا بارزانــی)، کــە ئــەوکات ســەرکردایەتیی شۆڕشــی کــوردی دەکــرد.

ئــەوەی لــە بەیاننامەکــەدا هاتبوو:"بەڕێوەبەرایەتیــی پۆلیســی لیــوای مووســڵ بــە نــووسراوی س/٤٠٠٢ لــە ١٩٦٥/٧/١٨ ئــاگاداری کردینــەوە کــە لــە ئەنجامــی بەدواداچــوون بــۆ ناســنامەی ئــەو کەســانەی بەرپرســیارن لــە دابەشــکردنی بەیاننامەکــە بەســەر قوتابیانــدا، گومــان دروســتبووە لــە دژی هەمــوو ئەوانــەی ناویــان لــە خــوارەوە هاتــووە، کاتێــک لێکۆڵینەوەیــان لەگەڵــدا کــراوە، ئــەو تۆمەتەیــان ڕەتکردووەتــەوە کــە خراوەتــە پاڵیــان، دوای لێکۆڵینــەوە و گــەڕان، دەرکــەوت هیــچ شــتێکیان نەدۆزیوەتــەوە، بــۆ زانیــن لەگــەڵ ڕێــزدا.

**ناوەکان:**

١. **مستەفا مەلا حوسێن حەمەد** قوتابیی پۆلی چوارەمی وێژەیی لە ئامادەیی حیللە.
٢. **محەمەد حاجی خەلیل حاجی**- قوتابیی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە شارۆچکەی زاخۆ.
٣. **سوبحی سەلیم عەلی جەزراوی**- قوتابیی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە شارۆچکەی زاخۆ.

**ئیمزا:** فازل حاجی کەمال و موتەسەڕیفییەتی لیوای مووسڵ"[٥٩]. ئەو زانیارییانەی لەم بەڵگەنامەیەدا هاتوون، ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆمەڵێک قوتابیی کورد، بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و بەیاننامە، چالاکییان بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی کورد ئەنجامداوە.

دوای ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق، قوتابیانی کورد گەڕانەوە بۆ خوێندن و ناویان لە زانکۆکان تۆمار کرد، زۆرێکیان گەڕانەوە بۆ زانکۆی بەغدا، لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەو قوتابییە کوردانەی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، دەرکرابوون و لە زانکۆ دوورخرابوونەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە سەرکردەی شۆڕش (مەلا مستەفا بارزانی) لیستێک کە ناوی نزیکەی (٦٠) قوتابی تێدابوو، پێشکەشی حکومەتی عێراقی کردبوو، داوای ئەوەی لێ کردن، گەڕانەوەی ئەم قوتابیانە قبوڵ بکەن و لە خوێندن بەردەوام بن[٦٠]. ئەوەی ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کورد قوتابخانەیان بەجێهێشت و چوونە ناو شۆڕشی کوردەوە، ڕۆژنامەی ئەلتاخی، لە ژمارە (١٦٠)دا کە لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ دەرچووە، گشتاندنێکی بە ناونیشانی (ساڵانی جێهێشتنی قوتابیان لە قوتابخانەکانیان بەهۆی ڕووداوەکانی باکوور (ئاماژە بە شۆڕشی کورد) ساڵانی کەوتن هەژمارنەکرێن) و تێیدا هاتووە: "ئەم بەدواداچوونەی خوارەوە لە بەڕێوەبەری پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان لە دیوانی وەزارەتی پەروەردەوە هاتووە:" بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەلتەئاخیی بەڕێز... دوای سڵاو... بە ئاماژەدان بەو بڵاوکراوەی لە ڕۆژنامەکەتان، ژمارە (١٤٨) لە ١٩٦٧/٩/٢٦ سەبارەت بەو قوتابیانەی وازیان لە قوتابخانە هێناوە بەهۆی ڕووداوەکانی باکوورەوە. تکایە ئاگاداربن کە ساڵانی وازهێنان بەهۆی ڕووداوەکانی باکوور وەک ساڵانی کەوتن هەژمار نەکرا، قوتابیان ڕێگەیان پێدەدرێت بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەکانیان، ئەگەر

ساڵانی ڕاستەقینەی کەوتنیان لە سنووری یاسایی دیاریکراو تێپەڕی نەکردبێت. تکایە بفەرموون ئاماژە بەوە بدەن، لەگەڵ پێزانیندا"[٦١].

ئاشکرایە؛ ئەم دابەشبوونە کاریگەریی نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی قوتابیانی کورد هەبووە، هەروەک چۆن کاریگەریی لەسەر تەواوی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە کوردستانی عێراق هەبووە، بە هۆی ئەوەی قوتابیان هەستیارترین توێژی کۆمەڵگەیان پێکهێناوە، کە دەکەوێتە بەر کاریگەریی ڕووداوەکان، ئەمەش لە ڕاستیدا لەناو یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا دەرکەوت، کە دابەشبوونەکە بووە هۆی ئەوەی ئەوان ڕاکێشرانە ناو ململانێیەکی ناوخۆییەوە و یەکێک لەو دەرئەنجامە حەتمیانەی کە دەکرا لەمەوە دەربچێت، ئەوە بوو کە دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنێک لە ناڕازییەکان پەنا بۆ بەرەی دژە شۆڕش ببات، ئەمەش لە ڕاستیدا ڕوویدا، کاتێک باڵی "مەکتەبی سکرتاریەت" پەنای بۆ حکومەتی عێراق برد و، تا ساڵی ١٩٧٠ بە ئاشکرا لە عێراق بەردەوام بوو[٦٢] ، چونکە دوای ئەوە ئەو باڵە گەڕایەوە و ڕێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دوای بەستنی کۆنگرەی شەش دەستیان پێ کردەوە.

## ٤. هەڵوێست لە هەمبەر ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠

لە ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بەعسییەکانی عێراق "کودەتایەکی سپی "یان ئەنجامدا و تێیدا حکومەتی عەبدولڕەحمان عارفیان ڕووخاند و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر پۆستی سەرۆک کۆماری گرتە ئەستۆ، سەرۆک کۆماری نوێ بە ناڕاستەوخۆ بەڵێنیدا بەشێوەیەکی ئاشتیانە کێشەی کورد چارەسەر بکات[٦٣]. ئەم بەڵێنە لە لایەن حکوومەتی نوێوە دەرئەنجامی چەند هۆکارێک بوو، لەوانە: سەرکەوتنە مەیدانییەکانی هێزەکانی شۆڕشی کورد و توانای شۆڕش لە بەرەنگاربوونەوەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، هەروەها بۆ ئەوەی ڕژێمی نوێ دەسەڵاتی خۆی جێگیر بکات و دەسەڵات بەهێزتر بکات، بۆیە ئاماژەکانی هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی پرسی کورد لە مانگەکانی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ەوە دەستیان پێکرد، کە بە زنجیرەیەک پەیوەندی و دانوستان لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق دەستپێکرد، کە لە ئەنجامدا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری١٩٧٠ واژۆکرا، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی عێراق پەسەندکرا[٦٤].

یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەکاتی پەیوەندی و دانوستانەکانی نێوان هەردوولادا، ڕۆڵێکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگری هەبوو، دیارە ڕۆڵی نێوەندگیری بینیوە، لەبارەی ئەمەش ئەنوەر عەبدوڵڵا[٦٥] کە لەو ماوەیەدا سەرۆکایەتیی یەکێتییەکەی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات: "دوایین شت کە بەسەر بەرەوپێشچوونی دانوستانەکاندا هات لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ بوو". کاتێك یەکێتییەکەمان نامەیەکی نووسراوی پێگەیشت، سەبارەت بە پێشنیازی نوێی حکومەت لەبارەی پێویستبوونی درێژەدان بە میکانیزمی دیالۆگ، تا گەیشتن بە شێوازێکی تەواوی ڕێککەوتنەکە کە هەردوولا ڕازی بکات. مورتەزا عەبدولباقی ئەلحەدیسی (کە پلەی حزبی ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی بەعس و پۆستەکەیشی وەزیر بوو)، نامەیەکی نووسراوی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر - سەرۆکی کۆمار-ی ئاڕاستەی سەرۆکی شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی کرد، سەبارەت بەم بابەتە، ئەوەی لە بیرمە ئەوەیە کە سێ خاڵی بنەڕەتی لەخۆگرتبوو. من و هاوکارم عەبدولقادر حەمەدئەمین نامەکەمان گەیاندە دەست حەبیب محەمەد کەریم (کە سکرتێری پارتی بوو)، ئەویش لە لای خۆیەوە گەیاندییە دەست بارزانی[٦٦]، عەبدولقادر حەمەد ئەمین ئەو قسەی ئەنوەر عەبدوڵڵای بۆ توێژەر پشتڕاست کردەوە[٦٧].

لە لایەکی دیکەوە؛ هەموو گەلی عێراق بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لەم ڕێککەوتننامەیە کرد. ڕۆژی دواتر (١٩٧٠/٣/١٢) بەغدای پایتەخت خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەی بەرفراوانی بەخۆیەوە دی، تێیدا جەماوەر پشتیوانیی خۆیان بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەربڕی[٦٨]. قوتابیانی کورد ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی لە کۆکردنەوەی جەماوەری قوتابیان و خەڵك بۆ پشتیوانی لە ڕێککەوتننامەکە، ئەوە بوو (دەسەڵاتی ناوەندیی ڕێکخستن)، واتە: لیژنەی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بە سەرپەرشتیی: ئەنوەر عەبدوڵڵا، ڕەنج نووری شاوەیس[٦٩]، قادر حەمەد ئەمین[٧٠]، عادل فازڵ لەیلان[٧١]، جەلال سەلیم خۆشناو[٧٢]، فەرەیدون عوسمان[٧٣]، جەواد مەحموود شێروانی[٧٤] و فەرهاد عەونی[٧٥] سەرپەرشتیی کۆکردنەوەی جەماوەریی قوتابیانی کرد[٧٦]، ڕێکخراوەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئامادەکاریی پێویستیان کرد، بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتننامەیە و، سەبارەت بەو بابەتەش سەرۆکی ئەو

کاتـی یەکێتـی ئەنـوەر عەبـدوڵڵا دەڵێـت: هـەر کـە گەیشـتمە هەولێـر، پەیوەندیـم بـە برایـان و ئەندامانـی لقـی یەکێتـی و لیژنـەی ناوچـە و چەنـد هاوکارێکـی کارا لـە یەکێتـی کـرد بـۆ ئـە نجامدانـی کۆبوونەوەیەکـی فـراوانتر. کۆبوونەوەکـە و تـەواوی باسـەکە تایبـەت بـوو بـە ڕێککەوتننامەکـە، هەروەهـا ئامادەسـازیی خێـرا بـۆ ئاهەنگگێـڕان و نووسـینی لافیتـە و ڕێکخسـتنی ڕێپێـوان و پەیوەندیکـردن بـە ڕێکخـراوە جەماوەرییەکانـی کوردسـتان. لـە کۆبوونـەوەی لقەکـەدا، کاك نـەوزاد محەمـەد عەلـی ڕاسـپێردرا بچێتـە کەرکـووک، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ کاك عەبدولکەریـم حەسـەن کۆببێتـەوە و ڕێنماییەکانـی پـێ بگەیەنێـت، دواتـر پێکـەوە بچنـە سـلێمانی، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ دەسـتەی لقـی یەکێتـی و لیژنەکانـی کۆببنـەوە.

لـە بەرەبەیانـی ڕۆژی ٩ی ئـادار، لـە هەولێـرەوە بـەرەو مووسـڵ بەڕێکەوتـم، لەگـەڵ گەیشـتنم، لەگـەڵ بـرادەران (لیژنـەی ڕێکخسـتنەکانی زانکـۆ) کۆبوومـەوە و پێکـەوە بـاسمان لـە شـێوازی ڕێکخسـتنی ئـەم بۆنەیـە کـرد، ژمارەیەکـی زۆری ئەندامانـی یەکێتـی ئامادەبـوون، سـەرۆکی یەکێتـی دەشـڵێت: "لـە ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ، بـەرەو بەغـدا ڕۆیشـتم، بـۆ ئامادەکردنـی ڕێکخسـتنەکانی قوتابیانمـان لـەوێ و پێشـوازیکردن لـەو شـاندە کـوردەی کـە ڕەنگـە لـە ١٠ی ئـاداردا بگاتـە بەغـدا، هەروەهـا بـۆ ئامـادەکاری بـۆ ئاهەنگەکـە و دابەشـکردنی ئەرکـەکان[٧٧].

دوای کۆبوونـەوەی مەکتەبـی سـکرتاریەتی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان[٧٨] لـە بەغـدا و کۆبوونـەوە لەگـەڵ ئەندامانـی لـق و لیژنەکانـی ڕێکخسـتنی زانکـۆی بەغـدا و پەیمانگـە و ئامادەییەکانـی، بـۆ بەشـداریکردنیان لـە کارەکانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت، وەك ئامادەکاریـی تـەواو بـۆ ئەنجامدانـی خۆپیشـاندانی بەرفـراوان[٧٩]، لـە ڕاسـتیدا یەکێتـی توانـی پێشـوەختە ڕۆڵێکـی پێشـەنگتر لـە هەمـوو ڕێکخراوەکانـی دیکـە لـە چالاکییـە ئاشـکراکانی بگێڕێـت و ڕێکخـراوی فـراوان دابمەزرێنێـت و چالاکیـی کارا ئەنجـام بـدات[٨٠]. شـایانی باسـە؛ یەکێتـی پێـش ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتننامەکـە، بـە تـەواوی ئـاگاداری قۆناغەکانـی گفتوگـۆ و دانوسـتانەکانی نێـوان بزووتنـەوەی کـوردی و حکومەتـی عێـراق بـوو، هەروەهـا بـە نهێنـی لەگـەڵ شـاندی کـوردی لـە بەغـدا کۆدەبوونـەوە، بـۆ گەیاندنـی ئەنجامـی گفتوگۆکـە و دانوسـتاندن بـۆ جەمـاوەری قوتابیـان،[٨١] بۆیـە قوتابیانـی کـورد لـە ناوچـە جیاجیاکانـی عێـراق و کوردسـتان خۆیـان

بـۆ ئاهەنگگێـڕان بـەو ڕێککەوتننامەیـە ئامـادە کـرد.

لــە نەینــەوا جەمــاوەری قوتابیانــی کــورد لــە شــەوی ١٠-١١ی ئــازاری ١٩٧٠ ڕژانــە ســەر شــەقامەکان، بــە ســەرکردایەتیی ڕۆژ نــوری شــاوەیس (قوتابیــی کۆلێــژی ئەندازیــاری) و جەرجیــس حەســەن (قوتابیــی کۆلێــژی ئــاداب بەشــی مێــژوو). لــە یاریگــەی ئیــدارەی خۆجێیــی دەســتیپێکرد، لــە بــاب ســنجارەوە بــەرەو ڕەئســلجادە، پاشــان لــە شــەقامی نەینــەوا تــا ناوەنــدی شــار، ئاهەنگــەکان گەشــەیان کــرد و لــە بەیانیــدا بــوو بــە ڕێپێوانێکــی گــەورە، کــە تێیــدا نوێنەرانــی یەکێتییەکانــی قوتابیــان و توێــژە جیاجیاکانــی گەلــی کــورد و خەڵکــی دیکــەی عێــراق بەشــدارییان کــرد[٨٢].

لــە بەغــداش جەماوەرێکــی زۆر لــە گۆڕەپانــی مەیــدان لــە ڕۆژی ١٢ ی ئــاداری ١٩٧٠ گردبوونــەوە و تــا دەهــات زیاتــر دەبــوون، پێشــنیازێکم بــۆ هاوکارەکانــم لــە ســەرکردایەتیی ڕێکخــراوی قوتابیــان کــرد، کــە پێــش دەســتپێکردنی ڕێپێوانەکــە بــەرەو گۆڕەپانــی تەحریــر دەستپێشــخەری بکــەن و وتارێــک پێشــکەش بکــەن، ســواری ئۆتۆمبیلێــك بــووم، هــەر کــە ســواری ئۆتۆمبێلەکــە بــووم، هەمــوو خەڵکەکــە ڕوویــان لــە مــن کــرد، بۆیــە ڕووی قســەم لــە گرووپــە بەرفراوانەکــەم کــرد: ئەمــڕۆ ڕۆژی هەمــوو عێراقییەکانــە، ئــەوەی بــە ئەنجــام گەیشــتووە لــە ســایەی خۆڕاگــری و خەباتــی گەلەکەمانــەوە و تێگەیشــتنی ســەرکردایەتیی بەعــس بــوو بــۆ داخوازییەکانــی شۆڕشــی کــورد بــە ســەرۆکایەتیی بارزانــی، کــە داوا لــە ئەندامانــی یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان دەکرێــت پابەنــدی ڕێنماییــەکان بــن و پارێــزگاری لــە پرۆســەکە بکــەن. تــا بیســەلمێنین، ڕێکخراوەکانمــان شایســتەی ئــەو شــەرەفەن، گرووپــەکان دەســتیان پێکــرد، ئێمــە لــە دەســتەی ناوەندیــی ڕێکخســتن لــە پێشــەوەی ســتوونی قوتابیانــی کــورد بــەرەو گۆڕەپانــی تەحریــر ڕێپێوانمــان دەکــرد[٨٣]، جەمــاوەری قوتابیانــی کــورد لــە شــارە جیاجیاکانــی کوردســتان بــۆ پشــتیوانی لــە ڕێککەوتننامەکــە خۆپیشــاندانێکی گەورەیــان دەســت پێکــرد. لــە هەولێــر کــە یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان چالاکانــە بەشــداری تێــدا کــرد، خۆپیشــاندانێکی گــەورە ڕێکخرا[٨٤].هەروەهــا لــە ســلێمانی و ناوچــە کوردنشــینەکانی دیکــەش بــە هەمــان شــێوە[٨٥]، لێــرەدا بەســوودە، ئامــاژە بــەوە بدەیــن کــە ئــەم ڕێککەوتننامەیــە، جگــە لــەو ئامانجــە سیاســیانەی کــە بــۆ گەلــی کــورد بەدەســتیهێنا، گەیــشتن بــەو ئامانجــە پیشــەییانەی لەخۆگرتبــوو کــە بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد

داوای کردبــوو و ئــەو بەندانــەش کــە بــەدەق لــە ڕێککەوتنەکــەدا هاتــووە:

١. گەڕاندنــەوەی ئــەو قوتابیانــەی بەهــۆی بارودۆخــی توندوتیژیــی ناوچــەی کــوردی دەرکرابــوون، یــان ناچاربــوون قوتابخانــە بەجێبهێڵــن بــۆ قوتابخانەکانیــان، بەبــێ گوێدانــە تەمەنیــان، یــان دۆزینــەوەی چارەســەری گونجــاو بــۆ کێشــەکەیان(٨٦) .

٢. زیادکردنــی کردنــەوەی قوتابخانــەکان لــە ناوچەکانــی کوردنشــین و بەرزکردنــەوەی ئاســتی خوێنــدن و وەرگرتنــی قوتابیــی کــورد لــە زانکــۆکان و زەمالــە بــە ڕێژەیەکــی دادپەروەرانە(٨٧).

گرنگتریــن بڕگەکانــی تایبــەت بــە بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد و ڕێکخــراوە جەماوەرییەکانــی دیکــە بڕگــەی پێنجەمــە، کــە بــە دەق دەڵێــت: "حکومــەت دان بــە مافــی گەلــی کــورددا دەنێــت، بــۆ دامەزراندنــی ڕێکخراوگەلــی تایبــەت بــە خــۆی لــە قوتابیــان، لاوان، ئافرەتــان و مامۆســتایان، ئــەو ڕێکخراوانــە؛ دەبێــت ئەندامــی ڕێکخــراوە نیشــتمانییە هاوشــێوەکانیان بــن لــە عێــراق"(٨٨).

لــە ئەنجامــی ئــەم پێشــهات و پەرەســەندنانە لــە عێــراق، بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد پێــی نایــە قۆناغــی خەباتــی ئاشــکرا، یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان بــوو بــە ڕێکخراوێکــی فەرمــی دانپێدانــراو لــە عێــراق، کــە هاوکاریــی یەکێتیــی نیشــتمانیی قوتابیانــی عێراقــی لــە چوارچێــوەی (بــەرەی یەکگرتــووی قوتابیان)کــرد. ســەبارەت بەمــەش بەرپرســی مەکتەبــی تەنفیزیــی یەکێتیــی نیشــتمانیی قوتابیانــی عێــراق (کەریــم ئەملــوللا) ڕایگەیانــد: یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان ئــەو ڕێکخراوەیــە کــە نوێنەرایەتیــی قوتابیانــی کوردســتان دەکات و هــەوڵ و وزەکانیــان ڕێکدەخــات، بــۆ ئــەوەی بیانهێنێتــە نــاو ڕێکخــراوی ناوەنــد، یەکێتیــی نیشــتمانیی قوتابیانــی عێــراق و ئەرکــی ئێمــەش هــەر یەکــە، کــە بریتییــە لــە گەیــشتن بــە یەکێتیــی قوتابیــان و چەســپاندنی مانــای مێژوویــی بەیاننامــەی ئــازار و ئــەو شــێوازە ڕێکخســتنەی کــە لــە هەشــتەمین کۆنگــرەی یەکێتیــی نیشــتمانیی قوتابیانــی عێــراق بەســە بــۆ گەیــشتن بــە ئامانجــە خوازراوەکامنــان"(٨٩).

**ب.بەشەکانی دیکەی کوردستان**

قوتابیانــی کــورد و ڕێکخراوەکانــی قوتابیانــی کــورد لــە عێــراق ڕۆڵ و هەڵوێســتیان

هەبــوو لەســەر ڕووداو و پێشــهاتەکانی بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان، بەتایبــەت لــە دوو بەشــی ڕۆژهەڵاتــی کوردستان(کوردســتانی ئێــران) و باکــووری کوردستان(کوردســتانی تورکیــا)، لــە کاتێکــدا کــە گەلــی کــورد لەلایــەن ئــەو حکومەتانــەی کۆنترۆڵیــان دەکــەن، سیاســەتی ســتەم و ســووکایەتیکردنیان بەســەردا هاتــووە، هەربۆیــە قوتابیانــی کــورد و ڕێکخــراوە قوتابییەکانــی کــورد لــە عێــراق هەڵوێســتیان گرتەبــەر کــە تێیــدا ڕەتکردنــەوە و ئیدانەکردنــی ئــەو سیاســەتە شــۆڤێنی و ســتەمکارانەیان ڕوون کــردەوە کــە ئــەو حکومەتانــە دژ بــە کــورد پیادەیــان کــرد.

یەکێتیــی گشــتیی قوتابیــان لــە کۆمــاری عێــراق هەڵوێســتی ڕوونــی لەبــارەی پرســی کــورد لــە هــەردوو کوردســتانی تورکیــا و کوردســتانی ئێرانــدا هەبــوو، ئەمــەش لــەو بڕیارانــەدا دیــارە کــە یەکێتــی لــە کۆنگرەکانیــدا دەریدەکــردن. لــە یەکێــک لــە بڕیارەکانــی کۆنگــرەی دووەمــی یەکیەتییەکــەدا لــە ســاڵی ١٩٥٩دا هاتــووە: "کۆنگرەکەمــان سیاســەتی چەوســاندنەوەی نەتەوەیــی دژی گەلــی کــورد لــە ئێــران و تورکیــا بــە پێشــێلکردنی جاڕنامــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و پەیماننامــەی مافــی مــرۆڤ دەزانێــت، بۆیــە ئیدانەکردنــی سیاســەتی چەوســاندنەوە و جیاکاریــی نەتەوەیــی دژ بــە قوتابیانــی کــورد و پشتگوێخســتنی مافــە کولتوورییەکانیــان ڕادەگەیەنێــت، هەروەهــا پشــتیوانیی خــۆی بــۆ خەباتــی گەلانــی نیشــتەجێی ئــەو دوو وڵاتــە بــۆ ڕزگاری و ســەربەخۆیی ڕادەگەیەنێــت[٩٠].

هەروەهــا قوتابیانــی کــورد لــە زۆربــەی قوتابخانــە و پەیمانگــە و کۆلێژەکانــی عێــراق هەڵوێســتیان گرتەبــەر کــە تیایــدا هێرشــەکانی ئێرانیــان بــۆ ســەر کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان ئیدانــە کــرد و داوایــان کــرد ئــەو هێرشــانە ڕابگــرن، قوتابیانــی زانکــۆی بەغــدا ئیدانەیــان کــرد، نزیکــەی پەنجــا قوتابییــش بەیاننامــەی ئیدانەکردنیــان واژوو کــرد[٩١].

وەک لــە بەیاننامەکانــی ئیدانەکردنــی قوتابیانــدا هاتــووە، ئامــاژە بــە ژمارەیــەک لــە واژۆکارەکانــی دەکەیــن، لەوانــە: بەیاننامەیەکــی قوتابیانــی کۆلێــژی شــەریعە، کــە تێیــدا هاتبــوو: ئێمــەی قوتابیانــی کــورد لــە کۆلێــژی شــەریعە، کاتێــک هەواڵــی ئــەو تاوانــە قێزەونەمــان بیســت کــە بەســەر گەلــی کوردمــان لــە کوردســتانی خۆمانــدا هــات، لــە کوردســتانی بــە زۆر بــە ئێرانــەوە لکێنراو، داوایــان لــێ دەکەیــن کــە ئــەوان ئــەم هێرشــە دڕندانەیــە ڕابگــرن کــە لەگــەڵ بەهــا مرۆییــەکان ناگونجێــت. ئــەوان

بەمە ئاگری ڕق و کینە لە دڵمان بەردەدەن و ڕێگە لە خەباتمان دەگرن لە دژی ڕەفتارە نارەوایەکانی دەسەڵاتی فاشیستی حکومەتەکەتان، کە پێچەوانەی پرەنسیپە مرۆییەکان و مافەکانی یەکسانیی نێوان هەموو گەلانن و پێچەوانەی پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە..."[٩٢]، هەروەها واژۆی (٧٥) قوتابی لە کۆلێژی ماف بە ناوی (عەدنان نەقشبەندی، خالید عەبدولکەریم، جەمیل سلێمان دزەیی، و ئەحمەد محیەدین) کۆکرایەوە، هاوکات قوتابیانی قوتابخانەی کفری واژۆیان کۆکردەوە، لەوانە (وەلید خالید، فاتیح بەرزنجی، ئەنوەر محەمەد و محەمەد نەجم محەمەد) دژی دەستدرێژیی ئێران بۆ سەر گەلی کورد[٩٣]، هەروەها یەکێتیی قوتابیانی دواناوەندیی سلێمانی، ئەوانیش (قادر شەریف کوردە، محەمەد فوئاد، عەبدولقادر شمقار)، قوتابیانی کۆلێژی کشتوکاڵ، پەیمانگەی باڵای زمان، قوتابخانەی کشتوکاڵ، واژۆکانیان گەیشتە (١٣٦) واژۆ، لەوانە: (شیت بەرزنجی، عەبدوڵڵا ساڵح عەباس، جەعفەر ئەمین بریفکانی)[٩٤].

هەر لەو چوارچێوەیەدا قوتابیانی زانکۆی بەغدا سکاڵانامەیەکیان پێشکەش بە باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا کرد، واژۆی (٢٧٦) قوتابی تێدا بوو، تیایدا کارەکانیان بەرامبەر گەلی کوردستان ئیدانە کرد. سکاڵانامەکەش بەناوی ئەوانەوە لەلایەن ئەمانە پێشکەشکرا (مەحموود عیزەت، عەبدولکەریم عەبدولڕەزاق، ئیبراهیم ئەڵماس، لەتیفە مەحموود سامی)[٩٥]. لەکاتێکدا نزیکەی (٦٠) قوتابی لە مووسڵ واژۆیان کرد، لەجیاتی ئەوان (سبغەتوڵڵا مزوری، خالید یوسفی، ئیبراهیم محەمەد عەقراوی)، هەروەها لێژنەی یەکێتیی قوتابیانی خانەی مامۆستایان لە هەولێر ئیدانەی کرد، کە بە ناوی ئەوانەوە واژۆی (ڕەمزیە سەید حوسێن) سەرۆکی لیژنەکە و لیژنەی قوتابیانی دواناوەندیی هەولێری کچان و لەجیاتی ئەوان (ویداد خاڵس) سەرۆکی لیژنە[٩٦]، هەروەها قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندیی شەقڵاوە و بەناوی ئەوانەوە (خالید سلێمان حەیدەری، مووسا نیعمەت بارزانی، فەرهاد محەمەد عەلی هەریری )[٩٧].

لە لایەکی دیکەوە؛ یەکێتیی گشتیی قوتابیانی کۆماری عێراق لە سێیەمین کۆنگرەیدا کە لە ساڵی ١٩٦٠ سەبارەت بە پرسی کورد لە تورکیا و ئێران بەڕێوەچوو، جەختی لە هەڵوێستی خۆی کردەوە و بڕیارێکی سەبارەت بەو بابەتە دەرکرد، کە تێیدا هاتبوو: "کۆنەپەرستانی ئێران و تورکیا و عێراق؛ پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووز

سیاسەتی جیاکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەییان لە دژی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانیدا پراکتیزە کرد، ئەم گەلە بوێرە بە هۆی سیاسەتی چەوساندنەوەوە، لەوانەش پێشێلکردنی پیرۆزییەکان و پشتگوێخستنی مافە ڕەواکان، تووشی ئازار بووە کە لە لیستی مافەکانی مرۆڤدا ئاماژەی پێ کراوە.

لە کاتێکدا کۆنگرەکەمان سڵاو لە شۆڕشەکەمان دەکات، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە عێراق، ئیدانەکردنی هەڵوێستی ناپاکانەی هەردوو کۆنەپەرستان لە ئێران و تورکیا سەبارەت بە کردەوەی چەوساندنەوە و جیاکاری دژی کورد ڕادەگەیەنین. ئێمە هاوسۆزیی تەواومان لەگەڵ خەباتی قوتابیانی کورد لە هەموو ئەو وڵاتانەدا دەخەینە ڕوو، بۆ دەستبەرکردنی خواستە نەتەوەییەکان لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزگرتن لە نەریتەکان"[٩٨].

هەروەها یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە کۆنگرە گشتییەکانیدا هەڵوێستی خۆی لەو بارەیەوە دەربڕیوە، لە بڕیارەکانی سێیەمین کۆنگرەی خۆیدا کە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦١ وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد - بەسترا، ئەمانەی خوارەوەی تێدابوو:

١. ئیدانەی سیاسەتی بەتورککردن دەکەین کە حکومەتی فاشیستی تورکیا لە دژی گەلی کوردمان لە کوردستانی بە زۆر لکێنراو بە تورکیاوە پراکتیزەی دەکات.
٢. کۆنگرە ستایشی خەباتی سەرکردەکانی گەلی چەوساوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات، داواش لە حکومەتەکانی دەستڕۆیشتووی سەر کوردستان دەکەین ئازادیان بکەن.[٩٩]

ئەمەش لە پێنجەمین کۆنگرەی خۆیدا، کە لە نێوان ١٣ بۆ ١٥ی تەمووزی ١٩٦٧ بەڕێوەچوو، نوێکرایەوە. تێیدا هاتبوو کۆنگرەکە داوای لە "حوکمڕانانی سوریا کردووە، سیاسەتی چەوساندنەوە و سەرکوتکردن دژی قوتابیانی کورد لە سوریا بگۆڕن". داواش لە حوکمڕانانی سوریا دەکات، شکۆی گەلەکەمان لە پارێزگای حەسەکە بپارێزێت و دەستبەرداری سیاسەتی ئاوارەکردنی کورد بێت لەو ناوچانەی نەوتییان تێدایە و دووریان نەخاتەوە بۆ ناوچە دوورەکانی دوورگەکە[١٠٠].

# پەراوێز:

(١) بڕوانە: بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٢) بۆ وردەکاری لەبارەی ئەم پەیماننامەیە بڕوانە: فاروق صالح العمر، المعاهدات العراقية البريطانية وأثرها في السياسة الداخلية ١٩٢٢-١٩٤٨، (بغداد، ١٩٧٧)، ص٤١ ومابعدها.

(٣) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي يحيى، الكورد ومعاهدة ١٩٣٠ العراقية البريطانية، مج١، جامعة دهوك (مجلة)، العدد (٢)، دهوك، كانون الاول ٢٠٠٣، ص٣٧-٣٨.

(٤) جلال الطالباني، كردستان والحركة ....، ص٦٤.

(٥) بۆ وردەکاری لەبارەی ئەم پەیماننامەیە بڕوانە: عبدالرزاق الحسني ، تأريخ الوزارات ....، ج٣، ص٨ وما بعدها.

(٦) البرت منتشاشفيلي، م. س، ص٢٩٤.

(٧) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح البوتاني، الكورد والأحداث ...، ص٤٢.

(٨) ئەمە دوای ئەوە هات کە داواکارییەك ئاراستەی (٣٠) کەس لە پیاوماقووڵان کرا بۆ ئامادەبوون لە بارەگای حکومەتی خۆجێیی(سەرای) تاکو دەستەی پشکنین لەنێو خۆیان هەڵبژێرن بەپێی یاسای هەڵبژاردن، بڕوانە: هـ. س، ل٤٢.

(٩) حوسێن محەمەد عەزیز، بەیاننامەیەکی ڕەش و ڕۆژێکی سوور، (سلێمانی، ٢٠٠٠)، ل٦١.

(١٠) ڕاپۆرتە حکومییەکان ژمارەی کوژراو و بریندارانیان تەنیا بە کوژراوێك و (١٠) بریندار لە پۆلیس و (٣) سەرباز دیاری کردبوو، لەلای خۆپیشاندەرانەوە بە (١٣) کوژراو و (٢٣) بریندار دیاری کرابوو، لە کاتێکدا ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی لە ژمارە(٨٢٨) ی ٦ی ئەیلوولی ١٩٧١ بە (٤٥) کوژراو و نزیکەی(٢٠٩) بریندار دیاری کردبوو، بەگوێرەی: غانم محمد الحفو وعبدالفتاح البوتاني، الكورد والأحداث ....، ص١١٩.

(١١) م . ن، ص٤٢-٤٣.

(١٢) جلال الطالباني، كردستان والحركة ....، ص٦٤.

(١٣) جليل جليل واخرون، الحركة الكوردية ....، ص١٨٧.

(١٤) بۆ زانینی هۆکارەکان، بڕوانە: عثمان علي ، م. س، ص٩٩.

(١٥) حسـن مصطفـى، البارزانيـون وحـركات بـارزان ١٩٣٢-١٩٤٧، ط٢، (بغـداد، ١٩٨٣) ص٥٦ ؛ عزيـز حسـن البارزاني، م. س، ص١٣٠-١٣١.

(١٦) حسـن مصطفـى، م. س، ص٦٦-٧٢ ؛ أمين سـامي الغمـراوي ، قصـة الاكـراد في شمال العـراق، ط١، (لا. م، ١٩٩٥)، ص١١.

(١٧) حامد محمود عيسى، القضية الكوردية ...، ص٢٦٦.

(١٨) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة ...، مج١، ص٩٦.

(١٩) إسماعيل شكر رسول، أربيل...، ص١٩٥.

(٢٠) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة ...، مج١، ص٩٦.

(٢١) بـۆ ئاگاداربـوون لـە بەياننامەکـە، بڕوانـە: عبدالفتـاح البوتـاني ، بلاغ جمعيـة هيـوا (الأمـل) إلى الشـعب العراقـي الكريـم إثـر انـدلاع انتفاضـة بـارزان ١٩٤٣-١٩٤٤، الصـوت الآخـر (مجلـة)، العـدد (٨٣)، أربيـل، ٨ شـباط ٢٠٠٦، ص١٤.

(٢٢) ديـار محمـد سـعيد الـدوسكي، "مجـرد اسـتذكار" مـەتين (مجلـة)، العـدد (١٥)، دهـوك كانـون الاول ١٩٩٢، ص٩٨-١٠٢ ؛ عبدالفتـاح علي البوتـاني ، الحيـاة الحزبيـة في ...، ص٣٢٢.

(٢٣) ص. مـزوري ذوري، "ذكريـات تأريخيـة" مـەتين (مجلـة)، العـدد (١٦)، دهـوك، كانـون الثـاني ١٩٩٣، ص١١٢-١١٤ ؛ عبدالفتـاح علي البوتـاني ، الحيـاة الحزبيـة في ...، ص٣٢٣.

(٢٤) لێژنـەی ئـازادی: لـە ١٥ی ١ی سـاڵی ١٩٤٥، دوای زنجیرەیـەک کۆبوونـەوە کـە تێیـدا ڕەوشـی کوردسـتان بـە هەمـوو لایەنەکانییـەوە دیراسـەی بـۆ کـرا، مـەلا مسـتەفا بارزانـی، هاوشـانی ئەفسـەرانی ئازادیخـوازی کـورد، بڕیاریـان دا ئـەم لیژنەیـە پێکبهێنـن بـە سـەرۆکایەتیی ئـەو، بـۆ سـەرکردایەتیکردنی ڕاپەڕینـی کـورد و دانانـی بەرنامەیـەك بـۆ ئـەم ڕاپەڕینـە. بـۆ زانیاریـی زیاتـر سـەبارەت بـەم بابەتـە، بڕوانـە: مسـعود البـارزاني ، البـارزاني والحركـة ...، مـج١، ص١٠٩-١١٠

(٢٥) م. ن، مج١، ص١١٠.

(٢٦) م. ن، مج١، ص١١٠.

(٢٧) محسن دزه يى، م. س، ج١ ، ص٤٢ ؛ عزيز حسن البارزاني ، م. س، ص١٣٦.

(٢٨) مسـعود البـارزاني، البـارزاني والحركـة ...، مـج١، ص٢٧٥-٢٧٦ ؛ غانـم محمـد الحفـو وعبدالفتـاح البوتـاني ، الكـورد والأحـداث ...، ص٨٧.

(٢٩) عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ، بەشـێك لـە یاداشـتەکانم، ب١، چاپخانـەی دەزگای حەمـدی، چ١، (سـلێمانی، ٢٠٠٦)، ل١١٩.

(٣٠) مەبەست وەزارەتی سەدرە کە دوای ئەوەی وەزارەتی ساڵح جەبر ناچار کرا دەست لە کاربکێشێتەوە، لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨، دوای ڕووداوەکانی ڕاپەڕین، دامەزرا. بڕوانە: عبدالرزاق الحسنی، تأریخ الوزارات ...، ج٧، ص٣١١-٣١٣.

(٣١) نزار (گۆڤار)، ژمارە (٤)، بەغداد، ١٥ی مایس ١٩٤٨، ل١٦.

(٣٢) لە بارەی هەلومەرج و هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، بڕوانە: عبدالكريم فندي ، فصول من ثورة أيلول في كردستان العراق، مطبعة كلية الشريعة، (دهوك، ١٩٩٥)؛ مسعود البارزاني ، البارزاني والحركة ...، ثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥، ج٣ ، ص٢١ وما بعدها ؛ ميڤان عارف بادي ، الحركة الكوردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٥)، ص٩٣-١٢١.

(٣٣) دیدار لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین لە سلێمانی لە ٢٠٠٧/٢/٧، دیدار لەگەڵ جەمشید حەیدەری لە هەولێر لە ٢٠٠٧/٦/٢٦، دیدار لەگەڵ شەمسەدین موفتی لە هەولێر لە ٢٠٠٧/١٠/٢٠.

(٣٤) حدك ، م. ب. د. م ، م . س، ص٣٩ .

(٣٥) عبدالكريم فندي، اتحاد طلبة كوردستان دور ريادي...، ص٧٠ ؛ دیدار لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین لە سلێمانی لە ٢٠٠٧/٢/٧ ٢٠٠٧.

(٣٦) ساسان عەونی ، س. پ، ل٢١.

(٣٧) عەبدولستار تاهیر شەریف، ململانێ لەگەڵ ژیاندا (یادداشت) ١٩٣٥-١٩٧١، ب١، چاپخانەی ئارابخا، چ١، (کەرکووک، ٢٠٠٥)، ل٩٦.

(٣٨) ئەم ڕێکخراوە لە سێ ڕێکخراوی قوتابیانی کورد لە مانگی ئابی ١٩٦١ پێکهاتووە کە بریتین لە: یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی تورکیا (هەڤار)، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا. سەبارەت بە ئەمەش بەیاننامەیەکی هاوبەش بە واژۆی سێ ڕێکخراوەکە لە شاری مونیستەری ئەڵمانیا لە ٢٤ی ئابی ١٩٦١ دەرچوو، تیایدا پێکهێنانی (یەکێتیی نیشتمانیی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی گشت کوردستان) ڕاگەیەندرا، بۆ ئاگاداربوون لە دەقی بەیاننامەکە، بڕوانە: بەیانی هاوبەشی لەبارەی پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی گشت کوردستان، ٢٤ی ئابی ١٩٦١ لە: شازین هێرش، س. پ، ل٢٩-٣١.

(٣٩) بەیاننامەی پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی ڕێکخراوەکانی قوتابیانی گشت کوردستان- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان- عێراق لە ٦ ی شوباتی ١٩٦٢ لە: شازین هێرش ، س. پ، ل٣٨.

(٤٠) بڕوانە: هـ. س، ل٣٩.

(٤١) بڕوانە: شازین هێرش ، س. پ، ل٣٩.

(٤٢) بەیاننامەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە بۆنەی جەژنی (نەورۆز) ی پیرۆزەوە لە ٢١ی ئاداری ١٩٦٣، لە: شازین هێرش ، س. پ، ل٥٠-٥١.

(٤٣) ئەندام بوو لە سەرکردایەتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، یەکەم قوتابی بوو لەپێناو شۆڕش بکوژرێت لە ١٩٦٢/٧/٢٧، بڕوانە: موسا ئەحمەد، ڕۆڵی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ....، ل٣٨.

(٤٤) ئەندام بوو لە سەرکردایەتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە زیندانەکانی حکومەتی بەعس گیانی لەدەستدا، لە ١٩٦٣/٤/٦، هـ س، ل٣٨.

(٤٥) ی. ق. ك. ل. د. ك.ع ، کورتیەك لە ...، ل٣٤.

(٤٦) دیدارێک لەگەڵ مولازم خدر لە هەولێر لە ١٧ی نیسانی ٢٠٠٧، لەدایکبووی بەغداد، بە نەتەوە عەرەبە و سەرپەلی چەکدارەکانی حزبی شیوعیی عێراق بوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا، یەکێکە لەو کەسانەی بەشداری و سەرپەرشتی ئەو هێزانەی دەکرد کە لە شەڕی بەناوبانگی هەندرێن سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. ئێستا ناوەندی ئەنسار و پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعیی عێراقی لە هەولێر بەڕێوەدەبات.

(٤٧) بابەتێکی تایبەتمان بۆ ئەو ڕووداوە تەرخان کرد، چونکە هاوکات نەبوو لەگەڵ ڕەوتی شۆڕشی ئەیلوولدا. ناکۆکی و جیابوونەوە پارتی و یەکێتی دەگرێتەوە.

(٤٨) شیرزاد زکریا ، م. س، ص٥٤.

(٤٩) سالم صابر معروف ، م. س، ص١٩٤.

(٥٠) بۆ ئاگاداربوون لەبارەی دەقی بەیاننامەکە، بڕوانە: سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، هەڵوێستمان بەرامبەر مەلا مستەفا بارزانی و پارتەکەی ٨/ ٦/ ١٩٦٤ لە: شازین هێرش ، س. پ، ل٧٣-٧٥.

(٥١) قسم الارشيف، من وثائق الحركة القومية الكوردية التحررية ، متين (مجلة)، العدد (٦٠)، ص٨٨.

(٥٢) بۆ وردەکاریی زیاتر لەبارەی دەقی بەیاننامەکە، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٥).

(٥٣) بۆ وردەکاریی زیاتر لەبارەی دەقی بەیاننامەکە، بڕوانە: بانگەواز بۆ قوتابیانی کوردستان لە لیژنەی ئاکادەکاریی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ناوچەی سلێمانی لە ٩/ ٨/ ١٩٦٤ ، لە: شازین هێرش ، س. پ، ل٧٩-٨٠ .

(٥٤) لەو ساڵەدا سەرکردەکانی مەکتەبی سیاسی(جوادابووان) دوای گەڕانەوەیان لە ئێرانەوە،

پەیوەندییـان بـە حکومەتـی عێراقـەوە کـرد، و لەژێـر نـاوی (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) چالاکییەکانیـان ئەنجامـدا، بڕوانـە: شیرکۆعومـەر فەتحـوڵلا ، س. پ، ل١٨٨.

(٥٥) ناحیەیەکە سەر بە پارێزگای سلێمانی.

(٥٦) دیدارێـك لەگـەڵ کەمـال حەسـەن چاومـار لـە هەولێـر لـە ٢٠٠٧/١/٢٤ لـە دایکبـووی سـاڵی ١٩٤٩یـە لـە شـاری سـلێمانی و لـەوێ خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٦ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانەوە کـردووە، لـە ٢٠٠٣ لـە کۆلێـژی مـاف دەرچـووە و ئێسـتا لـە هەولێـر نیشـتەجێیە. نامـەی نـوری حەسـەن غەفـور بـۆ توێـژەر لـە سـلێمانییەوە لـە بـەرواری ٢٠٠٧/١١/٢، لەدایکبـووی سـاڵی ١٩٥٣ی شـاری سـلێمانی، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی و زانکـۆی تەواوکـردووە، ماسـتەری لـە کۆلێـژی پـەروەردەی زانکـۆی سـەلاحەدین وەرگرتـووە، دکتۆراشـی لـە زانکـۆی سـلێمانی، لـە سـاڵی ١٩٦٨ پەیوەنـدی بـە بزووتنـەوەی قوتابیانـەوە کـردووە، ئێسـتا وەک مامۆسـتا لـە بەشـی بایۆلۆجـی لـە کۆلێـژی زانسـت لـە زانکـۆی سـلێمانی وەک پرۆفیسـۆری یاریـدەدەر کاردەکات.

(٥٧) دیدارێك لەگەڵ تاریق محەمەد جامباز لە هەولێر، ڕۆژی٢٠٠٧/١/٢٣.

(٥٨) شـێخ موسـا وەرمێلی، شورەشـا ئەیلولێ لدەڤەرا دهۆك، چاپخانا کولێژا شـەریعێ، چ١، (دهۆك، ٢٠٠١)، ل٤١ ؛ عبدالکریـم فنـدي ، اتحاد طلبة کوردسـتان فصیل ثوري منظم ...، ص٥٤.

(٥٩) خ. ك. ب، وزارة الداخلیـة- مدیریـة الداخلیـة العامـة- المخابـرات السریـة/٣ الموضـوع/ العثـور علی بیـان حـزبي، سري، العـدد: ق. س/ ٢٧٢١، التأریـخ: ٢١/ ٧/ ١٩٦٥ ینظـر: الملحـق رقـم (٦).

(٦٠) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، پەنجـەکان یـەکتری ئەشـکێنن دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکانـی کوردسـتانی عێـراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چ٣، (سـلێمانی، ١٩٩٧)، ل٩٠.

(٦١) بڕوانـە: التآخـي (جریـدة)، العـدد (١٦٠)، السـنة الاولی، ٨ تشریـن الاول ١٩٦٧، ص٤. شـایانی باسـە ئـەم گشـتاندنە بـۆ جێبەجـێ کردنـی بەندەکانـی بەیاننامـەی ٢٩ ی حوزەیرانـی ١٩٦٦ لەنێـوان سـەرکردەکانی شۆڕشـی کـوردو حکومەتـی عێـراق دەرچـووە.

(٦٢) بـۆ زانینـی وردەکاری سـەبارەت بـە هـاوکاری و چالاکییـە ئاشـکراکانی باڵـی سـکرتاریەتی یەکێتییەکـە، بڕوانـە: ئەلنـوور (ڕۆژنامـە)، زۆربـەی ژمـارەکان لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٦٨-١٩٧٠دا بڵاوکراونەتـەوە. شـایانی باسـە باڵـی جیابـووەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان سەرپەرشـتیی ئـەو ڕۆژنامـەی دەکـرد.

(٦٣) أدمون غریب ، الحرکة القومیة الکردیة ، دار النهار للنشر، (بیروت، ١٩٧٣)، ص٩٦.

(٦٤) کۆمەڵێـک هـۆکار و پاڵنـەری سیاسـی ناوخۆیـی و نێودەوڵەتـی لـە پشـت واژۆکردنـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە هەبـووە، بـۆ وردەکاری لـەو بارەیـەوە بڕوانـە: سـەعد ناجـی جـەواد، س. پ، ل١٥١ و دواتـر. ئەدمـۆن غەریـب، س. پ، ٩٦-١٠٧.

(٦٥) ئەنـوەر عەبـدوڵڵا: کاتێـک قوتابـی بـووە لـە بەشـی ئابـووری کۆلێـژی کارگێـڕی و ئابووریـی زانکـۆی موسـڵ، سـەرۆکی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان بـووە.

(٦٦) ئەنوەر عەبدوڵڵا ، س. پ، ل٤٨.

(٦٧) دیدارێك لەگەڵیدا لە هەولێر ڕۆژی ٢٨/ ١١/ ٢٠٠٧.

(٦٨) شێرکۆ فەتحوڵڵا عومەر ، س. پ، ل٢١٦.

(٦٩) ڕەنـج نـوری شـاوەیس: ئەندامـی سـکرتاریەتی یەکێتیـی بـوو، کاتێـك قوتابـی بـوو لـە کۆلێـژی پزیشـکیی زانکـۆی مووسـڵ.

(٧٠) قـادر حەمـەد ئەمیـن: سـاڵی ١٩٤٦ لـە شـاری هەولێـر لەدایـک بـووە، قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەنــدی لــەوێ تەواوکــردووە، دواتــر پەیوەنــدی بــە بەشــی کوردیــی کۆلێــژی ئادابــی زانکـۆی بەغـدا کـردووە و لـە سـاڵی ١٩٧٠ دەرچـووە، بووەتـە سـکرتێری یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان، ئێسـتا لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا نیشـتەجێیە. دیدارێـك کـە توێـژەر لەگەڵیـدا لـە هەولێـر سـازی کـردووە.

(٧١) عـادل فـازڵ لەیلانـی: قوتابـی بـووە لـە بەشـی ئامـاری کۆلێـژی ئابـووری و زانسـتە سیاسـییەکانی زانکـۆی مووسـڵ.

(٧٢) جـەلال سـەلیم خۆشـناو: قوتابـی بـووە لـە بەشـی کارەبـای کۆلێـژی ئەندازیاریـی تەکنەلۆجیـی زانکـۆی بەغدا.

(٧٣) فەریدون عوسمان: قوتابی بووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا.

(٧٤) جەواد مەحموود شێروانی: قوتابی بووە لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا.

(٧٥) فەرهـاد عەونـی: قوتابـی بـووە لـە بەشـی ئابووریـی کۆلێـژی ئابووری و زانسـتە سیاسـییەکانی زانکـۆی بەغدا.

(٧٦) فرهـاد عـوني، ذكريـات عـن ايـام عشـناها في بغـداد قبـل اعلان اتفاقيـة ١١ اذار ١٩٧٠، گـولان العـربي (مجلـة)، العـدد (١٦)، أربيـل، ٢٥ أيلـول ١٩٩٧، ص٥٦-٥٧.

(٧٧) ئەنوەر عەبدوڵڵا ، س. پ، ل٤٧-٤٨.

(٧٨) مەکتەبــی ســکرتاریەتی یەکێتــی پێکهاتبــوو لــە: ئەنــوەر عەبــدوڵڵا ســەرۆکی یەکێتــی

وعەبدولکەریم حەسەن جێگری سەرۆکی یەکێتی وعەبدولقادر محەمەد ئەمین سکرتێر ئەندامێتی هەر یەك لە: حەمە زیاد ئیسماعیل – نەوزاد محەمەد عەلی – جەلال حەکیم – مەحموود زامدار، بڕوانە: ئەنوەر عەبدوڵلا ، س. پ، ل٤٨؛ دیدارێك لەگەڵ عەبدولقادر محەمەد ئەمین لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٨/ ١١/ ٢٠٠٧.

(٧٩) فرهاد عوني، ذكريات عن ايام ..، ص٥٦-٥٧ ؛ ئەنوەر عەبدوڵلا ، س. پ ، ل٤٨.

(٨٠) نجاه یاسین خورشید، اتحاد طلبة کوردستان في جامعة البصرة قبل وبعد ١٩٧٠ گولان العربي (مجلة)، العدد (٢١) أربيل ٢٥/ ٢/ ١٩٩٨، ص٥٠.

(٨١) چاوپێکەوتنێک لەگەڵ جەلال سەلیم خۆشناو لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١٢/٣١، کە سامان کەریم مەحموود ئەنجامی داوە و ئەویش ڕێگەی بە توێژەر داوە، بەکاریبهێنێت. جەلال سەلیم خۆشناو لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چالاک بوو و لە ساڵی ١٩٧٢ بوو بە سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. ئەنوەر عەبدوڵلا، س. پ، ل ٤٨؛ فەرهاد عەونی، فرهاد عوني ، ذكريات عن ايام ...، ص٥٨.

(٨٢) عبدالهادي رحمان سليمان، إضافة اخرى إلى خزين الذاكرة ، گولان العربي (مجلة)، العدد (٢٠)، أربيل، ٢٥ كانون الثاني ١٩٩٨، ص٦٢-٦٣؛ محمد أمين عبدالكريم كوڤلي، اتحاد طلبة كوردستان – نينوى ١٩٧٠- ١٩٧١، گولان العربي (مجلة)، العدد (٢٨)، أربيل، ٢٥ أيلول ١٩٩٨، ص٤٥ .

(٨٣) فرهاد عوني ، ذكريات عن ايام ..، ص٥٩.

(٨٤) دیدارێک لەگەڵ سەعدی ئەحمەد پیرە لە هەولێر لە ڕۆژی٢٠٠٦/١١/٢٨، لە شاری هەولێر لە دایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و خوێندنی زانکۆی لە نەمسا تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٦٧ەوە سەر بە بزووتنەوەی قوتابیان بووە و لە ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ بووەتە بەرپرسی لقی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (باڵی لایەنگری بارزانی) لە دواناوەندیی هەولێر، ئێستا ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و لە شاری هەولێر نیشتەجێیە. دیدارێك لەگەڵ تاریق محەمەد جامباز لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٢٣.

(٨٥) دیدارێك لەگەڵ کەمال حەسەن چاومار لە هەولێر ڕۆژی ٢٤/ ١/ ٢٠٠٧.

(٨٦) بڕوانە بڕگەی(ب) لە بەندی سێی ڕێککەوتننامەکە لە: خالید خالید کوجي ، كيف تعالج الدساتير العراقية الحقوق القومية للشعب الكردي/ دراسة مقارنة بين النظرية والتطبيق، ط١، (ستكهولم، ١٩٩٠)، ص١٣٢-١٣٣.

(٨٧) بڕگەی(ج) لە بەندی سێ ، هـ.س، ل١٣٣.

(٨٨) كمال محمد نجيب العبيدي ، عيد السلام، ج١، مطبعة الامة، ط١، (بغداد، ١٩٧٠)، ص١٩.

(٨٩) مديرية الاعلام العامة، وزارة الاعلام ، منجزات الثورة في عامها الثالث، مطبعة الجمهورية، (بغداد، لا. س)، ص٣٦١.

(٩٠) بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووەم ...، ل١٥٦.

(٩١) لەجیاتی ئەوان واژۆیان کرد: محمد عبدالكريم ومحمد شكر وعبدالهادي، بڕوانە: خەبات، العدد (١١٨)، ١٣ كانون الاول ١٩٥٩، ص٤.

(٩٢) واژۆکاران (١٠) قوتابی بوون، ئەوانەی واژۆیان کرد: ارشد النقشبندي وغازي عبدالحميد النجاري، بڕوانە: خەبات ، العدد (١١٢)، ٣ كانون الاول ١٩٥٩، ص٤.

(٩٣) خەبات، العدد (١٢٠)، ١٥ كانون الاول ١٩٥٩، ص٥.

(٩٤) خەبات، العدد (١٢١)، ١٦ كانون الاول ١٩٥٩، ص٤.

(٩٥) خەبات، العدد (١٢٤)، ٢٠ كانون الاول ١٩٥٩، ص٥.

(٩٦) خەبات ، العدد (١٢٩)، ٢٤ كانون الاول ١٩٥٩، ص٧.

(٩٧) خەبات ، العدد (١٣٣)، ٢٩ كانون الاول ١٩٥٩، ص٥.

(٩٨) بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی سێیەم ...، ل١٠٧-١٠٨.

(٩٩) سامان کەریم مەحموود ، س. پ، ل٧٣.

(١٠٠) ی. ق. ل. د. ك. ع ، کورتییەك لە ...، ل٤١-٤٤ ؛ ساسان عەونی ، س. پ، ل٢٥-٢٦ ؛ لوقمان غەریب ، س. پ، ل٦٥-٦٦.

# تەوەری دووەم

## بزووتنەوەی قوتابیانی کورد و ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراقی و عەرەبی

### أ. عێراقی

### ١. جووڵانەوەی مایسی ١٩٤١

تاقمـە نەتەوەپەرسـتەکانی عـەرەب بـە هـەردوو جۆریانـەوە، سـەربازی و مەدەنـی، لـە پێشـەوەیان ڕەشـید عالـی گەیلانـی و عەقیـد سـەڵاحەدین ئەلسـەباغ و گرووپـە سـەربازییەکەی و محەمـەد یونـس ئەلسـەبعاوی بـە پاڵپشـتیی پەنابـەرە فەلەسـتینییەکان، لـە پێشـەوەیان موفتـی قـودس محەمـەد ئەمیـن ئەلحوسـێنی و بـە هاوپەیمانیـی نهێنـی لەگـەڵ زلهێزەکانـی میحـوەر - بـە تایبـەت ئیتاڵیـا و ئەڵمانیـا – توانیـان لـە شـەوی ٢/١ی مایسـی سـاڵی ١٩٤١[١] کودەتایەکـی سـەربازی ئەنجـام بـدەن، کـە حکومەتـی تەهـا ئەلهاشـمی ڕووخانـد، پاشـان کودەتاچییـەکان پەرلەمانێکـی نوێیـان هەڵبـژارد و، شـازادە عەبدولئیلایـان لـە سـەرۆکایەتی تەخـت دوورخسـتەوە و (ئەلشـەریف شـەرەف) یـان لەجیاتـی ئـەو هەڵبـژارد. لـەم ئەنجومەنـەدا کۆمەڵێـک نوێنـەری کـورد هەبـوون کـە ئەوانیـش لـەم ئەرکـەدا بەشـدار بـوون و، ڕەشـید عالـی گەیلانـی بـە سـەرۆکی حکومەتـی نـوێ هەڵبژێـردرا. لـە کۆتاییـدا مانـۆڕە دیپلۆماسـییەکانی نێـوان ئـەم حکومەتـە و حکومەتـی بەریتانیـا گـۆڕا بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی سـەربازی بـۆ مـاوەی چـوار هەفتـە (٢-٢٩ی مایسـی ١٩٤١)، کـە لـەم ماوەیـەدا کودەتاچییـەکان دروشـمی ڕزگارکردنـی عێراقیـان لـە ژێـر هەژموونـی بەریتانیـا و سـەربەخۆیی وڵاتانـی عەرەبـی کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی کۆلۆنیالیزمـدا دەناڵێنـن، بەرزکـردەوە[٢].

جووڵانـەوەی مایـس لـە ناوچـە جیاجیاکانـی عێـراق پاڵپشـتییەکی زۆری جەمـاوەری بەدەسـتهێنا[٣] و توانـی جەمـاوەر بـۆ چالاکیـی سیاسـی ڕابکێشـێت و ئامادەیـی خۆیـان بـۆ پشـتیوانی و پاڵپشـتی پیشـان بـدەن[٤] قوتابیـان بـە گشـتی ڕۆڵ و پێگەیـان لـە جووڵانەوەکـەدا هەبـوو، قوتابیـان بـە هـۆی ڕق و کینەیـان لەهەمبـەر داگیرکاریـی

بەریتانیا و ئاواتەکانیان بۆ ڕزگاریی نیشتمانی پشتگیرییان کرد، بەشێک لە قوتابیانی کورد کە لە پەیمانگە و کۆلێژەکانی بەغدا و هەندێك لەوانەی لە قوتابخانەکانی کوردستانیش دەیانخوێند، پشتگیریان کرد. ئەو ڕۆڵە بریتی بوو لە پاڵپشتی و بەشداریکردن، ژمارەیەک قوتابیی کورد بروسکەیەکی پشتیوانییان بۆ سەرۆک وەزیران نارد، دەقەکەی لە ڕۆژنامەی (العالم العربي) لە ژمارەی ڕۆژی ١٢ی مایسی ١٩٤١دا بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی بروسکەی "قوتابیانی کورد لە پەیمانگە باڵاکانی بەغدا"، کە ئەمە ناو و واژۆیانە: بەهائەددین قوتب، ئەنوەر جاف، ئەمین عەبدولکەریم، هاشم عومەر بەرزنجی، فایەق تۆفیق، مەزهەر قەرەداغی، مەعروف عەبدوڵڵا، بایز دزەیی، هادی ڕەشید چاوشلی[٥]، موعەتەسەم دەباغ، بورهان جاف، فەیسەڵ ئەحمەد عوسمان، نامیق نادر، ئیبراهیم دزەیی، فەتاح مەحموود، جەمال میرزا، فەتاح حاجی شەریف، نووری کاکە حەمە (نووری غەربی)، و جەلیل ئەسکەندەر[٦].

هەروەها قوتابیانی کورد لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی بەغدا بەشداریی خۆپیشاندانەکانیان کرد، دواتر پارەیان کۆکردەوە و ناوی خۆیان تۆمارکرد بۆ خۆبەخشی و هەڵگرتنی چەک[٧]، هەروەها پەیوەندیان کرد بە "کەتیبەکانی نەوجەوانان" و "دیدەوانی"، کە پێکهاتبوون لە تیمی تایبەت بۆ بەرگری نەرێنی. سەبارەت بەم بابەتە؛ هادی ڕەشید چاوشلی کە ئەوکات قوتابیی قۆناغی دووەمی کۆلێژی ماف بوو، دەڵێت: "ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ دوای هەڵگیرسانی شۆڕش [واتە جووڵانەوەی مایس]، ئاگادارکراینەوە کە پێویستە سەرجەم قوتابیانی کۆلێژی ماف بێینە ڕیز کەتیبەکانی لاوان[٨].

هەندێک ئەفسەر لەو ڕۆژەدا هاتبوون لە حەوشەیەکدا مەشقمان پێبکەن، کە دەکەوتە پشت بینای کۆلێژەکە لە ناوچەی بابولموعەززەم. هەفتەیەک مەشقمان تەواو نەکردبوو، ئەوە بوو لەلایەن ڕاگری کۆلێژەوە ئاگادارکراینەوە کە هەڵوەشاوەتەوە، داوا لە قوتابیان کرا بگەڕێنەوە شارەکانیان، تا گوێیان لە پەیوەندییەک نەبێت لە ڕادیۆوە کە بانگهێشتیان بکەن بۆ ئەوەی جارێکی دی ئینجا بەشداریی مەشقەکە بکەنەوە... قوتابییەکان لەو کارە نیگەران بوون، چونکە دەرفەتیان نەبوو بەشداری لەو بزووتنەوە نیشتمانییەدا بکەن[٩].

شـــایانی باســـە؛ قوتابیانـــی خانـــەی گوندانـــەی مامۆســـتایان لەگـــەڵ گرووپـــی قوتابیانـــی عێراقـــی (مەیلـــی نەتەوەیـــی) پاڵپشـــتیی بزووتنـــەوەی مایســـیان دەکـــرد و ئـەم هەڵوێستەشـیان لـە دوژمنایەتیـی داگیرکاریـی ئینگلیـزەوە سـەرچاوەی گرتبـوو[١٠]. هەروەهـا خۆپیشـاندانی گـەورەی قوتابیانـی کـورد لـە بەشـێک لـە قوتابخانەکانـی کوردســتان دەســتی پێکــرد، تێیــدا ئیدانــەی داگیرکارییــان دەکــرد، بــە گوتنــەوەی دروشــمی دژ بــە داگیــرکار و پشــتگیریی بزووتنەوەکــە[١١].

کاتێـک سـوپای عێـراق و بەریتانیـا بەریەککەوتـن، قوتابیـان لـە کۆلێـژ و پەیمانگەکانـی بەغــداد بــە جــۆش و خــرۆش و هەســتی نیشــتمانپەروەرییەوە دژ بــە بەریتانیــا جووڵانـەوە و ژمارەیـان وردە وردە لـە پابەندبـوون بـە دەوام کـەم بـووەوە[١٢] بەهـۆی پەیوەسـتبوونیان بـە کەتیبەکانـی نەوجەوانـان و لاوان، زۆربەیـان چەکیـان هەڵگـرت، بـۆ ئـەوەی شانبەشـانی سـوپای عێـراق بـوەستن و کار بـۆ چەسـپاندنی ئاسایشـی ناوخـۆ و دڵنەوایـی برینـدارەکان بکـەن و ئەرکـی دیکـەش جێبەجـێ بکـەن[١٣].

کاتێـک جووڵانەوەکـە شکسـتی هێنـا و زۆربەی سـەرکردەکانی لە عێـراق هەڵهاتن، دوای گەڕانـەوەی وەسـی عەبدولئیلا بـۆ بەغـدا، حکومـەت کاری بـۆ گەڕاندنـەوەی ئاسـایش کرد، هەربۆیـە دەزگای ئاسایشـی ناوخـۆ پێکهێنرا، کـە بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی کەتیبەکانـی لاوانـی دا، داوای کـرد هەمـوو ئەوانـەی سـەر بـەو کەتیبانـە بـوون، چـەک و ئامێرەکانیـان ڕادەسـتی نزیکتریـن بنکـەی پۆلیـس بکـەن و بگەڕێنـەوە بـۆ لەبەرکردنـی جـل و بەرگـی ئاسـایی خۆیـان[١٤]. هەروەهـا حکومـەت ژمارەیـەك قوتابـی دەسـتگیرکردن و بـە تۆمەتـی پێکهێنانـی بانـدی چەکـداری بـۆ ڕووخانـی ڕژێمـی حوکـم، زیندانـی کـردن[١٥].

سـەرەڕای کۆتایـی هاتنـی جووڵانەوەکـە، لـە ڕۆژانـی ١-٢ی حوزەیـران، بەشـێک لـە قوتابیـان لـە ژێـر ئـاڵای کەتیبەکانـی لاوان بەرەنـگاری هێزەکانـی بەریتانیـا بوونـەوە و خەڵکیـان بـۆ یاخیبـوون هـان دا و دروشـمیان بـۆ ڕووخانـی وەسـی (عەبدوئـیلا) دەگوتـەوە، قوتابییـە نەتەوەپەرستەکان(شـۆفینیانی عـەرەب) تاوانـی کـوشتن و تیرۆریان دژی دانیشـتوانی جـوو ئەنجامـدا، هەروەهـا دوکانەکانیـان تـاڵان کـردن، لیژنەکانـی لێکۆڵینـەوە لـە ڕاپۆرتەکانیانـدا سـەبارەت بـە هـۆکاری ئـەو ڕووداوانە ڕایانگەیانـد، لەژێر سـەری کەتیبەکانـی لاوانـەوە بـووە، کـە خەڵـک بـۆ ئـاژاوە و تـاڵان و بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدە دژ بـە جـوو هانـدەدەن، بـەو نـاوەی ئـەوان بەکرێگیـراوی بەریتانیـان[١٦].

سـەرەڕای ئـەو پشـتیوانییەی جووڵانـەوەی مایـس لـە نێـو بەشـێک لـە قوتابیـان و چیـن و توێژەکانـی دیکـەی کۆمەڵگـەی کوردیـدا بەدەسـتی هێنابـوو، بـەڵام گرنگـی بـە پرسـی کـورد نـەدا و پاڵپشـتیی قوتابیانیـش بـۆ ئـەو جووڵانەوەیـە، لـە سـۆنگەی دوژمنایەتیـی ئینگلیزەکانـەوە بـوو، چونکـە قوتابیانـی کـورد لـە قوتابخانـە و کۆلێـژەکان ئـاگاداری بۆچـوون و ئاراسـتەی سـەرکردەکانی بزووتنـەوەی نازیـزم و بیرکردنـەوە خراپەکەیـان بـوون بەرامبـەر بـە کـورد(١٧).

لـە لایەکـی دیکـەوە؛ هەڵوێسـتی قوتابیانـی کـورد هەبـوو کـە دژایەتیـی ئـەو جووڵانەوەیەیـان دەکـرد، یـان لانیکـەم پشـتیوانییان لـێ نەدەکـرد، وەک ساڵح حەیـدەری کـە ئـەوکات قوتابیـی کۆلێـژی مـاف بـوو لـە بەغـدا دەڵێـت: "سـەرەڕای دوژمنایەتـیمان، ئێمـەی قوتابیـی کـورد بەرامبـەر بـە ئینگلیـز، نەماندەویسـت جووڵانەوەکـەی ڕەشـید عالـی سـەربکەوێت، چونکـە سـەرکردەکانی جووڵانەوەکـە دوژمنایەتـی و ڕەگەزپەرسـتییان بەرامبـەر کـورد نەدەشـاردەوە"(١٨).

هەڵوێسـتی قوتابیانـی کـورد لـە نێـوان لایەنگـران و نەیارانـی جووڵانـەوەی مایـس، لـە جیاوازیـی ئاراسـتە فیکرییەکانـی خـودی قوتابیانـی کوردەوە سـەرچاوە دەگرێـت، نابـێ هۆشـیاریی گشـتیی نەتەوەیـی لەسـەر بنەمـای دژایەتیـی کۆلۆنیالیـزم و دوژمنایەتییەکـەی لەبیـر بکەیـن، کـە لەنێـو جەمـاوەری قوتابیـان لـە سەرتاسـەری عێراقـدا بـاو بـوو، جگـە لـەو مەیلـە چەپگەراییانـەی قوتابیانـی کـورد پێـی کاریگـەر بـوون.

هەروەهـا هەندێکـی دیکـە ناچـار بـوون هەڵوێسـتی پشـتیوانیان بگرنەبـەر، چونکـە ئـەوان لـە پەیمانگـە و کۆلێژەکانـی بەغـدا لەگـەڵ قوتابیانـی دیکـە بـە ئاراسـتەی جیـاواز دەیانخوێنـد و سیسـتەمی نەوجەوانـان ئەوانیشـی دەگرتـەوە، بۆیـە ناچـار بـوون پشـتگیریی جووڵانەوەکـە بکـەن. لـە هەمـووی گرنـگتر؛ کـورد بـە گشـتی هەڵوێسـتی ئینگلیزیـان بەرامبـەر بـە پرسـی کـورد لەبیـر نەکـرد، بۆیـە پێدەچێـت هەندێـک کـورد هەڵوێسـتی دژە بەریتانیایـان هەبووبێـت، بەهـۆی هەڵوێسـتی نەرێنـی و دوژمنکارانـەی بەریتانیـا بەرامبـەر بـە دۆزی خۆیـان، نـەک بـۆ پشـتیوانیکردن لـە خـودی جووڵانـەوەی مایـس.

## ٢. هەڵوێست لەهەمبەر ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨

کابینـە وەزاریەکـەی سـاڵح جەبـر لـە ٢٩ی ئـازاری ١٩٤٧ پێکهـێنرا، لەنێـو کارنامـەی سیاسـەتی دەرەکیـدا، کارکـردن بـوو بـۆ هەموارکردنـەوەی پەیماننامـەی عێـراق و بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٩٣٠، لەسـەر بنەمـای دەسـتەبەرکردنی بەرژەوەندیـی هاوبـەش. بـۆ ئەمـەش دوو شـاند بـۆ نوێنەرایەتیکردنـی هـەردوو وڵات پێکهـێنران و زنجیرەیـەک دانوسـتان بـە نهێنـی لەنێـوان عێـراق و بەریتانیـا لـە هـەردوو پایتەخـت، بەغـدا و لەنـدەن ئەنجامـدران[١٩]. واژۆکردنـی پەیماننامـەی عێـراق و بەریتانیـا نـاسراو بـە پەیماننامـەی پۆرتسمۆسـی لـێ هاتـە بەرهـەم[٢٠] لـە ١٥ی ١ی ١٩٤٨ لـە نێـوان شـاندی عێـراق کـە پێکهاتبـوو لـە: سـەرۆک وەزیـران سـاڵح جەبـر، نـوری سـەعید، تۆفیـق سـویدی، فـازڵ ئەلجەمالـی[٢١] و، شـاندی بەریتانیـا بـە سـەرۆکایەتیی وەزیـری دەرەوەی وڵاتەکـەی ئێرنسـت بیڤیـن[٢٢]. پەیماننامەکـە و بڕگەکانـی مایـەی ڕەزامەندیـی عێراقییـەکان نەبـوون، هەرچەنـدە هەندێـک بڕگـەی لـە بەرژەوەندیـی عێراقـدا بـوو[٢٣]، هێـزە نیشـتمانییەکانیش بـە توندتـر لـە پەیماننامـەی پێشـوو وەسـفیان کـرد.

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی دانوسـتانەکان بـۆ واژۆکردنـی پەیماننامەکـە و لێدوانەکانـی هاوپێـچ لەلایـەن بەرپرسـانی عێراقـی، بەتایبـەت لێدوانەکانـی فازیـل جەمالـی وەزیـری دەرەوەی عێـراق لـە لەنـدەن[٢٤]، کـە نارەزایـی ڕای گشـتی عێراقـی زیاتـر کـرد، ئەمـەش وایکـرد قوتابیـان جووڵـە بکـەن،[٢٥] بۆیـە لـە وەڵامـی بڕیـاری قوتابیانـی پەیمانگـە و کۆلێـژەکان کـە لـە ٤ی ١ی ١٩٤٨ درا،[٢٦] قوتابیانـی کۆلێـژی مـاف بـە سـەرۆکایەتیی عومـەر مسـتەفا محەمـەد ئەمیـن (عومـەر دەبابـە)[٢٧] و عەدنـان فەرهـاد، موتـاع ئەلخزێـری، نـادر شـێخ خەزعـەل، مسـتەفا ئەلواعیـز و مەحمـوود حیلمـی، ڕۆژی دواتـر (واتـە لـە ٥ی کانوونـی دووەم)، قوتابیانـی قوتابخانـەی دواناوەندیـی کـەرخ و قوتابیانـی قوتابخانەکانـی ناوچـەی ئەعزەمیـە پەیوەندییـان پێـوە کـرد[٢٨]. هـەر زوو جووڵانـەوەی قوتابیـان لـە هەمـوو ناوچەکانـی عێراقـدا بڵاوبـووەوە و بـە خێراییەکـی زۆرەوە پـەرەی سـەند و، گرووپـە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکەشـی گرتـەوە. خۆپیشـاندەران هەموویـان دروشـمی "بڕوخێـت کۆلۆنیالیـزم و بڕوخێـت پەیماننامـەی بیڤن-جەبـر[٢٩] بڕوخێـت خیانەتـکاران، بەکرێگیراوانـی کۆلۆنیالیـزم !...بـژی ئـازادی و دیموکراسـی!" یـان دەوتـەوە[٣٠].

ئێمە بەدوای ڕاپەڕی(وەسبە)دا ناگەڕێین بە هەموو وردەکارییەکانیەوە[٣١]، بەڵکو لە دیارکردنی هەڵوێست و ڕۆڵی بزووتنەوەی قوتابیانی کورددایین سەبارەت بە ڕاپەڕین(وەسبە) لە چوارچێوەی گشتیی خۆیدا.

قوتابیانی کورد ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە دەستپێکردنی یەکەمین خۆپیشاندان کە لە کۆلێژی مافەوە دەستی پێکرد. قوتابی عومەر دەبابە لە کۆلێژی ماف قوتابیانی کوردی لە پەیمانگە و کۆلێژەکان ڕێکخست و ڕێککەوتن کە دروشمی "بژی برایەتیی کورد وعەرەب" بڵێنەوە. لە کۆلێژی مافەوە لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە بەرێکەوتن و لە سەرکردەکانی دیکەی خۆپیشاندانەکەش لە قوتابیانی کورد، لەپاڵ عومەر دەبابە، تاهیر هەناری (کە هاوکات خەڵکی کۆیە) بوو، بەرەو بابولموعەززەم ڕۆیشتن و، غەفوور ڕەشید دارا ئاغا قوتابیی کۆلێژی ئەندازیاری هاتە ناویانەوە، پۆلیس ڕووبەڕوویان بووەوە[٣٢]. پاشان خۆپیشاندانەکە بەرەو ئەنجومەنی نەتەوە(مجلس الامة) ڕۆیشت و لەبەردەم ئەنجومەندا خۆپیشاندەران عومەر دەبابەیان خستە سەر شانیان، کە بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری دەکرد: ئەی ئەنجومەن نوێنەرەکانتان بە ئیرادەی خەڵک نەهاتوون، بەڵکو نوری ئەلسەعید بە هەڵبژاردنە ساختەکراوەکانەوە بۆی هێناون و ئێوەش نوێنەرایەتیی خەڵک ناکەن، ئەو وەزارەتەی کە لە ئەنجومەنەکەتەوە سەریهەڵدا، وەزارەتێکە کە لەلایەن گەلەوە دانپێدانەنراوە"[٣٣].

شایانی باسە بەرپابوونی ڕاپەڕین (وەسبە) لە ئەنجامی ڕێکخستنێکی پێشووی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە، بەڵکو بە دەستپێشخەریی قوتابیان بووە، مانگرتن و خۆپیشاندانەکانیان گەواهیی ئەوەن و هۆکاری ئەمەش ئەوەیە قوتابیان زیاتر ئاوێتەی دۆخی سیاسی بوون. هەروەها ئەو مامەڵە خراپەی دەسەڵاتداران لەگەڵ قوتابیاندا کاریگەریی هەبووە لە زیادکردنی گرژییەکان و بەشداریی جەماوەر و توێژەکانی دیکە، کە ڕۆژنامە و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان گرتیانە ئەستۆ، چونکە گوزارشتی لە خواست و داواکارییە سیاسییەکانیان دەکرد[٣٤]، دەکرێ لەسەر ئەو بنەمایە بڵێین: ڕۆڵی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان تێیدا دوای پەرەسەندنی ڕاپەڕینەکە هاتە ئاراوە.

لـە ١٦ی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٨، دوای ئـەوەی ڕۆژنامـە بەریتانیاییـەکان دەقەکانـی پەیماننامەکەیـان بڵاوکـردەوە و ڕۆژنامـە عێراقییـەکان وەریانگێـڕان و بڵاویانکردنـەوە[٣٥]، لەلایـەن ناوەندەکانـی عێـراق و لایەنـە سیاسـییەکانی ئـەوکات لێکۆڵینەوەیـان لەبـارەوە کـرا. بەیاننامەیەکـی تونـد و ڕەخنەئامێزیـان دەرکـرد[٣٦]، کـە بـووە هـۆی زیادبوونـی تووڕەیـی خەڵـک بەتایبەتیـش قوتابیـان، ئەمـەش تەنیـا بەغـدای نەگرتبـووەوە، بەڵکـو پـەرەی سـەند، تـا بەشـەکانی دیکـەی عێراقیـش بگرێتـەوە، بـە شـارەکانی کوردستانیشـەوە، کـە خۆپیشـاندەران داوای ڕەتکردنـەوەی پەیماننامەکـە و ڕووخاندنـی حکومەتـی سـاڵح جەبریـان دەکـرد[٣٧]. سـەرلەنوێ خۆپیشـاندانەکە لـە کۆلێـژی مافـەوە دەسـتی پێکـرد و بـەردەوام بـوو بـەرەو کۆلێژەکانـی پزیشـکی و دەرمانسـازی و ئەندازیـاری و خانـەی بـاڵای مامۆسـتایان و، بـە درێژایـی مانگـی کانوونـی دووەم هـەر بـەردەوام بـوو، توندوتیژتریـن خۆپیشـاندانیش لـە ٢٧ی کانوونـی دووەمـی/١٩٤٨ بـوو، کـە قوتابیانـی کـورد بـە جیاوازیـی بۆچوونـە فیکـری و سیاسـییەکان بەشـدارییان تێـدا کـرد، لـە ڕێگـەی لیژنـەی قوتابیانـی کۆلێـژ و پەیمانگەکانـەوە ڕۆڵێکـی چالاکیـان گێـڕا[٣٨]، ژمارەیەکـی زۆری قوتابیـان کـوژران یـان برینداربـوون[٣٩]، سـەرچاوەکان جیـاوازن لـە دیاریکردنـی ژمـارەی کـوژراو و برینـدارەکان، سـەرچاوەیەک بـە (٢٨) کـوژراو دیاریکـردووە و دەڵێـت: "لـە دوایيـن خۆپیشـاندانی ٢٧ی کانوونـی دووەم (١١) خۆپیشـاندەر کـوژراون، بـە پێـی ڕاپۆرتـە فەرمییـەکان پاڵپشـت بـە بەڵگەنامـە فەرمییـەکان" کـە لـە نەخۆشـخانەکان دەرچـوون، جگـە لـە (١٧) کـوژراو لـە ڕۆژانـی پێشـوو، بـەڵام ژمـارەی برینـدارەکان زۆر بـوو[٤٠]، توێژەرێکـی دیکـە ژمـارەی کـوژراو و برینـداری لـە خۆپیشـاندەرانی ٢٧ی کانوونـی دووەم بـە (٣٠٠-٤٠٠) کـەس دیاریکـردووە. [٤١] لـە سـەرچاوەیەکی دیکەیشـدا ژمـارەی کـوژراوان بـە نزیکـەی (١٠٠) کـوژراو و ژمارەیەکـی زۆر برینـدار مەزەنـدە کـراوە[٤٢]، لـە نێـو ئـەو قوتابییـە کوردانـەی کـوژراون و برینـدار بـوون: (حسـێن عەلـی)، و کچێکـی کـورد کـە نەمتوانـی نـاوی بزانـم، هەروەهـا عومـەر مسـتەفا (عومـەر دەبابـە) برینـدار بـوو، کـە ڕۆڵـی سـەرکردایەتی لـە خۆپیشـاندانە گەورەکانـی بەغـدادا بینـی کـە پێـشتر ئاماژەمـان پێکـرد[٤٣].

شـایانی باسـە پارتـی دیموکراتـی کورد(پارتـی) لەگـەڵ حزبـە ئۆپۆزسـیۆنەکانی دیکـەی عێـراق؛ لـە ڕێگـەی لیژنـەی هاریکاریـی نیشـتمانی[٤٤] بـۆ سەرپەرشـتیکردنی

خۆپیشـــاندانەکانی قوتابیـــان لـــە ڕووداوەکانـــی ڕاپەڕین(وەســـبە) بەشـــداریان کـــرد. هەروەهـا لیژنەیەکـی هاریکاریـی قوتابیـان وەکـو پاشـکۆیەك بـۆ "لیژنـەی هـاوکاری"، پێکهـات کـە ئەرکـی هەماهەنگیکردنـی چالاکیـی قوتابیـان بـوو، ئەوانـەی ئاراسـتە و بۆچوونـی نیشـتمانیان هەبـوو، لەوانـەی سـەر بـە حزبـە ئاشـکرا و نهێنییـەکان بـوون و، قوتابیانـی کـورد لـە لایەنگـران و ئەندامانـی هـەر دوو حـزب پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعیی عێراقـی بەشـدارییان تێـدا کرد[٤٥].هەروەهـا پارتـی ڕۆڵـی شـاردنەوەی بەشـێکی قوتابیانـی کـوردی بەشـداربووی خۆپیشـاندانەکانی بینـی، دوور لـە دەزگا ئەمنییەکانـی دەوڵـەت کـە بەدوایانـدا دەگـەڕان و هەراسـانیان دەکـردن[٤٦].

ڕۆڵـی قوتابیانـی کـورد لـە ڕاپەڕینەکـەدا تەنیـا لـە شـاری بەغـدا نەبـوو[٤٧]، بەڵکـو زۆربـەی شـارەکانی کوردستانیشـی لەخۆگرتبـوو، لـە ئینسـکلۆپیدیای نهێنیـی حزبـی شـیوعیدا...، زانیـاری هاتـووە کـە لـە شـایەتحاڵییەکدا خرایـە ڕوو سـەبارەت بـە بەشـداریی قوتابیانـی کـورد لـە ڕاپەڕینـی ناوبـراودا: پێـشتر باسـی ڕۆڵـی ئەوانمـان کـرد، تێیـدا هاتبـوو: "لـە کەرکـووك قوتابیـان خۆپیشـاندانیان سـازکردبوو، لەگـەڵ کۆبوونەوەیەکـی ماتەمگێـڕی، تێیـدا موکـەڕەم تاڵەبانـی وتـاری خوێنـدەوە، هەروەهـا لـە هەولێـر و سـلێمانی بـۆ هەمـان مەبەسـت خۆپیشـاندان سـازکرا[٤٨]. لـە سـلێمانی قوتابییـەك بـە نـاوی ئەکـرەم لـە دواناوەندیـی سـلێمانی بـووە، سـەرۆکی یەکێتیـی قوتابیـان بـوو، لـەو کۆبوونەوانـەدا قسـەی کـرد کـە لـەوێ سـازکران، بەتایبەتـی لـە کۆبوونـەوە ماتەمگێڕییەکانـدا[٤٩].

قوتابیانـی هەولێریـش لـە خۆپیشـاندانەکانی کانوونـی دووەمـدا بەشـداربوون، لـەم ڕووەوە موحسـین دزەیـی[٥٠] دەڵێـت: لـە ئاکامـی ڕووداوەکانـی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٨... لـەم قۆناغـەدا لەگـەڵ هاوڕێیانـی قوتابیـم بەشـداریم لـە چالاکییـەکان و ڕێپێـوان و خۆپیشـاندان کـرد، لەبیرمـە لـە ٢٧ی کانونونـی دووەمـی ١٩٤٨، واتـە لـە ڕۆژی وەسـبەدا، خۆپیشـاندانێکی بەرفراوانمـان ڕێکخسـت[٥١].

هەروەهـا ژمارەیەکـی زۆر لـە قوتابیـان و هاووڵاتیـان لـە هەولێـر و سـلێمانی و کۆیـە و زاخـۆ و ناوچەکانی دیکـەوە چوونـە بەغـدا، بـۆ بەشـداریکردن لـە مانگرتـن و خۆپیشـاندانەکانی ڕاپەڕیـن و ژمارەیـان نزیکـەی (٣٠٠) کـەس بـوو[٥٢]. دەتوانیـن نـاوی شـاندی لیـوای هەولێـر بهێنینـەوە کـە ڕەوانـەی بەغـدا کرابـوو، بریتـی

بــوون لــە: جــەلال تاڵەبانــی، عەونــی یوســف، عەلــی فەتــاح دزەیــی، عەبدولخالــق عەلائەدیــن، محەمــەد ئەمیــن قــادر، مەولــود ســاڵح ئەمیــن، جەوهــەر حوســێن مــەلا و ئەوانــی دیکــە (زۆربەیــان قوتابــی بــوون)[٥٣]. بــەم شــێوەیە؛ هەڵوێســتی بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد لــە ڕاپەڕینەکــە، لــە ڕێگــەی بەشــداریی ڕاســتەقینە لــە ڕووداوەکانــی و ســەرکردایەتییەکەیدا ڕوون بــوو و بزووتنەوەکــە دروشــمی خــۆی لــەو خۆپیشــاندانانەدا بەرزدەکــردەوە.

### ٣. ڕاپەڕینی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٢

ڕاپەڕینــی تشرینــی دووەمــی ســاڵی ١٩٥٢ درێژەپێــدەری ڕاپەڕینــی مانگــی کانوونــی دووەمــی ســاڵی ١٩٤٨ بــوو[٥٤] لــە ڕووی هەڵوێســت و ڕۆڵــی قوتابیــان تێیــدا، بەتایبەتــی دوای زیادبوونــی ڕەوتــی چــەپ لای قوتابیــان، بــەو پێیــەی قوتابخانــە و پەیمانگــەکان بووبوونــە "شــوێنی ڕاســتەقینەی لەباوەشــگرتن بــۆ شــۆڕش"[٥٥]، بۆیــە حکومەتــی نــوری ســەعید بــە پێویســتی زانــی بەرەنــگاری پرەنســیپەکانی چــەپ ببێتــەوە لەنێــوان ستافی مامۆســتایان و قوتابیانــی پەیمانگــە زانســتییەکان فەرمانێکــی دەرکــرد بــۆ ســنووردارکردنی چالاکییەکانــی قوتابیــان[٥٦]، دەبێــت بگوترێــت: لــە ســەردەمی کۆمارییــەکان لــە عێراقــدا ئــەم ڕاپەڕینــە نــاوی (ڕۆژی قوتابــی)ی لــێنرا[٥٧].

ســەرەڕای ئــەوەی حکومەتەکانــی عێــراق کردیــان، بــەڵام نەیانتوانــی ســنوورێک بــۆ بزاڤــی قوتابیــان دابنێــن، دوای بڕیــاری ڕاگریەتیــی کۆلێــژی دەرمانســازی و کیمیــا لــە بەغــدا بــۆ هەموارکردنــەوەی پەیــڕەوی ناوخــۆی کۆلێژەکــە، کــە تێیــدا هاتــووە "قوتابیــی کەوتــوو لــە هەندێــک وانــەدا، لــە هەمــوو وانــەکان بــە کەوتــوو دادەنــرێ"[٥٨]. قوتابیــان لــە ٢٦ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٥٢ بڕیاریــان دا مانبگــرن، ئەمــەش وەک ناڕەزایەتییــەک بەرامبــەر بــەو بڕیــارەی ناوبــراو، چونکــە ئــەو هەموارکردنەیــان بــە نادادپەروەرانــە زانــی بەرامبــەر بــە مافەکانیــان، لەبــەر ئــەوەی دەرفەتــی ســەرکەوتنی بەردەمیــان کــەم دەکاتــەوە[٥٩].

مانگرتنەکــە فــراوانتر بــوو و کۆلێژەکانــی دیکــەی گرتــەوە، وەک پزیشــکی، یاســا، کۆلێــژی شــاژنە عالیــە، خانــەی بــاڵای مامۆســتایان، هەروەهــا هەندێــک لــە قوتابخانــە دواناوەندییــەکان و بازرگانــی[٦٠] بڕیــاری مانگرتــن لــە ئەنجامــی گفتوگــۆی گروپــی

نێوان قوتابیـان و دەربڕینـی خواسـتی زۆرینەیـان بـوو. قوتابیـان لیژنەیەکیـان هەڵبـژارد بـۆ سـەرکردایەتیی مانگرتنەکانیـان و ئەنجامدانـی کۆبوونـەوە و دانوسـتان لەگـەڵ فەرمانگەکانـی حکومەتـدا. داواکاریـی سـەرەکییان بریتـی بـوو لـە هەڵوەشـاندنەوەی سیسـتەمی نـوێ و لابردنـی ڕاگـر، لـە ڕاسـتیدا قوتابییـان لـە هەوڵەکانیانـدا سـەرکەوتوو بـوون، بۆیـە مانگرتنەکەیـان ڕاگـرت و لـە ١٩ی تشرینـی دووەمـی ١٩٥٢ەوە دەسـتیان بـە دەوام کـردەوە[٦١].

قوتابیانـــی کـــورد شانبەشـــانی قوتابیانـــی دیکـــە؛ دژی بڕیـــاری هەموارکـــردن وەسـتانەوە و لەگەڵیـان بەشـداربیان لـە مانگرتنەکانـدا کـرد[٦٢]، بـەڵام کۆتایـی هاتنـی مانگرتنەکــە هــاوکات بــوو لەگــەڵ پیلاندانــان بــۆ هێرشــێکی قێــزەون بــۆ ســەر قوتابیانـی کۆلێـژی دەرمانسـازی لـە هەمـان ڕۆژدا(١٩ی کانوونـی دووەم)، کـە هێـرش کرایـە سـەر چـوار قوتابـی، ئەوانـەی پێشـەنگی مانگرتـووەکان بـوون لـە قوتابیانـی کۆلێـژ، ئـەوە بـوو چـوار قوتابییەکـە برینـدار بـوون و گوازرانـەوە بـۆ نەخۆشـخانە، بۆیـە قوتابیانـی کۆلێـژی دەرمانسـازی مانگرتنیـان ڕاگەیانـد و، ڕاگـری کۆلێـژ (د. یەحیا عەونـی ئەلسـافی)یان تۆمەتبـار کـرد بـە ڕێکخسـتنی هێرشـەکە. بـەڵام حکومـەت بەیاننامەیەکـی بڵاوکـردەوە و بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە هـۆکاری ڕووداوەکـە ئــەوە بــووە، کچێکـی قوتابـی بەشـداری نەکـردووە لـەو مانگرتنـەی بـەم دواییـە لـە کۆلێژەکـەدا سـازکرا، کاتێـک مانگرتنەکـە کۆتایـی هـات، بەشـێک لـە قوتابیـان دەسـتیان کـرد بـە سەرزەنشـتکردنی ئـەو کچـە قوتابییـە بەهـۆی ئـەوەی بەشـداری لــە مانگرتنەکــە نەکــردووە، کــە وایکــرد براکــەی و دوو هاوڕێــی بێنــە کۆلێژەکــە و لەگەڵیــان شــەڕ بکــەن، ئــەوە بــوو هەندێکیــان بــە شــێوازی جیــاواز برینــدار بــوون[٦٣]. شـایانی باسـە؛ بەشـێک لـە ڕۆژنامەکانـی عێـراق، وەک (لیـوا ئەلئیسـتقلال) و (ئەلئەهالــی)، پاڵپشــتیی بزووتنــەوەی قوتابیانیــان کــرد و وردەکاریــی تەواویــان سـەبارەت بـە هەندێـك لـە ڕووداوەکانـی خسـتەڕوو، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی ئـەو کەسـانەی چوونەتـە نـاو باڵەخانـەی کۆلێـژی دەرمانسـازی هێرشـیان کـردە سـەر بەشـێک لـە قوتابییـەکان، بـە بیانـووی بەرگریکـردن لـە کچێکـی قوتابـی، چونکـە قوتابیـان بەهـۆی بەشـدارینەکردنی لـە مانگرتنەکـەدا هێرشـیان کردبـووە سـەر[٦٤].

مانگرتنەکـە سـەری هەڵدایـەوە، کـەش و هـەوای تـەواوی قوتابیـان لـە بەغـدا

گــرژی تێکــەوت، گردبوونــەوە و خۆپیشــاندانی بچــووک و گوتنــەوەی دروشــمی لەخۆگرتبــوو، کــە هــەر زوو لــە ٢٠ی تشرینــی دووەمــدا، بــوو بــە خۆپیشــاندانێکی بەرفراوانــی قوتابیــان، لەنێــو ئــەو بڕیارانــەی ئــەو ڕۆژە لــەم گردبوونەوەیــەی قوتابیــان دەرچــوو، ناردنــی یاداشــتێک بــوو، کــە شــاندێکی گــەورەی قوتابیــان بەنــاوی یەکێتیــی گشــتیی قوتابیانــی عێراقــەوە (بــێ مۆڵــەت) بیگەیەننــە بــارەگای حزبــە ئۆپۆزســیۆنەکان و ڕۆژنامــەکان و دەزگا حکومییــە دیاریکــراوەکان[٦٥]. حزبــە سیاســییەکان و قوتابیانــی ســەر بــەوان ئــەم مانگرتــن و خۆپیشــاندانانەیان قۆســتەوە[٦٦]، ئەمــەش وای لــە قوتابیــان کــرد، داواکاریــی نــوێ بــە مۆرکێکــی سیاســییەوە بــەرز بکەنــەوە، بۆیــە خۆپیشــاندانەکان فــراوانتر و توندتــر بــوون[٦٧].

ئــەم مانگرتنانــە مانگرتنــی قوتابیــان بــوون و پاڵنــەری سیاســی نەبــوون لــە ســەرەتای ســەرهەڵدانیان تــا ٢٢ی تشرینــی دووەمــی ١٩٥٢، بــەڵام هەندێــک لــە هێزەکانــی ئۆپۆزســیۆن قۆســتیانەوە و بەمجــۆرە ڕەوتــی مانگرتنەکــە گــۆڕدرا بــۆ ئاراســتەیەکی سیاســی[٦٨] کــە ناتوانرێــت بــەو شــێوەیە هەژمــار بکرێــت. هــەروەك زۆرینــەی ســەرچاوەکان وەک لوتکــەی زنجیرەیەکــی درێژخایەنــی ئــەو مانگرتــن و خۆپیشــاندانانە وەســفیان کــردووە، کــە هێزەکانــی ئۆپۆزســیۆن لــە ســاڵی ١٩٤٨ەوە تــا ئــەو کاتــەی ئــەم خۆپیشــاندانانە لــە تشرینــی دووەمــی ١٩٥٢دا ڕوویانــداوە ســەرکردایەتییان کــردووە، بــەڵام لەهەمانکاتــدا پێویســتە بزووتنــەوەی قوتابیــان لــە ســەرتاپای بزووتنــەوەی نیشــتمانی لــە عێــراق دانەبڕێــت.

ئــەوەی پەیوەســتە بــە ڕۆڵــی قوتابیانــی کــورد لــەو ڕووداوانــەدا، هەندێــك لەوانــەی کــە لەنێــو ئــەم ڕاپەڕینــەدا ژیــاون و بەشــدارییان تێــدا کــردووە، ئــەوە دووپــات دەکەنــەوە، قوتابیانــی کــورد ڕۆڵێکــی دیاریــان لــەم خۆپیشــاندانانەدا هەبــووە شانبەشــانی جەمــاوەری بەغــدا و قوتابیانــی کۆلێــژ و قوتابخانــەکان، بــە بەرزکردنــەوەی دروشــمی نیشــتیمانی بەگەرمــی تێکــەڵ بــە ڕووداوەکان بــوون، لەوانــە: (جــەلال تاڵەبانــی – قوتابیــی مــاف)، عومــەر دەبابــە، حەبیــب محەمــەد کەریــم، مەعــرووف ڕەئــووف، ئەنــوەر عەزیــز دزەیــی، مەجیــد جــوکل، ئەنــوەر شــێخ عەزیــز، موحســین دزەیــی، عیزەدیــن مســتەفا ڕەســووڵ، ئەحمــەد خەفــاف، عومــەر عــارف، ڕەشــید تاڵەبانــی و ژمارەیەکــی دیکــە"[٦٩].

هەروەهــا کچانــی قوتابیــی کــورد لــە کۆلێژەکانــی بەغــداش بەشــداریان لــەو مانگرتــن

و خۆپیشـاندانانەدا کـرد، لەوانـە: (ڕوونـاک زوهـدی، نـەورۆز نـووری، نازەنیـن سـاڵح قەفتـان، حـۆری عەلـی ئاغـا، درەخشـان عـارف نەجیـب، شـەوقییە ئەحمـەد، درەخشـان شـێخ جـەلال، زەکیـە عومـەر سـام ئاغـا، سـوورەییا محەمـەد، نەزیـرە ڕەشـید، ناجیـە مسـتەفا)[٧٠] بـەم جـۆرە ڕۆڵـی ئافرەتـی کـورد لـەم ڕووداوانـە دەرکـەوت.

لـە میانـی ئـەو ڕووداوانـەدا؛ کوردسـتان زنجیرەیـەک خۆپیشـاندان و مانگرتنـی قوتابیانـی بەخۆیـەوە بینـی، لـە شـاری هەولێـر، بەرەبەیانـی بیسـتی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٢، خۆپیشـاندانێکی قوتابیـان سـازکرا، کـە تێیـدا جەمـاوەر و لایەنگرانـی پارتـی دیموکراتـی کـورد (پارتـی) و حزبـی شـیوعیی عێراقیـش بەشـداریان کـرد[٧١]. هەروەهـا قوتابیانـی شـاری دهـۆک لـە مانگـی تشرینـی دووەمـدا بەشـداریی خۆپیشـاندان و مانگرتنیـان کـردووە، ئـەوە بـوو قوتابیانـی دواناوەندیـی دهـۆک چوونـە دەرەوە، بـۆ ئـەوەی هاوسـۆز لەگـەڵ قوتابیانـی دیکـەی عێـراق خۆپیشـاندان بکـەن، سـەرەڕای هەوڵەکانـی پۆلیـس لـە ڕێگریکردنـی قوتابیـان[٧٢].

دیـارە بەشـداریی قوتابیانـی کـورد لـە خۆپیشـاندانەکانی مانگـی تشرینـی دووەمـدا بەرچـاو بـووە، وەک یەکێـک لـە بەشـداربووان، کامـل حەسـەن ئەلبەسـیر[٧٣] ڕۆڵـی خـۆی تێـدا دەگێڕێتـەوە- کاتێـک قوتابـی بـووە لـە قوتابخانـەی ئامادەیـی لـە بەغـدا و ئەندامـی لیژنـەی یەکێتیـی قوتابیـان بـووە- لـە بیرەوەرییەکانیـدا دەڵێـت: "مانگـی تشرینـی دووەمـی ١٩٥٢ ئـەم دەرفەتـە شۆڕشـگێڕییە دێنێـت، بـە دەنگێکـی بـەرزەوە وەك شـێر دەنەڕێـت، ئەوانـەی لـە دەوری تـۆن لـە خۆپیشـاندەران، بـرای تـۆن لـە قوتابخانـە، بـراو خۆشەویسـتی تـۆن، ڕۆڵەکانـی ئـەم میللەتـەن، بۆیـە داواکـەی ئـەم هاوڕێیـە بەجـێ بێنـە، هەڵبەسـتێکی خۆتـی بـۆ بڵـێ، هەموویـان ئـەم سروودە دەڵێنـەوە "عـەرەب و کـورد بـرای شۆڕشـگێڕن بـە شمشـێرەکانیان دوژمنـان لەنـاو دەبـەن[٧٤] و ئامـاژە بـەوە دەکات کـە لـەم خۆپیشـاندانەدا برینـدار بـووە، هەروەهـا نـاوی ژمارەیـەک قوتابیـی کـورد دەڵێـت کـە بەشـدارییان لـە خۆپیشـاندانەکاندا کـردووە، لەوانـە: (جەبـار) ، (مەهـدی)، (هیـوا)، (دانیـال)، (تالیـب)، (عەبـد)، (حەمیـد)[٧٥].

**٤. شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و ڕژێمی تازە**

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە عێراقدا هێنایە ئاراوە و کاریگەریی زۆری لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق هەبوو، بۆیە بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی عێراق دادەنرێت(٧٦)، هەروەها شۆڕش وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی عێراق بە گشتی و بزووتنەوەی قوتابیانی کورد بەتایبەتی.

گەلی عێراق و کورد و عەرەب و کەمینەکانی دیکە، بە پاڵپشتی و پشتیوانی و پشتگیرییەوە پێشوازییان لە شۆڕش کرد، لە ڕۆژی یەکەمدا جەماوەر هاتنە دەرەوە و قوتابیانیش لە پێشەنگی کاروانە جەماوەرییەکاندا بوون(٧٧)، کە لە یەکەم ساتەوەختەوە لە گۆڕەپانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق کۆبوونەوە و دروشمیان بۆ شۆڕش دەگوتەوە(٧٨). بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد و گەلی کورد، لەگەڵ هێزە نەتەوەخواز و جەماوەرییەکانی دیکەدا، ڕاستەوخۆ دوای سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە بەشدارییان لە پشتیوانیکردن لەم شۆڕشەدا کرد. لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشدا جەماوەری کورد و پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراق و هێزە نیشتمانییەکانی دیکە؛ بەشدارییان لە خۆپیشاندان کرد بۆ پشتیوانی لەم شۆڕشە(٧٩)، جەماوەری شاری سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، دهۆک، زاخۆ، کۆیە هاتنە سەر شەقام(٨٠)، بە سەرکردایەتیی ئەو جەماوەرە قوتابییەی کە لە لایەن یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراقەوە بۆ پشتیوانی لە شۆڕش ڕێکیان خستبوو(٨١).

سەرکردەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (ژین)ەوە داوایان لە قوتابیانی کورد کرد بەشداری بکەن لە پاڵپشتیکردنی شۆڕش و یەکخستنی ڕیزەکانیان و هاوسۆزی لەگەڵ قوتابیانی عەرەب نیشان بدەن. بۆ گەیشتن بە خواستەکانی بزووتنەوەی قوتابیان لە کوردستان و عێراق لە سایەی حکومەتی نوێدا (٨٢) لەلایەکی دیکەوە، سەرۆک عەبدولکەریم قاسم لە بەغدا پێشوازی لە شاندێکی قوتابیانی کوردستانی عێراق کرد، کە خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم دیدارە لەگەڵ قوتابیانی کورد دەربڕی، جەختیشی لەسەر پێویستی یەکڕیزیی نێوان هەر دوو گەلی عەرەب و کورد کردەوە لەسەر بنەمای شەراکەت لە نیشتمان، بەگوێرەی ئەوەی لە دەستووری کاتیدا هاتووە، هەروەها خۆشحاڵی و دڵخۆشیی خۆی بە گەڕانەوەی بارزانی بۆ نیشتمان

دەربڕی، گوتیشی: "من ئەم ڕۆژە بە یەکێک لە جوانترین ڕۆژەکانی ژیانم دەزانم، بەهۆی دیدارم لەگەڵ برایانی کوردم کە بەشێکی دانەبڕاون لە گەلی عێراق... خەمی سەرەکی و سەرقاڵیی بیانییەکان بۆ دابەشکردن خەڵکی ئەم گەلە بوو، بەتایبەتی نێوان عەرەب و کورد، بۆ هێرشکردنە سەر یەکتر، ئێستاش ماف و ئەرکەکانی نێوان عەرەب و کورد یەکسان بوونە، هەموومان شەریکین لەم وڵاتەدا، ... براکانم، من وەك خۆم هەست بە ئازار دەکەم کە دەبینم ئەندامێکی ئەم وڵاتە ئاوارە بێت لە دەرەوەی وڵات، وەکو برای هاووڵاتی مەلا مستەفا، کە ماوەیەکی کەم نەبوو دوور لە زێدی خۆی و بنەماڵەکەی ژیا لە ئەنجامی پیلان و جموجووڵ و مەرامی بێگانە و، شێوازی ڕەفتارەکانی بۆ دابەشبوون وئاژاوە نانەوە"[٨٣].

خۆشیی شۆڕش بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو، خۆپیشاندانی قوتابیان ڕووداوێکی ڕۆژانە بوو و درێژەی هەبوو، بە شارە جیاجیاکانی عێراقدا دەسووڕانەوە، بەتایبەت شارە کوردنشینەکان، خۆپێشاندانەکان دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە هەندەران و لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ زیاتر بوون، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر شۆڕشدا و، بەهۆی جیاوازیی نێوان ئەو دروشمانەی کە هێزە (دیموکراسیخوازەکان) و ئەو دروشمانەی (هێزە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب) دژی حوکمڕانیی عەبدولکەریم قاسم بەرزیان کردبووەوە، دەسەڵات ڕێنمایی دەرکرد بۆ سنووردارکردنی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئەم پشتیوانییە، کەچی خۆپێشاندانەکان لە بەغدا و شارەکانی دیکە هەر بەردەوام بوون.

لە شاری دهۆك لە ١٩٥٨/٨/١١ قوتابیانی دواناوەندیی دهۆك خۆپیشاندانیان سازکرد و بۆ پێداهەڵدان بە عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفا بارزانی دروشمیان دەگوتەوە، ڕووبەڕووی ڕێنامییەکان و قایمقامی دهۆك[٨٤] و هەوڵەکانی بەڕێوەبەری دواناوەندی (حسێن حاج حەسەن عەقراوی) بوونەوە، کە ڕێگری لە خۆپیشاندانەکە دەکرد. یەکێتیی قوتابیان ڕۆڵی هەبوو لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکەدا، بە سەرۆکایەتیی (ناجی محەمەد باڵتەیی، تۆفیق سەلیم، فوئاد فەتحوڵڵا، سەڵاح عەبدوڵڵا، تاهیر سەعید و ئەمینساڵح)، دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە، خەڵکی شارەکە هاتنە ڕیزی ئەو قوتابیانەی ناومان هێنان، "خۆپیشاندانەکە بەبێ ئەوەی ئاشتی تێکبدات کۆتایی هات"[٨٥]. بەم شێوەیە بزووتنەوەی قوتابیان لە شارەکانی کوردستانی عێراق

هەڵوێستی لایەنگری و پاڵپشتییان بۆ شۆڕش و حکومەت نواند، توانییان هەندێک دەستکەوتی گرنگ بەدەستبهێنن.

لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشدا؛ بزووتنەوەی قوتابیان لە عێراق دەستکەوتی گرنگی بەدەستهێنا، وەک هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەرمانانەی کە تایبەت بوون بە دەرکردنی قوتابیان، بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانیانەوە، ڕێگەدان بە درێژەدان بە خوێندنیان، هەروەها ئازادکردنی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون و زیندانیکراون[٨٦]. هەروەها حکومەتی نوێ یاسای پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی سەندیکایی و جەماوەری و پیشەیی دەرکرد، هەروەها ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی لە ڕۆژی ١٩٥٨/١١/٤ دەرکرد بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی گشتیی بۆ قوتابیانی عێراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی قوتابیان[٨٧]، ئەم هەنگاوە وەرچەرخانێکی جۆری بوو لە ژیانی بزووتنەوەی قوتابیان لە عێراقدا. لە ڕووی یاساییەوە؛ ڕێگەی دا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیان لە عێراقدا، مۆڵەت بە ڕێکخراوەکانی قوتابیان بدرێت (وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد).

شایانی باسە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە چوارچێوەی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق کاری دەکرد، دوای ئەوەی ڕێکخراوەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق لە کوردستانی عێراق تێکەڵ کران بۆ ڕێکخراوێکی نوێ، بە ناوی: (یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق، لەوەتەی ساڵی ١٩٥٦ەوە، ئەمەش بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان هەردوولا بوو، لیژنەیەکی باڵای نوێ لە نێوانیاندا پێکهێنرا و، ئەم ڕێککەوتنە تەنانەت دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزیش کاری پێکرا[٨٨]. هەربۆیە قوتابیانی کورد هەوڵیاندا لە ڕێگەی ئەو یەکێتییەوە ئامانجەکانیان بەدیبهێنن.

لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق یاداشتێکیان ئاراستەی عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیران و وەزیری پەروەردە کرد و، تێیدا هەڵوێستی یەکێتییەکەیان بۆ پشتیوانی لە شۆڕش و حکومەت دەرخست، کە داواکارییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردی لەخۆگرتبوو، تێیدا هاتبوو: "لای بەڕێزتان شاراوە نییە، کولتووری کورد لەو شەڕە تاوانکارییەی کۆلۆنیالیستەکان و بریکارە خیانەتکارەکانیان لە سەردەمە بەدناوەکە بەرپایان کردبوو، تووشی چ

فشار و چەوسانەوە بوو لە نادادپەروەری و شەڕانگێزی، کورد لە خوێندن بە زمانی خۆی و ناسینی مێژووی نەتەوەکەی و لە شاکارەکانی باوک و باپیرانی بێبەش بوو، زۆربەی قوتابخانەکان لە کوردستان داخران، سەرەڕای کەمیی ژمارەیان، ئەوەندە بەسە بۆ نموونە ئاماژە بەوە بکەین کە لە شەش قەزای کوردیی سەر بە قەزای مووسڵ کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە چوار سەد هەزار کەسە، یەک قوتابخانەی دواناوەندی زیاتریان لێ نییە، پاشان کەمکردنەوەی وەرگرتنی دەرچووان لە پەیمانگە باڵاکان بە بیانووی درۆی هەڵبەستراو و تۆمەتی ناڕەوا و، بەهیچ شێوەیەك نەکردنەوەی قوتابخانە لە زۆربەی گوندەکان و، نەکردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان بۆیان لە شارەکاندا. ئەگەر سەیری ڕێژەی قوتابیانی کورد بکەین لە کۆلێژ و پەیمانگە باڵاکان، دەبینین کە لە (٥)٪ی کۆی گشتی تێناپەڕێت، هەرچەندە کورد زیاتر لە ٣٠٪ی کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە، کۆلۆنیالیزم شەڕێکی توندی دژی کولتوری عەرەبی ڕانەگەیاندووە، نەخێر، پێچەوانەکەی ڕاستە، بەڵام ڕاستیی ڕوون و حاشا هەڵنەگر ئەوەیە، کولتووری نەتەوەیی گەلی کورد زۆر دواکەوتووترە لە کولتووری نەتەوەی عەرەبی، ئەمەش لەبەرئەوەیە دووەمیان بە هەلومەرج و هۆکارێک سوودمەند بووە، کە بەشداربوون لە بەرزبوونەوە و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن، بۆیە لە پێناو پەرەپێدانی کولتووری کوردی و بۆ ئەوەی ئەو دوو کولتوورە شان بە شانی یەکتر لە ڕیزی کولتوورە مرۆڤایەتییەکاندا بن، کۆمەڵێک لە داواکارییە ڕەوا و پێویستەکانتان پێشکەش دەکەین. باوەڕێکی پتەومان بە کەسایەتیی بەڕێزتان هەیە، هەروەها پتەویی سەرکردایەتیتان و دیموکراسیی سیستەمی حوکمڕانی لە وڵاتەکەماندا، متمانەبەخشە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە ئێمە ئاواتی بۆ بخوازین لە ڕووی جێبەجێکردنی کردارەکیی مادەی سێی دەستووری کاتیمان، کە عەرەب و کورد بە هاوبەشی یەکسان لەم نیشتمانە دەزانێت و، دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا. ئێمە بە تەواوی لەو باوەڕەداین، هەر هەنگاوێک کە کولتووری عەرەبی دەیهاوێت، دەبێت ببێتە هەنگاوێکی دیکە بۆ پێشکەوتن و ئازادبوونی کولتووری کوردی، تا ئەو دووانە پێکەوە بتوانن خزمەت بە کۆمار و شارستانیەتی مرۆڤایەتی بکەن.

لەبەر پێویستیی ئەو خاڵانەی باسمان کرد، پێویستە ئەمانە بێنە دی:

١. زمانی کوردی بکرێتە زمانی خوێندن لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستانی عێراق، جگە لە قوتابخانە کەمینەکان، کە دەبێت بە یەکسانی مامەڵەیان وەك عەرەب و کورد لەگەڵدا بکرێت.
٢. خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەخۆڕایی بێت، لە ئاستی سەرەتاییشدا بەزۆری بێت.
٣. گرنگیدانی زیاتر بە خوێندن لە گوند و ئاواییەکان و، کردنەوەی ناوەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەشێوەیەکی فراوان.
٤. زیادکردنی ژمارەی قوتابخانە بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەتایبەتی بازرگانی و پیشەسازی و پیشەیی.
٥. کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگە لە کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە ناوەند بۆ زانکۆی کوردستان.
٦. دانانی پرۆگرامی خوێندن لەسەر بنەمای زانستی و واقیعیانەی دروست، هەروەها لەسەر بنەمای بەستنەوەی تیۆر بە پراکتیکەوە.
٧. باشترکردنی بارودۆخی گوزەران و دارایی، لەوانە بەشی ناوخۆ، پێداویستیی قوتابخانە، خۆراک، جلوبەرگ، چارەسەری پزیشکی، کردنەوەی یانەی وەرزشی و قوتابیان و هتد.
٨. وەرگرتنی قوتابیان لە کۆلێژەکان بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی لیواکان، بە لەبەرچاوگرتنی کێشەی کوردی سەر بە قەزای مووسڵ، یان باشتر بڵێین ڕەچاوکردنی کۆمەڵگەکەمان وەک مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیانی لیوایەکی دیاریکراو، نەک وەک قوتابیان لە چوارچێوەی قوتابیاندا لە مووسڵ، لە ڕووی وەرگرتن لە کۆلێژ و قوتابخانەکان.
٩. فراوانکردنی کۆڕی زانیاریی عێراق بەجۆرێک کە ئەندامی نوێ وەربگرێت لەوانەی ئەزموونی زۆریان هەیە لە بواری ڕۆشنبیریی کوردی و، ئامادەکردنی هۆکاری پێویست بۆی، لەپێناو زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوەیی کورد، پاشان دەرکردنی گۆڤاری کۆڕ بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، نەک بە یەک زمان هەروەک ئێستا دەیبینین.

١٠. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەناوی: "بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردن بۆ ناوچەی کوردستان"، وەک لە پێشنیازی لیژنەی وەزاری پێکهێنراو بۆ دیراسەکردنی کاروباری ڕۆشنبیریی کوردستانی عێراق هاتووە، دەستەیەك بەڕێوەی ببات، کە پێکبێت لە پسپۆڕ و شارەزایانی ڕۆشنبیریی کوردی، ڕاستەوخۆ بەرامبەر وەزیر بەرپرسیار بێت، هەروەها تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت و پێدانی دەسەڵاتی فراوان بۆ دامەزراندنی لیژنە لاوەکییەکان و سەرپەرشتیکردنی کاروباری پەروەردکاران، دانان و گۆڕینی پرۆگرام و ڕێوشوێنی گرنگی دیکە، تکایە بفەرموون ڕێزی لێژنەی باڵای یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق قبوڵ بکەن، ئەمەش لە ١٩٥٨/١١/٢٠ پێشکەش کرا[٨٩].

## ٥. کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣[٩٠]

لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا، کودەتایەک لە عێراق ڕوویدا کە عەبدولکەریم قاسمی ڕووخاند، کە لەلایەن "نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و بەعس"ەوە ئەنجامدرا، لە ئەنجامدا نەتەوەپەرستەکان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست دەسەڵاتیان گرتە دەست[٩١]، جومگە سەرەکییەکانی حکوومەت لە دەستی "ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش"دا بوون، کە لەلایەن "بەعسییەکان"ەوە کۆنترۆڵکرابوون بە (١٦) کورسی لە کۆی (١٨) کورسیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی [٩٢] و، لە یەکەم بەیاننامەی دوای کودەتاکەدا، جەختکرایەوە سەر "بەدەستهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی گەل، ئەوەی پێویستە بۆ بەهێزکردنی برایەتیی عەرەب - کورد، بەشێوەیەک کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەردوو لا دابین بکات و خەباتی هاوبەشیان دژی کۆلۆنیالیزم بەهێزتر بکات" [٩٣].

کورد لە سەرەتادا پشتیوانیی ئەم کودەتاکەی کرد و سەرکردەکانیشی بروسکەی پشتیوانییان بۆ ڕژێمی نوێ نارد[٩٤] و، پێیان وابوو دەبێتە هۆی چارەسەری قەیرانەکە و، کۆتایی بە هەلومەرجی نائاسایی دەهێنێت و دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ئاسایش و سەقامگیری، هەروەها دۆزینەوەی

چارەسەرێکی دادپەروەرانە و ئاشتییانە بۆ پرسی کورد، بەڵام کورد هەر زوو لە سەرکردەکانی کودەتا بێ هیوا بوو، کە بە خێرایی ئەو بەڵێنانەیان شکاند کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە دابوویان[٩٥].

هەڵوێستی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد، بە باڵە ناسیونالیستییەکەیەوە[٩٦]، سەرەتا لایەنگری کودەتاکە بوو، ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ئەیلوولی ١٩٦١ەوە سەرکردایەتیی شۆڕشێکی کوردی دەکرد دژی حکومەتی عێراق، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کورد پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو. بۆیە قوتابیانی کورد پێیان وابوو ڕێککەوتن لەگەڵ "یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق" خزمەت بە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد دەکات، کە بەدەست دیکتاتۆریەتیی عەبدولکەریم قاسمەوە دەناڵێنێت.

لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٢- ١٩٦٣ لە قوتابخانەی دواناوەندیی ئەلشەرقیە لە بەغدا، شەڕ لەنێوان دوو گروپی قوتابیان (قوتابیانی نەتەوەپەرست و قوتابیانی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق) ڕوویدا، حزبی بەعس ئەم ڕووداوەی قۆستەوە و دەستی کرد بە هاندانی قوتابیان بۆ ئەنجامدانی مانگرتن لەناو قوتابخانە و کۆلێژەکان، بە خێرایی پێکدادان لە نێوان قوتابیانی (شیوعی) و (نەتەوەپەرست) لە قوتابخانەکاندا سەریهەڵدا، کە دواجار بووە هۆی دەستگیرکردن و دەرکردنی ژمارەیەک قوتابی[٩٧]، خۆپیشاندانی قوتابیان بوو بە سەرەتا بۆ کودەتایەکی نەتەوەپەرستانی عەرەب.

(یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق) خۆپیشاندانی گەورەیان لە کۆلێژ و قوتابخانەکانی بەغدا سازکرد، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کرد کە پاڵپشتی و بەشداریی ئەو مانگرتن و خۆپیشاندانانە بکەن لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، کە تا کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بوو[٩٨]، بەڵام یەکێک لە کۆنووسەکانی کۆبوونەوەی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی (سکن)ی حزبی شیوعیی عێراق لەو چوارچێوەیەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە قوتابیانی کورد سەرەتا پشتیوانییان لە مانگرتنی قوتابیان نەکردووە. تێیدا هاتووە: "سەرەتا پشتیوانیی مانگرتنیان نەکرد و کوردانی ناسیۆنالیست لە بەشی کوردیی کۆلێژی

ئاداب چەند مەرجێکیان بۆ بەشداریکردن لە مانگرتنەکەدا دانا و ئەو مەرجانەش بریتی بوون لە:

١. پەلامارنەدانی قوتابخانەکان لە کوردستان.
٢. ئازادکردنی ئەو قوتابییە کچانەی لە سلێمانی دەستگیرکراون.
٣. گەڕاندنەوەی قوتابیانی دەرکراوی کورد.

گرووپە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب بەو مەرجانە ڕازی بوون، بەمەرجێک کە وشەی "کوردستان" بە لیوا کوردییەکان بگۆڕدرێت، پاشان لە خولەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو، "لەم ڕۆژەدا هەڵوێستی پارتییەکان گۆڕا[٩٩]، هەروەها ڕایانگەیاند کە پشتیوانی لە مانگرتن دەکەن، بەو پێیەی ئەوەی کە هەر کارێک دژی قاسم بێت کارێکی باشە"[١٠٠]. یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی قوتابیان وەڵامی دایەوە و، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، تێیدا پەیوەستبوونیان بە مانگرتنەکانەوە ڕاگەیاند، ئەوان هەندێک کۆبوونەوەیان لەگەڵ نەتەوەپەرستە عەرەبەکان ئەنجامدا. لە بەیاننامە و لێدوانەکاندا جەختیان لەوە کردەوە کە چۆن قوتابیان لە کوردستان ڕووبەڕووی تیرۆر و بۆردومانکردنی قوتابخانەکان بوونەتەوە، کە دەزگاکانی حکومەت کردبوویان بە سەربازگە[١٠١].

بەشداریی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) لەم مانگرتنانەدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ (یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق) پێش کودەتاکەی ٨ی شوبات، لە ئەنجامی بەردەوامیی شۆڕشی کورد (شۆڕشی ئەیلوول) بوو لە دژی دەسەڵاتی حوکمڕانیی عەبدولکەریم قاسم، واتە: لە ڕوانگەی "دوژمنی هاوبەش"ەوە، جگە لە ڕاگەیاندن سەبارەت بە گۆڕانی هەڵوێستی حزبی بەعس بەرامبەر بە پرسی کورد لەو کاتەدا[١٠٢]، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندیی نێوان حزبی "بەعس" و "پارتی" لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوان قوتابیانی کورد و قوتابیانی بەعسی لە زانکۆکانی بەغدا و مووسڵ دروست بوو، سەرەتا تا گەیشتە کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی گەورەی بەرپرسانی ئەو دوو حزبە[١٠٣] و، یەکەمیان گەرەنتیی زارەکی بۆ پارتی دابین کرد، بۆ چارەسەری پرسی کورد، بۆیە دووەمیان بەشداری و هاوکاری لەگەڵ کرد بۆ ڕووخاندنی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم[١٠٤]،

لەبەر هەژموونی و پابەندنەبوونی بە وەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کورد لە گرنگترین هۆکارەکانی بەشداری و هاوکاریی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق لەو مانگرتنانەی لە دژی بەرپابوون، هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لەو ماوەیەدا.

سەبارەت بە هەڵوێستی (یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق)- کە قوتابیانی چەپی کورد ڕۆڵی گەورەی تێدا دەگێڕن- نەیار و دژی ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە بوو[١٠٥]. لیژنەیەکی قوتابیان بە سەرۆکایەتیی قوتابیی کورد (باسم مشتاق) و قوتابی فەیسەڵ ئەلحەجاج (بەرپرسی یەکێتی لە زانکۆ) و قوتابییەك بە ناوی (شەهید)، بەرپرسی دواناوەندییەکان پێکهێنرا، ڕۆڵی ئەو لیژنەیە هەڵسەنگاندنی مانگرتنەکان، هەڵوێستی خوێندکاران، هەروەها دانانی پلان بۆ دژایەتی کردنی ئەو خۆپیشاندنانە بوو[١٠٦]. لەڕاستیدا یەکێتیی گشتیی قوتابیان ڕووبەڕووی کودەتاکە بووەوە و جەماوەری قوتابیانی سەر بە ئەو هاتە دەرەوە و چالاکانە بەشداریی لە بەرخۆدانی چەکداریی میللیدا کرد دژی ئەم کودەتایە. حزبی شیوعیی عێراقیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بەرپەرچدانەوەی کودەتاچییەکان، بەڵام سووربوونی کودەتاچییەکان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بە باشی پلانی بۆ دانرابوو، لە ڕاستیدا توانیان لەم کارەدا سەرکەون، کۆمەڵکوژییان دژی کۆمۆنیستەکان بە گشتی و قوتابیانی سەر بە یەکێتیی گشتیی قوتابیان ئەنجامدا[١٠٧]، کە زۆر لە قوتابیان بوونە قوربانیی کودەتاکە[١٠٨].

لە دووەم ڕۆژی کودەتاکەدا؛ ئێستگەی بەغدا ڕاگەیەندراوێکی سەرکردایەتیی کودەتاکەی بڵاوکردەوە، تیایدا ئەو قوتابیانەی ئاگادار کردەوە کە لە خوێندن دابڕاون، بگەڕێنەوە قوتابخانەکانیان، هەرکەسێک بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نەچێتەوە ناو پۆل بە دەرکراو لە خوێندن دادەنرێت. لە ئەنجامی کودەتاکەدا هەزاران کەس بە دەستی حەرەس قەومی کوژران[١٠٩] و (١٦) هەزار دەستگیرکراو و دەرکراو لە قوتابخانە. حکومەتی کودەتاکە یاسایەکی بۆ قەدەغەی کارکردنی یەکێتیی گشتیی قوتابیان دەرکرد، هەروەها هەڕەشەی کرد، ئەوانەی سەر بەو یەکێتییەن، تاوانبار دەبن بەپێی مادەی (٤٣)ی یاسای بەغدای سزادان، کە سزاکەی تا سێ ساڵ زیندانیکردنە، یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق دەستی بەسەر زۆربەی نووسینگە و لقەکانی یەکێتیی گشتیی قوتابیاندا گرت[١١٠].

لـە ڕۆژی ١٩٦٣/٧/٣٠ کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا بەیاننامەیەکیـان دەرکـرد، تێیـدا ئیدانـەی ئـەو هەڵمەتانەیـان کـرد کـە لەلایـەن یەکێتیـی نیشـتمانیی قوتابیانـــی عێـــراق و دەزگا ئەمنییەکانـــەوە دژی قوتابیـــان و خەڵـــک ئەنجـــام دەدرێـن. بەیاننامەکـە پشـتیوانی لـە خەباتـی نیشـتمانی کـرد کـە لەلایـەن هێـزە نیشـتمانپەروەرەکان بەڕێـوە دەچێـت، بـۆ ڕاگرتنـی ئـەو هەڵمەتانـەی ئـەوان و گەلـی کـورد دەکەنـە ئامانـج[١١١].

ئـەو هەڵوێسـتانەی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان و کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا سـەبارەت بـە کودەتاکـە هەیانبـوو، لـە جێگـەی خۆیـدا بـوو، بۆیـە ئەنجومەنـی نیشـتمانیی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بەیاننامەیەکـی بڵاوکـردەوە، تێیـدا ڕێگـەی بـە ئەندامانـی حزبـی بەعـس و لایەنگرانیـان دا کـە لـە هەمـوو شـوێنێک شـیوعییەکان بکـوژن و قڕیـان بکـەن. ئـەوە بـوو ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبـی شـیوعی کەوتنـە بـەر هەڵمەتـی قڕکـردن[١١٢]. ئـەم هەڵمەتـە سـەرکوتکردنە تەنیـا دژی ئەندامانـی حزبـی شـیوعی نەبـوو، بەڵکـو لـە ڕۆژانـی یەکەمـی کودەتاکـەدا، دەزگاکانـــی دەســـەڵاتی ئەمـــن ســـەدان ئەندامـــی یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان و لایەنگرانـــی "پارتـــی" یـــان، بـــە تۆمەتـــی ئـــەوەی ســـەر بـــە حزبـــی شـــیوعیین دەسـتگیرکرد[١١٣]، زۆرینـەی ڕەهـای دەسـتگیرکراوان قوتابـی بـوون کـە لـە کۆلێـژەکان و پەیمانگەکانـی بەغـدا دەیانخوێنـد، زۆرێـک لـە قوتابیـان ناچاربـوون خوێندنیـان جێبهێڵـن بەهـۆی ئـەو تیـرۆر و ڕاونانـەی لەلایـەن یەکێتیـی نیشـتیمانیی قوتابیانـی عێـراق و دەزگا ئەمنییەکانـی حکومەتـەوە، بەرامبـەر بـە قوتابیانـی کـوردی سـەر بـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان پەیـڕەو دەکـرا[١١٤] بەتایبەتـی دوای شکسـتی سـەرانی کودەتاکـە، بەهـۆی نەبوونـی حـەز و زۆرینـەی جەمـاوەری پشـتیوان بـۆ جێبەجێکردنـی داواکارییەکانـی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد و پێدانـی مافـی نەتەوەیـی بـە گەلـی کـورد[١١٥]، شۆڕشـی ئەیلـوول تـا ساڵی ١٩٧٠ بـەردەوام بـوو، لەنێوانـدا هەندێـک قۆناغـی ئاگربەسـت و دانوسـتان هەبـوون لەگـەڵ حکومەتەکانـی عێـراق، کـە دواجـار بـە ئەنجامدانـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـازار کۆتایـی هـات.

**ب.هەندێک پرسی عەرەبی**

**١. پرسی فەلەستین**

پرسـی فەلەسـتین تەوەرێکـی گرنگـی لـە هەڵوێسـتەکانی زۆربـەی هێـز و حزبـە سیاسـییەکان و بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکانـی عێراقـدا پێکهێنـا، زۆریـان هەڵوێسـتیان بـۆ پشـتیوانیکردن لـە فەلەسـتین وەرگـرت و ئـەم پرسـە لـە پرۆگرامەکانیانـدا ڕەنگـی دایـەوە. هەڵوێسـتی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لـەو ماوەیـەدا لەگـەڵ هەڵوێسـتی بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق بەرامبـەر بـەم پرسـە بـە شـێوەیەکی گشـتی یەکـی گرتـەوە.

کاتێـــک نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان بڕیـــاری دابەشـــکردنی فەلەســـتینی لـــە (٢٩ی تشرینـی دووەمـی ١٩٤٧) ڕاگەیانـد[١١٦]، بڕیارەکـە ڕووبـەڕووی تووڕەیـی و ناڕەزایـی بـــووەوە و، خۆپیشـــاندان لـــە عێـــراق وەک ناڕەزایەتییـــەک بەرامبـــەر بـــە بڕیـــاری دابەشـکردنەکە ڕوویـدا و، قوتابیانیـش لـە پێشـەنگی ئـەو هێـزە عێراقیانـەدا بـوون کــە ئیدانەیــان کــرد[١١٧]؛ ئــەوە بــوو نیــوەڕۆی ڕۆژی ٣ی تشرینــی دووەمــی ســاڵی ١٩٤٧خۆپیشـاندانی گـەورەی قوتابیـان لـە بەغـدا ئەنجامـدرا، بـەڵام پۆلیـس توانـی بڵاوە بـە خۆپیشـاندانەکە بـکات، لـە ڕۆژی (یەکـی مانگـی کانوونـی یەکـەم) دەسـتی پێکـردەوە، قوتابیانـی قوتابخانەکانـی دواناوەنـدی و پەیمانگـە و کۆلێـژەکان لـە دوو خۆپیشـاندانی گـەورەدا هاتنـە سـەر شـەقام، کـە لـە شـەقامی ڕەشـید دەسـتی پێکـرد، خۆپیشـــاندەران دروشـــمی "بـــژی فەلەســـتین" یـــان دەگوتـــەوە[١١٨] بەشـــداریکردنی قوتابیانـی کـورد کاریگـەر بـوو، لـە هەولێـر و سـلێمانی قوتابیانـی کـورد لـە شـیوعی و پارتــی کۆبوونــەوە و، پێکــەوە خۆپیشــاندانیان دەســت پێکــرد[١١٩].

هەڵوێســتەکانی بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد و خــودی قوتابیانــی کوردیــش لــەو بەیاننامــە و کۆبوونــەوە و کۆنگرەکانــی قوتابیــان دەردەکــەوت، کــە یەکێتیــی گشــتیی قوتابیانــی عێــراق ســەبارەت بــە پرســی فەلەســتین ڕێکــی دەخســت، ئــەوان ئــەو پرســەیان بــە پرۆژەکانــی کۆلۆنیالیزمــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت گــرێ دەدا[١٢٠].

سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لەسـەر پرسـی فەلەسـتین، یەکێـک لـە قوتابیـانی ئـەو سـەردەمە باسـی لـەوە کـرد کـە: پرسـی کوردسـتان پرسـی فەلەسـتینە، بـە ڕاسـتیش هـەر دوو پـرس هاوشـێوەن، ئـەو زیاتـر گوتـی: "کۆلۆنیالیـزم

و ئـەو عـەرەب و کـوردەی لایەنگریـن، ئـەوان دروسـتکەری ئـەم دوو پرسـە نارەوایـەن، پرسـی عـەرەب لـە فەلەسـتین و پرسـی کـورد لـە سەرانسـەری کوردسـتانی پارچەپارچەکـراودا، بۆیـە دەبێـت هـەردوولا دوژمنـی هاوبەشـی خۆیـان تێکبشـکێنن"[١٢١]. لەبـەر ڕۆشـنایی ئەمەشـدا؛ دەکرێـت بگوترێـت: هەڵوێسـتی قوتابیانـی کـورد لـەو سـۆنگە فیکرییانـەوە هاتـووە لەگـەڵ کاریگەرییەکانـی حزبـی شـیوعیی عێـراق و پارتـی دیموکراتـی کـورد لەسـەر قوتابیـان بـە شـێوەیەکی گشـتی.

مایـەی ئامـاژە پێکردنـە؛ قوتابیانـی نەتەوەپەرسـت ئـەم خۆپیشـاندانەی قوتابیانیـان بـۆ پشـتیوانیکردن لـە فەلەسـتین دژی حزبـی شـیوعیی عێـراق قۆسـتەوە، بەهـۆی هەڵوێسـتی یەکێتیـی سـۆڤیەت لـە پشـتیوانیکردن بـۆ دابەشـکردنی فەلەسـتین[١٢٢]. پێکـدادان لـە نێـوان ئـەو قوتابیانـەی کـە پشـتیوانیی حزبـی شـیوعییان دەکـرد و لایەنگرانـی بزووتنـەوەی نەتەوەپەرسـتی عەرەبـی سـەریهەڵدا.

**٢. دوژمنکاریی سێقۆڵی بۆسەر میسر ١٩٥٦**

کاتێـک مـیسر لـە ٢٦ی تەمـووزی ١٩٥٦دا کەناڵـی سویسـی خۆماڵـی کـرد، وڵاتانـی ڕۆژئـاوا نارەزایەتییـان بەرامبـەر دەربـڕی[١٢٣]، چونکـە ئەمەیـان وەک هەڕەشـەیەک بـۆ سـەر بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانیـان دەبینـی. بەریتانیـا و فەرەنسـا بـە بەسـتنی کۆنفرانسـێکی نێودەوڵەتـی لـە لەنـدەن لـە ١٦ی ئابـی ١٩٥٦ دەسـتیان بـە جووڵـە کـرد، بـۆ پێکهێنانـی ئیدارەیەکـی نێودەوڵەتـی بـۆ کەناڵـی سـویس، بـەڵام لـەو کارەدا سـەرکەوتوو نەبـوون[١٢٤] پاشـان ئیسرائیـل لـە ٢٩ی تشرینـی دووەمـی ١٩٥٦ هێرشـی کـردە سـەر مـیسر، دواتـر بەریتانیـا و فەرەنسـاش پەیوەندییـان پێـوە کـرد[١٢٥] کـە لـە ڕووی مێژووییـەوە بـە دوژمنکاریـی سـێقۆڵی بۆسـەر مـیسر نـاسراوە[١٢٦].

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی دەسـتدرێژییەکە، خۆپیشـاندانی بەرفراوانـی قوتابیـان عێراقـی گرتـەوە، ئـەوە بـوو لـە بەغـدا قوتابیانـی کۆلێـژ و پەیمانگـە بـاڵاکان بەرەبەیانـی یەکـەم ڕۆژی هێرشـەکە مانیـان گـرت و، لـە خۆپیشـاندانێکی گـەورەدا ڕژانـە سـەر شـەقامەکان، بـەڵام پۆلیـس توانـی بڵاوەیـان پـێ بـکات. پاشـان قوتابیانـی کۆلێـژ و پەیمانگەکانـی دیکـە خۆپیشـاندانی گەورەیـان ئەنجامـدا بـە گوتنـەوەی "بـژی مـیسر و جەمـال عەبدولنـاسر" و، گوتنـەوەی دروشـمەکانی: "بڕووخێـت نـووری سـەعید،

بڕووخێـت هاوپەیمانییـە سـەربازییەکان..."[١٢٧]. خۆپێشـاندان و ناڕەزایەتیـی قوتابیـان شـارەکانی دیکەیشـی گرتـەوە و، چیـن و توێـژە جیاجیاکانـی کۆمەڵگـەش پەیوەندییـان پێوەکـردن، (٢٠٠) خۆپیشـاندان لـە (٣٠) شـاری سەرتاسـەری عێـراق ئەنجامـدران، کـە زیاتـر لـە دوو مانگیـان خایانـد، حکومەتـی نـوری سـەعیدی ناچارکـرد حوکمـی عورفـی ڕابگەیەنێـت و، کۆلێـژ و پەیمانگـە و قوتابخانـەکان دابخـات[١٢٨] سـەرەنجام ژمارەیـەك لـە خۆپیشـاندەران کـوژران و دەیانیـش دەسـتگیرکران.

ئـەو هێـزە سیاسـیانەی لـە گۆڕەپانـی عێراقـدا چـالاک بـوون و بەشـدارییەکی ڕاسـتەقینەیان لـەم ڕووداوانـەدا هەبـوو، "سـەرکردایەتییەکی مەیدانیـی هاوبەش"یـان بـۆ خۆپیشـاندانەکان پێکهێنـا[١٢٩]. پارتـی دیموکراتـی یەکگرتـووی کوردسـتانی عێـراق پشـتیوانی و پاڵپشـتیی خـۆی بـۆ مـیسر دووپـات کـردەوە[١٣٠]. قوتابیانـی کـورد کـە لـە بەغـدا دەیانخوێنـد، بـە جـۆش و خرۆشـێکی زۆرەوە بەشـدارییان لـە خۆپیشـاندانە ناڕەزایەتییەکانـدا کـرد، کـە لـەو ڕۆژانـەدا پایتەخـت بەخۆیـەوە دی[١٣١]، ئەویـش بـە بەشـداریکردن لـە (بـەرەی قوتابیـان)[١٣٢]، کـە لەلایـەن: سـابت حەبیـب ئەلعانـی لـە یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق و حەبیـب محەمـەد کەریـم[١٣٣] لـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان[١٣٤]، لەگـەڵ حـازم جـەواد لـە ڕەوتـی ناسیۆنالیسـتیی قوتابیـان و نوێنـەری ڕێکخراوەکانـی دیکـەی قوتابیـان پێکهـێنرا، ئەرکـی ڕێکخـستن و سەرپەرشـتیکردنی قوتابیـان بـوو لـە کاتـی خۆپیشـاندانەکاندا. ژمارەیەکـی زۆر لـە قوتابیانـی کـورد لـە کۆلێـژ و پەیمانگەکانـی بەغـدا بەشـدارییان لـە خۆپیشـاندانەکاندا کـرد، کـە پێـشتر ئاماژەمـان پـێ کـردن، ئەوانیـش ڕۆڵـی سـەرکردایەتییان هەبـوو لـە سـەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنـی ئـەو خۆپیشـاندانانەدا[١٣٥]. کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد سـەبارەت بـە بەشـداریی کـورد لـەو خۆپیشـاندانانەدا دەڵێـت: "مـن قوتابـی بـووم لـە کۆلێـژ لـە سـاڵی ١٩٥٦ و، هیـچ کوردێکیـش لـە بەشـداریکردندا دوانەکـەوت، ئـەو دروشـمەمان لـە خۆپیشـاندانەکەدا دەگوتـەوە: مـیسر ئـازادە نایفرۆشـین، دە سـاڵیش بـۆی دەجەنگیـن "[١٣٦].

هەروەهـا شـەپۆلی مانگرتـن و خۆپیشـاندان لـە لیواکانـی کوردسـتان، کەرکـووک، هەولێـر، سـلێمانی و مووسـڵ توندتـر بـوو، فەرمانـدەی هێـزە سـەربازییەکان (فیرقـەی دوو) لـە کەرکـووک ناچـار بـوو سـێ بەیاننامـە دەربـکات و هۆشـداری بـدات لـە

ئەنجامدانــی خۆپیشـاندان و گردبوونـەوەکان[١٣٧]. شـارە کوردنشـینەکانیش خۆپیشـاندانی گــەورەی قوتابیانیــان بەخۆیانــەوە دی، لــە دهــۆک قوتابیانــی دواناوەنــدی لــە خۆپیشــاندانێکدا کــە لــە لایــەن یەکێتیــی قوتابیانــی دهۆکــەوە ڕێکخرابــوو[١٣٨]، دوای ئەنجامدانــی کۆبوونەوەیەکــی نهێنــی لــە یەکێــک لــە باخەکانــی گونـدی باجلـور کـە (دەکەوێتــە باکــووری شــاری دهــۆک)، بڕیاریــان دا خۆپیشــاندانێک بــۆ پشــتیوانی لــە مـیسر ئەنجـام بـدەن. سـەرەڕای هەوڵەکانـی بەڕێوەبـەری قوتابخانـە (جەمیـل ڕەشـید ئامێـدی) بـۆ ڕێگریکـردن لـە خۆپیشـاندانەکە، بـەڵام خۆپیشـاندانەکە لـە قوتابخانـەوە دەسـتیپێکرد و، بــە شــەقامەکانی دهۆکــدا ڕۆیــشتن و، خەڵــک پشــتگیرییان لێکــرد و زۆربەشــیان بەشــداریان تێــدا کــرد، کــە هوتافیــان بــۆ مــیسر وجەمــال عەبدولنــاسر دەکێشــا و، دروشــمی "بڕووخێــت نــوری ســەعید"یان دەگوتــەوە[١٣٩]، ژمــارەی خۆپیشـاندەران نزیکـەی (١٦) قوتابـی بـوو، لـە نێویانـدا (محەمـەد تاهیـر موبـارەک، ڕەشـید محەمـەد مسـتەفا، کەمـال مەلکـی، بەکـر عەبدولکەریـم، جەمیـل مسـتەفا، محەمــەد تاهیــر شــێخ ســەعید، عەلــی جەمبلــی، عەلــی حەســەن و هــی دیکــە)، زۆربەشـیان سـەرکردەی خۆپیشـاندانەکە بـوون[١٤٠]. لـە ئەنجامـی ئـەو خۆپیشـاندانەدا، دەســەڵات هەڵمەتــی دەســتگیرکردنیان دەســتپێکرد کــە زۆربــەی ئــەو قوتابییانــەی لەخۆگرتبـوو، کـە بەشـدارییان لـە خۆپیشـاندانەکەدا کـرد، بەڕێوەبـەری دواناوەندییەکـە (جەمیـل ڕەشـید) ڕۆڵـی هەبـوو لـە دەسـتگیرکردنی قوتابیـان بـە هـاوکاری لەگـەڵ پۆلیـس و ڕێگـەدان بـە هەڵکوتانـە سـەر قوتابخانـەی دواناوەنـدی و دەسـتگیرکردنی دەیــان قوتابــی لــە ماڵەکانیانــدا[١٤١]. ئــەم کارە ناڕەزایــی دانیشــتوانی شــارەکەی لێکەوتـەوە و لـەم دەقـەی خـوارەوەدا دەردەکەوێـت: "جارێکـی دیکـە دەسـتی جەمیـل بەڕێوەبــەری قوتابخانــەی دواناوەندیــی دهــۆك بــە خوێنــی قوتابیانــی دهــۆك ســوور بــوو، بــە فەرمانــی ئــەو، پۆلیــس هەڵیکوتایــە ســەر قوتابیــان و ماڵەکانیانــی پشــکنی، دەیانیشــی لــێ دەســتگیر کــردن، هەروەهــا پۆلیــس دەســتی بەســەر دواناوەندیــی دهۆکــدا گــرت.. جەمــاوەری کــورد لــە دەڤــەری دهــۆک بەڕێوەبــەری قوتابخانــە بــە بەرپرســیار دەزانــن لــە نادیاریــی داهاتــووی قوتابیــان. یەکێتیــی قوتابیــان لــە دواناوەندیـی دهـۆك کاردانـەوەی توندوتیـژی دەبێـت، ئەگـەر بەڕێوەبـەری قوتابخانـە درێــژە بــدات بــە بێڕێزیکــردن بــە قوتابیــان و چارەنووســیان. گەلــی کــورد کــە بــە

خەبـات ڕاهاتــووە، بــەردەوام دەبێــت لــە کارکــردن بــۆ ئازادکردنــی قوتابیانــی گیــراو و فشارخســتنە ســەر ئەوانــی دیکــە...واژۆ: خەڵکــی دهــۆك١٩٥٦/١١/٥"[١٤٢]. شــایانی باســە زۆربــەی بەڕێوەبــەری قوتابخانــەکان لــە عێــراق ئەرکــی چاودێریکردنــی جووڵــەی سیاســیی قوتابیانیــان پــێ ســپێردرابوو، بــە پشــتبەستن بــە هەندێــک لــە قوتابیانــی زانیاریــدەر لــە بەرامبــەر پێدانــی نمــرەی دەرچــوون لــە تاقیکردنەوەکانــدا[١٤٣].

دەســەڵاتداران لــە شــارەکانی دهــۆك و مووســڵ لــە ئاکامــی خۆپیشــاندانەکاندا (١٠٥) قوتابییــان دەســتگیرکرد، کــە ســەرجەمیان ڕەوانــەی ئەنجومەنــی عورفیــی کەرکــووک کــران[١٤٤] دوای ئــەوەی بــۆ مــاوەی (٤٨) ڕۆژ لــە مووســڵ دەستبەســەر کرابــوون[١٤٥] ، دەســەڵات هەڵمەتەکــەی لــە قــەزای دهــۆك هــەر بەوەنــدە ڕانەگــرت، بەڵکــو زیاتــر بــەردەوام بــوو لــە چاودێریکــردن و بەدواداچوونــی هەرکەســێک بەشــداری لــەم خۆپیشــاندانەیان کردبێــت یــان هانیدابــن، وا دیــارە دەســەڵات ئــەوەی قۆســتەوە، لەلایــەک بــۆ لێــدان و پاکتاوکردنــی (یەکێتیــی قوتابیانــی کوردســتان - عێــراق) و (یەکێتیــی گشــتیی قوتابیانــی عێــراق) بــە بیانــووی ئــەوەی مەیلیــان بــۆ تێکــدان و ئاژاوەگێــڕی هەیــە[١٤٦].

مانگرتــن و خۆپیشــاندانی قوتابیــان لــە سەرتاســەری عێــراق تــا ٣١ی کانوونــی دووەمــی ١٩٥٦ بــەردەوام بــوو، لــە ئەنجامــدا حکومەتــی نــوری ســەعید توانــی ئــەو خۆپیشــاندان و مانگرتنانــە ڕابگرێــت، کــە لــە هەندێــک کتێــب و ســەرچاوەدا بــە (ڕاپەڕینــی ١٩٥٦) نــاسراون.

# پەراوێز:

[١] بـۆ وردەکاری لەبـارەی هـۆکار و بەسـەرهاتەکانی ئـەم بزووتنەوەیـە، بڕوانـە: عبدالـرزاق الحسـني، الأسرار الخفيـة في حركـة مايـس سـنة ١٩٤١التحرريـة، ط٥، (بيروت، ١٩٨٢) ؛ عبدالـرزاق الحسـني ، تأريـخ الـوزارات ...، ج٥، ص٢٣٢ ومابعدهـا.

[٢] غانم محمد الحفو وعبدالفتاح البوتاني ، الكورد والأحداث ...، ص٦٨ ؛ عزيز حسن البارزاني، م. س، ص

[٣] هەندێـک کـەس و گـروپ لـە چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی کوردی، وەک بەشـێک لە سـەرۆک هـۆزەکان و ئاغـاکان و پیاوانـی ئایینـی پشـتیوانیان لێدەکـرد و ژمارەیـەک خێڵەکیـش خۆبەخشـانە بەرگریـان لێکـرد، ژمارەیـەک شـاندیش لـە شـار و ناوچـە جیاجیاکانـی کوردستانیشـەوە چـوون بەغـدا بـۆ پیرۆزبایـی کـردن لـە حکومەتـی ڕەشـید عالـی گەیلانـی، بڕوانـە: كمال مظهـر أحمـد، دور الشـعب الكـوردي في انتفاضـة مايـس ١٩٤١ صفحـة مجهولـة مـن تأريـخ نضـال الشـيخ محمـود، العـراق (جريـدة)، العـدد (٤٠٥٠)، الحلقـة الثانيـة، بغـداد، ١٠ ايـار ١٩٨٩، ص٢ ؛ عزيـز حسـن البـارزاني ، م. س، ص١١٠-١١٢.

[٤] سعاد خيري، من تأريخ ... ، ج١ ، ص٨١.

[٥] هـادی ڕەشـید چاوشـلی: لـە سـاڵی ١٩٢٠ لـە هەولێـر لەدایکبـووە، قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـەوێ تەواوکـردووە، دواتـر ڕووی لـە بەغـداد کـردووە و، لـە ساڵی ١٩٣٨ قوتابخانـەی ئامادەیـی تەواوکـردووە، پەیوەنـدی بـە کۆلێـژی مافـەوە کـردووە و لـە سـاڵی ١٩٤٣ تـەواوی کـردووە، چەندیـن پۆسـتی گرنگـی کارگێـڕی لـە عێـراق وەرگرتـووە، لەوانـە بریـکاری وەزیـری ناوخـۆ، سـەرۆکی شـارەوانیی هەولێـر، پارێـزگاری سـلێمانی و پۆسـتی دیکـەش، نووسـەرێکی نـاسراوی کـوردە و زیاتـر لـە ٢٠ کتێبـی چاپکـراوی هەیـە. بـۆ زانیاریـی زیاتـر لەسـەر ئـەو کەسـە، بڕوانـە: طـارق إبراهيـم شريـف ، شـخصيات تتذكـر، ج١، مطبعـة الثقافـة والشـباب، ط١، (أربيـل، ١٩٨٨)، ص٨٤ ومـا بعدهـا.

[٦] کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، بەرهەڤکرنا: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١،(هەولێر، ٢٠٠١)ل١٣١: إسماعيل شكر رسول ، أربيل ...، ص١٧٤.

[٧] کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە...، ب٢، ل١٣١.

(٨) چەنـد تیمێکـی تایبـەت لـە قوتابیـان و لاوان پێکهـات بـە ناوی:(کتائـب الشـباب)بۆ بەرگـری کـردن لـە بزووتنەوەکـە.

(٩) طارق إبراهيم شريف، م. س، ج١، ص٨٩-٩٠.

(١٠) كريم أحمد، المسيرة ...، ص٢١.

(١١) سۆران عیزەدین فەیزی ، یادی عیزەدین فەیزی، (هەولێر، ١٩٨٨)، ل٨٩.

(١٢) سـالم الدملوجـي، الكليـة الطبيـة الملكيـة العراقيـة مـن خلال سيرة ذاتيـة ١٩٤٠-١٩٤٦، ج١، مطبعـة الجامعـة الاردنيـة، ط١، (عمان، ٢٠٠٣)، ص٢٠٩.

(١٣) عبدالواحد موسى الحصونة، م. س، ص٣٧-٣٨.

(١٤) عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات ...، ج٥، ص٣٠٠.

(١٥) طالب مشتاق، أوراق أيامي (١٩٠٠-١٩٥٨)، دار الطليعة، ط١، ( بيروت، ١٩٦٨)، ص٤١٨.

(١٦) بـۆ وردەکاری لەبـارەی ڕۆڵـی قوتابیـان لـە ڕووداو و مانگرتنـەکان ٢/١ حوزەیـران ١٩٤١ بڕوانە: جعفـر عبـاس حميدي ، التطـورات السياسـية ...، ص٦٨-٧٣.

(١٧) نوري شاوەيس، م . س، ص٢٦-٢٧.

(١٨) صالح الحيدري، مختارات من مذكرات ...، ص٨.

(١٩) عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات ...، ج٧، ص٢٣٦-٢٣٧.

(٢٠) ناوی پەیماننامەکە کە واژووی لەسەر کرا لە ناوی بەندەرێکی بەریتانیاوە وەرگیراوە. .

(٢١) محمـد حسـن سـلمان، صفحـات مـن حيـاة (مذكـرات)، الـدار العربيـة للموسـوعات، ط١، (بيروت، ١٩٨٥)، ص٢٤٣.

(٢٢) بڕوانە: فاروق صالح العمر ، المعاهدات العراقية ...، ص٤٠٦-٤٠٧.

(٢٣) بـۆ وردەکاری لەبــارەی بەندەکانــی پەیماننامەکــە، بڕوانــە: عبدالــرزاق الحســني، تأريــخ الــوزارات...، ج٧، ص٢٥٩-٢٦٧.

(٢٤) بڕوانە: حنا بطاطوا، العراق – الكتاب الثاني ... ، ص٢٠٥.

(٢٥) عبدالامير العكام، تأريخ حزب الاستقلال العراقي، ط١، ( بغداد، ١٩٨٠)، ص٩٥.

(٢٦) الطلبـة والشـبيبة (نشرة دوريـة يصدرهـا المكتـب المهنـي لاتحـاد طلبـة كوردسـتان) العـدد (٨)، كانـون الثـاني ١٩٨٣، ص١؛ فهمـي السـعيد وعصـام الصفـار ، م. س، ص ٣٦.

(٢٧) عومــەر مســتەفا لــە دوای خۆپیشــاندانەکانی ڕاپەڕین(وەسـبە) ناسـناوی عومــەر دەبابــەی لـێنرا، ئـەو کاتـەی پێشـڕەوی دەکـرد و پۆلیـس نەیتوانـی بیوەسـتێنێت، بۆیـە قوتابیـان بـە دەنگـی

بەرز پێیان دەگوت "دەبابە، دەبابە، عومەر دەبابە"، دواتر بەم ناوە ناوی دەهێنرێت. دیدارێك لەگەڵ كەریم ئەحمەد لە هەولێر لە ٢٠٠٦/١١/٢٧.

(٢٨) حنا بطاطوا، العراق – الكتاب الثاني ... ، ص٢٠٦ ؛ كاكە مەم بۆتانی ، كاكی كاكان مرۆڤ و ڕووناكبیر و شۆڕشگێڕ، خەباتی سیاسیی ساڵانی١٩٢٤-١٩٦١ی سەركردەی نەمر عومەر دەبابە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر، ١٩٩٨)، ل٧٤ ودواتر.

(٢٩) هەندێ جار ئەم ناوە بە پەیماننامەی بۆرتسمۆس دەگوترا لەبەر ئەو دوو كەسەی واژوویان لەسەری كرد ئارنست بیڤن و ساڵح جەبر.

(٣٠) خالد بكداش، انتفاضة الشعب العراقي لسنة ١٩٤٨ واثرها في تطور القضية العربية ، مطبعة المتنبي، (بغداد، ١٩٤٨)، ص ٩.

(٣١) بۆ وردەكاریی ڕاپەڕینەكە، بڕوانە: محمود شبيب، وثبة في العراق وسقوط صالح جبر، مطبعة الديواني، (بغداد، ١٩٨٨) ؛ غانم محمد الحفو وعبدالفتاح البوتاني ، الكورد والاحداث ...، ص٩٠.

(٣٢) كاكە مەم بۆتانی، كاكی كاكان ...، ل٦٧-٧١.

(٣٣) كاكە مەم بۆتانی، هـ. س، ل٧٤ ؛ عبدالرزاق الحسني ، تأريخ الوزارات ...، ج٧، ص٢٨٢.

(٣٤) بڕوانە: الموسوعة السرية الخاصة ...، ج١، ص٨٤.

(٣٥) كامل الجادرجي، م. س، ص١٧٢ ؛ محمد حسن سلمان ، م. س، ص٢٤٣.

(٣٦) بۆ ئاگاداربوون لە دەقی بەیاننامەكان بڕوانە: محمود شبيب ، م. س، ص٤٤-٤٦.

(٣٧) خميس حزام والي، وثبة كانون الوطنية في العراق ١٩٤٨، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٧٩، ص٧٤.

(٣٨) منشورات اتحاد طلبة كوردستان العراق، لمحات من تأريخ الحزب الديموقراطي الكوردستاني، دار التآخي، (نه. ش، ١٩٧٣)، ص٥٧؛ غانم محمد الحفو وعبدالفتاح البوتاني ، الكورد والأحداث ...، ص٩٠.

(٣٩) وائل علي أحمد النحاس ، تأريخ الصحافة الموصلية ١٩٢٦-١٩٥٨، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الآداب، جامعة الموصل، ١٩٨٨، ص٢٠٦ ؛ غانم محمد الحفو وعبدالفتاح البوتاني، الكورد والأحداث ...، ص٨٨-٩٠ ؛ شایانی باسە كامل چادرچی ڕۆژی ٢٠-٢١ی كانوونی دووەمی بە دژوارترین خۆپیشاندان دیاری كردبوو، كە قوتابیان تێیدا بوونە قوربانی، نەك ١٧ی كانوونی دووەم بڕوانە: مذكراتە، ص١٧٢.

(٤٠) بڕوانە: جعفر حميدي، التطورات السياسية ...، ص٥٤٢.

(٤١) جيني سنغلتون ، م. س، ص١٠٦.

(٤٢) صادق حسن السوداني ، لمحات موجزة عن تأريخ نضال الشعب العراقي، الموسوعة الصغيرة، العدد (٤٥)، (بغداد، ١٩٧٩)، ص٦٣.

(٤٣) بڕوانە: گەلاوێژ (گۆڤار)، ژمارە (٣)، ل١٤ ؛ صالح الحيدري ، مختارات من ...، ص١٩٣ ؛ جلال الطالباني، كوردستان والحركة ...، ص٩٩-١٠٠؛ کاکە مەم بۆتانی ، کاکی کاکان ...، ل٨٠.

(٤٤) لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ لە نوێنەرانی چەند حزبێکی ئاشکرا و نهێنیی عێراقی پێکهات کە بریتی بوون لە: (ڕەشید عەبدولقادر- ئەندامی مەکتەبی سیاسی) لە پارتی دیموکراتی کورد و(کامیل قەزانچی) لە باڵی پێشکەوتنخوازی حزبی نیشتمانیی دیموکراتی و(عەبدولڕەحیم شەریف) لە حزبی ئەلشەعب و(مالیك سەیف) لە حزبی شیوعیی عێراقی، بڕوانە: عەلی عەبدوڵلا، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، (ب. ش، ١٩٦٨)، ل٦٦ ؛ نوري شاوەیس، م. س، ص٥١ ؛ مالك سيف ، م. س، ص٢١٤.

(٤٥) بڕوانە: حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثاني ...، ص٢٠٨-٢٠٩ ؛ غانم محمد الحفو وعبدالفتاح البوتاني ، الكورد والاحداث ...، ص٩٠.

(٤٦) لەوانە شاردنەوەی (ساڵح ڕوشدی ئامێدی) کە قوتابی بوو لە کۆلێژی ماف، لەمیانی ڕاسپاردنی بە ئەرکی حزبی لە دەرەوەی بەغدا، بڕوانە: عبدالفتاح البوتاني ، الحياة الحزبية ...، ص٣٢٧/٣٣٠.

(٤٧) علي عبدالله، س. پ، ل٦٦.

(٤٨) مەبەست وەسبەیە .

(٤٩) پۆلیسی گشتی، هۆبەی لێکۆڵینەوەی تاوان لە بەغدا، س، پ، ل ٨٤، دیسان بڕوانە: إسماعيل شكر، أربيل ...، ص٢٩٣.

(٥٠) موحسین دزەیی لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندی بە کۆلێژی مافەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٥٥ بەشداری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کردووە و، دووجاریش لە حکومەتەکانی عێراقدا خزمەتی کردووە، وەک وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور لە ساڵی ١٩٦٨ و، دوای ڕێککەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ وەک باڵیۆزی عێراق لە چیکۆسلۆڤاکیا دەستنیشانکرا، دواتر لە کەنەدا. لە ساڵی ١٩٧٣ بووەتە وەزیر، ئێستاش لە کوردستان نیشتەجێیە. بڕوانە: محسن دزەيي: أحداث عاصرتها، ج١، مطبعة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠١)، ص١٦-١٩.

(٥١) محسن دزەیی، م. ن، ص٦٢ .

(٥٢) گەلاوێژ(گۆڤار)، ژمارە (٣) ، ساڵی (٩) ، ئاداری ١٩٤٨، ل١٣.

(٥٣) إسماعيل شكر رسول ، أربيل ...، ص٢٩٤.

(٥٤) حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثاني ...، ص٣٢٩.

(٥٥) م. ن، ص٣٠٥.

(٥٦) حکومەتی نوری سەعید لە ٥ی شوباتی ١٩٤٩ فەرمانێکی دەرکرد، تێیدا هاتووە: "بە پشتبەستن بە بڕگەی (٣) لە ماددەی ٢٦ی یاسای بنەڕەتی و بە پشتبەستن بەو شتانەی کە لەلایەن وەزیری ناوخۆ و پەروەردە خرانە ڕوو و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکرا، ئەم فەرمانەی خوارەوەمان دەرکرد:

**یەکەم:** پەخشکردنی پڕوپاگەندەی سیاسی لە نێو قوتابیاندا.

**دووەم:** هاندانی قوتابیان بۆ سەرپێچیکردنی بڕگەکانی یاسا و ڕێساکان.

**سێیەم:** هاندانی قوتابیان یان کەسانی دیکە بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە هەر شوێنێک و هەرچۆنێک بێت.

**چوارەم:** هاندانی قوتابیان بۆ مانگرتن لە ناوەوە یان دەرەوەی کۆلێژ و قوتابخانە و پەیمانگا زانستییەکان.

ماددەی دووەم: ستافی مامۆستایان لە کۆلێژ و پەیمانگە زانستییەکان و قوتابخانەکان و فەرمانبەرەکانیان هەموویان بە بەرپرسیار دادەنرێت لەو کارە قەدەغەکراوانەی کە لە ماددەی یەکەمی ئەم فەرمانەدا هاتووە بۆ وردەکاریی زیاتر، بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات...، ج٨، ص٩٧-٩٨ ؛ كاظم حبيب وزهدي الدأوودي، م. س، ص٤٤٨.

(٥٧) بڕوانە: إسماعيل أحمد باغي، م. س، ص٣١٨.

(٥٨) بڕگەی(أ) لە ماددەی(٣٤) بە دەق دەڵێت: "هەر قوتابییەك لە تاقیکردنەوەی کۆتاییدا لە سێ بابەت یان زیاتر دەرنەچێت، یان لە خولی دووەمدا لە بابەتێک یان زیاتر دەرنەچێت، دەبێت لە پۆلەکەی بمێنێتەوە، لە بڕگەی (ج)ی هەمان ماددەشدا هاتووە، "قوتابیی کەوتوو، دەبێت بابەتەکانی ئەو پۆلەی کە تێیدا شکستی هێناوە، هەموویان دووبارە بکاتەوە" " بڕوانە: الوقائع العراقية (جريدة)، العدد (٣١٧٣)، ٢٠ تشرين الأول ١٩٥٢؛ عبد الرزاق الحسني ، تأريخ الوزارات ...، ج٨، ص٣٥١.

(٥٩) محمد مهدي كبە، مذكراتي في صميم الأحداث ١٩١٨-١٩٥٨ ، دار الطليعة ، ط١ (بيروت ،

١٩٦٥)، ص٣٤٣ ؛ جعفر عباس حميدي ، التطورات السياسية ...، ص٧١١ ؛ مكرم الطالباني، دماء وراء القضبان (مذبحة سجني بغداد والكوت) عام ١٩٥٣، ط١، (لا. ت، ٢٠٠٢)، ص٤٦.

(٦٠) عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات ...،ج٨، ص٣٥٢ ؛ جعفر عباس حميدي ، التطورات السياسية ...، ص٧١١.

(٦١) بهاءالدين نوري ، م. س، ص١٦١-١٦٢ ؛ عبدالرزاق الحسني ، "القشة التي قصمت ظهر البعير" في انتفاضة تشرين الثاني ١٩٥٢، آفاق عربية (مجلة)، العدد (٦)، بغداد، شباط ١٩٨٤، ص١٦.

(٦٢) محسن دزەیی، م. س، ج١ ، ص٨٣ ؛ مەهدی محەمەد قادر ، س، پ، ل٢٨٧.

(٦٣) عبد الرزاق الحسني، تأريخ الوزارات ...، ج٨ ، ص٣٥٢-٣٥٣ ؛ جعفر عباس حميدي ، التطورات السياسية ..، ص٧١٢ ؛ العكام ، م . س ، ص١٦٦.

(٦٤) صحيفتي (لواء الاستقلال والاهالي) الأعداد الصادرة في ٢٠و٢١و١٩٥٢/١١/٢٢ نقلاً عن: إبراهيم الجبوري، سنوات من تأريخ العراق – النشاط السياسي المشترك لحزبي الاستقلال والوطني الديمقراطي في العراق ١٩٥٢-١٩٥٩، المكتبة العالمية، (بغداد، لا. ت) ، ص١٦٤.

(٦٥) بهاء الدين نوري، مذكرات ...، ص١٦٢ ؛ فاضل حسين ، تأريخ الحزب الوطني ...، ص٣١٧ ؛ مكرم الطالباني ، دماء وراء القضبان ...، ص٤٦-٤٧.

(٦٦) عبدالرزاق الحسني ، الجبهة الوطنية في العراق جذورها التأريخية وتطورها، مستقاة من المجلد التاسع والخمسين لمجلة العرفان الصيدأوية ١٩٧١، ص٣٣.

(٦٧) قوتابیان حکومەتیان تۆمەتبار کرد کە نکوڵی لە داواکاریی گەل دەکات و دژایەتیی هەموو هەوڵەکانی چاکسازی و هەڵوێست لە حزبە سیاسییەکان و داواکارییەکانیان دەکات سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێنەران، بڕوانە: محمد حمدي الجعفري، انقلاب الوصي في العراق ، منشورات مكتبة مدبولي، ط١، (القاهرة، ٢٠٠٠)، ص٩٢.

(٦٨) جيني سنغلتون ، م. س، ص١٢٦ ؛ إبراهيم الجبوري ، م. س، ص١٦٤-١٦٥.

(٦٩) وەرگیراوە لە: مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل٢٨٨.

(٧٠) کەمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژوودا، چاپخانەی ئەلحەوادس، چ١، (بەغدا، ١٩٨١)، ل٧٩ ؛ مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل٢٩٠.

(٧١) إسماعيل شكر رسول، أربيل ...، ص٣١٠.

(٧٢) چاوپێکەوتنێک لەگەڵ محەمەد تاهیرعەلی موبارەک لە دهۆك لە ٢٠٠٧/٣/١٧، لە دایکبووی دهۆك ساڵی ١٩٣٨ و لە ساڵی ١٩٥٦ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی تەواو کردووە، بڕوانامەی

زانکۆی لە مۆسکۆ بەدەستهێناوە، ڕێکخراوێکی قوتابیانی لە ساڵی ١٩٥٤ لـە دواناوەندیی دهۆک پێکهێناوە لەو کاتەوە سـەر بە حزبی شـیوعی بووە، ئێستا لە شـاری دهۆک دەژی.

(٧٣) کامل حەسـەن ئەلبەسیر: سـاڵی ١٩٣٣ لە بەغدا لەدایکبووە، خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی لە کۆمەڵەی قوتابخانە ئەهلییەکانی جەعفەری لە بەغدا تەواو کردووە، و لە ساڵی ١٩٥٤ دواناوەندیشی هـەر لـەوێ خوێنـدووە، بەشـی زمانـی عەرەبی لـە کۆلێژی ئـاداب لە سـاڵی ١٩٥٨ تەواو کـردووە. لە شـاری سـلێمانی وەک مامۆسـتای زمانی عەرەبی کاری کردووە و نووسـەر و کەسـایەتییەکی ئەدەبی بـووە (کوردێکـی فەیلییـە)، بڕوانـە : کامیـل حەسـەن ئەلبەسـیر، بیرەوەرییەکانـی خوێندکارێـک لـە کوردسـتانەوە، بەشـی یەکەم، چاپخانەی ئەلنجـوم،). (بەغدا، ١٩٦١).

(٧٤) کامـل حسـن البصیـر ، هــ س، ل ١٣٣-١٣٤. شـایانی باسـە ئـەو یاداشـتانە بـە شـێوازێکی ئەدەبـی نـووسراون، بـەڵام واقیعـی ڕووداوەکان دەگێڕنـەوە.

(٧٥) هـ. س، ل ١٣٦-١٥٠.

(٧٦) ئەفسـەرانی ئازادیخـواز دەسـەڵاتی پاشـایەتییان لـە عێـراق ڕووخانـد و لـە ١٤ی تەمـووزدا ڕژێمـی کۆمارییـان ڕاگەیانـد، عەبدولکەریـم قاسـم بـوو بـە یەکـەم سـەرۆکوەزیرانی کۆمـاری نـوێ، ئـەو "ئەنجوومەنـی سـەروەری"ی پێکهێنـا، کـە لـە سـەرۆکی ئەنجومەنەکـە و دوو جێگـر پێکهاتبـوو کـە یەکێکیـان کـورد بـوو بـە نـاوی خالیـد نەقشـبەندی، ئەنجومەنەکـە کەسـانی لـە هـەر سـێ پێکهاتـەی سـەرەکیی عێراقـی تێـدا بوو(کـورد، شـیعە، سـوننە)، بـۆ وردەکاریـی زیاتـر لەبـارەی شـۆڕش، بڕوانـە: لیـث عبدالحسـين الزبيـدي ، ثـورة ١٤ تمـوز ١٩٥٨ في العـراق، مكتبـة اليقظـة العربيـة، ط٢، (بغـداد، ١٩٨١) ؛ مجيـد خـدوري، العـراق الجمهـوري، مطبعـة امير، ط١، (قـم، ١٩٩٧) ؛ سـعد ناجـي جـواد ، م. س، ص٣٥-٤٥.

(٧٧) مجيد خدوري، م. س، ص٧٢-٧٤ ؛ عزيز سباهي ، عقود من ...، ج٢، ص٢٦٢.

(٧٨) صالـح حسين الجبـوري، ثـورة ٨ شـباط ١٩٦٣ في العـراق "أسـبابها - مقدمتهـا - قيامهـا، رسـالة ماجستير مقدمة الى مجلس معهد الدراسـات القومية والاشتراكية، جامعة المستنصرية، ١٩٨٦، ص١٠٧.

(٧٩) عبدالفتـاح البوتـاني، الحيـاة الحزبيـة في ...، ص٣٣٩-٣٤٠ ؛ غانـم محمـد الحفـو وعبدالفتـاح البوتـاني ، الكـورد والأحـداث ...، ص١٠٩.

(٨٠) جلال الطالبـاني، كوردسـتان ...، ص١٨١ ؛ ميڤـان عـارف بـادي ، الحركـة القوميـة الكورديـة التحرريـة في كوردسـتان العـراق ١٩٥٨-١٩٦٣، مطبعـة وزارة التربيـة، ط١، (أربيـل، ٢٠٠٥)، ص٥٠.

(٨١) سعاد خيري، من تأريخ ...، ج٢، ص٢٠٧ ؛ عزيز سباهي ، عقود من ...، ص٢٩٢-٢٩٤.

(٨٢) بڕوانــە: مەحمــوود عەلــی عــوسمان ، پێویســتیی قوتابیــانی کوردســتان، ژیــن (ڕۆژنامــە)، ژمــارە(١٤١٠)، ســاڵی (٣٣)، ٢٥/ ٩/ ١٩٥٨، ل١، ٨.

(٨٣) لـە قسـەکانی عەبدولکەریـم قاسـم لەگـەڵ شـاندی قوتابیانـی کوردسـتان ڕۆژی ١٩٥٨/٩/١٨، وەرگیـراوە لـە: حامـد مصطفـى المقصـود، مـداراة الاخـوة الأعـداء/ ثـورة ١٤ تمـوز الخلفيـات، الوقائـع، النهايـات، وسيرة ذاتيـة، مطبعـة وزارة التربيـة، ط١، (أربيـل، ٢٠٠٢)، ص١٩٠-١٩١.

(٨٤) قایمقامـی دهـۆك لـەو ماوەیـەدا عەبـدوڵلا حەسـەن جبـوری بـوو، کـە سـەر بـە هێـزە نەتەوەپەرسـتەکانی عەرەبـی بـوو، دوای سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی عەقیـد عەبدولوەهـاب شـەواف لـە مووسـڵ لـە ٨ی ئـازاری ١٩٥٩ لـە دهـۆك کـوژرا. بڕوانـە: عبدالفتـاح علي يحيـى البوتـاني، وثائـق عـن الحركـة القوميـة الكورديـة التحرريـة – ملاحظـات تأريخيـة ودراسـات أوليـة، مطبعــة وزارة التربيــة، ط١، (أربيــل، ٢٠٠١)، ص٦٢٣.

(٨٥) بڕوانــە: الجمهوريــة العراقيــة، قائمقـام قضـاء دهـوك، التحريـر، العـدد س/ ٢٨، التأريـخ ١٠/ ١١/ ١٩٥٨، سري وشـخصي، إلى متصرفيـة لـواء الموصـل- التحريـر، الموضـوع/ مظاهـرة الـطلاب نـقلاً عــن: م. ن، ص٦٣٢-٦٣٣.

(٨٦) عبدالفتـاح إبراهيـم، معنـى الثـورة – أضـواء على ثـورة ١٤ تمـوز، إعـداد وتنفيـذ : شـهاب أحمـد الحميـد، إصـدارات مركـز الرابطة للدراسـات والبحـوث، ط٢، (لا. م، ٢٠٠٥)، ص٤٢.

(٨٧) عبدالواحــد مــوسى الحصونــة، م. س، ص١٦٤ ؛ صالــح حــسين الجبــوري، م. س، ص١٨٨ ؛ عبدالفتــاح إبراهيــم ، م. س، ص٤٢.

(٨٨) بڕوانــە: نـص مذكـرة اتحـاد طلبـة كردسـتان العـراق المنشـورة في: مسـعود البـارزاني، البـارزاني والحركـة ...، مـج٢، ص٢٦٧-٢٧١.

(٨٩) بەشـێك لـە یاداشـتی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان کـە پێشـکەش عەبدولکەریـم قاسـم کـرا لـە ڕۆژی ٢٠ی تشرینـی دووەمـی ١٩٥٨، وەرگیـراوە لـە:: شـازین هێـرش ، س. پ، ل١٩-٢١.

(٩٠) ئـەو کودەتایـە کـە لـە زۆر کتێـب و سـەرچاوە و ئەدەبیاتـی حزبـی بەعـس بـە شۆڕشـی ١٤ی ڕەمەزانـی ١٩٦٣ نـاسراوە، بڕوانـە: عزيـز الحـاج ، مـع الاعوام – صفحات مـن تأريخ الحركة الشـيوعية في العراق بين ١٩٥٨-١٩٦٩ المؤسسـة العربية للدراسـات والنشر، ط١، (بيروت، ١٩٨١)، ص١٤٣ ؛ خليل إبراهيـم حسين، سـقوط عبدالكريم قاسـم، موسـوعة ١٤ تموز السلسـلة (٥)، (بغـداد، ١٩٨٩)، ص٣٣١.

(٩١) بـۆ وردەکاری بڕوانـە: صالـح حـسين الجبـوري، م. س ؛ على كريـم سـعيد، عـراق ٨ شـباط ١٩٦٣ مـن حـوار المفاهيـم الى حـوار الـدم – مراجعـات مـن ذاكـرة طالـب شـبيب، (بيروت، ١٩٩٩).

(٩٢) حنا بطاطو، العراق، الكتاب الثالث ...، ص٣١٧ وما بعدها .

(٩٣) وەرگیراوە لە: منذر الموصلي ، القضية الكردية في العراق "البعث والأكراد" رؤية عربية للقضية الكردية، دار المختار، ط١، (دمشق، ٢٠٠٠)، ص١٣٢.

(٩٤) فائق بطي، صحافة تموز وتطور العراق السياسي، ط١، (بغداد، ١٩٧٠)، ص١١٨ ؛ عبدالفتاح علي البوتاني، التطورات السياسية ...، ص٣٨٧.

(٩٥) محسن دزەیی ، احداث عاصرتها ١٩٦١-١٩٧٥، ج٢، مطبعة وزارة التربية، ط١، (أربيل، ٢٠٠٢)، ، ص٢٢.

(٩٦) لێرەدا مەبەست لە باڵە ناسیۆنالیستییەکەی کە "یەکێتیی قوتابیانی کوردستان" نوێنەرایەتیی دەکرد، باڵێکی چەپی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردیش هەبووە کە لە چوارچێوەی یەکێتیی گشتیی قوتابییان لە کۆماری عێراقدا کاریان دەکرد، پابەند بوو بە هێڵی حزبی شیوعیی عێراق.

(٩٧) عبدالواحد موسى الحصونة، م. س، ص٢٠١-٢٠٤؛ بۆ زیاتر لەبارەی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان، بڕوانە: کۆنووسی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی عێراق لە ٢٩/ ١٢/ ١٩٦٢ بە ناوی (مانگرتنی قوتابیان)، پاشکۆی ژمارە (٤)، لە: صالح مهدي دكلة ، من الذاكرة (سيرة حياة)، تقديم: نزيهة الدليمي، منشورات دار المدى ، ط١، (نيقوسيا، ٢٠٠٠)، ص٢٠١-٢١١.

(٩٨) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٦٧ ؛ پ د ك ، م.د.ت.ن ، س. پ، ل٤٤.

(٩٩) لێرەدا مەبەست لە پارتییەکان، ئەو قوتابییە کوردانە بوون کە ئاراستەی ناسیۆنالیستییان هەبوو لە دۆست و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(١٠٠) بڕوانە: کۆنووسی کۆبوونەوەی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق، (سکن) لە ١٩٦٢/١٢/١٣ بە ناوی (مانگرتنی قوتابیان) م. س، پاشکۆی (٥)، ل٢١٧-٢١٨.

(١٠١) بڕوانە: کۆنووسی کۆبوونەوەی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق، (سکن) لە ١٩٦٣/١/٢ بە ناوی (مانگرتنی قوتابیان) لە: هـ. س، پاشکۆی ژمارە (٦)، ل٢٢٧.

(١٠٢) لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەڵوێستەکانی حزبی بەعس دوژمنایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی دەکرد، بەڵام لە سەرەتای شەستەکانەوە هەڵوێستی گۆڕا، لە ڕوانگەی کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ ڕووخاندنی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بۆ وردەکاری لەسەر ئەوە، بڕوانە: شیرزاد زکریا محمد ، م. س، ص٥١-٦٨.

(١٠٣) علي سنجاري، القضية الكوردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، ج١، مطبعة

حاجـي هاشـم، ط١، (أربيـل، ٢٠٠٦)، ص٣٥-٣٦.

(١٠٤) بـۆ وردەکاریـی زیاتـر، بڕوانـە: عبدالفتـاح علي البوتـاني، التطـورات السياسـية ...، ص٣٦٩ ؛ هـاني الفكـيكي، أوكار الهزيمـة – تجربتـي في حـزب البعـث العراقـي، مطبعـة مهـر، ط٢، (قـم، ١٩٩٢)، ص٢٩٤ ؛ كاوس قفطـان ، م. س، ص ٢١١-٢١٣ ؛ شيرزاد زكريـا محمـد ، م. س، ص٦٨-٧٢.

(١٠٥) نەوشـێروان مسـتەفا ئەمیـن، پەنجـەکان یـەکتری... ل٦٧ ؛ دیـدار لەگـەڵ نەوشـێروان مسـتەفا ئـەمین، لـە سـلێمانی لـە ٧/ ٢/ ٢٠٠٧.

(١٠٦) عبدالواحد موسى الحصونة ، م. س، ص٢١٦.

(١٠٧) بـۆ وردەکاریـی زیاتـر بڕوانـە: فائـق بطـي، الوجـدان (مذكـرات)، ط١، (دمشـق، ٢٠٠٥)، ص١١٩-١٢٠ ؛ عبدالفتـاح البوتـاني ، التطـورات السياسـية ...، ص٣٨٣-٣٨٦.

(١٠٨) لەوانـە: عەدنـان بـەڕاك، سـەباح میـرزا، محەمـەد زەڵبـی، هیشـام سـەفوەت، فەیسـەڵ ئەلحـاج، محەمـەد وەردی، عەدنـان عەبدولخالـق ئەلبەیاتـی و کەسـانی دیکـە، بڕوانـە: صـدى الوثبـة (نشرة دوريـة يصدرهـا رابطـة الطلبـة العراقيين في الولايـات المتحـدة الامريكيـة وكنـدا فـرع اتحـاد الطلبـة العـام في الحمهوريـة العراقيـة)، العـدد (٣)، السـنة الأولى، ١٩٨٢، ص٢.

(١٠٩) حـەرەس قەومـی: ئەمانـە کوتلـەی حزبـی بـوون کـە لەسـەر چـەک ڕاهێنانیـان پێکرابـوو، حزبـی بەعـس لـە قوتابیـان و لاوان دروسـتی کردبـوون، بەمەبەسـتی بەرگریکـردن لـە کودەتاکـە و، وەک خۆپارێزییـەک لـە هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی چەکـداری مەدەنـی کـە ڕووبـەڕووی کودەتـا دەبێتـەوە. ئەرکـی حـەرەس قەومـی ئـەوە بـوو کە بـە پەلە پـەل بگەنە سـەر شـەقامەکان و بـە نهێنـی چەکـدار بـن، چاوەڕێـی فەرمـان و ڕێنمایـی حـزب بکـەن، بڕوانـە: هـاني الفكـيكي ، م. س، ص٢١٨-٢٢٠ ؛ عبدالفتـاح البوتـاني، التطـورات السياسـية ...، ص٣٦٨.

(١١٠) فهمي السعيد وعصام الصفار، م. س، ص٧٠-٧١.

(١١١) نقلاً عن: م . ن، ص٧١.

(١١٢) بهـاء الديـن نـوري، في تقييـم سياسـة الحـزب الشـيوعى العراقـي في سـني ١٩٥٨-١٩٩١- مـأزق الحركـة الشـيوعية في العـراق، ط٤، (لا. م،١٩٩١)، ص١٤ ؛ شيرزاد زكريـا محمـد، م. س، ص٨١.

(١١٣) جرجيـس فتـح اللـه، العـراق في عهـد قاسـم – آراء وخواطـر ١٩٥٨-١٩٨٨، (السـويد، ١٩٨٩)، ص٨٦١-٨٦٢ ؛ شيرزاد زكريـا محمـد ، م. ن، ص٨١.

(١١٤) دیدار لەگەڵ نەوشێروان مستەفا ئەمین، لە سلێمانی لە ٧/ ٢/ ٢٠٠٧.

(١١٥) وردەکاریی ئەو پەرەسەندنانە، بڕوانە : شيرزاد زكريا محمد ، م. س، ص٨٢-وما بعدها .

(١١٦) بۆ زیاتر لەبارەی ئەو بڕیارە، بڕوانە: صالح صائب الجبوري ، محنة فلسطين وأسرارها السياسية والعسكرية، مطبعة دار الكتب، (بيروت، ١٩٧٠)، ص١٠٢-١٠٧ ؛ کەمال شەریف، کێشەی قودس و ئاسەواری لەسەر ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی(گۆڤار) ژمارە(٣٢).

(١١٧) جهاد محي الدين، العراق والسياسة العربية ١٩٤١-١٩٥٨، مطبعة الارشاد، ط١، (بغداد، ١٩٨٠)، ص١١١.

(١١٨) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية ...، ص٥٧٧-٥٧٨ ؛ إسماعيل أحمد باغي ، م. س، ص٤٦١-٤٦٢.

(١١٩) مەهدی محەمەد قادر، س، پ، ل٣٥٧-٣٥٩.

(١٢٠)بڕوانە: نزار (مجلة)، العدد (٤)، بغداد، ١٥ مايس ١٩٤٨، ص٢٤.

(١٢١) کامیل حەسەن ئەلبەسیر، س. پ، ل ١٠٨-١١١.

(١٢٢) لەبارەی هەڵوێستی حزبی شیوعیی عێراق لەهەمبەر کێشەی فەلەستین، بڕوانە: کاظم حبيب وزهدي الداوودي، فهد والحركة الشيوعية ...، ص٣٢٨-٣٥٢ ؛ عبداللطيف الراوي، عصبة مكافحة الصهيونية في العراق ١٩٤٥-١٩٤٦، دار وهران، (دمشق، ١٩٨٦).

(١٢٣) عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات ...، ج١٠، ص١٠٥-١٠٦.

(١٢٤) عبدالرزاق الحسني، م. ن، ص١٠٦ ؛ إبراهيم الجبوري ، م. س، ص٣٠٩.

(١٢٥) محمد مهدي كبه، م. س، ص٣٦٨ ؛ عبدالرزاق محمد اسود، موسوعة العراق السياسية، مج٣، الدار العربية للموسوعات، ط١، (بيروت، ١٩٨٩)، ص١٠٤.

(١٢٦) بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: عمر الخطيب، مصر والحرب مع اسرائيل ١٩٥٢-١٩٧٣، دار الحرية للطباعة، ط١، (بغداد، ١٩٧٧)، ص٢٧-٢٩.

(١٢٧) بڕوانە ڕاپۆرتە ئەمنییەکان لەبارەی ئەو خۆپیشاندنانە لە: جعفر عباس حميدي، انتفاضة عام ١٩٥٦، المطبعة العربية، الدورية الوثائقية السلسلة (٥) الصادرة عن بيت الحكمة،(بغداد، ٢٠٠٠)، ص١٤٩-١٥٧.

(١٢٨) سعاد خيري، من تأريخ ...، ج١، ص٢٨٨ ؛ عبدالفتاح البوتاني، الحياة الحزبية في ...، ص٤٦٠.

(١٢٩) ثمينة ناجي يوسف ونزار خالد، سلام عادل – سيرة مناضل، ج١، دار المدى، ط١، (دمشق، ٢٠٠١) ، ص١٦١.

(١٣٠) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح البوتاني ، الكورد والاحداث ...، ص١٠٠.

(١٣١) إسماعيل شكر رسول ، أربيل ...، ص ٣٤١.

(١٣٢)هەروەهـا بـە (بـەرەی پەیوەنـدی و نیشـتمانخوازی) نـاسراوە، بڕوانـە: عبدالواحـد مـوسی الحصونـة، م. س، ص١٣٩ ؛ هـانی الفكـيكي ، م. س، ص٧٦.

(١٣٣) حەبیـب محەمـەد کەریـم: لـە سـاڵی ١٩٣١ لـە شـاری زورباتیـە لـە پارێـزگای واسـت لـە دایک بـووە. قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەنـدی وئامادەیـی لـە بەغـدا تـەواو کـردووە. لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٥٢ هاتووەتـە ڕیـزەکانی پارتییـەوە. لـە سـاڵی ١٩٥٩ کۆلێـژی یاسای تـەواو کـردووە، لـەم ماوەیـەدا لـە ڕیـز بزووتنـەوەی قوتابیـان چـالاك بـووە و لـەو ١٩٦٤-١٩٧٥ بووەتـە سـکرتێری پارتـی، بڕوانـە: حەبیـب محەمـەد کەریـم، س. پ.

(١٣٤) هاني الفكيكي، م. س، ص٧٦.

(١٣٥) مەهـدی محەمـەد قـادر، س. پ، ل ٣٧٨-٣٧٩ ؛ غانـم محمـد الحفـو وعبدالفتـاح البوتـاني ، الكـورد والاحـداث ...، ص١٠١.

(١٣٦) بڕوانـە: نبـض الشـباب (جريـدة)، العـدد (٨٤)، بغـداد، ٦ نيسـان ١٩٩٨، ص٤ ؛ غانـم محمـد الحفـو وعبدالفتـاح البوتـاني ، الكـورد والاحـداث ...، ص١٣٤.

(١٣٧) عبالفتـاح البوتـاني، الحيـاة الحزبيـة في ...، ص٤٦٠-٤٦١ ؛ ثمينـة ناجـي يوسـف ونـزار خالـد ، م. س، ج١، ص١٦٥.

(١٣٨) سـەرەتاکانی پێکهێنانـی ئـەم یەکێتییـە بـۆ پەنجـاکان دەگەڕێتـەوە، وەك لقێکـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە عێـراق کاری دەکـرد، دیدارێـك لەگـەڵ محەمـەد تاهیـر عەلـی موبـارەك لـە ٢٠٠٧/٣/١٧ لـە دهـۆك.

(١٣٩) دیدارێـك لەگـەڵ محەمـەد تاهیـر عەلـی موبـارەك لـە ٢٠٠٧/٣/١٧ ؛ دیدارێـك لـە ڕەشـید محەمـەد مسـتەفا ئامێـدی لـە دهـۆك لـە ١٤/ ٣/ ٢٠٠٧: بـە ڕەشـید بەگـی خـان نـاسراوە لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە ئامێـدی لەدایـك بـووە، قۆناغـی سـەرەتایی لـەوێ تەواوکـردووە، دواتـر بـۆ قۆناغـی دواناوەنـدی چووەتـە دهـۆك و، لـە سـاڵی ١٩٥٨ تـەواوی کـردووە، بووەتـە مامۆسـتا و بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی سـەڵاحەدین لـە دهـۆك، حکومەتـی بەعـس لـە کۆتایـی شەسـتەکان خانەنشـینی کـردووە، ئێسـتا دانیشـتووی دهۆکـە.

(١٤٠) دیدارێـك لەگـەڵ محەمـەد تاهیـر عەلـی موبـارەك لـە ٢٠٠٧/٣/١٤، دیدارێك لەگـەڵ محەمەد تاهیـر عەلـی موبارەك لـە ٢٠٠٧/٣/١٧

(١٤١) عبدالفتـاح البوتـاني، وثائـق عـن ...، ص٦٢٢ ؛ دیدارێـك لەگـەڵ محەمـەد تاهیـر عەلـی موبـارەك لـە ٢٠٠٧/٣/١٤ ؛ دیدارێـك لەگـەڵ محەمـەد تاهیـر عەلـی موبـارەك لـە ٢٠٠٧/٣/١٧

(١٤٢) وێنــەی کۆپییەکــی نامــەی یەکــەم، ٥/ ١١/ ١٩٥٦، واژووی خەڵکــی دهــۆك، ســەرچاوە: عبدالفتــاح البوتــاني، وثائــق عــن ...، الوثيقــة رقــم (١)، ص٦٢٤.

(١٤٣) بڕوانە: طارق عبدالحميد، مهزلة التعليم في العراق، مطبعة شفيق، ط١، (بغداد، ١٩٥٨)، ص٤١.

(١٤٤) ئەنجومەنــی عورفــی (٨٨) قوتابــی لــە قوتابخانەكانیــان دەركــرد، (٢٢) قوتابــی بــۆ مــاوەی ســاڵی خوێندنــی ١٩٥٦-١٩٥٧ دەركــرد، (٣٧) قوتابــی بــۆ مــاوەی جیاجیــا دەركــرد، و (٢٣) قوتابــی ڕەوانــەی خزمەتــی ســەربازیی زۆرداره‌كــی كــرد، لــە ئامادەیــی دهــۆک (١٣) قوتابــی دەركــرا و (١٦)شــیان دەســتگیركران. بڕوانە:لیســتی ئــەو ڕێكارانــەی بەڕێوەبەرایەتیــی پــەروەردەی لیــوای مووســڵ دەرحــەق بــە قوتابیــان گرتییــە بــەر، لــە : عبدالفتــاح البوتــاني ، وثائــق عــن ...، ص٦٢٥.

(١٤٥) دیدارێك لەگەڵ محەمەد تاهیر عەلی موبارەك لە ٢٠٠٧/٣/١٤.

(١٤٦) بڕوانە: دەقی بەڵگەنامەكان:

١- صــورة كتــاب معــأون مديــر شرطــة دهــوك المرقــم س/٢، والمــؤرخ في ٥/ ١/ ١٩٥٧، سري وشــخصي مأمــور مركــز شرطــة دهــوك، الموضــوع/ مراقبة.

٢- صــورة كتــاب معأونيــة شرطــة دهــوك المرقــم س/٤، والمــؤرخ في ١٠/ ١/ ١٩٥٧، الموجــه الى مأمــور مركــز شرطــة دهــوك، سري، الموضــوع/ مراقبــة.

٣- الحكومــة العراقيــة، متصرفيــة لــواء الموصل، العدد ق.س/٣٥، التأريــخ ١٦/ ١/ ١٩٥٧، قلم التحرير، القلــم السري، سري ومســتعجل للغايــة، الموضــوع معلمــون وطلاب مشــتبه في ســلوكهم ونزعاتهــم، مديريــة معــارف لــواء الموصــل، المصدر: عبدالفتــاح البوتــاني ، وثائق عــن ...، ص٦٢٦-٦٣٠.

# بەشی چوارەم

# چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراقدا

## بزووتنەوەی قوتابیانی کورد و چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان

چالاکییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد تەنیا لە بابەتی ڕێکخستن و خەباتی سیاسی و پیشەییدا سنووردار نەبوو، بەڵکو لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیشیان لەخۆگرتبوو، بۆیە دەبینین ئەو لایەنانە بەشێکی گرنگی چالاکییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردیان پێکهێنابوو و ئەوەش بەشێک بوو لە خەباتی بزووتنەوەکە بەگشتی، جا بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی ئەو چالاکییانە، لەم بابەتەدا سەرنج دەخەینە سەر لایەنە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان.

# تەوەری یەکەم

## چالاکیی ڕۆشنبیری

چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان چەندین لایەنیان لەخۆگرتبوو، لەوانە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، کتێب، وتار، لێکۆڵینەوە و لێدوانی ڕۆشنبیری، تێیدا دیدگای خۆیان لەسەر بابەتگەلێکی جۆراوجۆر دەردەبڕی، جگە لە ئەنجامدانی کۆڕ و سیمیناری ڕۆشنبیری و بەشداریکردن لە فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان، بەم شێوەیە لەم تەوەرەدا ئاماژە بە بەشێک لەو لایەنانە دەکرێت:

### أ. ڕۆژنامەوانی و بڵاوکراوە

بزووتنەوەی قوتابیانی کورد بە هۆی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی گرنگییەکی زۆری بە چالاکیی ڕۆژنامەوانی دا، قوتابییەکی زۆری بۆ ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەکە ڕاکێشا، هەروەها ڕۆژنامەوانی یەکێک بوو لە هۆکارە کاریگەرەکانی هەڵسەنگاندنی سیاسەتی حکومەت، ڕۆڵیشی لەسەر بانگەوازکردن بووە بۆ ڕێکخستن و هەڵوێست وەرگرتن لەسەر زۆر پرس و کۆکردنەوەی ڕای گشتی.

سەرەتای ڕۆژنامەوانیی قوتابیانی کورد بۆ ساڵی ١٩١٣ دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵەی قوتابیانی هێڤی لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣ گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ی دەرکرد[١]، بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی کۆمەڵەکە. ئەمە گۆڤارێکی مانگانە بوو بە هەردوو زمانی تورکی و کوردی دەردەچوو. شایانی باسە کە خاوەنی ئیمتیازی (عەبدولکەریم سلێمان) بوو[٢]. ژمارەی لاپەڕەکانی هەر ژمارەیەک (٣٢) لاپەڕە بوو، ئەم گۆڤارە تەنیا چوار ژمارەی لێ دەرچوو[٣].

ئامانجی(ڕۆژی کورد) پەرەپێدانی کولتووری کوردی و بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی خوێندنەوە و نووسینی کوردی بوو لەناو دانیشتوانی کورددا[٤]، ناوەڕۆکەکەی چەندین بیرۆکە و بابەتی لەخۆگرتبوو، پرسی ناسیۆنالیستی کورد، پرسی پەروەردە لە کوردستان، مێژووی گەلی کورد[٥].

بەڵام دەسەڵاتدارانی عوسمانی ئەم گۆڤارەیان داخست دوای ئەوەی تەنیا چوار ژمارەی دەرچوو، بۆیە کۆمەڵەی هێڤی پەنای بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی دیکە بە ناوی (هەتاوی کورد) برد[٦]، کە زمانحاڵی بێت و بە زمانی تورکی و کوردیش بێت، تا ئێستا تەنیا چوار ژمارەی لێ دۆزراوەتەوە[٧]. لە ئامانج و ناوەڕۆک و بابەتە پەیوەندیدارەکانی شێوەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) بوو، توانی زۆرێک لە گەنجانی کورد بۆ بەشداریکردن و نووسین لە گۆڤارەکەدا کۆبکاتەوە[٨]، یەکێك لە نووسەران بە ناوی نەجمەدین کەرکووکلی، وتارێکی بەناونیشانی "مێژووی نهێنی" نووسیوە، تێیدا دەڵێت: "یەکێک لەو شتە گرنگانەی کار بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆحی ناسیۆنالیستی لای کورد دەکات، نووسینی ژیاننامە و وەرگێڕانە وەک یەکێک لە بابەتە بنەڕەتییەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، بەو پێیەی ئەمەش کار بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی لای قوتابیانی کورد دەکات"[٩]. گۆڤاری (هەتاوی کورد) تا کاتی ڕاگەیاندنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام دەردەچوو، کاتێک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٤ بانگهێشتی یەدەگی گشتی کرا، زۆربەی نووسەرانی گۆڤارەکە بانگهێشت کران بۆ خزمەتکردن، هەر بۆیەش مەحاڵ بوو دواتر دەربچێت[١٠].

تیشکی سەرنجی هەردوو گۆڤاری (ڕۆژی کورد و هەتاوی کورد) خرابووە سەر بابەتەکانی ڕۆشنگەری و داواکاری بۆ خوێندن و پەرەپێدانی ژیانی ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی دانیشتوان و یەکێتیی نەتەوەیی گەلی کورد[١١]. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە گۆڤاری ڕۆژی کورد بە یەکەم گۆڤاری کوردی دادەنرێت[١٢].

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٨، چالاکییەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی هێڤی دەستییان پێکردەوە، لە ساڵی ١٩٢١ کتێبێکی بە ناوی (ڕێزمانی کوردی - ڕێزمان بۆ ئەوانەی دەیانەوێت فێری کوردی بن) چاپکرد[١٣]. دوای ئەوە بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویاندا تووشی هەڵبەزودابەز بوو، شان بەشانی ئەو وەرچەرخانە و گۆڕانکارییە سیاسی و دابەشبوونە نوێیانەی ناوچەکە تووشی بوو، ئەوە بوو کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش بوو (وەک لە بەشی یەکەمدا باسکرا).

لـە لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە عێراقـەوە، تـا سـەرەتای سـاڵانی سـییەکان، زانیارییەکـی زۆرمـان لەسـەر چالاکییـە کولتوورییەکانـی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لـە سـەرچاوەکاندا نەدۆزیوەتـەوە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئاستەنگانەی حکومەتەکانـی عێـراق دەیخسـتنە بـەردەم هـەر چالاکییەکـی ڕۆشـنبیری، بەتایبەتـی بزووتنـەوەی چـاپ و دەرکردنـی ڕۆژنامـە، هەروەهـا حکومەتـی عێـراق تـا ڕادەیـەک ڕۆژنامـە کوردییەکانـی خسـتبووە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـەوە، ئەمـەش دوای چارەسـەری کێشـەی مووسـڵ[١٤].

بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد لـە عێـراق چـالاک بـوو و بـۆ یەکەمجـار لـە مـاوەی سـاڵانی سـییەکاندا لـە بەغـدا ڕۆژنامـە و بڵاوکراوەکانـی دەرکـرد، دوای ئـەوەی قوتابیـان چەندیـن کۆمەڵـە و یانـەی کوردییـان دامەزرانـد. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بوونـی کۆمەڵێـک قوتابیـی کـورد لـەو شـارە، جگـە لـە زۆریـی چاپخانـە و دەزگاکانـی چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەروەهـا ئـەو بـڕە ئازادییـەی عێـراق لـەو ماوەیـەدا بەخۆیـەوە بینـی[١٥]. ئـەوە بـوو (کۆمەڵـەی لاوان) دوو بڵاوکـراوەی دەرکـرد، یەکێکیـان بـە نـاوی: (یـادگاری لاوان) کـە لـە سـاڵی ١٩٣٣ دەرچـووە و ئـەوی دیکەیـش (دیـاری لاوان) لـە سـاڵی ١٩٣٤ دەرچـوو[١٦]. ئـەو دوو بڵاوکراوەیـە کـە نوێنەرایەتیـی دیارتریـن بەرهەمـە کولتوورییەکانـی ئـەم کۆمەڵەیەیـان دەکـرد، بـە زمانحاڵـی ئـەو کۆمەڵەیـە دادەنـران، دەکـرێ لەمیانـی سروشـت و بەرنامـەی ئـەم دوو بڵاوکراوەیـە لـەو ڕاسـتییە بنەڕەتییـە تێبگەیـن کـە لـە ژێـر کاریگەریـی ڕۆژنامـەی (ئەلئەهالـی) بـوون، لەبـەر ئـەوەی پەیوەندییـان لەگـەڵ گروپـی (ئەلئەهالـی) هەبـوو[١٧]. ئـەو دوو بڵاوکراوەیـە بـە دوو نـاوی جیـاوازەوە دەرچـوون و، نـاوی خـاوەن مافـی ئیمتیازیـان تێـدا نەهاتـووە. تەنانـەت نـاوی سـەرۆک و ئەندامانـی دەسـتەی نووسـەران و ناونیشـانی هەمیشـەیی، هەروەهـا نـە مـاوەی دەرچوونـی ئەمانـە هیچیـان دیارنیـن، ئەمـەش بـۆ لابردنـی گومانەکانـی حکومـەت بـوو لـەو بارەیـەوە، چونکـە بەنهێنـی و بەبـێ مۆڵەتـی فەرمـی دەرچووبـوون، دوو قوتابـی ڕۆڵـی پێشـەنگیان هەبـوو لـە دەرکردنیـان، ئەوانیـش (ئیبراهیـم ئەحمـەد و عەبدولـڕەحمان میـرزا عەبـدوڵڵا)[١٨]. ئـەو دوو بڵاوکراوەیـە ئامانجیـان بڵاوکردنـەوەی کولتـوور و ئەدەبـی کـوردی بـوو لەنێـو ئـەو قوتابییـە کوردانـەی لـە بەغـدا دەیانخوێنـد، هەروەهـا بڵاوکردنـەوەی بەرهـەم و داهێنانەکانیـان.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە (یادگاری لاوان و دیاری لاوان) لە بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بە گۆڤار دادەنرێن، بەڵام هەندێکیان بە گۆڤاری نازانن، بەو پێیەی هەندێک لەو مەرجە پێویستەی گۆڤاریان تێدا نەبووە، وەک: خستنەڕووی ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناونیشانی هەمیشەیی، ئایا ڕۆژانەیە یان هەفتانەیە یان مانگانەیە، پێیان باش بوو ناوی بنێن (کەشکۆڵ) یان (ئێتنۆلۆژی)[١٩].

(یادگاری لاوان و دیاری لاوان) چەندین وتار و بابەتی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری زانستی و مێژوویی لەخۆگرتبوو[٢٠] کە بە زمانی کوردی و لەلایەن قوتابیانی کوردەوە نووسرابوون، بەڵام بە ئاشکرا ناوەکانیان نەهێناوە، بەڵکو بە هێما و کورتکراوە، بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە ڕاوەدونانی حکومەت[٢١]. لەنێو ئەو شاعیرانەدا کە بەرهەمە شیعرییەکانیان تێدا بڵاو کردەوە، بریتی بوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، تۆران، زێوەر و کەسانی دیکە. سەبارەت بە بواری پەخشان و چیرۆک، بریتی بوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، و(هـ) ئیبراهیم ئەحمەد، وشاکر فەتاح(ش.ف)و (س.ف.) لە نێو ئەو کەسانەی کە بەشدارییان لە نووسینی بابەتەکانی کۆمەڵایەتیدا کردووە بریتی بوون لە: (ع.ت) عارف تاڵەبانی، (ج.م.) جەمال مەجید سەلیم، (م.أ.) محەمەد عەبدولڕەحمان ئاغا و هی دیکە کە هێمای ناویان نەهاتووە. توێژینەوەی ئەدەبی لەژێر ناوی (لاوان) و (هـ)یان تێدا بوو، کە هی ئیبراهیم ئەحمەد بوون، لەگەڵ بابەتگەلی جۆراوجۆری دیکە[٢٢] بە لێکۆڵینەوە لەو بابەتانە، ئاراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی ئەو دوو بڵاوکراوەمان بۆ ڕوون بووەوە، دەرکەوت کە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستی کورد بوون، گرنگیی ڕۆڵی لاوانیان وەک هێزێکی کاریگەر لە گۆڕینی کۆمەڵگە و بەرەوپێشبردنیدا ڕوون کردەوە و، بانگەوازی بۆ گەنجانی کورد کرد و، داوای لێکردن خەریکی خەباتی نەتەوەیی کورد بن. یادگاری لاوان هەروەها دەستی خستە سەر بابەتگەلێکی پەیوەست بە زمانی کوردی و گرنگیدان پێی بۆ هاندانی وانەوتنەوە و پەرەپێدانی[٢٣].

بەڵام (دیاری لاوان)، بابەتگەلێکی هاوشێوەی (یادگاری لاوان)ی تێدابوو، لەگەڵ گرنگیدان بە بابەتی مێژوویی. لەنێو ئەو کەسانەی کە بەشدارییان تێدا کردووە:

لـە بـواری شـیعردا: تـۆران و سـەلام، چیرۆکیـش: محەمـەد عەلـی کـوردی (م.ع.کـوردی) و شـاکر فەتـاح (ش.ف)، پەخشـان: تـۆران و حامیـد فـەرەج (ح. فـەرەج) و شـاکر فەتـاح (ش.ف)، کۆمەڵایەتـی: ئیبراهیـم ئەحمـەد (نـەژاد)، مێژوویـی: مەحمـوود جـەودەت (م.ج) و ڕەشـید نەجیـب (ڕ.ن) و فـازڵ تاڵەبانـی (ف. تاڵەبانـی)، بـەڵام ڕەنگاوڕەنـگ: حامیـد فـەرەج (ح. فـەرەج) و شـاکر فەتـاح (ش. ف)[٢٤].

لــە ســاڵی ١٩٣٢ قوتابخانــەی ناوەندیــی غەربیــی کــوڕان لــە کەرکــووک مانگانــە گۆڤارێکــی ڕۆشــنبیری بەناونیشــانی: (دەنگدانــەوەی لاوان) دەرکــرد، کــە چــوار ژمــارەی لــێ دەرچــوو، پاشــان بــۆ ماوەیــەک وەســتا[٢٥]، لــە ســاڵی ١٩٤٩دا جارێکــی دیکــە بــە هەمــان نــاو دەرچــووەوە: (دەنگدانــەوەی لاوان)، بــەڵام هەمــوو جارێــك بــە زنجیرەیەکـی نـوێ، یەکـەم ژمـارەی لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٤٩ دەرچـوو، سەرنووســەرەکەی حســێن عەلــی ئەلبەیاتــی بــوو، تەنیــا چــوار ژمــارە دەرچــوو[٢٦]. لــە کاتێکـدا ئـەو قوتابخانـە ناوەندییـە بڵاوکراوەیەکـی قوتابخانەیـی ڕۆشـنبیری بـە نـاوی: (صـدى الشـباب)ی بڵاوکـردەوە، کـە یەکـەم ژمـارەی لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٥٧ بـە زمانـی عەرەبـی بڵاوکرایـەوە. هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٥٨ لیژنـەی چالاکیـی ڕۆشـنبیری لـە دواناوەندیـی کوڕانـی کەرکـووک گۆڤارێکـی بچووکـی بـە هەمـان نـاوی (دەنگدانـەوەی لاوان) دەرکـرد، ژمـارەی یەکەمـی لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٨ دەرچـوو و دواتــر ڕاگیــرا[٢٧]. ئاماژەکــردن بــەو گۆڤــار و بڵاوکراوانــەی پێــشتر بــاسمان کــردوون، کــە نــاوی "دەنگــی لاوان"یــان هەڵگرتــووە، لــەوەوە ســەرچاوەی گرتــووە کــە نەتــەوەی کـوردی نیشـتەجێی کەرکـووک زۆرینـەی دانیشـتوانی پێکدەهێنـن، بۆیـە ئەگـەری ئـەوە هەیـە قوتابیانـی کـورد ڕۆڵیـان تێـدا هەبووبێـت.

لـە نێـو بڵاوکراوەکانـی دیکـەدا ئامـاژە بـە "بڵاوکراوەیەکـی قوتابخانـەی دووەمـی هەولێـر" دەکەیـن، کـە لـە سـاڵی ١٩٣٣ لـە لایـەن قوتابیانـی کـوردەوە بـە ئاشـکرا دەرچــووە، بڵاوکراوەکــە لــە چاپخانــەی ئــوم ئەلرەبیعەیــن لــە مووســڵ چاپکــراوە، خوێندنــی ئــەو ســەردەمە بــە زمانــی عەرەبــی بــووە لــە سەرانســەری عێــراق و کوردســتان، هەروەهــا بەهــۆی کەمیــی چاپخانــە کــە بــە پیتــی کــوردی چــاپ بکرێـت. لـە (١٤) لاپـەڕەی قەبـارەی مامناوەندیدایـە، هـەر لاپەڕەیـەک (١٥) دێـڕی تێدایــە. بڵاوکراوەکــە کۆمەڵێــک بابەتــی گرنگــی لەخۆگرتــووە، لەوانــە: مەبەســتی

بڵاوکردنەوەکـە- تەندروسـتی و قوتابخانـەی دووەمـی هەولێـر- چالاکیـی وەرزشـیی قوتابخانـەی دووەمـی هەولێـر- هونـەرە جوانـەکان و قوتابخانـەی دووەمـی هەولێـر- زمانـی عەرەبـی و قوتابخانـەی دووەمـی هەولێـر[٢٨] .

بڵاوکراوەکـە نـاوی دەسـتەی نووسـەران و نـاوی وتارنووسـانی تێـدا نەبـوو، هەروەهـا نـاوی ئـەو مانگـەی تێـدا نییـە کـە لێـی دەرچـووە، تەنانـەت ژمارەشـی لەسـەر نییـە. لـە بڵاوکراوەکـەدا لـە لاپـەڕەی یەکەمیـدا هـۆکاری دەرچوونـی ڕوونکراوەتـەوە، کـە تێیـدا هاتـووە: "پەیوەندییەکـی نزیـک و پتـەوی نێـوان خوێندنـی قوتابـی لـە ماڵـەوە و خوێندنـی قوتابخانەکـەی، کـە هەریـەک لـەو دوو پەروەردەیـە دەکاتـە تەواوکـەری ئـەوی دیکـە، وایکـردووە، قوتابخانـەی دووەمـی هەولێـر کاربـکات بـۆ ئـەوەی سـەرنجی ئـەو کەسـانەی کـە بەرپرسـیارن لـە پـەروەردەی ماڵـەوەی قوتابیـان بـەرەو هەندێـک بابەتـی گرنـگ ئاراسـتەیان بکـەن". بـۆ گەیـشتن بـەو ئامانجـە، ئیـدارەی قوتابخانـەی ئاماژەپێکـراو بڕیاریـدا، باشتریـن ڕێـگا ئەوەیـە ئـەم بڵاوکراوەیـە دەربـکات[٢٩]، دیـارە ئیـدارەی قوتابخانـەی ناوبـراو ئەرکـی دەرکردنـی ئـەم گۆڤـارەی لـە ئەسـتۆ گرتبـوو.

لـە چوارچێـوەی ڕۆژنامەگەریـی قوتابیانـدا، گۆڤـاری (ڕووناکـی) - کـە یەکـەم ژمـارەی لـە ٢٤ی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٣٥ و دوا ژمـارەی لـە ١٦ی ئایـاری ١٩٣٦دا دەرچـووە - لاپەڕەیەکـی بـۆ نووسـینەکانی قوتابیـان لـە هەندێـک ژمـارەی خـۆی تەرخـان کـردووە، وەک ژمـارەی نۆیـەم و دەیـەم، بـە مەبەسـتی هاندانـی قوتابیـان و لاوان بـۆ نووسـین بـە زمانـی کـوردی[٣٠]. لـە لایەکـی دیکەیشـەوە (مسـتەفا نـەریمان) لـە بیرەوەرییەکانیـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە (کۆمەڵـەی دارکـەر) کـە لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە کەرکـووک دامـەزراوە - وەک پێـشتر ئاماژەمـان پێـدا- بڵاوکراوەیەکـی بـە نـاوی: (شـیلان) دەرکردبـوو، بـێ ئـەوەی زانیاریـی وردی لەسـەر بـدات[٣١].

لەلایەکـی دیکـەوە کۆمەڵێـک قوتابیـی کـورد لـە دواناوەندیـی ئەهلیـی جەعفـەری لـە بەغـدا گۆڤارێکیـان بـە نـاوی: "کردسـتان الجریـح"، "کوردسـتانی برینـدار" دەرکـرد، بـەڵام بـە وردی سـاڵی بڵاوبوونـەوەی نازانرێـت، ئـەو زانیاریانـەی کـە باسـیان لـە دەرچوونـی ئـەم گۆڤـارە کردبـوو لـە یـەک سـەرچاوە وەرگیـراون، کـە لـە بیرەوەرییەکانـی کامیـل حەسـەن ئەلبەسـیرەوە هاتبـوون، بـەڵام دوای گـەڕان بەنـاو ئـەو بیرەوەریانـەدا، بۆمـان دەرکـەوت کـە مێـژووی ئـەو گۆڤـارە بـۆ مـاوەی

نێــوان ســاڵانی ١٩٤٧-١٩٤٩ دەگەڕێتــەوە، چونکــە باســی لــەوە کــردووە کــە بــۆ یەکەمجــار هەواڵــی پرســی فەلەســتینی بیســتووە، کــە مێژووەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو ســاڵانە[٣٢]، ئەویــش لــەو ماوەیــەدا قوتابیــی قۆناغــی ناوەنــدی بــووە[٣٣]. ئــەوەی گرنگــە لــەو مەســەلەیە ئەوەیــە، باســی لــەوە کــردووە کــە ئەوکاتــەی قوتابــی بــووە لــەو قوتابخانەیــەدا، بیرۆکەیەکــی بــۆ هاتــووە، دوای ئــەوەی ئەزموونــی لــە خۆپیشــاندانەکانی قوتابیــان وەرگرتــووە کــە لــەو کاتــەدا لــە بەغــدا ئەنجــام دەدرا. هــەر بۆیــە گفتوگۆیــەک لــە نێــوان کۆمەڵێــک قوتابیــی کــورددا هەبــووە، ســەبارەت بــەوەی بەســەر گەلــی کــورددا دێــت و کامیــل حەســەن ئەلبەســیر باســی لــەوە کــرد و گوتــی: ئێمــەی ڕۆشــنبیرانی کــورد ئەگــەر بچووکیــش بیــن، ئەرکێــکمان هەیــە کــە پێویســتی بــە ئێمەیــە ئەویــش ئاگادارکردنــەوەی جەماوەرەکەمانــە، ئــەو لــە قســەکردن بــەردەوام دەبێــت و دەڵێــت: "تــا گەورەکانمــان خەوتــوو بــن، ئێمــە ناتوانیــن هیــچ بکەیــن". پاشــان قوتابییەکــی دیکــە بەنــاوی (حەمیــد) هەســتا و گوتــی: ئەگــەر بمانەوێــت بەشــێک لــە ئەرکــی خۆمــان جێبەجــێ بکەیــن، نابێــت بیــر لــە هەڵــەی کەســانی دیکــە بکەینــەوە، پێشــنیازتان بــۆ دەکــەم کــە گۆڤارێــک دەربکەیــن و بەســەر لاوەکانمانــدا دابەشــی بکەیــن، تاکــو بــە خوێندنــەوەی گۆڤارەکــە ڕاســتییەکانی دۆزی ئێمــە بزانــن، دوای کاتژمێرێــک گفتوگــۆ لــە نێوانیانــدا، ڕێککەوتــن لەســەر دەرکردنــی ئــەو گۆڤــارە، "کوردســتانی برینــدار"، یەکــەم ژمــارەی خــۆی بــە دەســتنووس بڵاوکــردەوە[٣٤]. شــایانی باســە ئــەو ســەرچاوانەی باســیان لــە ڕۆژنامەگەریــی کــوردی کــردووە، باســی ئــەم گۆڤارەیــان نەکــردووە و، تاکــە ســەرچاوە باســی کردبــێ، کامیــل حەســەن ئەلبەســیر بــووە لــە بیرەوەرییەکانیــدا، وەک پێــشتر بــاسمان کــرد.

دوای ئــەوەی بزووتنــەوەی قوتابیــان لــە عێــراق شــێوەی ڕێکخــراوی وەرگــرت، گۆڤــاری "دەنگــی قوتابیــان"ی لــە ســاڵی ١٩٥١ دەرکــرد، وەک یەکــەم ڕۆژنامــەی زمانحاڵــی بــۆ یەکێتیــی گشــتیی قوتابیانــی عێــراق، کــە تەنیــا دوو ژمــارەی لــێ دەرچــووە.

لــە ناوەڕاســتی ســاڵی ١٩٥٣دا لەجیاتــی ئــەو، ڕۆژنامــەی "کیفــاح ئەلتەڵەبــە" دەرچــوو کــە تــا شۆڕشــی ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٨ بــەردەوام بــوو[٣٥]. لــە لاپــەڕەی یەکەمیــدا ئــەم دروشمانــەی خــوارەوە نووسرابــوون: "لــە پێنــاو ئاشــتییەکی بــەردەوام و داهاتوویەکــی بــاشتر" و " ئــەی قوتابیــان، لــە بەرەیەکــی گشــتگیری قوتابیانــدا یەکبگــرن،

بـۆ پووچەڵکردنـەوەی یاسـای مەشـقی سـەربازیی فاشیسـتی و سـەندنەوەی ئازادیـی ڕێکخسـتنی قوتابیـان لـە پێنـاو ژیانێکـی زانکۆیـی ئـازاد و دیموکراسـیدا". ژمارەکانـی کـە لـە سـاڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ و ١٩٥٥ دەرچـوون بـە بەکارهێنانـی ئامێـری ڕۆنیـۆ چاپکـراون، بـە قەبـارەی کاغـەزی ئاسـایی (A4) و بـە توانـای چاپکردنـی سـنووردار چاپکـراون. هەروەهـا فۆتۆکۆپییەکـی ناونیشـانی سـەرەوەی ڕۆژنامەیـەک بـە نـاوی: "دەنگـی قوتابیـان- صـوت الـطلاب" دۆزرایـەوە، ناونیشـانەکە بـە دەسـت نووسرابـوو، لـە ژێرەوەیـدا وشـەی "زمانحاڵـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق" هەبـوو، بەبێ ئـەوەی ئامـاژە بـە ژمـارە و مێـژووی دەرچوونـی ئـەم ڕۆژنامەیـە بکرێـت(٣٦) . شـایانی باسـە؛ لێـرەدا ئاماژەکـردن بـەم ڕۆژنامانـە لـەوەوە هاتـووە کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە قوتابیانـی کـورد لـەو ماوەیـەدا سـەر بـە یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق بـوون.

هەروەهـا قوتابیانـی کـورد گۆڤارێکـی نهێنییـان بەنـاوی: (هەڵمـەت) بـە زمانـی کـوردی لـە سـاڵی ١٩٥٣ دەرکـرد(٣٧)، دەرچوونـی ئـەو گۆڤـارە دوای کۆبوونـەوەی کۆمەڵێـک قوتابـی هـات لـە ئەندامانـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە یەکێـک لـە پارکـە گشـتییەکانی شـاری سـلێمانی، بـە سـەرۆکایەتیی (کەمـال عەبدولکەریـم = دکتـۆر کەمـال فوئـاد). کـە بڕیاریـان دا گۆڤارێکـی ئەدەبـی بـە ناوی(هەڵمـەت) دەربکـەن، لەوانـەی لـە کۆبوونەوەکـە ئامـادە بـوون: قـادر میـرزا کەریـم، شـەوکەت عەزیـز فـەرەج، فـەرەج عەلـی، فـەرەج ئەحمـەد (فـەرەج بـەگ)، محەمـەد ئەمیـن بابـان، عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ، کەمـال عەبدولکەریـم، هەموویـان قوتابیـی دواناوەنـدی بـوون، جگـە لـە عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ کـە قوتابیـی زانکـۆ بـوو. تەنیـا دوو ژمـارەی ئـەم گۆڤـارە دەرچـووە، کـە بـە بەکارهێنانـی کاربـۆن بـە دەسـت نـووسراون و کۆپـی کـراون، نزیکـەی (٥٠) دانـە لـە هـەر ژمارەیـەک دەرچـووە و، بەسـەر قوتابیانـدا دابـەش کـراوە، قوتابـی کەمـال عەبدولکەریـم سـەروتاری ژمـارەی یەکەمـی نووسـیوە، بابەتەکانیـش لەلایـەن: عەبـدوڵڵا میدیـا، عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ، قـادر میـرزا کەریـم کۆکراونەتـەوە، بـەڵام ژمـارەی دووەم لەلایـەن ڕێکخـراوی یەکێتیـی قوتابیانـەوە دەرچـووە، ئـەوان لـە سـاڵی ١٩٥٤ هەوڵیانـدا ژمـارەی سـێیەم دەربکـەن، بـەڵام بەهـۆی ڕەشـبگیریی قوتابیـان لـەو کاتـەدا سـەرکەوتوو نەبـوون (٣٨).

هەروەها یەکێتیی قوتابیانی ئایینی لە شاری سلێمانی[٣٩] لە ساڵی ١٩٥٤ گۆڤاری (دەنگی فەقێ)ی دەرکرد، یەکەم ژمارەی لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤ بە زمانی کوردی دەرچووە و بابەتەکانی بە دەستنووس و کۆپی کراون بە بەکارهێنانی کاربۆن، لە نێوان ٣٠-٤٠ دانە نووسراوە. بەسەر ئەندامان و کەسانی دیکەدا دابەش دەکرا، ژمارەی لاپەڕەکانی لە نێوان ١٦-٢٠ بوو، تەنیا پێنج ژمارەی لێ دەرچوو، لە هەر ژمارەیەکدا بەشێک لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتیی قوتابیانی ئایینی بڵاودەکرایەوە، لە سلێمانی و کەرکووك و خانەقین و کۆیە و هەڵەبجە دابەش دەکرا، بابەتەکانیش سیاسی و ئەدەبی و گشتی بوون[٤٠].

دوای ئەوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٣ دامەزرا، ڕۆژنامەگەریی تایبەتیی خۆی هەبوو، بەڵام بەهۆی سروشتی نهێنیی ئەو یەکێتییە لەو سەردەمەدا، ئەو سەرچاوانەی باس لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەن، لەوانەش ڕۆژنامەگەریی قوتابیان، بە دەگمەن زانیاریی پێویست لەبارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی قوتابیان دەدەن، کە لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە دەردەچوون.

یەکەم ئاماژە بە ڕۆژنامەگەریی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا دەردەکەوێت، کە ئەو نامەیەیە سکرتێری یەکێتیی ئەوکات (جەلال تاڵەبانی) بۆ سەرۆکی پارتی مەلا مستەفا بارزانی ناردبوو، ئەو کاتەی لە مۆسکۆ بوو، لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٥، تیایدا ئاماژەی کردبوو بە: "پێکهێنانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی-عێراق و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق، هەروەها دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی جووتیاران تایبەت بە ناوی (نرکەی جووتیاران)، جگە لە دوو ڕۆژنامەی: یەکێتیی قوتابیان و لاوان، "خەباتی لاوان بۆ لاوان" و"یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بۆ قوتابیان"[٤١]"، لەوەوە دەتوانین درك بە سەرەتای کاری ڕۆژنامەوانی و میدیایی (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان) بکەین. ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بڵاوکراوەیەکی ناوەندی دەرکردووە، هەروەها سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: "لەو سەردەمە خراپەدا (واتە سەردەمی پاشایەتی)، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ڕۆژنامەیەکی ناوەندی بەناوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە دەرکرد، کە وەک ڕێبەرێک بۆ قوتابیانی کوردستان کاری دەکرد."[٤٢]

خۆ دیار بوو یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، دوای دامەزراندنی، پەنا بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەک دەبات، لە پێناو بەهێزکردنی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد، هاوشێوەی ڕێکخراوە قوتابییەکانی دیکەی عێراق، لە لایەک و دابینکردنی پێویستی یەکێتییەکە بۆ ڕۆژنامەیەک بۆ قسەکردن لەگەڵ قوتابیانی کورد و بۆ دەربڕینی هەڵوێستەکانی، لە لایەکی دیکەوە.

سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، جەواد محەمەد شێروانی کە ئەوکات ئەندامی لیژنەی تەنفیزی و بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە، ئاماژە بەوە دەکات: "لە چوارچێوەی چالاکییەکانی لیژنەکانی ڕاگەیاندن، لە ساڵی ١٩٥٥، لیژنەیەکی قوتابیان پێکهات کە بریتی بوون لە: (کەمال غەمبار، ئەحمەد نەقشبەندی، لەتیف شێخ سدیق، جەواد ئەسعەد شێتنە دۆلەمەڕی و بەشیر حوسێن)، بۆ دەرکردنی گۆڤارێک بە ناوی: (مەشخەڵ)، لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە دەستنووس بوون، چەندین دانەشی بە کاربۆن کۆپی کرابوون و بەسەر قوتابیاندا دابەشکرابوون.

دوای ئەوە قوتابیان گۆڤارێکیان بە ناوی (بۆ پێشەوە) لە ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٧ دەرکرد، پاشان لیژنەیەکی قوتابیان کە پێکهاتبوو لە: (کەمال غەمبار، حەیدەر هەمزە، و بەشیر حوسێن) ڕۆژنامەی: (دەنگی قوتابیانی کوردستان) یان دەرکرد ، کە بە دەست نووسراوە و بە بەکارهێنانی کاربۆن کۆپی کراوە و بەسەر قوتابیان دابەش کراوە "[٤٣].

لە ساڵی ١٩٥٦ قوتابیانی کۆمۆنیست لە یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق لە قوتابخانەی ئامادەیی دهۆك بڵاوکراوەیەکی نهێنی و وەرزییان بە ناوی: "الصرخة-هاوار" بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە[٤٤] کە لەلایەن ئەم قوتابیانەوە ئامادەکرابوو: (محەمەد تاهیر عەلی موبارەک سەرۆکی لیژنەی یەکێتی و ڕەشید محەمەد مستەفا ئامێدی و کەمال مولکی و محەمەد ساڵح سواری و تۆفیق سەلیم بامەڕنی و جەمیل مستەفا و عەلی حەسەن و عەلی جەمبلی و قوتابیانی دیکە). بڵاوکراوەکە بە دەست دەنووسرا و بە بەکارهێنانی کاربۆن کۆپی دەکرا و (٣) بۆ (٤) لاپەڕە بووە و، (٣٠) دانەی لێ چاپکراوە، چەندین بابەتی سیاسی و ئەدەبی لەخۆگرتبوو، جگە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان[٤٥].

هەر لەو چوارچێوەیەشدا لقی سلێمانیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ڕۆژنامەی (ڕاپەڕینی قوتابیان)ی بڵاوکردەوە. لقەکانی دیکەی یەکێتی لە: کەرکووک، مووسڵ، خانەقین و بەغداش لە زۆربەی جارەکاندا بڵاوکراوە و گۆڤاریان هەبوو[٤٦]. لەساڵی ١٩٥٦ دەستەبژێرێکی قوتابیانی دواناوەندیی هەولێر؛ چالاکییەکیان بەجێ گەیاند، بۆ دەرکردنی گۆڤارێک بە ناوی: (الأمل) بە زمانی عەرەبی، هەر دوو ژمارەی لێ دەرچوو، یەکەمیان لە شوباتی ساڵی ١٩٥٦ و دووەمیان لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا. ئەو دوو ژمارەیە لە مووسڵ چاپ کراون، یەکەمیان لە چاپخانەی ئەلئیتیحاد ئەلجەدیدە و دووەمیان لە چاپخانەی ئەلهەدەف. سەبارەت بە دەستەی نووسەرانی، لەم قوتابیانە پێکهاتبوو: (تەڵعەت نادر، عادل ساڵح ئەلموختار، محەمەد سائیب نەقشبەندی، تاریق ئەسعەد کەمال، موحسین ئەحمەد ئەلسەفار، حیکمەت عەبدوڵڵا زێباری، فەخری فەقێ کەریم، ئەحمەد ڕەسووڵ ئەسعەدی). (الأمل) گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتی بوو تایبەت بە کاروباری قوتابییان، گۆڤارەکە بابەتگەلێکی گشتی و هەمەچەشنی زانستی و ئەدەبی و کولتووری لەخۆگرتبوو[٤٧]. لە ساڵی ١٩٥٨ دواناوەندیی دهۆك گۆڤارێکی بە ناوی: (الغد) دەرکرد، ژمارەی یەکەمی لە زستانی ئەو ساڵەدا دەرچوو، ژمارەی دووەم و کۆتاش لە بەهاری هەمان ساڵدا[٤٨].

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، ڕۆژنامەگەریی قوتابیان لە عێراق پێگەیەکی تایبەتی بەدەستهێنا، ئەمەش لەبەر گرنگییەکەی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو ڕیزەکانی قوتابیاندا، هەروەها لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی و قۆستنەوەی بۆ خزمەتکردنی گروپ و هێزە پێکناکۆکەکان، چونکە ڕۆژنامەگەریی قوتابیان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ شیاندن و ڕێکخستنی قوتابیان لە ڕووی سیاسییەوە، بۆیە لەم ماوەیەدا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری قوتابیان بە کوردی دەرچوون، لەوانە: گۆڤاری (گزنگ)، کە لەلایەن لیژنەیەك لە قوتابخانەی دواناوەندیی ئێواران لە سلێمانی دەردەچوو و سەرپەرشتی دەکرا، بریتی بوو لە گۆڤارێکی ئەدەبی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی . ژمارەی یەکەم لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٩ دەرچوو و دواتر وەستا[٤٩]. هەروەها لیژنەیەک لە قوتابیانی کچ لە قوتابخانەی هونەرەکانی ماڵ لە سلێمانی گۆڤاری(هونەر) یان دەرکرد، کە

گۆڤارێکـی قوتابیـان بـوو، گرنگـی بـە لایەنـە هونەرییـەکان و چالاکییەکانـی قوتابیـان بەتایبەتـی دەدا، کـە تەنیـا یـەک ژمـارەی لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٥٩ دەرچـوو[٥٠].

هــەر لــەو چوارچێوەیــەدا؛ ئیــدارەی قوتابخانــەکان لــە کوردســتان بــە هاوکاریــی قوتابیــان چەنــد گۆڤارێکیــان دەرکــرد، کــە زۆرجــار تایبــەت بــوون بــە کاروبــاری قوتابیــان و ناوەڕۆکەکانیــان دووربــوون لــە سیاســەت. ئــەوە بــوو قوتابیانــی خانــەی مامۆســتایانی ســەرەتایی لــە شــاری ســلێمانی گۆڤــاری: (نیشــتمان)یان دەرکــرد، کــە گۆڤارێکــی ئەدەبــی و ڕۆشــنبیری بــوو بــە زمانــی عەرەبــی و کــوردی دەردەچــوو، چەندیــن مامۆســتا لــە دەرکردنیــدا بەشــدار بــوون، لەوانــە: (محەمــەد ســلێمان ئیبراهیم،عەبــدوڵڵا زێیــاری و ئیبراهیــم محەمــەد) و لەنێــو قوتابیانیشــدا: (محەمــەد مەجیـد، فایـەق محەمـەد، زاهیـد قەرەداغـی و سـەڵاح یوسـف) تەنیـا یـەک ژمـارەی لــە مانگــی ئــاداری ١٩٥٩ لــێ دەرچــوو[٥١].

لیژنــەی کاروبــاری قوتابیانــی کوردســتان لــە یەکێتیــی گشــتیی قوتابیــان لــە کۆمــاری عێــراق گۆڤــاری (دەنگــی قوتابیــان)ی لــە بەغــدا دەرکــرد، بــە هاوکاریــی بەشــی ڕۆژنامەگــەری و بڵاوکردنــەوەی یەکێتییەکــە[٥٢]. ژمــارەی یەکەمــی لــە مانگــی نیســانی ســاڵی ١٩٥٩ و ژمـارەی دووەمـی لـە مانگـی کانوونـی یەکەمـی هەمـان سـاڵدا دەرچـووە، جەبـار جبـوری دەڵێـت: ئـەم گۆڤـارە دوای دەرچوونـی ژمـارەی سـێیەم دیـار نەمـا[٥٣]، بـەڵام کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد پشتڕاستی دەکاتـەوە کـە ئـەو ژمارانـەی لێـی دەرچـوون، چــوار ژمــارەن و دەڵێــت: "چــوار ژمــارەی لــێ بڵاوکرایــەوە و یەکێــک لــە ژمــارەکان بــە تەنیـا لەلایـەن دکتـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـووڵەوە دەرچـووە."[٥٤] عیزەدیـن مسـتەفا ڕەســووڵ ئەمــە پشتڕاســت دەکاتــەوە کاتێــک دەڵێــت: شــەوێکیان چوومــە بــارەگای یەکێتیـی قوتابیـان و هەمـوو ڕەشنووسـەکانی گۆڤـاری (دەنگـی قوتابیـان)م کۆکـردەوە، دواتــر ڕاســتەوخۆ چوومــە چاپخانــە، لــەوێ دوو شــەو ســەرقاڵی ڕێکخســتنی ئــەو ڕەشنووسـانە بـووم، ئەحمـەد حامیـد و نەسریـن فەخـری لـە هەندێـک بابـەت هـاوکارم بـوون، ئـەوەش لـە کۆتایـی مانگـی ئایـار بـوو، کـە دوو لاپـەڕەم بـە یـادی شـەهیدانی ٢٩ی ئایــاری ١٩٢٥ و وتەیــەك بــۆ شــەهیدانی ئامەد(دیاربەکــر) و هەمــوو شــەهیدانی باکـووری کوردسـتان نووسـی، ئـەو دێڕانـە دەنگدانەوەیەکـی زۆریـان هەبـوو لای برایانـی پارتــی و زۆربــەی دانەکانــی ئــەو ژمارەیــەش لــە هەمــان ڕۆژدا فــرۆشرا[٥٥].

گۆڤاری (دەنگی قوتابیان) یەکێک بوو لە گۆڤارە سەرکەوتووەکان، بەو پێیەی پڕ بوو لە بابەت و بەدواداچوونی تایبەت بە کاروباری قوتابیان[٥٦] و لە ڕووی چاپەوە ڕێکخرابوو، دیارە لە چاپخانە چاپکراوە، ئەویش بە قەبارەی کاغەزی جۆری A4 [٥٧].

هەروەها لە ساڵی ١٩٥٩، لقی کەرکووکی یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی قوتابیانی بە ناوی (دەنگی قوتابیان) دەرکرد. تەنیا سێ ژمارە بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی بڵاوکرانەوە، کە هەشت لاپەڕە بوو، لە لاپەڕەی یەکەمەوە تا لاپەڕەی سێیەم بۆ بەشی عەرەبی، هەروەها دوو لاپەڕە (چوارەم و پێنجەم) بۆ بەشی کوردی تەرخانکرا، لاپەڕەی شەشەم و حەوتەمیش بۆ بەشی تورکمانی بوو، بەڵام لاپەڕەی هەشتەمی بۆ تەواوکردنی پاشماوەی بابەتەکان تەرخانکرابوو. هەواڵ و بابەتگەلێکی جۆراوجۆری سەبارەت بە کاروباری قوتابیان لەخۆ گرتبوو، لە چاپخانەی ئەلشیمال لە کەرکووک چاپکرا[٥٨]. یەکەم ژمارەی لە ١٣ی ئابی ١٩٥٩ دەرچوو و لە پێشەوەیدا، ئەم دروشمە نووسرابوو: "لە پێناو ژیانێکی زانکۆیی ئازاد و ئایندەیەکی باشتر". لەنێو ئەو قوتابییە کوردانەی کە بەشدارییان لە بەشی کوردیی ئەم ژمارەیەدا کردووە":(عیزەدین حەمەخان)[٥٩]. لە کاتێکدا ژمارەی دووەم لە ٢٠ی ئابی ١٩٥٩ دەرچووە و لەنێو ئەو قوتابییە کوردانەی کە بەشدارییان تێدا کردووە: (سەلاح مەلا کەریم) و قوتابییەك کە ناوی بە هێمای: (ف.ع) هاتووە[٦٠]. من نەمتوانی ژمارەی سێیەم بەدەستبهێنم. شایانی باسە جەمال خەزنەدار ئەم ڕۆژنامەیەی وەک گۆڤار پۆلێن کردووە[٦١]، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە ڕۆژنامەیە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا لقی هەولێری یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ گۆڤارێکی قوتابییانەی بە ناوی: (ژیان) بە زمانی کوردی دەرکرد، کە گۆڤارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوو، تایبەتمەند بوو بە کاروباری قوتابیان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیان. یەکەم گۆڤاری قوتابییانەی گشتییە کە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە (هەولێر) دەرچووە[٦٢]. هەرچەندە لە بەرگی ژمارەکەدا وادەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە نەنووسرابوو، بەڵام کەمال مەزهەر ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە لە تشرینی

دووەمـی سـاڵی ١٩٦٠ دەرچـووە[٦٣]، بـەڵام جەبـار جەبـاری دووپاتـی کـردەوە، یەکـەم ژمـارەی ئـەو گۆڤـارە لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦١ دەرچـووە، واتـە سـاڵێک دوای ئـەو ڕێکەوتـەی پێشـوو[٦٤]، بـەڵام هـەردوو ڕێکەوتەکـە جێگـەی گومانـن، چونکـە هیـچ کامیـان ئاماژەیـان بـەو سـەرچاوەیە نەکـردووە کـە زانیارییەکانـی لـێ وەرگرتـووە و، بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە وادەی دەرچوونـی یەکـەم ژمـارەی ئـەم گۆڤـارە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٥٩، چونکـە هـەواڵ و ڕاپۆرتـی تێدایـە کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٥٩. لـە نێـو ئـەو کەسـانەی بەشـدارییان لـە دەرکردنـی ژمـارەی یەکەمـدا کـردووە، بریتـی بـوون لـە: کەمـال محێدیـن، سـەڵاح سـەعید و موهیـب حەیـدەری[٦٥]. شـایانی باسـە؛ جەبـار جەبـاری و کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد ئاماژەیـان بـەوە کـردووە کـە تەنیـا دوو ژمـارەی لـێ دەرچـووە، هـاوکات مومتـاز حەیـدەری پشتڕاسـتی دەکاتـەوە کـە تەنیـا یـەک ژمـارە دەرچـووە [٦٦]. لاپەڕەکانـی یەکـەم ژمـارەی گەیشـتە (٤٠) لاپـەڕە و ئـەم تەوەرانـەی لەخۆگرتبـوو: پێشـەکیی ژمـارە، ڕۆڵـی قوتابیـان لـە ژیانـی کۆماریـدا، ئاشـتیمان دەوێـت، ڕۆژنامەوانـی و خەڵـک، ئەنجامەکانـی کۆنفرانسـی یەکەمـی یەکێتیـی مامۆسـتایانی کوردسـتان، هەروەهـا هۆنـراوە و هەواڵـی قوتابیـان[٦٧].

سـەبارەت بـە لقـی سـلێمانی گۆڤاری(هیـوای کوردسـتان)ی بـە زمانـی کـوردی دەردەکـرد، یەکـەم ژمـارەی بـە شـێوەی گۆڤـار لـە ١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٥٩ دەرچـوو، دوای ئـەوە بـە شـێوەی ڕۆژنامـەی نیـوە مانگانـە دەرچـوو، کـە (١٣) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، دوا ژمارەش لـە ١٩٦٠/١٠/١٩ بـوو[٦٨]. هـەر لـەو سـاڵەدا لقـی کەرکـووك گۆڤـاری (پێشـڕەو)ی دەرکـرد، کـە گۆڤارێکـی ڕۆشـنبیری و پەروەردەیـی قوتابیـان بـوو بـە زمانەکانـی عەرەبـی و کـوردی و تورکمانـی دەردەچـوو. تەنیـا سـێ ژمـارەی لـێ دەرچـوو[٦٩].

جگـە لـەوەی ئاماژەمـان پێـدا، ڕۆژنامـە عێراقییـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی و ڕۆژنامـە حزبییـەکان بەتایبەتـی، گۆشـەی تایبەتـی لاپەڕەکانیـان کـردەوە بـۆ بڵاوکردنـەوەی هەمـوو شـتێک کـە پەیوەنـدی بـە چالاکـی و بۆنـەی قوتابیانـەوە هەبـوو، هەروەهـا ئـەوەی کـە پەیوەسـت بـوو بـە پێشکەشـکردنی سـکاڵا و یاداشـتی ناڕەزایـی، تەنانـەت لاپـەڕەی تایبەتییـان بـۆ تەرخـان کـردن کـە لەلایـەن خـودی قوتابییانـەوە سەرپەرشـتی دەکـران[٧٠]، بۆیـە هەندێـک ڕۆژنامـەی کـوردی کـە لـەو مـاوەی دوای شۆڕشـی ١٤ی

تەمووز دەردەچوون، گۆشەی تایبەتیان بۆ قوتابیانی کورد و بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان تەرخان کرد، وەک: ڕۆژنامەی: (دەنگی کورد)، ڕۆژنامەی: (خەبات)، و ڕۆژنامەی (ژین). ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) لە ژمارە (١٩)یدا کە لە ٢٢ی ئابی ١٩٦٠ دەرچووە، ڕایگەیاند کە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ کاروباری قوتابیانی کوردستان تەرخان کردووە، تێیدا هاتووە: "پەیامێک بۆ قوتابیانی کوردستان: لە پێناو خزمەتکردنی گەلی کورد و بۆ ئەوەی قوتابیانی کوردستان گوزارشت لە کێشەکانیان بکەن و دەنگیان بەرز بکەنەوە، هەروەها ناساندنیان بە قوتابیانی جیهان، بەشێک لە ڕۆژنامەکەمان تەرخانکراوە بۆ بڵاوکردنەوەی نووسراوی جۆراوجۆری قوتابیانی کوردستان، ئەم بەشە ئامادەیە بۆ گوزارشتکردن لە هەموو کێشەکانی قوتابیان و سەیری هەموو پەیامەکانیان دەکات[٧١]. ڕۆژنامەکە بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی قوتابیانی کوردستان و نووسین و بەرهەمەکانیان و گلەیی و یاداشتی ناڕەزایەتی و بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بە بزووتنەوەی قوتابیانی کورد بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی[٧٢].

هاوکات ڕۆژنامەی خەبات بایەخی بە کاروباری قوتابیان دا. هەروەها لاپەڕەیەکی تایبەتی بۆ قوتابیانی کوردستان تەرخان کردووە بۆ بەدواداچوونی هەواڵ و چالاکییەکانیان، هەروەها پشتیوانیی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان و خەباتی ماندوونەناسانەیان بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان. پشتگیریی لیستی یەکگرتووی دیموکراتی کرد لە هەڵبژاردنی قوتابیان کە لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ بەڕێوەچوو، هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی ئەنجامدا و بەیاننامەکانی و ناوی کاندیدەکانی و ڕیکلامەکانی هەڵبژاردنی بڵاوکردەوە، دواتر ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی بڵاوکردەوە کە براوەی لیستەکە بوون[٧٣]. شایانی باسە ئەو لیستی ناوبراو، بریتی بوو لە هاوپەیمانیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق.

هەروەها ڕۆژنامەی ناوبراو، هەواڵی قوتابیانی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی لە ئەوروپا و کێشەکانی قوتابیانی کورد لەگەڵ قوتابیانی عەرەب لە عێراق و لایەنەکانی ناکۆکی و ڕێککەوتنی نێوان یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق بڵاوکردووەتەوە[٧٤].

لە لایەکی دیکەوە؛ قوتابخانەی دووەمی ئاکرێی کوڕان بڵاوکراوەیەکی بە ناوی(الثقافة) بڵاوکردەوە. یەکەم ژمارەی لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ دەرچووە، و لە چاپخانەی ئەلجمهوریە لە موسڵ چاپ کراوە (٢٨) لاپەڕە بوو[٧٥]. هەروەها یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە "لیژنەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی" لە قوتابخانەی بارزانی کوڕان لە (تەوێڵە) گۆڤاری (هەورامان) بە زمانی کوردی دەرکرد، هەورامان ناوی ناوچەیەکی کوردییە، گۆڤارەکە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بووە، تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە، پێدەچێت لە ساڵی ١٩٦٣ یان پێشتر دەرچووبێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو سەرچاوەیەی ئاماژەی پێکردووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٣[٧٦].

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٤-١٩٦٨) لقی بەسرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بڵاوکراوەیەکی قوتابیانی بڵاوکردەوە، سەبارەت بەمەش نیزامەدین گلی کە لەو ماوەیەدا بەرپرسی لقی یەکێتی بوو لە زانکۆی بەسرە، ئاماژەی بەوە کرد: لقەکە بڵاوکراوەیەکی مانگانەی بەناوی (الطلبة الكرد في البصرة- قوتابیانی کورد لە بەسرە) دەردەکرد، کە بە دەست دەنووسرا و بەسەر ڕێکخراوەکانی قوتابیان و بەشێک لە حزبەکان و کەسایەتییە نیشتمانییەکانی بەسرەدا دابەش دەکرا، وەک لەبیرمە لە ماوەی چوار ساڵدا (١٠-١٢) ژمارەی لێ دەرچوو، لە نێو ئەو قوتابییانەی کە بە ناوی خوازراوەوە بەشدارییان لە نووسینی بابەتەکانیدا کرد، بریتی بوون لە: نیزامەدین گلی، ئیبراهیم سەید عەلی، ساڵح عەزیز ساڵح، مەجید سدیق و نەوزاد میرزا قادر. بابەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو، لەوانە: "با کار بۆ یەکگرتوویی بزووتنەوەی قوتابیان لە کوردستان بکەین" و بابەتی دیکە[٧٧].

دوای جیابوونەوەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤، باڵی مەکتەبی سکرتاریەت ڕۆژنامەیەکی بە ناوی: (دەنگی قوتابیانی کوردستان) لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ دەرکرد، دوای ناونیشانەکەی ئەم دروشمەی نووسیبوو:(ئاشتی و دۆستایەتی) و (دیموکراسی و ڕۆشنبیری). لە سەروتاردا ئەمەی نووسیبوو: دەستەی نووسەرانی دەنگی قوتابیانی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە ژمارەیەکی نوێی ڕۆژنامەکەیان بە بەرگی نوێی خۆیەوە پێشکەشی قوتابییە تێکۆشەرەکانمان دەکەین، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی پڕ لە بەرخودان و قوربانیدان

و پەند و وانە هیچ عاقڵێك ناتوانێت دەستبەرداری بێت. ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەمان لەسەرەتای حوکمڕانیی ڕەشی قاسم دەرچوو[٧٨]، کە لە ٨ی شوبات ئامادەبوو بۆ دابەشکردن، بەڵام هەرەسهێنانی دەسەڵاتی قاسم و گۆڕانی بارودۆخی ئەوکات، ڕێگری لە دابەشکردنی کرد. یەکێتییەکەمان لەو کاتەوە چەندین بەیاننامە و ژمارەی ڕۆژنامەکەمانی بڵاوکردەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی شۆڕشگێڕانە، هەروەها ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی یەکێتییەکەمان سەبارەت بەو بابەتانەی کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندیی قوتابیان و گەلەکەمان هەیە. دەنگی قوتابیان کە دەست بە دەرچوونی دەکاتەوە، زیاتر لە ئارامی و یادەوەری لە ناخیدا هەڵدەگرێت و هێزی خۆی لە گوڕوتینی تێکۆشەران و ئیرادەی کاریگەرانەیان لە کەسانی دیکە وەردەگرێت". ڕۆژنامەکە بابەتی دیکەی تێدا بوو، هەڵوێستەکانی خۆی لەبارەی باڵەکەی دیکەی - لیژنەی ئامادەکاری- یەکێتیەکە ڕوون کردەوە، هەروەها لەبارەی بارزانی کە لە ساڵی ١٩٦١ەوە سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕشی ئەیلوولی دەکرد[٧٩].

یەکێتیی قوتابیانی کوردستان درێژە بە بزووتنەوەی چاپ و بڵاوکردنەوەی خۆی دا، هەروەک چۆن لە شوباتی ساڵی ١٩٦٦ باڵەکەی (مەکتەبی سکرتاریەت) بڵاوکراوەیەکی بە زمانی کوردی لەژێر ناوی: (کوردو یەکێتیی نیشتیمانیی گەلی عێراق) بڵاو کردەوە. سەبارەت بە ئامانجی دەرکردنی ئەم جۆرە بڵاوکراوەیە، لە بڵاوکراوەکەی ناوبراودا هاتووە: "بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ئەندامەکانمان و بەشداریکردن لە وەستانەوە لەبەردەم بیرۆکەی دوژمنکارانەی دژ بە نەتەوەکەمان، یەکێتییەکەمان ئەم بڵاوکراوەیەی دەرکرد"[٨٠] .

لە ساڵی ١٩٦٧ و دوابەدوای پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کە کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی لێ دەرچوو، دیارترینیان دەرکردنی گۆڤارێک بوو[٨١] بە ناوی: (خەباتی قوتابیان). یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٧ دەرچوو[٨٢]، سەبارەت بەم بابەتە، ئەنوەر عەبدوڵلا باس لەوە دەکات و دەڵێت: "گۆڤاری ناوەندیی(خەباتی قوتابیان)مان دەرکرد، کە هاوکارمان (نەوزاد محەمەد عەلی) سەرپەرشتیی دەکرد، هاوکارمان (مەحموود زامدار) بەشداری لە نووسین و ڕێکخستنی ناوەرۆکی دەکرد لە مەکتەبی سکرتاریەت، لە چاپخانەی (خەبات) لە (ناوپردان) چاپکرا"[٨٣].

هەروەها حەمە ساڵح فەرهادی پێناسەی گۆڤارەکە دەکات و دەڵێت: گۆڤاری (خەباتی قوتابیان) - بەغدا لە ساڵی ١٩٦٧ گۆڤارێکی وەرزی بوو، لەلایەن یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراقەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٧ و بە ئامێری ڕۆنیۆ چاپ کراوە"[٨٤]. گۆڤارەکە گرنگیی خۆی خستبووە سەر کێشەی قوتابیان و چالاکییەکانیان و پرسەکانی ڕێکخستن و ئەدەب و مێژووی کورد و ڕۆڵی قوتابیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا[٨٥]. لێرەدا ناکۆکییەک هەبوو لەسەر شێوازی چاپکردنی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە و بەڵام قسەی ئەنوەر عەبدوڵڵا وەرگیرا، چونکە ئەو لەو ماوەیەدا سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە.

لە لایەکی دیکەوە قوتابخانەی دووەمی مەڵکەندیی کوڕان لە سلێمانی گۆڤاری (ڕابەر)ی بە زمانی عەرەبی و کوردی دەردەکرد کە گۆڤارێکی قوتابخانەیی پەروەردەیی بوو. یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٦٦ دەرچووە، تەنیا سێ ژمارەشی لێ دەرچووە [٨٦]. هەروەها قوتابخانەی ئەملەنار لە سلێمانی گۆڤارێکی بە ناوی: (گزنگ) بە زمانی عەرەبی و کوردی دەرکرد، گۆڤارێکی ساڵانەی زانستیی کۆمەڵایەتی بوو، یەکەم ژمارەی لە ١٩٦٧/٥/٥ دەرچوو. دوای ئەوە بە ناوێکی نوێ بڵاوکرایەوە، کە گۆڤاری (چیا) بوو، ئەوە هەڵگری ڕیزبەندی ژمارەکانی گۆڤاری (گزنگ) بوو[٨٧]، واتە: ژمارەی دووەم، ساڵی دووەم، لە ساڵی ١٩٦٨، کە لەلایەن لیژنەی بڵاوکردنەوە و گوتار لە قوتابخانەی ئەملەنار دەرچووە و لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی چاپکراوە، هەروەها بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بووە، ژمارەی لاپەڕەکانی لە بەشی کوردیدا گەیشتووەتە نزیکەی (٧٠) لاپەڕە و لە بەشی عەرەبییش (٥٠) لاپەڕە[٨٨].

لە کۆتایی ساڵی خوێندنی ١٩٦٨-١٩٦٩، پەیمانگە و خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە هەولێر، بە هەماهەنگیی نهێنی لەگەڵ چالاکوانانی لقی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان گۆڤارێکی بە ناوی: (تیشک) بە زمانی کوردی دەرکرد، کە تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارەی یەکەم لە ٢٤ی نیسانی ١٩٦٩ دەرچووە و بە ڕۆنیۆ چاپکراوە، ژمارەی دووەمیش لە ١٢ی نیسانی ١٩٧٠ لە چاپخانەی کوردستان چاپکراوە[٨٩]. قوتابی (نوری ئیسماعیل نانەکەلی) سکرتێری نووسینی بوو،

لەلایــەن مامۆســتایان (مەجیــد حــەداد، حەمــە کەریــم هەورامــی، و فاتــح محەمــەد) سەرپەرشــتی دەکــرا. گۆڤارەکــە زۆر بابەتــی لەخــۆ گرتبــوو، قوتابیانیــش بــە بەرهەمــی جۆراوجــۆر بەشــدارییان تێــدا کــردووە[٩٠]. دوای ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــازاری ١٩٧٠، ڕۆژنامەگەریــی قوتابیانــی کــورد لــە عێراقــدا چــووە قۆناغێکــی نوێــی بزاڤــی چــاپ و بڵاوکردنــەوە، چونکــە بــە ئاشــکرا دەردەچــوون.

لــە میانــی ئــەم خســتنەڕووەدا بۆمــان ڕوون بــووەوە کــە بزووتنــەوەی ڕۆژنامەگــەری و بڵاوکردنــەوە و نووســینی بزووتنــەوەی قوتابیانــی کــورد لــە مــاوەی بابەتــی توێژینەوەکــەدا، ئامانجــی ئــەوە بــووە، یەکــەم لەســەر ئاســتی پیشــەیی و دووەمیــش لەســەر ئاســتی نیشــتمانی و نەتەوەیــی، کێشــەکانی قوتابیــان چارەســەر بــکات کــە جەختکردنــەوە بــوو لەســەر بارودۆخــی قوتابیــان بــە گشــتی و کاری بــۆ خســتنەڕووی کێشــەکانیان و داکۆکــی کــردن لــە داخــوازی و مافــە ڕەواکانیــان دەکــرد. هــاوکات بەشــدار بــوو لــە شــیاندنیان لــە ڕووی فیکرییــەوە و پاشــان گەڵاڵەکردنــی ڕای قوتابیــان بــۆ ڕوانیــن لــە بارودۆخــی گشــتی لــە ناوخــۆ و دەرەوەی وڵات، جگــە لــە بڵاوکردنــەوەی چەندیــن لێکۆڵینــەوە و بابەتــی ئەدەبــی و زانســتی کــە بەرهەمــی قوتابیــان بــوون.

**ب. کتێب و وتار**

قوتابیانــی کــورد لــە ڕێگــەی نووســینی کتێــب و نامیلکــە، هەروەهــا بڵاوکردنــەوەی وتــار لــە ڕۆژنامــە و گۆڤارەکانــدا، بەشــدارییان کــرد لــە بڵاوکردنــەوەی هۆشــیاری و ســەلماندنی مافــی گەلــی کــورد، هاوشــێوەی گەلانــی دیکــە، بــۆ پاراســتنی کولتــوور و زمانــی خۆیــان؟ کاتێــک ئیبراهیــم ئەحمــەد قوتابــی بــوو لــە کۆلێــژی مــاف لــە بەغــدا نامیلکەیەکــی بەناونیشــانی (کــورد و عــەرەب) دەرکــرد، تیایــدا ئامــاژەی بــەوە کــرد کــە گەلــی کــورد وەک گەلــی عــەرەب لــە نێــوان چەنــد وڵاتێکــدا دابــەش بــووە، بۆیــە کــورد وەک عــەرەب داوای ڕزگاری و ســەربەخۆیی دەکــەن[٩١].

هەروەهــا قوتابیانــی کــورد لــە ڕۆژنامــە و گۆڤــارە کوردییەکانــدا بابــەت و لێکۆڵینەوەیــان بڵاودەکــردەوە. ســاڵی ١٩٤٤ قوتابییەکــی ئامادەیــی مووســڵ (محەمــەد ســەعید دۆســکی) وتارێکــی سیاســی لەژێــر نــاوی خــوازراو (دل کولــی دۆســکی) بەناونیشــانی (ئــازادی) لــە گۆڤــاری (روناهــی) بڵاوکــردەوە[٩٢] لــەو ژمارەیــەی کــە

لــە مانگــی حوزەیــران ٢٦ی تەمــووزی ١٩٤٤دەرچــوو. وتارەکــەی بــەم پرســیارە دەســتیپێدەکرد: "بۆچــی هەمــووان بــەدوای ئازادیــدا دەگەڕێــن؟" ئــەو ژیانــە بەختەوەرییــە کــە مــرۆڤ بــە ئــازادی تێیــدا بــژی، بــەڵام ئــازادی بــەدوای گەلانــدا ناگەڕێــت.. ئــازادی بــە خوێــن و قوربانیــدان بەدەســت دێــت. ئــەی گەلانــی کۆیلــە، ئــەی کــورد، ئەگــەر ئازادیتــان دەوێــت، یارمەتیــی هاوپەیمانــان بــدەن بــۆ بنبڕکردنــی نازیــزم، دوژمنــی مرۆڤایەتــی و دوژمنــی ئــازادی، لــەم ڕێگەیــەوە ئــازادی بەدەســتدەهێنن؛ چونکــە هاوپەیمانــەکان دیموکراســیخوازن، دیموکراســیخوازیش نادادپــەروەری و کۆلۆنیالیــزم و ســوکایەتی قبــوڵ نــاکات کــە لــە پرەنســیپەکانی نازییەکانــن، بــەڵام جگــە لەمــەش دەبێــت دۆزی خۆمــان بورووژێنیــن، چونکــە هاوپەیمانــان پێداگــری ناکــەن لەســەر هیــچ کەسێک کــە بــە ناچــاری ئازادیــی خــۆی بەدەســت بهێنێــت."[٩٣]

هەروەهــا قوتابیــی ناوبــراو وتارێکــی دیکــەی بــە نــاوی خــوازراوەوە بڵاوکــردەوە بەناونیشــانی( گلەیــی و هیــوا) لــە ڕۆژنامــەی (روژا نــو)[٩٤] لــە ژمــارەی (٤٥)دا کــە لــە ١٧ی نیســانی ١٩٤٥ دەرچــووە، تیایــدا داوای لــە کــورد کــردووە، بەشــداریی خەباتــی نەتەوەیــی بــکات بــۆ ڕزگارکردنــی وڵاتەکەیــان، لــە وتارەکــەدا هاتبوو"بــا بــە قوربانــت بــم کوردســتان، تــۆ لــە هەمــوو وڵاتانــی جیهــان جوانتریــت، بــەڵام کەوتوویتــە دەســتی دوژمنــان، کەســیش نییــە بتپارێزێــت، پێــم ســەیرە تــا کــەی بــە چەوســاندنەوە، زەلیــل و نەخوێنــدەوار دەمێنینــەوە؟ گەلانــی جیهــان ســەرقاڵی داواکردنــی ئازادیــی خۆیانــن و ئاغاکانــی ئێمــەش ســەرقاڵی فراوانکردنــی خەزێنــە و موڵکەکانیانــن، زانایانــی جیهــان زانســتەکەیان بــۆ دۆزینــەوە و داهێنــان بەکارهێنــاوە، کەچــی زاناکانــی ئێمــە خەریکــی نووســینی نووشــتە وجادوون،..ئــەی لاوان ژیــان ڕیســواییە بــۆ ئێمــە، کــە ئێمــە بــەم شــێوەیەین، دەبێــت بەســەربەرزی بژیــن، یــان قوربانــی بــۆ ژیانمــان بدەیــن، ئــەی لاوانــی نیشــتمان خەبــات و فیــداکاری ئەرکــی ئێوەیــە، دەبێــت بــە خێرایــی کوردســتان ئــازاد بکــەن، بــۆ بەرزکردنــەوەی پێگــەی ئــەم وڵاتــە"[٩٥].

هەروەهــا مەحمــوود عەلــی عــوسمانی قوتابیــی کۆلێــژی پزیشــکی، وتارێکــی بــە زمانــی کــوردی لــە ڕۆژنامــەی (ژیــن) بەناونیشــانی (پێداویســتییەکانی قوتابیانــی کوردســتان) بڵاوکــردەوە، تیایــدا ڕوونــی کــردەوە کــە قوتابیانــی کوردســتان لــەو قۆناغــەدا چییــان پێویســتە، واتــە دوای شۆڕشــی ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٨، ئامــاژەی

بـەوەدا کـە قوتابیانــی کــورد لــە قۆناغــی پێشــوودا ڕووبــەڕووی چــی بوونەتــەوە، واتــە:- سـەردەمی پاشـایەتی- لـە تەواوکردنـی خوێندنیانـدا ڕووبـەڕووی سـەختییەکی گـەورە بوونەتـەوە، جگـە لـەوەی بێبـەش بـوون لـە خوێنـدن بـە زمانـی نەتەوەیـی خۆیـان. داواشــی لــە قوتابیانــی کــورد کــرد، یەکڕیــز بــن، لــە پێنــاو گەیــشتن بــە ئامانجەکانـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە سـایەی دەسـەڵاتی نـوێ و بەشـداریکردن لـە خەباتــی گەلــی کــورد بــۆ گەیــشتن بــە ئامانجــە نەتەوەییەکانیــان[٩٦].

**ج. بەشداریکردن لە فیستیڤاڵە جیهانییەکانی قوتابیان و لاوان**

بیرۆکــەی ئەنجامدانــی فیســتیڤاڵە جیهانییــەکان بــۆ قوتابیــان و لاوان لــە دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـەوە دەرکـەوت، دوای ئـەوەی یەکەمیـن کۆنفرانسـی لاوانـی جیهـان لــە (لەنــدەن)ی پایتەختــی بەریتانیــا، لــە ڕۆژی ٢ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٤٥ بــەسترا. هەروەهــا دامەزراندنــی (یەکێتیــی جیهانیــی لاوانــی دیموکــرات)[٩٧]، کــە بــە هاوکاریـی (یەکێتیـی جیهانیـی خوێنـدکاران) دەسـتی بـە سـازدانی فیسـتیڤاڵی جیهانیـی لاوان و قوتابیــان کــرد. یەکەمیــن فیســتیڤاڵی جیهانیــی قوتابیــان و لاوان لــە ســاڵی ١٩٤٧ لــە شــاری پراگــی پایتەختــی چیکۆســلۆڤاکیا بەڕێوەچــوو[٩٨]، کــە نزیکــەی (١٧) هــەزار قوتابــی و لاو لــە زیاتــر لــە (٧٠) وڵاتــەوە بەشــدارییان تێــدا کــرد، بــەڵام دووەم فیســتیڤاڵ لــە شــاری بوداپێســتی پایتەختــی هەنگاریــا بــە بەشــداریی نزیکــەی (١١) هــەزار قوتابــی و لاو لــە (٩٥) دەوڵــەت بەڕێوەچــوو[٩٩]. یەکێتیــی گشــتیی قوتابیانــی عێــراق لــە چوارچێــوەی شــاندی یەکێتیــی لاوانــی دیموکراتــی عێــراق بەشــداری لــەم فیســتیڤاڵەدا کــرد[١٠٠]. لەکاتێکــدا ســێیەم فیســتیڤاڵ لــە (بەرلیــن)ی پایتەختــی ئەڵمانیــا، لـە سـاڵی ١٩٥١ بـە بەشـداریی (٢٦) هـەزار قوتابـی و لاو لـە (١٠٤) دەوڵـەت سـازکرا[١٠١]، شــاندێکی قوتابیــان و لاوانــی عێــراق بەشــدارییان تێــدا کــرد، کــە بریتــی بــوون لــە: عەزیــز محەمــەد، فــارووق عەبدولجەلیــل برتــۆ، نــەژاد ئەحمــەد عەزیــز[١٠٢]، ئەدیــب جــۆرج، ســەفا حافیــز، ســەڵاح خاڵــس، ڕەفعــەت چادرچــی، ئەنیــس عەجینــە[١٠٣].

چوارەمیــن فیســتیڤاڵ لــە (بوخارێســت)ی پایتەختــی ڕۆمانیــا بەڕێوەچــوو، بــە بەشــداریی نزیکــەی (٣٠) هــەزار قوتابــی و لاو لــە (١١١) دەوڵەتــەوە، پێنجەمیــن فیســتیڤاڵیش لـە (وارشـۆ)ی پایتەخـت پۆڵەنـدا بـوو، بـە بەشـداریی نزیکـەی(٣٠,٠٠٠)

هـەزار قوتابـی و لاو لـە (١١٤) دەوڵـەت[١٠٤]، نوێنەرایەتیـی نزیکـەی (٥٠٠) ڕێکخـراوی قوتابیـان و لاوانیـان لـە جیهـان دەکـرد[١٠٥]، بـۆ یەکـەم جاریـش شـاندێکی قوتابیانـی کـورد بەشـداریان لـەم فیسـتیڤاڵەدا کـرد بـە سـەرۆکایەتیی سـکرتێری یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان (جـەلال تاڵەبانـی)[١٠٦]. شـاندێکی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێراقیـش بەشـدارییان کـرد کـە هـەردوو قوتابیـی کـورد (حسـێن عـارف و نائیـب عەبـدوڵڵا)، وەك دوو نوێنـەری شـاری سـلێمانی ئامـادە بـوون[١٠٧].

هەروەهـا چەنـد شـاندێکی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆکایەتیی جـەلال تاڵەبانـی بەشـدارییان لـە شەشـەمین فیسـتیڤاڵی جیهانیـی قوتابـی و لاوان کـرد کـە لـە سـاڵی ١٩٥٧ لـە مۆسـکۆ بەڕێوەچـوو و، حەوتەمیـن فیسـتیڤاڵیش کـە لـە سـاڵی ١٩٥٩ لـە شـاری ڤیەننـا بەڕێوەچـوو، دوای ئـەوە قوتابیـان و لاوان نوێنەرایەتیـی کوردیـان کـرد لـەو فیسـتیڤاڵانەی لـە سـاڵانی دواتـردا بەڕێوەچـوون، وەک هەشـتەمین فیسـتیڤاڵ، کـە لـە سـاڵی ١٩٦٢ لـە شـاری هێلسـنکیی پایتەختـی فینلنـدا بەڕێوەچـوو، کـە شـاندێکی گـەورەی قوتابیانـی کـورد لـە ڕێگـەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـاوە بەشـدارییان کـرد. ئـەم قوتابیانـە هەواڵـی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە کوردسـتانی عێـراق و دۆزی کـورد لـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیان گەیانـدە قوتابیـان و لاوانـی جیهـان[١٠٨].

گەورەتریـن شـاندی قوتابیانـی کـورد بەشـدارییان لـە نۆیەمیـن فیسـتیڤاڵدا کـرد، کـە لـە سـاڵی ١٩٦٨ لـە شـاری سـۆفیای پایتەختـی بولگاریـا بەڕێوەچـوو، تیایـدا پێویسـتیی پشـتیوانی و هاوکاریکردنـی ئـەو گەلانـەی خسـتەڕوو کـە بزووتنـەوە ڕزگاریخوازییـەکان بەڕێوەدەبـەن، وەک گەلـی کـورد لـە کوردسـتان و گەلانـی دیکـە[١٠٩]. شـایانی باسـە شـاندەکە نوێنەرانـی شۆڕشـی کـوردی بـە سـەرۆکایەتیی نـوری سـدیق شـاوەیس، مـولازم خـدر و کۆمەڵـەی قوتابیانـی کـوردی تێـدا بـوو.

# پەراوێز

[١] گۆڤارەکە بە ناوی:(ڕۆژکورد) دەرچووە، بڕوانە: سەلاح محەمەد سەلیم هروری، زەنگەنە و ڕۆژی کورد، ڕۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە(٦)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢١٨-٢٢٠.

[٢] عەبدولکەریم سلێمان: (١٨٨٠-١٩٢٩)، لە دایکبووی شاری سلێمانییە و لە قوتابخانەی سەربازیی ئەلرۆشدییە خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٠٨دا سەفەری کردووە بۆ ئەستەنبوڵ. بۆ تەواوکردنی خوێندنی لە کۆلێژی ماف و بووە بە ئەندامێکی کارا لە کۆمەڵەی خوێندکارانی هێڤی، عوسمانی ڕاویاننا، بۆیە گەڕایەوە بۆ عێراق و لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە، ساخکردنەوەی ناسنامەی خاوەنی ڕۆژی کورد ١٩١٣، ڕامان، گۆڤار، ژمارە (٥٦)، هەولێر، شوبات ٢٠٠١، ل ١٩٨ -٢٠٧.

[٣] بۆ ئاگاداربوون لە هەر چوار ژمارەی، بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە، رۆژی کورد...،

[٤] زنار سلوپي، م . س، ص٣٧-٣٨.

[٥] بۆ وردەکاریی ئەم بابەتانە، بڕوانە: هۆگر تاهیر تۆفیق، ، س. پ، ل١٦٥-١٨٣.

[٦] هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆمەڵەی هێڤی لە ماوەی نێوان قەدەغەکردنی (ڕۆژی کورد) و دەرچوونی (هەتاوی کورد)، لە ١٣ی ئەیلولی ١٩١٣، گۆڤارێکی بە ناوی (یەکبوون) دەرکردبوو، بەبێ ئەوەی زانیاریی وردی لەسەر بدات، بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد(بەغدا ١٩٧٨)، ل٧٤، وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،(هەولێر، ١٩٩٨)ل٢٩.

[٧] ژمارەکان بریتین لە (١، ٢، ٤-٥، ١٠) بڕوانە: ڤان نەعمان حەجی، هونەری گوتاری د رۆژنامەگەریا کوردی دا (١٨٩٨-١٩١٨)، نا مەیەکا ماستەرییە پێشکێشی جڤاتا کۆلیژا ئادابێ ل زانکۆیا دهۆکێ هاتیە کرن، ٢٠٠٨، ل٤٦، ئەو ژمارانەش لای سدیق ساڵحن.

[٨] زنار سلوپي، م. س، ص٣٨-٣٩.

[٩] بڕوانە: هەتاوی کورد (گۆڤار)، ژمارە (١)، ٢٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣، ل١٥-١٦، گواستراوەتەوە لە: هۆگر تاهیر تۆفیق، س.پ، ل١٨٥.

(١٠) بڕوانە: جەلیلی جەلیل، ڕێنێسانسی کورد...، ل١٠١-١٢٩؛ هۆگر تاهیر تۆفیق، ٢٠١٩.س.پ، ل١٩٨.

(١١) زنار سلوبي، م. س، ص٣٩.

(١٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٨٩٨-١٩١٨، ب١، (سلێمانی، ٢٠٠١)، ل٧٧ ودواتر.

(١٣) ڕۆهات ئەلاگۆم، س. پ، ل١٢٠.

(١٤) حکومەتی عێراق گۆڤاری(ژیانەوە)ی دەرکرد، دوای چارەسەرکردنی کێشەی مووسڵ و بەم شێوەیە ڕۆژنامەگەریی کوردی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

(١٥) دیدار لەگەڵ مارف خەزنەدار بڵاوبووەتەوە لە، گولان العربي (مجلة)، العدد (٢٣)، أربيل، ٢٥ نيسان ١٩٩٨، ص٣١.

(١٦) غەفوور میرزا کەریم ، یادگاری لاوان و ...، ل١٢ و دواتر.

(١٧) فارووق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا- بەراییەکان، ١٩١٤-١٩٣٩، وەرگێڕان: تاریق کارێزی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، (هەولێر، ٢٠٠١)، ل١٥٦.

(١٨) ڕەفیق ساڵح، یادگاری لاوان و ...، ل٦.

(١٩) بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی سالانی نێوان دوو جەنگی جیهانی ١٩١٨- ١٩٣٨، ب٢، (سلێمانی، ٢٠٠٢)، ل٣٢٥-٣٢٦.

(٢٠) فاروق عەلی عومەر ، س. پ، ل١٥٤-١٥٦.

(٢١) لەبارەی کردنەوەی ئەو هێمایانە و کورتکراوەکان و پێناسەکردنیان. بڕوانە: غەفوور میرزا کەریم/ س.پ،ل٣١ و دواتر، ڕەفیق ساڵح، یادگاری لاوان ...،ل٧-٨

(٢٢) بۆ ئاگاداربوون لە ناوەرۆکی ئەو بابەت و وتارانە بڕوانە ژمارەکانی (یادگاری لاوان) لە: غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوان... ڕەفیق ساڵح، یادگاری لاوان....

(٢٣) سروه أسعد صابر ، كوردستان الجنوبية ...، ص٣٥٢.

(٢٤) بۆ وردەکاری، بڕوانە: غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوان... ڕەفیق ساڵح، یادگاری لاوان....

(٢٥) كركوك (مجلة)، العدد (٤)، السنة السادسة، كركوك، ربيع ٢٠٠٥، ص١٨٧-١٨٨.

(٢٦) كركوك (مجلة)، العدد(٤)، م. ن، ص١٨٧-١٨٨.

(٢٧) م. ن، ص١٩٠.

(٢٨) بڕوانە: طارق جامباز، العثور على نشرة مدرسة أربيل الثانية للعام الدراسي ١٩٣٢-١٩٣٣ لە: گولان العربي (مجلة)، العدد (٢٦)، أربيل، تموز ١٩٩٨، ص١٢١.

(٢٩) بۆ ئاگاداربوون لە ناوەرۆکی بڵاوکراوەکە بە درێژی، بڕوانە: م. ن، ص١٢١-١٢٤.

(٣٠) فاروق عەلی عومەر، س. پ، ل١٥٨.

(٣١) مستەفا نەریمان ، بیرەوەریەکانی ژیانم، بەغدا، ١٩٩٤، ل١١.

(٣٢) بۆ وردەکاری لەبارەی کێشەی فەلەستین لەو ساڵانەدا بڕوانە: عبدالرزاق الحسني ، تأريخ الوزارات ...،ج٧، ٨.

(٣٣) بڕوانە: مذكرات طالب من كوردستان، ص٥٤-٦٥.

(٣٤) کامل حەسەن ئەلبەسیر، هـ. س، ل ٦٥، ١٢٨.

(٣٥) وائل علي أحمد النحاس ، تأريخ الصحافة العراقية ١٩٥٨-١٩٦٣ ، رسالة دكتوراه مقدمة إلى مجلس كلية الآداب، جامعة الموصل، ١٩٩٣، ص٩٥.

(٣٦) رعد محمد الشاطي ، صحافة الحزب الشيوعي في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، رسالة ماجستير مقدمة إلى مجلس معهد التأريخ العربي، بغداد، ١٩٩٦، ص٧٩، ٨٠.

(٣٧) جبار جباري، تأريخ الصحافة الكوردية في العراق، مطبعة الأمة، (بغداد، ١٩٧٥)، ص٧٨.

(٣٨) عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، س. پ، ل٨٧-٨٩.

(٣٩) بۆ وردەکاری لەبارەی یەکێتیی قوتابیانی ئایینی لە سلێمانی بڕوانە: محەمەدی مەلا کەریم، لاپەڕەیەك لە خەباتی فەقێیەکانی کوردستان، بەیان(گۆڤار) ژمارە(٢) ، بەغدا، ١٩٧٢، ل١٨-٢٢.

(٤٠) محەمەدی مەلا کریم، س. پ، ل٢٠ ؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل٤٢.

(٤١) بڕوانە: مسعود البارزاني ، البارزاني والحركة ...، مج١، ص٣٦٦.

(٤٢) قادر شەریف کوردە ، س. پ، ل٤.

(٤٣) في عمق التأريخ وخزين الذاكرة لتأسيس ...، ص٤٨.

(٤٤) وەسفی حەسەن ردێنی، رۆژنامەگەریا دەڤەرا بەهدینان ١٩٥٠-٢٠٠٥، چاپخانا حاجی هاشم، چ١، (هەولێر، ٢٠٠٦)، ل١٧.

(٤٥) دیدارێك لەگەڵ ڕەشید محەمەد مستەفا ئامێدی لە دهۆك لە ١٤/ ٣/ ٢٠٠٧ ؛ دیدارێك لەگەڵ محەمەد تاهیر عەلی موبارەك لە دهۆك لە ١٧/ ٣/ ٢٠٠٧، وەسفی حەسەن ردێنی ، س. پ، ل١٧.

(٤٦) قادر شەریف کوردە ، س. پ، ل٤.

(٤٧) بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: ڕێگای کوردستان (گۆڤار)، ژمارە (١٦٧)، هەولێر، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل٢٤٥-٢٥٣.

(٤٨) مـەتین (گۆڤـار)، ژمـارە (٣١-٣٢)، دهـۆك، نیسـانی ١٩٩٤، ل١٠٧ ؛ ڕۆژنامەڤانـی (گۆڤـار)، ژمـارە (١)، هەولێـر، ٢٢ ی نیسـان ٢٠٠٠، ل١٠٩.

(٤٩) عبدالجبار جباري ، الصحافة الطلابية الكردية، النور (جريدة)، العدد (٣١٩)، بغداد، ١٩٦٩، ص٤.

(٥٠) م. ن، ص٤ ؛ جبار جباري ، تأريخ الصحافة ...، ص٥٥.

(٥١) عبدالجبـار جبـاري، الصحافـة الطلابيـة ...، ص٤ ؛ نـەژاد عەزیـز سـورمێ ، ڕۆژنامەگەریـی کوردی – چەنـد سـەرە قەڵەمێـك لـە بـارەی تەکنیـك و هونەرەکانـی، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، چ١، (هەولێـر، ١٩٩٩)، ل١١١.

(٥٢) صـوت الأحـرار (جريـدة)، العـدد (٢٤١)، ١٠ ايلـول ١٩٥٩، گواستراوەتـەوە لـە: وائـل علي أحمـد النحـاس ، تأريـخ الصحافـة العراقيـة ...، ص٩٥.

(٥٣) بڕوانە: تأريخ الصحافة الكوردية ...، ص٥٦.

(٥٤) بڕوانە: تێگەیشتنی ڕاستی ...، ل٢٤٤.

(٥٥) بەشێك لە یاداشتەکانم...،ب١، ل٨٦-٨٧.

(٥٦) جبار جباري ، تأريخ الصحافة الكوردية ...، ص٥٦.

(٥٧) نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد، ڕابـەری ڕۆژنامەگـەری نهێنـی کـوردی ١٩٢٣-١٩٦٠، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، (سـلێمانی، ٢٠٠٤)، ل٤٨-٤٩.

(٥٨) بـۆ وردەکاریـی زیاتـر بڕوانـە: صـوت الطلبـة (جريـدة)، العـدد (١)، السـنة الأولى، كركـوك، ١٣ آب ١٩٥٩، ص١-٨ لـە: ڕۆژنامەڤانـی (گۆڤـار) ژمـارە (١١-١٢)، هەولێـر، ٢٠٠٣، ل٣-١٨.

(٥٩) صوت الطلبة (جريدة)، العدد (١)، السنة الأولى، كركوك، ١٣ آب ١٩٥٩، ص٤.

(٦٠) صوت الطلبة (جريدة)، العدد (٢)، السنة الأولى، كركوك، ٢٠ آب ١٩٥٩، ص٤-٥.

(٦١) جمال خزندار، مرشد الصحافة الكوردية في العراق، مطبعة الجمهورية، (بغداد، ١٩٧٣)، ص٧٠.

(٦٢) وائل علي أحمد النحاس ، تأريخ الصحافة العراقية...، ص٩٥.

(٦٣) بڕوانە: تێگەیشتنی ڕاستی ...، ل٢٤٦.

(٦٤) بڕوانە: تأريخ الصحافة ...، ص٦٧.

(٦٥) موهیـب حەیـدەر حەیـدەری (١٩٣٣-١٩٦٣) لـە شـاری هەولێـر لەدایـک بـووە، هـەر لـە منداڵییـەوە لـە بزووتنـەوەی قوتابیانـدا چـالاک بـووە و وەک نوێنـەری قوتابیانـی حزبـی شـیوعیی عێـراق بەشـداریی لـە کۆنگرەی ئەلسـیباعدا کـردووە، بـووە بە بەرپرسـی لقـی هەولێـری یەکێتیی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق، دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ بەهـۆی چالاکییـە قوتابخانەیـی

و سیاسییەکانیەوە دوای کودەتاکەی ۸ی شوباتی ۱۹٦۳ لەلایەن بەعسەوە تیرۆرکرا، دیدارێك لەگەڵ مومتاز حەیدەری (برای ناوبراو) لە شاری هەولێر لە ۱۷ی نیسانی ۲۰۰۷.

[٦٦] دیدارێك لەگەڵ مومتاز حەیدەری لە هەولێر لە ۱۷/ ٤/ ۲۰۰۷.

[٦٧] بۆ ئاگاداربوون بە درێژی بڕوانە: ژیان (گۆڤار)، العدد (۱) لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری پارێزراوە.

[٦٨] عبدالجبار جباري، الصحافة الطلابية ...، ص٤ ؛ جمال خزندار ، مرشد الصحافة ...، ص٧٩ ؛ جبار جباري ، تأريخ الصحافة ...، ص٥٨-٥٩.

[٦٩] جبار جباري ، تاريخ الصحافة ...، ص٦١ ؛ وائل علي أحمد النحاس ، الصحافة في العراق ...، ص٩٦.

[٧٠] وەکو (جريدة الحرية) کە لە ١٦ی تەمووزی ۱۹٥۸ دەرچوو(هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەپەرستی عەرەبی بوو) کە چەند لاپەڕەیەکی تەرخان کردبوو بە ناوی (قوتابیان و ژیانی زانکۆ)، و(جريدة اليقظة) کە لاپەڕەیەکی تەرخان کردبوو بە ناوی (وریایی لەنێو قوتابیاندا) و(جريدة الجمهورية) یەکەم ژمارەی لە ۱۷ی تەمووزی ۱۹٥۸ دەرچوو، لاپەڕەیەکی تایبەت کردبوو بە ناوی(دەنگی قوتابیان لەپێناو هاوکاریی قوتابیان و لەپێناو ژیانێکی سەرفرازیی زانکۆ) و(جريدة الثورة) لە ۸ ی تشرینی یەکەمی ۱۹٥۸ دەرچوو، لاپەڕەیەکی تەرخان کردبوو بە ناوی (لاپەڕەی قوتابیان)، و(جريدة الاستقلال) کە مۆڵەتی وەرگرت لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ۱۹٥۸ لاپەڕەیەکی تەرخان کردبوو (لەگەڵ قوتابیان و هاوکاریکردنیان). لە گۆڤارەکانیش کە هەندێ لاپەڕەیان تەرخان کردبوو: گۆڤاری (١٤ تموز) کە لە ١١ ی تشرینی یەکەمی ۱۹٥۸ مۆڵەتی وەرگرت، هەڵگری بیروباروەڕی چەپ بوو و هی دیکەش. بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە: وائل علي أحمد النحاس ، الصحافة في العراق ...، ص١٣ ومابعدها.

[٧١] دەنگی کورد (ڕۆژنامە)، ژمارە (١٩)،٢٢ی ئابی ١٩٦٠، ل٤.

[٧٢] بڕوانە: ژمارەکانی (٢٠-٢٢-٢٨-٣٢-٣٦-٣٩-٤٠-٤٣-٤٥-٤٨-٥١-٥٣-٥٧-٦٠-٦١-٦٢-٦٣) کە لە ساڵی ١٩٦٠ دەرچوون.

[٧٣] بڕوانە: بيان القائمة الديمقرطية الموحدة في: خەبات/ النضال، العدد (١٠٥)، السنة الأولى، ٢٥ تشرين الثاني ١٩٥٩، ص٤.

[٧٤] بۆ وردەکاری لەبارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەی (خەبات) لە پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی قوتابیانی کوردستان، بڕوانە: ژمارەکانی لە (١٠٦) کە لە ٢٦ تشرینی دووەمی ١٩٥٩ دەرچووە تا (٤٤٤) کە لە ١ ی ئاداری ١٩٦١ دواتر دەرچووە؛ دیسان بڕوانە: فەرهاد محەمەد ئەحمەد ، م. س، ص٢٠٠-٢٠٦.

[٧٥] وەسفی حەسەن ردێنی ، س. پ، ل١٧.

(٧٦) بڕوانـە: ڕزگاری کوردسـتان (گۆڤـار)، ژمـارە (٤) سـاڵی یەکـەم، کانوونـی یەکـەم ١٩٦٣ لـە: ڕەفیـق سـاڵح ئەحمـەد، ئیندێکسـی ڕۆژنامەوانیـی نهێنیـی کـوردی ١٩٦١-١٩٧٥، ب٢ لـە: ڕۆژنامەنـووس (گۆڤـار)، ژمـارە (٢)، هەولێـر، ٢٠٠٤، ل١٠٤-١٠٥.

(٧٧) نامەیەکـی نیزامەدیـن گلـی بـۆ یەکێتیـی قوتابیـانی کوردسـتان، لـە: موسـا ئەحمـەد، ڕۆژنامەگەریـی یەکێتیـی قوتابیـانی کوردسـتان (هەولێـر، ١٩٩٨)، ل٤٣.

(٧٨) مەبەست کۆتاییەکانی سەردەمی حوکمڕانیی عەبدولکەریم قاسم.

(٧٩) بـۆ ئاگاداربـوون لـە وردەکاریـی تایبـەت بـە ڕۆژنامـەی دەنگـی قوتابیـانی کوردسـتان (صـوت طلبـة کردسـتان) بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە (٧)

(٨٠) یەکێتیـی قوتابیـانی کوردسـتان- عیراق، کـورد و یەکێتیـی نیشـتیمانی گەلـی عێـراق، شـوبات، (ب. ش، ١٩٦٦)، لـە: شـازین هێـرش ، هــ . س ، ل١٠٥.

(٨١) هەندێك بە هەڵە بە ڕۆژنامەی ناو دەبەن، ڕاستییەکەی گۆڤارە.

(٨٢) عبدالكريـم فنـدي، اتحـاد طلبـة كوردسـتان فصيـل ثـوري ...، ص٥٤ ؛ جـواد محمـد شيرواني ، في عمـق التأريـخ ...، ص٤٥.

(٨٣) انور عبدالله ، من خزين الذاكرة ...، ص٤٦.

(٨٤) وەرگیـراوە لـە: مووسـا ئەحمـەد کەلوکـی، خەباتـی قوتابیـان دەسـتپێکردنێکی نوێـی ئەرشـیفی دوێنێـی خەباتـی قوتابیان(ڕۆژنامـە)، ژمـارە(٥)، کانوونـی دووەم ١٩٩٣، ل١٢.

(٨٥) ئـازاد عوبێـد سـاڵح، کاریگەریـی شۆڕشـی ئەیلـوول لەسـەر ڕۆژنامەوانیـی کـوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانــەی ڕۆشــنبیری، چ١، (هەولێــر، ٢٠٠٧)، ل٢١٩-٢٢٠.

(٨٦) جبار جباري، تاربخ الصحافة ...، ص٦٤.

(٨٧) م. ن، ص٦٥-٦٦ ؛ عبدالجبار جباري، الصحافة الطلابية ...، ص٤.

(٨٨) بۆ وردەکاریی زیاتر لەبارەی ئەمە، بڕوانە: چیا (گۆڤار)، ژمارە (٢)، سلێمانی، ١٩٦٨.

(٨٩) کاکل محەمـەد (بەهـرام) ، گۆڤـاری (تیشـك) ومحتواهـا الوطنـي والقومـي، گـولان العـربي (مجلـة)، العـدد (٣٥)، أربيـل، نيسـان ١٩٩٩، ص٨٧-٨٨.

(٩٠) بـۆ وردەکاریـی زیاتـر بڕوانـە: نـزار جرجيـس علي، صحافـة أربيـل، دار الحريـة للطباعـة، (بغـداد، ١٩٨٨)، ص٩٥-٩٧ ؛ كاكل محمـد طاهـر (بهـرام) ، گۆڤـاری (تیشـك) وموقف..صفحـة مـن نضـال اتحـاد طلبـة کوردسـتان، گـولان العـربي (مجلـة)، العـدد (٣٥)، أربيـل، ايلـول ١٩٩٨، ص٤٧-٤٩ ؛ كاكل محمـد (بهـرام) ، گۆڤـاری (تیشـك) ومحتواهـا...، ص٨٦-٨٩.

(٩١) بـۆ زانینـی وردەکاری لەبـارەی ناوەڕۆکـی نامیلکەکـە، بڕوانـە: إبراهيـم أحمـد، الاكـراد والعـرب- أصـدره فريـق مـن شـباب الكـورد عـام ١٩٣٧، ط٢، (بغـداد، ١٩٦١)، ص٤ ومـا بعدهـا.

(٩٢) گۆڤارێکـی کـوردی بـوو جـەلادەت ئـەمین عـالي بەدرخـان لـە دیمەشـق دەریدەکـرد. یەکـەم ژمـارەی لـە یەکـی ئـاداری ١٩٤٢ دەرچـوو، کـە پاشـکۆیەکی گۆڤاری(هـاوار) بـوو، یەکـەم ژمـارەی لـە ١٥ی ئایـاری ١٩٣٢ دەرچـووە، بڕوانـە: د. عبالفتـاح البوتـاني ، الحيـاة الحزبيـة في ...، ص٣٧٩.

(٩٣) وەرگیراوە لە: م. ن، ص٣١٩-٣٢٠.

(٩٤) ڕۆژنامەیەکـی کوردییـە، دکتـۆر کامیـران بەدرخـان لـە دیمەشـق دەریدەکـرد، یەکـەم ژمـارەی لـە ٣ی ئایـاری ١٩٣٢ دەرچـووە، بڕوانـە: م. ن، ص٣٧٩-٣٨٠.

(٩٥) عبدالفتاح علي البوتاني، الحياة الحزبية في ...، ص٣٢٠.

(٩٦) مەحمـوود عەلـی عـوسمان، پێداویسـتییەکانی قوتابیـانی کوردسـتان، ژیـن (ڕۆژنامـە)، ژمـارە (١٤٠٩)، سـاڵی (٣٣)، سـلێمانی ١٨/ ٩/ ١٩٥٨، ل١، ٨.

(٩٧) ڕێکخراوێکـی لاوانـی جیهانییە لە تشرینی دووەمی ١٩٤٥ دامـەزرا، ئەندامانی یەکێتیی جیهانیی لاوانـی دیموکـرات بریتیـن لـە ڕێکخراوگەلێکـی لاوانـی دیموکراتیـی جیهانـی و نیشـتمانی، لەوانـە یەکێتیـی جیهانیـی قوتابیـان، یەکێتییەکـە هـەر سـێ سـاڵ جارێـك کۆنگـرە دەبەسـتێت، کۆنگرەش باڵاتریـن دەسـتەیە لـە یەکێتییەکـەدا، بارەگاکەی تا سـاڵی ١٩٥١ لـە پاریس بوو، دواتـر گواسترایەوە بـۆ بۆدابێسـت، بـۆ وردەکاریـی زیاتر بڕوانـە: ب. ن. بونوماریـوف ، م. س، ص٩-١٠.

(٩٨) سـەرچاوەیەك ئامـاژە بـەوە دەکات کـە یەکـەم فیسـتیڤاڵ لـە پاریـس بـەسترا، نـەك لـە پـراگ، بڕوانـە: م. ن، ص١٠.

(٩٩) هــ. س، ل١٠ ؛ موسـا ئەحمـەد ، یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و فیسـتیڤاڵە جیهانییەکانـی قوتابیـان ولاوان، خەباتـی قوتابیـان (گۆڤـار)، ژمـارە (٤٨)، هەولێـر، تەمـووزی ٢٠٠١، ل٣٤.

(١٠٠) فهمي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٥٨.

(١٠١) برایی (ڕۆژنامە)، ژمارەی ٢٩/ ٦/ ١٩٦٨، ل١.

(١٠٢) سەرکردەیەکی قوتابیان بوو، بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٥٩. دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە کوردستان، بوو بە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

(١٠٣) وثائق المؤتمر الثاني ...، ص١٣٤ ، فهمي السعيد وعصام الصفار ، م. س، ص٥٨.

(١٠٤) برایی (ڕۆژنامە)، ژمارەی ٢٩/ ٦/ ١٩٦٨، ل١ ؛ ب . ن . بونوماریوف ،م. س، ص١٠.

(١٠٥) برایی ، س. پ، ل١، ٥.

(١٠٦) حوسـێن محەمـەد عەزیـز، پێنـج کاتژمێـر لەگـەڵ برایـم ئەحمـەد دا، چاپخانـەی سـیما،چ٣، (سـلێمانی، ٢٠٠٢)، ل٢٢-٢٣ ؛ کاکـە مـەم بۆتـانی ، کاکـێکی تـر ...، ل١٠٦-١٠٧.

(١٠٧) نایب عەبدوڵڵا ، بیرەوەری ٢١ ساڵی تێکۆشان، چ٢، (سلێمانی، ١٩٩٧)، ل٣٥-٣٦.

(١٠٨) کەمال فوئاد ، کۆمەڵە و ڕێکخراوە ...، ل١٦-١٧.

(١٠٩) برایی، س. پ، ل٥ ؛ موسا ئەحمەد ، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان وفیستیڤاڵ ...، ل٣٥-٣٧.

# تەوەری دووەم

## چالاکیی کۆمەڵایەتی

چالاکییــە کۆمەڵایەتییــەکان کــە لــە لایــەن قوتابیانــی کــوردەوە ئەنجــام دراون، چەندیــن لایەنــی لەخۆگرتبــوو، لەوانــە: پێشکەشــکردنی شــانۆنامە، یادکردنــەوەی جــەژن و بۆنــە نەتەوەییــەکان، ئەنجامدانــی چالاکییەکانــی دیدەوانــی، ئەنجامدانــی گەشــتی کات بەســەربردن و ســازدانی ئاهەنگــی یەکترناســین بــۆ قوتابیانــی کــورد.

### أ. پێشکەشکردنی شانۆگەری و نمایشی هونەری

یەکەمیــن چالاکیــی کۆمەڵایەتیــی قوتابیانــی کــورد لــە عێراقــدا دەگەڕێتــەوە بــۆ ســاڵی خوێندنــی ١٩٢٥-١٩٢٦، کــە کۆمەڵێــک قوتابیــی قوتابخانــەی زانســتی؛ شــانۆگەرییەکیان بــە ناونیشــانی (عیلــم و جەهــل) لەســەر سەکۆی ماڵــی (بەهیــە خــان) ی خێزانــی شــێخ مەحمــوود بەرزنجــی پێشــکەش کــرد، کــە بــە کۆنتریــن شــانۆگەری دادەنرێــت لــە شــاری ســلێمانی و سەرتاســەری کوردســتان پێشــکەش کــراوە. بــەم شــێوەیە بزووتنــەوەی شــانۆگەری لــە کوردســتان لــە قوتابخانــەکان و لــە لایــەن قوتابیانــی کــوردەوە دەســتی پێکــرد[1].

هەروەهــا لــە قوتابخانــەی ســلێمانی ئاهەنگێکــی کۆمەڵایەتــی ســازکرا، کــە لەلایــەن قوتابیانــەوە ڕێکخرابــوو، بەرنامــەی ئــەو ئاهەنگــە چەندیــن بابەتــی لەخۆگرتبــوو، لەوانــە: کۆمەڵێــک قوتابیــی کــچ لــە قوتابخانــەی کچانــی ســلێمانی، بــۆ یەکــەم جــار لــە مێــژووی شــارەکەدا لــە مانگــی تەمــووزی ســاڵی ١٩٢٦، شــانۆگەرییەکیان بــە نــاوی (نەتیجــەی ســەفاهات) پێشــکەش کــرد[2]. هــەر لــەو ســاڵەدا کۆمەڵێــک قوتابــی لــە قوتابخانــەی زانســتی شــانۆگەرییەکیان بــە نــاوی (نیــرۆن) پێشــکەش کــرد کــە تیایــدا: فوئــاد ڕەشــید بەکــر، یەحیــا ئەفەنــدی ڕەســام، کەریــم زانســتی و چەندانــی دیکــە بەشــدارییان تێــدا کــرد. لــە ســاڵی ١٩٢٧ قوتابیانــی ئــەم قوتابخانەیــە شــانۆگەرییەکی دیکەیــان پێشــکەش کــرد بــە نــاوی (یۆلیــۆس قەیســەر) لــە نووســینی شکســپیر، هەروەهــا شــانۆگەرییەکی

دیکەیـان لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٢٧- ١٩٢٨ بـە نـاوی (شۆڕشـی فەرەنسـا) پێشـکەش کـرد، کـە تیایـدا کەریـم زانسـتی و أ. ب. هـەوری، خـەسرەو حاجـی ئاغـا و فایـەق بێکـەس بەشـدریان تێـدا کـرد[٣].

هــەر لــەو چوارچێوەیــەدا قوتابیانــی قوتابخانــەی سـلێمانی ئاهەنگێکـی گشـتیی کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیرییان لـە سـاڵی ١٩٣٠ پێشـکەش کـرد، کـە چەندیـن چالاکـی لەخۆگرتبــوو، لەوانــە: پێشکەشــکردنی نواندنــی هونــەری، خوێندنــەوەی شــیعر، پێشکەشــکردنی نمایشــی وەرزشــی و ژمارەیــەک گۆرانــی[٤]، لــە ســاڵی ١٩٣١دا شـانۆگەریی(زەماوەندی کـوردی) لەلایـەن قوتابیانـی خانـەی مامۆسـتایان کـە لـە بەغـدا دەیانخوێنـد، پێشکەشـکرا. شـانۆگەرییەکە لەلایـەن فـواد ڕەشـید بەکـر نووسرابـوو[٥]. هەروەهــا قوتابیانــی قوتابخانــەی ناوەنــدی لــە شــاری ســلێمانی شــانۆگەرییەکیان بەناونیشــانی: (ســەڵاحەدینی گــەورە) لەســاڵی ١٩٣٢ پێکــەش کــرد[٦].

لـەم ماوەیـەدا؛ بـە دیاریکـراوی لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٣٥، قوتابخانـەی زانسـتی شـانۆگەریی (سـەربازی ئـازا)ی پێشـکەش کـرد، شـاکر سـەید حەکیـم، محەمـەد ئەدیـب، عەبدولواحیـد نـووری، محەمـەد ڕەمـزی، تاهیـر یەحیـا، جـەلال محەمـەد، فەهمی تۆفیـق و ڕەشـید کەریـم ڕۆڵیـان تێـدا بینـی. لـە سـاڵی ١٩٣٦ قوتابخانـەی ئامادەپێکـراو شـانۆگەریی (مەحمـوود ئاغـای شـیوەکەل)ی پێشـکەش کـرد، کـە تیایـدا: حاجـی باقـی، عومـەری قالـە بانەیـی، نـوری شـێخ جـەلال، و حاجـی عەلـی ماسـتاو ڕۆڵیـان بینـی[٧].

لــە ســاڵی ١٩٣٦ تیپێکــی نوانــدن لــە قوتابخانــەی فەیســەڵییە لــە شــاری ســلێمانی لـەم قوتابیانـە پێکهـێنرا: مەحمـوود تۆفیـق، عەبدولـڕەحمان کەریـم، قـادر ڕەشـید دارا، جیهانبەخـش، ئەحمـەد هـەردی، عەبـدوڵڵا خـدر، شـەوکەت حەسـەن، ڕەفیـق چـالاك، نەعیـم، لمیـس، کەریـم حـەداد، ڕەئـووف کەریـم ، تۆفیـق حەسـەن، فایـەق سـەبری، عەبدولـڕەحمان ئەحمـەد، عەلـی میـرزا مـارف، عەزیـز سـەید عومـەر. دیـارە ئـەم قوتابیانـە لەگــەڵ بەشــێک لــە مامۆســتایان: ســاڵح قەفتــان، ســاڵح ســەعید، جــەلال محەمــەد، عەبـدوڵڵا، بەتراکـی، یەعقـوب، حەمـە پاشـا، سـدیق لـە یەکێـک لـە وێنەکانـدا دەردەکـەون کــە مێژووەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ١٩٣٦/٢/١١[٨].

چالاکییەکانـی قوتابیـان لـەم بـوارەدا فـراوانتر بـوون، ئـەوە بـوو قوتابیانـی قۆناغـی ناوەنـدی لـە شـاری هەولێـر سـاڵی ١٩٣٨ شـانۆگەرییەکیان پێشـکەش کـرد کـە باسـی

ژیاننامەی (سەڵاحەدین ئەیووبی) دەکرد، قوتابی (حەمەڕەش) ڕۆڵی سەرەکی بینی، کە لە دیمەنێکی شانۆگەرییەکە جۆش و خرۆش گرتی و لە دەقەکە دەرچوو، پاشان خەنجەرەکەی هەڵکێشا وهاواری کرد، "بەم خەنجەرە، گەلی کورد مافی خۆی بەدەستدەهێنێت"، چەپڵەیەکی قایمی لە نێو بینەراندا لێکەوتەوە. کە وای کرد ئیدارەی قوتابخانەکە بانگهێشتی بکات، بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات لەسەر ئەو کارەی کردوویەتی، بەڵام پشتگیریی قوتابیان بۆی و گردبوونەوەیان لە دەوری، ڕێگری کرد لەوەی سزا بدرێت(٩).

لە ساڵی ١٩٤٦ قوتابیانی قوتابخانەی گۆیژە لە شاری سلێمانی شانۆگەریی (لە پێناو نیشتمان)یان پێشکەش کرد، کە شانۆگەریی (لە پێناو تاج) بوو لە نووسینی فرانسوا کۆبیە، بە پشتبەستن بە ڕۆمانی وەرگێڕدراوی مەنفەلووتی کە ڕەفیق چالاك ئامادەی کردبوو. ئەمانەش بە نواندن بەشدارییان تێدا کرد: قادر دیلان، ڕەفیق چالاك، عەبدوڵڵا سالار، حەسەن فەلاح، محەڕەم محەمەد ئەمین، کامەران، شێخ ڕەزا، تۆفیق حەسەن دەوڵەت، ڕوشدی ئەحمەد، محەمەد حاجی ساڵح قاسم، بەهجەت ڕەشید سەعاتچی، محەمەد بەکر، فایەق چالاك و سەعید دارتاش(١٠).

لە شاری چەمچەماڵیش، قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە یەکەم چیرۆکی نواندنیان لە ساڵی ١٩٤٧ لەسەر شانۆی تەختە کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکرابوو، پێشکەش کرد. بابەتی چیرۆکەکە خۆشەویستی بوو بۆ کچێکی کورد بە ناوی: (چیرۆکی خۆشەویستی پەیمانی خەباتکار)، لە نووسینی: (حەمەلاو بەرزنجی و عەبدولقادر محەمەد بابان)(١١). لە ساڵی ١٩٥٢ قوتابیانی قوتابخانەی دواناوەندیی ئێواران لە سلێمانی شانۆگەریی (خەلیفە بە خەیاڵ)یان پێشکەش کرد، لە ساڵی خوێندنی ١٩٥٣-١٩٥٤ شانۆگەریی (پشکنەری گشتی)، لە نووسینی گۆگۆل، لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی پێشکەش کرا و ئەکتەرەکانی بریتی بوون لە: عەبدوڵڵا میدیا، سمکۆ عەزیز، ئەمین شەوکەت، خالید کەریم، نەوزاد سائیب و حەمە سدیق . هەروەها کۆمەڵێک لە قوتابیانی دواناوەندیی ئێواران شانۆگەریی (ئۆتێلۆ)ی ویلیام شکسپیریان لە ساڵی ١٩٥٦ لەسەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی پێشکەش کرد، ئەکتەرەکانی بریتی بوون لە: نوری وەشتی، کەمال موختار، کەمالەدین تۆفیق، یاسین خەلیل، تەها خەلیل عەزیز ئەمین، و سەلاح حەمە جەمیل(١٢).

لەمـاوەی سـاڵانی ١٩٥٩-١٩٦٩دا چەندیـن گروپـی شـانۆیی سـەر بـە ڕێکخـراوە جەمـاوەری و میللییـەکان لـە کوردسـتان بەگشـتی و سـلێمانی بەتایبەتـی دامـەزران، لەنێویانـدا گروپـی قوتابیـان بـوو، کـە چەندیـن شـانۆگەرییان پێشـکەش کـرد، لەوانـە شـانۆگەریی (مـن دایکتـم شـاکر) ، کـە لـە نووسـینی یوسـف ئەلعانـی و وەرگێڕانـی ئەمیـن میـرزا کەریـم بـوو، لـە سـاڵی ١٩٥٩ لەسـەر شـانۆی ئامادەیـی سـلێمانی پێشکەشـکرا. ڕەئـووف ماسـتاو، فایـەق محەمـەد عەبـدوڵڵا، ژمارەیەکـی دیکـە بەشـداریی نواندنیـان کـرد.

لـە سـاڵی ١٩٦٠ شـانۆنامەی (توێمـر بێـگ) لەلایـەن هەمـان نووسـەر و وەرگێـڕەوە لەسـەر هەمـان شـانۆ پێشـکەش کـرا و، نەرمیـن نـاکام و ڕەئـووف ماسـتاو و تەهـا خەلیـل و عومـەر نەمەلـی و عەزیـز ئەمیـن و هـی دیکـە ڕۆڵیـان تێـدا بینـی[١٣].

لـە کۆتاییـدا دەتوانیـن بڵێیـن: ئـەم جـۆرە چالاکییـە لـە شـوێن و قۆناغـە جیاجیاکانـدا لـە قوتابیانـی کـورد بـەدەر نەبـووە، کـە لـە ڕێگەیـەوە هەسـتی نیشـتمانپەروەری و ناسیۆنالیسـتیی خۆیـان دەردەبـڕی، هەروەهـا توانـای هونـەری و پیشـەیی خۆیـان تاقـی دەکـردەوە. دیسـان پێشکەشـکردنی ئـەو جـۆرە شـانۆگەرییە سـادانەی قوتابیـان ڕەنگدانـەوەی بەشـدارییە ڕۆشـنبیرییەکانیان بـوو کـە تێکەڵـە بـە ڕەخنـەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی لـە دیاردەکانـی ژیانـی گشـتی، هەروەهـا نواندنـی هەندێـک بەڵگـەی قارەمانانـەی کەسـایەتییە مێژووییەکانـی کـورد، جـۆش و خرۆشـی لـە دڵـی قوتابیانـی کـورد و ئامادەبووانـدا دەورووژانـد.

**ب.ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز**

لـە لایەکـی دیکـەوە قوتابیانـی کـورد ڕۆڵێکـی سـەرەکییان لـە یادکردنـەوەی جەژنـی نـەورۆزی نەتەوەیـی، بـە نهێنـی و ئاشـکرا بینـی، کـە گەلـی کـورد و هەندێـک لـە گەلانـی دیکـەی ئـاری ئاهەنگیـان بـۆ دەگێـڕن. حکومەتەکانـی عێـراق ڕێگریـان لـە کـورد دەکـرد کـە یـادی ئـەو جەژنـە بکەنـەوە، چونکـە یادکردنـەوەی جەژنەکـە هەسـتی ناسیۆنالیسـتی لای کـورد دەبزووانـد و، لـە ڕاستیشـدا هـەر وا بـوو، قوتابیانـی کـورد ئـەم جەژنەیـان وەک ڕێگەیـەک بـۆ دەربڕینـی هەسـتی نیشـتمانپەروەری و ناسیۆنالیسـتی خۆیـان بەکاردەهێنـا، لـەو بۆنەیـەدا ئاهەنگیـان سـازدەکرد و پیرۆزباییـان لەیـەکتر دەکـرد، پاشـان وتـار و شـیعر

و سروودیـان دەگوتـەوە، کـە ناوەرۆکەکـەی سیاسـی و ناسیۆنالیسـتی بـوو.

قوتابیانــی کــورد لــە بیســتەکانی ســەدەی بیســتەمەوە یــادی ئــەم جەژنەیــان دەکـردەوە و، بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە بابەتەکانـی پەیوەسـت بـە پرسـی کـورد دەیانقۆسـتەوە، لـە ڕێگەیـەوە "کارەسـاتی گەلـی کـورد و داگیرکردنـی زێـدی خۆیـان لەلایـەن کەسـانی دیکــەوە" نیشــان دەدا[١٤]. قوتابیانــی قوتابخانــەی (زانســتی) لــە شــاری ســلێمانی، کــە لەلایــەن شــاعیری نــاسراوی کــورد تۆفیــق مەحمــود هەمــزە (پیرەمێــرد) (١٨٦٧-١٩٥٠) بەڕێــوە دەبــرا، ســاڵانە یــادی جەژنــی نەورۆزیــان دەکــردەوە، بــەڵام لــە ســاڵی ١٩٣٨ حکومەتــی عێــراق یادکرنــەوەی ئــەو جەژنــەی لــەو ماوەیــەدا قەدەغــە کــرد، بــە بیانــووی ناســەقامگیریی دۆخــی ناوخــۆ، ئەمــەش وای کــرد بەشــێک لــە قوتابیانــی کــورد بــە نهێنــی لــە شــوێنێکی تایبــەت بــە نــاوی (گــردی مامــە یــارە) ئاهەنــگ بگێــڕن. پیرەمێــرد هەمــوو ســاڵێك پەیامێکــی تایبەتــی بــۆ ئــەم بۆنەیــە ئامــادە دەکــرد و بــۆ قوتابیــان و ئاهەنگێڕانــی جەژنــی نــەورۆزی دەخوێنــدەوە[١٥].

کۆمەڵێــک قوتابــی لــە قوتابخانــەی یەکەمــی ســەرەتایی هەولێــر کــە ژمارەیــان نزیکــەی (٣٠) قوتابــی بــوو، ڕۆژی پێنجشــەممە ٢٠ی ئــازاری ١٩٤١ بــە نهێنــی گەشــتێکیان بــۆ گونــدی قەتــەوی ڕێکخســت، لــەوێ ئاهەنگێــک بــۆ نــەورۆز ســازکرا[١٦]. هەروەهــا ئــەو قوتابییــە کوردانــەی لــە بەغــدا دەیانخوێنــد، چالاکییەکــی بەرچاویــان لــە یادکردنــەوەی نــەورۆزدا بەشــێوەیەکی نهێنــی یــان نیمچــە نهێنــی نوانــد، لـە سـاڵی ١٩٤٢ لـە ماڵـی قوتابیـی کۆلێـژی مـاف (بایـز عەزیـز ئاغـا دزەیـی) ئاهەنگێــك ســازکرا، بــە ئامادەبوونــی ژمارەیەکــی زۆر لــە قوتابیــان و ڕۆشــنبیرانی کــورد[١٧]. لەســاڵی ١٩٤٤ کۆمەڵێــک قوتابیــی کــورد لــە بەغــدا، ئەوانیــش: یونــس ڕەئــووف - دڵــدار ، ڕەشــید باجــەلان، ســاڵح یوســفی، نــوری ســدیق شــاوەیس، فایـەق هوشـیار ئاهەنگێکیـان بـۆ یـادی نـەورۆز سـازکرد. ئـەم قوتابیانـە بڕیاریانـدا هەمـوو کـوردی دانیشـتووی بەغـدا بانگهێشـت بکـەن، بـۆ ئـەوەش داواکارییەکـی فەرمییـان پێشـکەش بـە حکومـەت کـرد، بـەڵام ڕەتکرایـەوە. لـە ئەنجامـدا قوتابیـان بڕیاریانــدا، ئاهەنگەکــە لــە ماڵــی هاوڕێیەکــی کرێنشــینی قوتابــی ســازبکەن، واتــە لــە ماڵــی: (حامیــد بــەگ جــاف و هــەردوو بــرا بورهــان جــەلال)، کــە دەکەوێتــە شــاری ئەعزەمییــە و، ئــەو ئاهەنگــەش لــە ١٩٤٤/٣/٢٢ بەڕێوەچــوو[١٨].

بەرنامەی ئەم ئاهەنگە بەم شێوەیە بوو:

١. کاتژمێر چوارونیو وتاری کردنەوە لەلایەن حەمەڕەشەوە پێشکەشکرا.
٢. سروودی نیشتیمانی (ئەی ڕەقیب) لەلایەن تیپی مۆسیقا پێشکەش کرا.
٣. پێشکەشکردنی دەقێکی شیعری (ئەی لاو) ی شاعیر یونس ڕەئووف دڵدار، جەلال جاف خوێندییەوە.
٤. بەشێک لە لاوان گۆرانییەکی کوردییان پێشکەش کرد.
٥. پێشکەشکردنی وتاری نەورۆز لەلایەن فایق هۆشیار.
٦. پێشکەشکردنی گۆرانییەک لەلایەن عەلی مەردانەوە.
٧. پێشکەشکردنی گۆرانییەکی وەرگێڕدراوی ئینگلیزی کە لەلایەن چەند گەنجێکەوە پێشکەشکرا.
٨. پێشکەشکردنی وتارێك (ئاوازدانانی شیعری میللی) لەلایەن نووری کاکە حەمە.
٩. پێشکەشکردنی گۆرانییەک لەلایەن حەسەن جەزراوی.
١٠.پێشکەشکردنی شیعرێك لەبارەی نەورۆز لەلایەن حەیدەرەوە.
١١.لاوان جارێکی دیکە سروودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)یان گوتەوە.
١٢.لە کۆتاییدا و لە کاتژمێر شەش سوپاسی ئامادەبووان و بانگهێشتکراوەکانی کرا[١٩].

بەرنامەی ئاهەنگەکانی دواتر بۆ یادکردنەوەی جەژن هاوشێوەی ئەم بەرنامەیە بوو، بۆیە لێرەدا وەک نموونەیەک لە بەرنامەی ئاهەنگەکان کە لە لایەن قوتابیانی کوردەوە ئەنجام دراون، ئاماژەمان پێکردووە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا؛ کۆمەڵێک قوتابیی کورد لە بەغدا لە ساڵی ١٩٤٥ داواکارییەکی دیکەیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد و داوای مۆڵەتیان کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو ئاهەنگە، ئەوان ڕێگەیان پێدرا و ئاهەنگەکە لە ١٩٤٥/٣/٢٢ لە پارکی شا فەیسەڵ بەڕێوە چوو، بە ئامادەبوونی حەمدی پاچەچی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بە یاوەریی حەوت وەزیر لە نێویاندا دوو کورد، تۆفیق وەهبی و ئەحمەد موختار بابان و ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی کورد[٢٠] موکەڕەم تاڵەبانی وتاری ئاهەنگەکەی پێشکەش کرد، تێیدا بەخێرهاتنی سەرۆک وەزیران و یاوەرانی و هەموو ئامادەبووانی کرد. لە وتارەکەیدا باسی لە گرنگیی مێژوویی

و سیاسیی ئەو سەردەمەی گەلی کورد کرد[٢١]، پاشان بەرنامەی ئاهەنگەکە لە کاتژمێر چوار و نیو دەستی پێکرد، کە بەشێک لە گۆرانی و شیعر و سروود و هەڵپەڕکێی میللی لەخۆگرتبوو، بەرنامەی ئاهەنگەکە کاتژمێر حەوت دوای سوپاسکردنی ئامادەبووان کۆتایی هات[٢٢].

لەهەمان ساڵدا قوتابیانی شاری هەولێر ئەم جەژنەیان بەڕێوە برد و موحسین دزەیی لەو ڕۆژەدا ڕووداوێکی سەیرمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: هۆشیاریی نەتەوەیی لەو کاتەدا لە لووتکەدا بوو، لەبیرمە کە لە ڕۆژی نەورۆزدا لە ساڵی ١٩٤٥، ئێمەی قوتابی بە بیانووی گەشتێک بۆ ناوچەی نزیک خانووی موتەسەریفی هەولێر ئاهەنگمان گێڕا... دوای ئەوەی چەند کاتژمێرێکی ئەو ڕۆژەمان بە ئاهەنگ و هەڵپەڕین و گۆرانیی گوتن بەسەر برد، ئەو ئێوارەیە گەڕاینەوە و بەلای ماڵی موتەسەریفدا تێپەڕین، هێشتاش هەر بەردەوام بووین لە گۆرانیی گوتن بە ئاوازی دەهۆڵ و زوڕنا، لەناکاو سەعید قەزازی موتەسەریف بە ئۆتۆمبێلەکەیدا تێپەڕی[٢٣]، کاتێک ئێمەی بینی، ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و دابەزی، لەوێ لە نێوانماندا وەستا و داوای لێکردین درێژە بە ئاهەنگەکە بدەین و، چەند هەڵپەڕکێیەکی میللی پێشکەش بکەین، بۆیە ئێمەش پێشکەمان کرد، ئەویش بڕە پارەیەکی دا بە دەهۆڵکوت و زوڕناژەنەکە"[٢٤].

لە شاری کەرکووکیش قوتابیان و لاوانی کورد، لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، لە ٢١ی ئازاری ١٩٤٥ دوای پێشکەشکردنی کارتی بانگهێشتنامە، بۆ ئەم بۆنەیە ئاهەنگیان گێڕا، دوای کۆتاییهاتنی ئاهەنگەکە، لاوان هاواریان کرد، بژی لاوانی کەرکووک و نەورۆزەکەیان"[٢٥]. هاوکات قوتابیان لە قوتابخانەکانی کۆیە، پاشنیوەڕۆی ٢٠ی ئازاری ١٩٤٦، لە هۆڵی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە ئاهەنگی نەورۆزیان گێڕا، لەنێو ئەو قوتابیانەی کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەڕێوەبردنی ئەو ئاهەنگەدا: عومەر کەریم عەزیز و محەمەد ئەحمەد تەها (کامەران موکری)، کە شیعر و گۆرانی و سروودی نیشتمانی تێدا پێشکەش کران، هەندێکیان دروشمی "بژی کورد و کوردستان، بژی عەشیرەتی بارزان" و بڕگەی دیکەیان بەرزکردەوە، بەپێی بەرنامەیەک کە لەلایەن بەشێک لە قوتابیانەوە ڕێکخرابوو و، بە پاڵپشتی و هاوکاریی بەشێک لە ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکانی وەک

(پارتـی ڕزگاری و لقـی ژ.ک.)[٢٦]. بەرزکردنـەوەی ئـەو جـۆرە دروشمانـە لـەو ماوەیـەدا ئــەو بڕوایــەی بەخشــی کــە ڕاپەڕینــی بــارزان لــە نێــوان ســاڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥) و پاشــان پاشــگەزبوونەوەی حکومەتــی عێــراق لــە بەڵێنەکانــی بــۆ جێبەجێکردنــی داواکارییەکانــی کــورد، کاریگەریــی هەبــوو لــە بەرزکردنــەوەی حەماســەت و ڕۆحــی ناسیۆنالیســتی لای قوتابیانــی کــورد.

بــەم بۆنەیــەوە، هــەر لــەو ســاڵەدا ئاهەنگێکــی فەرمــی لــە شــاری هەولێــر بەڕێوەچــوو، بــە ئامادەبوونــی موتەســەریفی لیــوای هەولێــر و کەسایەتی و پیاوماقوڵانــی شــارەکە و جەماوەرێکــی زۆری ئاهەنگگێــڕ، ئاهەنگەکــە لــە گۆڕەپانــی تۆپــی پــێ و نمایشــی وەرزشــیی قوتابیانــی دواناوەنــدی بەڕێوەچــوو (دەکەوێتــە ئــەو گۆڕەپانــەی پشــت بینایــەی ئێســتای سینەمای ســەلاحەدین)، کــە تیایــدا قوتابیــان نمایشــی هونــەری و هەڵپەڕکــێ و گۆرانیــان پێشــکەش کــرد[٢٧]. لــە میانــەی ئاهەنگــی نــەورۆزی ســاڵی ١٩٤٧ پارتــی دیموکراتــی کــورد کــە تەنیــا چەنــد مانگێــک پێــشتر دامەزرابــوو، لەگــەڵ حزبــی شــیوعیی عێــراق کێبڕکێیــان کــرد بــۆ ئــەوەی هــەر یەکەیــان ئــەم بۆنەیــە بــۆ بەرژەوەندیــی خۆیــان بقۆزنــەوە، ســەرەڕای ڕێککەوتنــی پێشــوەختە بــۆ ئەنجامدانــی ئــەو ئاهەنگــە بــە هاوبەشــی لەنێــوان هــەردوو حزبــدا. جەماوەرێکــی زۆر لــە خەڵکــی هەولێــر و دەوروبــەری و ژمارەیەکــی زۆر لــە لایەنگرانــی هــەر دوو حزبــی ناوبــراو بەشــداریان تێــدا کــرد[٢٨]. هــەر لــەو ســاڵەدا قوتابیانــی قوتابخانــەی سلێمانی ئاهەنگێکــی نهێنیــان بــەم بۆنەیــەوە لــە (گــردی مامەیــارە) بــە پاڵپشــتیی (حزبــی شــیوعی و لقــی ژ.ک) ســازکرد، قوتابیــان: عومــەر عــارف قــاپ ڕەش، ئەکــرەم یامولکــی، مســتەفا ئەمیــن هــەوڵ و چالاکیــی ناوازەیــان لــە ئاهەنگەکــەدا نیشــان دا[٢٩].

لـە سـاڵی ١٩٤٨ قوتابیانـی کـورد لـە کۆلێـژ و پەیمانگـە باڵاکانی بەغـدا ئاهەنگێکیـان بــە بۆنــەی نــەورۆزەوە ســازکرد، چەنــد شــاندێکی قوتابیــان لــە هەولێــر و ڕوانــدزەوە لــە ١٨ی ئــادارەدا گەیشــتنە بەغــدا بــۆ بەشــداریکردن لــە ئاهەنگەکــەدا، ئاهەنگەکــەش ڕۆژی هەینــی ١٩ی ئــازار لــە یانــەی شــەوانەی جەواهیــری بەڕێوەچــوو[٣٠]. لــە هەمــان کاتــدا یەکێتیــی قوتابیــان لــە سلێمانی لــە ٢٥ی ئــازاری ١٩٤٨ و لــە قوتابخانــەی غــازی، بــە بەشــداریی شــاندەکانی یەکێتیــی قوتابیانــی خانــەی گوندانــەی مامۆســتایانی لــە مەحاویــل و یەکێتییەکانــی قوتابیانــی کەرکــووک و هەولێــر و مووســڵ و بەبەشــداریی

جەماوەرێکی زۆری خەڵکی شارەکەش ئاهەنگیان گێڕا.. ئاهەنگەکە کاتژمێر هەشتی بەیانی دەستی پێکرد و تا دوای دووی پاش نیوەڕۆ بەردەوام بوو[٣١].

لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ١٩٥٤ و پێش هاتنی جەژنی نەورۆز کۆمەڵێک قوتابیی کورد لە بەغدا، داواکارییەکی واژۆکراویان بە ناوی جەلال تاڵەبانی، ئەنوەر عەزیز، جەمال نەبەز (کە نوێنەرایەتیی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی دەکرد) و موحسین محەمەد ئەمین دزەیی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد، بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ئەنجامدانی ئاهەنگێک بە بۆنەی جەژنەوە، وەزارەت ڕازی بوو، بۆیە ئەو قوتابیانە هاوکارییان لە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق و کوردی دەوڵەمەند لە بەغدا کۆکردەوە. ڕێککەوتن کرا ئاهەنگەکە لە باخچەیەك ئەنجام بدرێت، کە دەکەوێتە نێوان شەقامی ئەبو نواس و سەعدون. بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە بە پاڵپشتیی هەر دوو حزبەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقەوە ئەنجام درا، بەڵام کۆمۆنیستەکان بە بەرزکردنەوەی هەندێک دروشم، وایان کرد دەسەڵاتدارانی ئەمنی ڕاپۆرت پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ بکەن و پێشبینیەکانیان بخەنەڕوو، کە ئاهەنگەکە بگۆڕدرێت بۆ فیستیڤاڵێکی سیاسی کە مەترسی لەسەر ئاسایش دروست بکات. ئەمەش بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی ئاهەنگەکە، بۆیە زۆربەی قوتابیانی کورد چوونە هەولێر، لەوێ ئاهەنگێکیان بەم بۆنەیەوە سازکرد[٣٢]. لەم ئاهەنگەدا هاوکاریی نێوان یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق دەردەکەوێت لە یادکردنەوەی نەورۆزدا بەشێوەیەکی هاوبەش و ڕێك و پێك، هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەردوو ڕێکخراوەکە لە زۆربەی بۆنەکاندا بەردەوام بوو[٣٣].

شایانی باسە یانەیەکی کوردی لە زۆربەی بۆنەی جەژنی نەورۆزدا ئاهەنگ و گەشتی تایبەتی بۆ قوتابیانی کورد سازدەکرد، ئەم یانەیە بە نهێنی گەشتێکی قوتابیانی بە بۆنەی جەژنەوە بۆ ناوچەی ئەلسەدر لە بەغدا لە ٢١ی ئازاری ١٩٥٨ ڕێکخست. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو ئاهەنگە بە ئاشکرا ڕێگەی پێنەدرابوو، دوا نەورۆزیش بوو لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق[٣٤]، هەروەها لەو ساڵەدا یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (پارتی و شیوعی) ئاهەنگێکی گەورەیان لە بەستۆرە سازکرد[٣٥]. سازدانی ئاهەنگ بۆ یادی نەورۆز، بوو بە چالاکییەکی ساڵانە

کـە قوتابیانـی کـورد لـە سەرانسـەری عێـراق ئەنجامیـان دەدا. شـایانی باسـە یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـەم بۆنەیـەدا هەمـوو سـاڵێک بەیاننامەیەکـی بڵاودەکـردەوە و پیرۆزبایـی لـە قوتابیـان و گەلـی کوردسـتان دەکـرد[٣٦]، ئـەم بەیاننامانـە هەندێـک جـار هۆشـداری و ڕێنمایـی بـۆ قوتابیـان و هاووڵاتیانیـان تێـدا بـوو بـە تایبـەت لـە سـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولـدا، کـە لـە یەکێکیانـدا هاتبـوو: "بـە هیـچ شـێوەیەک دروسـت نییـە خۆپیشـاندان و کۆبوونـەوە و پێشکەشـکردنی وتـار و شـیعر و ئاهەنگێـڕان." قوتابخانـە سـەرەتایی و ناوەندییـەکان دادەخـران و، قوتابیـان بۆیـان نەبـوو ئامادەبـن. هەمـوو دانیشـتوانی شـارەکە دەبێـت لـە کاتژمێـر ٦:٢٥ ئاگـر بکەنـەوە، بـاڕ و دوکانـەکان بـە هیـچ شـێوەیەک نەکرێنـەوە جگـە لـە کافـێ و قەسـابخانە و نانەواخانـەکان، دەبێـت هەمـووان لـەم بابەتـە ئـاگادار بکرێنـەوە."[٣٧]. یەکێتییەکـە لـەم بۆنەیـەدا پاڵپشـتی و هاوکارییەکانـی بـۆ شۆڕشـی کـورد نـوێ دەکـردەوە[٣٨].

**ج. ئاهەنگەکانی یەکتر ناسین و چالاکییەکانی دیکە**

قوتابیانـی کـورد خوویـان بـە سازدانی ئاهەنگـی کات بەسـەربردن و ئاهەنگـی تایبەت بـە یەکترناسـینەوە لـە سـەرەتای هـەر سـاڵێکی خوێندنـدا گرتبـوو، مەبەسـت لێـی ناسـاندنی قوتابیانـی کـورد بـوو بـە یەکـدی، ئەوانـەی کـە لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی عێراقـەوە هاتبـوون بـۆ خوێنـدن لـە زانکۆکانـی عێـراق. مەکتەبـی تەنفیزیـی یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لقـی کەرکـووک، لـە ١٥ی حوزەیرانـی ١٩٥٩ ئاهەنگێکـی کات بەسـەربردنیان سـازکرد، تیایـدا قوتابیـان چالاکییـە ئەدەبـی و هونەرییەکانیـان نمایشـکرد، عەونـی حەسـەن سـکرتێری مەکتـەب وتارێکـی پێشکەشـکرد کـە تیایـدا ڕۆڵـی قوتابیانـی لـە داڕشـتنی سیسـتەمی نوێـی کۆمـاری و ڕێبـازە نوێیەکـەی بـەرز نرخانـد، داوای لـە قوتابیانیـش کـرد ڕیزەکانیـان یەکبخـەن[٣٩].

هەروەهـا یەکێتیـی گشـتیی قوتابیـان لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٦٣دا ئاهەنگێکـی یەکترناسـینی بـۆ قوتابیانـی کـورد لـە کۆلێـژی پـەروەردە لـە زانکـۆی بەغـدا و لـە هۆڵـی سـاتیع ئەلحوسـەری سـازکرد، قوتابـی عەبـدوڵڵا غەفـوور وتـاری کردنـەوەی پێشـکەش کـرد و بەخێرهاتنـی قوتابییـە نوێیەکانـی کـرد، دوای ئـەوە بەرنامەیەکـی هەمەچەشـن پێشـکەش بـە قوتابیـان کـرا[٤٠].

هەروەهـا یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان(باڵی مەکتەبـی سـکرتاریەت) لـە سـەرەتای ساڵی خوێندنـی ١٩٦٩ئاهەنگێکـی یەکترناسـینی بـۆ قوتابیانـی کـورد لـە زانکـۆی بەغـدا لـە ناوچـەی بەنـداوی هیندییـە سازکرد، سـەرەتای مەراسـیمەکە بـە وتارێکـی لیژنـەی یەکێتیـی شـاری بەغـدا دەسـتپێکرد، تیایـدا بەخێرهاتنـی ئامادەبـووان کـرا و هیـوای سـاڵێکی سـەرکەوتووی خوێندنـی بـۆ قوتابییـە نوێیەکان خواسـت. دوای ئەوە لیژنـەی ئاهەنگگێڕان لە پێشکەشـکردنی بەرنامـەی خـۆی بـەردەوام بـوو، پێشکەشـکردنی بەرنامـەی "سـەوڵەجان"[٤١] دواتـر ئـەم بەرنامەیـە یاریـی دۆمبەڵـەی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، کـە زۆربـەی قوتابیـان تێیـدا بەشـدار بـوون، هەروەهـا قازانـج بـۆ دابینکردنـی خەرجییەکانـی ئاهەنگەکـە تەرخانکـرا. لـە کۆتایـی بەرنامەکـەدا لیژنـەی ئاهەنگـەکان بـە ڕێزلێنـان لـە قوتابیانـی قۆناغـی یەکەمـی کوردسـتان کۆتایـی بـە ئاهەنگـی ساڵانەی خـۆی هێنـا[٤٢].

هـەر لـەو چوارچێوەیەشـدا یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان گەشـتی کات بەسـەربردنیان بـۆ قوتابیانـی کـورد سـاز دەکـرد، ئـەوە بـوو لـە ١٩٦٩/١٠/٢٤ گەشـتێکی بـۆ قوتابیانـی زانکـۆی سـلێمانی ڕێکخسـت، کـە تێیـدا زۆربـەی قوتابیانـی زانکـۆ بەشـداریان کـرد، لـە هاوینەهـەواری سـەرچنار گردبوونـەوە[٤٣].

هەروەهـا قوتابیانـی کـورد لـە بـوارە جیاجیاکانـدا کارێکـی دیکەیـان ئەنجـام دەدا، لەوانـە: لیژنەیەکـی قوتابیـان لـە قوتابخانـەی دواناوەندیـی کـوڕان لـە سـلێمانی سـاڵی ١٩٦٠ هەڵمەتێکـی بەخشـینیان ئەنجامـدا و پارەیـان کۆکـردەوە بـۆ هاوکاریکردنـی ئـەو ئاوارانـەی کـورد کـە هاتبوونـە عێـراق. هەروەهـا بـۆ پێشکەشـکردنی هاوکاریـی پێویسـت بـۆ قوتابیانـی هـەژار و بـۆ یادکردنـەوەی دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان (لـە مەهابـاد)، لێژنـەی یەکێتـی لـەو قوتابخانەیەشـدا بڵاوکراوەیەکـی پەروەردەیـی و زانسـتی دەرکـرد، هەروەهـا سـەردانی موتەسـەریفی سـلێمانی کـرد بـۆ هاوکاریـی قوتابیانـی قـەزای هەڵەبجـە کـە بـۆ خوێنـدن هاتبوونـە سـلێمانی، جگـە لـە ئەنجامدانـی ئاهەنگێکـی شـەوچەرە بـە بۆنـەی کۆتایـی سـاڵی خوێندنـی ١٩٥٩- ١٩٦٠، لـە ئاهەنگەکـەدا سـەرۆکی فەرمانگـەکان و کەسـایەتییانی دیـاری نەتەوەیـی، لەوانـە سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە لیواکـە و سـەرکردەی سـەندیکاکان و ڕێکخـراوە دیموکراسـییەکان، کۆمەڵەیەکـی زۆر لـە قوتابیـان، هەروەهـا چەندیـن بەرهەمـی دیکـە لـە چوارچێـوەی بـواری چالاکیـی کۆمەڵایەتـی ئامادەبـوون[٤٤]. دیسـان

لـە چالاکییەکانـی قوتابیـان ڕێکخسـتنی گەشـتەکان و دامەزراندنـی ئـۆردوگا و کەمپـی دیدەوانـی، ئـەم جـۆرە چالاکییانـە لەوەتـەی سـاڵانی سـییەکان لـە عێـراق و کوردسـتاندا گەشـەیان کردبـوو، بـۆ هـەر گەشـتێکی دیدەوانیـش بەرنامەیەکـی تـەواو دادەڕێـژرا[٤٥].

# پەراوێز:

(١) کاوە ئەحمەد میرزا، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بزاڤی شانۆیی لە شاری سلێمانی ، کاروان (گۆڤار)، ژمارە (١٨)، ئازاری ساڵی ١٩٨٤، ساڵی دووەم، بەشی عەرەبی، ل١٠٣-١٠٦.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژیان بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی ١٩٢٦-١٩٣٨، چاپخانەی ڕەنج، چ١، (سلێمانی، ٢٠٠٢)، ل٢٢٠.

(٣) کاوە ئەحمەد میرزا، س.پ، ل١٠٦.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژیان بەتەمەنترین ...، ل٢٢٠-٢٢٤.

(٥) کاوە ئەحمەد میرزا، س.پ، ل١٠٦.

(٦) شاکر فەتاح، س. پ، ب١، ل١٩٣.

(٧) کاوە ئەحمەد میرزا، س.پ، ل١٠٦.

(٨) سلێمانی (گۆڤار)، ژمارە (٥٣)، سلێمانی، کانوونی یەکەم ٢٠٠٤، ل٣.

(٩) يوسف حنا يوسف ، مذكرات يوسف حنا يوسف، مطبعة التعليم العالي، (أربيل، ١٩٩٢)، ص٩-١٠.

(١٠) کاوە ئەحمەد میرزا، س.پ، ل١٠٦.

(١١) هاشم سەید ئەحمەد، چەمچەماڵ لە یادەوەریمدا ١٩٦٠-١٩٨١، چاپخانەی گوڵزار، چ١، (سلێمانی، ٢٠٠٠)، ل٨٥.

(١٢) کاوە ئەحمەد میرزا، س.پ، ل١٠٦-١٠٧.

(١٣) کاوە ئەحمەد میرزا، س.پ، ل١٠٧.

(١٤) شاکر فەتاح، س. پ، ب١، ل١٢٧.

(١٥) محەمەد نوری تۆفیق و مستەفا ساڵح کەریم، فایەق وشیار یاساناس و نووسەر و نیشتمانپەروەر، چاپخانەی ئۆفێسیی ژیر، (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل٨٤-٨٥/١٠٦.

(١٦) ئیسماعیل شکر، نەورۆزی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٥٨ لە هەولێر، هاڤیبوون (گۆڤار)، ژمارە (٩)، چاپخانا هاوار، چاپا کوردستانێ، دهۆك، ٢٠٠١، ل١٢٨.

(١٧) إسماعيل شكر رسول، أربيل ...، ص٢٨٨.

(١٨) گەلاوێژ(گۆڤار)، ژمارە (٤)، ساڵی پێنجەم، ل٤٧-٤٨ لە: محەمەد نوری تۆفیق و مستەفا

سالّح کەریم ، س. پ، ل١٠٦-١٠٧.

(١٩) محەمەد نوری تۆفیق و مستەفا سالّح کەریم ، س. پ، ل١٠٧-١٠٨.

(٢٠) عزيز حسن البارزاني، م. س، ص١٦٤-١٦٥ ؛ هلبين محمد أحمد ، م. س، ص١٠٥-١٠٦.

(٢١) مكرم الطالباني ، حزب هيوا...، ص٩٨.

(٢٢) بۆ ئاگاداربوون لە وردەکاری ، بڕوانە: گەلاوێژ (گۆڤار)، ژمارە(٤)، سالّی شەشەم، نیسان ١٩٤٥، ل٤٢-٤٦.

(٢٣) سەعید قەزاز لەو کاتەدا موتەسەریفی هەولێر بووە، لە سالّی ١٩٠٤ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، دواتر لە هەندێک یەکەی کارگێڕیدا دامەزراوە، چەندین پۆستی ئیداری هەبووە، لەوانە موتەسەریفی لیوای هەولێر و دواتریش لیوای مووسلّ. چەندین جار بووەتە وەزیر، دوا وەزیری ناوخۆ بووە لە سەردەمی پاشایەتیدا، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دەستگیرکراوە، لە سالّی ١٩٥٩ لە سێدارە دراوە، تاکە وەزیری سەردەمی پاشایەتییە دوای شۆڕش لە سێدارە درا. بڕوانە: محسن دزەیی ، أحداث عاصرتها ...، ج١، ص٧٠.

(٢٤) م. ن، ص٥٧.

(٢٥) گەلاوێژ (گۆڤار)، ژمارە (٤)، سالّی شەشەم، نیسان ١٩٤٥، ل٤٢-٤٧ ؛ عومەر ئیبراهیم عەزیز، دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا ١٩٣٥-١٩٦٩، چاپخانەی ئەلفنون، (ب. ش، ١٩٨٩)، ب١، ل٥٣-٥٤.

(٢٦) عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، س. پ، ل١٢٦-١٢٧.

(٢٧) محسن دزەیی، احداث عاصرتها ...، ج١، ص٥٨.

(٢٨) م. ن، ص٥٨-٥٩.

(٢٩) عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، س. پ، ل١٢٩.

(٣٠) نزار (مجلة)، العدد (١)، بغداد، ٣٠ آذار ١٩٤٨، القسم العربي، ص١١.

(٣١) نزار (گۆڤار)، ژمارە (٢)، بەغداد، ١٥ی نیسانی ١٩٤٨ بەشی کوردی، ل٢٢-٢٣.

(٣٢) محسن دزەیی ، أحداث عاصرتها ...، ج١، ص٨٩-٩٠.

(٣٣) دیدارێك لەگەڵ عەبدوڵلا غەفوور ئیسماعیل لە هەولێر لە ڕۆژی ٢١/ ١/ ٢٠٠٧.

(٣٤) عمر فرهادي، خواطر وذكريات، مطبوعات وزارة الثقافة، (السليمانية، ٢٠٠٢)، ص١٧-١٨.

(٣٥) بڕوانە: جەمشید حەیدەری ، چەند لاپەڕەیەك لە...، ل٦١-٦٢.

(٣٦) بڕوانە دەقی ئەو بەیاننامانە لە: شازین هێرش ، س. پ، ل٥٠-٥١، ٥٢-٥٤.

(٣٧) بەیاننامـەی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان- عێـراق ،ئـاگاداری بـە بۆنـەی نـەورۆز، لیژنـەی قوتابیانـی کوردسـتانی عێـراق لـە سـلێمانی، ١٨/ ٣/ ١٩٦٤ لـە: هــ س، ل٦٢.

(٣٨) بڕوانە: بەیاننامەکانی یەکێتی لە: هـ س، ل٦٤-٦٥، ١٣٧-١٣٨.

(٣٩) صوت الطلبة (جريدة)، العدد (١)، السنة الاولى، كركوك، ١٣ آب ١٩٥٩، ص٤.

(٤٠) دیدارێك لەگەڵ عەبدوڵڵا غەفوور ئیسماعیل لە هەولێر ڕۆژی ٢١/ ١/ ٢٠٠٧.

(٤١) ئـەم بەرنامەیـە پشـتی بـە دوو تیـم بەسـتبوو: یەکێکیـان لـە قوتابیانـی کـچ و ئـەوی دیکەیـان لـە قوتابیانـی کـوڕ، هـەر تیمێـک لـە چـوار کـەس پێکهاتبـوو، کـە لەلایـەن پێشکەشـکاری بەرنامەکـە هەڵدەبژێـردران. کاتێـک قوتابییەکـی کـوڕی هەڵدەبـژارد، ئەمـەی دووەمیـان یەکێـک لـە قوتابیانـی کچـی هەڵبـژارد ئـەوەی دیکـە یەکێـک لـە قوتابیانـی کـوڕی هەڵدەبـژارد بـەم شـێوەیە، هـەر تیمێـک پرسـیارێکیان لێدەکـرا و وەڵامەکـە خاڵێکـی لەسـەر بـوو. هـەردوو تیپەکـە یەکسـان بـوون و خەڵاتەکەیـان بـە یەکسـانی پێشکەشـکرا، کـە بریتـی بـوو لـە کێکێـک لەلایـەن دایکـی پێشکەشـکاری بەرنامەکـە فازیـڵ بەرخـی دروسـتکرابوو. بڕوانـە: النـور (جريـدة)، العـدد (٣٢٥)،١٠/ ١١/ ١٩٦٩، ص٢.

(٤٢) م. ن، ص٢.

(٤٣) النور، العدد (٣٢٧)، ١٠/٢٦/ ١٩٦٩، ص٤.

(٤٤) بڕوانە: خەبات (جريدة)، العدد (٣٩٥)، ٢٨/ ١٢/ ١٩٦١، ل٣.

(٤٥) بـۆ زانینـی وردەکاری لەبـارەی بەرنامـەی هـەر گەشـتێکی دیدەوانـی، دەکـرێ بەڵگەمـان نموونەیەکـی گەشـتە دیدەوانییـەکان بێـت کـە لـە کوردسـتان بەڕێـوە دەچـوو، بڕوانـە : فەرهـاد عـەونی ، چالاکیـی دیدەوانـی لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی ئـولای کـوڕان لـە کۆیـە و چەنـد بیرەوەرییـەك، هەولێر(گۆڤـار)، ژمـارە (٢)، هەولێـر، بەهـاری ١٩٩٩، ل١٣٦-١٤٥.

# کۆتایی

ئـەو قۆناغـە مێژووییانـەی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردیـان پێـدا تێپـەڕی، لـە دوای لکاندنـی باشـووری کوردسـتان بـە عێراقـەوە تـا ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، پێگەی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـوردی سـەلماند لـە ڕۆڵـی کاریگـەر و دیـار و بەرچـاوی لەسـەر ئاسـتی پیشـەیی و سیاسـی و لـە هەمـوو پێشـهاتەکانیدا.

چالاکییـە ڕۆشـنبیری و هونەرییـەکان یەکێـک لـە شـێوازەکانی تـازە سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کوردیـان پێکهێنـا، چونکـە لەگـەڵ زیادبـوون و فراوانبوونـی ژمـارەی قوتابخانـە و پەیمانگـە و کۆلێـژەکان لـە عێـراق و کوردسـتان پەرەیسـەند، بەهـۆی فراوانبوونـی بازنـەی بەشـدارییەکانیان لـە ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا لـە ڕێگـەی پێکهێنانـی ژمارەیـەک کۆمەڵـە و یانـە و ڕێکخـراوی ئامانجـداری پیشـەیی و سیاسـی لەوەتـەی لـە ڕۆڵـی گەشـەکردندا بـوون.

(کۆمەڵـەی لاوان) یەکەمیـن کۆمەڵـەی قوتابیانـە کـە لـە سـاڵانی بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا لەلایـەن قوتابیانـی کـوردەوە لـە بەغـدا دامـەزرا، لـە سـەرەتای سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوودا دوو بڵاوکـراوەی دەرکـرد بـۆ بڵاوکردنـەوەی بەرهەمـی قوتابیـان لـە بـوارە جیاجیاکانـدا، هەروەهـا هەندێك لـە ئەندامەکانـی دواتـر ڕۆڵـی کاریگەریـان هەبـوو لـە پێشـهاتەکانی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، بـۆ نموونـە دەکـرێ ئامـاژە بـە ئیبراهیـم ئەحمـەد بکرێـت. هەروەهـا قوتابیـان کۆمەڵـەی (دارکەر)یـان دامەزرانـد کـە بـووە بناغە و بنەمـا بـۆ دامەزراندنـی یەکەمیـن ڕێکخـراوی سیاسـیی کـوردی هاوشـێوەی پارتـە سیاسـییە مۆدێرنـەکان، ئەویـش (ڕێکخـراوی هیـوا) بـوو.

قوتابیانـی کـورد لـە ئاڕاسـتە فیکـری و خواسـتە سیاسـییەکانیاندا، هەڵگری بیرۆکـە و ئایدیۆلۆژیـای بـاوی ئـەو ماوەیـە بوون، بە شـێوەیەك بەسـەر دوو بەشـدا دابەشـبوون، هەر بەشـێک هەڵگری ئاراسـتەی فیکریی تایبەت بوو. یەکێکیان ڕەوتی سۆسیالیسـتی و بیرۆکەی چەپگەرایـی نیشـتمانی وەک ڕێبـازی خـۆی وەرگـرت، دووەمیـان بیرۆکـەی ناسیۆنالیسـتی گرتەبـەر کـە داوای بەدیهێنانـی مافەکانـی گەلـی کوردسـتان و چارەسـەرکردنی کێشـەی

کوردی لـە عێـراق دەکـرد. لـەم ڕوانگانەشـەوە بزووتنـەوەی قوتابیانی کورد لـە زۆربەی ئەو ڕووداو و پێشـهاتانەی کـە دواتـر لـە عێـراق ڕوویـان دا، پێگـەی دیـاری خـۆی بەدەسـتهێنا.

بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد؛ دوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی گەڵاڵـە بـوو و شـێوەی ڕێکخراوەیـی خـۆی وەرگـرت، دوای دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان تونتـر بـوو، کـە ڕۆڵێکـی ڕوونـی لـە ڕێنوێنـی و پاڵپشـتیکردنی بزووتنـەوەی قوتابیانـی کـورد بـە هـەردوو بەشـی نەتەوەیـی خۆیـدا بینـی، لـە دەرئەنجامەکانـی ئەمەشـدا ڕێکخراوێکـی قوتابیـان لـە سـاڵی ١٩٤٦ دروسـت بـوو بـە نـاوی (K.P.x) واتـا (کۆمەڵـەی پێشـکەوتنی خوێندەواری)چەنـد مانگێـک دوای دامەزراندنـی پارتـی، لـە کاتێکـدا کـە تـەواوی بزووتنـەوەی قوتابیانـی عێـراق بـەردەوام بـوو لـە هەوڵەکانـی بـۆ دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی قوتابیـان بـۆ سـەرجەم قوتابیانـی عێـراق، کـە لـە ئەنجامـدا یەکـەم کۆنگـرەی قوتابیـان لـە عێـراق لـە گۆڕەپانـی ئەلسـیباع لـە بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٤٨ بەڕێـوە چـوو، تیایـدا قوتابیانـی کـورد بـە جیاوازیـی مەیلـی فیکـری و سیاسـیی جۆراوجـۆر بەشـێوەیەکی کارا بەشـدارییان کـرد، داوای دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی تایبـەت بـۆ قوتابیانـی کوردسـتانیان دەکـرد، وەک یەکێـک لـە دەرەنجامەکانـی ئـەم کۆنگرەیـە دامەزراندنـی (یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق) بـوو.

لـە ئەنجامـی ئـەو پێشـهاتانەی لـە عێـراق ڕوویانـدا لـە قۆناغـی دواتـردا، قوتابیانـی سـەر بـە بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتی دەسـتیان بەسـەر ڕێکخـراوی یەکێتیـی قوتابیانـدا گـرت، ئەمـەش وای کـرد قوتابیانـی کـورد، بـە هانـدان و پشـتیوانیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بیربکەنـەوە و هەنـگاو بنێـن بـۆ پێکهێنانـی ڕێکخراوێکـی تایبـەت و سـەربەخۆی قوتابیانـی کـورد، لـە هەوڵەکانیانـدا سـەرکەوتوو بـوون. ئـەوە بـوو لـە سـاڵی ١٩٥٣ یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانیان پێکهێنـا، کـە چوونـە نـاو خەباتی نهێنی و لـە چالاکییـە جۆراوجۆرەکاندا لەگەڵ یەکێتیـی گشـتیی قوتابیانـی عێـراق تـا شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ هەماهەنگییـان کـرد. لـە ئەنجامـی چەندیـن هـۆکار و فاکتـەر، یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە سـەروبەندی بەسـتنی کۆنگـرەی دووەمـی سـاڵی ١٩٥٩دا، خۆبەخشـانە پەیوەندی بە ڕێکخـراوی یەکێتیی گشـتیی قوتابیـان لـە کۆمـاری عێراقـەوە کـرد و، لەوێشـەوە پێکهێنانـی لیژنـەی کاروبـاری قوتابیانـی کوردسـتان سـەریهەڵدا، بـۆ بەڕێوەبردنـی کاروبـاری قوتابیانی کوردسـتان، بـەڵام ئـەوە زۆری نەخایانـد، دواجـار یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٦٠ جیابـووەوە

و سەربەخۆ بوو، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٦٤ قۆناغێکی سەختی تێپەڕاند لە ئەنجامی ئەو دابەشبوونەی کە لە چوارچێوەی ڕیزەکانیدا ڕوویدا، کە بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو و، هەمان ناویان هەبوو کە (یەکێتیی قوتابیانی کوردستان-عێراق) بوو، هەر بەشێک بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاری دەکرد، تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کە ئەو دوو باڵە یەکیان گرتەوە و بوونەوە یەک ڕێکخراو، بە هەمان ناوەکەی پێشوویان، بەم شێوەیە بزووتنەوەی قوتابیانی کورد چووە قۆناغێکی نوێی خەباتی گشتییەوە.

قوتابیان و بزووتنەوەی قوتابیانی کورد ڕۆڵ و پێگەی سەربەرزانەی هەبوو لە بۆنە جۆراوجۆرەکان و پێشهاتەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا لەوەتەی ساڵی ١٩٢٦ەوە، لە ڕێگەی "ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠" لە سلێمانی و "ڕاپەڕینی دووەمی بارزان" لە ماوەی نێوان ١٩٤٣- ١٩٤٥، هەروەها لە پێشهاتەکانی دواتری بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد و بەتایبەت شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی١٩٦١؛ بە هەموو قورسایی و ئاراستە جیاوازەکانەوە پشتگیریی دەکرد، قوربانییەکی زۆری بۆ دا و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان زیندانی کران و، بەشێکی دیکەشیان لە قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێژەکانیان هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەرکران.

لەسەر ئاستێکی دیکەدا ڕووداو و پێشهاتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی عێراق ڕۆڵ و هەڵوێستی ڕاستەقینەی قوتابیان و بزووتنەوەی قوتابیانی کوردی سەلماند، بە شێوەیەك کە لە ڕوانگەی جیاوازەوە بەشدارییان لە هەندێک بۆنەدا کرد. بۆ نموونە، هەندێکیان لە ساڵی ١٩٤١ لە ڕوانگەی دوژمنایەتی بۆ بەریتانیای داگیرکار پاڵپشتیی بزووتنەوەی مایسیان کرد، کە لە لایەک بەڵێنەکانی بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد شکاند و، لە لایەکی دیکەوە ئەم بزووتنەوەیە ڕۆڵی کردەیی لە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨دا هەبوو. هەروەها لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٢ و شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و ڕووداو و پێشهاتەکانی دواتر. بەهۆی ئاراستەی بزووتنەوەکە لەو ماوەیەدا، کە ڕۆڵی هەبوو لە میانی بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و مانگرتنی قوتابیان کە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق بۆ پشتگیریکردن لە کێشەی فەلەستین ڕوویاندا، هەروەها بۆ ئیدانەکردنی دوژمنکاریی سێ قۆڵی بۆسەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦.

چالاکییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی کورد لە عێراقدا تەنیا لە بابەتی ڕێکخستن و خەباتی سیاسی و پیشەییدا سنووردار نەبوو، بەڵکو لایەنە کولتووری

و کۆمەڵایەتییەکانیشـی لەخۆگرتبـوو، بـەو پێیـەی ئـەو لایەنانـە بەشـێکی گرنگـی چالاکییەکانـی ئـەو بزووتنەوەیەیـان پێکهێنابـوو، چالاکییـە ڕۆشـنبیرییەکانی بزووتنەوەکـە لـە چەنـد لایەنێکدا بەرجەسـتە بـوو، لەوانـە: بڵاوکردنـەوە و دەرکردنـی ڕۆژنامـە و گۆڤـار و کتێـب و وتـار و لێکۆڵینـەوە، هەروەهـا ئـەو بەیاننامانـەی تێیـدا دیـدگای خـۆی لەسـەر بابەتگەلێکـی جۆراوجـۆر دەردەبـڕی، جگـە لـە ئەنجامدانـی کۆنگرە و سـیمیناری ڕۆشـنبیری و بەشـداریکردن لـە فیسـتیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانـدا، بـەڵام چالاکییـە کۆمەڵایەتییـەکان بریتی بـوون لـە پاڵپشـتیکردنی قوتابیـان بـۆ پێشکەشـکردنی نمایشـی هونـەری و شـانۆگەری کـە شـکۆمەندی لـە هەندێـک کەسـایەتیی مێژوویـی دەکـرد، کـە هەسـتی نیشـتمانپەروەری و ناسیۆنالیسـتیی قوتابیانـی ورووژانـد، ئەمـە جگـە لـە یادکردنـەوەی نـەورۆز هەمـوو سـاڵێک و سـازدانی ئاهەنـگ بـۆ قوتابیـان.

